

# ئایندەی هێز

**هزری بونیاتنان**

کتێبی (١)

**لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری گوڵان**

کوردستان ٢٠١٤

# هزری بونیاتنان

کتێبی (١)

## لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری گوڵان

**خاوەن ئیمتیاز:**
شەوکەت شێخ یەزدین
**سەرنووسەر:**
فەرهاد محەمەد

**ناوی کتێب:** ئایندەی هێز
**هاوکاران:** هێمن غەنی
قانع کاکەیی
بەهمەن جەبار
بەهائەدین جەلال
**زمانەوان:** تاریق کارێزی
**بەرگ و دیزاین:** لوقمان رەشیدی
**چاپخانە:** موکریانی

لە بەڕێوبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (    )
ساڵی (٢٠١٤)ی پێی دراوە.

## پێڕست

وتەیەک .......... ٥
پەرەپێدانی سیاسی و هەڵدێری سیاسی .......... ٩
لاسەنگیی تەرازووی دیموکراسی .......... ٧٧
پیادە کردنی دیموکراسی لە نێو پارتەکاندا .......... ١٠٥
دیموکراسی و پێکەوە بوون و قەیرانەکەی ئەوروپا .......... ١٧٧
ئەو سـوودانەی لە پێدانی مافەکانی ئافرەت دەستمان دەکەوێت .......... ٢٠٣
لێ بگەڕێن با خانمان حوکمڕان بن .......... ٢٣٣
ئایندەی هێز .......... ٢٥٩
سیاسەتی دەرەکی لە ناوخۆوە دەست پێ دەکات .......... ٢٩٧

# وتەیەک





کتێبــی یەکەم لــە زنجیرە کتێبــی (هزری بونیاتنــان)، لەگەڵ ئــەوەی هەشــت باســی هەمەجۆر لەخــۆ دەگرێــت، بەڵام لە نێــو هەموویانــدا ناونیشــانی یەکێک لە باســەکانمان بۆ ئەم کتێبــە هەڵبژاردووە کە ئەویــش ( ئاییندەی هێزە: The future of Power)، ئەم باســە ناونیشــانی کتێبێکی (جۆزیف نای)یە، لەگەڵ ئەوەی پێناســە کردنەوەی ئاییــندەی هێزە لە جیهاندا و ئاماژەدانە بە گواســتنەوەی سەرچاوەی هێز لە کاراکتەری دەوڵەتییەوە بۆ کاراکتەری نادەوڵەتی، لە هەمان کاتدا پێناسە کردنەوەی هێزیشە بەو مانایەی سەرچاوەی هێز لە سەدەی بیست و یەکەمدا زانست و مەعریفەیە نەک سوپای گەورە و رۆکێتی کیشوەربڕی هاوشێوەی رۆکێتی کرۆز.
ئــەم وەرچەرخانــە لە مانــای هێز ئەگەر لــە دیوێکەوە وەک تێکدانی باڵانسی هێز لەسەر ئاستی جیهان بخوێندریتەوە، ئەوا بە دیوێکی دیکەی، دەکرێت وەرچەرخانی سەرچاوەی هێز بۆ زانســت و مەعریفە بە هۆکارێک بۆ هاندانی حوکمڕانیی باش

و نەهێشتنی هەژاری لە سەر ئاستی جیهانیش بخوێندرێتەوە، لەســەر ئاستی وڵاتانی ســاواش بە تایبەتی بۆ وڵاتانی دوای شەڕ و کارەساتی وەک هەرێمی کوردستانیش، دەکرێت وەک هۆکارێــک بــۆ خێرا کردنی پرۆســەی پەرەپێــدان و گۆڕینی پرۆسەکە بۆ پرۆســەی پەرەپێدانی بەردەوام بێت، هەر بۆیە ئەگــەر ئــەو پێشــکەوتنەی بەریتانیا لــە ماوەی ١٥٠ ســاڵدا بەدەستی هیناوە، دەبینین ب ەسایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە ســەدەی بیســتەمدا ژاپۆن بە کەمتر لە ٢٥ ساڵ و کۆریای باشــوور بە ١١ ساڵ بەدەســتی هێناوە. لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا کە گواستنەوەی زانیاری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا زۆر لە ســەدەی بیستەم خێراترە، ئەوا دەکرێت بۆ پرۆسەی بونیاتنانــەوەی نەتەوە و بونیاتنانی دەوڵەت، ئاســانتر هێزی پێویست بەرهەم بهێندرێت و خێراتر پرۆسەی بونیاتنانەوەی نەتەوە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

ئامانجی پرۆژەی ئەم زنجیرە کتێبە، کە بە ناونیشــانی هزری بونیاتنانە، گەڕانە بە دوای سەرچاوەی ئەو هێزانەی کە دەبنە هۆکارێک بۆ ســڕینەوەی ئاسەواری پاشکەوتن و نەرێنی لە وڵاتانی دوای شەڕ و کاولکاری و هەنگاو هەڵێنان بۆ گەیشتن بــە بونیاتــی حوکمڕانیــی باش و بــەرز کردنەوەی ئاســتی گوزەران و چاودێریی تەندروســتی بۆ ئاســتی ســتانداردی جیهان، بۆ ئەمــەش ئەم پرۆژەیە هەوڵ دەدات خوێنەرانی بە تازەترین هزری ســەردەم لە بواری چۆنیەتی بەرهەم هێنانی هێز بۆ بونیاتنانەوەی وڵات ئاشنا بکات.

ئەم پرۆژەیە لە یەک کاتدا ( گەڕان و هەڵبژاردن و وەرگێڕان و خوێندنەوە) لەخۆ دەگرێت، بە مانایەکی دیکە ئەو گرووپەی لــەم پرۆژەیــەدا کار دەکــەن، هەمــوو هەوڵیــان بــۆ ئەوەیە خوێنەر بەو ســەرچاوانەی هزر ئاشــنا بکەن، کە دەکرێت لە پرۆسەی بونیاتنانەوەی نەتەوە لە وڵاتی خۆماندا سوودی لێ

وەربگیرێت، بەڵام ئەم سەرچاوانە بەو شێوەیەی کە خۆیان هەن، یان خاوەنی هزرەکە خۆی چۆن لە لێکچەرێکدا دەیخاتە روو بەو جۆرە دەیگوازنەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئەم پرۆژەیە تەنیا کەرەستەی تازە بە زمانی کوردی دەخاتە بەر دەستی خوێنەر، خوێنەریش ئامادە دەکات بۆ ئەوەی خۆی کارلێک لەگەڵ ئەم هزرە تازەیە دروست بکات. راشکاوانەتر بڵێین: ئەم گرووپە دەیەوێت خۆی وەک خزمەتکارێک بۆ گواستنەوەی هزری تازە بە خوێنەر بناسێنێ، نەک خۆی بکات بە خاوەنی هزرەکە، لەمەش گرنگتر هەوڵ دەدات لە هەر کتێبێکدا چەندین بابەتی پەیوەندیدار بە هەموو بوارەکانی سیاسەتی دەوڵەتداری و سیاسەتی حوکمڕانی بخاتە روو. ئەم ئاراستەیەش کە لەم کتێبەدا خۆی بەرجەستە دەکات، بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆی لە بابەتی وەرگێڕانی نەریتی و باو جیا دەکاتەوە و شێوازێکی دیکە نمایش دەکات، کە خوێنەر دەتوانێت دوای خوێندنەوەی بابەتەکان بە رایەڵەیەک هەموویان پێکەوە گرێ بداتەوە و چەند لایەنێکی گرنگی رۆڵی تاک لە پرۆسەی سیاسیدا ببینێتەوە.

لێرەوە دەکرێت بڵێین ئەم پرۆژەیە خۆی ناکات بە مامۆستای خوێنەر، بەڵکوو خوێنەر بە کۆمەڵێک هزری تازە ئاشنا دەکات، کە دەکرێت خوێنەری کتێبەکە وەک تاکێکی کۆمەڵگە کەرەستەی زیاتری لەبەر دەست بێت بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی هێز و باشتر بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکات و رۆڵی زیاتر لە دروست کردنی بڕیاردا بگێڕێت، یان لە ناو فەزای گشتیدا بە هزری تازە، بە زمانێکی تازە وتوویژ بکات و لە رێی هاوچەرخانەوە چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە.

**فەرهاد محەمەد**

**٢٠١٤/١/١٠**



# پەرەپێدانی سیاسی و هەڵدێری سیاسی

## بەشیک لە کتێبی بنەچەی دامەزراوگەلی سیاسی

فرانسیس فۆکۆیاما

پەرەپێدانی سیاسـی و هەڵدێری سیاسـی بەشێکە لە کتێبی بنەچـەی دامەزراوگەلـی سیاسـی (The Origins of Political Order)ی بیرمەندی ناسـراوی ئەمریکی فرانسـیس فۆکۆیاما کـە خاوەنی کتیبی (کۆتایی مێژووە). سـەبارەت بە بیرۆکەی ئـەم کتێبـە وەک فۆکۆیاما لـە کۆڕێکدا کـە بیرکلی بەبۆنەی دەرچوونـی ئـەم کتێبەوە لە دیسـەمبەری ٢٠١١ بۆی سـاز کـردووە، ئاماژە بەوە دەکات، بیرۆکەی ئـەم کتێبە لە کتێبی سیسـتەمی سیاسـی لە کۆمەڵگەی گۆڕاودا –Political Order in Changing Societies– ی بیرمەنـدی بەناوبانگ سـامۆئیل هنتگتن لە سـاڵی ١٩٦٨ نووسـیویەتی، بۆیە ئەگەر کتێبەکەی هنتگتن هەوڵێک بوو بێت بۆ پەی بردن بە هۆکاری شکسـتی سیسـتەمی سیاسی لە کۆمەڵگەی تازە پیگەیشتووی سەدەی رابردوودا، ئەوا ئەم هەوڵەی فۆکۆیاما هەوڵدانە بۆ تیگەیشتن لەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆکاری شکستی پرۆسەی بونیاتنانی نەتەوە لە سـەدەی بیسـت و یەکدا، بۆیە ئەم کتێبە کە کتێبی

*یەکەمە لە پرۆژەی سێ کتێبی فۆکۆیاما، قۆناخەکانی بنەچەی سیستەمی سیاسیی دابەش کردووە بە سەر سێ قۆناخدا، لەم کتێبەدا فۆکۆیاما بنەچەی سیستمی سیاسی لە دەسپێکی مرۆڤایەتییەوە هەتا کۆتایی شۆڕشی فەرەنسا باس دەکات، بەنیازە لە کتێبی دووەمدا قۆناخی دوای شۆڕشی فەرەنسا هەتا رووخانی دیواری بەرلین لە خۆ دەگرێت و کتێبی سێیەمیشی لە دوای رووخانی دیواری بەرلینەوە باسی هۆکارەکانی شکستی سیستەمی سیاسی لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەکات. ئەم بەشەی لەم کتێبە کراوە بە کوردی بە شێوەیەکی گشتی باس لە هەموو قۆناخەکان دەکات.*

ئەم کتێبــە چیرۆکی پێداچوونەوەی پەرەپێدانی سیاســییە، هەر لــە قۆناغەکانی پێش مێــژووی مرۆڤایەتییەوە تا دەگاتە سەرەتاکانی هەردوو شۆڕشی فەرەنسا و ئەمریکا، واتە هەتا ئــەو کاتەی بە تەواوەتی سیاســەتی مۆدێرن ســەری هەڵدا. ئیدی لەو کاتە بە دواوە چەند قەوارەیەکی سیاسی دەرکەوتن، کە هەر ســێ شــیوازەکەی دامەزراوەی سیاســییان گرتەوە، ئەو ســێ شــێوازەش بریتین لە: (دەوڵەت، سەروەریی یاسا، حکوومەتی بەرپرسیار).

لەوانەیە هەندێ لە خوێنەران وا بیر بکەنەوە، کە ئاماژە دان بەم پاشخانە مێژووییە بۆ ئەوە بێت بڵێین، پەرەپێدانی سیاسەت لــە رووی مێژووییــەوە حەتمییــە. ئەمەش واتــە پەرەپێدانی سیاســەت بریتییە لــە باس کردنی بنەمــای ئاڵۆز و رێڕەوی تایبەتی بنەچەی دامەزراوەکان، بەڵام من لەم باســەدا جەخت دەکەمە ســەر ئەوەی، کە ئەو دامەزراوە هاوشێوانەی ئێستا دەردەکــەون، تەنیا لە بارودۆخی هاوشــێوەی دامەزراوگەلی

کۆن دێنە ئاراوە. هەموو وڵاتان لە یەک بازنەدا کۆ دەکەینەوە، بـە یـەک رێگە و لە سـەر بنەمای ئەو مێـژووە نموونەییەی رابردووی دامەزراوەکان، پەرەپێدانی پێوە گرێ دەدەینەوە.

بـێ گومـان مەسـەلەکە تەنیـا ئەمـە نییـە، بەڵکـوو ئـەو دامەزراوانـەی دەبنـە هۆکاری ئەوەی سـوود بـە کۆمەڵگە بگەیەنـن، ئـەوا بە شـێوەیەکی رۆتینـی لە لایـەن خەڵکانی دیکـەوە کۆپی دەکرێن و پەرەیان پـێ دەدرێت. هەروەها بە درێژایی مێژووش لە نێو کۆمەڵگەی جیاجیادا خاڵی هاوبەش و فێربوون لە یەکتری هەبووە، لەمەش زیاتر کە ئەم بەشە لە دەستپێکی شۆڕشی پیشەسـازیدا کۆتایی پێ دێنم. مەبەست لێی ئەوەیە، ئـەو گۆڕانکارییە گەورەیەی هەموو مەرجەکانی پەرەپێدانـی گۆڕیـوە، ئایـا چۆن لـەم هەلومەرجـە تازەیەدا پەرەپێدانی سیاسـەت روو دەدات و دێتە ئاراوە؟ هەموو ئەو خاڵانەش لە بەشی کۆتایی ئەم باسەدا چڕ کراونەتەوە.

بەشـی دووەم لەم زنجیرەیەدا دێتە سـەر باس و شـرۆڤە کردنـی ئەوەی چۆن پەرەپێدانی سیاسـەت لـە جیهانی پاش (مالتوس)دا جێی خۆی گرت، مەبەست لە (post Malthusian World)، واتە ئەو جیهانەی بە سایەی شۆڕشی پیشەسازییەوە، گەشەی زیاد بوونی دانیشتووانی بە خۆیەوە بینی. (مالتوس، یەکەم کەس بوو تیۆریی گەشـەی زیاد بوونی دانیشـتووانی داڕشـتووە- گـولان). ئەمەش واتە پەرەپێدانی سیاسـەت بە لەبەرچاو گرتنی لایەنی نەریتخوازانەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، هێنـدەی پەیوەندیی بە دامەزراوەکانەوە هەبێت. ئەمەش واتە هەمـوو کۆمەڵـگاکان لـە بنیاتنانـی دامەزراوەکانـدا هەموو تایبەتمەندییەکـی نەوەکانـی پێـش خۆیـان رانەماڵیوە، بەڵام بـە شـێوەیەکی سـەرەکی دامەزراوگەلی نوێ لە سـەرووی ئـەو دامەزراوانەوەن، کە بۆ ماوەیەکـی دوور و درێژ، نەوە دوای نـەوە ماونەتەوە. هەر بۆ نموونـە بنەمای (وەچەزایی)

یــان (بــە میــرات مانــەوە) (Segmentary lineages)، یەکێکە لــە کۆنترین فۆرمەکانی ڕێکخســتنی کۆمەڵایەتی. ئەم فۆرمە هەتا ئێســتاش لە زۆربەی بەشــەکانی جیهانــی هاوچەرخ و مۆدێرنــدا، فۆرمێکە بۆ ڕێکخســتنی کۆمەڵایەتــی. بۆیە زۆر زەحمەتە بتوانین لە شیمانەی گۆڕانکاریی ئێستامان تێبگەین، بــە بێ گەڕانەوە بۆ ئەم میراتــە و ئەو ڕێگایەی کە زۆر جار بــژاردەی گونجاو لە بەردەم کاراکتەرانی ئێســتای سیاســی ســنووردار دەکات. لەمەش زیاتر تێگەیشتن لەو هەلومەرجە ئاڵۆزانەی کە لە بنەچەدا دامەزراوەکانی تێدا دروســت کران، دەبنــە یارمەتیدەرمــان بــۆ ئەوەی لــەوە تێبگەیــن کە بۆچی گواستنەوەی شێوازی دامەزراوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، تەنانەت لە هەلومەرجی مۆدێرنەشــدا، کارێکی گرانە و ئاســان نییە. گەلێک بنیاتی دامەزراوەی سیاســی بەرەنجامی فاکتــەری سیاســین (لەوانەیــە ئابووریناســێک بڵێــت ئــەو فاکتەرانە لە دەرەوەی سیستەمە سیاسییەکەن). لەبارەی ئەم پرســەوە چەندین نموونەی جۆراوجۆرمان هەیە، بۆ نموونە خاوەندارێتیــی تایبەت هەر بــە تەنیا لەبەر هۆکاری ئابووری ســەری هەڵنەدا، بەڵکــوو لەبەر ئەوەی نەوەکان پێویســتیان بە شــوێنێک هەبوو بۆ ناشــتنی مردووەکان و ڕازی کردنی گیانیــان. بە هەمان شــێوە پیرۆزیی حوکمی یاســا لە ڕووی مێژوویــەوە، دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەو بنەچــە پیرۆزییــەی لە ئایینەوە ســەرچاوەی گرتووە. هەروەها دەوڵەت لە ئەورووپا و لە چیندا، لە ئەنجامی ئەو پاڵنەرە بێ مانایانەی کە بە هۆی شــەڕی لاوەکییەوە دروســت بوون، خۆبەخــۆ هاتە کایەوە، ئەو شــتەی کە سیستەمی ئێستای نێودەوڵەتی دەیەوێت کپی بــکات، کەواتە هەوڵدان بۆ دووبارە دروســت کردنەوەی ئەو دامەزراوانــە بــە بێ یارمەتیی ئەو فاکتــەرە دەرەکییانە، زۆر جار ململانێیەکی توندی لێ پەیدا دەبێت.

هەوڵ دەدەم هەندێک لەو بیرۆکانەی کە لە گێڕانەوەی مێژووییانەی پەرەپێدانی دامەزراوەکان دەکۆڵنەوە، لەم بەشەدا کورتی بکەمەوە و چوارچێوەکانی بیردۆزی پەرەپێدانی سیاسی و هەڵدێری سیاسییان لێ هەڵێنجم. ئەمەش ناکاتە پیرۆزیی راست و دروستی پێشبینی کراوی تیۆرییەکە، لەبەر ئەوەی بەرهەم بەرەنجامی چەندین فاکتەری بەیەکدا چوونە. شایانی باسە، کێشەکە ئەوەیە هەر فاکتەرێک پشت بە فاکتەری دی دەبەستێت و... بەم شێوەیە لە ناو بازنەیەکی بەتاڵدا دەخوولێنەوە. یەکێک لەو هۆیانەی وای کرد، من سەرەتای ئەم کۆبەندە بە گێڕانەوەی سروشتی بایۆلۆژیانەی مرۆڤ دەست پێ بکەم، ئەوەیە کە ئەمە دەست پێ کردنێکی راشکاوانەیە و دەتواندرێت فاکتەرەکانی دیکەی لەسەر دابندرێت.





■ بنەماگەلی بایۆلۆژیانەی سیاسەت

مرۆڤ بە تەواوی ئازاد نییە کە لە ناو کۆمەڵگادا هەڵسوکەوت بکات و پێکهاتە و ئاکاری ئەو کۆمەڵگەیە لەبەر چاو نەگرێت. لەبەر ئەوەی مرۆڤ و کۆمەڵگە سروشتی بایۆلۆژیانەی هاوبەشیان هەیە، ئەم سروشتەش لە سەرتاسەری جیهاندا وەکوو یەکە، با ئەو راستییەش لەبەر چاو بگرین، کە سەرچاوەی هەموو دانیشتووانی ئێستای گۆی زەوی، لە یەک گرووپی بچووکەوە هاتووە، کە پێش ٥٠ هەزار ساڵ لە ئەفریقادا ژیاون. بێ گومان هەبوونی یەک سەرچاوە بۆ تێکڕای بەرەی مرۆڤایەتی، سروشتێکی هاوبەشی مرۆڤایەتی دروست دەکات، بەڵام ئەم سروشتە هاوبەشە ئێتیک و ئاکاری سیاسەت دیاری ناکات، بەڵکوو ئەم سروشتە هاوبەشە چوارچێوەی دامەزراوەکان و سنوردار کردنی دەسەڵاتی ئەوان دیاری دەکات. لە هەمان کاتدا ئەم سروشتە هاوبەشە

بــەو مانایــەش دێت، کــە سیاســەتی مرۆیی پشــت بە چەند شــێوەیەک دەبەســتێت، کە بەردەوام لە ئاکاری مرۆڤدا نەوە دوای نەوە دووبارە بوونەتەوە. ئەم دووبارە بوونەوەیەش بە درێژایــی مێژوو لە هەمەجۆر کەلتووردا هەبووە، بۆیە لێرەدا دەتوانیــن ئەم سروشــتە هاوبەشــە بەم گریمانانــەی دادێن، ئاماژە پێ بکەین:

■ مرۆڤ هەرگیز لە حاڵەتی پێش کۆمەڵگادا نەبووە:

ئــەو بیرۆکەیەی کە (تۆماس هۆبز) ئامــاژەی پێ کردووە، بەوەی مرۆڤایەتی وەک تاکێکی گۆشەگیر هەبووە، بە سایەی توند و تیژییەوە تیکەڵ بە یەکتر بوون، یان وەک ئەوەی (ژان ژاک رۆسۆ) ئاماژەی پێ کردووە، مرۆڤ ئاشتییانە یەکتریان فەرامــۆش کــردووە، من پێــم وایە ئــەم دوو چەمکە هیچیان راست نین.

لەبــەر ئــەوەی مــرۆڤ بــە سروشــتی خــۆی، لــە هەموو نەوەیەکدا، هەمیشــە لــە چوارچێوەی گرووپــی خزمایەتی و کۆمەڵایەتیــدا ژیاوە. ئەمەش مانای ئەوەیــە ژیانی مرۆڤ لە نێو ئەم گرووپە کۆمەڵایەتییانەدا، بە ماوەیەکی دوور و درێژ، توانای ئەقڵمەندی و ســۆزداری بۆ پەیــدا بوونی هاریکاریی کۆمەڵایەتی سەری هەڵداوە. بۆ نموونە هەندێک توانای مرۆڤ هەن سروشتێکی بۆماوەییان هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، مــرۆڤ توانایەکی ئەقڵمەندیی هەبووە بۆ هەڵبژاردنی کارێکی کۆمەڵایەتی و تاکەکانی کۆمەڵگە وا ســەیری خۆیان کردووە، کاتێک هاوکاریی یەکتری دەکەن، باشــتر کاروباریان بەڕێوە دەچێــت. ئەمەش مانای ئەوەیە کاتێک ئاســتی ئەم هاوکارییە کۆمەڵایەتییەی لە کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیدا هەن و لە دۆخیکدا بە شــێوەیەکی زۆر بەرچــاو دێتە خــوارێ و نامێنێت، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشــتن لەو هۆکارانەی لە پشت نەمانی ئەم هاوکارییە کۆمەڵایەتییەوەن.

سروشــتی حەز بە تێکەڵیی مرۆڤ لەسەر دوو بنەما بنیات نراوە کە بریتین لە:

یەکەم: پرەنسیپی بژاردەی خزمایەتی

دووەم: پرەنسیپی بژاردەی خۆنەویستیی دوولایەنە

بە پێی پرەنســیپی بژاردەی خزمایەتی یان وەچە خستنەوە لەناو یەکدا، مرۆڤ خۆنەویستانە لەگەڵ خزمانی هەڵسوکەوت دەکات (یــان تاکــەکان پێیــان وایــە (جین)یان لــە یەکترەوە نزیکە).

بــە پێــی بــژاردەی خۆنەویســتیی دوولایەنــەش، مــرۆڤ پەیوەندیی باش و خراپ لەگەڵ ئەو کەسانە دروست دەکات، کــە بە درێژایی ئەو ماوەیە پێکەوەن. لە بژاردەی پرەنســیپی خۆنەویستیی دوولایەنەدا شێوازی ئەو پەیوەندییەی دروست دەبێــت وەک بــژاردەی پرەنســیپی خزمایەتی پشــت بە لێک نزیکیــی جینانــەی نێوان تاکەکان نابەســتێت، بەڵکوو پشــت دەبەســتێت بە پەیوەندیی راستەوخۆی نێوان تاکەکان و ئەو متمانەیەی لە ئاکامی پەیوەندییەوە دروست دەبێت. ئەم شێوە جیاوازانەی هاوکاریی کۆمەڵایەتی کە لە مرۆڤدا هەن، دەکەونە پێــش ئەو هۆکار و هاندەرانەی کــە دامەزراوەکان پەیوەندی لە نێوان تاکەکاندا دروســت دەکەن و پێکیانەوە گرێ دەدەن. هــەر بۆیە کاتێــک ئــەم دامەزراوانە تێک دەچــن، پەیوەندیی نێــوان تاکەکان کۆتایی نایەت، بەڵکوو شــێوازەیلی جیاوازی هاوکاریــی کۆمەڵایەتــی دووبارە دروســت دەبنەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە هاریکاریــی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکان زادەی سروشتی مرۆڤن، ئەوەی من ناوم لێناوە پەتریمۆنالیزم (واتە شێوازی دروست کردنی پەیوەندی لە سەر بنەمای ئینتیما بۆ تاکە کەس)، کە بۆ دەست نیشان کردنی سیاسیانەی کەسێک، پشــت بەو دوو پرەنســیپە دەبەســتێت. بەم شــێوەیە ئەگەر بگەڕێینــەوە بۆ میــژوو، بۆ نموونــە لە کۆتایــی قەڵەمڕەوی

نەتــەوەی (هان) لە چین، زۆربــەی دامەزراوەکانی بیرۆکرات لە ســەر بنەمــای خزمایەتی دابــەش کران، یــان وەک گەلی (جانسی) خۆیان حەزیان دەکرد کوڕەکانیان بچنە ناو سوپای کۆریــاوە، یان لە رژێمی کۆنی فەڕەنســادا کە دامەزراوەکان دەفرۆشــران، بەمەش سروشتی میراتگری بە سادەیی خۆی پیادە دەکاتەوە.

■ مــرۆڤ مەیلێکــی زگماکی بۆ دروســت کــردن و پەیڕەو کردنی فۆرم و یاسا هەیە

لــە کاتێکدا یاســای ســەرەکیی دامــەزراوە بەو شــێوەیە بێــت، کــە ئازادیی تاک بــۆ هەڵبــژاردن ســنووردار بکات، ئەوا دەتوانین بە شــێوەیەکی گشــتی بڵێین مرۆڤ مەیلێکی سروشتیانەی هەیە بۆ دروست کردنی دامەزراوە. یاساکان بە شێوەیەکی ئاقڵانە لە لایەن ئەو کەسانەوە پیادە دەکرێن، کە بەرزترین ئاســتی بەرژەوەندیی خۆیــان رەچاو دەکەن. هەڵبەت لە هەمان کاتدا پێویستە ئەم یاسایانە لە چوارچێوەی گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا لە بەرژەوەندیی تاکەکانی دیکەشدا بێت. مرۆڤ خۆڕســکانە خاوەنی توانــای ئەقڵییە، کە دەبێتە هاریــکار بۆ ئــەوەی لە میانەی هاریکاریــی کۆمەڵایەتییەوە کێشــەکانیان چارەســەر بکــەن، بــۆ ئەمــەش دەتوانــن هەڵســوکەوتی رابردوویان لە بیــر بێت، وەک رێنماییەک بۆ هاوکاریی داهاتوویان. واتە دەتوانن بە دیالۆگ و دروســت کردنــی راســتگۆیی و متمانــەوە زانیــاری ئاڵوگــۆڕ بکەن، هەروەها مرۆڤ خاوەنی هەســت و هۆشــیارییە، دەتوانێت بە ســایەی نیشــانەی بیندراو و بیســتراوەوە ئیتیکی درۆ و ناڕاســت لە یەکتری جیا بکاتــەوە و لێیان تێبگات. هەروەها لە نێو مرۆڤیشــدا خەســڵەتی هاوبەش هەیە بۆ گۆڕینەوەی زانیاری لەگەڵ یەکتری. ئەوەش لە رێی زمان و شێوازەکانی دیکــەی پەیوەنــدی کردن بە یەکترییــەوە. توانای مرۆڤ بۆ

دارشــتن و پەیرەو کردنی یاســا لە بنەمایەکــی ئابورییەوە ســەرچاوە دەگرێت. ئەمەش بەو مانایەی دامەزراوەکان بۆ ئــەوەن خەرجیــی خزمەتگوزاریی کۆمەڵگە بــە بودجەیەکی کەمتــر جێبەجێ بکەن، هەوڵیــش دەدەن بە تێچووی کەمتر کار رابپەڕێندرێــت. هەر بۆیە خواســتی مــرۆڤ بۆ پەیڕەو کردنی یاســا زۆر جار پشــت بە هەســت کردن دەبەستێت نەک بە ئەقڵ، ئەمەش وەک هەست کردن بە (تاوان، شەرم، شــانازی، تووڕەیی، شەرمەزار بوون)، بۆیە خواستی پابەند بوون بە یاســاوە بــە مانای لۆکیانەی (لــە (جۆن لۆک)ـەوە هاتــووە)، رەوشــتێکی هزریانەیە، هەتا تاک فێــر بکرێت بە یاســاوە پابەند بێــت. ئەم ئاکارە لە دوای لــە دایک بوون و تیکەڵ بوون لەگەڵ واقیعدا و لە دەرەوەی تاکەکان دروست نابێــت، بەڵکــوو ئەم هەســتی پابەنــد بوونە بە شــێوەیەکی سروشتی لە قۆناخی منداڵیدا هەیە، ئەم هەستەش رەفتار و هەڵســوکەوت لە دەرەوەی یاســای بۆماوە و کەلتوورییەوە لە رووی (جینی)یەوە چەسپاوە.

ئیــدی بۆیــە توانامان بۆ دارشــتنی یاســا و پەیڕەو کردنی زۆر لــە توانامان بۆ زمان دەچێت: ئەمە لە کاتێکدا ناوەڕۆکی یاساکان نەریتییە، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێت، بە واتای شێوازێکی قووڵی پێکهاتەیی هەیە (deep structure– ئەمــەش مانای ئەوەیە لە رووی تیۆرییــەوە چەندین پێکهاتە پێکەوە گرێ دەداتەوە) بۆ دارشــتنی یاســاکان، بەڵام توانای پابەند بوون پێیانەوە سروشــتییە: خۆرســکە. ئەم خواستەی مرۆڤیش بۆ پابەند بوون بە یاساکانەوە بە شێوەیەکی رەمەک، یارمەتیمان دەدات بۆ بەرچاوڕوونی و تێگەیشتنمان لە بنەما نەریتییەکانی کۆمەڵگە. کەواتە گەشەپێدانی یاساکان پەیوەستە بە کۆمەڵێک هەلومەرجی ژینگەیەکی تایبەت، بەڵام یاســاکان لەوانەیــە وەک گۆڕانــکاری بە ســوودی گورزێکی تایبەت لە

هەلومەرجەکانــی ژینگە گەشــە بکەن، بــەڵام کۆمەڵگاکان بۆ ماوەیەکــی دوور و درێــژ بــەو بارودۆخە گــۆڕاوەوە پابەند نابن، هەتا یاســاکان ناچونیەک بن یان لەگەڵ بارودۆخەکەش نەگونجێن.

(مەمالیک) پاش ماوەیەکی زۆر لە دۆزینەوەی چەکی ئاگرین (واتە دۆزینەوەی بارووت و دروست کردنی تفەنگ) و بینینی باڵادەســتیی ئەم چەکە لە شــەڕدا کە لە لایەن ئەوروپاییەوە بــەکار دەهات، قایل نەبــوون کە پەنا بۆ چەکی ئاگرین بەرن، لەبەر ئەوەی ئەوان پابەند بوون بە شــەڕی ســوارەوە، هەر ئەمــەش بــووە هۆی ئــەوەی زۆربــەی مەمالیک لــە بەردەم ئیمپراتۆریەتی عوســمانیدا شکســت بهێنن. دوای ئەمە ئینجا بڕیاریــان دا ئەم چەکانە بــەکار بهێنن، ئەمەش مانای ئەوەیە پرەنســیپێکی نەریتــی لە نێو هەمــوو کۆمەڵگــە جیاجیاکانی مرۆڤایەتیدا هەیە بۆ پاراستنی دامەزراوەکانیان.

■ مرۆڤ ئارەزوویەکی خۆڕسکانەی بۆ توند و تیژی هەیە

هەر لە چرکەســاتی لەدایک بوونییەوە، مرۆڤ ئامادەباشیی تێدایــە بــۆ توند و تیــژی دژ بە مرۆڤی دیکــە، ئەمەش وەک میراتێکــی بــاب و باپیرانیــان بۆیان ماوەتــەوە، کەواتە وەک رۆســۆ دەڵێت: ئارەزووی مرۆڤ بۆ توند و تیژی رەوشتێک نییــە فێری کرا بێت، (ئەو لە کاتێکــی دیاری کراوی مێژووی مرۆڤایەتیدا ســەری هەڵنەداوە). بۆیە بەردەوام و بە درێژایی مێژوو دامەزراوەکانی کۆمەڵایەتی دروست بوون، بۆ ئەوەی تونــد و تیژی ســنوردار بکرێت و کۆنتــرۆڵ بکرێت. لەباری راستیشدا یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی دامەزراوەی سیاسی بە شێوەیەکی زۆر ورد، کۆنترۆڵ کردن و کۆ کردنەوەی ئەو ئاستەیە کە توند و تیژیی تێدا دەردەکەوێت.

■ مرۆڤ بە سروشــتی خۆی تەنیا حەزی لە ســەرچاوەی مادی نییە، بەڵکوو دەیەوێت بشیانناسێت:

ناسین یان سەلماندنی ئەو مەعریفەیەی کە بەهای مرۆڤ دیاری دەکات یان ئەوەی کە بە پایەی کۆمەڵایەتی ناسراوە. ململانێی ناسینی پایەی کۆمەڵایەتی زۆر جیاوازە لە ململانێ لە پێناو شتی مادیدا، چونکە پایەی کۆمەڵایەتی رێژەییە و رەها نییە، یان وەکوو (رۆبێرت فرانک)ی ئابووریناس پێی دەڵێت (پلە و پایەی باش بە مانایەکی دی، واتە تۆ کاتێک پایەکی بەرزت هەیە کە ئەوانی دی پایەیەکی نزمیان هەبێت). ئەمەش واتە جیاواز لە رێساکانی یاری و بازرگانی، کە هەردوو لایەن تێیدا دەتوانن سەربکەون، بەڵام لە ململانێ بۆ بەدەست هێنانی پلە و پایە، تەنیا یەک کەس تێیدا سەردەکەوێت، واتە بەدەست هێنانی یەکێک لە یاریزانان بە مانای دۆڕاندنی ئەوانی دیکەیە. زۆربەی زۆری سیاسەتی مرۆڤ بۆ ململانێ کردنە بە ئامانجی بەدەست هێنانی ددان پێدانان. ئەمەش نەک هەر بە تەنیا بۆ میرانی چین راستە، کە دەیانویست تەختی پاشایەتیی ئاسمان وەربگرن، بەڵکوو بۆ جووتیارێکی هەڵگەڕاوەش، کە تێدەکۆشێت بۆ بەدی هێنانی دادپەروەری لە ژێر دروشمی زەرد و سووردا، دیسان راستە. هەروەها بۆ ئەوانەش راستە کە شۆڕشی فەرەنسایان بەرپا کرد. عەرەبیش توانییان ناکۆکییەکانیان بخەنە لاوە و زۆربەی باکووری ئەفریقا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست داگیر بکەن، لەبەر ئەوەی هەوڵیان دا مەیلی خەڵکی بە لای ئایینەکەیان کە ئیسلامە بەدەست بهێنن، هەر وەک چۆن ئەوروپاییش بە دروشمی کریستیان، جیهانی نوێیان داگیر کرد.

ئێستاش، سەرهەڵدانی دیموکراسیی مۆدێرن، جگە لەوەی داوایەکی یەکسانە بۆ ددان پێدانان بە یەکسانی، کە دەبێتە گەوهەری دیموکراسی، هیچ شتێکی دیکە نییە. لە مێژووی وڵاتی ئینگلیزدا، خەسڵەتی داوا کردنی ددان پێدانان، خەسڵەتێکی قۆناخ بە قۆناخی هەبووە، هەر لە سەلماندنی

مافەکانــی گوندنشــین و خێڵانەوە تا دەگاتــە مافەکانی گەلی ئینگلیز، لەویشەوە بۆ مافەکانی جۆن لۆک بۆ مرۆڤ.

زۆر گرنگە رێ لە فریودان بگیرێت، لە پێناو کەم کردنەوەی گــوڕ و تینــی مرۆڤ بۆ وابەســتە بــوون بــە ئارەزووگەلی ئابووری و دەست گرتن بە سەر سەرچاوەکاندا، لەبەر ئەوەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، زۆر جار بەردەوامی بە توند و تیژی دراوە، نەک لە پێناو بەدەســت هێنانی ســامان و دەستکەوتی ماددی، بەڵکوو بۆ بەدەســت هێنانی ددان پێدانان بووە. هەر بۆیە شــەڕ لە پێناوی ددان پێدانان بەردەوام بووە، هەتا ئەو کاتەی ئابووری بووەتە شــتێکی سەرەکی. بۆیە هەندێک جار شــەڕ لە سەر سامان هەڵگیرســاوە، ئەمەش کورت کردنەوە و ســادە کردنەوەیەتی، ئەگەر تەنیا وەک جۆرێک لە (قازانج) سەیر بکرێت.

لــەم چوارچێوەیــەدا ناکرێــت پــەرە بــە هیــچ تیۆرییەکی واتاداری پەرەپێدانی سیاسی بدرێت، بە بێ لەبەر چاو گرتنی بیرۆکــەکان وەک هۆی بنەڕەتی. ئەمەش ئەو پرســیارە قوت دەکاتــەوە: بۆچــی کۆمەڵــگاکان جیــاوازن و ڕێــی جیاوازی خۆیان بۆ پەرەپێدان پەیڕەوی دەکەن؟ بە زاراوەی زانســتیی کۆمەڵایەتــی، ئەوانــە توخمی گــۆڕاوی ســەربەخۆن، یان بە بەکار هێنانی زاراوەی کیسەڵ (turtle terminology)، ئەمەش بەو مانەیەی کیســەڵەکە لە ناو شــیوێکە، ناکرێــت لە بابەتی پەیوەســت بە ئابووری و ژینگەی ماددییەوە، هیچ پێویســت بێت لە سەر پشتی کیسەڵەکە رابوەستیت.

هەر بۆیــە خەڵک لە ناو هەموو کۆمەڵگەیەکدا، شــێوازێکی ئەقڵانــی بۆ واقیعی بوون دروســت دەکەن، پیادە کردنی ئەم شــێوازە ئەقڵانییە، دەبێتە هاوکار بۆ فاکتەری هەمەچەشــنە، کــە زۆربەی جار ئەو فاکتەرانــە نەبیندراون. دەرکەوتنی ئەم فاکتەرانەش دەبنە هۆکاری ئەوەی جیهان بکەنە شوێنێک، کە

ڕوونتر و پێشـــبینی کراوتر، بۆ بەکارهێنان ئاســـانتر بێت. لە کۆمەڵگەی ســـەرەتاییدا، ئەو هێـزە نەبیندراوانە بریتی بوون لـە: (ڕۆح، شـــەیتان، خوداوەند یان سروشـــت)، بەڵام ئێســـتا فاکتەرگەلی نەبیندراو بریتین لە شتانی مەعنەوی، وەک (کێش کـردن، تیشـکدانەوە، قازانجـی خۆبەخۆی ئابـووری، چینی کۆمەڵایەتی و.. ئەوانی دی).

هەموو باوەڕێکی ئایینیـش، نموونەیەکی ئەقڵانی و واقیعی پێک دێنێت، تێیدا ڕووداو و بیندراوان دەگەڕێنێتەوە بۆ هێزی تاریک و نەبیندراو. تەنانەت بە لایەنی کەمەوە لە ســەردەمی (دەیڤید هیوم)یشــدا، وا تێگەیشــت بووین، کــە ناتواندرێت بە هۆی داتـــای ئەزموونییەوە هۆکاری شـــتان بزاندرێت، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی زانستەیلی تازەی سروشت، ئەوجا هەنگاو هەڵهێندرا بۆ (گەیشــتن بە) بیردۆزی هۆکارەتی (واتە گەڕان بە دوای هۆکاری فاکتەری نەبیندراو)، کە دەتواندرێت لە ڕێی ئەزموونەوە ئامارە شــی کردنەوە بگۆڕێـت یان هۆکارەکان بزاندرێــن. هــەر بۆیــە بە دۆزینــەوەی ڕێی بە ســوودتر بۆ هەڵســەنگاندنی بیرۆدزەکانــی هۆکارەتی، مــرۆڤ دەتوانێت باشــتر ژینگەکەی بــەکار بهێنێت. بۆ نموونــە دەتواندرێت بە بەکار هێنانی پەیینی کیمیاوی و ئاودان، بەرهەمی کشــتوکاڵ زیاد بکرێت. ئەمە بەرهەمی ئەزموونە، بەڵام پێشــتر بۆ زیاد کردنــی بەرهەم قوربانی دەکرا. ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو کۆمەڵگەکانــی مرۆیــی جۆرێک لە نموونــەی واقیعی بوونی، بەرهەم هێناوە. ئەم واقیعی بوونەشی وەک هێزێکی شاراوەی سروشــت وێنا کردووە، نەک توانایەک کە بتواندرێت لە ڕێی ئەزموونــەوە بەدەســت بهێندرێت. دیــارە نموونەی هۆکاری واقیعی بە تایبەتی ئەوانەی لە شێوەی ئاییندان، بۆ ڕێ خۆش کـردن بۆ هــەرەوەز (کاری بــە کۆمــەڵ) زۆر گرنگن. کاری بــە کۆمەڵ (هەرەوەز) کە تەنیا پشــت بە خۆ ســوودمەندیی

ژییری دەبەستێت، ناتوانێت پلەی هاوکاریی کۆمەڵایەتی و خۆنەویستی ئاشکرا بکات، کە لە راستیدا لە جیهاندا هەن. باوەڕی ئایینی دەتوانێت مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی کارێک هان بدات، ئەگەر ئەو پاڵنەرە ئایینەی لە پشت نەبێت، مرۆڤیش کارەکە ناکات، ئەگەر قازانجی بۆ خۆی تێدا نەبێت، بەڵام ئایین وا دەکات خۆنەویستانە کارەکە بکات. ئەمەش هەر وەک لەگەڵ هاتنی ئیسلامدا دەرکەوت، هاوبەش کردنی باوەڕ و کەلتوور، هاوکاری کردن لە رێی دەستەبەر کردنی ئامانجی هاوبەش و رێ خۆش کردن بۆ چارەسەر کردنی کێشەگەلی هاوبەش زیاتر برەوی پێ دەدات.

زۆربەی خەڵک کە جەنگەکانی ئایینیان لە جیهانی ئێستادا بینیوە، بە دیدێکی دوژمنکارانە لە ئایین دەڕوانن، پێیان وایە لە کۆمەڵگەی فرە ئاییندا، ئایین سەرچاوەی توند و تیژی و دەمارگیرییە. لە راستیشدا ئەم بۆچوونە راستیی تێدایە، بەڵام هەڵەکە ئەوەیە ناتوانن ئایین بۆ نێو رێڕەوی مێژووییانەی خۆی بگێڕنەوە، کە بێ گومان لە رێڕەوی مێژوویی خۆیدا، ئایین فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ برەودان بەو هاوکارییە کۆمەڵایەتییەی، کە خزمایەتی و دۆستایەتی وەک سەرچاوەیەک بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی تێپەڕاندووە، (ئەمەش واتە جیا کردنەوەی ئەو لایەنە سۆزدارییەی ئایین دەیهێنێتە بەرهەم)، هەر بۆیە ئەمە وای کردووە ئایدیۆلۆژیاگەلی سیکۆلاری وەک مارکسیزم، لینینیزم یان ناشناڵیزم، لەبەر ئەو باوەڕە سۆزدارییەی بەرهەمی دەهێنن، کەمتر وەک شەڕخواز یان تێکدەر دەردەکەون.

یاسا و شێوازی ئەقڵانیی ئایینی بە شێوەیەکی یەکانگیر پێکەوە گرێدراون، چونکە نموونەکان زۆر جار یاسای روون دەخەنە روو بۆ کۆمەڵگاکان تا پەیڕەوی بکەن. رۆڵی ئایینیش لە رۆڵی تیۆرییەکان زیاترە، لەبەر ئەوەی

ئەو کۆدە رەوشـتیانەی لە ئاییندان دەبنە هێزێک بۆ یاسـاکە، شـوێنکەوتووانی ئایینەکـەش پێوەی پابەنـد دەکات. ئەمەش سـیفەتی ئەو یاسـا ناچارانە وەردەگرێت، کـە بە زۆر مانای هەستیار داپۆشراون و باوەڕیان پێ هێندراوە. ئەمەش لەبەر هۆکارەیلی گەوهەریی ئەو یاسا ناچارانەیە، نەک لەبەر ئەوەی یاسـاکان ورد داڕێژراون و بە سـوودن. هۆکاری ئەوەشـی کـە کۆدەیلی رەشـتیی نێو بـاوەڕی ئایینی دەبنـە ئەو هێزە، ئەوەیە ئەو کۆدەیلە رەوشـتییە نە دەتواندرێت بسەلمێندرێن، نـە دەشـتواندرێت بـە درۆ بخرێنـەوە، ئەمـەش روویەکـی نەریتپارێزی بە کۆمەڵگاکانی مرۆیی بەخشیوە، لەبەر ئەوەی نموونەگەلی ژیری لە راسـتییەوە وەرگیراون، زۆر قورسـە ئەم کۆدانە، بە بیانووی ئەوەی باش نین بگۆڕێن.

سروشـتی گەردوونیانـە لـە هەندێـک شـێوەی بـاوەڕی ئایینیـی نێو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا هەن، هەسـت دەکرێت ئـەم باوەڕە لـە تەبیعەتی مرۆڤـدا رەگی داکوتـاوە، ئەمەش وەک زمان و رێسـای پیادە کراو خـۆی دەنوێنێ. ناوەڕۆکی باوەڕی ئایینی، هـەم نەریتییە هەمیش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکـی دیکە جیاوازە، بەڵام توانای دروسـت کردنی ئایینزا توانایەکی زگماکییە. هیچ شتێک لەوانەی گوتوومن سەبارەت بە کاریگەرییەکانی سیاسـیی ئایین، پشـت بەوە نابەستن کە ئایا لە (جین)ـەوەیە یان نا. هەتا ئەگەر رەوشـتی فێربوونیش هەبێت، هێشـتا هەر کاریگەرییەکی زۆری لە سـەر رەوشتی سیاسی هەیە.

بیرمەندانی وەک کارل مارکس و ئیمیل دۆرکایم، پێیان وایە ئەو رۆڵەی ئاییـن کە کەڵکی لێ وەرگیراوە لە رووی پێکەوە بەستنی کۆمەڵگە بە یەکەوە (ئیتر چ کۆمەڵگەکە هەمووی بێت یان پێکەوە بەستنەوەی چینێکی دیاری کراو) ئەرکی سەرەکیی ئایینە. ئەوان پێیان وایە مەبەستی سەرەکیی ئایینەکان ئەوەیە،

هەر وەک بینیشـــمان، بۆچوونی ئایینی لەگەڵ سیســـتەمەیلی سیاســـی و ئابووریـــدا ســـەر هـــەڵ دەدات. لە (شـــامانیزم) و ســـیحرەوە (شامانیزم جۆرە ئایینێکە لە ئاسیای ناوەڕاست و لە نێو دانیشـــتووانی رەســـەنی هەردوو کیشوەری ئەمریکای باکوور و باشووردا هەبووە. ئەم ئایینە لە ژاپۆنیشدا هەیە، بە مانای چارەسەر کردنی نەخۆشی لە رێی سیحرەوە- گوڵان) گۆڕاوە بۆ پەرســـتنی پێشینان، دواتر بۆ زیاتر لە یەک ئایینی یەکتاپەرستی، پاشان بۆ ئایینزای پێشکەوتوو. باوەڕی ئایینی بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی بە هەلومەرجی ماددیی ئەو گرووپانەوە هەیە کە دەیانپارێزێ. ئەو خێڵانەی خۆکوژن یـــان ئەوانـــەی زاوزێ قەدەغـــە دەکـــەن، لە نێـــوان ئەندامانی خۆیاندا وەک –شـــایکەر- ەکان (جـــۆرە رێنماییەکی ئایینە لە نوێ کریســـتیان و لە ئەمریکا پیـــادە دەکرێت) نایانەوێ زۆر لـــە ژیانـــدا بمێننەوە. بۆیە زۆر شـــتێکی ســـەیر دەبێت ئەگەر ئایینـــەکان وەک بەرهەمی ئـــەو هەلومەرجە ماددیانە ســـەیر بکرێـــن و لەو رێی ئەوانیشـــەوە راڤەیان بـــۆ بکرێت. ئەمەش دەبێتە هەڵەیەکی گەورە.

هەرگیز ناتواندرێت بە ئاماژەدان بە هەلومەرجی پێشـــتری مـــاددی باســـی ئایین بکرێت. ئەمـــە بە روونی لـــە جیاوازیی نێـــوان هیندســـتان و چیندا بینیمـــان، هەتا کۆتایـــی هەزارەی یەکەمـــی پێش لەدایک بوونی مەســـیح، هـــەردوو کۆمەڵگە لە رووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها پشـــت بەســـتن بە وەچـــەی ئۆرگانی و جۆرەکان و شـــێوەی سیاســـیدا لە یەک دەچوون، بەڵام دوای ئەوەی کۆمەڵگای هیندســـتان، بە هۆی سەرهەڵدانی ئایینی براهمی، گۆڕانکارییەکی زۆری بە سەردا هات. ئەو پێشنیارە میتافیزیکە دیاری کراوەی لە پشت ئاڵۆزی و ناڕوونیـــی ئایینەوەیـــە، لە باکووری هیندســـتان لە کاتێکی دیـــاری کراودا هەبووە، ئەوەش شـــتێکی بێ مانایە کە هەوڵ

بدرێــت بە هەلومەرجی ژینگەیی و ئابووریی دیاری کراوەوە ببەسترێتەوە.

چەندین نموونەم هێنایەوە، ئەوە پیشان دەدەن کە بیرۆکەی ئاییــن رۆڵێکــی ســەربەخۆی لە دروســت کردنــی ئەنجامی سیاسیدا گێڕاوە. بۆ نموونە، کڵیسەی کاتولیک رۆڵێکی گەورەی لــە دروســت کردنی دوو دامــەزراوەی گــەورەی ئەورووپادا بینیــوە. هەروەها لە لاواز بوونی بونیاتی مافی خاوەنداریێتیی گرووپەکانــی خزمایەتیــی جێنتلــی جێرمانیــی بەربــەر، کــە لە ســەدەی شەشــەمەوە دەســتیان بە ســەر ئیمپراتۆریەتی رۆمــادا گرت و رۆڵێکی گەورەیــان هەبوو. ئەمە جگە لەوەی کــە خۆبەخۆ بووەتە هــۆی لاواز بوونــی خێڵەکایەتیش. بەم شێوەیە ئەورووپا لە رێکخراوی کۆمەڵایەتیی پشت بەستوو بە خزمایەتی لە سەر بنەمای فاکتەری کۆمەڵایەتی نەک سیاسی دەرچوون. ئەمەش واتە رێک بە پێچەوانەی چین و هیندستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پاشان لە سەدەی یازدەمدا کڵیسەی کاتولیک جاڕی ســەربەخۆیی خۆی لە دەسەڵاتی عەلمانی دا، خۆی وەک هەرەمێکی هاوچەرخ رێکخســت و جاڕی حوکمی یاسای ئەورووپیی سنووربەزێنی دا، لە کاتێکدا لە هیندستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی، دامەزراوەی سەربەخۆی ئایینی هەبوون، بەڵام هیچیان نەیتوانی بە هەمان رادەی کڵیســەی ئەورووپا، بە بێ شــەڕ لە ســەر دەسەڵات و ئامانجەکانیــان لــە بە دامەزراوە کردنی سیســتەمی یاســای سەربەخۆدا سەرکەوتوو بن. هەر بۆیە لەو کاتانەدا سەروەریی یاسا لە رۆژئاوادا هەرگیز نەدەبووە شتێکی چەسپیو.

لــە هیــچ یەکێک لــەو نموونانــەدا بەهــای ئایینی بە ســەر سوودی مادیدا سەرنەکەوتووە. کڵیسەی کاتولیک، هەر وەک چینــی براهمییــان لە هیندســتان و توێژی زانایانــی ئایین لە کۆمەڵگەی ئیســلامیدا، گرووپێکی کۆمەڵایەتییان پێک هێناوە،

که قازانجی ماددیی خۆیان هەبووە. گۆڕانی یاساکانی میرات لە لایــەن جۆرجی یەکەمەوە لەبەر هــۆکاری ئایینی نەبووە، بەڵکــوو قازانجی کەســی تێــدا بــووە، وەک ئامرازێک بەکار هات بۆ ســەندنەوەی ئــەو موڵکانەی دەکەوتنە دەســتی ئەو کەســانەی خزمایەتییــان لەگەڵ خاوەنی زەویــدا هەبووە، بۆ ئەوەی ببێتە موڵکی کڵێســە. ســەرەڕای ئەمانە، کڵێســە هەر بە ســادەیی کارەکتەرێکی دیکەی سیاســی نەبوو، وەک ئەو ســەرکردە ســەربازییانەی لەو کاتەدا ئەوروپایان پاوان کرد بوو، نەیدەتوانی بە ئاســانی هەموو شــتەکانی خۆی بگۆڕێت بۆ دەســەڵاتی ســەربازی، نەشــی دەتوانی بە بــێ یارمەتیی دەســەڵاتی عەلمانی لە تالانییەوە بگلێت. هەروەها ڕەوایەتیی ئەوەشــی هەبــوو کــە شــەرعیەت بــدات بــە کارەکتەرانــی سیاســی، کــە نەیاندەتوانــی بە تەنها شــت بەدەســت بهێنن. هەندێک جار ئابووریناســان بەو جۆرە کارەکتەری سیاســی وێنــا دەکەن، بەوەی دەتوانێت شــەرعیەت بــدات، ئەمە وەک ئەوەی شــەرعیەت پێدان بە شێوەیەکی سانایی بەرهەم بێت، بە چەشــنی موڵک و ئامراز، بەڵام پێویســتە شەرعیەت پێدان بە شــێوەی خۆی لێی تێبگەین. واتە لــە ڕێی ئەو بیرۆکانەی خەڵــک هەیانە لەبارەی خودا، داد، مرۆڤ، کۆمەڵگا، ســامان، چاکە...هتــد. یەکــێ لــە گرنگتریــن گۆڕانکاری کە لــە بەها و ئایدیۆلۆژیادا هاتووەتە ئاراوە، ئەو گۆڕانکارییەیە کە جیهانی هاوچەرخ پێناسە دەکاتەوە. بۆ نموونە بیرۆکەی یەکسانی لە کۆتایی ئەو ســەردەمەی کە لەم بەرگەدا باس کراوە، سەری هەڵداوە. بیرۆکەی یەکسانیی مرۆڤ ڕەگی قووڵی لە مێژوودا هەیە. نووســەرانی وەک هێــگل و تۆکۆڤیل و نیچە، بیرۆکەی هاوچەرخــی یەکســانییان لــە بیرۆکەی مەســیحی مرۆڤەوە وەرگرتــووە. فــراوان بوونی بازنەی یەکســانییەکانی مرۆڤ هەتــا کۆتایی ســەدەی حەڤدەم، زۆر جــار هاتووەتە خوارێ

و چینانی نزمـــی کۆمەڵگە، ژنان، کەمایەتیی ئایینی و ئیتنی و رەگەزیشی دەگرتەوە.

ئەو ماوەیەی کۆمەڵگەکان لە ئاســتی خێڵەکییەوە چوون بۆ ئاستی دەوڵەت، نسکۆیەکی گەورە بوو بۆ سەربەستیی مرۆڤ. هەرچەندە دەوڵەت لەوانی پێشتر زۆر بەهێزتر و دەوڵەمەندتر بوو، بەڵام بووە هۆی دروست بوونی جیاوازییەکی چینایەتیی گــەورە، هەندێکــی کــردە ئاغا و هەندێکیشـــی کــردە کۆیلە. هێــگل پێی وا بــوو، ئــەو ددان پێدانانەی دەســەڵاتدارێک لە کۆمەڵگەیەکی نادادپەروەری وادا پێی بەخشراوە، هەم کەم و کورتە، هەمیش لە دواجاردا بۆ دەســەڵاتدارانیش جێی قبووڵ نییە، لەبەر ئەوەی ئەو دەسەڵاتە لە لایەن کەسانێکەوە دراوە کە خۆیان بێ پایەن. ســەرهەڵدانی دیموکراســیی هاوچەرخ، رێ بە هەموو کەسێک دەدات حوکمی خۆی بکات، ئەویش لە سەر بنەمای ددان پێدانانی هاوبەشی ماف و پایەی مرۆڤانی بەرانبەر. بەم شــێوەیە دەیەوێت ئەو شــتە بگەڕێنێتەوە کە لە قۆناغی گواستنەوە بۆ بە دەوڵەت بووندا، لە بیر کرا بوو.

ناتوانین باسی سەرهەڵدانی حکوومەتی بەرپرسیار بکەین بە بێ ئاماژەدان بە بڵاو بوونەوەی ئەو بیرۆکانە. ئەوەمان بینی چۆن هاوکاری کردن لە پەرلەمانی ئینگلیزدا پشــتی بە باوەڕ بوون بە مافی تاکی ئینگلیز بەست بوو، هەروەها چۆن شۆڕشی ســاڵی ١٦٨٨ (Glorious Revolution) بــە هۆی بیرۆکەکانی (لۆک)ــەوە لە پێناو مافی سروشــتی بەرپا بوو. ئەمەش ئەو بیرۆکانــە بوون کە بوونە هۆی جووڵانی شۆڕشـــی ئەمریکا. ئەگەر ئەو هۆکارە مێژووییانەی خســتوومنەتە ڕوو لەبارەی سەرهەڵدانی بەرپرســیارێتی، هەندێک جار وا دەرکەوێت کە لە سوودی مادییانەی کارەکتەران لە ململانێکاندا سەرچاوەی گرتــووە، ئەوا دەبێت ئەو پاشــخانە هزرییانــەش لەبەر چاو بگیرێــن، کە کارەکتەران و بۆچوونەکانیان بۆ کردارە کۆمەڵ

هەیان بووە، لەبەر چاو بگیرێت.

سیستەمەیلی سیاسی بە شێوەیەک گەشەیان کردووە، کە دەتواندرێت بە گەشەی بایۆلۆژی بەراورد بکرێن. بیردۆزی داروین بۆ گەشە کردن لە سەر دوو پرەنسیپی سادە بینا کراوە: هەمەچەشنی و هەڵبژاردن. هەمەچەشنی لە نێو ئۆرگانیزمدا لە ئەنجامی جووت بوونی هەڕەمەکیانەی جینەوە دروست بووە، ئەوانەی کە باشتر خۆیان لەگەڵ ژینگەکەیان گونجاندووە، سەرکەوتوو بوون، بەم شێوەیەش پەرەیان بە خۆیان داوە، لە سەر حیسابی ئەوانەی کەمتر خۆیان گونجاندووە.

لە گۆشەنیگای مێژووییانەوە، گەشەی سیاسی هەمان یاسای گشتیی پەیڕەوی کردووە، شێوەکانی ڕێکخراوی سیاسی لە نێو گرووپەیلی جیاوازدا هەمەچەشنن. ئەوانەی سەرکەوتووتر بوون، واتە ئەوانەی هێزی زیاتری سەربازی و ئابوورییان بەرهەم هێناوە، جێیان بەوانەی کە کەمتر سەرکەوتوو بوون، لەق کردووە.

پێشکەوتنی گەشەی سیاسی زۆر قورسە بە شێوەیەکی دی ببیندرێت، کە ئاوا رووتالانە باس بکات. لەوەش گرنگتر تێگەیشتنە لەو ڕێگایانەی کە گەشە کردنی سیاسی لە گەشە کردنی بایۆلۆژی جیا دەکاتەوە. بە لایەنی کەمەوە سێ رێ هەن:

یەکەم: لە گەشەی سیاسیدا، یەکەگەلی هەڵبژاردەکانی بریتین لە یاسا و بەرجەستە بوونیانە لە دامەزراوەکاندا، نەک جین وەک لەگەشەی بایۆلۆژیدا هەیە. هەرچەندە بایۆلۆژیا، رێی مرۆڤ خۆش دەکات بۆ پێکهێنان و پەیڕەو کردنی یاساکان، بەڵام ناوەڕۆکیان دیاری ناکات، ئەو ناوەڕۆکەش ناگۆڕێت. یاسا بنەمای ئەو دامەزراوانەیە کە قازانج دەدەن بەو کۆمەڵگەیانەی بەکاریان دەهێنن، هەروەها لە رێی تێکەڵ

بوون بە مرۆڤەوە، ئەوانە هەڵدەبژێردرێن کە بە سوودترن.

دووەم: لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، هەمەچەشنیی دامەزراوە بــە پلانــە و مــرۆڤ خــۆی دای دەنێت، بەڵام لــەوی دی (لە بایۆلۆژیــا)دا هەڕەمەکییە. پرۆفیســۆر (هایــک) دژی ئەوەیە کۆمەڵگــەی مرۆڤایەتــی هۆشــیارانە رێــک خرابــن، ئــەو دەیگەڕێنێتــەوە بۆ شــانازییەکانی عەقڵانیەتی پاش دیکارت. کەوایە زۆربەی زانیاری لە کۆمەڵگەدا لە سروشتدا خۆماڵییە، بەم شێوەیەش ناتوانین بە هۆکارەکانی مرۆڤایەتیی (سێنتەر) ئاشنا بین. خەوشی مشتومڕەکەی (هایک) ئەوەیە، کە هەموو کاتێــک مــرۆڤ ســەرکەوتووانە دامەزراوەکانــی دروســت کــردووە، لە هەمــوو ئاســتەکانی کۆمەڵگەدا ئــەو حەزی بە دەوڵەتی سەر بەرەو خوار و ئەندازەی کۆمەڵایەتیی سەنترالی نییە، بەڵام ئامادەیە دەوڵەتی سەر بەرەو ژوور و ناسەنترالی دامەزراوەگەلــی تازە قبووڵ بــکات، کە بۆ مرۆڤ بابەت نین. لــە کاتێکــدا دیزاینی چڕ و پڕ کەمتر لە پرۆژەی کەم ئاســتدا ئیــش دەکات، بەڵام لــە رووی مێژووییەوە هەر ئیش دەکات. مرۆڤ بە دەگمەن دەتوانێت پلان بۆ زانیاریی نادیار و ئاکامی نەویســتراو دابنێت، بــەڵام ئەوەی کە مرۆڤ پــلان دادەنێت، بــەو مانایە دێت کە هەمەچەشــنیی شــێوە دامەزراوەییەکان دروســت دەکات، زیاتر چارەســەری گونجاو بەرهەم دێنێت تا شــێوە هەڕەمەکییەکەی. (هایک) لەوەدا راستە کە گەشەی دامــەزراوەکان پشــت بە توانایی مرۆڤ بۆ دروســت کردنی دامەزراوەی ســەرکەوتوو نابەستێ، جیاوازیی هەڕەمەکی و پرەنسیپی هەڵبژاردە خۆبەخۆ دەتوانن ئاکامی گەشە کردووی گونجاو بەرهەم بهێنن.

ســێیەم: گەشەی سیاســی جیاوازە لە گەشــەی بایۆلۆژی، لــەوەی تایبەتمەندیی هەڵبژاردە، (دامــەزراوە و جین) بابەتی کولتــووری دەگوازرێنــەوە نەک هی جین. ئەمەش ســوود و

زیانــەکان دەگرێتــەوە ســەرەڕای گونجاویی سیســتەمەکە. تایبەتمەندیــی کولتــووری، ئیتر فۆرم، یاســا، داب و نەریت، بــاوەڕ، یان بەها بێت، بە لایەنی کەمەوە لە رووی تیۆرییەوە بــە یەکــەوە گرێدراون و لە نــاو یەک نەوەدا لــە جووڵەدان. بــۆ نموونــە، بڵاو بوونەوەی ئیســلام لە ســەدەی حەوتەمدا یــان خوێندەواری لــە ناو جووتیارانی دانیمارک لە ســەدەی شازدەمدا.

شــایانی باســە، مرۆڤ دەیەوێــت دامــەزراوە و نموونەی هــزری، کە لە نــاو بەهاگەلی جەوهەریدا ســەر هەڵ دەدەن، بە گــەڕ بخات، کە دەبێتە مایەی مانــەوەی دامەزراوەکان بە درێژایــی مێژوو. بە پێچەوانەشــەوە، ئۆرگانیزمی بایۆلۆژیی جینەکانــی خــۆی بەرجەســتە نــاکات، ئەگەر رێ نــەدات بە بوونەوەرێک کە بژی و بەردەوام بێت. پرەنســیپی هەڵبژاردە لەناویان دەبات. بەم شــێوەیە گەشــە کردنــی دامەزراوەکان لــە گەشــەی بایۆلــۆژی هەم خێراتــر و هەم خاوتریشــە. بە پێچەوانــەی گەشــەی بایۆلۆژییەوە، دامــەزراوەکان دەتوانن لە رێی لاســایی کردنەوەوە بڵاو ببنەوە، هەندێ کۆمەڵگە کە دامەزراوەکانیان لاوازترن، لە لایــەن کۆمەڵگە بەهێزەکانەوە ســڕاونەتەوە، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا دەتوانن خۆیان لەگەڵ دامەزراوەی کۆمەڵگە بەهێزەکاندا بگونجێنن، لە پرۆســەیەکدا کــە پێی دەگوترێــت (بە هاوچــەرخ کردنی بەرگــری کردن) (defensive modernization).

لــە ســەدەی حەڤدەمــەوە تا ســەدەی نۆزدەم، دەســەڵاتی حکوومــەت لــە (تۆکــۆ گاوا)دا لــە ژاپــۆن، لۆردانــی فیۆدال وڵاتیــان بەڕێــوە دەبرد. ئــەوان لە هەبوونی چەکــی ئاگرین (بــاروت) ئاگادار بوون، ئەویــش لە رێی پەیوەندییان لەگەڵ پۆرتۆگالییــەکان و ئەوانــەی ســەردانیان دەکــردن. لەگــەڵ ئەوەشدا، خۆیان بە رێکخستنی دوور و درێژی سەربازییەوە

سـەرقاڵ کـرد بـوو، رازی نەبوون لـە ناو خۆیانـدا چەکی ئاگرین بەرهەم بهێنن، چونکە نەیاندەویسـت دەست لە شێوە کۆنەکەی شمشێربازیی خۆیان هەڵبگرن، بەڵام کاتێک (ماسیو پرەی) لەگەڵ گەشـتییە رەشـەکانی لـە کەنارەکانی تۆکیۆ لە سـاڵی ١٨٥٣دا دەرکـەوت، ئینجا حوکمڕانان تێگەیشـتن کە دەبێت ئەم رێکخسـتنە سـەربازییە کۆتایی پێ بێت و هەمان جـۆرە تەکنەلۆژیای سـەربازی، کە ئەمریکایـی هەیان بوو، بەدەسـت بهێنن، ئەگەر نایەنەوێـت وەک چین کۆلۆن بکرێن. پـاش سـەرهەڵدانی (میجـر) لـە ١٨٦٨دا، ژاپـۆن نـەک هەر چەکـی ئاگرینـی هێنا بەڵکوو شـێوەیەکی نوێی حکوومەت و بیرۆکراسـیی ناوەنـدی و سیسـتەمێکی نوێی پـەروەردە و زۆرێـک لە دامەزراوە، کە لە ئەوروپا و ئەمریکاوە وەریگرت بوون، هێنایە پێشەوە.

گەشـەی بایۆلـۆژی هەم گشـتی و هەم تایبەتە. گەشـەی تایبەت کاتێک روو دەدات کە چەشنێکی زیندوو خۆی لەگەڵ ژینگـەی تایبەتدا دەگونجێنـێ و جیاوازی دەکات، وەک کە لە باڵندە بە ناوبانگەکەی داروینا دەیبینین، بەڵام گەشەی گشتی کاتێـک روو دەدات، کـە جۆرێکی زیندووی سـەرکەوتووی دیـاری کراو بە درێژایـی ژینگەیەکی ناوخۆ بـڵاو دەبێتەوە. بەم شـێوەیە گواستنەوەیەکی گشتی بووە لە یەک خانەییەوە بۆ فرە خانەیی. لە زۆر بوونی ناسێکسـییەوە بۆ سێکسی، لە داینەسـۆرەوە بۆ شیردەران، هەر بەم شێوەیەش لە گەشەی سیاسـیدا، کاتێک مرۆڤی هاوچەرخ چەند پەنجا هەزار ساڵێک لەمـەو پێـش ئەفریقایـان بەجێ هێشـت و بە جیهانـدا بڵاو بوونەوە، توانییان خۆیان لەگەڵ ژینگەی جیاوازدا بگونجێنن، هەروەهـا لەگەڵ چەندین زمانی دی بەریەک کەوتن، هاوکات پەرەیان بە زمان و کولتوور و دامەزراوەی جیاوازیش دا. لە هەمـان کاتدا کۆمەڵگەکان ئەوانەی رێکخراوی کۆمەڵایەتییان

دۆزییەوە کە سوودێکی زۆریان پێ دەبەخشێت. بەم شێوەیەش لە کۆمەڵگەوە بوون بە خێڵ، پاشانیش بۆ ئاستی کۆمەڵگەی دەوڵەت. لە ناو کۆمەڵگەی ئاست دەوڵەتدا، ئەوانەی کە توانییان خۆیان باشتر ڕێک بخەن، ئەوانەی دیکەیان لەناو برد یان هەڵیان لووشین. بەم جۆرەش شێوەی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی خۆیان بڵاو کردەوە. لێرەوە هەم جیاوازی و هەم پێکەوە بوون لە ناو دامەزراوەگەلی سیاسیدا هەبوو.

کێبڕکێ بۆ پرۆسەی گەشەی سیاسی گرنگە، وەک چۆن لە گەشەی بایۆلۆژیدا هەیە. ئەگەر کێبڕکێ نەبێت، ئەوا پاڵەپەستۆی گرووپەکان بۆ سەر دامەزراوەکان نابێت، بەم جۆرەش نابێتە پاداشت بۆ ئەوانەی نوێگەری و ریفۆرم دەکەن.

یەکێک لە گرنگترین پاڵەپەستۆکانی کێبڕکێ کە بووەتە هۆی نوێ بوونەوەی دامەزراوەکان، توند و تیژیی جەنگە، گواستنەوەش لە کۆمەڵگەی ئاست گرووپەوە بۆ کۆمەڵگەی ئاست خێڵ، لە ڕێی زێدە بەرهەمی ئابوورییەوە دروست بووە، بەڵام ڕاستەوخۆ بە توانای زیاتری کۆمەڵگاکانی خێڵەکی بۆ بەکار هێنانی هێزی مرۆڤ پاڵ نراوە.

لە بەشی پێنجەمدا باسی بیردۆزەی هەمەچەشنی پێکهێنانی دەوڵەتی سەرەتاییم کردووە لە ناویاندا: سوودی خۆبەخۆی ئابووری، ئاودێری، چڕیی دانیشتووان، جوگرافیا، دەسەڵاتی ئایینی و توند و تیژی. هەرچەندە هەموو ئەم فاکتەرانە ڕۆڵیان هەیە، بەڵام وا دیارە گواستنەوەی قورس لە کۆمەڵگایەکی خێڵەکیی سەربەستەوە بۆ کۆمەڵگایەکی ئاست دەوڵەتی سەرکوتکەر، بە پێویستی بۆ خۆپاراستن نەک سوودی ئابووری بە تەنیا، جۆش دراوە. کاتێک سەیری تۆماری مێژوویی دروست بوونی دەوڵەت لە چین و هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا دەکەین،

توند و تیژی جارێکی دی رۆڵێکی سەنترال لە جۆشدانی نەک هەر پێکهێنانی دەوڵەتدا دەبینێ، تەنانەت لە دروست بوونی دامەزراوەی تایبەتیش، کە ئێستا ئێمە بە دەوڵەتانی هاوچەرخەوە گرێی دەدەین، لەبەر ئەو هۆیانەی دواتر بە درێژی باسیان دەکەم، ناتواندرێ چەند جۆرێکی دیاری کراو لە گیروگرفتی پێکەوەیی چارەسەر بکرێن، تەنیا لە رێی پەنا بردن بۆ توند و تیژییەوە نەبێت.

لە ساڵی ١٩٧٩دا، هەردوو زیندەوەرناس (ستیڤن جای گۆلد) و (ریچارد لینتن) پێوەری بەراوردکاری سپاندەرل (spandrel) یان بەکار هێنا بۆ باس کردنی ئەو رێ پەی پێ نەبراوانەی، کە بە سایەی ئەوانەوە نوێکاریی بایۆلۆژی روو دەدات. (سپاندەرل) رووبەرێکی چەماوەی ئەندازەییە، لە ئەنجامی بەیەکدا چوونی چەندین چەماوە کە گومەزێکیان هەڵگرتووە، پێک هاتووە. سپاندرەل بە مەبەست لە لایەن ئەندازیارێکەوە دروست نەکراوە، بەڵکوو دووەمین بەرەنجامی رێکەوتی بەشەکانی دیکەیە، کە بە مەبەست لەو شوێنە داندراون. لەگەڵ ئەوەشدا دیکۆر کراوە و شێوە و مانای خۆی لە رۆیشتنی کاتدا وەرگرتووە.

(گۆلد) و (لینۆنتن) پێیان وایە، زۆر خەسڵەتی بایۆلۆژیی جیاکەرەوەی زیندووان لەبەر یەک هۆ گەشەیان کردووە، بەڵام پاشان سوودی گونجاویان هەبووە لەبەر هۆکاری تەواو جیاواز.

ئێمە چەندین هاوشێوەی (سپاندەرل)مان هەیە لە گەشەی سیاسیدا. بیرۆکەی ئەنجومەنی شارەکان.، ئەو دامەزراوە هەمیشەییە، کە ناسنامەیەکی هەیە جیاواز لەوەی کە تاکی لێ دروست بووە. لە سەرەتادا وەک رێکخراوێکی ئایینی نەک بۆ مەبەستی ئابووری سەری هەڵداوە. کڵێسەی کاتولیک لە میراتی موڵک و ماڵدا پشتیوانیی لە مافی ژنان کرد، لەبەر

ئەوە نا کە بەهێزتر بوونی ژنانی بوێت، بەڵکوو لەبەر ئەوەی چـــاوی بڕی بووە ئــەو خانووبـــەرە بەهادارانـــەی بنەماڵەی بەهێز هەیان بوو، ئەمەش وەک شــێوازێک تا لە بن دەستیان دەربهێنێــت. گومان هەیە، کە لەو کاتەدا هیچ ســـەرکردەیەکی کڵێســـە کاریگەریی بە ســـەر پەیوەندیی خزمایەتی بە گشـــتی هەبـــوو بێـت. هەروەهـــا ســـەرتاپای بیرۆکـــەی ســنووردار کردنـــی حکوومەت لــە لایەن یاساناســـانی ســـەربەخۆوە لە پشـــکی ئەوانەدا نەبووە، کە ســـەرقاڵی ململانێ و شەڕی پایە و دەســـەڵات بـــوون. ئەمـــەش ململانێیەکی ئاکار و سیاســـی بووە بۆ ســـەربەخۆ کردنی کڵێســـەی کاتولیک. لە رۆژئاوادا، ئەو ســـەربەخۆییەی رێکخراوگەلی ئایینی بە دەســـتیان هێنا، بـــە درێژایـــی کات پەرەی ســـەند و بوو بە لقی ســـەربەخۆی یاساناســـان. بنەمای ئایینیی یاسا گۆڕا، ســـەرچاوە عەلمانی جێـــی گرتنەوە، بەڵام بونیاتی یاســـاکان وەکو خۆیان مانەوە، بەم شـــێوە حوکمی یاســـا خۆی جۆرێکە لە سپاندرەل. رەگی راســـتیی مێژوویـــی دامـــەزراوە جیـــاوازەکان بەرەنجامـــی زنجیـــرە رووداوێکی درێژی بە یەکەوە بەســـتراوی رووداوە مێژووییەکانە، کە هەرگیز پێشتر کەسێک بە خەیاڵیدا نەهاتووە. ئەمـــەش مایـــەی داخـــە چونکە هیـــچ کۆمەڵگایەکـــی هاچەرخ پێشـــبینی نەکراوە، کە بە دیاری کردنـــی بە هەمان زنجیرەی رووداودا بـــڕۆن تا بگەنە ئەو دامەزراوە لێکچووانەی هەیانە، بەڵام ئەمە رۆڵی سپاندەرلان لە گەشەی سیاسیدا پشت گوێ دەخات. ســـەرچاوەی تایبەتی مێژویـــی دامەزراوەیەک کەمتر بایەخـــی هەیە لە وەزیفەی دامەزراوەکان. هەر کە دۆزرایەوە دەتواندرێت بەکار بهێندرێت، لە لایەن کۆمەڵگەکانی دیکەشەوە بـــە شـــێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لاســـایی دەکرێتـــەوە. لەم کتێبەدا پێناســـەکەی (ســـامۆیل هینتینگتون)م بەکار هێناوە بۆ دامەزراوەکان (ســـەقامگیر، بەهادار، شێوازی دووبارە بووی

ڕەوشــت). ئەوەی پەیوەندیی بە دامەزراوەی دەوڵەتیشــەوە هەبێت، هەر تەنیا پێناســەی (ماکس ڤێبــەر)م بەکار نەهێناوە بۆ دەوڵەت (ئەو ڕێکخراوەی کە مۆنۆپۆلی شەرعییانەی توند و تیژیی ڕێک خســتووە لە شــوێنێکی دیاری کراودا). بەڵکوو پێوەرەکانیشم بۆ دەوڵەتی هاوچەرخ بەکار هێناوە «دەوڵەت پێویســتە پەیوەست بێت یان پشت ببەستن بە دابەش بوونی عەقڵانیــی کارەوە، پشــت بەســتوو بە ئەزموونــی تەکنیک و ناکەسی، هەرچەندە پەیوەندیی بە وەرگرتن و دەسەڵاتیانەوە هەیە بە سەر هاونیشتمانیاندا». دەوڵەتی ناکەسیی هاوچەرخ دامەزراوەی قورسە بۆ دامەزراندن و پاراستنی، لەبەر ئەوەی خێڵەکایەتی شێوەیەکی سروشــتیی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە، کە مرۆڤ تێیدا دەچێتەوە ســەر خەســڵەتی خۆی بە سایەی نەبوونی شێوەکانی دیکەی پاڵپشتی.

ڕێکخراوگەلــی هاوچــەرخ تایبەتمەندیــی تریشــیان هەیــە، ســامۆیل هەنتیگتۆن چــوار پێوانەی داناوە بــۆ پێوانی پلەی گەشــەی دامەزراوەکان کە دەوڵەت دروســت دەکەن، داناوە: خۆ گونجاندن و ڕقێتی، ئاڵۆزی و ســانایی، ســەربەخۆیی و ملکەچی، پەیوەست بوون و ناپەیوەست بوون. واتە هەرچەندە دامەزراوەیی گونجاو و ئاڵۆز و سەربەخۆ و پەیوەست بێت، ئەوا ئەوەندە پێشکەوتوو و گەشە کردوو دەبێت. ڕێکخراوێکی گونجاو دەتوانێت ژینگەی دەرەکیی گۆڕاو هەڵبســەنگێنێت و لــە بەرانبەردا ڕێگەلی ناوەکیی خۆی بگۆڕێت. دامەزراوگەلی گونجاو ئەوانەن، کە لە کاتێکدا ژینگەکان بەردەوام لە گۆڕاندان، ئەوان وەک خۆیان دەمێننەوە. نموونەش بۆ ئەم سیستەمەی یاسای گشتی ئینگلیزییە (The English System of Common Law) کە تێیدا یاســا بــەردەوام بەرانبــەر هەلومەرجی نوێ لــە لایەن دادوەرانەوە ڕاڤە دەکرێت، شــتی بۆ زیاد دەکرێت، ئەمــەش نموونەیەکــی زینــدووی دامەزراوگەلــی گونجاوە.

دامـــەزراوەی گەشـــە کـــردوو زۆر ئاڵۆزە، لەبـــەر ئەوەی بە کاریگەریی دابەش بوونی کار و پسپۆری لە دەوڵەتانی کۆندا، دەسەڵاتدار هەم سەرکردەی سەربازی و سەرکردەی ئایینی، هەمیـــش کۆکـــەرەوەی باج و خەراج و لە دادگاشـــدا کەســـی یەکەم بووە، بەڵام لەو دەوڵەتانەی کە تەواو گەشەسەندوون، هـــەر یەکێک لەمانـــە لە لایەن ڕێکخراوی جیـــاوازەوە بەڕێوە دەبردرێـــن، کـــە توانایەکـــی بـــەرزی تەکنیکییـــان لـــە بەڕێوە بردنیاندا هەیە. لەو ســـەردەمە دێرینـــەدا بنەماڵەی (هانەکان) لـــە چین، بیرۆکراتیەتی چین لە هەموو ئاســـتەکانی نەتەوەیی و پارێزگاکان و ناوخۆییدا، چەندین پەل و پۆ و تایبەتمەندیی هەبـــوو. هەرچەندە نوێنەرایەتیـــی گۆڕانێکی گەورەی دەکرد، دوور لـــە حکوومەتەکانـــی پێشـــان بەڕێوە دەبـــردران، وەک لقێکی ســـادەی ئیمپراتۆریـــەت، بەڵام کەمتر ئاڵـــۆز بوون، لە چـــاو حکوومەتی هاوچەرخـــدا. دوو پێوەرە کۆنەکەی دیکەی دامەزراواندن (بە دامەزراو کردن): سەربەخۆیی و پەیوەست بـــوون، هـــەر وەک هینتگتـــۆن ئاماژەی پـــێ داوە، لە نزیکەوە پێکەوە پەیوەندیدارن.

ســـەربەخۆیی ئاماژەیـــە بۆ ئەو پلەیەی کـــە دامەزراوەیەک مانای هاوکاری و ناســـنامەی خۆی گەشـــە پـــێ دەدات و لە هێـــزە کۆمەڵایەتییەکانـــی تر جیای دەکاتەوە. لە نووســـراوی ســـەروەریی یاســـادا کە لـــە چاپتەرەکانـــی (١٧- ١٩) دراوە، دەبینین ئەو پلەیەی کە یاسا وەک کۆتێک خراوەتە دەسەڵاتی حکوومەتەوە، لە ســـەربەخۆیی دامەزراوەییدا پشت بەو پلەیە دەبەستێت، کە دادگاکان هەیانە. لێرەدا سەربەخۆیی بە واتای توانـــا بۆ ڕاهێنان، وەرگرتن، پشـــتگیری کـــردن، ڕێک و پێک کردنی ئەندامەکانیەتی بە بێ دەست تێوەردانی سیاسی.

سەربەخۆیی بە شێوەیەکی نزیک پەیوەندیی بە پسپۆرییەوە هەیە، هەر لەبەر ئەوەشـــە مەبەســـتیەتی دامەزراوەگەلی زۆر

گەشــە کــردوو جیا بکاتەوە. ئەو ســوپایەی ڕێــی پێ دراوە بەزر کردنــەوەی پلــەی ئەندامەکانی خۆی کۆنتــڕۆڵ بکات، ئەوە دەتوانێت لەوانە باشتر بێت کە لە سەر بنەمای سیاسی دادەندرێن.

لە لایەکی دیکەوە پەیوەست بوون، زیاتر پێوەرێکی ڕێک و پێکی ئەو پلەیەیە، کە ڕۆڵ و ئەرکەکانی ڕێکخراوە جیاوازەکان لە ناو سیستەمی سیاسیدا دیاری دەکات و پێی ڕازی دەبێ، بەڵام سیســتەمی سیاســیی ناپەیوەســت چەندین ڕێکخراوی هــەن کە بەرپرســن. بۆ نموونە کۆ کردنــەوەی باج و خەراج یان پاراســتنی گشتی، کەس نازانێ کێ لێی بەرپرسیارە. ئەو دەوڵەتەی لــە چەندین دامەزراوەی ســەربەخۆ پێک هاتووە، پەیوەســتترە لەو دەوڵەتەی دامەزراوەکانی ناسەربەخۆن. لە کۆمەڵگــەی تیرە و خێڵدا ئەندامانی خێزانی دەســەڵاتدار، یان خێڵ چەندین دەســەڵاتی ناڕوون و بە یەکداچوویان دراوەتێ بــە ســەر دامەزراوەکانی (دەوڵــەت)دا. هەندێ جار پۆســتی تایبــەت بۆ چەندین کەســی دیــاری کراو دروســت دەکرێ. لێرەدا دڵســۆزی لــە توانای خۆ بەڕێوە بردنــی دامەزراوەی گشتی گرنگترە. ئەمەش لە زۆربەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا بەردەوامــە (هەروەهــا لە بەشــێکی کــەم لە وڵاتانی گەشــە کردووشدا). دابەش بوونی فەرمیی دەسەڵات لە نێو وەزیراندا پەیوەندیی بە دابەش بوونی ڕاســتەقینەی دەســەڵاتەوە نییە. ئەمەش بووەتە هۆی ناپەیوەستیی دامەزراوەکان.

ئەوەی ڕوونە لەم چوار بەشەی پێناسە کردنی دامەزراواندن ئەوەیە، کە دامەزراوەکان یاسان، یان شێوەی دووبارە بووی ئاکارێکــن، کــە کەســێکی دیاری کــراو دەهێڵنــەوە و لە هەر کاتێکدا بێت کاریان پێ دەکەن. پێغەمبەری ئیسلام «محەمەد د.خ» هەموو تیرەکانی مەدینەی کۆ کردەوە، بە ســایەی ئەو کەســایەتییە کاریزماییەی لە مــاوەی ژیانیدا هەی بوو، بەڵام

هیچ سیستەمێکی بۆ جێ گرتنەوە (خەلافەت) جێ نەهێشت. ئەم ئایینە نوێیە خەریک بوو ململانێی دەسەڵات بۆ سەرکردایەتی کردن لە ناوی ببات، ئەوەتا ئێستاش بە دەستییەوە دەناڵێ و لە پرۆسەی دامەزراوسازیدا شکستی هێناوە، کە خۆی لە شێوەی ململانێی (سوننە- شیعە)دا پیشان دەدات.

■ هەڵدێری سیاسی

ئەگەر پرۆسەیەکی دینامیکی هەبێ کە تێیدا گەشەی سیاسی پێشبڕکێی ناو دامەزراوەکان بەرهەم بهێنێ، ئەوا پرۆسەیەکی هاوشێوەی هەڵدێری سیاسیش دەبێت، کە تێیدا کۆمەڵگەکان کەمتر دامەزراوەییان پێوە دیار دەبێت. دوو پرۆسە هەن کە هەڵدێری سیاسییان تێدا روو دەدات. دامەزراوەکان لە بنەمادا بۆ ئەوە دروست بوون، رووبەڕوو بوونەوەیەکی پێشبڕکێ ئامێزی ژینگەیەکی دیاری کراو دەستەبەر بکەن. ئەوەش یان ژینگەیەکی فیزیکییە، زەوی و سەرچاوەکان و کەش و هەوا و جوگرافیا دەگرێتەوە، یان ژینگەیەکی کۆمەڵایەتییە بەربەرەکانێ و دوژمنان و پێشبڕکێکەران و هاوپەیمانان و هاوشێوەکانیان دەگرێتەوە. دامەزراوەکان بۆ ئەوە پێک دێن تا بپارێزرێن، بە هۆی ئەو تەوژمە بایۆلۆژیانەی پێشتر ئاماژەیان پێ درا بۆ بەکارخستنی یاساکان و نموونەی عەقڵانی، کە گرنگییەکی بنەڕەتییان هەیە. لە راستیدا دامەزراوەکان دامەزراوە نین، واتە (سەقامگیر، بەهادار، شێوەی دووبارە بووی ئاکار). ئەگەر لە لایەن پێوانەی کۆمەڵایەتییەوە بە هێز و سرووت و جۆرەکانی دیکەی بەگەڕخستنی سایکۆلۆژییەوە زیاتر پشتگیری نەکرێن. پاراستنی دامەزراوەکان بەهایەکی سوودمەندی ئاشکرای نابێت ئەگەر خەڵکی مەیلێکی سایکۆلۆژییان نەبوو بێت بۆ پەیڕەو کردنی یاسا و شێوەکانی ئاکار، ئەوا دەبوایە بە بەردەوامی گفتوگۆیان لە سەر یاسا بکردایە، لە سەر حیسابی

سەقامگیری لە کۆمەڵگەدا.
لــە لایەکی دیکەوە ئەو راســتییەی کۆمەڵــگاکان ئەوەندەی پەیوەندیــی بــە دامەزراوەکانەوە هەبــێ، زۆر بنیاتنەرە، بەو واتایــەی کاتێــک هەلومەرجــی بنەڕەتــی کــە بووەتــە هۆی دروســت بوونــی دامــەزراوەکان دەگۆڕێــت، دامەزراوەکــە لــە خۆ گونجاندن بە خێرایی لەگەڵ رەوشــی نوێدا شکســت دەخــوات. لێک ترازان لە ریژەی گۆڕان لــە نێوان دامەزراوە و ژینگەی دەرەکیدا، دەبێتە هۆی هەڵدێرانی سیاســی، یاخود بــە واتایەکی دی، هەڵوەشــانەوەی دامــەزراوەکان و بەگەڕ خســتنی وەبەرهێنانی کەلەپووریانەی دامەزراوەکان. هەر بە تەنیا نابێتە هۆی پەککەوتنی دامەزراوەی بەسەرچوو، بەڵکوو توانای تێگەیشتن لەو شکستەی کە روو دەدات. ئەم دیاردەیە لە لایەن دەروونناسانی کۆمەڵایەتییەوە بە (پەرتەوازە بوونی مەعریفی) ناســراوە، تێیدا مێژوو بــە نموونە رووماڵ کراوە. ئەگەر کۆمەڵگەیەک لە رووی سەربازییەوە یان سامانەوە، بە ســایەی دامەزراوەی باڵای خۆیــەوە بەهێزتر بوو، ئەندامانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی ڕاست قازانجەکانی بە دامەزراوەکانی دەبەستێتەوە. ئەگەر هیوایەکیان هەبێ بۆ مانەوە، دەرەنجامە کۆمەڵایەتییــەکان فــرە هۆن، هەروەها هەمیشــەش دەتوانین بگەینــە لاوازی یــان شکســتی کۆمەڵایەتــی، کــە ماقووڵــن بەڵام راســت نین. کۆمەڵگە هەر لە رۆمەوە تا چین شکســتە ســەربازییەکانی خــۆی بۆ کــەم و کورتیی بایــەخ نەدان بە ئەرکەکانــی ئایین گەڕاندووەتەوە. لەجیاتی ئەوەی ســەرقاڵی رێکخســتنەوە و دابیــن کردنی کەرەســتەی ســەربازی بێت بۆ ســوپاکەی، هەموو ســەرچاوەکانی خۆی تەرخان دەکرد بۆ برەودان بە ســرووت و قوربانی. لــە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا نشوســتی کۆمەڵایەتی دەخرێتە پاڵ چەندین شــێوەی پیلانی بیانیانــەوە، ئیتر ئایا جوو بێت یان ئیمپریالیزمی ئەمریکی، لە

جیاتی ئەوەی بۆ راڤە کردنی دامەزراوەکانی خۆی بگەڕێت.
جۆری دووەم لە هەڵدێری سیاسـی بـە نەریت کردنەوەیە (نەریتاندنـە)، پەسـند کردنـی خێـزان یان کەسـی نزیک بە سەر کەسـانی دیکەدا. دیارترین شێوەی پەیوەندیی سیاسی (patron client)، کـە تێیدا سـەرکردە لە بەرانبەر پاڵپشـتیی شـوێنکەوتووانی، پێویسـتی ئاڵوگـۆڕ دەکات. لـە هەندێـک قۆناغی گەشـەی سیاسـیدا ئەمە تەنیا شـێوەی رێکخسـتنی سیاسـی پێک دەهێنێت، بەڵام کاتێ دامەزراوەکان گەشـەیان کرد، یاسـای نوێ داندرا بۆ وەرگرتن لە سـەر بنەمای توانا و کردار. نموونە: سیستەمی ماندرین، سیستمی دیڤشرمی لە تورکیا، مانەوەی کاهینانی کاتولیک بە رەبەنی، یان ئەو یاسا سەردەمیانەی کە مەحسوبیەت لە وەرگرتندا رەت دەکەنەوە، بەڵام گوشارێکی بەردەوام بۆ دیسانەوە بە خێڵایەتی کردنی سیستەمەکە هەیە. تاکەکان سەرەتا لە سەر بنەمای بابەتایەتی لـە دامەزراوەیەکدا وەرگیراون، سـەرەڕای ئەوەی زۆر جار هەوڵ دەدەن بۆ گواستنەوەی ئەو پۆستانەی هەیانە بۆ نەوە و هاوڕێکانیـان. کاتێـک دامەزراوەکان گوشـاریان دەخرێتە سەر، سـەرکردەکان زۆر جار پێیان وایە کە دەبێ بچنە ژێر رکێفی ئەو پاڵەپەستۆیانەوە، بۆ ئەوەی تایبەتمەندیی سیاسی بپارێزن یان بە پێداویستی دارایی بگەن.
چەندین نموونەمان لە بارەی شێوەکانی هەڵدێری سیاسییەوە هەیە. لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەمدا بنەماڵەی سینگ لە چیـن، لە لایەن هێزەکانی مانچوو لە باکوورەوە رووبەڕووی چەندیـن پاڵەپەسـتۆی سـەربازی بوونەوە. مانـەوەی رژێم پشـتی بە توانای حکوومەتەکە بەسـت بوو بۆ کۆ کردنەوەی دەرامەت، بنیاتنانەوەی سوپایەکی کارامە و بڵاو کردنەوەیان لە سـەر سـنووری باکووری رۆژهەڵات، بـەڵام هیچ یەکێک لەمانـە رووی نەدا لەبەر بێ توانایی حکوومەت لە رووی کۆ

کردنەوەی باجی پێویست بۆ ئەوەی تێچووی بەرگری کردن بـۆ خـۆی دابین بکات. لێـرەدا رژێمەکە چەندیـن پەیوەندیی دیاری کراوی لەگەڵ دەسـتەبژێردا دروست کرد، کە دەبوایە باجێکی زۆر بخەنە سەر شانی خۆیان، هەروەها ئاسانتر بوو بۆ دەسـەڵاتداران کە هیچ نەکەن، هەرچەندە بارودۆخەکەش بێ گرفت نەبوو.

دیسانەوە خێڵەکایەتی و تیرەگەری (REPATRIMONILIZATION) وەک دیـاردە دووبـارە بـووەوە. سیسـتەمە بیرۆکراتییـە بابەتییەکـە لە ماوەی حوکمی بنەماڵەی پێشـووی (هان)ـەوە دامەزرا و لە لایەن خێزانانی ئەرستۆکراتەوە، کە دەیانویست شوێنی باش بۆ خۆیان دابین بکەن و کەسەکانیان لە ناوەندی حکوومەتـدا بـن، وردە وردە پووکێندرایەوە. ئەم خێزانانە لە مـاوەی حوکمی بنەماڵەکانی (سـوی) و (تانـگ)دا بەردەوام دەسـەڵاتیان بەسـەر بیرۆکراتیەتی چیندا هەبـوو. مەمالیکی میسـر و ئینکیشاریی تورکیا سیستەمی وەرگرتنی کۆیلەیان، سـەرەتا بە رێ دان بە دروست کردنی خێزان، پاشانیش رێ دان بە منداڵانیان بۆ ئەوەی بچنە ریزی سـوپاوە لاواز کرد. لە لای مەمالیک لە کۆتایی سەدەی سێزدەمدا کاتێ هەستیان بە مەترسـیی مەغۆل کرد، ئەمـە رووی دا. ئەمە جگە لەوەی لـە ڕووی بازرگانییـەوە بەرەو خراپی چوو بوون، تووشـی چەندیـن پەتا بووبوون. سـەبارەت بە عوسـمانییەکان بەرز بوونەوەی نرخ و پاڵەپەستۆی بودجە، وای لە سوڵتان سەلیم و سـوڵتان سـولەیمان کرد، کە مافی هاوشێوە بدەنە سوپای ئینکیشاری.

کڵیسـەی کاتولیـک بیرۆکراسـیی مۆدێرنـی دروسـت کـرد، ئەویش بـە قەدەغـە کردنـی هاوسـەرگیریی پیاوانی ئایینی مەسـیحی، بـەڵام سیسـتەمەکە دارما، لەبـەر ئەوەی دەسـەڵاتدارانی ئایینی دەیانویسـت پەیوەندی بە شوێنەکانی

خۆیانەوە بکەنەوە و خاوەنداریێتی بە میرات دروســت بکەن، ئەمەش بووە هۆی دروســت بوونی سیســتەمێکی گەندەڵ و بەرتیلخۆر لە فەرەنسا و ئیسپانیا، کە تێیدا کەرتی گشتی کرا بە کەرتی تایبەت، لەوێشەوە بۆ میراتگریی خاوەنداریەتی.

ئــەم دوو جــۆرەی هەڵدێــری سیاســی (خێڵەکایەتــی و راگرتنی دامەزراوانــدن) زۆر جار پێکەوە دێن، لەبەر ئەوەی دەســەڵاتداران کــە بەرژەوەندییەکــی زۆریان لــە هەبوونی سیســتەمەکەدا هەیە، دەیانەوێ لە هەر ریفۆرمێک بیپارێزن. ئنجــا هەتا ئەگــەر ســەرتاپای سیســتەمەکەش داڕما و لەت لــەت بوو. زۆر جــار هەر ئەم کارەکتەرانــە لەگەڵ ئەو تۆڕە کەسییانەی خۆیان کە ماونەتەوە، پارچەکانی کۆ دەکەنەوە و پێکەوە گرێی دەدەنەوە.

■ توند و تیژی و سەنگی نابەجێ

دەتوانین زۆر وردبین سەبارەت بەوەی بۆچی دامەزراوەکان لــە خۆ گونجانــدن لەگــەڵ گۆڕانکاریی دەوروبــەردا خاون، ســەرەڕای ئــەوەی مەیلێکــی ئاســایی هەیــە بۆ پاراســتنی دامــەزراوەکان. هــەر دامەزراوەیــەک یــان سیســتەمێکی دامەزراوەیــی ســوود بە گرووپێکی دیاری کــراوی کۆمەڵگە دەگەیەنێ. زۆر جار لەسەر حیسابی ئەوانی دی، ئەگەرچی بە شــێوەیەکی گشتیش بێت، سیستەمی سیاسی سوودی گشتی وەک دابین کردنی ئاشــتی، مافی خاوەنداریەتی دابین دەکات. ئەو گرووپانەی لە لایەن دەوڵەتەوە پەســندن زیاتر هەســت بە ئاســایش دەکەن. لەوانەیە بتوانن لە ئەنجامی گەیشــتنیان بە دەســەڵات کــرێ کۆ بکەنــەوە، یان ددان پێدانــان و پلەی کۆمەڵایەتی وەربگرن.

ئــەم گرووپــە دەســتەبژێرانە بەشــیان لــە رێکخســتنی دامەزراوەکانــدا هەیە، هەمیشــە پارێزگاری لــە هەلومەرجی

باو دەکەن بە مەرجێ بــە یەکگرتوویی بمێننەوە. هەتا ئەگەر کۆمەڵگەکە بە گشــتی ســوود بــە گۆڕانکاریــی دامەزراوەکە بگەیەنــێ. بۆ نموونە وەک بەرز کردنــەوەی باجی زەوی بۆ ئەوەی تێچووی بەرگری کردن لە دژی هەڕەشــەی دەرەکی بدرێــت، گرووپەکانــی باش رێکخراو دەتوانــن رێ لە گۆڕان بگــرن، لەبــەر ئــەوەی بۆ ئــەوان تــەواوی دەســکەوتەکان نێگەتیڤــن. ئــەم جۆرەی نشوســتی کردارە کۆمەڵــە لە لایەن ئابووریناســانەوە بە باشــی دەبیندرێــن. بارودۆخەکە لەوانە پێک دێت، کە بیرمەندان بە ســەنگی ســەقامگیر ناوی دەبەن، لەبــەر ئــەوەی هیچ یەکێک لــە یاریزانان بە تەنیــا ناتوانن لە ئەنجامی گۆڕانی رێکخســتنی دامەزراوەکان شــت بەدەســت بهێنن، بەڵام هاوسەنگییەکە لە رووی پراکتیکەوە بە بۆچوونی کۆمەڵگا بەگشــتی ناتەواوە. (مانکور ئوســلۆن) پێی وایە ئەو گرووپانــەی خاوەنی بەرژەوەندیی تەواو دامەزراون، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بێت، بــە درێژایی رۆژگار زیاد دەکەن، چونکە دەبنە هاوپەیمانی یەک و پارێزگاری لە بەرژەوەندیی تەسکیان دەکەن. ئەمانە رێکخراوترن لە چاو بەشــەکانی تری کۆمەڵگە بە تایبەتی خەڵک بە گشــتی، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندییان لە سیســتەمی سیاسیدا نوێنەرایەتی ناکرێت، دەتواندرێت گرفتی ناوەزیفیی هاوســەنگیی سیاسی لە رێی دیموکراسییەوە کەم بکرێتەوە، چونکە هیچ نەبێ بە لایەنی کەمەوە رێ دەدات بەو کەسانەی لە دەرەوەی دەستەبژێرانن، بەشداری لە دەسەڵاتی سیاســیدا بکەن ئەگەر لە رووی تیۆریشەوە بێت، بەڵام هەتا لەمەشــدا نایەکســانییەکی زۆر لە نێوان توانای رێکخراوەیی دەســتەبژێر و نادەســتەبژێردا هەیــە، ئەمــەش وا دەکات کە ئەوانەی لە دەرەوەی دەســتەبژێرانن نەتوانن بە باشی بڕیار بدەن و کار بکەن.

چەندیــن نموونەمــان بینی لــەوەی کە چــۆن هاوپەیمانانی

خـــاوەن بەرژەوەندیـــی هاوبـــەش، بوونـــە هـــۆی نەگۆڕانـــی دامـــەزراوەکان، پاشـــانیش بوونـــە هـــۆی دارمانی سیاســـی، نموونەی زەقیش سیســـتەمی فەرەنسای کۆنە، کە سیستەمی پاشایەتی بۆ ماوەی دوو سەدە توانیی بە بەهێزی بمێنێتەوە، لە ڕێی ئەوەی کە دەستەبژێرانیان بە تەواوی هاوکاری یەکتر بـــوون. ئەم جـــۆرە هاوکارییانە وای لێ هـــات بوو کە کەوت بوونە کڕینی بەشـــەکانی دەوڵەت، پاشانیش گواستنەوەی بە میـــرات بۆ ئەوانـــەی دوای خۆیان. کاتێک هـــەردوو وەزیری ریفۆرمخـــواز، (ماوپۆ) و (تۆرگۆت) ویســـتیان سیســـتەمەکە لە ڕێی هەڵوەشـــاندنەوەی نووســـینگەی گەندەڵـــەوە بگۆڕن، خاوەنانـــی بەرژەوەندیی هاوبەش ئەوەنـــدە بەهێز بوون، کە نەیانتوانی هیچیان بەرانبەر بکەن. ئەم کێشـــەیەش لە ماوەی شۆڕشەکەدا تەنیا لە ڕێی توند و تیژییەوە چارەسەر کرا.

بـــەڵام گرفتی هاوســـەنگیی ناوەزیفی بـــۆ مێژوویەکی زۆر دوورتـــر لەمە دەگەڕێتەوە، لە رووی ئارکیۆلۆژییەوە بەڵگەی مێژوویی هەن لەبارەی کۆمەڵگەی ئاست کۆمۆنە، کە توانیویانە بگەن بە ئامرازەکانی کشتوکاڵ، بەڵام ئەم گۆڕانەیان لە سەر شـــێوازی ژیانـــی خۆیان نەکـــردووە، کە راو کـــردن بووە و بـــەردەوام بوون، بۆ چەندیـــن نەوەش هەر ئـــاوا ماونەتەوە. هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خاوەنانی بەرژەوەندیی هاوبەش نەیانهێشتووە، کۆمەڵگەی ئاست کۆمۆنە کۆمەڵگەی یەکسان بوون، خواردنیان لە ناو یەکدا بەش کردووە، ئەمەش شـــتێکە لە کۆمەڵگەکانی کشـــتوکاڵدا هەرگیز روو نادات. ئەو چرکەساتەی خێزانێک لە شوێنێکدا جێگیر دەبێت و کشتوکاڵ دەکات، دەبێـــت ئـــەو خواردنانـــەی لەگـــەڵ ئەندامانی دیکەی کۆمۆنەکە بەش بکات، ئەمەش هەر یەک جار بۆ خۆی دەبێتە هۆی تێکشکانی پاڵنەرەکانی بەگەڕخستنەوەی کشتوکاڵ.

گۆڕان لە شـــێوەیەکی بەرهەم هێنانەوە بۆ شێوەیەکی دی،

وا لــە کۆمەڵگە دەکات، بە گشــتی دەوڵەمەندتر بێت، بە هۆی ئــەوەی کــە کۆمەڵگەی کشــتوکاڵ لــە ڕووی بەرهەمەوە لە کۆمەڵگەی ڕاوکەر باشــتر بوون، بەڵام ئەمەش وا دەکات کە چەند کەســانێکی دیاری کراو لە ناو کۆمەڵگەکە لە خۆشــیی زێدە بەرهەمییەکە بێبەش بکرێن. زانای ئارکیۆلۆژی (ستیڤن لێبلانــک) پێــی وایــە کە خاویی خــۆ گونجاندنــی هەندێک لە کۆمەڵگەکانی سەرەتایی لەگەڵ کشتوکاڵدا دەگەڕێتەوە بۆ بێ تواناییان لە چارەســەر کردنی ئەم جۆرە هاوکارییەی کە بە گرفت ناومان برد.

بــەم شــێوەیە توانــای کۆمەڵگەکان بــۆ نوێ بوونــەوە لە ڕووی دامەزراوەییــەوە، پابەنــدە بەوەی کــە ئایا دەتوانن وا لــە خاوەنانی بەرژەوەندیی هاوبەش بکــەن هاوکاریی یەکتر نەکــەن و بــێ لایەن بــن و ڤیتۆی ریفــۆرم نەکــەن. هەندێ جــار گۆڕانــی ئابــووری دەبێتە هــۆی لاواز کردنــی پێگەی دەســتەبژێران و پێدانــی بە کەســانێکی نوێ کــە دەبنە هۆی ئەوەی دامەزراوەی نوێ دابمەزرێنن. دابەزینی ڕێژەی قازانج لــە موڵکدا بە بەراورد لەگەڵ بازرگانی لە بەریتانیادا، وای لە بورژوا کرد بە دەســەڵات بێت و لە ڕووی سیاسییەوە بەهێز بێت لە ســەر حیســابی ئەریستۆکراســییانی کۆن لە سەدەی حەڤدەمیندا. هەندێ جار کارەکتەری نوێی کۆمەڵایەتی بەهێز دەبــن لــە ئەنجامی ســەرهەڵدانی ئایینێکی نوێــدا، هەر وەک ســەرهەڵدانی بوودایــزم و مانیزم لە هیندســتان. لە وڵاتانی ســکەندەناڤیاش، چینی جووتیاران چی دی ناسەقامگیر و بێ ســەروبەر نەمایەوە پاش ریفۆرم (Reformation) لەبەر بڵاو بوونەوەی خوێندەواری و دەست گەیشتنیان بە کتێبی پیرۆز (Bible). هەنــدێ جــاری دی، بە تەنیا هێزی ســەرکردایەتی و توانایــی لە خۆ ڕێکخســتندا و هاوپەیمانی کردنی ئەوانەی لــە دەرەوەی دەســەڵاتن، دەبێتە هۆی گــۆڕان، هەر وەک لە

هەوڵــی گریگۆری حەوتەمدا بینیمان لە ڕێکخســتنی پاپاکاندا لە ماوەی ململانێی پێگەداناندا. ئەمەش لە بنەڕەتدا جەوهەری سیاســەتی توانای ســەرکردەکانە بۆ بەدەست هێنان لە ڕێی پێکەوە گرێدانی دەسەڵاتەکان (شــەرعیەت، تۆقاندن، گفتوگۆ کردن، کاریزما، بیرۆکەکان و ڕێکخراو بوون پێکەوە).

جێگیری لە هاوسەنگیی ناوەزیفی ئەوە دەردەخات کە بۆچی توند و تیژی ڕۆڵێکی گەورە لە نوێ کردنەوە و چاک کردنی دامەزراوەکاندا دەگێڕێت. لە ڕووی کلاسیکییەوە توند و تیژی وەک گرفتێک بیندراوە، کە سیاســەت دەیەوێت چارەســەری بــکات، بــەڵام هەندێک جار توند و تیــژی تەنیا ڕێیە بۆ لاواز کردن و لا بردنی خاوەنانی بەرژەوەندیی هاوبەش، کە دەبنە ڕێگــر لە بــەردەم گۆڕان لە دامەزراوەکانــدا. ترس لە توند و تیژیی مردن بەهێزترە لە خواســتی بەدەســت هێنانی سامان و دەبێتە پاڵنەر بۆ گۆڕانی زۆر لە ڕەوشــتدا. ئێمە پێشــتر لە بەشــی پێنجەمدا باســی ئەوەمان کرد کــە پاڵنەری ئابووری، وەک ئارەزووی دانانی سیســتەمی ئاودێری، هۆکاری باوەڕ پــێ نەکراوی دروســت بوونی دەوڵەتی ســەرەتایین، جەنگی بەردەوامی خێڵەکی یان ترسی داگیر کردن لە لایەن گرووپی بــاش ڕێکخراوەوە، بە پێچەوانەوە، هۆیەکی بەجێیە کە بۆچی پیاوانی سەربەست و خۆ بە زلزانی خێڵەکان ڕێککەوتوون کە لە دەوڵەتێکی یەکگرتوودا بژین.

لــە مێژووی چیندا، دەســتەبژێرانی خێڵەکــی ڕێگر بوون لە دروســت بوونی دامەزراوەی دەوڵەتی هاوچەرخدا لە ماوەی ســەرهەڵدانی دەوڵەتــی (مێن) و ماوەی دەســەڵاتی هەردوو بنەماڵەی (تانگ) و (سوی)، کە ڕیزەکانی خۆیان ڕێکخستەوە. لە دەوڵەتی (تین)، جەنگی یەک لە دوای یەک کە ئەرستۆکراتان دەیانکرد، پێگەکانیانی تێکشکاند و ڕێی خۆش کرد بۆ ئەوانەی کە دەســتەبژێر نەبوون، لە ســەربازی وەربگیرێن. لە ماوەی

حوکمی بنەماڵەکانی (سوی) و (تانگ)دا، هاتنی ئیمپراتۆر (ئوو) بۆ دەســـەڵات (کە لە بنەماڵەی تانگ بوو)، بووە هۆی لابردن و لەناو چوونی خێزانانی کۆنی ئەرستۆکرات. بەم شێوەیەش بەهێز کردنی دەستەی تر، هەردوو جەنگی جیهانیش دەتوانین وەک هۆیەک بۆ سەرهەڵدانی ئەڵمانیای دیموکرات ببینین، کە لە دوای ساڵی ١٩٤٥ـەوە دروست بوو، بە هۆی لەناو بردنی چینی ئەرستۆکراتی (جونکەر) کە چی دی نەیانتوانی ڕێگر بن لە گۆڕانی دامەزراوەکان.

ئـــەوە روون نییـــە کـــە کۆمەڵگەکانی دیموکراســـی دەتوانن هەمیشە ئەم جۆرە گرفتانە بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکەن. لـــە ویلایەتـــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئـــەو ماوەیەی کە بووە هۆی ســـەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆ، بەشـــێکی کەم لە ئەمریکییەکان لە باشوور دەیانویست بە ڕاستی پارێزگاری لە (دامەزراوە نامۆکان)ی کۆیلەداری بکەن، یاساکانیان پاڵپشت بە دەســـتوور رێی پێ دەدان ئەوە بکـــەن، بە مەرجێ فراوان بوونـــی وڵات لە رۆژئاواوە نەبێتە هۆی وەرگرتنی دەوڵەتانی سەربەخۆی دیکە تا مافی ڤیتۆ هەر لە دەست خۆیاندا بێت و کەس لێیان نەسەنێت. ئەم ململانێیە دواجار، نەتواندرا لە رێی دەســـتوورەوە چارەســـەر بکرێت، ئیدی جەنگ بووە شتێکی پێویســـت و زیاتر لە شەش ســـەد هەزار ئەمریکی گیانیان لە ســـەری دانا. لە زۆر رووەوە دامەزراوگەلی یاســـایی جیهانی ئێســـتا دەرگایـــان لە ســـەر تونـــد و تیژی داخســـتووە، وەک ئامرازێک بۆ چارەسەر کردنی بنبەستی سیاسی.

کەس هیوای ئەوە ناخوازێت کە دەوڵەتانی ئەفریقای بیابانی باشـــوور بە هەمان ئەو ســـەدە دوور و درێژە لە پرۆســـەی جەنگـــدا بڕۆن، کە چیـــن و ئەوروپایی پێیدا رۆیشـــتوون، بۆ ئـــەوەی دەوڵەتی بەهێز و دامەزراویان هەبێت. ئەمەش مانای ئەوەیە کە یاخود بەرپرسیارێتیی ئەو نوێخوازی و ریفۆرمانە

دەچێتە سەر میکانیزمە ناتوند و تیژەکانی دی، کە پێشتر باسمان کردن، یاخود ئەو کۆمەڵگایانە بەردەوام لەناو هەڵدێری سیاسیدا دەمێننەوە.

خۆش بەختانە ئەو جیهانەی لێرەدا باس کراوە، کە تێیدا دامەزراوەکانی سیاسیی بنەڕەتی دەوڵەت، حوکمی یاسا و بەرپرسیارێتییان تێدا دروست بووە، زۆر لە جیهانی ئێستامان جیاوازترە. لە ماوەی زیاتر لە دوو سەدەدا دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسا و ئەمریکا، جیهان هەم شۆڕشی پیشەسازی و هەم پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای بە خۆوە دیوە، کە بە شێوەیەکی زۆر پلەی پەیوەست بوونی ناو کۆمەڵگاکانیان گۆڕیوە. بەشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی گەشە بە شێوەیەکی تەواو جیاواز، ئێستا لەگەڵ یەکدا کارلێک دەکەن وەک لە رابردوودا پێش ساڵی ١٨٠٦، چۆنیەتی ئەو کارلێکە بابەتی بەشی کۆتایی ئەم کتێبەیە.



### ■ گەشەی سیاسی ئەوسا و ئێستا

چۆن بارودۆخی گەشەی سیاسی بە شێوەیەکی بەرچاو لە سەدەی هەژدەمەوە گۆڕاوە؟
رەهەندگەلی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی گەشە، کاریگەرییەکانیان لە سەر یەک لە جیهانی مالتوسدا،کاریگەریەکانیان لە سەر یەک لە ئێستادا، پێشبینییەکانی جیهانی هاوچەرخ؟

ئەوەی دەتواندرێ لە کتێبەکەی (سامۆیل هینتینگتۆن) «رێکخستنی سیاسی لە کۆمەڵگای گۆڕاودا ١٩٦٨» گەلاڵە بکرێت ئەوەیە، کە گەشەی سیاسی لۆژیکی خۆی هەبووە کە پەیوەندیدارە بە، بەڵام جیاوازیشە لە، لۆژیکی رەهەندگەلی

سیاســی و کۆمەڵایەتیــی گەشــە. ئــەو پێــی وایــە گەندەڵیی سیاسی کاتێک روو دەدات، کە بە هاوچەرخ کردنی ئابووری و کۆمەڵایەتــی پێش گەشــەی سیاســی کەوتــوون. هەڵبەت لەبەر وەرگرتنی گرووپی نوێی کۆمەڵایەتی کە ناتوانن لە ناو سیســتەمە سیاسییەکەدا خۆ بگونجێنن. ئەمەش بووەتە هۆی ناســەقامگیریی وڵاتانــی تازە گەشــە کردووی ســەربەخۆی جیهــان لە ســاڵانی پەنجاکان و شەســتەکانی (ســەدەی بیســتەم)دا، کــە بــە نــاو زنجیرەیەکــی یەک لــە دوای یەک هەڵگەرانەوە و شۆڕش و شەڕی ناوخۆدا رۆیشتوون.

ئــەو بۆچوونــەی پێــی وایــە گەشــەی سیاســی پەیڕەوی لۆژیکی خۆی دەکات و بە شــێوەیەکی پێویســت بەشێک نییە لە پرۆسەی یەکانگیریی گەشە، پێویستە لە بەرانبەر پاشخانی تیۆریی کلاســیکی هاوچەرخاندن ببیندرێــت. ئەم تیۆرییە بۆ بیرمەندانی سەدەی نۆزدەم دەگەڕێتەوە وەک (کارل مارکس، ئیمیلــی دورکایــم، فێردینانــد تۆنیــس و ماکــس ڤیبــەر)، کە هەوڵیــان دەدا رووداني گۆڕانکاریی بــەردەوام لە کۆمەڵگای ئەورووپی بە شۆڕشــی پیشەسازییەوە ببەستنەوە. هەرچەندە جیاوازیی گەورە لە نێوانیاندا هەبوو، بەڵام دەیانویســت بڵێن کــە هاوچەرخاندن یەک پارچە بووە و ئەمانەی گرتووەتەوە: گەشــەی بازاڕی ئابووریی ســەرمایەداری، ســەرەنجامیش دابەش بوونی گەورەی کار «ســەرهەڵدانی دەوڵەتانی بەهێز و ناوەنــدی و بیرۆکرات» گۆڕان لــە کۆمەڵگای یەکگرتووی لادێوە بۆ کۆمەڵگای سارد و سڕی شار . هەروەها گواستنەوە لــە پەیوەندیــی کۆمەڵایەتیانەی بە کۆمەڵەوە بــۆ تاکخوازی. هەموو ئەم رەگەزانە لە مانیفێســتۆی کۆمۆنیســتی (مارکس و ئەنگلس)دا هاتوون، کە «سەرهەلدانی بورژوا» کاریگەریی کردووەتە ســەر هەموو شــتێک، هەر لە هەلومەرجی کارەوە بــۆ بەربەرەکانێــی جیهانی تا دەگاتــە پەیوەندیی زۆر نزیکی

خێزانی. تیۆریی هاوچەرخاندنی کلاسیک، ئەو گۆڕانکاریانە دەگەڕێنێتەوە بۆ ریفۆرمی پرۆتستانت لە سەرەتای سەدەی شازدەمدا و بە خێرایییەکی زۆر لە سێ سەدەی دواتردا بەرەو پێشەوە چوون.

تیۆریی هاوچەرخاندن لە سالانی پێش دووەمین جیهانە جەنگدا گەیشتە ئەمریکا و لە شوێنانی وەک بەشی سیاسەتی بەراوردکاری لە زانکۆی هارڤارد، سەنتەری لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لە پەیمانگای تەکنۆلۆژیای ماسەچووسەتس، هەروەها لیژنەی ئەنجومەنی توێژینەوەی زانستی کۆمەڵایەتی لە سەر سیاسەتی بەراوردکاری، جێی خۆی گرت. بەشی سیاسەتی بەراوردکاری لە زانکۆی هارڤارد کە قوتابییەکەی ڤێبەر، (تالکۆت پارسۆنس) ڕێبەرایەتیی دەکرد، هیواخواز بوو زانستێکی تەواو و فرە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی دروست بکات، کە ئابووری و کۆمەڵناسی و زانستی سیاسی و ئەنترۆپۆلۆژیا پێکەوە ببەستێتەوە. بیرمەندانی هاوچەرخاندن بەهایەکی پێوانەیی زۆریان خستبووە سەر هاوچەرخ بوون. هەروەها بە باوەڕی ئەوان شتە باشەکانی هاوچەرخ بوون بەیەکەوە دێن. شتەکانی وەک گەشەی ئابووری، گۆڕانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە وەک تێکچوونی پەیوەندیی خزمایەتی و سەرهەڵدانی تاکخوازی، ئاستەکانی زۆر سەرتاپای پەروەردە، گۆڕانی پێوەری بەرەو بەهاکانی وەک «بەدەست هێنان» و ئەقلانیەت، عەلمانیەت، هەروەها گەشەی دامەزراوگەلی دیموکرات سیاسی، هەموو ئەمانە وا دیار بوو پێکەوە بەستراون. گەشەی ئابووری پەروەردە بەرەو پێش دەبات، ئەمەش دەبێتە گۆڕانی بەهاکان، پاشانیش بەرەو پێش چوونی سیاسەتی هاوچەرخ، بەم شێوەیە لە بازنەیەکدا دەخوولێنەوە.

کتێبەکەی سامۆیل هینتینگتۆن ڕێکخستنی سیاسی لە

کۆمەڵگای گــۆڕاودا ڕۆڵێکی گەورەی گێــڕا لە کۆتایی هێنان بە تیۆریی هاوچەرخاندن، چونکە ئەوەی لێکدایەوە کە شتانی باشــی هاوچەرخ بوون مەرج نییە پێکەوە بێن. دیموکراســی بە تایبەتی نابێتە هۆی ســەقامگیریی سیاســی. پێناســەکەی هینتینگتۆن بۆ ڕێکخســتنی سیاسی لەگەڵ دابەش کردنەکەی ئێمە بۆ دروســت کردنی دەوڵەت دەگونجێت، کتێبەکەشی بە هۆی لێکدانەوەکانی کە دەیگوت: ڕێکخســتنی سیاسی بەر لە دیموکراساندن (بە دیموکراتی کردن) ناوبانگی پەیدا کرد، ئەو ســتراتیژی گەشەیەی کە بە «گواستنەوەی دەسەڵاتخوازی» ناوی دەرکــردووە. ئەمەش ئەو ڕێیەیە کــە لە لایەن تورکیا، کۆریــای باشــوور، تایوان و ئەندەنوســیاوە پەیــڕەو کراوە، بەوەی کە لە پێشــدا لە ڕووی ئابوورییــەوە خۆیان هاوچەرخ کــردووە لە ســایەی دەســەڵاتی دەســەڵاتخوازەوە، پاشــان سیستەمی سیاسییان بە ڕووی ململانێی سیاسیدا کردەوە.

ئەو بابەتە مێژووییانەی لەم بەرگەدا خراونەتە ڕوو، جەخت دەکەنە سەر بۆچوونە سەرەکییەکەی هینتینگتۆن، بەوەی کە ڕەهەندە جیاوازەکانی گەشە پێویستە لە یەکتری جیا بکرێنەوە. هەر وەک بینیمان، بە تێگەشــتنی ڤیبەری، چینییەکان پەرەیان بە دەوڵەتی هاوچەرخ داوە، زیاتر لە دوو هەزار ســاڵ لەمەو بەر، بە بێ ئەوەی دادی یاسا و دیموکراسی هەبوو بێت. ئێمە با باســی تاکخوازیی کۆمەڵایەتی و سەرمایەداریی هاوچەرخ هەر نەکەین.

گەشــەی ئەورووپا زۆر جیــاواز لەوەی کە لە لایەن مارکس و ڤیبــەرەوە خراوەتە ڕوو، ڕووی داوە. ڕەگەکانی ئەورووپای هاوچــەرخ زۆر پاشــتر لە ریفۆرمی پرۆتســتانتی کشــاوەتە دواوە. هەر وەک لە بەشــی شازدەدا بینیمان، چوونە دەرەوە لــە ڕێکخــراوی کۆمەڵایەتیــی پابەند بە خزمایەتی پێشــتر لە ماوەی ســەدەکانی تاریک (ناوەڕاســت) دەستی پێ کردووە،

لە گۆڕانی جێرمەنی بەربارییەوە بۆ کریستیان. مافی تاکەکان و لە ناویشــیاندا ئافرەت بۆ ئەوەی بە سەربەستی شت بکڕن و بفرۆشــن، پێشــتر لە ســەدەی ســێزدەمدا لــە بەریتانیا بە تەواوی هەبووە. ڕێکخستنی یاســایی هاوچەرخ دەگەڕێتەوە بــۆ ئەوکاتەی کڵێســەی کاتولیک شــەڕی لــە دژی ئیمپراتۆر هەڵگیرساند لە کۆتایی ســەدەی یازدەمدا. هەروەها یەکەمین ڕێکخراوی بیرۆکراســیی ئەوروپا لە لایەن کڵێسەوە دروست کــرا بۆ ئــەوەی بتوانێــت کاروباری ناوخۆیی خــۆی بەڕێوە ببات. کڵێســەی کاتولیــک کە ماوەیەکــی دوور و درێژ وەک ڕێگــر لە بــەردەم هاوچەرخاندندا دەبینــدرا، لەم دیدگا دوور مەودایەدا بە لایەنی کەمەوە بە هەمان شــێوەی ڕیفۆرمەیشن گرنــگ دەبیندرێــت، وەک هێزێکــی بزوێنــەر لە پشــت بوارە سەرەکییەکانی هاوچەرخ بوونەوە.

بەم شــێوەیە، ڕێی ئەوروپا بۆ هاوچــەرخ بوون گۆڕانێکی لە پڕ و ناڕێک و پێک نییە لە هەموو ڕەهەندەکانی گەشــەدا، بەڵکووو زنجیرەیەک لە گۆڕانی هەنگاو بە هەنگاوە لە ماوەی نزیکــەی هەزار و پێنج ســەد ســاڵدا. لەم زنجیرە ســەیرەدا، تاکخوازی لە ســەر ئاســتی کۆمەڵایەتی پێش سەرمایەداری کەوتووە «دادی یاســا پێــش پێکهێنانی دەوڵەتــی هاوچەرخ کەوتــووە». هەروەهــا فیودالیزم وەک شــێوەیەکی بەهێزی بەربەرەکانی دژی دەسەڵاتی ناوەندی دەبێتە بەردی بناغەی دیموکراســیی هاوچــەرخ. بە پێچەوانــەی بۆچوونی مارکس، کــە پێی وایە فیودالیــزم قۆناغێکی گەردوونیی گەشــە بووە، پێش ســەرهەڵدانی بۆرژوا کەوتووە. لە راســتیدا ســەبارەت بــە ئەوروپا، دامەزراوە شــتێکی دەگمەنــە. ناتواندرێت وەک درێژ کراوەی پرۆســەی گشتیی گەشەی ئابووری ببیندرێت، هەروەها ئێمەش نابێت کۆمەڵگاکانی نارۆژاوایی وا پێشــبینی بکەین و ببینین کە بە هەمان زنجیرەدا برۆن.

بۆیە ئێمە پێویستە ڕەهەندەکانی سیاسی و ئابووریی گەشە پۆلێن بکەین و لێکیـان جیا بکەینەوە. هەروەها لەوە تێبگەین کە چۆن بە یەکەوە پەیوەندارن، وەک دیاردەیەکی جیابووەوە (دابـڕاو)، کـە بـۆ ماوەیـەک کاریگەرییـان لـە سـەر یەکتر هەبووە. پێویســتە ئـەوەش بکەین، لەبەر ئەوەی خەسـڵەتی ئەو پەیوەندییانە ئێسـتا زۆر جیاوازن، لە چاو ئەو کاتەی لە هەلومەرجی مێژوویيانەی جیهانی (مالتوس)دا بوون.

■ تۆماس مالتوس

جیهان بە شێوەیەکی زۆر گەورە پاش نزیکەی ساڵی ١٨٠٠ لــە هاتنی شۆڕشــی پیشەســازییەوە گــۆڕا، پێش ئــەو کاتە، گەشەی ئابووری لە شێوەی بەردەوام زیاد کردنی بەرهەمدا بە هۆی گۆڕانی تەکنۆلۆژی، لە ڕاستیدا هەر نەبووە.

ئەمــەش ئەوە ناگەیەنێت کە بەرهەم زیاد بوون پێش ١٨٠٠ بە هیچ شــێوەیەک نەبووە. کشتوکاڵ، بەکارهێنانی ئاودێری، گاســنی ئاســنین، چاپخانــە، هەروەهــا پاپــۆڕی دەریایی کە مەودایەکی دوور ببڕێت. هەموو ئەمانەیان بە پێی هەر کەسێک زیــاد کردووە. بۆ نموونە، ناســینی جۆرە نوێیەکانی دانەوێڵە لە نێوان هەزارەی ســێیەم و دووەمی پێش زاییندا، سێ جار بەرهەمی کشــتوکاڵی لە (تیوتیهواکان) لە مەکسیک زیاد کرد. جیاوازیی نێوان ئەوســا و ئێســتا ئەوەیە، ساڵ بە ساڵ زیاد کردنی بەرهەم و داهات GDP per person ڕووی نەداوە. ئێمە ئەمڕۆ گریمانەی ئەوە دەکەین، کە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت هەر تەنیا پێنج ساڵ جارێک زۆر بەرەو پێش دەچن. لەمەشدا ئێمە لەوانەیە ڕاست بین. بە پێچەوانەوە، تەکنیکەکانی کشتوکاڵ لە چین زۆر جیاواز نەبوون لە سەردەمی بنەماڵەی هان، هەر لە دوای لەدایک بوونی مەسیحەوە بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی بنەماڵەی (قینگ) پێش کۆلۆنالیزم لە سەدەی نۆزدەمدا.

ئەمە تێکڕای بەرهەمــی ناوخۆ بۆ تاکێک GDP per capita لە ڕۆژاوای ئەوروپا و چین لە نێوان ســاڵانی ٤٠٠ بۆ ٢٠٠١ دەردەخــات. ئەمەش ئــەوە دەردەخات کە داهــات لە ماوەی هەشت سەد ساڵدا لە نێوان ١٠٠٠ بۆ ١٨٠٠ هەنگاو بە هەنگاو بەرز بووەتەوە، بەڵام لە پڕێکدا لە پاش ئەمە بەرز بووەتەوە. تێکڕای بەرهەمی ناوخۆ بۆ تاکێک لە چین لەو ماوەیەدا وەک خۆیەتی، بەڵام پاش ســاڵی ١٩٧٨ کاتێک بــەرز دەبێتەوە، بە ڕێژەیەکی خێراتر لە ئەوروپا بەرز دەبێتەوە.

هــۆکاری زیــاد بوونی بەرچــاوی بەرهەم لە دوای ســاڵی ١٨٠٠ـەوە هەمیشە بووەتە بەشێکی سەرەکیی توێژینەوەکان. ئەمەش پەیوەندیی بــە گۆڕانکارییەکانەوە هەبووە لە ژینگەی ڕۆشــنبیری، کە پەرەی بە ســەرهەڵدانی زانســتی سروشتی داوە. خستنەگەڕی زانســت و تەکنۆلۆژیا لە بەرهەمدا، گەشە کردنــی تەکنیکــی وەک ژمێریاری، هەروەهــا دامەزراوەکانی پاڵپشــتی مایکرۆئیکۆنیمی، وەک مافــی خاوەندارێتیی بەرهەم و کۆپی ڕایت، کە بوونە پاڵپشــت و پاڵنەری نوێخوازی، بەڵام بایەخدانی سەرەکی بە گەشە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا تواناکانمانی شاردووەتەوە بۆ تێگەشتن لە خەسڵەتی ئابووریی سیاسی لە کۆمەڵگاکانی پێش مۆدێرنەدا. گریمانەی ئەوەی کە ڕێــژەی بەرزی بەردەوام گەشــە کردنی ئابــووری ئەگەرێکە بەهایەکی زۆر دەدات بە وەگەڕخســتن لە شێوەی دامەزراوە و هەلومەرجەکاندا، کە ڕێ بۆ گەشەیەکی ئاوها خۆش دەکات، وەک ســەقامگیریی سیاســی، مافی خاوەنــداری، تەکنۆلۆژی، هەروەها توێژینەوەی زانســتی. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر وای دابنێین کە ئەگەرێکی کەم هەیە بۆ بەرەو پێش چوونی بەرهەم، ئــەوا کۆمەڵگاکان بەرەو جیهانی بــێ بەرهەم دەچن، کە تێیدا لێســەندن یان ســەندنی شت لە کەســێکی دی، دەبێتە شتێکی ئاسایی بۆ بەدەست هێنانی سامان و دەسەڵات.

ئـەم جیهانی کـەم بەرهەمە زۆر بە باشـی لە لایەن پیاوی ئاییینیـی ئینگلیـزەوە (تۆماس مالتوس) توێژینەوەی لە سـەر کـراوە. ئەو لـە وتارێکیدا بە نـاوی لەبارەی پرەنسـیپەکانی دانیشـتووانەوە، کە لە تەمەنی ٣٢ سـاڵیدا لە سـاڵی ١٧٩٨دا بـڵاو کراوەتـەوە، پێی وایـە کاتێک ژمارەی دانیشـتووان بە ڕێژەیەکی ئەندازەیی گەشە دەکات (گریمانەی «سروشتی»ی تێکـڕای ڕێـژەی لەدایک بوونی پازدە منداڵ بـۆ هەر ژنێک)، ئـەوا بەرهەمـی خواردەمەنـی تەنیا بە ڕێژەی ژمـارە بەرز دەبێتـەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کـە بەرهەمی خواردەمەنی بۆ هەر تاکێک کەم دەکات. مالتوس، ئەگەری بەرز بوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی لەبەر چاو گرتووە، بەڵام پێی وا نەبووە کە هەرگیز بەرهەمی تەواو هەبێت تا لەگەڵ ڕێژەی گەشـەی دانیشـتوواندا تا کۆتایی بڕوات. هەندێ هەڵبژاردەی «باش» هەبـوون لەبارەی گەشـەی دانیشـتووانەوە، وەک «کۆت و بەند»ی هاوسەرگیری (ئەمە لە جیهانی پێش بڵاو بوونەوەی زاڵ بـوون بە سـەر منداڵ بووندا)، بەڵام لـە کۆتاییدا گرفتی زۆر زیاد بوونی دانیشـتووان تەنیا لە ڕێی میکانیزمی قات و قڕی و نەخۆشی و جەنگەوە چارەسەر کرا.

وتارەکـەی مالتوس لە بەرەبەیانی شۆڕشـی پیشەسـازیدا بڵاو کرایەوە، کە بووە هۆی زیاد کردنێکی بەرچاوی بەرهەم لـە پـاش ١٨٠٠دا، بە تایبەتـی لەبارەی دۆزینـەوەی وزە لە مـاددەی خـاوی وەک خەڵـووز و نەوت. وزە لە سـەرتاپای جیهاندا لە نێوان سـاڵانی ١٨٢٠ بۆ ١٩٥٠ بە ڕێژەی شـەش پات زیادی کرد، لە کاتێکدا دانیشتووان تەنیا دوو پات زیادی کـرد. لەگـەڵ سـەرهەڵدانی جیهانی ئابووریـی هاوچەرخ، لە بایەخی ئابووریی «مالتوسی» کەم کرایەوە و بە بیرۆکەیەکی کورتبین و ڕەشـبین لە بارەی ئاسۆی گۆڕانی تەکنۆلۆژیاوە لـە قەڵەم دراوە، بـەڵام ئەگەر مۆدێلەکەی مالتوس بۆ ماوەی

نێوان سالآنی ١٨٠٠ بۆ ٢٠٠٠ نەشێت، ئەوا دەتوانین بڵێین هی پێش ئەو کاتەیە، کە مانای وایە وەک بنەمایەک بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی ئابووریی جیهانە.

وەک وەسفێکی مێژوویی ژیانی ئابووریی پێش ساڵی ١٨٠٠، مۆدێلەکەی مالتوس پێویســـتە بە چەنــد رێیەکی دیاری کراو پێداچوونەوەی بۆ بکرێت. بۆ نموونە: (ئێستەر بۆستێرەپ) پێی وایە کە زیاد بوونی دانیشتووان و چڕیی زۆری دانیشتووان، هەر بە تەنیا نابێتە هۆی برسێتی بەڵکووو هەندێ جار دەبێتە هۆی ســـەرهەڵدان و یارمەتیدانـــی نوێخوازی لە تەکنەلۆژیادا لـــە پێناو بەرهەمی زیاتردا. بۆ نموونە چڕیی دانیشـــتووان لە دەوروبـــەری سیســـتەمی رووبار لە میســـر و میزۆپۆتامیا و چین، چەندین شـــێوەی بەرهەم هێنانـــی هێنایە ئاراوە، لەوانە ئاودێریی زۆر و بەروبوومی پڕ بەرهەمی کشـــتوکاڵ و شتی تریش. لێرەوە گەشـــەی دانیشـــتووان خۆی لە خۆیدا شتێکی خـــراپ نییە. شـــایەنی باســـە، پەیوەندییەکی راســـتەوخۆ نییە لـــە نێوان ئاســـتەکانی دابین کردنی خـــۆراک و ئاکار، تەنیا لە قـــات و قڕیـــی زۆردا نەبێت، پەتا و نەخۆشـــیی زۆر، گەلێ لە برســـێتی گرنگتـــر بوون، لـــە رووی مێژووییەوە لە ســـەروو ژمـــارەی دانیشـــتووانە. هەروەها دانیشـــتووان هەر بە مردن هەمبـــەر بە نزم بوونەوەی رێژەی خـــواردن وەڵام نادەنەوە، بەڵکوو بەو تاکانەش کە لە رووی پێکهاتەوە بچووکترن، بەم شـــێوەیەش کەمتر کالۆرییان دەوێت. شـــتێکی لەم چەشنە لە کۆریای باکوور رووی دا، لە نەوەکانی پێشـــوودا، لە وەرامی قات و قڕیدا. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین خراپ بوونی ژینگەی ناوخۆش کاریگەریی هەیە لە ســـەر زیاد بوونی دانیشتووان، وەک ســـەرچاوەیەک بۆ نزم کردنەوەی بەرهەمی خۆراک بۆ هـــەر تاکێک. خراپ بوونی ژینگە لە کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا شتێکی نوێ نییە (هەرچەندە ئاستی ئێستای هەرگیز بە خۆوە

نەدیوە)، کۆمەڵگاکانی پێشتر، گیانلەبەرانی زۆر گەورە و خاک و کەش و هەوای ناوخۆیان لەناو برد.

لەگەڵ ئەم چاک کردنانەدا، مۆدێلەکەی مالتوس چوارچێوەیەکی باشمان دەداتێ بۆ تێگەیشتن لە گەشەی ئابووریی پێش شۆڕشی پیشەسازی. دانیشتووانی جیهان زۆر زۆر بووە. لە ماوەی دە هەزار ساڵ لەمەو بەرەوە، لە شەش ملیۆنەوە لە سەرەتای ماوەی نیلسیکەوە بۆ ٦ ملیار لە ٢٠٠١دا، کە دەکاتە هەزار پات زیاتر لەو کاتە، بەڵام زۆربەی ئەم زۆر بوونە دەکەوێتە سەدەی بیستەوە، بە تایبەتی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم. گەشە کردنی ئابووریی پێش ١٨٢٠ بەربڵاو بووە، واتە توانیویەتی زۆر شوێنی نوێ بۆ نیشتەجێ بوون بدۆزێتەوە. دارستان و دەریاکانیش بەکار بهێنێت، کاتێک زەویی نوێ بەکار هێندرا بۆ دانیشتن و سوودی لێ بیندرا بەو تەکنەلۆژیایەی لەبەر دەستدایە، ئەوا ژیان هەر لە چرپی خۆیدا دەبێت، کە تێیدا زیاد کردنی سەرچاوە بۆ هەر کەسێک دەبوایە لە سەر حیسابی کەسێکی دی بێت. زیاد بوونی بەردەوامی بەرهەم نەبووە گەشەی رەها، لە دواییدا وەستانی بازاڕ و هاتنە خوارەوەی رەها دێت بۆ جیهانیش و بۆ دانیشتووانی ناوخۆییش. لە رووی جیهانییەوە، ژمارەی دانیشتووانی جیهان بە هۆی نەخۆشییەوە کەمی کردووە. بۆ نموونە لە کۆتایی ئیمپراتۆریەتی رۆمادا، بە هۆی هێرشی بەربەر و تاعوون و قات و قڕی ئەمە رووی دا، لە هاتنی مەغۆلیش بۆ ئەوروپا هەمان شت رووی دا.

لە سەدەی سێزدەمدا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاعوونیان هێنا بۆ ئەو میللەتانە، لە نێوان ساڵانی ١٢٠٠ بۆ ١٤٠٠ دانیشتووانی ئاسیا لە ٢٥٨ ملیۆنەوە بوون بە ٢٠١ ملیۆن، لە نێوان ١٣٤٠ دانیشتووانی ئەوروپا لە ٧٤ ملیۆنەوە بوون بە ٥٢ ملیۆن.

کاتێک پێشکەوتنی تەکنەلۆژی بە خاوی هات، تایبەتمەندییەکی

دووســـەرەی دەبێت، لە ئاسۆی نزیکدا شێوەی ژیانی مرۆڤ باشتر دەکات، هەروەها قازانجیش بە نوێخوازان دەگەیەنێت، بەڵام سەرچاوەی باشتر دەبێتە هۆی زیاد بوونی دانیشتووان. بەم شێوەیەش بەرهەم بۆ هەر تاکێک کەم دەبێتەوە و مرۆڤ لــە حاڵەتێکــدا دەهێڵێتەوە، کە باشــتر نەبێت لە پێشــتر. ئەو کاتــەی کە گۆڕانی تەکنەلۆژیا رووی دا، هەر لەبەر ئەوەشــە زۆر لە مێژوونووســان پێیان وایە کە قۆناغی گواســتنەوە لە راو کردنەوە بۆ کشــتوکاڵ، لــە زۆر رووەوە خەڵکی خراپتر کــرد، هەرچەندە توانای بەرهەم هێنانی خۆراک زۆر باشــتر بووە، بەڵام مرۆڤ چەشــنە خۆراکی کەمتریان بەکار هێناوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی زووتر نەخۆش بکەون، هەوڵێکی زۆرتریشــیان داوە بــۆ بەرهەم هێنانی خــۆراک، هەروەها لە ناوچەی چڕتردا دانیشــتووان بەم شــێوەیەش زیاتر تووشی نەخۆشیی بوون.. هتد.

■ سیاسەت لە جیهانی مالتوسدا

لــە جیهانی مالتوســدا کە بەرهەم لە ســفردا بــوو، چەندین مانــای تێــدا بــوو بۆ گەشــەی سیاســی کە لەگەڵ گەشــەی ئەمــڕۆدا زۆر جیاوازە. لە جیهانی مالتوســدا ئەو کەســانەی ســەرچاوەی زۆریــان هەبوو، دەرفەتــی زۆر کەمیان هەبوو کە لــە بواری پەروەردە و لێکۆڵینەوەی زانســتی و کارگەدا، کە ئابووری بەرەو پێشــەوە دەبەن، وەگــەڕی بخەن. ئەگەر بیانەوێت ســامانی خۆیان زیاد بکەن، زیاتر رێگەی سیاســی یان زۆردارییان دەگرتە بەر. زۆرداری دوو شــێوەی هەبوو: ئەوانەی کە دەســەڵاتیان هەبوو دەیانتوانــی لەوانەی دیکەی بســێنن، یاخود کۆمەڵگاکانی خۆیان رێک دەخست بۆ هێرش کردنە سەر کۆمەڵگاکانی دراوسێیان و سەروەت و سامانیان بە تاڵان دەبرد. ئەمەشــیان بە رێکخســتنی سەربازی دەکرد،

مالتــوس خۆی تێگەیشــت بوو لــەوەی جەنــگ دەبێتە هۆی بەرگرتن لە زیاد بوونی دانیشتووان، بەڵام مۆدێکی کلاسیکی مالتــوس جەنگیان بە گرنــگ نەدەزانی بــۆ بەرگرتن لە زۆر بوونی دانیشــتووان، زیاتر لەگەڵ قات و قڕی و پەتادا بوون، وەک میکانیزمی کۆنترۆڵ کردنی دانیشــتووان، بەڵام جیاواز لــە قات و قڕی و پەتــا، زۆرداری تەنیا ڕێگا بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو پاڵەپەستۆیانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی مرۆڤدان، خۆش دەکەن. هەر وەک (ستیڤن لی بلانک) ئاماژەی پــێ داوە، زاڵ بوونی توند و تیــژی و جەنگ لە کۆمەڵگاکانی پێــش مێژوو، هۆکارەکەی ئەوە بووە کە دانیشــتووانی زیاتر بــوون لەو بەرهەمەی کە ئابووری دابیــن کردووە. زۆربەی مــرۆڤ پێیــان باش بووە بجەنگن لەوەی کە لە برســا بمرن. بــەم شــێوەیە مۆدێلەکەی مالتــوس لە شــتێک دەچێت. هەر پێشــکەوتنێکی تەکنەلۆژی وەک مەکینەی درۆینە یان چاندن، بە شــێوەیەکی کاتی دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی بەرهەم بۆ هەر تاکێک، بەڵام بەرز بوونەوەی بەرهەمەکە کاریگەرییەکەی کەم دەبێتەوە بە هۆی زۆر بوونی ژمارەی دانیشــتووان یان خراپ بوونی ژینگەی ناوخۆوە. بەم شێوەیەش بەرهەمی هەر تاکێک کــەم دەکات. زیاد بوونی ڕێژەی هەژاری دەتواندرێت کاریگەرییەکەی کەم بکرێتەوە لە ڕێی ئەم چوار میکانیزمەوە: خەڵکی یان لە برسا دەمرن یان لە ڕووی جەستەییەوە لاواز دەبــن، یان لەوانەیە بــە هۆی پەتاوە بمرن، یــان لەوانەیە لە مەســـەلەی زۆرداریی لە ناوخۆدا تێــوە بگلێن، یاخود دەچنە جەنگــەوە لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تردا (زۆرداری لە دەرێدا). بەم شــێوەیەش بەرهەمی هەر تاکێک بــەرز دەبێتەوە، یان زەوی و خــۆراک زیاتر دابیــن دەکرێت، یاخود زۆرداران لە ســەر حیسابی کەسانی تر دەوڵەمەند دەبن.

ئــەوە گرنگە کە زیادەڕۆیی نەکرێت لەو پلەیەی هاوتەریبی

ئەو قازانج و زیانەیە کە لە جیهانی مالتوسدا هەبووە، کە تێیدا بەرەو پێش چوونی تەکنەلۆژیا نەبووە. زۆر دەرفەت هەبوون بـۆ بەدەسـت هێنان لـە هاوکارییەوە نەک لـە زۆرداریەوە. جووتیاران و دانیشتووانی شاران دەتوانن لە رێی بازرگانییەوە لەگـەڵ یەکتریدا، رادەی گوزەرانی خۆیان بەرز بکەنەوە. ئەو حکوومەتانەی پشتگیری لە بەروبوومی خۆماڵی دەکەن، هەم قازانج بـە خۆیان دەگەیەنن، هەمیش بە هاونیشـتیمانیان. لە راستیدا زۆرداری خۆی لە خۆیدا بە رادەیەکی باش پێویستی بـە هاوکاری هەیە، ئەم راسـتییەش بەرچـاوە، کە یەکێکە لە گرنگترین پاڵنەرەکانی رێکخراوە سیاسییەکان.

هەلومەرجی گرنگی سیاسـی لە جیهانی مالتوسـدا دەوڵەت بووە، لەبەر ئەوەی ئەمە رێی سـەرەکییە بۆ بەدەست هێنانی گەشـەی چـڕی ئابـووری، توانـای زۆرەکی وەک سـوپا و پۆلیـس دەتواندرێـت بکرێنە سـەرچاوە لە رێـی زۆرداریی دەرەکییەوە، واتە لە رێی جەنگ و داگیرکارییەوە، دەتواندرێت زۆرداری لە دژی دانیشـتووانی ناوخۆش بەکار بهێندرێت بۆ هێشـتنەوەی دەسەڵاتداران لە دەسـەڵاتدا. بە پێچەوانەشەوە ئەو سـەرچاوانەی لە رێـی داگیرکاری و بـاج و خەراجەوە کۆ دەکرێنەوە، دەتواندرێـت بکرێن بە توانای زۆرداری. بەم شـێوەیەی هێڵەکانی هۆکار بە هەردوو لادا دەڕۆن. دەوڵەت دەتوانێـت پەرە بە بەرهەمـی ئابووریی بدات لـە رێی دابین کردنی خزمەتگوزاریی گشـتیی سـەرەکییەوە، وەک ئاسایش و مافـی خاوەنداری، بەڵام هیچ رێگایەکی نییە بۆ پەرەدان بە پێشکەوتنی بەردەوام لە بەرهەمدا.

لە بەرانبەردا دەسـەڵاتی دەوڵەت دەچێتـە ژێر کاریگەریی شـەرعیەتەوە، ئەمەش ئـەو پردی گواسـتنەوەیەیە کە دادی یاسا و گونجانی کۆمەڵایەتی تێیدا کار دەکەنە سەر سیاسەت. لە زۆربـەی کۆمەڵگاکانی مالتوسـیدا، شـەرعیەت شـێوەی

ئایینــی وەرگرتووە. چین، ئیمپراتۆریەتــی بیزەنتی، هەروەها دەوڵەتانی قەیسەر، راستەوخۆ شەرعیەتیان لە دەسەڵاتدارانی ئایینییەوە، کە شــەرعیەتیان کۆنترۆڵ کرد بوو، وەرگرتووە. لــەو کۆمەڵگایانەی کە دادی یاســای ئایینــی هەبووە، کایەی ئایینی دەســەڵاتی شــەرعیی داوە بە رێکخستنی یاسایی، کە ســزای یاسایی بۆ دەوڵەت دەســتەبەر کردووە. ئەگەرەکانی خۆگونجاندنــی گرووپی نوێــی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگا لە جیهانی ئێســتادا زۆر ســنووردار کراوە، شــەرعیەتی ئایینی رۆڵێکی گەورەی لە بڵاو بوونەوەی کارەکتەری کۆمەڵایەتیی وەســتاودا گێــڕاوە، وەک خێڵانی عەرەبی ســەدەی حەوتەم لە عەرەبســتان و بوودی و داویســتان لە بنەماڵەی تانک لە چین. کریستیان هەمان رۆڵی لە بڵاو کردنەوەی دەستەبژێری نوێ لە کۆمەڵگاکانی کشــتوکاڵدا لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی رۆمادا گێڕاوە. ئایین زۆر جار وەک ئامێرێک بەکار هێندراوە بــۆ پرۆتێســتی کۆمەڵایەتی لە دژی رێکخســتنی دامەزراوی سیاســی، لێرەشــەوە نــەک هــەر شــەرعیەتی پێــک هێناوە، بەڵکــوو هێزی ناســەقامگیریش بووە. لە جیهانی مالتوســدا، ئەگەرەکانی گەشــەی سیاسی لە رێی دوو کەناڵەوە هەبوون، یەکیــان خۆی لە دەوری لۆژیکی ناوەکیــی بنیاتنانی دەوڵەت و گەشــەی ئابووریی چڕدا دەبینێتەوە. دەســەڵاتی سیاســی ســەرچاوەی ئابوورییەکانی بەرهەم هێناوە، کە لە بەرانبەردا ئەویش دەســەڵاتی سیاســی بەرهەم دەهێنێ. ئەم پرۆســەیە خــۆی، خۆی بەخێو دەکات، تا رادەی ئــەوەی کە بەرفراوان کردنی سیستەمی حوکم بە سنووری فیزیکیی وەک جوگرافیا و تەکنەلۆژیای بەردەســت دەگات، یــان زیاد دەکات لە دژی سیســتەمێکی حوکمــی دی، یاخــود هــەردوو فاکتەرەکــە بە یەکــەوە. ئەمە لۆژیکی بنیاتنانی دەوڵەت و جەنگە کە لە چین و ئەورووپادا دۆزراوەتەوە.

کەناڵەکەی تری گۆڕانی سیاسی پەیوەندیی بە شەرعیەتەوە هەیە، ئەمەش کاریگەریی لە سەر دەسەڵاتی دەوڵەت هەیە یان لە ڕێی دامەزراندنی دادی یاساوە، یاخود لە ڕێی بەهێز کردنی کارەکتەری کۆمەڵایەتیی نوێوە. سەرچاوەی ئەوەی کە من ناوم ناوە لادانی هیندی (Indian detwn)، سەرهەڵدانی ئایینی براهمیی نوێیە، کە توانای دەسەڵاتدارانی هیندی بۆ کۆ کردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت هاوشێوەی هاوتایانی چینی دابین کردووە. کارەکتەرانی نوێی کۆمەڵایەتی کە لە لایەن ئایینەوە بەهێز کراون یان بەشداری لە دەسەڵاتی دەوڵەتدا دەکەن، وەک ئەوەی لە لای عەرەب بینییان، یاخود هەوڵەکانی سەروەری بۆ بە سەنتەر کردنی دەسەڵات، پەک دەخەن. هەر وەک لە پەرلەمانی ئینگلیزدا بینیمان. لە جیهانی مالتوسدا، سەرچاوەکانی دینامیکیی گۆڕان بە شێوەیەکی ڕێژەیی سنووردار کراون. پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت زۆر سست رووی دا، لە چین و ئەوروپا لە ماوەی چەندین سەدەدا. هەروەها بووەتە هۆی گەندەڵیی سیاسی، کە تێیدا سیستەمی حوکم گەڕانەوە بۆ ئاستە نزمەکانی گەشە و دەبوایە پرۆسەکە سەر لە نوێ لە سفرەوە دەست پێ بکاتەوە. ئایین و ئایدیۆلۆژیای نوێ ناوە بە ناوە دەرکەوتوون، بەڵام هەر وەک نوێخوازییەکانی تەکنەلۆژیا نەتوانراوە پشتیان پێ ببەسترێت بۆ دابین کردنی بەردەوامی دینامیکیانەی بەرهەم بۆ سیستەمەکە. لەگەڵ ئەوەشدا تەکنەلۆژیا توانای خەڵک و بیرۆکەی خەڵکی پەک خستووە، بۆ ئەوەی لە بەشێکی جیهانەوە بچێت بۆ بەشێکی تر. دەنگ و باسی داهێنانەکانی (کین شی هاونگدی) لە چین هەرگیز نەگەیشتووە بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ڕۆما. لە کاتێکدا بوودیزم سەرکەوتوو بووە لە گەیشتن بە هیمالایە و چین و شوێنانی تر لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. دامەزراوەکانی تر تەنیا لە

نـــاو وڵاتانی خۆیاندا ماونەتەوە. کەلەپووری جیاجیای یاســـا لـــە ئەورووپای کریســـتیان، رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، هەروەها هیندســـتان گەشـــەیان کـــردووە بێ ئەوەی بە هیـــچ کلۆجێک کاریگەری بکەنە سەر یەک.

■ گەشە لە هەلومەرجی کاتیدا

بـــا ئێســـتا ســـەیری رەهەندەکانـــی گەشـــە بکەیـــن چۆن لە سەرەتاکانی شۆڕشی پیشەسازییەوە کاریان کردووەتە سەر یەک. گرنگترین گۆڕان سەرهەڵدانی گەشەی چڕیی ئابووریی بەردەوامە کە دەتوانین بڵێین تا رادەیەک هەموو رەهەندەکانی تری گەشەی دروست کردووە. گەشەی بەرفراوانی ئابووری بەردەوام روو دەدات، بەڵام بە قەد زیاد بوونی بەشە بەرهەم بۆ هەر تاکێک گرنگ نییە بۆ گۆڕانی سیاسی. لەگەڵ ئەوەشدا دیموکراســـی بنیاتی دەوڵەت و دادی یاســـای وەک پێکهاتەی گەشەی سیاسی پێکەوە گرێ داوە.

■ لە نێوان بنیاتی دەوڵەت و گەشەی ئابووریدا

هەبوونی دەوڵەت پێشـــمەرجی سەرەکییە بۆ گەشەی چڕی ئابووری. ئابووریناس (پاول کۆلیەر) پێچەوانەی ئەم وتەیەی پیشان داوە، بە تایبەتی دارمانی ئەو دەوڵەتە، شەڕی ناوخۆیی، هەروەها پەشێوییەکانی ناوخۆ دەرەنجامی زۆر خراپی هەیە بۆ گەشـــە کردن. زۆرێک لە هەژاری لـــە ئەفریقادا لە کۆتایی ســـەدەی بیســـتەمدا، پەیوەندیـــی هەبووە بەو راســـتییەوە کە دەوڵەتان زۆر لاواز بوون، هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی دارمان و ناســـەقامگیریدا بـــوون، دوور لە دامـــەزراوەی دەوڵەت، کە دەتوانێ سیســـتەم و سەقامگیریی سەرەکی و توانای بەڕێوە بردنی زۆرتر دابین بکات، هەروەها بە شێوەیەکی زۆر کارلێک دەکات و هاوبەشە لەگەڵ گەشەی ئابووریدا.

ئەمە بە تایبەت راستە بۆ ئاستەکانی ڕەهای تێکڕای داهاتی ناوخۆی تاک (....) (کەمتر لە ١٠٠٠$)، لە کاتێکدا گرنگیی خۆی دەبێت بۆ ئاستە بەرزەکانی داهات و کاریگەرییەکەش هاوسەنگ نابێـت. هەروەها ئەدەبیاتێکـی زۆر هەیە کە حوکمڕانیی باش دەبەسـتێتەوە بە گەشــەی ئابوورییەوە، هەرچەندە پێناسەی (حوکمڕانیی باش) بە باشی نەکراوە و پشت بە دانەر دەبەستێ، هەنـدێ جاریش هــەر ســێ پێکهاتەکەی گەشــەی ئابووری دەگرێتــەوە. لە کاتێکـدا پەیوەندیی نێـوان دەوڵەتی بەهێز و یەکانگیر و گەشــەی ئابووری بە باشــی دامەزراوە. هۆکاری ئاراســتەی پەیوەندییەکانی هەمیشە روون نییە، ئابووریناس (جێفری ســا)ش پێی وایە کە حوکمڕانیی باش ناوەکییە، واتە بەرهەمی گەشــەی ئابوورییە نەک هۆکاری ئەو بێت. لۆژیکی بــاش لەمەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کــە حکوومەت پارەی تێ دەچێت. یەکێک لــە هۆکارەکانی ئەوەی کە گەندەڵییەکی زۆر لە وڵاتانی هەژاردا هەیە ئەوەیە، کە حکوومەت ناتوانێ پارەی باش بە فەرمانبەرانی بدات، تاکوو خێزانەکانیان بەخێو بکەن، بۆیە روو دەکەنە بەرتیل وەرگرتن. بەشی تاک لە ئەمریکا کە بۆ هەمــوو خزمەتگوزارییەکانی حکوومی خەرج دەکرێت، لە ســوپاوە بۆ رێگاوبان و قوتابخانە و پولیســی سەر جادە، لە ٢٠٠٨دا نزیکەی ٧٠٠٠ دۆلار بووە، بەڵام لە ئەفغانستان تەنیا ١٩ دۆلار بــووە. بۆیە ئەوەی جێگەی سەرســوڕمان نییە کە دەوڵەتی ئەفغانستان لە ئەمریکا لاوازترە.

لــە لایەکی تــرەوە، چەندیــن نموونەمان هەیە کە گەشــەی ئابــووری نابێتــە هــۆی دروســت بوونــی حوکمڕانیی باش، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوە حکوومەتی باشــە کە بەرپرســە لە گەشــەیەکی باش. بۆ نموونە کۆریای باشوور و نایجیریا. لە ساڵی ١٩٥٤، پاش جەنگی کۆریا تێکڕای داهاتی تاک لە کۆریا کەمتــر بووە لە نایجیریا کە لە ســاڵی ١٩٦٠دا ســەربەخۆیی

خۆی لە بەریتانیا وەرگرت. دوای پەنجا ساڵ، نایجیریا زیاتر لە ٣٠٠ ملیار دۆلاری لە نەوت دەسکەوتووە، کەچی داهاتی تاک لە نێوان ١٩٧٥ بۆ ١٩٩٥ دابەزیوە. بە پێچەوانەوە، کۆریای باشوور بە ڕێژەی ٧ بۆ ٩ لە سەدا بۆ ساڵێک لە هەمان ماوەدا گەشەی کردووە، بە ڕادەیەک کە لە ١٩٩٧ بووە بە دوازدەمین وڵاتی گەورەی ئابووری، هۆکاری جیاوازییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆریای باشوور حکوومەتێکی باشی هەبووە بە بەراورد لەگەڵ نایجیریا.

■ لە نێوان دادی یاسا و گەشەدا

لە ئەدەبیاتی ئەکادیمیدا، دادی یاسا هەندێک جار وەک پێکهاتەی حکوومەتداری سەیر دەکرێت، هەندێ جاری دیکەش وەک ڕەهەندێکی جیاوازی گەشە. بوارە گرنگەکانی دادی یاسا کە بە گەشەوە گرێ دراون، بریتین لە مافی خاوەنداری و جێبەجێ کردنی بەڵێننامە. ئەدەبیاتێکی زۆر هەیە کە ئەو پەیوەندییەی هەیە پیشانی دەدات. زۆر لە ئابووریناسان ئەو پەیوەندییە بە ڕاست دەزانن، هەرچەندە ئەوە ڕوون نییە، کە مافی خاوەندارییی یەکسان و گەردوونی پێویستن بۆ ئەوەی کە ڕوو بدات. لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا، مافی خاوەندارییی جێگیر تەنیا بۆ چەند دەستەبژێرێک هەیە، ئەمەش بەسە بۆ بەرهەم هێنانی گەشە، بە لایەنی کەمەوە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو. هەروەها کۆمەڵگاکانی وەک چین ئێستا بە مافی خاوەندارییی باشەوە، کە کەلەپووری دادی یاسایان نییە، دەتوانن بگەن بە ئاستە بەرزەکانی گەشە.

■ له نێوان گەشەی ئابووری و دیموکراسیی سەقامگیردا

پەیوەندیی نێوان گەشە و دیموکراسی بۆ یەکەم جار لە لایەن کۆمەڵناس (سـیمۆر مارتن لیبسـێت)ەوە لە کۆتایی سـاڵانی ١٩٥٠دا خرایـە ڕوو، هـەر لـەو کاتەوە چەندیـن لێکۆڵینەوە لەسەر پەیوەندیی نێوان ئەو دووانە کراون. پەیوەندیی نێوان گەشـە و دیموکراسـی پەیوەندییەکی راسـتەوخۆ نییە، واتە گەشەی زۆر نابێتە هۆی بەرهەم هێنانی دیموکراسیی زیاتر. ئابووریناس (ڕۆبێرت بارۆ) ئەوەی خسـتووەتە ڕوو، کە ئەو پەیوەندییـە بەهێز دەبێت لە ئاسـتە نزمەکانـی داهاتدا، لاواز دەبێـت لە ئاسـتە مـام ناوەندەکاندا. یەکێک لە گشـتگیرترین لێکۆڵینەوەکانـی پەیوەندیـی نێـوان گەشـە و دیموکراسـی، ئەوەی خسـتووەتە ڕوو، کە گواسـتنەوە لە ئۆتۆکراسییەوە بـۆ دیموکراسـی، دەکرێـت لە هەر ئاسـتێکی گەشـەدا روو بدات، بەڵام زۆر زەحمەتە لە ئاستێکی بەرزی تێکڕای داهاتی ناوخۆی تاک بگەڕێتەوە دوا.

لە کاتێکدا وا دەردەکەوێت، گەشـە ببێتە هۆی سەقامگیریی دیموکراسـی، بـەڵام پەیوەندیی هـۆکاری پێچەوانە لە نێوان دیموکراسـی و گەشەدا روون نییە. ئەمەش شتێکی لۆژیکییە ئەگـەر ژمارەی وڵاتانی سـتەمکار لەبەر چـاو بگرین، کە لە مـاوەی چەند سـاڵی رابردوودا بە شـێوەی باش گەشـەیان کردووە. بۆ نموونە کۆریای باشـوور و تایوان، لە کاتێکدا بە شـێوەیەکی دیکتاتۆریانە بەڕێوە دەبران، چین، سەنگافوورە، ئەندەنووسـیا لە ژێر رکێفی سوهارتۆ، هەروەها چیلی لە ژێر رکێفی ئۆگۆستۆ پینوشێت، بەم شێوەیە ئەگەرچی ئەوە راستە کە بوونی دەوڵەتێکی یەکگرتوو، هەروەها حوکمڕانییەکی باش مەرجی گەشـەن، بەڵام ئەوە روون نییە کە ئایا دیموکراسـی هەمان رۆڵی پۆزەتیڤ دەگێڕێت یان نا.

■ لـــە نێوان گەشـــەی ئابووری و گەشـــەی کۆمەڵایەتی یان گەشەی کۆمەڵگای مەدەنیدا

زۆربەی تیۆرییەکانی کلاسـیکی کۆمەڵایەتی، سەرهەڵدانی کۆمەڵـگای مەدەنیـی هاوچـەرخ بـە گەشـەی ئابوورییەوە دەبەستنەوە. (ئادەم سمیس) لە کتێبی «سامانی نەتەوەکاندا» ئەوەی خسـتووەتە ڕوو کە گەشـەی بـازاڕ پەیوەندیدارە بە دابەش بوونی کارەوە لە کۆمەڵگادا، واتە، کە بازاڕ فراوان بوو، هەروەها گرووپەکانی بازرگانی سوودیان لە داشکاندنی نرخ وەرگرت، ئەوا گونجاندنی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات و گرووپی نوێی کۆمەڵایەتی سەر هەڵ دەدەن (بۆ نموونە چینی کرێکاران لــە کۆمەڵگای پیشەسـازیدا). ئەو کرانەوە و سەربەسـتییەی کە بازاڕی هاوچەرخ پێویسـتیەتی زۆر لــە فۆرمە کۆنەکانی دەسـەڵاتی کۆمەڵایەتیـی کەم کـردووە، لە جیهانـدا فۆرمی پەیوەندیـی هێورتـری دانـا. کاریگەرییەکانی گواسـتراوەی دابەش بوونی کار، بابەتی سەرەکیی نووسینەکانی بیرمەندانی گەورەی سـەدەی نۆزدەم بوو، وەک کارل مارکس و ماکس ڤیبەر و ئیمیلی دۆرکهایم.

■ لە نێوان گونجانی کۆمەڵایەتی و دیموکراسیی لیبرالدا

لــە (ئالیکـس دی تۆکیۆڤیـل) بـە دواوە تیۆرییگەلێکـی دیموکراسـیی زۆر هەن، کە پێیان وایە لیبرال دیموکراسـیی هاوچـەرخ بە بـێ هەبوونی کۆمەڵگای مەدەنـی مەحاڵە، خۆ گونجاندنی گرووپەیلی کۆمەڵایەتی ڕێ بە تاکی لاواز دەدات، بەرژەوەندییەکانیـان یـەک بخـەن و بچنـە ناو سیسـتەمی سیاسـییەوە. هەتا ئەگەر گرووپەکانـی کۆمەڵایەتی ئامانجی سیاسیشـیان نەبێـت. کۆمەڵانـی خۆبەخـش کاریگەریـی ناڕاستەوخۆیان دەبێت بۆ پاڵپشت کردنی توانای تاکەکان بۆ

ئەوەی بە یەکەوە ئیش بکەن لە بارودۆخی زۆر نوێدا، ئەوەی کە پێی دەگوترێت سەرمایەی کۆمەڵایەتی.

ئـەو پەیوەندییەی باس کرا، گەشـەی ئابووریـی بە لیبرال دیموکراسـیی سەقامگیرەوە بەستەوە، کە لە رێی کەناڵی خۆ گونجاندنـی کۆمەڵایەتییـەوە بەدی دێت. واتە گەشـە دەبێتە مایەی سـەرهەڵدانی کارەکتەری نوێی کۆمەڵایەتی، ئەوانیش پێویستیان بە نوێنەرایەتی کردن هەیە لە سیستەمێکی کراوەی سیاسـیدا، پاڵەپەسـتۆش دروسـت دەکـەن بۆ گواسـتنەوە بەرەو دیموکراسـی. کاتێک سیسـتەمی سیاسی بە باشی بە دامـەزراوە بکرێـت و بتوانێ ئـەو کارەکتـەرە نوێیانە لەخۆ بگرێت، ئەوا قۆناغێکی گواسـتنەوەی سەرکەوتوومان دەبێت بۆ دیموکراسییەکی تەواو. ئەمەش لە ساڵانی کۆتایی سەدەی بیسـتەمدا لە بەریتانیا و سـوید و کۆریای باشوور لە دوای کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆریەتی سـەربازی لە سـاڵی ١٩٨٧دا، رووی دا لـە رێـی بزووتنەوەکانی جووتیـاران و پارتەکانی سۆشیالیستەوە بەدی هاتن.

کۆمەڵـگای گەشـە کردووی مەدەنیش مەترسـی لە سـەر دیموکراسی دروست دەکات، هەندێ جاریش مل دەکێشێت بۆ گەندەڵیی سیاسـی. گرووپی شۆڤینی و رەگەزپەرست، یەکتر قبووڵ نەکردن بڵاو دەکەنەوە. گرووپی بەرژەوەندیخوازیش هەوڵەکانیان بۆ هێشـتنەوەی رەوشـەکە وەک خۆی دەخەنە گـەڕ، کـە قازانج و ژمـارەی تێدا نەبێت. بە سیاسـی کردنی ئابـووری و کێشـەکانی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵـگا ئیفلیج دەکات و لە شـەرعیەتی دامەزراوەکانی دیموکراسی کەم دەکاتەوە. گونجانی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی گەندەڵیی سیاسی، ئەمەش پرۆسەی هەنتینگتونە کە تێیدا دامەزراوەی سیاسی لە وەرام دانەوەی پێویسـتییەکانی کارەکتەرانـی نوێی کۆمەڵایەتی بۆ بەشداری کردن شکست دەهێنن. ئەمەش لە پۆلیڤیا و ئیکوادۆر

لە ساڵانی ١٩٩٠دا و ٢٠٠٠دا rووی دا، بەوەی چەندین جار سەرۆکی هەڵبژێردراو ڕێی پێ نەدرا بچێتە سەر حوکم بە هۆی خۆ گونجانی گرووپەکانی کۆمەڵایەتییەوە.

■ لە نێوان دیموکراسی و دادی یاسادا

هەمیشە پەیوەندییەکی نزیک لە رووی مێژووییەوە لە نێوان سەرهەڵدانی دیموکراسی و سەرهەڵدانی دادی یاسای لیبرالدا هەبووە. هەر وەک لە بەشی ٢٧دا بینیمان، سەرهەڵدانی حکوومەتێکی بەرپرسیار لە ئینگلاند جیا نەبووبووەوە لە بەرگری کردن لە یاسای گشتی. فراوان کردنی دادی یاسا بۆ ئەوەی بازنەیەکی فراوانتر لە هاونیشتمانیان بگرێتەوە، هەمیشە وەک پێکهاتەی سەرەکیی دیموکراسی لە خۆیدا بیندراوە، ئەم پەیوەندییە لە شەپۆلی سێیەمی دیموکراسیی گواستنەوە لە دوای ١٩٧٥ بەردەوام بووە، کە دارمانی دیکتاتۆریەتی کۆمۆنیستی بووە هۆی سەرهەڵدانی دیموکراسیی هەڵبژاردن و دروست کردنی حکوومەتی دەستووری کە پارێزگاری لە مافەکانی تاک بکات.

■ لە نێوان بیرۆکەکاندا، شەرعیەت، هەروەها هەموو ڕەهەندەکانی تری گەشە

ئەو بیرۆکانەی پەیوەندییان بە شەرعیەتەوە هەیە، بە پێی لۆژیکی خۆیان گەشە دەکەن، بەڵام لە ڕێی گەشەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە شێوە وەردەگرن. مێژووی سەدەی بیستەم تەواو جیاواز دەردەکەوت، بە پێی نووسینەکانی نووسەر (کارل مارکس) لە کتێبخانەکانی بەریتانیا کە ڕەخنەی لە سەرەتاکانی سەرمایەداریی سیستماتیک گرت. بە هەمان شێوە کۆمۆنیزم لە ١٩٨٩دا رووخا، لەبەر ئەوەی خەڵکانێکی کەم چی دی باوەڕیان بە بیرۆکەکانی مارکسیزمی لینینزم

نەما.

بــە پێچەوانەوە، گەشــە کردنی سیاســی و ئابووری کاری کردووەتــە ســەر ئــەو بیرۆکانەی کە خەڵکی وەک شــەرعی سەیریان دەکردن. مافی مرۆڤ سەبارەت بە خەڵکی فەرەنساوە شــتێکی راست و دروست بوو، لەبەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە لــە بونیاتی چینایەتیی فەرەنســادا رووی دا، چینی ناوەند لە سەدەی هەژدەمدا دەرکەوت، قەیرانەکانی دارایی و نسکۆکانی ئابووریی ســاڵانی ١٩٢٩-١٩٣١ شــەرعیەتی دامەزراوەکانی ســەرمایەداریی کــەم کــردووە، رێــی بــۆ شــەرعیەتدان بە کۆنتــرۆڵ کردنی زیاتری دەوڵەت بە ســەر ئابووریدا خۆش کرد. گەشە یەک بە دوای یەکەکانی دەوڵەتانی خۆشگوزەران، هەروەها ئەو وەستانی بازاڕ و هەڵاوسانەی دەرکەوتن، بووە هۆی دانانی بەردی بناغەی شۆڕشــەکان (رێگان، تاتچەر) لە ســاڵانی ١٩٨٠دا، بە هەمان شــێوە شکستی سۆشــیالیزم لە بەدی هێنانی یەکسانی و پێشکەوتن بووە هۆی لەدەست دانی متمانە لەلای ئەوانەی لە ژێر سایەی کۆمۆنیزمدا دەژیان.

هەروەهــا گەشــەی ئابــووری دەتوانێــت شــەرعیەت بەو حکوومەتانەش بدات، کە سەرکەوتوون لەگەڵ پاڵپشتی کردنیدا، زۆر لە وڵاتانی خێرا گەشــە کردوو لە رۆژهەڵاتی ئاســیادا، وەک ســەنگافوورە و مالیزیــا پاڵپشــتیی خەڵکیان بەدەســت هێناوە، هەرچەندە لیبرال دیموکراسییان نییە، بە پێچەوانەوە، پێچەوانــە بوونەوەی گەشــەی ئابووری لە رێــی قەیرانەیلی ئابووریيــەوە یاخود لە رێی خراپ بەڕێوە بردنەوە، دەتوانێت ناسەقامگیری دروست بکات، هەر وەک لە ئەندەنووسیا پاش قەیرانە داراییەکەی ساڵانی ١٩٩٧ و ١٩٩٨ رووی دا.

هەروەها شەرعیەت پشت بە دابەش کردنی قازانجی گەشە دەبەستێت، ئەو گەشەیەی تەنیا بۆ خەڵکانێکی کەمی ئۆلگاریشی لە ســەرەوەی کۆمەڵــگا دەچێت، بە بێ ئەوەی کەســانی دی

تێیدا بەشـــدار بن، زۆر جار گرووپەکانی کۆمەڵایەتی لە دژی سیستەمی سیاسی ڕێک دەخات. ئەمەش لە مەکسیک لە سایەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی (پۆرفیریۆ دیاز) ڕووی دا، کە لە ١٩٧٦ تا ١٩٨٠ حوکم وڵاتی مەکسـیکی کـرد. هەروەها دووبارە لە ١٨٨٤ بـۆ ١٩٩١ داهاتی نەتەوەیی بە خێرایی گەشـــەی کرد، بەڵام مافی خاوەنداری تەنیا بۆ دەستەبژێرانی دەوڵەمەند بوو، کە بووە هۆی ســەرهەڵدانی شۆڕشـــی مەکسیک لە ١٩٩١دا، پاشـــان تاماوەیەکـی دوور و درێـــژ لـــە جەنگـــی ناوخۆیی و ناســەقامگیریدا مایەوە، لەبەر ئـــەوەی گرووپەکانی بێ بەش شــەڕیان دەکرد بـۆ ئەوەی لە داهاتی نەتەوەدا بەشـــدار بن. ئێستا شەرعیەتی سیســـتەمی سیاسی لە ڤەنزەویلا و پۆلیڤیا لە لایەن ســەرکردەکانی میللییەوە لەبەر هەڕەشەدایە، چونکە بنەمای سیاسییان هەژارە.





■ نموونەی گەشەی هاوچەرخ

پەیوەندیی زۆری نێوان ڕەهەندە جیاوازەکانی گەشـــە، واتە هەبوونی ڕچـــە و ڕێی زۆری هاوچەرخاندن لەم ڕۆژگارەدا، کـــە زۆربەیان لە هەلومەرجەکانـــی (مالقوس)دا نەبوون، واتە بەردەست نەبوون. بۆ نموونە با کۆریای باشوور وەربگرین، کـــە تێیدا پێکهاتەکانی گەشـــە بە شـــێوەیەکی باش و پەســـند بەیەکەوە هاتوون.

کۆریای باشـــوور لە کۆتایـــی جەنگی کۆریادا حکوومەتێکی تا ڕادەیەک بەهێزی هەبوو، کەلەپووری دەوڵەتی کۆنفۆشیی لـــە چینەوە بـــۆ ما بـــووەوە. هەروەها چەندیـــن دامەزراوەی هاوچەرخـــی لە ماوەی کۆلۆنیالیزمی ژاپۆنی لە ســـاڵی ١٩٠٥ بۆ ١٩٤٥ لە جێ دانان. ئەم دەوڵەتە بە ڕێبەرایەتیی جەنەراڵ (پـــارک چونگ هی) کە لە ســـاڵی ١٩٦١دا بە کودەتایەک هاتە

ســەر حوکم، سیاسەتی پیشەســازیی بەکار هێنا بۆ پاڵپشتی کردنی گەشــەی خێرای ئابووری. (تیزی ١): بە پیشەســازی کردنی کۆریای باشوور، وڵاتی لە کشتوکاڵەوە گواستنەوە بۆ هێزێکی سەرەکیی پیشەسازی لە ماوەی نەوەیەکدا تەکانی دا بــە خۆ گونجاندنی کۆمەڵایەتــی. کۆمەڵە هێزێکی نزیک وەک ســەندیکاکان، گرووپەکانی کڵیسە، قوتابیانی زانکۆ، هەروەها کارەکتەرانی تری کۆمەڵگای مەدەنی، کە لە کۆریای پێشتردا نەبوون. (تێزی ٢): پاش شــەرعیەت سەندنەوە لە حکوومەتی ســەربازیی جەنەراڵ (چون دووهوان) لە دوای کۆمەڵکوژیی کوانگجو لە ساڵی ١٩٨٠دا، ئەو گرووپە نوێیانەی کۆمەڵایەتی دەســتیان کــرد بــە هەراســان کردنی ســوپا، بۆ ئــەوەی لە دەسەڵات بێتە خوارێ. بە پاڵپشتییەکی کەمی هاوپەیمانەکەی، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە ســاڵی ١٩٨٧دا ئەمە رووی دا. یەکەم هەڵبژاردنی دیموکراســی بۆ ســەرۆک راگەیەندرا. (تێزی ٣): گەشــەی خێرای ئابووری، هەروەها گواستنەوەی بۆ دیموکراسی، بووە هۆی بەهێز بوونی شەرعیەتی رژێمەکە، لە بەرانبەریشدا، لە هەموو شتەکان زیاتر، توانای بەهێز کرد بۆ ئەوەی لە قەیرانی توندی دارایی ساڵانی ١٩٩٧ و ١٩٩٨ی ئاســیا رزگاری بێــت. (تێزەکانی ٤ و٥): لە کۆتاییدا گەشــەی ئابــووری و هاتنی دیموکراســی بــووە هۆی بەهێــز کردنی دادپەروەری لە یاســای کۆریای باشووردا. (تێزەکانی ٦ و٧): لە حاڵەتی کۆریای باشــووردا، هەموو رەهەندە جیاوازەکانی گەشــە بەرەو ئەوە چوون، کە یەکتری بەهێز بکەن، هەروەک تیۆریــی هاوچەرخانــدن خســتووەتییە ڕوو، لەگــەڵ ئەوەی چەنــد قۆناغێکــی دیاری کــراو هەبــوون، کە ســەرهەڵدانی هەڵبژاردنی دیموکراسی و دادپەروەریی یاسایان دوا خست، هەتا پیشەســازی هاتە ئاراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شێوەیەی کۆریــای باشــوور نابێتــە نموونەیەکی گەردوونــی، چونکە

چەندیــن رێــگای دی هەن بــۆ هاوچەرخاندن لــە ئەوروپا و ئەمریکادا. دادپەروەریی یاسا لە پێش ئەوەی دەوڵەت بچەسپێ هەبووە، هەروەها لە بەریتانیا و ئەمریکادا، چەند شــێوەیەکی بەرپرســیارێتیی دیموکراتــی، پێــش گەشــەی ئابــووری و شۆڕشــی پیشەسازی کەوتوون. چین بە شێوەیەک ڕێگاکەی کۆریای باشــووری پەیڕەوی کردووە، بەڵام تێزەکانی ٣ و٤ و٧ی بەجێ هێشتووە. کۆماری چینی میللی، دەوڵەتی یاسایی لە ســەردەمی ماویســتانەوە بۆ ماوەتەوە، کە دەستی کرد بە لیبرالــە کردنی ئابوورییەکی بە ڕێبەرایەتیی (دینگ زیۆ پینگ) لە ســاڵی ١٩٧٨دا. سیاســەتی ئابووریی کــراوە گوڕ و تینی بە گەشــەی ئابووریی خێرا بۆ سێ ســاڵی داهاتوو بەخشی، هەروەهــا بــووە هــۆی گواســتنەوەیەکی گەورە لــە بواری کۆمەڵایەتیــی کۆمەڵگا، بەوەی ملیۆنان جووتیار گوندەکانیان بەجێ هێشت و چوونە شارانەوە بۆ ئەوەی ببنە کرێکار و بە پیشەسازییەوە سەرقاڵ بن.

گەشــە بووە هۆی بە شــەرعی کردنی دەوڵەت و دروســت کردنــی کۆمەڵگای مەدەنی، چینی تــازەش لەدایک بوو، بەڵام نە سیستەمە سیاســییەکەی ناسەقامگیر کرد، نە گوشاریشی خســتە سەر بۆ ئەوەی ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی. سەرەڕای ئەوە، گەشە بووە هۆی باشتر کردنی دادپەروەریی یاسا، چین هەوڵی دا سیســتەمە دادوەرییەکــەی بگەیەنێتە ئەو پێوەرەی کە لە لایەن ڕێکخــراوی جیهانیی بازرگانییەوە (...) داندراوە. پرسیاری گرنگ لەبارەی داهاتووی چین ئەوەیە، ئاخۆ ئەو خۆ گونجاندنە کۆمەڵایەتییە گەورەیەی کە هۆکارەکەی گەشــەی خێرا بوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان پەل دەکێشێت بۆ داواکاریی زۆر و زەبەند لە پێناو بەشداریی زۆرتری سیاسیدا.



# لاسەنگیی تەرازووی دیموکراسی

## کۆمەڵگەی مەدەنی ناتوانێت ببێتە چارەسەر لە جیاتی پارتی سیاسی

ئیڤان دۆهرتی

*پەیمانگەی دیموکراسیی نیشتیمانی*
*بۆ کاروباری نێودەوڵەتی*

*پەیمانگەی دیموکراسیی نیشتیمانی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی* ڕێکخراوێکی قازانج نەویستە، لە پێناو بەهێز کردن و بڵاو کردنەوەی دیموکراسی بە شێوازێکی بەربڵاو لە جیهاندا کار دەکات. *پەیمانگەی دیموکراسیی نیشتیمانی* هاوکاریی زانستی بۆ سەرکردەی سیاسی و مەدەنی دەستەبەر دەکات، لە پێناو پەرەپێدانی بەها و دەزگای دیموکراسی، بە پشت بەستن بە تۆڕێکی سەرتاپاگیری شارەزایانی خۆبەخش. هەروەها پەیمانگەکە مامەڵە لەگەڵ دیموکراسیخوازان لە سەرتاسەری جیهاندا دەکات، بە مەبەستی بنیاتنانی ڕێکخراوی سیاسی و مەدەنی و پاراستنی بێگەردیی هەڵبژاردنەکان، وێڕای هاندان بۆ بەشداری کردنی پارتەیلی سیاسی و هاووڵاتیان و بەهێز کردنی شەفافیەت و لێپرسینەوە لە نێو حکوومەتدا.

بەڵام (ئیڤان دۆهرتی) کە بەڕێوەبەری بەرنامەکانی پارتەیلی

سیاسییە لە پەیمانگەی دیموکراسیی نیشتیمانی و بەڕێوەبەری گشتیی پێشـــووی پارتی سلتیینی نایابانە، ئەم لێکۆڵینەوەیەی ( Democracy out of Balance) لـــە گۆڤـــاری Policy Review بڵاو کردووەتەوە.

جارێکیان، ماکس ڤیبەر، ئاماژەی بۆ پارتەیلی سیاسی کرد، بەوەی کە (زادەی دیموکراسین)، بەڵام هەوڵی نێودەولەتی کە لەم ساڵانەی دواییدا لە پێناو یارمەتیدانی دیموکراسیدا دراون، رۆڵەیەکی نازداری دیکەیان لە چوارچێوەی سیستەمە نوێ و ساواکانی دیموکراسی بۆ هاتە دی، ئەویش کۆمەڵگەی مەدەنییە، کۆمەڵگەی مەدەنی بە چەندین خەسڵەت جیا دەکرێتەوە، چونکە ئەو چاوگی دیموکراسییە، هەرچەندە ئەمە قسەیەکی خەیاڵییە، ئەگەر نەڵێین زێدەڕۆییە. لە لای خۆشییەوە کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵی داوە رێکخراوگەلی مەدەنی بەهێز بکات و پشتیوانی لە فراوان بوون و پەرەپێدانیان بکات، لەسەر حیسابی پاشماوەی پارتەیلی سیاسی، کە متمانەیان لەدەست داوە. بێ گومان ئەمە هەوڵێکی باش و پێویستە، سەرباری ئەوەی جەخت کردنەوەیەکی نیمچە تایبەتی لە رادە بەدەرە لە سەر کۆمەڵگەی مەدەنی، تەنانەت بووە بە خەم و خولیایەک، یان بە لای کەمەوە، بووەتە سروودێکی پیرۆزی ئایینی لە

لای هەندێ توێژ.

ئـەم ماوەیـەی دوایی بۆچوونێکـی زۆری داهات ئامێزی، بـەرەو بەرنامەگەلێـک هێنایە ئاراوە، کە پـەرە بە کۆمەڵگەی مەدەنـی بـدات و پارت و دەزگاگەلی سیاسـی، بـۆ نموونە، وەک پەرلەمان پشت گوێ بخات. زۆر لە کۆمەک بەخشان لە هەردوو کەرتی گشـتی و تایبەتدا، هەستیان بەوە کرد، کە وا چاکترە لە باتی ئەندام بوون لە پارتێک، بچنە نێو رێکخراوێکی مەدەنییەوە. هەروەها وا پێویست دەکات پشوویەک بدرێت بۆ بەشداری کردن لە هەر چالاکییەکی پارتایەتی دوای چاوەڕوانی کردنـی ئاسـتێکی دیـاری کـراوی پەرەپێدانـی کۆمەڵایەتی، بەڵام مەترسـییەکی چاوەڕوان کراویش لە ئارادایە لە رووی بەراورد کردن لەگەڵ ئەم لایەنەدا، چونکە کاتێ رێکخراوەیلی مەدەنی، کـە نوێنەرایەتیـی لایەنێکی داخوازیی هاوکێشـەی سیاسـیی دەکەن، بەهێز دەبن، بێ ئـەوەی هیچ یارمەتییەکی گونجـاو پێشـکەش بـە رێکخراوەیلـی سیاسـی بکـەن، کە بەرژەوەندییەکانی هەمان ئەو گرووپانە یەک دەخەن، لەوانەیە لە کۆتاییدا هاوسـەنگیی سیاسـی لاسـەنگ ببێـت. هەروەها پشـتگوێ خستنی پارتەیلی سیاسـی و پەرلەمانەکان خودی پرۆسـەی دیموکراسـی لەناو دەبەن، ئەوانەی کە مەبەسـتی کۆمەکـی پەرەپێـدان ئەوەیە بەهێزیان بـکات. لێرەوە، بە بێ پارت و دامەزراوەی سیاسـیی بەهێز و بەرپرس و کاریگەر، واتە ئەوانەی دەتوانن دانوسـتان لە سـەر یەکلایی کردنەوە بکـەن، بە راسـتی دەرگا لـە بەردەم سـەرکردەی میللی والا دەبێـت کە لـە هەوڵی ئـەوەدان دامەزراوەکانی حکوومەت و سیستەمەکانی هاوسەنگیی هێزەکانی تایبەت و حوکمی یاسا، پشتگوێ بخەن.

■ گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی

لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا، کۆمەڵگەی مەدەنی بووە مایەی بایەخ پێدانی گشتی، بە تایبەتی دوای بەخشینی دەرفەتی تازە بە گرووپەیلی مەدەنی لە ناو رژێمەیلی دیکتاتۆریدا، دەکرێ لە روانگەی سیاسییەوە ئەو تاقی کردنەوە تازەیەی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ چەند هۆکارێک بگەڕێنینەوە: ئەو رۆڵە یەکلاییکەرەوەی کە کۆمەڵگەی مەدەنی دەیگێڕێت، بەر لەوەی پارتەیلی سیاسی بە یاسا کار بکەن بۆ لە ئەستۆ گرتنی بەرپرسیارێتی دژ بە رژێمەیلی تۆتالیتار لە ئاسیا و ئەوروپای رۆژهەڵاتدا. هەروەها پەرچەکرداری خێرا کە هاووڵاتیان هەمبەر بە پارتەیلی سیاسیدا نواندیان، دوای ئەوەی رژێمەکانی تاک پارتیان لە چەند وڵاتێکدا تاقی کردەوە، هاوکات پەرچەکرداری لایەنگرانی دیموکراسیی پتەو، کە بریتی بوون لە سیستەمەکانی پارتایەتی، کە کۆمەڵگەی مەدەنییان وەک هۆکارێکی تازە بوونەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە ئومێد بەخشێک دانا بوو .

هەر کەسێک بڕوای بە بیرۆکەی پەرەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەبێت، وەک ئامرازێک بۆ بەشداری کردنی ناپارتیانە لە سیاسەتی ناوخۆیی دەوڵەتدا، ناتوانێت لە سەرەتادا بە سنوورەکانی ئەم بەراورد کردنە ئاشنا بێت. گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سیستەمەیلی تازە سەرهەڵداوی دیموکراسیدا، هەوڵی بێ وچان دەدەن بۆ چارەسەر کردنی کێشەگەلی جەوهەریی سیاسی، بۆ نموونە، لە کۆنتێکستی چاودێری کردنی پرۆسەی هەڵبژاردن یان داکۆکی کردن لە چاک کردنی گوزەرانی ژیاندا، پارتەیلی سیاسی بۆ جووڵەی سیاسی و دەرکردنی یاساکان وەک میکانیزمێکی گرنگ دەمێننەوە، جا ئەگەر لە پرۆسەکەدا بەشدارییان پێ نەکرێت،

ئەوا بوار لە بەردەم پێشــکەوتندا ســنووردار دەبێت، لێرەوە، دوورکەوتنەوە لە کێشــەی پارتایەتیی سیاســی، بە بیانووی بەهێــز کردنی کۆمەڵگــەی مەدەنی، جۆرێکە لە ســەرەڕۆیی کردن لە لاواز کردنی سیاسەتدا. هەروەها بەربەست نانەوەیە لە بەردەم بەکار هێنانی شێوازەکانی راستەقینەی کاریگەریی سیاسی بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی.

نموونــەی دیکەی بەهێز و چالاک لە ســەر ئەو دەوڵەتانەی کۆمەڵگــەی مەدەنی پەیــڕەو دەکــەن زۆرن، چونکە لاوازیی پارتەیلــی سیاســی ســەرتاپای سیســتەمی دیموکراتــی رووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە. بۆ نموونە سەرباری بوونی گرووپگەلێکــی داکۆکیــکار و کاری مەدەنــی لــە بەنگلادیش، تەنگــژە بەردەوامەکانــی سیاســی و پارتایەتــی بەرۆکــی دەوڵەتیــان گرتووە، هاووڵاتیانیشــیان تووشــی هەژارییەکی کوشــندە کــردووە. وا دیار بــوو هەندێ لە ســەرکردەگەلی سیاســی پەندیــان کەم وەرگرتــووە، کاتێ لــە دیکتاتۆریەتی ســەربازییەوە هاتوونەتە نێو ئەو حکوومەتانەی کە لە لایەن گەلانیانەوە هەڵبژێردراون. شــایانی باســە، هــەردوو هێزی سیاســیی سەرەکی لە بەنگلادیش بەشدارییان لە چەسپاندنی داخرانــی رێــی سیاســیدا کــردووە، چونکە مــادام زۆرینەی ســەرکردەگەلی سیاســی کاریگەرییان بۆ ســەر لایەنگران و هاووڵاتیان پەیڕەو دەکەن بە مەبەستی بەرتەسک کردنەوەی ئامانجەکانــی پارت، ئەوە کۆمەڵگەی مەدەنی هەر بە پەراوێز خراو و بێ توانا دەمێنێتەوە.

وێڕای ئەمەش، مەیلی بەرەو بەهێز کردنی دابەشــکاریی لە کۆمەڵگــەی مەدەنــی ئاماژەیە بۆ ددان پێدانان بە مەترســی راســتەقینە، کە لە لایــەن کۆمەڵگەیەکی مەدەنیــی یەکگرتوو و ســەربەخۆوە دێتە دی، ســەبارەت بە ئەوانــەی دەیانەوێ سیستەمی دیموکراسی لاواز بکەن، لەم روانگەیەوە، ئەگەر لە

حاڵەتێکدا چاکسازیی پارتەیلی سیاسی هیچ گۆڕانکارییەکیان بەدی نەهێنا، لە دامەزراندنی سیستەمێکی پەرلەمانیی زێدە کراوە و شەفافدا، ئەوە چارەنووسی دیموکراسی و بەرژەوەندیی گەلی بەنگلادیش هەمیشە بەرەو ڕووی هەڕەشە دەبێتەوە.

بەڵام لە مەغریبدا، هەزاران ڕێکخراوی ناحکومی و کۆمەڵانی داکۆکیکار بۆ چەندین ساڵ چالاک بوون، کەچی بزاقی پلە بە پلەی سیاسەتی دیموکراسی هاتە کایەوە لە ئەنجامی هەموار کردنی دەستوور، کە بە پێچەوانەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بووە هۆی پێک هێنانی حکوومەت، بۆیە لە ئاکامی هەڵبژاردندا کە لە ساڵی ١٩٩٨دا بەڕێوە چوو، بۆ یەکەم جار پارتەیلی سیاسی، ئەوانەی زۆرینەی دەنگیان بەدەست هێنا بوو بۆ پێک هێنانی حکوومەت بانگهێشت کران. بۆیە لە ئاکامدا ئەو پارتانەی کە دژی دامەزراوەیی بوون دەسەڵاتیان گرتە دەست، ئەوانە بۆ ماوەی پەنجا ساڵ لە ریزی ئۆپۆزسیۆندا بوون. ئەمەش دەروازەیەکی بە رووی سەردەمێکی تازەدا کردەوە کە خوازیاری سیستەمێکی سیاسیی زێدە کراوە و دیموکراسی بوو، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی رۆڵێکی سەرەکیی لە روودانی ئەم گۆڕانکارییانەدا گێڕا، بەڵام پابەند بوونی پارت و سەرۆکەکانیان وای کرد ئەم گۆڕانکارییانە هەر درێژەیان هەبێت. هەروەها ئامادەیی سەرکردەگەلی سیاسی لە بینینی رۆڵی بنیاتنان، کاتێ هەلومەرجەکە لەبار نەبێت، لە دووڕیانێکی گرنگی مێژووی مەغریبدا هاتە ئاراوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی مەغریب تا ئێستا لە قۆناغەکانی سەرەتای گواستنەوەدایە بەرەو دیموکراسی لە سایەی ئەنجامێکی نادیاردا، بەڵام ئەو پێگەیشتنەی سەرکردەگەلی سیاسی هێنایانە ئاراوە، لە قۆناغەکانی یەکەمدا بناغەیەکی بەهێزی داڕشت.

ئەوەنــدەی نەبرد پارتەیلــی سیاســی داوای یارمەتییان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتــی کرد وەک هەوڵێک بۆ خۆ گونجاندن لەگــەڵ ئــەو کــەش و هــەوا سیاســییە نوێیەدا، ئەوەشــیان ســەلماند کــە گرنگــە پەرلەمــان زیاتــر دیموکراســی بێت و حکوومەتــی تــازەش زیاتر بە پیــر داخوازییەکانــەوە بچێت. ئــەو پارتانــە کەم شــارەزا بوون لە بواری دروســت کردنی هاوبەندیی راســتەقینە و پارێزگاری لێ کردنی و بەشــداری پــێ کردنــی کۆمەڵگــەی مەدەنــی لــە پرۆســەی سیاســیی نوێنەرایەتیــدا، وێــڕای ئەمەش، ددان پێدانانەکــە وا کەوتەوە کە ئــەم گۆڕانکارییانە دەتوانن پارتەکان لە حکوومەت دوور بخەنــەوە، بەڵکــوو هەر ئەمەش وا دەکات، بــە تەواوی وەک پێشــووتر دەســەڵات رێی پێ دابوون. لە میانــی هەموو ئەو پەرەســەندانەدا کۆمەڵگەی مەدەنی رۆڵێکی یەکلاییکەرەوەی گێڕا لە زیاد کردنی هۆشیاریی گشتی و بەلاوە نانی چەندین تەگەرەی دیکە، کە رووبەڕووی بەشــداری کردنێکی زیاتری پرۆســەی دیموکراسی بووبوونەوە. لە راستیدا ئەو کۆمەڵگە مەدەنییەش داوا دەکات بە شێوەیەکی گشتگیرتر نوێنەرایەتی بکات و داخوازییەکانی جێبەجێ بکرێن، لێرەوە، ئامادەبوونی پارتەیلی سیاســی کە قبووڵیان بێت چاکســازی بە هاوکاریی دەرەکــی بکرێــت، بە مەبەســتی دامەزراندنــی پەیوەندییەکی سەقامگیرتر و ئاشتەوایی لە نێوان سەرکردەگەلی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنیدا.

ئێرلەنــدای باکووریــش نموونەیەکــی دیکــەی کۆمەڵگــەی مەدەنییە کە پەرەی ســەندووە و پارەداریش کراوە، بەڵام لە پڕ کردنەوەی ئەو بۆشــاییەی کە هێزەیلی سیاســی لە دوای خۆیــان جێیان هێشــت، شکســتی هێنا دوای ئــەوەی وازیان لە پێشــکەوتن هێنا، بۆیە کانتۆنی (ئۆلســتەر) بۆ دەیان ساڵ بــووە جێگــەی ململانێی دڵتەزێنی ناوخۆ، لــە کاتێکدا کە جیا

بوونەوەگەلێکی سەخت کۆمەڵگەکانیان تەنی بووەوە، هاوکات ڕۆڵی سیاسەتمەدارانی هەڵبژێردراو کەم بوونەوەیەکی توندی بـە خۆیەوە بینـی، بۆیە دەبینین بەرپرسـیارێتیی پێشـکەش کردنـی خزمەتگوزاریی زیاتر، کە پێشـتر حکوومەتی ناوخۆ دابینـی دەکرد، کەوتە ئەسـتۆی ڕێکخراوەکانی ناحکوومی و هەندێ لە تیپەکانی ناوخۆ، ئەویش لە ڕێی چەند لیژنەیەکەوە کە بە (ئەنجومەنی ئیداریی سـەربەخۆ: quangos) ناسرا بوو، لەگـەڵ ئاماژە کردن بـۆ ئەوەی کە ئەم دەسـتانە بە فەرمی پۆلێن بکرێن، وەک دەسـتەگەلێکی گشـتی کە پەیوەندییان بە بەشـێکی دیاری کـراوەوە نییە. ئەم دەسـتەگەلەش چەندین بەرپرسـی ناهەڵبژێـردراو لەخـۆ دەگـرن، کە دەسـەڵاتیان لـە حکوومەتـی ناوەنـدەوە وەرگـرت بوو، بێ ئـەوەی هیچ بەرپرسـیارێتییەک بەرانبەر بە هاووڵاتیان لە ئەسـتۆ بگرن، هەتا ئەگەر بەرپرسـیارێتییەکی زۆر سـادەش بێت، هەروەها ئەوانـە کۆمەکێکی دارایی گشـتییان وەرگرت بـوو، چەندین کاری بەهاداریان لەو کانتۆنەدا جێبەجێ کرد بوو، لە کاتێکدا کە سەرکردەگەلی سیاسی لە ململانێدا بوون دژ بە ناو دابەش بوونی تایفی کە هیچ بوارێک بۆ تێک شکاندنیان نەما بووەوە، هاوکات حوکمی یاسـا بوار لە بەردەم توند و تیژی و تیرۆر دەڕەخسێنێت، شـتێکی ئەستەمیش بوو کە هیچ پێشکەوتنێک تۆمار بکرێت لە چاوەڕوانی گەیشتن بە یەکلایی کردنەوەیەک کە ددان بە خواستی جیاجیای هەردوو گرووپی نەتەوەیی و فیدرالیدا بنێت.

لەبـەر ئەوە بە ڕاسـتی توانـدرا لە ڕێی دانوسـتانی نێوان سەرکردەگەلی سیاسییەوە و بە پشتیوانیی کۆمەڵگەی مەدەنی بگەنـە ئـەو یەکلایی کردنەوانـە، بێگومان ڕۆڵـی کۆمەڵگەی مەدەنی فاکتەرێکی یەکلاییکەرەوە بوو بۆ گەیشتن بە بەڕێوە بردنـی ئەو کۆبوونەوەیـە، بەڵام نەدەکرا هیـچ ڕێککەوتنێک

به بێ بەشــداریی تەواوی پارتەیلی سیاســی مۆر بکرێت. لە راپرسییەکدا لە سەدا حەفتای دەنگدەران پشتگیریی خۆیان بۆ رێککەوتنی کۆتایی ســەبارەت بە ئۆتۆنۆمیی (هەیینیی مەزن ١٩٩٨) لە پلانێکدا بۆ بەشــداری کردن لە دەسەڵات دەربڕی، ئەویــش بریتییە لەو رۆڵەی کە کۆمەڵگەی مەدەنی دەیگێڕێت لــە ڕێی کۆڕبەندێکی مەدەنییەوە کــە وەک راوێژکارە ئامراز بۆ کێشــەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری لە کاردا بێت.

لــە چەند نموونەیەکی هاوشێوەشــدا، کە لە سەرتاســەری دنیا لەبەر دەســتدایە، ســەرەتا لە چین و فلیپین لە ســاڵانی هەشــتاکاندا، دواتــر ئەندەنوســیا، ئینجا ســربیا لە ســاڵانی نەوەدەکانــدا، هەموو ئەو هەوڵانەی کە کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتەیلی سیاســی بە یەکەوە دابوویان لە پێناو گەڕاندنەوەی مــاف بــۆ ژمارەیــەک هاووڵاتــی لە ڕێــی دیموکراســییەوە ســەرکەوتن. لە هەموو ئەو حاڵەتانەشــدا سەلمێندراوە کە وا ئاســانتر و چاکترە بــۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشــتیوانی و لایەنگریی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات، لە کاتێکدا مامەڵە کردنی لەگــەڵ پارتەیلی سیاســی لە چەند چالاکییەکــی دیاری کراو تێپەڕ نەکات، بەڵام لەگەڵ هەر گواستنەوەیەکدا بۆ دیموکراسی پێویست بە جۆشدانێکی کردارەکیی میللەت هەیە، بەڵام ئەمەش پێویســتی بە چوارچێوەی دەستووری و دامەزراوەیی هەیە. راســتە کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ سەرکردایەتی کردنی جۆشدان لە قۆناغی یەکەمدا چاکتر و لەبارترە، بەڵام پارتەیلی سیاسی تاکە چالاکن کە دەتوانن چوارچێوەی دامەزراوەیی پێویســت دابین بکەن.

ئەوەی پێشتر باس کرا بەو مانایە نییە کە پارتەیلی سیاسی لە دیموکراســیی ساوادا بە تەواوی لە هاوکاریی نێودەوڵەتی بێبەشــن، بۆ نموونــە لە ویلایەتــە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا

پەیمانگەی دیموکراسیی نیشتیمانی و پەیمانگەی نێودەوڵەتیی کۆماری، لە پێشەوەی ئەوانەوەن کە لە لایەن دەزگای کۆمەک بەخشی نیشتیمانییەوە، لە پێناو دیموکراسی و ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیدا، هاوکاری دەکرێن بۆ پێشکەش کردنی یارمەتیی تەکنیکی و راوێژ بە پارتگەلی دیموکراسی لە جیهاندا، هەروەها هەردوو پەیمانگەش پشتیوانییان لە پەرەپێدانی رێکخراوەکانی مەدەنی کردووە، بە تایبەتی لە بواری بەشداری پێ کردن لە پرۆسەی سیاسیدا. لە زۆر شوێنی دیکەشدا هەوڵی لەم جۆرە دراوە وەکوو سندووقی دیموکراسیی وێستمنستەر لە بەریتانیای مەزن کە لە کەرتی گشتییەوە کۆمەک دەکرێت، هەروەها ئەو سندووقانەی کە سەر بە پارتەیلی سیاسین لە ئەڵمانیا و سوید و هۆڵەندا، بەڵام ئەوەندەی نەبرد پشتیوانیی ئەو پارتانە کەم بووەوە، بە هۆی ئەو داهاتە زۆرەی کە ئاژانسەکانی کۆمەک بەخش و دەزگاکانی دارایی نێودەوڵەتی و سندووقەکانی تایبەت پێشکەشی رێکخراوەکانی مەدەنی و دەزگاکانی دەوڵەتیان کرد بوو. بۆیە ئەو هاوکارییە لاسەنگە دەرەنجامی نەخوازراوی بەدوادا هات. بەمەش بناغەکانی دیموکراسیی نوێنەرایەتیی پشتگوێ خست و لە بەهاکانی کەم کردەوە، مەبەستیش پارتەیلی سیاسی و دەزگاکانی یاسادانانە، کە لە ناوجەرگەی سیستەمەکەدا کار دەکەن، لە نێو ئەم قەیرانانەشدا بۆشایی سیاسی روو دەدات و بانگەوازی پێویست و راستەوخۆ بە شێوەیەکی گشتی ئاراستەی میللەت دەکات. راستە پارتەیلی سیاسی نموونەیی نین، بەڵام هیچ دەزگایەکی دیکەی نیشتیمانی ئەو توانایەیان نییە کە ئەو پارتانە پێیان دەکرێت، بە دانانی ئاستەنگ لە بەردەم دروست بوونی سەرکردەی ستەمکار یان حکوومەتی ئۆتۆکراسی.

زۆر جار پارتەیلی سیاسی بە درەنگ وەختەوە و بە

شێوەیەکی کەم کەم یارمەتیی تەکنیکی لە پرۆسەکە وەردەگرن، بــە جۆرێ کە کاریگەرییــان لە مەودایەکی دووردا بە ســەر پەرەســەندندا زۆر کەم دەبێت. یارمەتییەکەش زیاتر پشت بە تەکنیکی هەڵمەتەکان دەبەستێت کە بێ گومان بە ئاستەنگێکی گرنــگ هەژمار دەکرێت، کاتێ بەرەو ڕووی پارتی سیاســیی ساوا و لاواز دەبێتەوە. لە کاتێکدا ئەو پارتە ساوایانە لە پێناو ڕێکخستنی هەڵمەتی کاریگەر و بە پیرەوە هاتنی پێشبینییەکانی دەنگدەران، کە تازە هۆشیار دەبنەوە، خەباتیان کردووە. لەم ســۆنگەیەوە، ئاماژە بــەوە دەکرێت کە ڕووبــەڕوو بوونەوە و ئاســتەنگەکان کــە بریتین لە مــاوەی دوای هەڵبژاردن، کە یەکخســتنی سیســتەمی پارتی سیاسی ئاســتەنگێکی گەورە دەبێت بۆ ســەرکردەی پارتەکان، ئەوەی ریســەکە دەکاتەوە خوری ئەوەیە، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەنیا هاوکارییەکی سادە و ساکار پێشکەش دەکات، کە شایانی باس کردن نییە. لەم روانگەیەوە و لەبەر پەرۆشییان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن زۆر جــار پارتەکان دەپەرژێنە ســەر پرســەکانی پەرەپێدانی دامەزراوەیــی تــا کۆتایــی کێبڕکێی هەڵبژاردن. لــە ئەنجامی ئەمەشدا ناچار دەبن خۆیان لەگەڵ بۆچوونە سیاسییە تازەکەدا بسازێنن. هاوکات وا پێویست دەکات زیاتر بایەخ بە دروست کردنی دامەزراوەکانی دیموکراســی بدەن، هەروەک چۆن لە قۆناغی یەکەم و دەستپێکی پەرەپێدانی پارتەکاندا ڕووبەڕووی ســەرکردەکان و هەندێ لە بەرپرسانی ئاست بەرز دەبێتەوە، کە لە ئاکامدا لە حکوومەت و پرۆســەی یاسادانان دێنە پێش و دەبنــە هۆکاریش بــۆ لاواز بوونی پارتی ســاوا، زۆرینەی ئــەو پارتانەش ئامادە نین بەپیر داخوازییەکانی حکوومەت و ئۆپۆزسیۆنەوە بێن، وەک پێویستیش لە بەردەم بەدی هێنانی بۆچوونــی هاووڵاتیان بێ توانا دەبن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە مایەی زێدە بوونی بێڕێزیی گشتی.

■ شکستی پارتەکان

پارتەیلی سیاسـی لە سیسـتەمەیلی سـاوای دیوکراسـیی جیهاندا، بەدەسـت چەندین کێشـەوە دەناڵێـن، ئەوانیش یان زۆر لاوازن یاخـود زیاتر بە کەسـایەتیی تاکـەوە گیرۆدەن، یانیـش بە تـەواوی کەوتوونەتـە ژێر رکێفـی حکوومەتەیلی سـتەمکارەوە. هاوکات گەندەڵییەکی کوشندەش بناغەکەیانی داتەپانـدووە، بە شـێوەیەک کە ئەو پارتانە رێـز و متمانەی گەلەکەیان لەدەست داوە. بۆ نموونە لە رۆمانیا کۆمۆنیستانی پێشوو لە هەموو هەڵبژاردنە یەک لە دوای یەکەکاندا هەمیشە بەشـدارییان دەکرد، تاکوو جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست. لە ١٩٩٦دا کۆڕبەندێک لە پارتەکانی ئۆپۆزسـیۆنی سەرجەم لایەنانـی سیاسـی هاتـە نێـو هەڵبژاردنـەوە، لـە ئەنجامـدا پارتەکانی ریفۆرمخواز سـەرکەوتنێکی بەرچاویان وەدەست هێنـا و دەسـتیان بە سـەر هـەردوو ئەنجومەنـی پەرلەمان و سـەرۆکایەتیی ولاتـدا گـرت، بـەڵام ئەوەنـدەی نەخایاند حکوومەتەکە بە هۆی پەیوەندیی لاوازیی پارتایەتی و نەبوونی شارەزاییەکی تۆکمەی بەڕێوە بردن، هەرەسی هێنا. هەر لەبەر ئەوەش لەبەریەک هەڵوەشـا و خۆی بۆ چوار سـاڵی دیکەی هەڵبژاردنی دواتر ئامادە کرد. سـلۆفاکیاش هەمان سـیناریۆ بە خۆیەوە دەبینێـت. بۆیە دەرەنجام کاتێ ئەو دەوڵەتەی کە بەدەسـت قەیرانی سیاسـییەوە بناڵێنێـت، زۆر جار هۆکاری سـەرەکی بۆ پەشێوی و بێ سـەروبەریی پارتەیلی سیاسی دەگەڕێتەوە، نموونەش بۆ ئەمە رووسیا و ڤەنزەویلا و پیرۆ و پاکستانن.

لای کـەس شـاراوە نییە کە نیگەرانی سـەبارەت بە دۆخی دیموکراسی لە رووسیا پەیوەستە بە نەبوونی پارتێکی بەهێز و دیموکراسـیخوازی سیاسی. دوای تێپەڕ بوونی دە ساڵ بە سـەر هەرەس هێنانی یەکێتیی سـۆڤیەتدا، رووسـیا چەندین

پارتی سیاســیی دامەزراند، هەندێکیان بەهێز و هەندێکیشیان دیموکراسی، بەڵام بە داخەوە ئەو جۆرە پارتانەی دانەمەزراند کە هەردوو خەسڵەتیان تێدا بێت. لەم بوارەدا، (مایکل ماکفۆل) لە کاتی چاوخشـاندنەوە بە هەر شـەش کۆمەڵە، کە لە ساڵی ١٩٩٩دا کورسییەکانیان لە دۆما بەدەست هێنا، بۆی دەرکەوت کە دوو لەوانە پارت نین و دووی دیکەش دیموکراسـی نین، بەڵام دوو پارتە سیاسـییەکەی دیکە کە دیموکراسـییەکەیان جێگـەی مشـتومڕە و پابەندن بە پرەنسـیپەکانی لیبرالیزم و حوکمی یاسـاوە، توانییـان بەیەکـەوە ١٤،٥٪ی دەنگەکان و ٤٩ کورسـی لە کۆی ٤٥٠ کورسـی لە دەسـتەی یاسـادانان بەدەسـت بێنن. لاوازیی پارتەیلی سیاسی لە رووسیا بۆ ئەو سیاسـەتمەدارە دەسـەڵاتدارانە دەگەڕێتەوە، کە بەردەوام بە ئەنقەسـت کاریان بەم شـێوەیە بـۆ لاواز کردنـی پارتەکان کردووە، سەرۆک (یەڵتسـین) نەیاری پارتەیلی سیاسی بوو، بۆیـە هاتنە ڕیزی هـەر کام لەو پارتانـە دوای وازهێنانی لە پارتی کۆمۆنیسـتی سۆڤیەت لای ئەو سوودی نەبوو. لەگەڵ ئەوەی کە سەرکەوتنی لە دوو پرۆسەی هەڵبژاردندا بەدەست هێنا بوو، بەڵام هەرگیز هەوڵی نەدا ڕێکخراوێک دابمەزرێنێت، کـە پشـت بـە بەرنامەیەکـی هەمیشـەیی و فەرمانگەیەکـی هەڵبژاردن ببەسـتێت. هەر لە شـێوەی ئـەو، نەک دوای ئەو، دەبینیـن (ڤلادیمێـر پوتین) نەبـووە ئەندام لە هیـچ پارتێکدا، سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵەیەکی لایەنگری ئەو توانیی ٢٥٪ی کورسـییەکان لە هەڵبژاردنی دۆما بەدەست بێنێت. ئەو ئێستا پێشـنیار دەکات یاسـایەک دەربچێـت کە چالاکیـی پارتەیلی سیاسی کەم بکاتەوە.

ئەندەنووسـیا لـە بـن بـاری پاشـماوەی رابردوویەکـی سـتەمدارەوە بـەرەو چەنـد بوارێکی نادیاری سیسـتەمێکی کێبڕکێی فرەپارتی هەنگاوی نا، لە کاتێکدا کە رژێمی پێشـوو

چەندیـن پارتـی لایەنگری لەخۆ گرت بوو، بەڵام سیسـتەمی سیاسـیی تازەی وڵات باوەشـی بۆ پارتگەلێـک کردەوە، کە بۆچـوون و بیـر و ڕای جیاوازیان هەبوو. لـەم رووەوە ٤٨ پـارت توانییـان بگەنە ئاسـتی پێوانەیـی و یاسـای پەیڕەو کـراو، لە کاتێکدا کە ٩٣ پارتی دیکـەش نەیانتوانی بگەنە ئەو ئاسـتە و ناوی خۆیان تۆمار بکـەن، بەڵام دوای هەڵبژاردنی سـاڵی ١٩٩٩ کەمتر لە ١٥ پارتی سیاسـی نوێنەرایەتییان لە پەرلەماندا هەبوو، بەڵکوو گەورەترینیان ٣٠٪ی کورسییەکانی مسـۆگەر کرد. لە وتوێژەکانـی دوای هەڵبژاردندا، پەرلەمان عەبدولڕەحمـان وەحیدی بە سـەرۆک دەسـت نیشـان کرد، لەگـەڵ ئـەوەی پارتەکەی تەنیا ٥١ کورسـیی لـە پەرلەماندا هەبوو، لە کاتێکدا (میگاواتی سـۆکارنۆبتری) کە پاڵێوراوێکی دیاری سەرکەوتوو بوو و پارتەکەشی ١٥٤ کورسیی هەبوو، توانیی پۆسـتی جێگری سەرۆک بەدەست بێنێت، تا ئێستاش دۆخی سیاسـی لە ئەندەنووسـیا جێگیر نییە، بە تایبەتی ئەو پارتانـەی خۆیان لەگەڵ کـەش و هەوا سیاسـییە نوێیەکەدا گونجانـد، ژمارەیان زۆر کەمە، هەمووشـیان لە نوێنەرایەتی کردنی راسـتەقینەی دەنگدەرانیان شکسـتیان هێنـا. لێرەوە، گواسـتنەوە بۆ دیموکراسـی بـە قۆناغێکی ورد و هەسـتیار دادەندرێت لە ئەندەنووسـیا، لەگەڵ ئەوەی هەوڵدان بۆ بەهێز کردنی پارتەیلی سیاسـی زۆر پێویسـتە، لە هەمان کاتیشدا، زۆر پێویسـتە هاووڵاتیان بەشـداری لەم پرۆسەیەدا بکەن و پارتەکانیش زیاتر نوێنەرایەتیی کۆمەڵگە بکەن و خواستەکانی جێبەجێ بکەن.

لـە هەنـدێ دەوڵەتـدا پارتەیلـی سیاسـی بە هـۆی خراپ بەڕێوە بردنی سیستەمی سیاسییەوە دەسەڵاتی پیادە کردنی هەژموونیان لەدەست دا. بۆ نموونە لە پاکستانیش بە کردەنی پارتەیلی سیاسـی راسـتگۆییان لەدەسـت دا، بە شـێوەیەک

ئــەو کودەتا ســـەربازییەی دژی رژێمی سیاســـیی ئەو وڵاتە کە لە تشــرینی یەکەمی ١٩٩٩دا رووی دا، بە خۆشـــحاڵییەوە پێشوازیی لێ کرا. بۆیە هیچ ئەلتەرناتیڤێک لەبەر دەستدا نییە تاکوو کودەتاکە ببێتە چارەسەرێکی پەسند بۆ کێشەکانی ئەو پارتە سیاســـییانەی کە نادیموکراسین و هاوکار نین، ئەمەش مایەی نیگەرانییەکی توندە و رەنگدانەوەی مەترسیی قەیرانی نێو پارتەیلی سیاسییە.

ڤەنزەویلـــلا نموونەیەکـــی دیکە دەخاتە روو ئــەوەی کە لە سایەی نەبوونی سیستەمێکی متمانە پێ کراو پارتایەتی روو دەدات. سەرۆکی ئێستا لە ساڵی ١٩٩٢دا هەوڵی دا بە زەبری هێز وڵات کۆنترۆڵ بکات، (بەڵام شکستی هێنا)، تا کار گەیشتە ئەوەی کە خۆی بە ئەلتەرناتیڤێکی پەســـند کراوی سیستەمی پارتایەتی پیشان بدات، بەڵام سەلماندی کە لاواز و بێتوانایە. ئــەو لە ســـاڵی ١٩٩٩دا بە ســـەرۆک هەڵبژێردرا. لــە کۆتایی دیکتاتۆریەتەوە لە ســـاڵی ١٩٥٩دا لە سیاســـەتی ڤەنزەویلادا سیســـتەمی جـــووت پـــارت پەیڕەو کـــرا، کە بریتـــی بوون لە (دیموکراسی سۆشیالیست) و (دیموکراسی کریستیان)، بەڵام لە کۆتاییدا هەردوو پارتەکــە پەیوەندییان لەگەڵ جەماوەری هەڵبژاردن لەدەســـت دا، هیچ باکیان بە هـــەژار و بەدبەختان نەبوو، نەشـــیانتوانی چارەســـەری گەندەڵی بکـــەن کە لە نێو رێکخســـتنەکانیاندا تەشـــەنەی کرد بوو. لــە ئەنجامی ئەوەدا، متمانەیـــان لە بەرامبەر هاووڵاتیان لەدەســـت دا، ئەمەش وای کرد کە (هیۆگۆ شـــافیز) لەو بۆشـــاییە سیاسییەدا لە شێوەی سەربازێکی راستگۆ، قوت بووەوە و توانیی جڵەوی سیاسەت بگرێتە دەســـت. واتە ئــەو پیاوە بوو کە رێکارێکی ڕیشـــەیی دژی دەزگایەکـــی گەندەڵ گرتە بەر، هەر لەگەڵ هەڵبژاردنیدا، شافیز کەوتە سەنترالاندنی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن. ئەویش لە میانی هەموار کردنی دەســـتوور، بـــەڵام بۆ داکۆکی کردن

لـــەو ڕێکارانـــەی خۆی، مشـــتومڕێکی زۆری نایەوە کە گوایە هەوڵدەدات (دیموکراسیی ڕاستەوخۆ) دەستەبەر بکات، لەبەر شکســـت هێنانی دیموکراســـیی نوێنەرایەتی. جا لەبەر ئەوەی وازی لـــە پارتەکانی سیاســـیی نەریتخواز هێنـــا، ڕووی کردە بـــەش بەش کردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ناو دەوڵەتدا، کە لە سەندیکاکانی کرێکارانەوە دەستی پێ کرد.

پارتەیلی سیاســـی لە چەندین وڵاتدا دووچاری یاساغ بوون و ســـەرکوت کردن بوونەتەوە، لەگەڵ ئەوەش کە لە ئەنجامی نەبوونی فرەپارتیی سیاسی زۆر شت بەدەست هاتووە، بەڵام چۆنێتیی پشتیوانی کردنی دیموکراسیخوازان لەو دەوڵەتانەدا کێشـــەیەکە و چارەســـەری ئاســـانی نییە. بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە، کە هەر ئاماژەیەک لە ئارادا بێت دواتر ببێتە بەڵگەیەک بۆ چالاکیی سیاسی، مەترسیی گەورەش بە دوای خۆیدا بێنێ بـــۆ ئەوانەی پەیوەندییان بەو دەوڵەتانەوە هەیە، وەک چین و بۆرما و بیلاڕووسیا و کووبا. لە حوزەیرانی ٢٠٠٠دا ئۆگەندا ڕاپرسییەکی ساز کرد تاکوو بڕیار بدات، کە بوار بە پارتەیلی سیاســـی بدات بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن، کە بیست ساڵ بوو لێیان قەدەغە کرا بوو. ئەم ڕاپرسییە دووپات کردنەوەی هەبوونی سیستەمێکی ساختەی (نەبوونی پارت)ـە. بەم جۆرە سەرۆک (مۆســـیفینی) هەوڵێکی مشـــتومڕ ئاسای خستەگەڕ، کـــە فەرمانێک بوو بۆ بەڕێوە بردنی سیاســـەت بە بێ پارتی سیاســـی، بە بیانووی ئەوەی گوایە پارتـــەکان دوژمنکاری و دژەئیتنـــی دێننە ئاراوە. وێـــڕای ئەمە وا دیارە قەدەغە کردنی پارتەیلی سیاسی چارەسەرێکی گونجاو نییە، بەڵام ئەنجامەکە لـــە سیســـتەمێکی تاکەپارت دەچێـــت کە زۆرینـــەی کێبڕکێی سیاسی تێک دەشکێنێت.

■ پێکەوە کار کردن

بە درێژایی دەساڵی رابردوو، شۆڕشی جیهانیی دیموکراسی سەلماندوویەتی، کە گەلان دیموکراسی بە پێویست و مافی خۆیان دەزانن، نەک وەک خواستێک بۆ هاوسەنگی کردن دژ بە بەرژەوندییەکانی دیکەی ئابووری و نیشتیمانی، یان وازی لێ بێنن بەسەر ئەو بەرژەوەندیانەدا، لەبەر ئەوە بە راستی سیستەمی شەفاف و دیموکراسیی حکوومەت هەڕەشە نییە بۆ سەر بەرژەوەندیی تاک و کۆمەڵ، بەڵکوو ئەو هۆکارانە دابین دەکەن، کە لە سەر هەردوو ئاستی ئابووری و سیاسی، نەتەوە بەرەو بەدی هێنانی تەواوی تواناکانی دەبات. لێرەوە، خودی دیموکراسی پێویستی بە بنەما و ژێرخانی کارای دیموکراسی هەیە. واتە دەزگاکانی یاسادانان کە نوێنەرایەتیی هاووڵاتیان بکەن و سەرپەرشتیی دەزگای جێبەجێ کردنیش بکەن. هەروەها هەڵبژاردن کە بە کردەنی رێ بە دەنگدەران بدات سەرکردەکانی خۆیان و دەزگاکانی دادوەریی پابەند بە یاسا و سەربەخۆی دوور لە کاریگەریی دەرەکی و سیستەمی تەرازووەکانی هێز لە کۆمەڵگە و دامەزراوەکان هەڵبژێرن، هەروەها دەست نیشان کردنی ئەو سەرکردانەی لە بەردەم گەلدا بەرپرسیارن.

پێویستە پشتیوانیی کارا و هاوکاریی نێوان پارتەیلی سیاسیی بەهێز و جیاجیا و نێوان کۆمەڵگەی مەدەنیی خاوەن ئەزموون قبووڵ بکرێت. لەبەر ئەوەی بریتییە لە هاوکێشەیەکی هاوسەنگ و دروست کە مەبەستی هێنانە ئارای سیستەمێکی حکوومیی زێدە شەفاف و کراوەیە بۆ بەشداری کردن لە حوکمڕانیدا. لە کاتی بەهێز کردنی دامەزراوەکانی دیموکراسی لە نێو سیستەمە ساواکانی دیموکراسی یان راگواستەدا، کارەکە پەیوەست نابێ بە هەڵبژاردن لە نێوان کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی بەهێز و نێوان بەهێز کردنی پارت و دامەزراوەکانی

سیاســی وەک پەرلەمانەکان، چونکە ئاستەنگی راستەقینە لە هاوســەنگ بوونی پشــتگیری کردنی دەزگا و ڕێکخراوەکانی دیموکراســیدایە، کــە زیاتر مایــەی لێپرســینەوەن. لە هەمان کاتیشدا بەردەوام بوونە لە بەهێز کردنی کۆمەڵگەی مەدەنیی چــالاک کە لە ســەر بناغەیەکــی چوارچێوە فــراوان دامەزرا بێت.

پارتەیلی سیاسی بناغەی سەرەکیی کۆمەڵگەی دیموکراسین، ئەرکێکیش بەجێ دێنن کە جیاوازە لە ئەرکی هەر دەزگایەکی دیکە لە سیســتەمی دیموکراتیدا. (ســایمۆر مارتن لێبست) لە ســاڵی ١٩٩٨دا وتارێکی بە ناونیشــانی (پێویســتیی پارتەیلی سیاسی) لە گۆڤاری دیموکراسی Journal of Democracy بڵاو کردووەتــەوە و تێیدا دەڵێت: دەکرێ پێناســەی دیموکراســی لــە هەر کۆمەڵگەیەکــی تێکەڵ بەوە بکرێت، کە سیســتەمێکی سیاســییە و دەرفەتگەلێکــی سیســتماتیکی دەســتووری بــۆ گۆڕینی بەرپرســانی حکوومەت دەستەبەر دەکات. هەروەها میکانیزمێکــی کۆمەڵایەتــی کــە بــوار بداتە بەشــێکی زۆری گــەل، کــە کاریگەری بخەنە ســەر بڕیارە گرنگــەکان لە ڕێی هەڵبژاردنی رکابەرێکی سەر پۆستی سیاسی لە نێو پارتەیلی سیاســیدا، رۆڵــی پارتــی سیاســی بریتییــە لە یەکخســتن و نوێنەرایەتــی کردنی بەرژەوەندیــی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دابین کردنــی ژێرخانێــک بۆ بەشــداری کردنی سیاســی، کە ئەمە وەک گۆڕەپانێکــە بۆ مەشــقی ســەرکردەی سیاســی، کە لە کۆتاییــدا رۆڵ لە نێــو کۆمەڵگەی حکوومیــدا دەبینن. وێڕای ئەمــەش پارتــەکان لە نێــو خۆیاندا کێبڕکێ دەکــەن و هەوڵ دەدەن بە مەبەستی بەڕێوە بردنی دامەزراوەکانی حکوومەت لە هەڵبژاردندا سەرکەوتن بەدەست بێنن.

پارتەیلی سیاســی کاندید دەســت نیشان دەکەن و کێبڕکێی سیاسی ڕێک دەخەن و بەشەکانی دەنگدەرانیش یەک دەخەن.

هەروەها هەموو بڕیارێکی پەسند کراوی سیاسی بۆ سیاسەتی گشتی دەگۆڕن. کاتێکیش دەسەڵات لەدەست دەدەن، دەبنە ئۆپۆزسیۆنێکی بنیاتگەری رەخنەگر، ئەویش بەو رێگەیەی کە خۆیان وەک ئەلتەرناتیفی حکوومەت دەناسێنن و دەنگدەرانیش هەڵیان دەبژێرن. بەم شێوەیە گوشار دەخەنە سەر حکوومەت تاکوو بەرژەوەندیی گشتی بە شێوەیەکی چاکتر جێبەجێ بکات.
هەر پارتێکی رێک و پێکی سیاسی خزمەت بە دوو ئامانج دەکات: یەکەم پێداویستەکانی کۆمەڵ دەست نیشان دەکات و بە رێگەیەک گوزارشتی لێ دەکات، کە گەل و سیستەمی سیاسی لێی تێبگەن و جێبەجێی بکەن. دووەمیان: پەرە بە بیر و هزری هاوبەش دەدات لە نێو کۆمەڵێکی زۆر تاکوو گوشار بخەنە سەر سیستەمی سیاسی، جیاوازیی بیر و ڕا کە لە سەر پرەنسیپگەلێک بنیاتنراوە، لە پاڵ قبووڵ کردنی فرەیی و جیا بوونەوە، کە ئەم جیاوازییەی دەیسەپێنێت، دەبێتە بەشێکی بنەڕەتی لە پرۆسەی دیموکراسی. بە راستی کاتێ سیستەمی سیاسی کارا دەبێت، ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە بیر و بۆچوون دێنە ئاراوە، سەر دەکێشن بۆ بەدی هێنانی دیدگا و بۆچوونی تازە یان یەکلایی کردنەوە، کە قابیلی پراکتیک بن، ئەمانە هەموویان پێویستن بۆ سەرهەڵدانی سیستەمێکی دیموکراسی. بە کورتی ئەنجامی بەرچاوی لێ دەکەوێتەوە.
لە لای خۆشییەوە کۆمەڵگەی مەدەنی توخمێکی بنەڕەتی لە توخمەکانی سیستەمی دیموکراسی پێک دێنێت، چونکە دیموکراسی ناتوانێت بەردەوام بێت ئەگەر کولتوورێکی مەدەنیی بەهێز و گەلێکی پابەند بە مۆدێل و ئایدیالەکان، وەک حوکمی یاسا و ئازادیی تاک و ئازادیی بیر و باوەڕ و مشتومڕی ئازاد و شەفاف و حوکمی زۆرینە و پاراستنی کەمایەتییەکان، پشتیوانیی لێ نەکات.
کۆمەڵگەی مەدەنیی کارا چەندین توخمی گرنگ بۆ

دیموکراســی لەخــۆ دەگرێــت، وەک: بەشــداری کــردن، لێپرســینەوە، چاکســازیی بەردەوامــی سیاســی. هەروەهــا کۆمەڵگــەی مەدەنیی ڕێکخراو، ڕەنگدانــەوەی مافخوراو یان ماف نەخوراون، کە زیاتر کار دەکاتە سەر پرۆسەی سیاسی. لەم ســۆنگەیەوە ڕێکخراوەکانــی ناحکوومی ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینن لە دەوڵەتانی پێشــکەوتوو یان تازە پێگەیشــتوودا، لە پێک هێنانی سیاسەتیشدا بەشداری دەکات، لە ڕێی پێشکەش کردنــی شــارەزایی تەکنیکی بــە هەموو ئەوانــەی دەیانەوێ سیاســەت بکەن، هاوکات گوشاریش دەخاتە سەر حکوومەت و دامەزراوەکانی سیاســی، دیســان هانی بەشــداری کردنی هاووڵاتیان دەدات، ڕەواجیش بۆ پەروەردەی مەدەنی دەدات. لە هەمان کاتدا ڕاهێنانی سەرکردایەتی دەکات، دەرفەتیش بۆ لاوان و پەراوێزخراوان دەســتەبەر دەکات و وەک ئامرازێک کار دەکات بــۆ هاندانیان تاکوو بەشــداری لە ژیانی مەدەنیدا بکەن، لە حاڵەتێکدا ئەگەر کار کردن لە ڕیز پارتەیلی سیاسیدا چاکترین بژاردەیان نەبێت.

چاکســازیی کردەیی و بەردەوامی سیســتەمەیلی سیاســی هــەردەم گەورەتریــن پشــکی قەبــارە گەورەیــان هەیــە لە دەرەوەی حکوومەتدا، بەڵام هیچ سێکتەرێک لەم بوارەدا بۆی نییــە داوای مافی قــۆرخ کردن بکات. لە ســەر حکوومەت و پارتەیلــی سیاســی و کۆمەڵگەی مەدەنیش پێویســتە پێکەوە کار بکەن بۆ ئەنجامدانی چاکســازیی سیاسی و دیموکراسی. لەم ڕوانگەیەوە کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆژێک لە ڕۆژان نەبووە و ناشــبێتە جێگرەوەی پارتەیلی سیاسی یان سەرکردایەتیی سیاسیی بەرپرس و پێشــکەوتوو. بۆیە لێرەدا نابێت هەرگیز کۆمەڵگەی مەدەنی بە جێگرەوەی پارتەیلی سیاسی دابندرێت، بەڵکوو وەک بەشێکی بنەڕەت و تەواوکەری پارتەکان هەژمار بکرێــن. ئــەو بیرکردنەوەیە هەڵەیە ئەگەر سەرپشــک بین لە

هەڵبژاردنی نێوان گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتەیلی سیاسیدا، بەڵکوو دەبێت بە دوو هاوپەیمانی سروشتی لەقەڵەم بدرێن، لەبەر ئەوە پارتەیلی سیاسی دەتوانن زیاتر لە هەموو کەرتێکی دیکە (لەوانە حکوومەت) کۆمەڵگەی مەدەنی تێکەڵی سیاسەت بکەن. بۆیە گرنگە (سەبارەت بە جۆری دیموکراسی و چالاکیی سیاسیی تایبەتی) کە پارتەکان بەردەوام هانی چالاکی بدەن، بەڵام لە هەمان کاتدا ناکرێ کۆمەڵگەکانی مەدەنی ببنە پاڵپشتی هیچ پارتێکی دیاری کراو، بە تایبەتی کە ئەمە لە بێلایەنییەکەی کەم دەکاتەوە، بەڵکوو پێویستە لەگەڵیدا هاوبەش بێت بە تایبەتیش لەو پرسانەی کە پەیوەستن بە بەرژەوەندیی گشتییەوە. بۆیە کاتێ پارتەکان پەیوەندی بە کۆمەڵگاکانی مەدەنییەوە دەکەن و لە چوارچێوەی هاوکاری کردن لە کێشە و چاکسازیدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، ئەو کاتە دامەزراوەکانی پارتایەتی بەهێزتر دەبن، هاووڵاتیانیش زیاتر ڕێزیان دەگرن. ڕاستە هەمیشە گرژییەکی بەسوود تێکەڵ بە پەیوەندیی نێوان ئەو دوو هێزە دەبێت، بەڵام دەبێت ئەمە ڕێزی دووسەرەی ڕۆڵی سەرەکیی هەردووکیانی لەگەڵدا بێت.

■ سیاسەتی دیموکراسی

ورەی گەل بە شێوەیەک لاواز بوو، بە جۆرێ کە بە هۆی بڕیاری چڕ و پڕ و نەبوونی یاسا و ڕێکار، کە پشت بە بنەمای دامەزراوەیی تەواو دەبەستێت، پشتیان لە پارتەیلی سیاسی و بەشداری کردنی کارای چالاکییەکانیان کرد. کەواتە لەبەر ئەوەی پارتەکان ئامادە نین لەگەڵ هاووڵاتیان پەیوەندییان هەبێت و بە شێوەیەکی باشتر ڕاوێژیان پێ بکەن، بۆیە پشتیوانیی میللی بەم شێوەیە کەم بووەوە. لە کاتێکدا هەڵمەتەکان لە ڕێی میدیاکانەوە بەو ئاراستەیە گۆڕان

که دروشمی سیاسی به سەر ناوەڕۆکدا پەسند کرا.

راپرسی و گرووپەکانی جەختکاری و ئەنجامەکانی دەنگدان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە توێژێکی گەورەی کۆمەڵگە لە هەموو کونــج و کەلەبەرێکی جیهان پارتەیلی سیاســی بــە ناکارا و خەمسارد بەرامبەر پێداویستەکانی گەل لە قەڵەم دەدەن. پارتە رەســەنەکانیش دوای ئەوەی گەنجێکی زۆر هاتنە ناویانەوە، پاشەکشــێیەکی توند لە ژمارەی ئەندامانی بەتەمەنیان رووی دا. لە هەمان کاتدا پشتیوانی بۆ کاندیدانی بێلایەن و پارتەکانی خاوەن بەرژەوەندیی تایبەت و بزووتنەوەکانی دژ بە پارتەکان بەرزتــر بووەوە. بۆیە ســەردەمی میدیا و تەکنەلۆجیای نوێ دوو کاریگەرییــان هەبوو: کەم کردنەوەی رۆڵی پارتەکان لە ڕێی بڵاو کردنەوەی زانیاریی سیاسی و رۆشنایی خستنە سەر ریسوایی و گەندەڵیی پارت. لەم روانگەیەوە پارتەیلی سیاسی ناچار بوون بە هەموو شــێوازێک چارەسەری خاڵەکانی ئەو لاوازییە بکەن کە راستگۆییان تێدا نییە. ئەم شێوازانەش بریتین لە: زیاتر پەرژانە ســەر کێشــەکانی پەیوەست بە رەوشت لە پۆستی گشتیدا، هەروەها نوێ کردنەوەی ژێرخانی پارتایەتی و گواســتنەوەی بۆ دیموکراســی بۆ رەخساندنی دەرفەت لە بەردەم بەشــداری کردنێکی فراوانتر و زیاتر و بەهێز کردنی کرانەوە و شەفافیەت لە ئیش و کاری حکوومەت و سیستەمی سیاسی بە گشتی.

پێویســتە ســەرۆکی پارتەکان لە جیهاندا خۆبەخشینیان بۆ تازە کردنەوەی پارتەیلی سیاســی و سیســتەم و چاکسازی دووبارە بکەنەوە، هەروەها دەبێت رێکخراوەکانی جیهانی بۆ هاریکاریی دیموکراسی، پشتگیری لەم هەوڵانە بکەن و داهاتی زۆر پێویســتیان بۆ دەستەبەر بکەن لە رێی پێشکەش کردنی یارمەتی و شــارەزایی تەکنیکیــەوە. قۆناغی کۆتاییش پێکەوە کار کردنێکی بە خۆیەوە دی لە نێوان گەورەترین سێ کەمپینی

جیهانیی پارتەیلی سیاسی، کە بریتی بوون لە ئایدیۆلۆژیاکانی دیموکراسیی سۆشیالیست، لیبرالی، دیموکراسیی کریستیان، بە مەبەستی بەهێز کردنی پەرەسەندنی پارتەیلی سیاسی. لەم سۆنگەیەوە ئەو سیاسەتناسانە لە ڕێی سێ سەد و پەنجا پارت بە یەکەوە لە زیاتر لە سەد و چل دەوڵەتدا، توانییان پێوانەکانی پێویست بە یارمەتیدانی پارتەکان بە مەبەستی چاکسازیی بنیاتنان و چالاکییەکان پەرە پێ بدەن.

لە نێو ئەو ڕێنماییانەدا پێویستە وەرچەرخانی پارتەیلی سیاسی بۆ دیموکراسی ببێتە سەرلیستی ئەو هەوڵانەی کە بۆ گەڕاندنەوەی متمانەی میللی بۆ پارتەکان و پرۆسەی دیموکراسی خراونەتە گەڕ، چونکە ئەو، گواستنەوە، سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، ئەگەر ئێستا چەند فاکتەرێکی بۆ دابین نەکرێت، وەک بەشداری کردنێکی فراوانتری مەدەنیانە، لێپرسینەوەی سەرکردە و حوکمڕانان، شەفافیەت، هۆکارەکانی پاراستنی دامەزراوەکان، بەڵام بە داخەوە کە ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانەی پابەندن بە پشتگیری کردن لەو دەست پێشخەریانە و توانای پێشکەش کردنی شارەزایی پێویستیان هەیە، ئەوانە کۆمەکی دارایی تەواویان لەبەر دەستدا نییە، تاکوو ئێستا ئەم کارەی پێ بکەن. بە هەمان شێوەش ئەو هەوڵانەی کە دەدرێن ڕووبەڕووی کەمیی پشتگیریی ڕێکخراوەکانی جیهانی دەبنەوە، کە تایبەتن بە هێنانە کایەی دیموکراسیی جیهانی، بەڵام ئەم پشتگیرییە تەنیا پەیوەست نییە بە داراییەوە، بەڵکوو بە ددان پێدانانێکی توندترەوە پەیوەستە، بەو ڕۆڵە یەکلاییکەرەوەی پارتەیلی سیاسی و سەرۆکەکانیان دەیبینن. بۆ نموونە: زۆر جار دامەزراوەکانی دارایی و ئاژانسەکانی جیهانیی یارمەتی هانی دانوستانی گرنگ دەدەن لە نێوان حکوومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەروەها پارەدارشیان دەکەن، بە تایبەتی کاتێ

کارەکە پەیوەســت دەبێت بە پرســەیلی بنەڕەتیی پەرەپێدانی نیشتیمانی و ناوخۆیی، بەڵام وا چاکە نوێنەرانی ئەو پارتە و دارێژەرانی یاسا لەم هەوڵانەدا ئاماژەیان پێ بکرێت.

لە سەر تێکچوونی رەوشی پارتەیلی سیاسی هیچ گلەییەک لــە کۆمەڵگــەی مەدەنــی ناکــرێ، تەنانــەت لەوانەشــی کــە پشتیوانییەکی زۆری بەشداری کردنی هاووڵاتیان لە دەرەوەی چوارچێــوەی سیســتەمی پارتایەتین، ئەمە لە لایەک، بەڵام لە لایەکی دیکەوە نابێ هیچ کەســێک ســوود لە قەیرانی ئێســتا وەربگرێــت، بە تایبەتیش کە تێکچوونی پارتەیلی سیاســی لە کۆتاییدا هەڕەشەیە بۆ لاواز بوونی بنەماکانی دیموکراسی.

لــەو دەیان ســاڵی رابــردوودا ئەو بڕوایە هاتــە ئاراوە، کە یارمەتیــی پەرەپێدانی ئابووری کە دەوڵەتانی کۆمەک بەخش پێشکەشــی دەکــەن، دەتوانێت پلەی گەشــە کردنی ئابووری بێنێتــە دی و ئــەو دەرفەتــەش دابین بکات، کــە دەبێتە هۆی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی لە جیهانی تازە پێگەیشتوودا، بەڵام تا ئەو کاتەی ئەم هەنگاوە ســەرکەوتن بەدەست دێنێت، زۆر جار پرۆســەی ئابووری گەشــەکەی لەدەست دەدات، چونکە لەگەڵ گەشــە کردنی سیاسیدا هاوتەریب نەبووە. بۆیە زیاتر روون دەبێتەوە کە ئەو کێشانەی لە جیهانی تازە پێگەیشتوودا بەردەوام زیاد دەبن و چوارچێوەی نەریتی کۆمەکی ئابووری تێدەپەڕێنن، لەگەڵ ئەوەی ئەو کێشانە سەر دەکێشن بۆ هێنانە ئارای ئەنجامگەلێکی ئابووری، بەڵام مۆرکی ئابووری ناتوانێت خۆی لە قەرەی ئەو کێشــانە بدات، چونکە لە بنەڕەتدا ئەمانە کێشــەی سیاســین، لێرەوە، بە تەواوی پەرەپێدانی بەردەوام توانای چارەسەری کێشەکان پێشنیار دەکات بێ ئەوەی پەنا بۆ توند و تیژی یان چەپاندن ببردرێت.

بە درێژایی دە ســاڵی رابردوو، گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە هەڵوێســتی کۆمەڵگەکانی کۆمەک بەخــش و دامەزراوەکانی

دارایـــی جیهان رووی دا، دوای ئـــەوەی ددانیان بەوەدا نا کە سیستەمەکانی سیاسیی دیموکراسی و ئابووریی بازاڕی ئازاد، دوو ڕووی دراوێکن، هەردووکیان پشتیوانی لەیەکتر دەکەن، کاتـــێ مافەکانی تاک لە کۆمەڵگادا نەبێت، ئەوکاتە قۆرخکاری و گەندەڵـــی و چینایەتـــی و ئاژاوە و بـــێ توانایی لە کێبڕکێدا، بە تایبەتی لە جیهانی زێدە دیموکراســـی و ڕکابەردا، تەشەنە دەکات. لە راســـتیدا، کۆچ کردنی گونـــدی و تێکچوونی ژینگە و سیاســـەتی چەوتی کشتوکاڵ، کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی برســـێتی و کێشـــە و ململانێ، ئەوانـــە هەموویان دەرەنجامی سیستەمەکانی سیاسین، کە قوربانییەکان چ دەنگێکیان نییە و دەزگاکانی حکوومەتیش لە ئاست ئەو ئەرکەی بەرامبەر گەل کەوتووەتە ســـەر شـــانیان، کەمتەرخەم دەبن و داهاتەکانیش بـــۆ بەرژەوەندیـــی تایبەت بەکار دێنن بێ ئەوەی ترســـیان لە چاودێری یان لێپرسینەوە هەبێت.

پێویســـتە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی دیموکراسی داوای جووڵانەوە بکات، تاکوو پارتەیلی سیاســـی لە جیهاندا بە یەکسانی لەگەڵ ئەو بەرنامانە پەرە بستێنن کە چاودێریی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن. بۆیە بەم هەوڵە دەتواندرێ ئەو بەهایانە بەهێز بکرێن، کە تێیدا هاوبەشـــین و خزمەت بە بەرژەوەندیی ستراتیژیمان دەکات. لە هەموو حاڵەتێکدا، ئەو جیهانەی دیموکراســـی تێیدا دەدرەوشـــێتەوە، دەبێتـــە پێگەیەکی زیاتری مرۆڤدۆســـتی و ئاشتی و سەقامگیری و گەشەسەندن.



# پیادە کردنی دیموکراسی
# لە نێو پارتەکاندا

سۆزان سکارۆ

پرۆفیسۆر سـۆزان ئی سکارۆ سەرۆکی بەشی زانستەیلی سیاسـییە لـە زانکـۆی هیوسـتن و تایبەتمەنـدە لـە هەموو لایەنەکانـی نوێنەرایەتـی و بەشـداری کردنـی سیاسـی لە دیموکراتـی پەرلەمانیدا، لەم بـوارەدا خاوەنی چەندین کتێبە لەسـەر پارتی سیاسـی لە کۆمەڵگـەی دیموکراتیـدا لەوانە: (دیدێک لەسەر پارتەیلی سیاسی : خوێندنەوەیەکی نەریتیانە، پارتەکان و ئەندامەکانیان : رێکخسـتن لە پێناوی بردنەوە لە ئەڵمانیا و بەریتانیا، ئایا دیموکراتی وەرچەرخاوە، ئەمە بێجگە لەوەی بە دەیان تویژێنەوە لە گۆڤارەیلی زانستیدا هەیە .

خاتوو سۆزان سـکارۆ ئەم باسە (پیادە کردنی دیموکراتی لە ناو پارتەکاندا)، پێشکەشی ئامۆژگای (NDI)ی کردووە .

(دیموکراسی) لە نێو پارتەکاندا زاراوەیەکی گشتییە، وەسفی کۆمەڵێک هۆکاری هەمەجۆر دەکات کە بۆ بەشداری کردنی ئەندامان لە دانوستانەکانی نێوخۆی پارتدا، هەروەها لە پرۆسەی دروست کردنی بڕیار بەکار دێت. هەندێ لە داکۆکیکاران لە دیموکراسی لە نێو پارتدا مشتومڕ لەسەر ئاستی کردار دەکەن، کە ئەو پارتانە دیموکراسی بۆ ڕێوشوێنی نێوخۆیی بەکار دێنن، بە زۆری سەرکردەی بە تواناتر و سەرنج ڕاکێشتر هەڵدەبژێرن، هەروەها سیاسەتی وا دەگرنە بەر کە زۆرتر بەدەم ڕووداوەکانەوە دێت، لە ئەنجامدا سەرکەوتنێکی گەورەتری لە سەر ئاستی هەڵبژاردن لێ دەکەوێتەوە. لە پاڵ ئەمەشدا، هەندێکیان لەسەر یەک بنەما کۆکن، ئەویش ئەوەیە کە ئەو پارتانەی پێداگرن لە سەر ئەوەی ڕێوشوێنی نێوخۆییانەی دیموکراسی لە ئیش و کار و بڕیارەکانیان بەکار دێنن، ئەوانە بە شێوەیەکی گشتی ڕۆشنبیریی دیموکراسی بەهێز دەکەن.

ئەوانەی لە ســەر ئەرزی واقیعدا کار دەکــەن، ددان بەوەدا دەنێن کە دیموکراسیی نێو پارتەکان چارەسەرێکی سیحراوی نییە بۆ هەموو دەردەکان. هەندێ ڕێوشوێن لە هەندێکی دیکە زیاتــر لەگەڵ چەند ڕێوشــوێنێکی دیکــەدا دەگونجێن، بەڵکوو هەندێکیان وا دیارە پێویستیان بە ماندوو بوونی جیاوازتر هەیە، هەروەک سیستەمە دیموکراسییەکان بوونیان هەیە، پارتگەلی سیاسیش پێویستیان بە دەستەبەری هەیە، یان بە ڕێوشوێنی ڕێکخراو دەبێت، کە دیموکراسیی نێوخۆی پارتی بەهێز دەکات. سەرباری ئەمە، دیموکراسی لە نێو پارتەکاندا کە نموونەیەکی باڵایان وەرگرتووە، لەم ســاڵانەی دواییــدا بایەخێکی زیاتری بەدەســت هێنا، کە توانای ئەوەی تێدایە وێنەی (ڕەگێکی پاک) بکێشــێت کــە هاووڵاتیانی ئاســایی بە حکوومــەت بگەیەنێت. هاوکات سوود دەگەیەنێت بەو پارتانەی کە پەیڕەوی دەکەن، بە شــێوەیەکی گشتی بەشــداری لە ســەقامگیریی سیستەمە دیموکراسییەکاندا دەکەن، کە پارتگەلی سیاسی تێیاندا کێبڕکێ لە سەر دەسەڵات و بەهێز کردنی شەرعییەتیان دەکەن.

ئەم لێکۆڵینەوەیە دەربارەی لایەنەکانی باشی دیموکراسی و مەترســییەکانی لە نێو پارتەکاندا دەدوێت، بە قووڵیش دەچێتە نێــو دیراســە کردنی هەندێ مەســەلەی دیاری کــراوەوە، کە ئەگەری ئەوە هەیە لە کاتی جێبەجێ کردنی زۆر ڕێوشــوێنی نێوخۆیــی هاوبــەش لە پرۆســەی دروســت کردنــی بڕیاردا تووشــی پارتەکان ببێت. جا لەبــەر هەمەڕەنگیی هەلومەرجی پارتەکان و بیر و بۆچوونی سیاسییان، یەک کۆمەڵەی جیاواز لە (چاکترین ڕەفتار) لە حوکمڕانی کردنی نێو پارتەکان بەکار نایەت، بەڵکوو پێویستە سەرکردەی پارتەکان، لە جیاتی ئەوە، دانایانە بیر بکەنەوە لە کاریگەریی ڕێوشوێنە دیموکراسییەکان، کە لە ناوەوەی پارتدا پیادە دەکرێن و هەموو لایەنە چاکەکانی هەر یەکێکیان هەڵدەسەنگێنن.

■ پاساوی پشتیوانکاری دیموکراسیی نێو پارتەکان

پارتگەلــی سیاســی بــە گەمەکــەری یەکلاییکــەرەوەی سیستەمەکانی نوێنەرایەتیی دیموکراتی دەژمێردرێن، پارتەکان یارمەتیدەرن لە دارِشــتنی ئامانجــی کۆمەڵەکان و چاودێری کردنی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی سەرکردایەتیی سیاسی و هێنانە کایەی ئەلتەرناتیفی سیاسی و بەهێز کردنیان و پێشکەش کردنی بژاردەی جێگرەوە و پتەوی هەڵبژاردن بۆ دەنگدەران. یەکگرتنی پارتییانە لە نێو دەســتەکانی یاسادانانی نیشتیمانی بەشداری دەکات لە پێکهێنانی حکوومەتێکی کاریگەر، هەروەها سیاســەتمەدارانی خودی پارت خۆیان بەو لایەدا دەخەن کە بەرپرســیارێتی لە هەمبەر هاوشێوەکانیان لە ئەستۆ دەگرن، زیاتر لە هەر حاڵەتێکی دیکە، بە هۆی چارەنووسی هاوبەشی هەڵبژاردنــەوە کە کاندیدانی ســەرکەوتوو بــە زەبری هێزی دروشمی هاوبەشی پارتەوە، رووبەڕووی دەبنەوە.

بــە کورتی، پارتــەکان رێگەکانی هەڵبــژاردن بۆ دەنگدەران دەستەبەر دەکەن، هەروەها یارمەتییان دەدەن بۆ دڵنیا بوون لــە گۆڕینی رێگە دیاری کراوەکانی کاتــی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەو بڕیارانەی کە لە گۆڕەپانی گشتی وەردەگیرێن. ئەم رایەی کە دەگوترێ بۆ پارتگەلی سیاســی بە ســوودە، کە کەڵک لە سیســتەمە تازەکانی دیموکراســیی هەڵبژاردن وەربگرن کە، بە شــێوەیەکی بەرفراوان باوە، بەڵام ئەو مەســەلەیەی زیاتر مایەی مشتومڕە بریتییە لە: ئایا گرنگە بۆمان چۆن پارتەکان ئەو بژاردەیە بەدی دێنن کە پێشکەشی دەنگدەرانیان دەکەن؟ تــا چەندیش گرنگە بۆمــان؟ با مکورتر بڵێیــن، ئایا پارتەکان پێویســتیان بە گرتنەبەری دیموکراسیی ناوخۆ دەبێ لە پێناو بەهێــز کردنی دیموکراســی لــە چوارچێــوەی کۆمەڵگەیەکی فراوانتردا؟ وەڵامەکان جیاوازن پەیوەســتن بەوەی کە زیاتر جەخت کردنە لە سەر پرۆسەکان یان ئەنجامەکان.

ئــەوەی جەخــت دەکاتــەوە لەســـەر ئــاکاری هاوبــەش لە دیموکراسیدا بایەخێکی گەورەش بە دیموکراسیەتی ناوخۆی پارت دەدات، بەو ناوەی کە ئامانجێکە بۆ خۆی، ئەو دەڕوانێتە پارتــەکان نەک وەک هــۆکار بەڵکوو وەک باوەشــگرەوە کە چاودێریی کارامەیی سیاسیی هاووڵاتیان دەکات، بەڵام بەجێ گەیاندنی ئەو رۆڵە لە بنیاد و پرۆســە تایبەتەکانی دروســت کردنی بڕیاردا، دەخوازێت دەرفەتی کار تێ کردن لە بژاردەکان کە پارتەکان پێشکەشــی دەنگدەرانی دەکــەن، بۆ هاووڵاتیان دەســتەبەر بــکات، بۆیە ئــەو دەرفەتانــە دەتوانــن یارمەتیی هاووڵاتیــان بــدەن لە فــراوان کردنی شــارەزایی مەدەنیانە، کە هاندەرە بۆ بەشــداری کردن لە شــەرعیەتی چارەسەری ئەلتەرناتیفانــە، کــە پارتــەکان دەیخەنــە ڕوو. لــەم ڕێیــەوە دامەزراوەگەلی پارتەکان دەتوانن ئەرکی پەروەردەییانەی بە ســوود جێبەجێ بکەن، لە هەمان کاتدا دەسەڵات بۆ کەرتێکی گەورەتری کۆمەڵگە دەگۆڕێت.

- دیموکراسی نێو پارتەکان لە تایوان:

هێنانــە کایــەی هەڵبژاردنــی بەراییــە لە پارتی نیشــتیمانی (کۆمینتانگ)

پارتی کۆمینتانگ لە تایــوان، لە پەنجاکانەوە تاکوو کۆتایی هەشتاکان، حوکمی دەوڵەتێکی یەک پارتی کرد، لەگەڵ کۆتایی حوکمی سەربازی لە ساڵی ١٩٨٧دا و ڕێنیسانسی پارتەکانی تــازەی ئۆپۆزســیۆن، ئــەم پارتە ڕووبــەڕووی ئاســتەنگی شوێنکەوتووانی ڕێبازگەلێکی تازە بووەوە. بۆ سەرکەوتن بە راسپاردەی هەڵبژاردن، ئەو پارتە بۆ جاری یەکەم هەڵبژاردنی بەرایی داخراوی لە ساڵی ١٩٨٩دا کرد. بۆ دیاری کردنی کاندید بۆ هەڵبژاردنەکان لەو ســاڵەدا، سەرکردەی پارتی نیشتیمانی مکــوڕ بوو لەســەر بەجــێ گەیاندنی گۆڕانــکاری، بەڵام ئەو

گۆڕانکارییەی هەندێ کەس بەوە تاوانباریان کرد، کە بەشدار بوو لە دۆڕاندنی پارتەکەدا. دوو فاکتەر ڕۆڵیان لەمەدا هەبوو: یەکەمیان گۆڕانکاری دەسەڵاتی هەڵبژاردنی لە چنگ تاقمێکی ناوخـۆی پارتەکە داماڵی، ئەو تاقمەش بەوە تۆڵەیان کردەوە کە پاڵپشتیی نەکەن، لە حاڵەتێکدا کاندیدانی پەسند کراویان لە ناولێنانیدا شکست بێنن. دووەمیان: ئەندامانی پارتەکە ئەوانەی بەشــدارییان لــەو هەڵبژاردنە بەراییانەدا کرد، ئاراســتەیەکی پارێزگارانەتریان پیشــان دا، زیاتر لە ئاراســتەی جەماوەری هەڵبژاردنــی پارتەکــە، لە ئەنجامدا کاندیــدەکان ئەوانەی ئەو ئەندامانە هەڵیانبژاردن، وەک پێویســت سۆزی دەنگدەرانیان بەدەســت نەهێنــا، بۆیە پارتــی کۆمینتانگ بــۆ چەندین جار ڕێوشوێنی هەڵبژاردنی گۆڕی، دوای ئەم شکستەش، چەندین ڕێوشــوێنی هێنایە ئاراوە کە بریتی بوون لە تەرخان کردنی ڕۆڵ بــۆ ئەندامــان و تاقمەکانــی ناوخۆی پارتەکــە، لە پێناو پێشکەش کردنی لیستێکی هاوسەنگتری کاندیدان.

ئــەم رایە لەســەر چەنـد بنەمایەکــی بەهێز وەســتاوە، کە جیــاوازە لەوەی کە زۆر جار ئەوەی بە تێڕوانینی حکوومەت دەناسرێ بۆ (پارتی بەرپرس)، بە پێی ئەم نموونە ئەلتەرناتیڤە، بەشداری کردنی بنەڕەتیی پارتەکان لە ئاست دیموکراسیدا و لە پێشــکەش کردنی بژاردەی روون و جودای هەڵبژاردندایە، تاکوو دەنگدەران نوێنەرانیان زیاتر بە حوکمڕانی راسپێرن و لێپرسینەوەشیان لەگەڵدا بکەن. ئەگەر نەیانتوانی بەڵێنەکانیان جێبەجــێ بکەن، لــە روانگەی ئەو تێڕوانینە بــۆ ئەنجامەکان، پێویســتە بەر لە هەموو شــتێک، هەڵســەنگاندن بۆ ژێرخانی ڕێکخســتنی پارت بکــرێ، بە گوێــرەی ئاســتی یارمەتیدانی پارتەکان لە هەڵبژاردنی سیاسەت و فەرمانبەران، بە شێوەیەک ببێتە هۆی رەنگدانەوەی بژاردەی پەســند لە لای جەماوەری هەڵبژاردن بە شێوەیەکی فراوان.

مــەرج نییــە ئــەو نموونانە ناکــۆک بــن، داکۆکیــکاران لە دیموکراســی لــە نێــو پارتەکاندا مشــتومڕ دەکــەن، بەوەی تەکنیکــی پەســند کراویــان تەنیا بــە دەرباز بــوون لە (تاقی کردنەوەی ئەنجامەکان)دا نییە، بەڵکوو بە چەند هەنگاوێک لە دوای ئەوەوەیە، هەروەها پارتەکان ئەوانەی زیاتر پشتگیری لــە بەشــداربوونی لایەنگرانیان دەکــەن، هــاوکات بژاردەی باشتر پێشکەش بە دەنگدەران دەکەن، چونکە چاکتر وایە ئەو پارتانە زیاتر بە رووی ئایدیا و فەرمانبەرانی تازەدا کراوەتر بن، کەمتریش جەخت بکەنە ســەر پاراســتنی دەســەڵات، کە تاقمێک لە ســەرکردەکانی پارت جڵەویان گرتووەتە دەســت. راســتە گومانــکاران تا رادەیەک لەســەر ئــەوە رازین، بەڵام ئــەوان هۆشــیاری دەدەن کــە درێــژدادڕی لــە گرتنە بەری دیموکراســی، دەسەڵاتی ناوخۆی ســەرکردایەتیی پارت کەم دەکاتــەوە، پارتــی ناوبراویــش وا لــێ دەکات بــە زەحمەت بەرانبــەر بەڵێنەکانی هەڵبژاردن وەفــادار بێت. بۆ نموونەش، رێوشــوێنەکانی هاوبــەش بوون بــە مەبەســتی هەڵبژاردنی کاندیــدان، بــە پێــی شــێوەی رێکخســتنیان، یەکگرتوویــی نوێنەرانــی پــارت لە پەرلەمــان لاواز دەکات. لەبــەر ئەوەی رەنگە سەرکردەکانی پارتە نیشتیمانییەکان توانایان لەدەست بــدەن، بە ســایەی بێ بەش کردنی ئەندامانــی یاخی لە مافی دووبــارە ناولێنانیان یان هەڵبژاردنەوەیان، ئەمەش تەنیا یەک نموونەیە دەربارەی شــێوازی کاریگەریــی گۆڕانکاریی تازە لە پرۆســەکانی ناوخۆ بۆ سەر ئەنجامی سیاسی بە شێوەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.

لــەو حاڵەتانەی کــە لەوانەیە هــەردوو لۆژیکی پرۆســە و ئەنجامــە دیموکراســییەکە پێک ناکۆک بن، ئــەو حاڵەتەیە کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەوەی خۆی ماندوو دەکات بۆ بەشداری کــردن لــە پرۆســەکان وەک هەڵبژاردەکانــی بەرایــی پارت،

هەسـتێکی ئایدیۆلۆجی دەیجوولێنێت، کە دڵگەرمیی زۆرینەی لایەنگرانی پارت لە خوارەوەی ئەون، ئەگەر ئەمە راست بێت، ئەوا لیستی کاندیدان کە سەرانی پارتەکان هەڵیان بژاردووە، لەبەر رۆشنایی ئەنجامی راپرسییەکان، بۆ نموونە، نزیکتر بێت لە هەڵبژاردنی پەسند کراوی دەنگدەران بۆ ئەو کاندیدانەی کە هەڵبژێردراون بە پێی ئەو رێگایەی کە لە لایەنی رێوشوێنەوە بە پرۆسـەیەکی دیموکراسـی لە قەڵەم دەدرێـت، بە پێی ئەو سـیناریۆیە رێوشـوێنەکان کە هانی دیموکراسـیی ناوخۆیی پارت دەدەن، سەردەکێشێت بۆ ئەو جیاوازییەی لە پێکهێنانی دەسـتەکانی یاسـادانانداندا خۆی دەنوێنێ، بە پێی پێویسـتیش رەنگدانەوەی ئەو هەموو خەڵکەی هەڵبژاردن نییە.

به شێوەیەکی ئاسایی ئەگەری ئەو دەرەنجامە لە بەشێکیدا دەوەسـتێتە سەر ئەوەی، کە ئایا بەشـداران لە ژیانی پارتدا جیـاوازن بـە شـێوەیەکی کردارەکی لـە سیاسـەتدا لەگەڵ لایەنگرانـی دیکـەی پارتدا، سیاسـەتمەدار و شـرۆڤەکارانی سیاسـەت بە درێژایی سـەدەی رابردوو مەزنـدەی ئەوەیان کردووە کە چالاکوانانی پارت پابەندن بە بیر و باوەڕی سیاسیی زێدەڕۆیـی، زیاتر لە بیر و ڕای هەنـدێ لایەنگرانی پارتەکە، تـا وای لـە هەندێک کرد لـەو بڕوایەدا بن کە گەشـە کردنی کاریگەریی ئەندامەکان تا ئەوپەڕی رادە دەتوانێت سـەرنجی پارتەکـە لـە دیدی ئەندامانی لە قاڵب بـدات. جا لەبەر ئەوەی ئەوان پارت لە هەڵوێستی زێدە میانڕەو دوور دەخەنەوە، کە لایەنگرانـی دیکە بە لای خۆیاندا رادەکێشـن، بەڵام روودانی ئەم جـۆرە لێکەوتانە بە راسـتی دەبێتە پرسـیارێکی کراوە، ئەگەر توێژینەوە ئەنجامی یەکلاییکەرەوە دەربارەی ئەم خاڵە بەدەسـتەوە نەدەن، ئـەو گریمانەیە کە توانـای خۆڕاگری و یەکگرتن پشـتی پێ بەسـتووە، هەتا ئەگەر راستیش بێت کە ئەندامەکان چالاکتر بن، ئەوا ئەوان زیاترلە دەنگدەرانی پارت

پابەند بن بە بنەچەخوازیی سیاسییەوە، کاریگەریی چاکسازان کە مەبەستیان پتەو کردنی دیموکراسییە، هەمیشە پەیوەست دەبێت بە خاڵی دەست پێ کردنی ئەو چاکسازییانە، گواستنەوە لە دەسەڵاتی بژاردەوە بۆ نموونە، بۆ ئەو رێوشوێنانەی کە دەسەڵات بە چالاکوانان لە کۆنگرەی پارتەکاندا دەبەخشێت، تاکوو بڕیارگەلێکی زیاتر ئایدیۆلۆژی بدەن، لە کاتێکدا گواستنەوەی بڕیاردان لە کۆنگرەی پارتەوە بۆ دەنگدانی پۆستەیی لە سەر دەستی هەموو ئەندامان، سەنتەری هێز لە ئەندامێکی زیاتر خۆبەخشەوە لە سەر ئاستی ئایدیۆلۆژی بۆ ئەندامە ئاساییەکانی کەم چالاک دەگوازێتەوە، واتە ئەوانەی دید و بۆچوونیان نزیکترە لە رای جەماوەری هەڵبژاردن کە پارت مەبەستیەتی.

هەڵبەت، جیاوازییە راستەقینەکە لە نێوان ئەندامانی چالاک و لایەنگرانی دیکە هەر چییەک بێت، ئەوا دیداری پارتییانە دەربارەی چاکسازیی چاوەڕوان کراو، دەخوازێت کە زۆر جار ئەو جیاوازییانە هەبن و زۆر روونیش بن. ئەم ئەگەرە بە راستی هەندێ جار هۆیەکە بۆ چاکسازی، لێرەدا رەنگە نەیارانی گواستنەوەی بڕیار بۆ ئەندامان بە گشتی مەبەستیان ئەوە بێت، کە (دیمواکرتیزە بوون) بە ئەسپەکەی ترۆ (ترواده) بچوێنن، بە ئامرازێک توانای سەرکردەکانی پارتگەلی نیشتیمانی لەسەر حیسابی سەرکردەکانی پارتگەلی ناوخۆیی و هەرێمی زاڵ بێت (ئەمەیان خاڵێکی ناوەندییە بیر و بۆچوونی پارتی کارتل (پارتی فیدرال) دەیخاتە ڕوو، کە باس لەوە دەکات چۆن رێکخستنی هاوچەرخانەی پارتەکان بۆ بەرژەوەندیی کێ گۆڕاون، ئەم رایە لە نەوەدەکاندا کەوتە ژێر کاریگەریی توندی ئەزموونی پارتی کرێکارانی بەریتانیاوە، هەروەک یەکێک لە داکۆکیکارانی بە ناوبانگی وەسفی بەشێکی گەورەی (دیموکراتیزە بوون)ی کرد، کە ستراتیژێکە بۆ بەهێز

کردنی ئەندامێتی و لە هەمان کاتدا سەربڕینی.

ڕەخنەگـران پێیـان وا بوو، چەند حاڵەتێکـی دیاری کراوی دیموکراتیـزە بوونـی بەرنامەڕێژانـە لـە نێـو پارتەکانـدا دەرکەوتووە، تەنیا چەند تەدارەکێکی مەبەسـت شاراوەیە بۆ بەهێز کردنی پێگەی سـەرکردە پارتەکان لە سـەر حیسـابی ئەندامانـی چـالاک، بـەڵام ئـەو ڕەخنەگرانـە ئەگەر ڕاسـت بکـەن یان بـە هەڵەدا چوو بن، ئەوا واقیعـی بڵاو کردنەوەی هەمـان پاسـاو بـێ ڕەچـاو کردنـی قەبارەکەی، قورسـیی هەڵسەنگاندنی گۆڕانکارییەکانی ڕێوشوێن دەردەخات، دوور لەو کاریگەرییانەی بە سەر ئەنجامەکان سەپێندراون. لێرەوە ئیدی دەردەکەوێت، ئەو چاکسازییانە کە مۆرکێکی دیموکراسی بەبەر پارتدا دەکەن، زەحمەتییش بۆ پارتەکان دروست دەکەن کـە تـا ڕادەیەک و وەک هـەر گۆڕانکارییەکی پەیوەسـت بە ڕێکخراوێک، ئامانجەکانی دیکەیان لە سـەر هەردوو ئاسـتی پێوانەیی و هەڵبژاردن بپێکن، وەکوو ئامادە کردنی لایەنگران و داڕشـتنی بەرنامەی سیاسـی و حوکمڕانی بە شـێوەیەکی کاریگەر، بەڵام چۆن پارتەکان ئەو کارلێکانە هەڵدەسەنگێنن؟ ئەوا لە بەشـێکیدا هەڵوەسـتە لەسـەر ئامانجەکانی دەکرێت: ئایا بە شـێوەیەکی بنەڕەتی جەخت دەکاتە سەر سەرکەوتنی هەڵبـژاردن، یـان چەند ئامانجێک دەسـت نیشـان دەکات کە بەرەو پرۆسـەکە ئاراسـتە بکرێن؟ ئەمەش زیاتـر مەیلی بۆ ئەنجامدانی کاری ناوخۆیی و هاوبەشـایەتی هەبێت؟ هەندێ پـارت، لەوانە پارتی سـەوز، دەخرێنە ئەو خانەی کۆتاییەوە، کـە پابەند بوونی خـۆی بە گۆڕینی ڕەفتارگەلی سیاسـی لە کۆمەڵگـە ڕادەگەیەنێت، هەر لە ڕەفتاری خۆبەخۆی ناوخۆوە تا ئەوانی دی، بەڵام کەم لە پارتەکان بۆ ماوەیەکی دیاری کراو لە درێژەدان بە سیاسەت سەردەکەون، ئەو ماوەیە هەر چەند بێت، کە جەخت کردنەوەکەی زیاتر لە سـەر ڕێوشـوێنەکانە،

جـا چاکتر وایـــە زۆربەیان گۆڕانکاریی دیموکراســیانە پیادە بکەن، تەنانەت پێـوەی پابەند بن، ئەگەر دەرکەوت کە لەگەڵ ئامانجەکانـــی دیکەی پارتدا ناکۆک نین، وێڕای ئەمە، تەنانەت خودی پارتەکان کە پابەندییەکی بەهێز بۆ ڕێوشوێنی بەشداری کردن پیشـــان دەدەن، ئەوانە لە لێکدانەوەی واتای ئەو پابەند بوونە جیاوازیش دەبن: ئایا پێویســـتە کە ئەو ڕێوشـــوێنانەی یارمەتیی گواســـتنەوە بەرەو دیموکراســـی دەدەن، لایەنگران بەهێز بکـــەن یان بڕوایان بە نوێنەرایەتـــی کردنێکی چاکتری گرووپەکانـــی هەڵبـــژاردن هەیە؟ بـــە کورتی، ڕەنگـــە فراوان کردنی دیموکراســـی لە نێو پارتەکاندا سوودی هەبێت بۆ ئەو پارتانەی چاکسازی جێبەجێ دەکەن. ئەم گۆڕانکارییانە ئەرکی زیاتر دەخەنە ســـەر شـــانی پارتەکان، بۆیە پێمان وایە، کە وا باشـــە لە نزیکەوە ئـــاگاداری ڕێی بەردەم کاری ڕێکخســـتنی نێو پارتەکان ببین، بە مەبەســـتی تێگەیشتن لە سروشتی ئەو کارلێکانەی کە پەیوەستن بەم باسەوە.

■ پارتی ســـەوز لە ئەڵمانیا، چ مەترســـییەک دیموکراســـیی زێدەڕۆ لە نێو پارتەکان دێنێتە بەرهەم؟

پارتی سەوز وەک پارتێکی سیاسی لە ساڵی ١٩٨٠دا دامەزرا، لە شـــوێنێکدا کە لـــە حەفتاکاندا کاریگەریـــی بزووتنەوەگەلی نەیاری کۆمەڵایەتیی بە سەرەوە بوو، لە سەرەتاوە، پارتەکە بە هێنانە کایەی شێوازێکی ڕێکخستن پابەند بوو، کە دەسەڵاتێکی زۆر بخاتـــە دەســـت (بنکـــەی میللی)یـــەوە، بە شـــێوەیەک کە فەرمانبەرانی ســـەر بە پارتەکە بـــن، نەک بە پێچەوانەوە. ئەو پرەنســـیانەش لـــەوەدا ڕەنگیان دایـــەوە: یەکەم لـــە برەودان بە بەســـتنی کۆبوونەوەی پارتییانە، لە پێناو دەســـت نیشـــان کردنی سیاســـەتەکانی پارتەکە بەرانبەر کێشەی جۆربەجۆر. ئەم کۆبوونەوانە کە بە شـــێوەیەکی گشتی دەبەسترێن، وەک کرانەوە بوون بە ســـەر هەردوو ئاستی ناوخۆ یان هەرێمی،

بــۆ بەشــداری کردنی ســەرجەم لایەنگرانی پارتــی. ئەمەش تەنیــا بۆ ئەندامانی پارتەکە نەبوو کە مووچەیان هەیە، لەبەر ئەوەی بەشــداری کردنــی پارتەکە لــەو کۆبوونەوانەدا تەنیا تایبەت بوو بە ڕێژەیەکی کەمی ئەندامانی، بۆیە ســەیر نەبوو کــە کۆمەڵەیەکی بچووکی ئەندامانی پابەند، ڕۆشــنایی بخەنە سەر ئەو بڕیارانەی کە بیر و بۆچوونی فراوانی پارت ناخەنە ڕوو، دوای چەندیــن ســاڵ لە پیــادە کردنی ئــەو ئەزموونە، پارتگەلی فەرمیی سەوز دەست پێشخەرییان کرد بە گۆڕینی یاســاکانیان، لە ڕووی بایەخەوە کۆبوونەوەی ئەندامانیان بە شێوەیەکی بنەڕەت سووکتر کرد، زیاتر جەختیان کردە سەر کۆنگرەی نوێنەران، هەروەها لە پرۆســەی دروســت کردنی بڕیاردا، دەســتیان بە دوورخستنەوەی ئەوانە کرد کە ئەندام نین.



■ ڕێکخستنی پارتایەتی: ڕەهەندی بنەڕەتانە

هەموو ئەو پارتانەی لە هەڵبژاردندا ڕکابەری دەکەن، جۆرێک لە ڕێکخستن لە دەرەوەی دەستەی یاسادانانی نیشتیمانی بۆ خۆیــان ئامادە دەکەن، ئەو ڕێکخســتنەش لــە هەندێ حاڵەتدا شــێوەیەک وەردەگرێت، کە خاڵییە لە شتی فەرمی، هەروەها دەکــرێ بچێتە نێــو قۆناغێکی هەمیشــەیی مــت بوونەوە، لە میانی مــاوەی هەڵبژاردنەکاندا. لە بەرانبــەردا، ڕەنگە هەندێ پارتی دیکە باشترین ڕێکخستنی دیکەی شارەزاتریان هەبێت، ســەرباری هەبوونــی چەنــد تۆڕێکی چڕوپڕ لــە گرووپگەلی ناوخۆیــی، کــە چالاکیــی بالایان دەبێــت بــە درێژایی خولی هەڵبژاردن. جێی ئاماژە پێ کردنە کە ئەندامانی پارتی زۆرتر شــوێنێک لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا دەگرن، ڕەنگە جیاوازیی ئەگەرەکان جۆرە ئاســتەنگێک بخاتــە بەردەم بەراورد کردن لەبارەی شــێوازەکانی ڕێکخستنەوە، کە ئەم پارتانە پەیڕەوی

دەکـــەن، یان لە دۆزینەوەی ئەوەی کە چاکســـازیی پێشـــنیار کراو لە ڕێبازی هەر پارتێک لەو پارتانە هەمواری دەکاتەوە، بۆیە لێرەدا بە مەبەستی ئاسان کردنی پێناسەیەک بۆ هەندێ زاراوە کە لە جیا کردنەوەی بژاردەکانی ڕێکخستنی پارتایەتی و دانانـــی بەراوردێـــک لـــە نێوانیاندا یارمەتیمـــان دەدەن. لەو زاراوانـــە، دوو پێوەری بە یەکەوە پەیوەســـت دەخەینە ڕوو: هاوبەشـــکاری و ســـەنترالیزم، هەردووکیان یارمەتیدەرن لە وەســـف کردنی ئـــەو هۆکارانەی کـــە چەند پارتێکـــی دیاری کـــراو بەکاریان دەهێنن بۆ هەڵســـوکەوت کـــردن، بەوەی کە دەتوانـــێ بگاتە ئەو جۆرە ئەرکە بنەڕەتییانە لە حوکمدا، وەک هەڵبژاردنی سەرکردە و کاندیدان بۆ پۆستی فەرمی.

هاوبـــەش بـــوون: بـــە هۆیـــەوە ئاســـتی فراوانیـــی ئەڵقەی دروستکەرانی بڕیار لە نێو پارتدا دەدۆزینەوە، بە پێی سیستەم بڕیارەکە زیاتر پەیوەســـت بوو بە کۆمەڵێکی دیاری کراو کە یەک ســـەرکردە یـــان گرووپێکـــی بچووک لە ســـەرکردەکان بڕیاری سیاســـییان لە دەستدا دەبێت، لە کاتێکدا ئەوانی دیکە هیچ ڕۆڵێکی پێویستیان لەم پرۆسەیەدا نابێت، بەڵام لای ئەو پارتانـــەی مەیلی زیاتریان بۆ بەشـــداری کردن هەیە، هەموو ئەندامانـــی پارتەکە و تەنانەت هەموو لایەنگرانیشـــی ســـوود لە دەرفەتی بەشـــداری کردن لـــە دەرکردنی بڕیار دەربارەی پرسی گشتی دەبینن، وەک هەڵبژاردنی سەرکردەی پارت یان کاندیدانی. جا لەبەر ئەوەی هاوبەشـــکاری مەسەلەی ڕێژەوە، هەروەها پرســـی چەنـــد بنەمایەکە، بۆیە زۆرینـــەی پارتگەلی بەشـــدار بـــوار لە بـــەردەم گفتوگـــۆی کراوەدا پێـــش قۆناغی دەرکردنـــی بڕیـــار دەڕەخســـێنن، لایەنگرانی فـــراوان کردنی دیموکراســـی لە نێـــو پارتەکاندا هەوڵ دەدەن، بە ئاراســـتەی زیاتری بڕیاری هاوبەش، پاڵ بە دیموکراسییەوە بنێن.

ســـەنترالیزم: وەســـفی رادەی ئـــەو کاریگەرییـــە دەکات کە

لـــە ئاکامـــی دەرچوونی بڕیارێکـــەوە بە ســـەر کۆمەڵێک یان دەســـتەیەکدا ڕەنـــگ دانەوەی دەبێت، ئەویش لـــە پارتێکدا کە بە پلەیەکی زۆری ســـەنترالیزم ناسرا بێت. لیژنەی ڕاپەڕاندن بـــە شـــێوەیەکی ڕێـــک و پێک کـــۆ دەبێتەوە، ئەو دەســـەڵاتی دەرکردنی بڕیاری هەیە، کە لەسەر هەموو ئاستەکانی پارتدا دەدرێن، بەڵام لای ئەو پارتانەی مۆرکی ناسەنتراڵییان هەیە، چاکتر وایە لیژنەی نیشتیمانیی پارت بە شێوازێکی خاوتر کۆ بێتـــەوە و جەخت بکاتە ســـەر هەماهەنگی و پەیوەندیی زیاتر لە پێشکەش کردنی ڕێنمایی بۆ پارتەکە. هەڵبەت لە شوێنێکی ناوەڕاستی پێوانەی سەنترالیزمدا، ئەوا پارتی بە (ناسەنترالی ڕێک: Stratarcbical Party) ناسراوی لێ دەکەوێتەوە، کە تێیدا بڕیـــار ناســـەنترالانە دەبێت و لـــە نێوان چینەیلـــی جوگرافیی ڕێکخســـتندا دابەش دەبێت، بـــەڵام ناکەونە ژێر باری تاقمێکی پارتەوە، بۆیە لای هەموو ئەو ئاســـتە جیاوازانەدا، دیارە ئەو نموونانە کە پەیوەســـتن بە بەجـــێ گەیاندنی هەموو ئەرکێکی پارتایەتـــی و لـــە هەموو ئاســـتەکاندا جەماوەرێکـــی زۆریان دەبێـــت لە دەوڵەتانـــی فیدراڵدا، کە تێیانـــدا پارتگەلی هەرێمی ڕووبـــەڕووی خەمگەلـــی تایبەتـــی سیاســـی و پێشـــینایەتیی هەڵبژاردن دەبنەوە.

ئەو ڕێکخستنانەی پارت تایبەتن بە کۆمەڵێکی دیاری کراو، کە مەیلی ئاراستەی سەنتراڵییان هەیە، بەڵام جێی ئاماژەیە کە پێچەوانەی ئەمەش مەرج نییە ڕاست بێت، ڕەنگە ڕێکخستنێک کە بانگەشـــەیەکی زۆری بەشـــداری کردن دەکات، دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیار بداتە دەســـت یەکەی لاوەکیی خۆی، ( وەک پاڵپشـــتی کـــردن لـــە هەڵبژاردنـــی پاڵێوراوێک بـــۆ ئەندامانی ناوخـــۆی پارت)، بەڵام ڕەنگە دیســـان پرۆســـەی دەرکردنی بڕیار جەخت بکاتە سەر کەم کردنەوەی دەسەڵاتی یەکەکانی ڕێکخســـتنی لاوەکـــی لە نێو پارتـــدا تا کەمتریـــن ڕادە، (وەک

ئەوەی هەڵبژاردنی سەرکردە بە دەنگدان بکرێت کە هەموو ئەندامان بگرێتەوە، لە باتی نوێنەرانی پارتەکانی ناوخۆ یان هەرێمی). بە زمانێکی دی دەڵێین، مەرج نییە ناسەنترالیزم و دیموکراتیزە بوون بە یەکەوە بلکێن، لە راستیدا، ئەگەری ئەوە هەیە لە نێو پارتەکاندا سەرکردەی نیشتیمانی لە هەندێ حاڵەتدا داکۆکی لە دیموکراسی بکەن، چونکە بە رێگەیەکی دادەنێن کە سەرکردەی پارتگەلی هەرێمی لاواز دەکات (پاشتر بە درێژی دێینە سەر ئەم باسە).

هەڵبەت سێیەمین زاراوەی بەکارهاتوو لە وەسفی ژێرخانی پارتایەتی بریتییە لە بە دامەزراوە کردنی رێکخستن. دەکرێ چەمکی بە دامەزراوە کردنی پارتانە بەکار بێت بۆ رووماڵ کردنی چەندین جیاکاریی هەمەجۆر، لەوانە بێلایەن بوونی پارت لە چاو گەمەکەرانی دی، هەروەها لە ئاستی پەرەپێدانی رێکخستنی ناوخۆی پارتیشدا، تا چەند لایەنگرانی پارت رەچاوی ئەوە بکەن کە پارتەکەیان یاریزانێکی گرنگ و دەستەیەک را و بۆچوونیان بەرجەستە دەکات. ئاستی بە دامەزراو کردنی پارت زیاتر بە واتای رێکخستنانەی بە دوو خەسڵەتی بنەڕەت دەناسرێتەوە، کە بریتین لە پلەی خەسڵەتی شێوەیی کە بە سەر رێکاری ناوخۆیی پارتدا دەردەکەوێت، هەروەها ئاستی ئەو ژێرخانە رێک و پێکەی کە پارت بە درێژایی بازنەی هەڵبژاردن هەیەتی، بە دامەزراوەیی کردنی سنووردار بە گشتی پارتە تازەکان جیا دەکاتەوە، بە تایبەتی کە پەرەپێدانی ژێرخانی شێوەیی و تۆڕی فراوانی رێکخستن ماوەیەک دەخایەنن، بەڵام بەرانبەرەکەی راست نییە، چونکە پارتی قایم هەرگیز پشت بە ئاستێکی بەرزی بە دامەزراوەیی کردن نابەستێت، هەروەها مۆرکی دامەزراوەیی بە سەر ئەو پارتانەوە دیارە کە بە شێوەیەکی گشتی، ئەوپەڕی دیموکراسیی ناوخۆیی پەیڕەو دەکەن، چونکە ئەو پارتانە پێویستیان بە

یاســاگەلێک دەبێت بەشــدارانی شایستە دەست نیشان بکەن، هەروەها بنەماکانی بردنەوە لە کێبڕکێی ناوخۆیی، بەڵام پلەی باڵای بــە دامەزراوەیی کــردن بە تەواوی مانای ســەپاندنی دیموکراســیی ناوخۆیــی نییــە، هەروەها ژێرخانــی باڵای بە دامەزراوەیی کردن هەموو کات ژێرخانێک نییە، کە لە ناخیدا دیموکراسی بپارێزێت. لە راستیدا، رەنگە چاکسازیی پارتگەلی بە دامەزراویی کراو، کە لە ناوەوە دیموکراسی نین، زەحمەتتر بێت لە چاکسازی کردنی ئەو پارتانەی کە پەیڕەوی سیستەم و رەفتاری کەمتر چەسپاو دەکەن.

بە چاوپۆشــی لەوە، بە شــێوەیەکی گشــتی ئاســتی باڵای بــە دامەزراوەیــی کــردن لە پارتگەلی سیاســیدا، بــە خێر و خۆشی دادەندرێت بۆ سەقامگیریی سیاسیی دەوڵەت، چونکە سیســتەمی ناوخۆیی پارت تا رادەیەکی کــەم یارمەتیی کەم کردنەوەی ململانێی توێژەکان دەدات، یان لایەنی کەم بە پێی رێگاکانــی چاوەڕوان کراوی ئــەم ململانێیانە بەڕێوە دەبەن، زۆر جاریش دەســەڵاتی پارت بــە هێمنی دەگوازێتەوە، بەڵام هەتا ئەگەر بە دامەزراوەیی کردن پێویســتیش بێت، زەحمەتە بــە ئەنقەســت ئەندازەڕێژ بکرێــت، چونکە بــە دامەزراوەیی کردن تا رادەیەک زادەی کاتە، لەوانەیە داب و نەریت بایەخی سیســتەمی نووسراو لە دیاری کردنی پۆستەیلی خوازراو لە چوارچێوەی پارتدا زیاتر لە هی دیکە کەم بکاتەوە، هەروەها دامەزراندنــی بنکەیەک لە لایەنگرانی رێکخــراو و وەفاداران، بە لای کەمــەوە چەندین خولی هەڵبژاردن دەخایەنێت. ئیدی، ناکرێ لە خۆڕا رادەیەکی بەرزی دامەزراوەیی بســەپێندرێت، کــە مــەرج نییــە ســیفەتێک بێت ســەرانی پــارت حەزیان لە بەهێــز کردنی بێت. ئەوەی چاوی لەوەیە ژێرخان و پێگیریی هەمیشەیی پارتایەتی دروســت بکات، دەتوانێت پشتیوانی لە تەگبیری تایبەت بکات، کە مەبەستی دارشتنی سیستەمگەلێکە

که مۆرکی شـێوەییان هەیە، هاوکاریشـن لـە گۆڕینی مەیلی کەسـانە بۆ مەیلی پارتایەتی، ئەمەش بە دامەزراوەیی کردنی پارت بەهێز دەکات، بەڵام لەم رووەوە بە دامەزراوەیی کردن لـە لای پارتگەلـی لاواز، دیـارە لە دیـدی ژمارەیەکی زۆری سـەرکردەکانەوە، بە تایبەتیش ئەوانـەی کۆمەڵێکی بەهێز لە شـوێنکەوتووانی خۆیان هەیە، مەترسـییەکە و هەڕەشـە لە دەسەڵاتی تایبەتیان دەکات.

زاراوەکانی هاوبەشـکاری و سـەنترالیزم و دامەزراواندن، یارمەتیـی وەسـف کردنی جیاوازییەکانی رێکخسـتن دەدەن لە نێـو پارتەکاندا، گۆڕانکارییەکانی نێـو هەموو پارتەکانیش بـە درێژایـی کات جیا دەکەنـەوە، بەڵام نابێت ئـەو زاراوانە بەو شـێوەیە وەربگرین کـە وەک پێناسـەی دوو لایەنە بن، بەڵکـوو وەک زاراوەیەکن وەسـفی پێوانەگەلێـک دەکەن کە پارتـەکان تێیاندا پلەیـەک یان یەکی دی داگیـر دەکەن، ئنجا یـان هاوبەشـکاری یـان سـەنترالیزم یاخـود دامەزراواندن یـان لە نێو ئەوانەدا دەبن. ئەگەر لـەو روانگەیەوە بیرمان لە پارتەکان کردەوە، ئەوا دەتوانین وشەگەلێکی وردتر بەدەست بێنین بۆ وەسـف کردنی ئەوەی مەبەسـتمانە لە کاتی قسـە کردن لەبارەی فراوان کردنی دیموکراسـی لە نێو پارتەکاندا. راسـتە گۆڕانکاریی سیاسی کە دیموکراسی لە نێو پارتەکاندا فراوان دەکات، بە پێی پێناسـە کردنی خۆیان هاوبەشـکاری زیـاد دەکـەن، بـەڵام بنەماکانـی گۆڕانکاری (بە ئاراسـتەی دیموکراسـی) لـە هەر حاڵەتێکدا بێت دەوەسـتێتە سـەر ئەو پلەیـەی کـە پارت بـە پێوانەی (هاوبەشـکاری) لـە بنەڕەتدا هەیەتی، وێڕای ئەمە، پێویستە لە کاتی هەڵسەنگاندنی شوێنی گۆڕانکاری لە رووی چەمکی هاوبەشـکارییەوە، ددان بەوەدا بندرێـت کـە ئەم گۆڕانکارییـە هەردەم بە تەنیـا روو نادات، بەڵکوو راستتر ئەوەیە کە کاریگەری دەخەنە سەر شێوەکانی

دیکـەی ڕێکخســتنیش، وەک ئاســتەکانی ســەنترالیزم و بــە دامەزراوەیی کردن (دامەزراوانــدن). لە قۆناغێکی دیکەدا، بە درێــژی ئەو ڕێگایــە ڕوون دەکەینەوە کە تێیــدا گۆڕانکاریی هاوبەشکاری کاریگەریی بۆ سەر شێوەکانی دیکە دەبێت، کە پەیوەستن بەو میکانیزمانەی لە فراوان کردن و لە چوارچێوەی هاوبەشکاریدا بەکار هاتوون.

■ هەڵبژاردنی بەراییانەی پارتایەتی لە ئەرجەنتین

ئەرجەنتیــن لــە ســاڵی ١٩٨٣دا ئــەو ڕژێمــە دیکتاتۆرییــە ســەربازییەی رووخاند کــە حوکمی وڵاتی دەکــرد، جارێکی دی دیموکراسیی هەڵبژاردنی چەسپاندەوە، یەکەم یاساش کە کۆنگرێسی تازە هەڵبژێردراو پەیڕەوی کرد، یاسای پارتەکان بــوو کە لە ســاڵی ١٩٨٥دا دەرچوو. مەرجیشــی ئــەوە بوو کە ئەو پارتانەی بنکردایەتییان هەبێت کە ســیفەتی شــێوەیی بــە بەردا گیــرا بێت و کۆنترۆڵــی حوکمی ناوخۆیــان بکەن، هەروەها هەڵبژاردنی دیموکراسیانەش بکات بۆ پڕ کردنەوەی پۆستەکانی سەرکردایەتیی پارتەکە، یاسای پارتەکان مەرجی بۆ ئەو پارتانە دانەناوە کە دەبێت هەڵبژاردنی بەرایی بکەن بۆ هەڵبژاردنــی کاندیدان، بەڵام پارتەکان زیاتر پەنایان بردە بەر ئەم ڕێگەیە بۆ دەست نیشان کردنی کاندیدان بۆ هەڵبژاردنی ویلایەتەکان و هەڵبژاردنی نیشــتیمانی. لەگەڵ ئەوەی کە ئەو ئامرازانەی هەر پارتێک بۆ خۆی هەڵیبژاردن، لە هەڵبژاردنێکەوە بــۆ هەڵبژاردنێکی دی جیــاوازە. هەندێ پارت تەنیا ئەندامانی تۆمار کراویان لە هەڵبژاردنەکانی بەرایی پارتدا بەشداری پێ دەکرد، لەگەڵ ئەوەی هەندێکیان دەســتیان کرد بە هەڵبژاردن نــەک تەنیا لە بەردەم ئەندامەکان، بەڵکوو لە بەردەم ئەوانەی کە سەر بە پارتەکانی دیکەش نەبوون.

■ پیادە کردنی دیموکراسی لە نێو پارتەکاندا

ئـەو رێچکـە پەیـڕەو کراوانـە چیـن بـۆ فـراوان کردنی چوارچێوەی هاوبەشـکاری لە رێکاری پارتایەتیدا؟ هەروەها ئەو رەچاو کردنە پراکتیکیانەش چین کە پەیوەستن بەو ئەرکە تەکنیکیانەوە؟ هیچ بوارێک نییە بۆ رووماڵ کردنێکی تەواوی ئەو شـێوازانەی پارتەکان پەیڕەوی دەکەن، بۆ تێکەڵ کردنی لایەنگـران بەو ژێرخانە بنەڕەتییەی کە پرۆسـەی دەرکردنی بڕیـاری لەسـەر بنیات نـراوە، بەڵکوو ئاسـانترە کە هەندێ بژاردەی بەرایی کورت بکرێنەوە، کە پارتەکان لە کاتی پیادە کردنی شـێوازەکانی دیموکراسـیی ناوخۆیی پارتدا، کە زۆر باون، پشتیان پێ دەبەسـتن. ئەم بژاردانەش لە چوارچێوەی سێ ناونیشانی سـەرەکیدان: هەڵبژاردنی کاندیدی پارتەکان، هەڵبژاردنـی سـەرانی پارتـەکان، دیاری کردنی هەڵوێسـتی سیاسی.





■ هەڵبژاردنی کاندیدان

ئامـادە کردنـی کاندیـدان و هەڵبژاردنیـان ئەرکێکـی یەکلاییکـەرەوەی پارتەکانـە، چونکـە ناسـنامەی کاندیـدان کـە هەڵدەبژێردرێن، هەروەها ئاسـتی دڵسـۆزییان، رۆڵێکی گرنـگ لە دیاری کردنی وێنەی پارتەکان لە میانی هەڵبژاردن و پڕکردنـەوەی پۆسـتی رەسـمیدا دەسـت نیشـان دەکەن. ئەو پارتانـەی ئارەزوویانە بازنەیەکـی فراوانی لایەنگرانیان لەو پرۆسـەیەدا بەشـداری پێ بکەن، بە شـێوەیەکی گشتی پشـت بە یەکێک لەو دوو ئامرازانە دەبەسـتن: یان دەنگدانی راسـتەوخۆ لە لایەن لایەنگرانێکەوە کە شـیاوی هەڵبژاردنن، لـە هەنگاوێکدا کە زۆر جار بە هەڵبژاردنی بەرایی ناسـراوە، یانیـش هـەر دامەزراندنێکـی دیکـە کـە لە رێـی جۆرێک لە ئەنجومەنـی پارتەکانـەوە بەڕێوە دەچێـت. هەروەها دەکرێ

ئەمـــی دوایی ئەنجومەنێک بێت هەموو (کۆمەڵەی هەڵبژاردن) یان ئەنجومەنێک کە نوێنەرانی هەڵبژێردراو بۆ ئەم مەبەستە لەخۆ بگرێت.

ئـــەو رێکارانـــەی پەیڕەو دەکرێن هەر چۆنێک بن، لە ســـەر پارتەکان پێویســـتە بڕیار لەوانە بدەن، کە شـــیاوی بەشداری کردنن. بە گشـــتی پارتەکان پرۆسەی بەشداری کردن تایبەت دەکەن بە ئەندامانی تۆمار کراوی پارت. ئاشکراشـــە، هەندێ جـــار دەرگای بەشـــداری کـــردن والا دەکەن، تاکـــوو هەموو لایەنگرێکـــی خەمخۆر بگرێتەوە. راســـتە زێدە سیاســـەت رێ بە هاوبەشـــکاریی زیاتر دەدات، بەڵام کرانەوە پارت تووشی ئـــەوە دەکات کـــە کەســـانێک دزە بکەنـــە نێـــو ریزەکانییەوە، کـــە لەگەڵ دیدگایـــدا نەگونجێن، یان کەســـانێک کە بە توندی نەیاری بن. لێرەدا، هەمیشە پارتەکان دیاری کردنی بەشداری کـــردن بە ئەندامانی خاوەن پلە بەرز راســـت دەکەنەوە، زۆر جاریش لێهاتوویی ئەندامێتی، وەرگرتنی ئابوونەی پارتایەتی دەگرێتـــەوە. هەروەها چەنـــد پارتێک مافـــی رەت کردنەوەی ئەندامێتیی ئەو کەســـانە بە خـــۆی دەدات، کە دژی بەهاگەلی جەوهەریی پارت رەفتار دەکەن. وێڕای ئەمە، لەوانەیە پارتەکان مـــاوەی چاوەڕوان کـــردن رەت بکەنەوە بەر لـــە بواردان بە بەشداری کردن لە رێکارەکانی هەڵبژاردنی کاندیدان بۆ بوون بـــە ئەندامی تازە. ئەمەش برگـــە مەرجێکی یاریدەدەرە تاکوو ئەندامانی دێرینی پارتەکانی ناوخۆ بە لایەنگرانی تازەیان نغرۆ نەکەن. لە بەرانبەردا پارتەکانی دیکە هەمان ئەو رێوشـــوێنانە پەیـــڕەو ناکـــەن بۆ ســـنووردار کردنی بەشـــداری کـــردن لە هەڵبژاردنەکاندا، بەڵکوو پێی وایە کە کێبڕکێ کردنی کاندیدان لە تۆمار کردنی لایەنگرانیان وەک ئەندام لە پارتەکاندا، سوود بـــەو پارتانـــە دەگەیەنێت، (لەم دەقەی دادێ بە مشـــتومڕێکی فراوانتر باس لە ئەندامێتیی پارتەکان دەکرێت).

هەروەهــا ئــەو بابەتە پرســیارێکی دیکە دەخاتــە ڕوو: کێ شــیاوی و لێوەشاوەیی دەســت نیشان دەکات؟ ئەم پرسیارە بەشــێکی پەیوەســتە بە ناســنامەی ئەوەی کــە تۆمارەکانی ئەندامێتیی کۆتایی بە دەســتە، یان ئەو کەسەی ئەم ئەرکە لە ئەســتۆ دەگرێت بریتییە لە پارتی ناوخۆیی یان پارتی نێوەند. زۆر جار دەسەڵاتدارانی پارتی نیشتیمانی حەز دەکەن بەرگی ســەنترالیزم بەبەر ئەم پرۆســەیەدا بکــەن، بەڵکوو ئەم کارە دەکەن لە ترسی ئەوەی نەبادا پارتەکانی ناوخۆیی زێدەڕۆیی بکەن لە پشتگوێ خســتنی پیادە کردنی مەرجەکانی شیاوی، یان ئەو مەرجانە پیادە دەکەن بە شێوەیەک کە دادپەروەریی پراکتیکــی لە دیدی خەڵک هەرەس پێ دێنێت، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا رۆڵی بڕیاردان لە بابەتی شیاوی بە حوکمی واقیع بە دەســەڵاتی مەدەنی لێک دەدرێتەوە (بە واتای ئەوەی هەموو دەنگدەرانی شیاو مافی بەشداربوونیان هەبێت)، بە تایبەتی لە کاتــی هەڵبژاردنی بەرایی (کراوە)دا، رەنگە ئەوە هۆیەک بێت کــە هەندێ پارت هــان بدات کە هەڵبژاردنی کــراوە (بەرایی) بــکات، چونکــە ئەو زەحمەتییەی لە ســەر لا دەبات، کە وا لە دەســەڵاتدارانی پارت دەکات نەیارەکانیان لە مافی بەشداری کردن بێبەش بکەن.

پارتەکان ئەوانەی کاندیدانیان بە پێی یەکێک لە سیستەمەکانی هەڵبژاردنــی بەرایی هەڵدەبژێرن، بە شــێوەیەکی گشــتی یان دەنگدانــی بە پۆســتە یــان دەنگدانــی کەســییە. دەنگدانی بە پۆســتە لە نێوان هەردوو ئامرازەکەدا لە رووی رێکخستنەوە ئاسانترە، لایەنی کەم لەو دەوڵەتانەی کە خزمەتگوزاریی باشی پۆســتەیان هەیە. زۆر جاریش بەرپرسان بە پەسندی دەزانن چونکە ســانایی دەنگدان هاندەرە بۆ ئەوەی زیاتر بەشــداری لە هەڵبژاردندا بکرێت. هەروەها لە هی دیکە باشترە لە رووی ســانایی رێکخستن (بە لایەنی کەمەوە مادام پارتەکان لیستی

ناونیشــانی ئەندامانیان هەبێت کە راستگۆیی تێدا بێت) لەبەر ئەوەی ئەرکی سەر پارتەکان لادەبات بۆ ئامادە کردنی بنکەی دەنگدانی تایبەت لە سەرتاســەری وڵاتــدا. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە دەنگدانی بە پۆستە بواری ساختە کردن زیاتر دەکات، چونکــە دڵنیا بوون لە ناســنامەی ئــەو دەنگدەرانەی بە پۆســتە رەوانە کــراون زەحمەتە، هەروەهــا لەبەر ئەوەی کارتەکانی دەنگدانی پۆســتە رادەســت ناکرێنــەوە و لە یەک رۆژیشدا جیا ناکرێنەوە.

■ پرسیارگەلێکی پراکتیکی بۆ هەڵبژاردنی کاندید

ئامــرازی هەڵبژاردنەکە چییــە؟ کۆبوونەوە یان هەڵبژاردنی بەرایــی؟ ئەگەر کۆبوونەوە بوو، ئایا کۆبوونەوەی ناوخۆیی، یان هەرێمی، یاخود نیشــتیمانییە؟ ئەگەر هەڵبژاردنی بەرایی بوو، ئایا ئەو هەڵبژاردنە کەسییە یان بە پۆستەیە؟ کێ شیاویی کاندیدان دەست نیشان دەکات؟ کێ شیاویی ئەندامان دەست نیشــان دەکات؟ ئایا پێویســتە ســەرکردەی پارتەکان پێشتر کاندیدانیان هەڵبژێرن؟ ئایا پێویســتە ســەرکردەی پارتەکان بــە هەڵبژاردن قایــل بن؟ ئایا یاســای پارتەکان ســنوور بۆ هەڵبژاردنەکان دادەنێن؟

هەڵبژاردنی کاندید بە شێوەیەکی دیموکراسییانە و بە لیستی هاوتەریب:

ئیسرائیل ١٩٩٦

هەردوو پارت لە سێ گەورە پارتە سەرەکییەکەی ئیسرائیل، (کار) و (لیکۆد)، ســاڵی ١٩٩٦ هەڵبژاردنی بەرایی داخراویان گرتــە ئەســتۆ بــۆ هەڵبژاردنــی کاندیدانیــان بــۆ پەرلەمان. بڕیــاری ئەندامانی پــارت بە زۆرینە بــوون، نەدەکرا وازیان لــێ بهێندرایــە بۆ ئامــادە کردنی لیســتی هاوتەریــب، بەڵام هــەردوو پارتەکــە چەند پرۆســەیەکیان داڕشــت، کە دەبوو

ئەنجامگەلی هاوتەریبی لەخۆ بگرتایە، بۆیە پێویست بوو هەر پارتێک لیستێکی نیشتیمانیی لە هەڵبژاردنەکاندا پێشکەش بکردایە، بەڵام لە هەوڵێکدا بۆ دڵنیا بوون لەوەی کاندیدانیان نوێنەرایەتیی هەموو ناوچەکان دەکەن، هەردوو پارتەکە کاندیدانی خۆیان بە پێی بازنەکانی هەڵبژاردن دەست نیشان کرد. هەردووکیان بازنەی وەزیفیشیان هەبوو، بۆ دەستەبەر کردنی نوێنەرایەتی کردنی هەندێ گرووپ کە (ئەندامن بەڵام جوو نین، هەروەها ئەندامانی ئۆردووگای بەکۆمەڵ بە نیسبەت پارتی کار و ئەندامانی ئۆردووگای کشتوکاڵ لە حاڵەتی لیکۆد)، هەروەها لە بازنەکانی جوگرافی و وەزیفی بە یەکەوە، شیاوی بۆ دەنگدان تەنیا بۆ ئەندامانی بازنە بوو. لە کۆتاییدا هەردوو پارتەکە پارێزگارییان لە چەند پۆستێک کرد بۆ کاندیدان بۆ هەندێ توێژی کۆمەڵایەتی (ئافرەتان، لاوان، غەیرە جوو..هتد). ئەوەیان دەستەبەر کرد کە هەر یەکێک ژمارەیەکی زۆری دەنگ لە هەر توێژێک بەدەست بێنێت، دەگوازرێتەوە بۆ بەرزترین شوێنی لیستەکە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر لە هەڵبژاردنی بەراییدا نەگەیشتبێتە ئەو ئاستە، بۆیە کورسییەکانی ئەو بازنانە و کورسییە گیراوەکان بە یەکەوە رێژەیەکی گەورەی کورسییەکانیان بۆ هەر پارتێک پێک هێنا. ئیدی، سیستەمگەلی پێشتر دیاری کراوی هەردوو پارتەکە رێگەیان بە کۆنترۆڵ کردنی دیموگرافییانەی لیستی کاندیدانی پارت دا. ئەمەش پێویستی دەست تێوەردانی لە هاوتەریبیی لیستەکان کەم کردەوە، دوای ئەوەی ئەندامانی پارت ئەگەرەکانیان دەست نیشان کرد.

ئەوەی پەیوەستە بە رێکارەکانی هاوبەشکاریی پەیڕەو کراو لە هەڵبژاردنی کاندیدان بە ئەلتەرناتیڤی بنەڕەت دادەندرێت بۆ هەڵبژاردنی بەرایی و دیاری کردنی ئەگەرەکان لە میانی کۆبوونەوەی پارتەکەدا. لەو حاڵەتانەی کە رووبەری بازنەی

جوگرافی تەسک بێت، دەکرێ پارتی ناوخۆیی داوای بەستنی کۆبوونــەوە بکات، کە هەمــوو ئەندامان تێیــدا ئامادە بن، بۆ هەڵبژاردنــی کاندیدێک یان زیاتر، بــەڵام لە کاتی هەڵبژاردنی نیشتیمانیدا، ئەگەری بەستنی کۆبوونەوەی (دەزگای هەڵبژاردنی پارت) شتێکی کردارەکی نییە، تەنیا لەو دەوڵەتانەدا نەبێت کە هەر یــەک لە بازنەکانی یەک ئەندام لەخــۆ دەگرن. هەروەها دەکــرێ ئــەم ڕێوشــوێنەش پەیــڕەو بکرێت لــە هەڵبژاردنی شارەوانیدا، هەتا ئەگەر ئەرکی پارت لە دەست نیشان کردنی لیســتی کاندیداندا سەرتاسەری شــار بگرێتەوە، بەڵام، کاتێ ڕووبەری بازنەگەلی جوگرافی فراوانتر بن، پارتەکان بە زۆری پشــت بــە ئەنجومەنەکانــی نوێنەرایەتی دەبەســتن، ئەوانەی کەمتر هاوبەشــن لە هەڵبژاردنی کاندیدێــک یان زیاتر، بەڵام لــە حاڵەتــی هەڵبژاردنی کاندیدێک بۆ ســەرۆکایەتی، دەکرێ نوێنەرانی ئەنجومەن لەســەر بنەمای بەڵێندان بە پشــتگیری کردنــی کاندیدێکی دیاری کراو هەڵبژێردرێن. لە کاتی ئەوەی کە پێویســتە نوێنەران لیســتێکی تەواوی کاندیدان هەڵبژێرن، ئــەوا ئازادییەکی زۆریان پێ دەدرێت بــۆ دیاری کردنی ئەو کەسەی لە کۆتاییدا پشتگیریی دەکەن. لەگەڵ ئەوەی کە توێژ یان ســەرکردەکان ڕەنگە هــەوڵ بدەن بە ســاختەکاری لەم خاڵەدا سەربکەون، بۆیە ئەو نوێنەرانە هەڵدەبژێرن کە پێشتر پەیمانیــان دا بــوو پشــتگیری لــە هەندێ ڕێنمایــی ناوخۆیی بکەن.

شێوازی تێکەڵ کردنی ئەندامان یان لایەنگران بە پرۆسەی هەڵبژاردنێــک، کە هەر چۆنێک بێــت، یەکێکە لە ڕەچاو کردنە بنەڕەتییەکانــی، کە پێویســتە لێی بکۆڵدرێتەوە، بریتیشــە لە دانانی ســنوورێک بــۆ ئەگەرەکانی بەردەم ڕێکخســتنەکانی پارتەکــە. هەنــدێ پارت، بــۆ نموونە، مەرجی ئــەوە دادەنێن کــە کاندیدانی دێرین ڕەزامەندیی دەســتەی پــارت وەرگرن،

پێـش ئەوەی خۆیان بە شـیاو بزانن بۆ بەشـداری کردن لە هەڵبژاردنی بەرایی یان لە کۆمەڵەکانی هەڵبژاردنی پارتەکەدا، بـەڵام لای پارتەکانی دیکە، دەسـەڵاتی ناوەندیی پارت مافی ئـەوە بـە خـۆی دەدات، کە بـە کردارێکـی کۆنەپەرسـتانە ناونانـی ئەو کاندیدانـە رابگرێت، کە بە کێبڕکێـی پارتایەتی سەرکەوتوون. ئەو سیستەمانە مەبەستیان دەستەبەر کردنی ئەوپەڕی لێهاتووییە بۆ کاندید، جا چ لە رێکخسـتنی هەڵمەتی هەڵبـژاردن بێت یان لـە نوێنەرایەتی کردنی پرەنسـیپەکانی پارتدا بێت. هەروەها دەکرێت بەربەست بخاتە بەردەم ئەوەی کە پشتگیری لە سیاسەتەکانی پارت ناکات، بۆیە هەوڵ دەدات بە هەر جۆرێک بێت (ناونانەکان بدزێت و پەشـێوی بۆ پارت بنێتـەوە). دیارتریـن نموونەش بۆ ئەوە، کە رەنگە تووشـی پارتێک ببێت، ئەوەیە کە پێویستی بە رێکاری خۆپاراستن بێت، وەک ئەوەی لە ساڵی ١٩٩١دا لە ویلایەتی لویزیانای ئەمریکادا رووی دا، کاتـێ دەنگـدەران لـە یەکێک لـە هەڵبژاردنەکانی بەرایـی کاندیدی کۆماریدا (دیڤیـد دیوک)یان وەک کاندید بۆ حاکمـی پارتەکە ناونـا، بۆیە سـەرکردەکانی پارتەکە لە لای خۆیانەوە ئەو کاندیدەیان رەت کردەوە، بە تایبەتی کە باسی سـەرکەوتنی سپی پێسـتانی کرد بوو، ئەو ئەندامی پێشووی کۆمەڵەی (کوکلاکس)ی رەگەزپەرسـت بوو، بەڵام نەیانتوانی لە بەکارهێنانی دروشمی پارت بێ بەشی بکەن. بە هەر حاڵ، ئەو سیستەمانەی سنوور بۆ ئەگەر دادەنێن، لەگەڵ بیرۆکەی بەهێـز کردنـی هاوبەشـکاری لـە پرۆسـەکانی هەڵبژاردندا ناکۆکن، بەڵام کاتێ مرۆڤ لە پەیوەسـت بوون بە سیستەمی تایبەت بە تاقی کردنەوەی کاندیدان زێدەڕۆیی کرد، ئەوا ئەو سیستەمانە دەبنە ئامرازگەلێک کە بە هۆیانەوە سەرانی پارت پشتگیری لە بنکردایەتیی دەسەڵاتی تایبەتی خۆیان دەکەن.

هەنـدێ سیسـتەم سـنوور بۆ ئـەو ئەگەرانـە دادەنێن، کە

خراونەتــە بــەردەم ئەو کەســەی هەڵبژاردن بە شــێوەیەکی دی دەکات. لە میانی ســەپاندنی پشکی ڕێژەی دیموگرافی بە گوێرەی جــۆری ئەو کاندیدانەی کە پێویســتە هەڵبژێردرێن، لە هەنــدێ دەوڵەتدا کە هەڵبژاردنەکانیان بە پێی سیســتەمی لیســت و نوێنەرایەتیی ڕێژەیی بەڕێــوە دەچن، چەند پارتێک مەرجــی ئەوەیان داناوە، کە پرۆســەی هەڵبژاردنی کاندیدان هەمەڕەگەزیی تێدا بێت. لە چوارچێوەی ژمارەیەکی کەمی نێو پلە بەرزەکاندا، کە لیستی پارت رایدەگەیەنێت، دەکرێ جێبەجێ کردنــی ئەم مەرجە وەک بەشــێک لە پرۆســەی هەڵبژاردنی بەرایی بســەپێندرێت. لــە حاڵەتێکدا ئەگــەر دەنگدانی بەرایی نەیتوانــی ئافرەتێکــی کاندید لــە چوارچێوەی ســێ کاندیدی یەکەمی پارتدا هەڵبژێرێت، ئەوا ئافرەتێک کە دەنگی زۆرتری هێنا بێت دەچێتە شوێنی سێیەمی لیستی پارتەکەوە، تەنانەت هەنــدێ پــارت لەوەشــیان تێپەڕانــدووە. ئەوان (پرەنســیپی کشــانەوە)یان پەیــڕەو کردووە، واتە ریزبەند کردنی لیســت بــە پێــی بە دوای یەکــدا هاتنی ئافرەت و پیــاو، هەروەها بۆ دەســتەبەری هەمەڕەنگیی سیستەمەکانی دیکە، کورسییەکان بە پێی ناوچە، ئیتنیــک یان کۆمەڵەی ئایینی، تەرخان دەکەن. مەبەســتیش لە ڕێکخســتنی ئەو پشــکە ڕێژەییانە، پێکهێنانی لیســتی هاوتەریبی کاندیدانە، بە جۆرێک کە لەگەڵ ڕەوشێکی دیــاری کــراوی سیاســیدا گونجــاو بێــت. راســتە جێبەجێ کردنی ئــەو تەگبیرانە، کە ئامانج چەســپاندنی هاوســەنگییە لە لیســتەکانی پرۆســەی ناســەنترالیانەی هەڵبژاردن، بەڵام زەحمەتــە بۆ ئەو بازنانەی کاندیدیان کەمە، هەرچەندە ڕەنگە بە دڵنیاییەوە شــیاویش بێــت، بۆ نموونە، پارتــی کرێکارانی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٩٣دا پشتی بەو ڕێکار سیستەمە بەست، کــە بریتییــە لــە (یەک ئەنــدام و یــەک دەنگ) بۆ ئــەوەی لە هەڵبژاردنی بەرایی کاندیداندا لەســەر ئاستی بازنە پەیڕەوی

بــكات. لە هەمان کاتدا، کۆنگــرەی پارتەکە بڕیاری دا، نیوەی کورســییە چۆڵەکانی پارتەکە لــە پەرلەماندا، لەوانەش نیوەی ئەو کورســییانەی دەکرێت بەدەست بێن، لە لایەن کاندیدانی ئافرەتەوە کە لە لیستی کورتدا هەڵبژێردراون، پڕ دەکرێنەوە. واتــە هەموویــان لــە ئافرەت پێــک دێن. بە زمانێکــی دی، بە هەندێ بازنە گوتراوە کە دەتوانن هەر کاندیدێک هەڵبژێرن کە پێشتر رەزامەندیی لەسەر درا بێت، مادام ئەو کاندیدە ئافرەت بێــت. ئیدی ئەم سیســتەمە کە (لە ســاڵی ١٩٩٦دا گۆڕدرا بە پەیڕەو کردنی سیستەمی لیستی کورتی هاوتەریب، لە رووی هەمەڕەگەزییــەوە) نموونەیەکــی دیکەی پیشــان دا، ئەویش بــە بەکار هێنانی ئاراســتە کردنــی ئەگەرەکانی ناســەنترالی (ئامانجەکانــی پەیوەســت بــە پرۆســەکە) بە شــێوەیەک کە لەگەڵ مەرامی دیکەی نیشــتیمانی (ئامانجەکانی پەیوەست بە دەرەنجام) بگونجێن.

پارتــەکان ئەو سیســتەمانە پەیڕەو دەکەن کە ســنوور بۆ ئەگــەر دادەنێن، چونکە هەتا ئەگەر دەنگدەران لە هەڵبژاردنی بەرایی پارتدا وریای بەهای دروست کردنی لیستی هاوتەریب بــن، بەڵام خەریکە ئەســتەم بێــت بەو شــێوەیە دەنگ بدەن، کــە ئەنجامێکــی هاوتەریــب دەســتەبەر بکات. ئیــدی، تێکەڵ کردنــی (رێکاری خۆپارێزانــەی) دیمۆگرافــی هەوڵدانێکە بۆ دانانی ســنوورێک بــۆ کاریگەریی کارلێکی پێشــبینی کراوی نێوان پرۆســەکە و ئەنجامەکانی، هەروەهــا یارمەتی دەدەن لە دەســتەبەر کردنــی ئەوەی کــە پرۆســەکانی هەڵبژاردنی پارت ســەر دەکێشــێت بۆ بــژار کردنی ئــەو کاندیدانەی بە نوێنەرایەتیــی دیمۆگرافی ناســراون. لە لایەکــی دیکەوە ئەو جۆرە تەگبیرانە قەبارەی را و بۆچوونی ئەندامانی پارتەکە لە پرۆســەی هەڵبژاردنی کاندیدان لە بنەڕەتەوە کەم دەکاتەوە، واش لــە هەندێک کەس دەکات لێــی دوور بکەونەوە، چونکە

سـنووری زۆر سەخت بە سەر دیموکراسیی ناوخۆی پارتدا دەسەپێنێت.

■ پرسـیارگەلێکی پراکتیکـی دەربـارەی هەڵبژاردنـی سەرکردەکان

کام سەرکردە هەڵدەبژێردرێ و کامەش دادەندرێ؟ ئامرازی هەڵبژاردن چییە؟ ئەنجومەنی پارت چییە؟ دەنگدانی ئەندامەکان چییـە؟ پرۆسـەیەکی تێکـەڵ چییـە؟ چ گۆڕەپانێکـی کێبڕکێ ناسنامەی سـەرکردەی پارت دیاری دەکات؟ چ کۆمەڵەیەکی هەڵبژاردنی پەرلەمانی؟ چ کۆنگرەیەکی پارت؟ کام لە تێکڕای ئەندامان؟ ئایا یاساکانی پشتاوپشتی سیاسی بازنەی کۆمەڵە سەرکردەیەکی چاوەڕوان کراو تەسک دەکاتەوە؟ کام یەکەی پـارت دەبێتە یەکەی سەرپشـک؟ لە ململانێـی نێو پارتدا کێ ناوبژیوانی دەکات؟





■ هەڵبژاردنی سەرکردەکان

ئەو پرسیارە هەمەجۆرانەی لە کاتی ئامادە کردنی پرۆسەی هاوبەشکاری بۆ هەڵبژاردنی سەرکردە دەخرێنە ڕوو، هەمان ئەو پرسیارانەن کە لە پرۆسەی هاوبەشکاری بۆ هەڵبژاردنی کاندیدان دەخرێنە ڕوو. کێ مافی بەشـداری کردنی لە دیاری کردنـی هەڵبژاردنەکاندا هەیە؟ ئایا هیچ سـنوورێک هەیە بۆ ئەوانـەی مافی خۆ پاڵاوتنیان هەیـە بۆ هەڵبژاردنی ناوخۆیی (لۆکاڵ)؟ کێ دادپەروەرانە سەرپەرشتیی پرۆسەکە دەکات و لە کێشەکاندا ناوبژیوانی دەکات، ئەگەر پێویستی کرد؟

لە هەردوو سیسـتەمی پەرلەمانی و سەرۆکایەتیدا، دەکرێ هەڵبژاردنی سەرۆکی پارت بەرانبەر بە هەڵبژاردنی کاندیدی سەرەکیی پارتەکە دابندرێت. دەشکرێ سیستەمگەلێکی فەرمی دەسـتەبەر بکرێـت کە گرووپەکانـی پەرلەمـان ناچار بکات

سەرکردەی تایبەتی خۆیان دەست نیشان بکەن، بەڵام ئەو گرووپانە لە هەندێ حاڵەتدا پێشتر پابەند بوون بە کاندیدێک کە گرووپێکی گەورەی لایەنگرانی پارت هەڵیان بژارد بوو، وەک کۆنگرەی پارتەکە یان دەنگدەرانی ئەندام.

لە دوا حاڵەتدا، هەمان ئەو پرسیارانە دەخرێنەڕوو دەرباری شیاویی بەشداری کردن هەروەک پێشتر لە کاتی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی کاندیدی پارتەکان خرانە ڕوو. هەڵبەت ئەگەری سێیەم بریتییە لە پرۆسەیەکی تێکەڵ، بۆ نموونە، نوێنەرانی پارت لە پەرلەمان یان کۆنگرەی پارتەکە وەک پاسەوان هەڵسوکەوت دەکەن، بۆیە بڕیار دەدەن کام لە کاندیدان بەشداری لە پرۆسەی دەنگداندا دەکەن، کە سەرتاپای پارتەکە دەگرێتەوە (ئەمەش پارتی پارێزگارانی بەریتانیا لە ساڵی ٢٠١٠دا پەیڕەوی کرد).

لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی سەرکردەی پارت زۆر گرنگە بۆ پێناسە کردنی ڕێڕەو و وێنەی پارتەکە، بۆیە دەکرێ ئەم میکانیزمانەی هەڵبژاردنی پێشوەختە ڕۆڵێکی گرنگ لە هەڵبژاردنی سەرکردەکاندا بگێڕێن، بەڵام بە پێچەوانەی وردبینیی گشتی کە نوێنەرانی پارت لە پەرلەمان پەیڕەوی دەکەن، چەندین شێوازی دیکە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە لە ئارادان، بۆ نموونە داوا لە کاندیدان دەکرێت بیسەلمێنن کە ئەوان پشتیوانیی ژمارەیەکی دیاری کراوی پارتەکانی هەرێمییان هەیە، یان ڕێژەیەکی دیاری کراوی دەسەڵاتی شەرعیی پارتەکەیان هەیە. هەروەها دەشێت ئەنجومەنی ناولێنان کە لە چەند نوێنەرێکی توێژەکانی پارت پێک هاتووە، ڕابسپێردرێت تا دەسەڵات بداتە کاندیدان (کە ڕەزامەندییان لە سەر دراوە) یاخود پێش یان پاش ئەوەی ئەندامانی پارت بژاردەی خۆیان دەست نیشان دەکەن.

لە ئەستۆ گرتنی ڕێکاری سیستماتیک و بەشدارکارانە کە

به سـەر کێبڕکێی هەڵبژاردنی سەرکردەکاندا سەپاوە، بەسە بۆ لاواز کردنی رکابەریی نێو پارتەکە لە میانی دیاری کردنی بنەماکانی روونی خەلافـەت، بەڵام لەبەر ئەوەی بڕیارەکە تا بڵێی گرنگە، بۆیە ململانێ لەسـەر چۆنێتیی پیادە کردنی ئەم رێکارانە سـەر هەڵدەدەن. ئەگـەر ئەمە رووی دا، ئەوکاتە بۆ پارتـەکان زەحمەت دەبێت دەسـتەیەکی ناوخۆیـی پارتییان دەسـت بکەوێت، کە ئەوەندە بێلایەنیی تێـدا بێت، رێگەی پێ بدرێت بڕیار بدات لەو ململانێیانەی لە سەر رەوایەتیی بەشداری کردن دێنە ئاراوە، لە سـەر پابەند بـوون بە دادپەروەری لە کاتی جێبەجـێ کردنی رێکارەکاندا. کاتێکیـش پارتەکان هیچ میکانیزمێکـی خۆییان تێـدا نەبێت، کە بۆ چارەسـەر کردنی ململانێیەکی هاوشـێوە ئامادە کـرا بێت. بۆیە ئەمە، رکابەران کـە بێ ئومێـد بوون، هـان دەدات لە دادگاکانی نیشـتیمانیدا تێهەڵچوونەوە بکەن، بۆ وەرگرتنی یارمەتی. دەتواندرێت دادگا لە دەسـت تێوەردانی کاروباری ناوخۆی پارت خۆی بەدوور بگرێـت، کە لە بنەڕەتـدا پارتەکان وا دابندرێـن کە کۆمەڵەی تایبەتن، بـەڵام دادگاکان رەنگە هیچ رێگەیەکیان لە بەردەمدا نەبێ، بێجگە لە دەسـت تێوەردان، بە تایبەتی لەو دەوڵەتانەی کە بەرتەسـک کردنەوەی سیسـتەمی پارتایەتـی بە جۆرێک لـە دیموکراسـیی ناوخۆ دەزانن. لە حاڵەتێکـدا ئەگەر هەندێ بەشدار بانگەشەی ئەوە بکەن کە رێکاری دیموکراسی پێشێل کراوە.

■ رەوشی سیاسەتی پارتایەتی

لەو رێگایانەی کە بۆ هەڵسـەنگاندنی ئاسـتی دیموکراسـی لـە نێـو پارتێک لە پارتـەکان بەکار هاتوون، پرسـیار کردنە لـەوەی کە هاریکارە لە دیاری کردنـی ناوەڕۆکی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنـی پارتەکـە، لە لای زۆربەی ئـەو پارتانەی داوای

هاوبەشـــکاری دەکەن، داوا لە ئەندامانیـــان دەکرێت دەنگ لە سەر هەڵوێستێکی دیاری کراوی پارت بدەن، بەڵام زۆر جار پارتـــەکان ئەگـــەری کەمترین هاوبەشـــکاری هەڵدەبژێرن، کە بریتییە لە داوا کردن لە نوێنەرانی کۆنگرەی پارت رەزامەندی بدەن لە سەر چەند پەیوەستییەک، کە لیژنەی پارتەکە ئامادەیان دەکات، رەنگە زۆر جار پرۆسەی دیالۆگ بێت، کە لە دەنگدان کراوەتـــر دەبێـــت. لیژنەکانـــی دانانـــی سیاســـەتی پارتایەتی ئەرکێکـــی زۆر دەکێشـــن بۆ ئـــەوەی بیســـەلمێنن کە گوێ لە رای جیاواز دەگرن، بـــۆ نموونە کۆبوونەوەی راوێژکاری لە سەرتاســـەری دەوڵەت ســـاز دەکەن یان لێدوان لە ئینتەرنێت تازە دەکەنەوە. بە هەمان شـــێوە سەرکردەی پارتەکان رێگە دەدەن بیر و بۆچوون بخرێتە ڕوو، لە میانی دیالۆگی کۆنگرە ئەندامانـــی پارتەکە لە تەلەڤزیۆن یان رادیۆ، هەتا ئەگەر دیار بـــوو دەنگی ئەندامانی بەشـــدار لە کۆنگـــرە تەواویش بێت تا بڕیاری بەرنامەی راســـپاردەکانی لیژنەکە دەســـتەبەر بکەن، ئەو راوێژانە بە کراوەیی مەبەســـتیان سەلماندنی ئەوەیە، کە سیاســـەتەکانی پارت بە هاوکاریـــی ئەندامانی پارت دانراون، ئەوانـــەی دەبووایە نوێنەرایەتیـــی لایەنگرانیان بکەن کە زیاتر پەیوەست بن بە پارتەکانیانەوە.

لەگـــەڵ ئەوەی لە کۆنگرەدا، ئەندامانـــی پارت تاکە ئامرازی باون بۆ پێدانی رەزامەندیی فەرمی بە هەڵوێستگەلی سیاسیی پـــارت، بەڵام پارتەکان ناوبەناو راپرســـیی گشـــتیی ناوخۆیی دەکـــەن بۆ خســـتنە ڕووی چەند کێشـــەیەکی دیـــاری کراوی سیاســـی. لەو پرســـانەی کە مایـــەی دەنگدانی لـــەو جۆرەن، دابـــەش بوونـــی ســـەرانی پارتەکانـــە دەربارەی کێشـــەیەکی مەترســـیدار. بۆیە دەنگدان بۆی هەیە رۆشـــنایی بخاتە سەر جیاوازییەکانی بیر و ڕا. لە بەرانبەردا، سەرانی توێژانی نەیار رازی دەبـــن کـــە ئەنجامەکە هەر چۆنێک بێـــت، پێی قایل بن.

هەروەهــا دەكرێ ســەرانی پارتەكان پشــتگیری لە دەنگدانی ناوخۆیی بكەن، بەو هیوایەی هەڵوێستی تایبەتییان بەهێز بێت بەرانبــەر بە ئەندامەكانی دیكەی پــارت. ئەمەش، بۆ نموونە، ئەو كاتە ڕوو دەدات كە خاتوو سەرۆك وەزیران ترسی لەوە دەبێت، كە پشتیوانیی نوێنەرانی پارتەكەی لە سەر كێشەیەكی دیاری كراو لە پەرلەمان لەدەست دەدات، دیارە لەو حاڵەتەدا، ئەندامان هەڕەشەی راگرتنی پشتگیرییەكەیان دەكەن.

بە پێچەوانەی پرۆسەی هەڵبژاردنی كاندید و سەركردەكان، مەزەندەی ئەوە ناكرێت هیچ بڕیارێک دەربچێت كە باس لەو كێشــانە بكات لەســەر بنەمایەكی رێک و پێشــتر بەرنامەڕێژ (لەگــەڵ ئەگــەری هەڵاوێــری پەســند كردنــی بەرنامــەی هەڵمەتەكان). لێرەدا، یەكێک لەو پرســیارانەی لە كۆنتێكستی دەنگدان لە ســەر سیاســەتەكان دەخرێتە ڕوو بریتییە لە: كێ دەســەڵاتی داوا كردنــی هەیــە؟ ئایا ئەمە تەنیا دەســتكەوتی ســەركردەگەلی نیشــتیمانپەروەرە؟ ئایــا ئەندامــان یاخــود ســەركردەگەلی هەرێمی دەتوانــن داوای ئەنجامدانی راوێژی فەرمی بكەن، كە تایبەت بێت بە سیاســەتەكان، یان سازدانی راپرســیی ناوخۆیــی؟ وەڵامی ئەم پرســیارە یارمەتیدەرە بۆ ئــەو ئاســانییەی كــە توێژانی بێــزار رەنگە بە هۆیــەوە پەنا ببەنە بەر دەنگدان لە ســەر سیاســەتەكان بە شێوەیەک دژی ســەركردایەتیی پارت بێــت، بەڵام، هەتا ئەگەر ســەركردەی پارتەكان دەسەڵاتیشیان هەبێت لە رووی فۆرمەوە، كە بتوانن دەنگدان بكەن و كاتەكەشی دیاری بكەن، بەڵام ئەو سەركردانە لە هەندێ حاڵەتدا تووشــی گوشارگەلێكی سەركەوتوو دەبن، كە پرۆسەی ئەم دەنگدانە راپەڕێنن. رەنگە ئەمە روو بدات هەتا لە كاتی نەبوونی سیســتەمگەلێكی نووسراو، كە پرۆسەكانی راوێژكاریــی دەنگدان رێک بخەن، ســەرباری ئەوە، گوشــار خســتنە ســەر ســەركردەكان بۆ راوێژ كردن بە ئەندامەكان.

بەم شـێوەیە لە نێـو پارتەکاندا کە سیسـتەم و نەریتەکانیان بە راشـکاوی ددان بەم رێکارەدا دەنێن، دەرفەتێکی گەورەی سەرکەوتن هەیە.

لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەندامان دەنگ لە سەر پرسەکان بدەن، ئەوا پێویسـتە هەمان ئەو پرسـیارە رێکاریانـە بخرێنە ڕوو، کە لە کاتی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی کاندید یان سـەرکردەکان خرابوونە ڕوو، کێ مافی بەشداری کردنی هەیە؟ ئەم دەنگدانە پۆسـتەییە یـان تەنیا کەسـییە؟ وێـڕای ئەمە، ئـەم دەنگدانە راوێژکارییە یان بە ئەنجامێکی سەپێندراو بۆ سەرکردایەتیی پـارت دەژمێردرێـت؟ لە دوا حاڵەتـدا ئایـا رادەیەکی کەمی بەشـداری کردن پێویسـتە بۆ ئەوەی ئەنجامەکە سەپێندراو بێت؟

■ پرسیاری پراکتیکی بۆ دیاری کردنی سیاسەت

ئایـا پرۆسـەی پارتایەتـی شـێوەی فۆرمالیسـتی فەرمیی وەرگرتـووە؟ ئەندامانـی پارت چ رۆڵێک دەبینن؟ بەشـداری کردن لە کۆبوونەوە و گفتوگۆکان؟ کۆبوونەوەی راوێژکاری؟ هەڵبژاردنی نووسەرانی بەرنامەکانی پارت؟ راپرسیی گشتیی نێو پارتەکان؟ پەرلەمانتاران چ رۆڵێک دەبینن؟ کێ ناوبژی لە ململانێی سیاسیدا دەکات؟

■ ئەندامانی پارت

بناغەی هەموو میکانیزمەکانی دیموکراسیی نێو پارتەکانن

ئەگەر پارتەکان توانییان هەر ڕێکارێکی هاوبەشـکارانە بۆ دەرکردنـی بڕیـار بە زۆرترین چالاکی و دیموکراسـی پیادە بکەن، ئەوە پێویستە لە سەریان کە بڕیار دەربکەن بۆ دیاری کردنی ئەو کەسـەی شایانی بەشـداری کردنە. سنوورگەلی سەپێندراو و شێوەی بڕیاردان کاریگەریی یەکلاییکەرەوەیان

هەیە بۆ سەر ئەزموونی بەشداران و ئەو بڕیارانەی لەسەری ڕێک دەکەون، هەروەها بۆ تێڕوانینی خەڵکەکە بۆ شەرعیەتی ئەو بڕیارانە.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پارتەکان بەشـداری کردن تەنیا بە ئەندامانـی پارت دەدەن، بەڵام نەک بە هەموویان، بەڵام ئەمە ئـەوە ڕەت ناکاتەوە کە ئەوپەڕی مافیـان دەبێت پارێزگاری لـە ئازادییەکانیـان بکەن، چونکە پارتەکان لە پێناسـە کردنی پێوانەکانی شـیاویی بەشـداری کردن جیاوازییان هەیە، ئەو پرۆسەیەش بە دوو دیمەنی ڕێکاری بنەڕەتیانە جیا دەکرێتەوە: دەست نیشـان کردنی مەرجگەلی فەرمیی سەپێندراوی سەر تاک تاکوو ببێتە ئەندام، هەروەها دەست نیشان کردنی ئەوەی بەرپرسە لە دڵنیا بوون لە ڕەوشی یاسایی ئەندامێتی.





■ پێناسەکانی ئەندامێتی

مەرجەکانی ئینتیمای فەرمی لە ڕووی مۆرکی فۆرمالیستی و سـەختیی بوونی ئەو مەرجانە جیاوازن، هاوکات پارەیەکی ڕەمـزی لەخـۆ دەگرێت کە بە شـێوەی مانگانە یان سـاڵانە دەدرێت، هەروەها مەرجی دیکەش هەیە وەک بەشداری کردنی چالاکانەی ئەندامان لە ژیانی پارتدا. لەوانەشـە ئاستی پابەند بوونی دارایـی چاوەڕوان کراو، لە پێداویسـتییەکانی دارایی پارتدا ڕەنگ بداتەوە، یان تا چەند سەرچاوەی دیکەی پارەدار کردن هەیە: ڕەنگە ئەو پارتانەی پشت بە لایەنگران دەبەستن بـۆ پـارەدار کردنـی چالاکیی گرنگ، پێویسـتیان بـە دیاری کردنـی ئابوونەیەکی بەرزی ئینتیما هەبێت، هەروەها دەکرێ پارتەکان مەرجی پەیوەسـت بە ڕەسمی ئینتیما بسەپێنن. ئەو مەرجانـەش بە ئاسـتی جیاوازیی دەرامەت دەبێت، ئاسـاییە کـە نرخێکی کەم بـۆ قوتابیان و بێکاران دابنێت، هەروەها بۆ ئەوانەی ئەو ئابوونەیە دەبێتە بەربەسـت بۆ ئینتیما بوونیان،

بــەڵام، تەنانەت ئــەو پارتانەی کــە پێویستیشــیان بە پارەی ئەندامانیان نییە بۆ پارەدار کردنی ئیش و کارەکانیان، رەسم و ئابوونە بە سەر ئەندامانیاندا دەسەپێنن، چونکە دەیانەوێت ئەندامانیان پابەند بن، لە میانی ســەپاندنی رەســمی ئینتیمای مانگانە یان ساڵانە ئەو پارتانە رێگایەکی دیکە دەگرنە بەر بۆ ئەوەی ئەندامی ئاست بەرز لە هی دیکە جیا بکەنەوە.

پێویســتە لەســەر ئەندامانی دێرین، بە شــێوەیەکی گشــتی داواکاریــی ئینتیمــا بــە هــەر رێگەیــەک پێشــکەش بکەن لە لای هەنــدێ پارت کە ئاســتی دامەزراوەیــی بوونیان لە هی پارتەکانــی دیکە بەرزترە. هەندێ رێوشــوێنی ئینتیما لە رێی دەســتەی فەرمییــەوە پەیــڕەو دەکرێــت کە رەنگــە داواکان پەســند بکەن یان رەتیــان بکەنەوە، هەروەها ئــەو ئەندامانە دەربکەن کە بە مەزەندەی خۆیان زیان بە بەرژەوەندیی پارت دەگەیەنن، لە بەرانبەردا، رەنگە پارتی دیکە هەبن ئەمە پەیڕەو نەکــەن، وەک پارتــی پارێزگارانی بەریتانیا، لــە پەنجاکان و شەســتەکانی ســەدەی رابردووەوە، کاتێ ژمارەیەکی زۆری ئەو ئەندامانەی تۆمار کرا بوون رەفتاری کۆمەڵە پارتییەکانی ناوخۆیان پەیڕەو کرد کە هەموو ئەوانەی پارەیان دەدا وەک ئەنــدام مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردن، جا ئەگەر هەر بایەخێکیان بەو (ئەندامێتییە) بدابایە یان نا.

مەرجەکانــی ئینتیمــا هەرچەنــدە قــورس بــن و رێــکاری فۆرمالیســتانە بەهێز بکــەن، وا پێویســت دەکات کە بازنەی ئەندامــان بە نیســبەت لایەنگرانــی پارتەکە تەســکتر بێتەوە، نیگەرانیــی پارتــەکان لە بەرز کردنەوەی رەســمی ئینتیما لە بەشــێکیدا بۆ ئەم هۆیە دەگەڕێتەوە، چونکە ترســی ئەوەیان هەیــە نەبادا کەســانێک ئارەزوویان لە ئینتیمــا بوون نەبێت، بەڵام پارتەکان بێ ئینتیماش هەر ئاســتەنگ دروست دەکەن، تا ورەی رکابەران دابەزێنن، ئەوانەی هەوڵ دەدەن دزە بکەنە

نێو ریزەکانیانەوە و تێکی بدەن. ئەمەش ئەگەرێکە زۆر کەسی پێوە خەریک بووە، بە تایبەتیش کاتێ ئەندامان دەسەڵاتی هەڵبژاردنی سەرکردەکان و دانانی سیاسەتەکانیان دەکەوێتە دەست، لە ئەنجامی ئەمەشدا، لە دیاردەیەکی نامۆدا هەندێ پارت کە تێدەکۆشن بۆ گواستنەوەی دەسەڵاتی بڕیاردان بۆ ئەندامانیان، لە هەمان کاتیشدا کار دەکەن بۆ زیاتر جەخت کردنەوە لە سەر دسپلینی بنەڕەتی، کە مەسەلەی پێوانەکانی ئەندامێتییان کۆنترۆڵ کردووە.

■ سەنترالیستیی ئەندامێتی

ئەم کێشەیە هەموو ئەو پرسیارانە لەخۆ دەگرێت کە پەیوەستن بە بەڕێوە بردنی پارتی سیاسی کە پشت بە ئەندامانی دەبەستێ: کێ بەرپرسە لە گرتنە دەستی تۆمارەکان و بەدواداچوونی ئەوانەی شیاون؟ دەشێت بەرپرسیارێتیی بنەڕەتی بکەوێتە نێوان بەرپرسانی ناوخۆی پارت و نێوان دەسەڵاتدارێتیی پارتی هەرێمی یان نیشتیمانی، هەروەها ئەو پارتانەی هەوڵ دەدەن ڕێکخستنی چالاکیی ناوخۆی کارا بۆ ئەندامان بێننە ئاراوە، دەبێ پشت بە ڕێکخستنەکانی ناوخۆ ببەستن تاکوو پێشەنگ بن لە ڕاکێشانی ئەندامان و تۆمار کردنیان. ئەو شوێنە دیاری کراوەی کە هاتنی تاکەکان وەک ئەندام بۆ نێو پارت پەیوەستە بە دابەش کردنی دەسەڵات لە چوارچێوەی ڕێکخستنی پارتیدا (تا چەند لە ناوچەکانی دیکە بە سەنترالیستی دادەندرێت؟) هەروەها بە توانای ڕێکخستنی ناوەندییەوە، هەروەها (ئایا کەرەستەی پێویستی تایبەت بە بنکەی داتای سەنترالی ئەندامانی پێیە؟)

شایانی باسە کە پارتگەلی نیشتیمانی ڕەنگە پێویستیان بەو زانیارییانە هەبێت کە لە ڕێگەی پەیوەندی کردن بە ئەندامانەوە دەست بکەون، کاتێ پارتی ناوخۆیی بە تەنیا

ئیدارەی ئەندامێتی دەگرێتە دەست، لەو حاڵەتەدا، پارتگەلی نیشتیمانی هیچ ئامرازێکیان بەدەست نابێت بۆ راستەوخۆ ناردنی زانیاری (یان کاغەزی دەنگدان) بە پۆستە بۆ ئەندامان. بۆیە ناچار دەبن پشت بە پارتگەلی ناوخۆیی ببەستن بۆ ئاگادار بوون لە ئاماری ورد و دابەش کردنی کاغەزەکانی دەنگدان و شتی دیکە، کە پێویستە وەک زانیاریی فەرمی بگوازرێتەوە، هەروەها ئەو کێشانە چارەسەر بکات کە لە سەروبەندی دەست نیشان کردنی شیاوان (کەسانی شیاو) بۆ بەشداری کردن لە پرۆسەکانی دروست کردنی بڕیارەکانی پارت سەر هەڵدەدەن.

ئەم جۆرە ناسەنتراڵییە لەوانەیە دیموکراسی لە پارتدا بەهێز بکات. بە یەک واتا: لەو حاڵەتەدا، سەرکردایەتیی ناوەند بە تەنیا پرۆسەی بوون بە ئەندام کۆنترۆڵ ناکات، بەڵام ئەو ناسەنتراڵییە لە ناوەڕۆکدا سەرەڕۆییەکی تێدایە، کە بریتییە لەوەی هەموو ناوچەکان بە جیاوازیی رێکارەکان بۆ دیاری کردنی شیاویی ئەندامان، هەروەها بژاردەیەک لە پارتگەلی ناوخۆیی، یاری بە تۆمارەکانی ئەندامێتی بکات لە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان، لێرەدا دەکرێ ناسەنتراڵیزم دەرفەتەکانی ململانێ لە سەر شیاویی بەشداری کردن لە پرۆسەی دروست کردنی بڕیاری پارتیانە زیاتر بکات. ئەمەش خۆی لە خۆیدا گومان سەبارەت بە دادپەروەریی بڕیارەکان، کە لە رێی رێکاری ناوخۆیی دیموکراسییەوە پێی دەگەن، دێنێتە ئاراوە. رەنگە زێدەڕۆیی کە لە ناوخۆدا دێتە ئاراوە بە پەسندتر لە سەر ئاستی نیشتیمانی دابندرێت، بە تایبەتی کاتێ دەسەڵاتی ناوخۆ یان دانیشتووان گومان لە دەسەڵاتی پارتی ناوەند دەکەن.

هەروەک پێشتر باس کرا، ئەو رێگایانەی بۆ بەخشینی دەسەڵاتی پارتی نیشتیمانی و ناوخۆیی لە ئەرکی دیاری

کردنی شیاویی ئەندامان بەکار هاتوون، بریتین لە گواستنەوەی ئـەو ئەرکە بۆ دەسـتەگەلی تایبەتمەندی دەوڵـەت، پارتەکان بـە رەزامەندیی خۆیـان یان بە پێچەوانـەوە ئەمە دەکەن. لە هەندێ حاڵەتدا، چەند لایەنگرێکی توورە سـکالاکانیان دەبەنە دادگا، هەروەها گوێڕایەڵی بۆ بڕیارەکانی دەستە تایبەتەکانی دەوڵەت لە پرسـەکانی شـیاو بوونـی ئینتیما بـۆ پارتەکان، دەشـێت توانـای پارتـەکان لـە سـەر لابردنـی لایەنگرانـی نەخـوازراو، لە قاڵب دەدات. هاوکات بە شـێوەیەکی بەرچاو ئـەو مانـدوو بوونـەی پارتـەکان بـۆ پارێزگاری کـردن لە ئەندامانیـان کەمتـر دەکاتەوە، ئەو کاتـەش پارتەکان خۆیان خەریک ناکەن سـەبارەت بەو پێوانانەی بۆ شیاویی ئەندامان لە ئارادان، لە کاتێکدا کە دەسـەڵاتدارانی مەدەنی پارێزگاری لە بنکەی داتای پێویسـت دەکەن. وێـڕای ئەمەش گوێڕایەڵی بۆ بڕیارەکانی دەستە تایبەتمەندەکانی دەوڵەت دەتوانێت ئەو کۆتە سیاسیانە هەڵوەشێنێتەوە، کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە کێشەکان لەسەر شیاویی ئەندامان دروست دەبن.

■ راوێژ کردن بە ئەندامان دەربارەی پەیڕەوی سیاسی فەرەنسا ٢٠٠٤

سـەرانی پارتـی سۆشیالیسـتی فەرەنسـی، لـە کانوونـی یەکەمـی ٢٠٠٤ پەنایـان بـردە بـەر ئەندامان بۆ چارەسـەر کردنی کێشـەیەکی گەورە، کە دووچاری سیاسەتێکی دیاری کـراو بوو بـوو. پارتەکە دەنگدانێکـی راوێژکارانەی کرد، کە ئەندامانـی گرتەوە تـا یارمەتییان بدات لـە دەرکردنی بڕیار دەربـارەی ئـەوەی ئایا بە دەنگـدان بە (بەڵێ) لە راپرسـیی میلیی فەرەنسـادا قایل بن سـەبارەت بە بابەتـی پەیمانگای یەکێتیـی ئەوروپا یان (نا)؟ ئەو کێشـەیەی جێگای مشـتومڕ بوو لە ناوەندەکانی پارتگەلی ناوخۆیی، تۆوی دابەش بوونی

پارتانەیـــان تێدا بوو، بـــەڵام بەڕێوە بردنـــی دەنگدانی ناوخۆ وای لـــە هێزگەلـــی (لایەنگـــر) و (نەیار) کرد، کـــە بتوانن رای خۆیـــان بگەیەنن، لە کۆتاییشـــدا سـکرتێری یەکەمی پارتەکە (سـەرکردەکەی) رەزامەندیی کۆتایی بەدەست هێنا، کە زۆر هیوایـــان پێی بوو، بە سـایەی ئەنجامی ئەو دەنگدانەی کە بە توندی پشتگیریی لە کێشەکە کرد، (بەڵام زۆربەی لایەنگرانی پارت دواتر رەزامەندیی پارتییان پشـتگوێ خست و دەنگیان دژی دەستووری ئەوروپا دا).

■ ئەو هۆیانەی پارتەکان ناچار دەکەن ناوی ئەندامان تۆمار بکەن

لایەنگرانی دیموکراسی لە نێو پارتەکاندا بە گشتی وا دەزانن کـە پارتەکان دەتوانن ناوی لایەنگران بە ئاسـانی وەک ئەندام تۆمار بکـەن، لەمپەری گەورەش بەرەو رووی دیموکراسـیی ناوخۆی پارت بریتییە لە قایل نەبوونی بژاردە لە بەش کردنی دەسەڵات، بەڵام لە راستیدا ناکرێ وا مەزەندە بکرێت کە پارتگەلی سیاسی دەتوانن بە ئاسانی بنکەی ئەندامان بنیات بنێن. راستە لـە زۆر حاڵەتدا زەحمەتە بە وردی ژمـارەی ئەندامان دیاری بکرێت، بەڵام دیارە کە پارتەکان لە سیستەمەیلی دیموکراسیدا لە سیستەمگەلی دیموکراسیی دەوڵەتانی رۆژئاوادا، بە دەگمەن رێژەیەکی بەرزی نـاوی لایەنگرانیان بە ئەندام تۆمار دەکەن، کە بە (پارتی جەماوەری)ش وەسف دەکران. ئەو پارتانەی بە درێژایی نیوەی سـەدەی رابردوو ١٠٪ی دەنگدەرانیان تۆمار دەکرد دەگمەن بوون، بەڵام گەورەترین رێژە کە ئەمڕۆ باوە بریتییە لە ٢ تا ٣٪، لەبەر ئەوە داکۆکیکاران لە دیموکراسـیی نێو پارتەکان پێویسـتیان بـە بیرکردنەوەیەکی زۆر هەیە لەو ئامرازانـەی پارتەکان پەنایان بۆ دەبەن لە پێکهێنانی ناوکێکی لایەنگـران، کـە ئامـادەن کات و چالاکییـان بـۆ کاروبـاری

سیاســی تەرخان بکەن، هەروەها بیرکردنەوە لە شێوازەکانی پارێزگاری لێ کردنیان.

بەڵام دیموکراســیی نێو پارتەکان تاکە ئیعتیبار نییە کە هەر کەسێک حەزی لێی بێت بێتە نێو پارتەوە لێی بکۆڵێتەوە، یان ئەو پارتانەی هەوڵ دەدەن ئەندام بە لای خۆیاندا رابکێشــن، بۆیــە ئەگــەر تاکەکان هەوڵیــش نەدەن رێڕەوی پیشــەیی لە بــواری سیاســیدا بنیــات بنێن، ئــەوا چاکترە کــە چوونە نێو پــارت و تێکەڵ بوونیان بە ئیش و کارەکانی لە بەرژەوەندیی ئەندامێتیــی ئەواندا بێت. لە پاڵ دەرفەتی بەشــداری کردنیان لــە سیاســەتدا، ئەگەر پارتــەکان وای دابنێن کە بە شــێوازە جیــاوازەکان ســوود بە ئەندامانیــان دەگەیەنن، باشــتر وایە بێجگــە لــە شــتی دیکە هــەوڵ بدەن زیاتــر بــە لای خۆیاندا رابکێشــن. هەر لەبەر ئەوەشە کە دەبێت تۆزێک بیر بکەنەوە تا بتوانن سوود لە دابین کردنی بنکەیەکی تۆکمەی ئەندامێتی وەربگــرن. هەروەهــا لەو ســوودەی کە هاونیشــتیمانیان لە ئەنجامی چوونە نێو پارتەوە وەک ئەندام پێیان دەگات و لەو رێگایانەی کە ئەندامانیان پێ رادەکێشــرێت. ئەویش بە دابین کردنــی چەند هۆکارێــک لە بەردەم لایەنگــران، تاکوو پاڵیان پێوە بنێن بێنە نێو پارتەکەوە.

لەو ســوودە هاوبەشــانەی کە دەکرێ پارتەکان وەریبگرن لە ئەنجامی بەخشــینی پلەی ئەندامێتی بە لایەنگرانیان بە پێی بنەماگەلی فۆرمەلیســتی، هەندێ یان هەموو ئەو سوودانەی دادێنە:

■ شەرعیەت

دەکرێ ئەو شــەرعیەتە تەنانەت لەســەر دەستی ئەندامێکی کــەم چالاک دابیــن بکرێت، ئــەو پارتانەی لیســتی گەورەی ئەندامێتییان هەیە شانازی بە پشتیوانیی بنکە میللیەکانیانەوە

دەکـــەن. ئەم ســـوودەش کاریگەریی گـــەورەی دەبێت کاتێک ئەندامانی پارتەکە رۆڵیان دەبێت لە هەڵبژاردنی ســـەرکردە و کاندیدان. لەو حاڵەتەدا، دەکرێ ئەو کەســـەی هەڵدەبژێردرێ بـــە دەنگدانێکی فراوانی ئەنجومەنی پـــارت، پێش بەرەو روو بوونـــەوەی جەمـــاوەری هەڵبـــژاردن، شـــانازی بـــە خۆیەوە بکات.

■ پەیوەندی کردن بە لایەنگرانەوە

کاتـــێ رێگـــە بە ئەندامـــان دەدرێت بۆ بەشـــداری کردن لە گفتوگۆی سیاســـیی فەرمـــی و نافەرمیی پـــارت، هەروەها لە هەڵبژاردنـــی کاندیدان، ئەمـــە پەیوەندیی نێوان ســـەرکردەی پارتـــەکان و لایەنگرانی بنەڕەتە. ئەم رێیـــە رێگە بە ئەندامان دەدات، ئەرکی (گەیشـــتن)، کـــە بە تەواوی بە پارتەکان دراوە بەهێز بکەن. بۆیە سەرکردەی پارتەکان کەمتر لە گەڵ دادەبڕێن، کاتێ پاشخانە زانیاریی بەردەوام لەو ئەندامانە وەردەگرن، کە بایەخ بە سیاســـەت دەدەن، ئەو پارتانەی میکانیزمی ئاراستە کردنی نامەیان بـــۆ ئەندامان هەیە، دەتوانن لە لای خۆیانەوە ئەو ئەندامانە هان بدەن بۆ بڵاو کردنەوەی نامەی پارتەکەیان لە نێو کۆمەڵگەیەکی فراواندا. وێڕای ئەمە زۆر جار ئەندامان رایەڵـــی بەهێزی هەڵبژاردن بۆ پارتـــەکان پێک دێنن، تەنانەت کاتـــێ ئەندامانی پارت بە تـــەواوی لە ســـەرکردەکانیان قایل نابن، لـــە کۆتاییدا، ئەو ئەندامانە کەمتریـــن مەیلی دەنگدانیان بـــۆ پارتێکی دیکە دەبێت، یـــان رۆژی هەڵبژاردن لە ماڵەکانی خۆیان دادەنیشن.

■ پشتیوانیی دارایی

دەکـــرێ ئەندامان ســـەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی پارت بن، چونکە پارتەکان پێویستیان بە کۆ کۆدنەوەی رێژەیەکی داهاتی ســـەرچاوەکانی دیکەش دەبێت، تەنانەت لەو دەوڵەتانەش کە هاوکاریـــی حکوومیش وەردەگرن، لەم حاڵەتـــەدا، ئابوونە و

کۆمەکی ئەندامان دەبنە ئەلتەرناتیڤێکی گرنگی دارایی.

■ کاری خۆبەخش

دیارە بەرچاوترین ئامانج کە هەموو پارتێک بۆی دەڕوانێت بریتییە لە گەیاندنی پەیامی سیاسـیی پارتەکە بە جەماوەری نەیار یان کەمتەرخەم. تەنانەت لە سەردەمێکدایین کە تێیدا ئەو هەڵمەتانەی شـارەزاییەکی بەرزیان هەیە و بە باشی پارەدار کراون، زۆر جار وا لە خۆبەخشـان دەکات ڕۆڵی تێدا بگێڕن. گرنگیـی ئـەوان لە نێـو پارتەکانی ئـەو دەوڵەتانـەدا زێدەتر دەبێت، کە تەکنیکی پەیوەندییان بە گشـتی لاوازە، ئەندامێتیی ڕێکخراو، یەدەگێکی چاوەڕوان کراو لە سـەربازانی پیادە بۆ پارتەکان مسۆگەر دەکات.

■ کاندیدان

ڕەنگە ئەندامێتیی پارتەکان سـەرچاوەیەکی باشی کاندیدان بێـت، ئەمەیـان گرنگییەکی تایبەتی لای ئـەو دەوڵەتانە هەیە کە حکوومەتی لۆکاڵی لاگیریان تێدایە. پارتەکانیشـیان ناچار دەبـن ژمارەیەکی زۆری کاندید بۆ ڕکابەری کردن لە سـەر کورسـییەکان بدۆزنەوە. لەوانەشە بەشداریش بن لە ئیش و کاری ئیداریی شارەوانی کە زۆر جار سەرنج ڕاکێش نین.

■ هۆیەکانی ئینتیمای لایەنگران بۆ پارت
(مانەوە لە ریزەکانی پارتدا)

بە تەواوی هەروەک پرسیارمان کرد، پارتەکان بۆ ڕاکێشان و پێشـبڕکێی ئەندامان خۆیان ماندوو نەکرد، دیسان پرسیار دەکەین: بۆچی تاکەکان هەوڵ دەدەن بێنە ریزی پارتەکانەوە؟ تێگەیشـتن لەو کۆمەڵە پاڵنەرەی کە تاکـەکان هان دەدەن تا بێنە ریزی پارتەکانەوە سوودگەلێکی تایبەتییان بۆ ئەو پارتانە

هەیە کە بایەخ بە راکێشانی ئەندامانیان دەدەن؟

■ گوزارشت لە قەناعەتی سیاسی

هەنـدێ ئەندام هاتنە ریـزی پارتەوە بـەوە دادەنێن، کە بە پلەی یەکەم ئەرکێکی نمایشکارانە دەبینێت، بۆیە ئەندامان دێنە نێویانەوە تاکوو پشـتیوانیی خۆیـان بۆ پارتێکی دیاری کراو یـان سـەرکردەکانی دووپات بکەنـەوە، هەروەها دەتواندرێ ئەندامان هاوکاریی خۆیان پیشان بدەن بێ ئەوەی پێویستیان بە بەشداری کردنێکی کارای چالاکییەکانی پارت بێت.

■ دەستکەوتنی زانیاریی زیاتری سیاسی

سیاسەتوانان وای دەبینن، کە ئەندامێتیی پارت یارمەتییان دەدات تاکـوو بـە زانیاریی زیاتر ئاشـنا بن، بـەو ناوەی کە ئەندامـن، راپۆرتی کورتیان دەربارەی کێشـە سیاسـییەکان بەدەست دەگات (بۆ نموونە نامەکانی هەواڵ، یان لاپەڕەکانی ئینتەرنێـت کە تەنیـا بۆ ئەندامان تەرخان کـراون). هەروەها دەتوانـدرێ بانگهێشـتی کۆبوونـەوەکان بکرێن تـا گوێ لە گفتوگۆ و وتوێژ بگرن لەبارەی ئەو کێشـانەی باسـیان لێوە دەکرێت. هاوکات گوێ لە سـەرکردە و (ناودار)ی سیاسـیی بگرن، هەندێ جاریش دیداریان لەگەڵدا ساز بکەن.

■ بەشداری کردن لە سیاسەتدا

هەنـدێ کەس دێنە ریـزی پارتەکانەوە تاکـوو کاریگەریی بکەنە سـەر ئەنجامەیلی سیاسـی، چ بە بەشـداری کردن لە هەڵمەتەکانـی پارتایەتیـدا، یـان بە هاریکاری لـە دەرکردنی بڕیارەکانی پارتدا.

یارمەتیدان لە بەدی هێنانی ئامانجگەلی سیاسیی کەسی:

هەندێ پارت وا دەزانن کە ئەندامێتیی کارای پارت مەرجی

سـەرەكییە بۆ دانانی تاک لە پۆستی فەرمیدا، بەڵام هەتا لەو حاڵەتەشـدا، ژمارەی ئەندامان زۆر نابێـت ئەگەر لایەنگرانی پارت تەنیا پشت بەوانە ببەستن کە بەو هیوایەن پارت پۆستی فەرمییان پێ بدات.

■ دەستکەوتنی سوودی کۆمەڵایەتی

ئەندامێتیـی پارتەکان دەرفەتگەلێکی باش بۆ ئەو کەسـانە دەڕەخسـێنێت تاکـوو بەشـداری لـە چالاکیـی کۆمەڵایەتی و بیـر و بۆچوونـی تاکەکانـدا بکەن، لە میانـی ئامادە بوون لـە کۆبوونەوەکان یان لـە کاتی کار کردن لـە هەڵمەتەکاندا یاخود لە کات بەسـەر بردن لە یانەی کۆمەڵایەتیدا، کە پارت پشـتیوانیی داراییـان لـێ دەکات، لـە لای خۆیانـەوە لقگەلی ناوخۆیی پارت ئەم دەرفەتانە بەهێز دەکەن، ئەویش لە میانی پشـتگیری کـردن لـە چەند چالاکییـەک، کە بە پلـەی یەکەم ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان بگرێتەوە.

■ دەستکەوتنی سوودی ئابووری

زۆر جار پارتەکان پاداشـتی ئابـووری دەدەنە ئەندامانیان کـە بریتییە لە داشـکاندنی نرخـی کڕینی کاڵا و شـتومەکی گـەورە کە ڕێکخـراو و یانەکان پێشـکەش بـە ئەندامەکانی دەکەن، هەروەها ئەو رەفتارانەی کە لە رەوشتەوە دوورن و تێیدا داهاتی حکوومی بۆ سـوودی تایبەتی و ناسیاوی بەکار دەهێندرێت. بۆیە قەبارەی ئەو سوودانە هەر چەند بێت، ئەوا تەنیا سـیمایەکی جیاکەرەوەی ئەندامان و پێشـکەش کردنی پاداشتە بۆ ئەوانەی پابەندی ئەندامێتی دەبن.

هەڵبەت هەر یەکە لەو پاداشـتە ئـەوی دیکە بە لاوە نانێت، راسـتە کـە زۆربەی تاکـەکان هاندەری جیـاواز پاڵیان پێوە نانێت تا بێنە ریزی پارتەکانەوە و پارێزگاری لە ئەندامێتییان بکـەن، لەگەڵ ئەوەشـدا، تەنیـا بیرکردنەوە لـەو هۆکارانەی

پاڵ بەو کەسانەوە دەنێن بێنە ریزی پارتەکانەوە، رۆشنایی دەخاتە سەر ئەو هەنگاوانەی کە بە ئومێدن بۆ بەهێز کردنی ئەندامێتییان بینێن. لەو رێگایانەی کە لە ورووژاندنی ئەندامان بۆ هاتنە نێو پارتەکان بەکار دەهێندرێن، زیاد کردنی ئەو سوودانەیە کە تایبەت بۆ ئەندامان تەرخان دەکرێن. هەروەک پێشتریش باس کرا، رەنگە هەندێ سوود لەو جۆرە بن کە هەر رێکخراوێکی گەورە بتوانێت بیداتە ئەندامانی، جا ئەوەیان داشکاندنی گەورەی نرخی بەرهەمی بازرگانی بێت یان بەشداری کردن بێت لە بۆنەی تایبەتی (سیاسی و ناسیاسی)دا. هەروەها ئەندامان زانیاریی زێدە دەربارەی سیاسەتیان (لە رێی گۆڤار یان ماڵپەڕی ئەلکترۆنییەوە کە تەنیا بە پاسۆورد وەردەگیرێن) دەست دەکەوێت. هاوکات ئەو ئەندامانە هەست بەوە دەکەن کە ئاگایان لە نێوەندەکانی سیاسەتمەداران هەیە (لەو کۆبوونەوانەی پارتایەتی کە کەسایەتیی ناوخۆیی یان نیشتیمانی بەشداریی تێدا دەکەن). سەبارەت بەو پارتانەی کە ژمارەی ئەندامانیان پێش هەڵبژاردنی راستەوخۆی بەرایی زیاد بووە، ئەوا پێشکەش کردنی ئەو سوودە بەرجەستەیە دەبێتە دەروویەک بۆ پەرۆشی نواندن بۆ ئەندامانی تازە دوای کۆتایی هاتنی ئەو هەڵبژاردنە. لەوانەیە هەندێ ئەندام لەبەر هۆیەکی دیاری کراو بێنە نێو پارتەکەوە، دواتر لەبەر هۆیەکی دیکە لە نێو پارتەکەدا دەمێننەوە. هەروەها رێیەکی دی کە هانی خەڵک دەدات تا بێنە نێو ئەو پارتانەی کە زیاتر سەرنج رادەکێشن، بریتییە لە کەم کردنەوەی تێچووی ئەندامێتی، ئەوە مانای وایە ئابوونە کەم بکرێتەوە یان بۆ ئەوەی رێگایان پێ بدرێت بە ئاسانی لە رێی ئینتەرنێتەوە بێنە نێو پارتەکەوە، یاخود بە پەیوەندی کردن بە ناونیشانی پارتی نیشتیمانی کە زۆر بە هەرمێن بێت، لە جیاتی ئەوەی ئەوانەی ئارەزووی هاتنە نێو پارتیان هەیە، ناچار بن بە

دوای نووســـینگەکانی ناوخۆی پارت (بارەگاکانی)دا بگەڕێن، دەتوانن لە ڕێی ئینتەرنێتەوە ئەندامێتی بەدەست بهێنن. بە هەر حاڵ، ئەو هۆکارانە هەر چی بن کە پاڵ بە لایەنگرانەوە دەنێن تا بێنە ریزی پارتێکی سیاسییەوە و تێیدا بمێننەوە، ئاشکرایە پارتەکان پێویســتیان بە ژمارەیەکی زۆر و یەکلاییکەرەوەی ئەندامــان دەبێــت، تاکوو چالاکیی دیموکراســی لــە ناوخۆی پارتدا پیشــان بــدەن، چونکە هەرچەندی ژمارەی بەشــداران زیاد بێت، ئەگەری دەست بەسەردا گرتنی ڕێکارەکان لە لایەن گرووپگەلی بچووک بچووکــی توندڕەوەوە، کەم دەبێتەوە و ئــەو توانایەش زیاتر دەبێت، کە ڕەنگە ئەنجامەکان بە فەرمی رابگەیەندرێــن، بــەوەی بازنەیەکــی فراوانتــری دەنگدەرانی پــارت ڕێزی لێ بگرن. بە خۆشــحاڵییەوە زیــاد بوونی هەلی بەشــداری کردن لە نێو خــودی پارتدا توانایەک بە ئەندامێتی دەدات، ئەویش بەوەی کە لە لایەن سیاســەتوانانەوە جۆرێک لە ســەرنج ڕاکێشــی بەو ئەندامێتییە دەبەخشــێت، هەروەها پاداشــتی زیاتر بە ئەندامانی ئێستا و دێرینی پارت دەدات کە لە بیر و بۆچووندا هاوبەشن.

■ نموونەی ڕێکخستنی پارتایەتی

لەمەدا روون دەبێتەوە، کە ئەو پارتانە چەندین بەراوردکاری لە رووی ڕێکخســتنی ناوخۆییەوە پەیــڕەو دەکەن، هەروەها بنیات و ڕێکاری تازە بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ گوشاری ناوخۆیی و دەرەکــی تاقی دەکەنەوە، بۆیە زەحمەتە کە بە شــێوەیەکی گشتگیر باس لە شێوازی کاریگەر بوونی بنیاتی پارت بکرێت، ئەویش لە گۆشــەی دیموکراتیزە بوونی ئەندامێتییەوە، بەڵام بە بەکارهێنانی بیر و بۆچوونی هاوبەشــکاری و سەنتراليزم و دامەزراوانــدن، کە پێشــتر روون کرایــەوە، دەتوانین پێنج نموونەی گشتیی ڕێکخستن جیا بکەینەوە، کە ئەمانەن:

١. پارتی خاوەنی سەرکردەیەکی زاڵ.
٢. پارتی پیاو ماقووڵان، کە هەندێ جار بە پارتی کادیرانیش ناسراوە.
٣. پارتی نوێنەرایەتیی تاک.
٤. پارتی نوێنەرایەتیی سەندیکا.
٥. ئەو پارتەی لە سەر (دیموکراسیی بنکردایەتی) دامەزراوە.

ئەو نموونانە یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەوەی هەندێ ئاستەنگی جیاواز و گوشـاری ناوخـۆ روون بکەینەوە، کـە لە ئاکامی چاکسـازییەکانی پەیوەسـت بە گواسـتنەوە بۆ دیموکراسی پەیدا بوون.

هەنـدێ لەو نموونانە لـە چەندین قۆناغی مێژوودا هەر باو بوون، بەڵام هەر یەکێکیان بە تەواوی کۆتاییان پێ نەهاتووە، بۆیـە دەبینیـن کە ئێمـە هەموو ئـەو رەگەزانە لـە پارتەیلی هاوچەرخدا دەدۆزینەوە، بە تایبەتی لە سیستەمەکانی تازەی دیموکراسیدا، کە بە تەواوی چەسپاون. راستە هیچ پارتێک بە تەواوی بە یەکێک لەو نموونانە ناچێت، بەڵام ئاشـنا بوون بە خاڵی سـەرهەڵدانی رێکخستنی گشتیی پارتەکە، چەند ئاماژە و هێمایەکی چاوەڕوان کراومـان دەربارەی کاریگەرییەکانی دیموکراسـاندنی رێکخسـتن پێ دەبەخشـێت، کـە ئاخۆ کام گـرووپ بە تەواوی سـوود وەردەگرێـت؟ جۆرەکانی بنیات چین کە پێویسـتیان بە بەهێز بوون یان گۆڕانکاری هەیە بۆ سەرخستنی پرۆسەی دیموکراساندنی ناوخۆ؟

■ سەرکردەی زاڵ

زۆر جار پارتەکان کە یەک سـەرکردە کۆنترۆڵیان دەکات، توانای خۆیان لە سـەر رادەی کێش کردنـی جەماوەریانەی ئەو کەسـە بنیات دەنێن، هەروەها ئەوەی کە خەڵک بە چاکی

دەزانێــت، لە پاڵ ئەو داهاتــە داراییەی کە ئەو پارتانە هەیانە. بۆیە ئەو ســەرکردەیە داخوازییەکانی پارت لە ســەر ئاستی بەرنامەکان بەرجەستە دەکات. دواتر بە ئاشکرا دایاندەڕێژێت و روونیــان دەکاتــەوە، تەنانەت پارت ناوی خۆشــی (یان بە لای کەمــەوە نازناوەکەی) لەو ســەرکردەیەوە وەردەگرێت. ژمارەیەکی زۆری پارتگەلی ســەرکەوتووی سیســتەمەکانی هاوچەرخی دیموکراســی لەگەڵ ئەو وەســفەدان، بە تایبەتی کــە ئــەوان لــە بنەڕەتدا (یان بــە لای کەمەوە بــۆ ماوەیەکی دیــاری کــراو) بوونەتە ئامرازی گواســتنەوەی هــزری تاکە ســەرکردە زاڵەکە (بۆ نموونە (ســیلفیۆ برلسکۆنی) لە پارتی (فورزا ئیتالیا) لە وڵاتی ئیتالیادا). لە نێو ئەو پارتانەدا دەکرێ ســەرکردەی پارت خۆی هەڵبژێرێت (لەوانەیە بەو ناوەی کە دامەزرێنەری پارتەکەیە)، یان ســەرکردەیەکی کشــاوە وەک سەرکردەیەکی تازە بچەسپێنێت، یان لە پارتدا بچێتە پێشەوە لــە ئەنجامی ســەرکەوتنێکی رەها بە پشــتیوانیی دەنگدەران. هەروەهــا دەتوانــدرێ بــە رەزامەندیــی فۆرمالیســتیانەی کۆنگــرەی پارتەکــە، ســەرکردە پۆســتەکە وەربگرێت، بەڵام رەنگە بە کردەنی بڕیارەکانی پارتەکە کۆنترۆڵ بکات، لە رێی داگیر کردنی چەندین پۆســتی فەرمی لە نێو رێکخستنندا، یان هەتا ئەگەر هیچ پۆستێکیش وەرنەگرێت، ئەو پارتانە لقەکانی ناوخــۆ و ئەنجومەنەکانی پارتەکە بــۆ گەلەکۆمە بەکار دێنن، بەڵام ســیمای بنەڕەتی ئەو پارتانە خــۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کــە لە بــواری دیاری کردنی رێنماییگەلی سیاســیی پارتەکە، ناوەند جڵەوی دەسەڵات دەگرێتە دەست.

خشتەی ژمارە (١)
نموونەگەلی بژارکراوی ڕێکخستنی پارتایەتی و ڕێبازەکانی ڕێکخستن

| جۆر | سەنترالیەت | هاوبەشکاری | دامەزراواندن |
|---|---|---|---|
| ١.سەرکردەی زاڵ | بەرز | نزم | بە گشتی نزم |
| ٢.پارتی ماقووڵان | مام ناوەند (زۆر جار ڕێبازی ناسەنترالی توند پەیڕەو دەکات) | نزم | نزم تا مام ناوەند |
| ٣.نوێنەرایەتیی تاکە کەس | مام ناوەند بۆ بەرز | مام ناوەند بۆ بەرز | مام ناوەند بۆ بەرز |
| ٤.نوێنەرایەتیی سەندیکا | مام ناوەند بۆ بەرز | مام ناوەند | مام ناوەند بۆ بەرز |
| ٥.دیموکراسیی بنکەیی | نزم بۆ مام ناوەند | بەرز | مام ناوەند بۆ بەرز |



لــە نێو ئەو پارتانــەی یەک ســەرکردە کۆنترۆڵیان دەکات، زۆر جار ڕێکخســتنی پارتایەتی لە ســەر دامەزراوەی لاواز بنیات دەندرێت، هیچ بایەخیش بە بەهێز کردنی دیموکراسیی ناوخۆیــی پارتەکە نادرێــت (بڕوانە نموونەی ١ لە خشــتەی ژمارە (١)دا). ڕەنگە ئەمە بۆ ماوەیەکی کەم نەبێتە سەرچاوەی نیگەرانی، چونکە ئەو سەرکردەیەی سیمای کارێزمایی تێدایە، هێمایەکی جیاواز لە زەین تۆمار دەکات و برەوی پێ دەدات، هەروەها ئەم سەرکردەیە دەتوانێت ئاراستەی پارتەکە دەست نیشان بکات.

هەڵبــەت بە درێژایــی کات، زۆر جار نەبوونی بناغەیەک بۆ بڕیاردان کە مۆرکێکی فۆرمالیســتیانەی پێــوە دیارە، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشە لە کاتی گواستنەوەی سەرکردایەتی و دیــاری کردنــی سیاســەتدا. لەوانەیــە ململانــێ لــە نێوان ئەندامانی دێرینی پارتەکەدا بێتە ئاراوە، کاتێ هیچ سیستەمێک

بۆ چارەســەر کردنی ئەو ململانێیانە نەبێت، یاخود هەبێت و کــەم پەیڕەو بکرێت. ســەرباری ئەمــەش، نەبوونی رێکار و شێوازی پێشکەوتن، ورەی کەسانی بەهرەمەند کەم دەکاتەوە و لە بەدواداچوونی کاروانی سیاســیی پارتایەتیدا ســاردیان دەکاتــەوە، بەڵام کاتێ جیابوونەوە لە ریــزی پارتدا بە ناوی پشتگیری کردن لە سەرکردەکانی پارتەکە خەفە دەکرێت، ئەو کەناڵانەش کەم دەبن کە دەچنە خانەی ئەو بنەما شێوەییانەی ناکۆکییــەکان دەگرنە خۆ، ئەوا پتر وا پێ دەچێت کە ململانێ ببێتە مایەی پارچە بوونی پارتەکە نەک پارچە بوونێکی رێک و پێکی گرووپکارانە.

مــەرج نییە ئەو پارتانەی ســەرکردە کۆنترۆڵیان دەکات لە ناخدا دژایەتی دیموکراسی یان هاوبەشکاری بکەن. لە راستیدا، ئــەو پارتانەی کە لەو چوارچێوەیەدان، لە نێو سیســتەمگەلی نــوێ و تازەبــاوی دیموکراســیدا پەیــدا دەبن، کــە خەڵک بە دەوری جوداخوازانێــک گــرد دەبنەوە، ئــەو جوداخوازانەی بە ســایەی دژایەتی کردنی رژێمەیلی دیکتاتۆر ئەســتێرەیان درەوشــاوەتەوە. سەرکردەی سیاســی، لە نموونەی نیلسۆن ماندیللا لە باشــووری ئەفریقا و (کیم دای یۆنگ) لە کۆریای باشوور پێگەی خۆیان لەوەوە بەدەست هێنا، کە بە شێوەیەکی پرەنســیپانە پایەنــدی دیموکراســی بــوون، بێ لــە کۆمەڵێک هــۆکاری دی. دوای نەمانــی کــۆت و بەندی سیاســی ئەوان زۆر بە خێرایی بە بەرزترین پۆستی فەرمی گەیشتن. ئەوەش هەلومەرجێکە پیشانی دەدات، کە سەرکەوتنی سیاسی بێ سێ و دوو پێــش دامەزراوندنی پارت دەکەوێت، یان لەوەدایە وا بێت. بۆیە نەبوونی دیموکراسیی ناوخۆیی، هەروەها هەبوونی ئەو بنیاتەی کە شێوەی فۆرمالیستیانەی وەرگرتووە، هەندێک جــار، زادەی نوێکاریــی نێو پارتەکە و ســەرکەوتنی خێرایە، نەک ئەوەی نیشانەیەک بێت بۆ ئەو رێیەی سەرکردە گرتیانە

بـەر لە ڕێـی بەهێـز کردنی خۆیانـدا. جا هـەر چییەک بێت هۆیەکانـی لاواز بوونی بنیاتی ناوخۆی حوکم، ئەوا زۆربەی ئەو پارتانەی کە یەک سـەرکردە کۆنترۆڵیـان دەکات، زیاتر پێویسـتیان بەوەیـە کە شـێوەیەک بدەنە بنیاتـی خۆیان، بۆ جێگۆڕکێ پێ کردنی سـەرکردەکان لەسەر هەموو ئاستێکدا، ئەگەر مەبەسـتیان پاراسـتنی یەکڕیزی و یەکگرتوویی خۆی بێت، بەوەی سەرکردە زاڵەکە گۆڕەپانی کاری سیاسی بەجێ دەهێڵێت.

■ پارتی ماقوولان

ڕاسـتە ئـەو پارتەی سـەرکردە کۆنترۆڵـی دەکات بووەتە نموونەیەکـی بـاو، بـەڵام لـە کاتی پەیـدا بوونـی پارتگەلی دیموکرات لە سـەدەی نۆزدەمدا، سـەرکردەی دەسـەڵاتدار بەو شـێوەیە باو نەبوو. ئەو کاتە، زۆربەی پارتەکان لەسـەر ئاسـتی دامەزراوەییدا لاواز بوون، لـە گەڵاڵە کردنی بڕیاردا ڕێـکاری لاوازیان پیادە دەکرد، هەروەهـا بە بەراورد لەگەڵ لایەنی دی، بەوە ناسـرا بوون کە لە ڕووی یاسـاییەوە زۆر یەکگرتوو نەبوون. ڕێکخستنەکانیان بە خێرایی پەرت دەبوون، وا بـاو بوو لە کاتی هەڵبژاردندا کـپ بوون. لە ئەنجامی ئەو گوشارەی دەستەیەکی یاسـادانان کردی، ژمارەیەکی زۆری ئـەو پارتانە دامەزران، ئەوان گەشـەیان بە بنیاتی پەیوەندی کـردن بە لایەنگرانیانەوە نەدا تا پاشـتر نەبێـت. ئەو پارتانە بە دەوری یەک سـەرکردەی خـاوەن کاریزما گرد بوونەوە، وا بـاوە ئـەو پارتانە دەکەونە ژێر دەسـەڵاتی دەسـتەیەکی بچووکی سەرکردایەتی کە خۆبەخۆ خۆیان هەڵدەبژێرن، ئەو دەستەیە لەو بەرپرسانەی هەڵبژێردراون، هەروەها لە کۆمەڵە سەرکردەیەکی کە لە نێو گرووپی دەنگدەرانی لایەنگری پارتەوە سەریان هەڵداوە (وەک نووسەران، سەرکردەی سەندیکاکانی

کریــکاران.. هتد)، هەروەها ســەرکردەی کۆمەڵگاکانی ناوخۆ (لــۆکاڵ) و بیرۆکراســیيانی پارەدار. زۆر جار دەســەڵات لە سەر ئاستی جیاجیا لە نێوان سەرکردەکاندا دابەش دەکرێت، ئەو ســەرکردانە پەنا بۆ ئەو بنکردایەتییە دەبەن، کە ملکەچی ڕێوشوێنی فۆرمالیانە و کاری پەنامەکیی هەڵبژاردنی کاندید و سەرکردەکان نین. ئیدی هەرچەندی ئەو ڕێڕەوە پیشەییانەی کــە لە نێو ئەو پارتانەدا بــەرەو لووتکە دەچن هەمەجۆر بن، ئەوا یەکێک لەو ســیما جودا و بنەڕەتانــەی کە تەنیا «پارتی ماقــووڵان» پەیــڕەوی دەکات، گوێ نەدانیەتی بە پاراســتنی دیموکراسیی ناوخۆیی تەنانەت بە رووکەشیشدا: بەرنامەکانی لە «جۆر»ی کۆمەڵایەتییەوە پشتگیری وەدەست دەهێنێت لە «چەندایەتی»ی دیموکراسییەوە.

هاوشــێوەی ســەردەمیانەی ئــەو پارتانە، کە بۆ ســەدەی نۆزدەم دەگەڕێنەوە، لە نموونەی ئەو پارتەدا خۆی دەنوێنێت کە لە ســەر بنەمای پــووچ رۆنراوە، بریتیشــە لەو دەرامەت و ناوبانگــەی گرووپێکی بژاردەی هاوبیر بەدەســتی دەهێنن (بڕوانــە نموونــەی ٢ لە خشــتەی ژمارە (١)دا). ئــەو پارتانە مەیلیان بە لای ناسەنترالیزمەوەیە، لە رووی دامەزراوەییەوە سســت و لاوازن. لە شار و ناوچەکانیشدا ڕێکخستنی ئەوان بــە دەوری ئەو ســەرکردانەدا چڕ دەبێتەوە، ئــەوان، هیچ نا، جیا لە ڕێکخســتنی پارتەکە پشتوانیی خۆیان هەیە. بە هەمان شێوەی ئەوانی پێش خۆیان، ئەو پارتانە مۆرکی تایبەتاندنیان هەیە، بەوەی بڕیار بە دەســتی ماقوڵانەوەیە، ئەوانیش وێنەی گشــتیی پارتەکە بەرجەســتە دەکەن. لە نێو ئەو پارتانەشــدا، دیموکراســاندنی ڕێکخستن بە گشتی دامەزراواندنی زیاتر بە دوای خۆیدا دەهێنێت، چونکە پارتەکان پێویســتیان بە دیاری کردنی سنووری ئەندامێتی هەیە، بەر لەوەی بتوانن مافەکانی ئەندام فراوان بکەن.

■ نوێنەرایەتیی تاکە کەس

هەندێ لـەو پارتانە لە کۆتایی سـەدەی نۆزدەمەوە، لەبەر رۆشـنایی سـەرکەوتنی پارتگەلـی تـازەی سۆشیالیسـت و بەکاریگەریـی زۆری ئەوان، کەوتنە تاقی کردنەوەی چەندین شـێوازی دیکـەی رێکخسـتن. یەکەم جـار هـەردوو پارتی سۆشیالیسـت و پارتی کار لە دەرەوەی دەزگاکانی یاسـایی نیشـتیمانیدا دامەزران، ئەوە لە قۆناغێکدا کە ژمارەیەکی زۆر لەوانەی کە ئەو پارتانـە هەوڵی نوێنەرایەتی کردنیان دەدان، پێویسـتیان بە وەدەسـت هێنانی مافی دەنگدان هەبوو. چەند رێکخسـتنێکی هەمیشـەیی دامـەزران کە لە مـاوەی نێوانی هەڵبژاردنەکاندا، لایەنگران بۆ خۆیان رادەکێشن، تا پشتیوانی بۆ پرسـی سیاسـیی خۆیان بەدەسـت بهێنن. بەشێکی هۆی دامەزراندنیشـیان بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە چالاکییان لە بواری هەڵبژاردندا سـنووردار بوو. ئەو زێدە رێکخستنانەی هەڵبـژاردن لە هەنـدێ دەوڵەتدا یارمەتیدەر بـوون لە گەلاڵە بوونی ناسنامەی سیاسی و کۆمەلایەتی، کە شێوەی سیاسەتی نیشـتیمانیی ولاتـی بۆ سـالانی داهاتوو رەنگڕێـژ کرد. ئەو پارتانە روویان لە دروسـت کردنی ئەو رێکخستنانە کرد، کە ئەندامانیـان چ وەک تاک یـان وەک گرووپی بەرژەوەندی لە نێویدا، لە کۆنگرە و کۆنفرانسـەکانی هەرێمی و نیشـتیمانیی پارتەکەدا نوێنەریان دەبێت.

رەخنەگران، هەر لە سـەرەتاوە، گومانیان هەبوو لە سەنگی رۆڵی ئەو بنیاتانەی لە ژێرەوە بۆ سـەرەوە دروسـت بوون، بەوەی بتوانن دیموکراسییەکی ناوخۆی راستەقینە بچەسپێنن. رەنگە دیارترین رووداویش ئەوە بێت کە لە سەرەتای سەدەی بیسـتەمدا رووی دا، کاتێـک (رۆبیرتـۆ میکالز) کۆمەڵناسـی ئەڵمان لـە توێژینەوەیەکیـدا دەربارەی دیموکراسـیخوازانی ئەڵمان رایگەیاند، کە «هەموو رێکخستنێکی پارتایەتی بریتییە

لــە دەســـەڵاتێکی ئۆلیگارکــی (حوکمــی کەمینــە) و بەندە بە بنەمایەکی دیموکراســـی»، پاشـــان «ئەوەی بیر لە ڕێکخستن بکاتەوە، خۆبەخۆ بیر لە ئۆلیگارکی دەکاتەوە». ئەمە تۆمەتبار کردنێکی مەترســـیدارە، بووە خەمێـک و لەو کاتەوە بەرۆکی چەندین پارتی دیموکراســـی گرتووە. هەڵبەت تەنیا ئاراســـتە کردنی ئەم تۆمەتە، ئەو گۆڕانکارییە لە هەڵوێست پیشان دەدات، سەبارەت بە شێوازی کار کردنی ناوخۆی پارتگەلی سیاسی. ئیــدی هەتا ئەگەر ئەو پارتە سیاســـییانەی ئــەو پێوەرانەیان پەیڕەو کرد بەڵام بە تەواوی پێوەی پابەند نەبوون، بەڵام تەنیا ئاشــکرا کردنی دەبێتە پاساوگەلێک کە پارتەکان بیقۆزنەوە و شەرعیەتی دیموکراسیی ناوخۆیی پێ بچەسپێنن. گرنگیی ئەم پاســـاوانە بە هۆی ئەو سەرکەوتنانەوە بوو کە هەندێ پارتی تازە (بە تایبەتی چەپەکان) لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستیان هێنا. پارتەکانــی دیکە، لەوانە ژمارەیەک پارتی کۆنی (کادیران) کە دواتر پێکهاتەکانیان گۆڕی تا زیاتر ببنە فۆرمالیست و کەمتر بژاردەخواز بن، لە نیوەی دووەمی ســـەدەی بیســـتەمدا، ئەم هزر و بیرەی ڕێکخستنیان پەسند کرد.

ئەمــڕۆ، زۆر جار پارتەکان، تەنانەت ئەوانەی ســـەرکردەی بەهێزیشیان هەیە، خاوەن بنیاتێکی نوێنەرایەتین، کە بە لایەنی کەم گوزارشت لە بەشداری کردنی میللی دەکەن بۆ هەڵبژاردنی کاندیدی پارتەکان و داڕشتنی سیاسەت. ڕاستە بنیاتی دروست کردنی بڕیار لە نێو ئەو پارتانەدا سەنترال دەمێنێتە، بەڵام پشت بە بنکەیەکی زیاتر هاوبەشکار دەبەستێت، بە چەند چینێک کە مۆرکی فۆرمالیســـتانە دەپۆشــێت، پتر لەوەی لە لای (پارتی ماقووڵان)دا هەیە. (بڕوانە نموونەی ٣ لە خشتەی ژمارە (١)دا). ڕوونتر بڵێین، لە کۆتایی ســـەدەی بیستەمدا ژمارەیەک پارتی ڕژێمگەلی خاوەن دیموکراســـیی چەســـپاو، بە گوڕ و تینەوە پشـــتگیرییان لە بیرۆکەی سوود وەرگرتن لە ئاستێکی دیاری

کراوی دیموکراسی لە نێو ڕێکخستنی تایبەتی خۆیاندا کرد، هیچ نا بۆ مەرایی، تەنانەت هەتا ئەگەر ئەم گۆڕانکارییە زیاتر بە گوتە بێت نەک بە راستی، بەڵام گوزارشت کردن و روون کردنەوەی ئەم نموونە بەرزەی دیموکراسیی نێو پارتەکان، کاریگەریی هەبوو سەبارەت بە گۆڕینی پێشبینییەکانی خەڵک لە ئاست ئەو پارتانەدا. هەروەها فاکتەرێکی یاریدەدەر بوو بۆ دیاری کردنی چەمکەکانی رەفتاری دروست کە لە کۆتا بەشی سەدەی بیستەمدا پەیڕەو کرا، واتە دوای ئەوەی پارتەکانی نێو سیستەمەیلی تازە سەرهەڵداوی دیموکراسی لە جیهاندا دەستیان بە گەڕان کرد بە دوای نموونەگەلێک، کە رایەڵی نێوان سەرکردەی سیاسی و لایەنگران بەهێز بکەن.

■ نوێنەرایەتیی سەندیکا

پابەند بوون بە دیموکراسی لە نێو پارتدا، بە لای ژمارەیەکی زۆری پارتەوە مانای بەهێز کردنی دەرفەتی بەشداری کردنی ئەندام یان لایەنگرانە. هەڵبەت توانا کردنی تاک بە تاکی لایەنگران، هەرگیز تاکە بژاردەی بەردەستی ئەو پارتانە نەبووە کە هەوڵ بۆ بنیاتێکی زێدە دیموکراسی دەدەن. هەندێ پارت پەرەیان بەوە دا، کە دەکرێ پێی بڵێین (نوێنەرایەتیی سەندیکا)، ئەمەش تەرزە نوێنەرایەتییەکی ناوخۆیە کە پشت بە گرووپ دەبەستێت، سەرکردەی ئەو گرووپە دیاری کراوانە پۆستی باشیان لە نێو پارتدا هەیە. نوێنەرانی ئەو گرووپانە (وەک تۆڕەکانی کڵێسە یان سەندیکاکانی کرێکاران) لە کۆنگرەکانی پارتەکەدا بەشدار دەبن، بە نوێنەرایەتیی لایەنگرانیشیان کار لە کۆنگرەکاندا دەکەن. هەروەها هەندێ جار ئەندامانی ئەو گرووپانەی نوێنەرایەتی دەکرێن، ناڕاستەوخۆ لە رێی ئەو نوێنەرایەتی کردنە سەندیکاییەوە ناویان وەک ئەندامی پارتەکە تۆمار دەکرێت. لەو پارتانەی لە میانی سەدەی

بیستەمدا نوێنەرایەتیی سەندیکاییان هەبووە، ئاماژە بە پارتی کرێکارانی بەریتانیا، پارتی دیموکراسیخوازانی کۆمەڵایەتی لە سوید، پارتی گەلی نەمسایی و پارتی دامەزراو شۆڕشگێڕ لە مەکسیک دەکەین. ئەم لیستە نیشانەی ئەوەیە کە سەپاندنی فۆرم بەسەر نوێنەرایەتیی کۆمەڵە و گرووپی لاوەکیدا لە بنیاتی پارتدا، بیرۆکەیەکی کۆنە. بە شێوەیەکی تایبەت لە نێو پارتەکانی چەپدا (بەڵام نەک تەنیا لە لای ئەواندا) سەری هەڵدا، ئەو پارتانەی کە پەرەسەندنیان بەندە بە گەشەسەندنی بزووتنەوەکانی سەندیکای کرێکارانەوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە بەهێزیی گرووپەکانی ئەندام لە ڕێکخستندا، ئەوا پارتەکان کە نوێنەرایەتیی سەندیکا دەکەن، پشت بە بنکردایەتییەکی دامەزراو بەهێز دەبەستن، بەڵام بنیاتی تایبەت بە جۆشدانی لایەنگرانیان، لە رووی گەشە کردنەوە جۆربەجۆرە، ئەمەش بە گوێرەی توانای پشت بەستنی پارتەکان بە هێزی گرووپەکانی ئەندام لە ڕێکخستندا. پرۆسەی دروست کردنی بڕیار لە لای ئەو پارتانە بە گشتی هاوبەشکارانەیە، سەبارەت بە گرووپەکانی بەرژەوەندی بە شێوەیەکی گشتی، نەک سەبارەت بەو ئەگەرانەی تاکەکان پەسەندی دەکەن (بڕوانە نمونەی ٤ لە خشتەی (١)دا).

بەر لە ماوەیەکی کەم، هەندێ پارت کە نوێنەرایەتیی سەندیکایان پەیڕەو دەکرد، نەریتێکیان دەست پێ کرد بۆ لە قاڵبدانی رۆڵی نوێنەرایەتیی بە کۆمەڵ، ئەویش لە بەرژەوەندیی راستەوخۆ تەیار کردنی تاک بە تاکی لایەنگران. ئەم گۆڕانکارییەش لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەدا بوو کە بۆ فراوان کردنی بنکەی جەماوەری و پشتیوانیی پارتەکان دران، دیارە ئەمەش ئەو کاتە زۆر پێویست بوو کاتێک گرووپگەلی نەریتیی دەنگدان (وەک کڵیسە و سەندیکاکانی کرێکاران) دژە توانایان خستە روو سەبارەت بە تەیار کردنی

سیاسـی. لــه هەمان کاتــدا، هەندێ تویـژ لە چەنـد پارتێکدا هەوڵیــان دا میتۆدی نوێنەرایەتیی ســەندیکا فراوان بکەن، بە چەشنێک نوێنەرایەتی کردنی کەرتەکانی ئابووری تێپەڕێنێت، ئەوانە پاســاویان بۆ ئەمــە بریتی بوو لەوەی، دیموکراســی پێویســتی بەوەیە گرووپەکانی دیکەش نوێنەرایەتییان لە نێو ئۆرگانەکانــی پارتــدا هەبێت، تــا دڵنیا بن لــەوەی کە دەنگی جیاجیــا ئیدی دەبیســترێن. بۆیە چەندین پــارت بیریان لەوە کردەوە کاندید یان کۆتا کورسی لە ئەنجومەنی راپەڕاندندا بۆ ئەندامانــی ئەو گرووپە ئەتنیکانەی (وەک ژنان یان لاوان یان کەمینــەی ئەتنی بە نموونە) هەمیشــە نوێنەرایەتیی تەواویان نییــە لە پۆســتەکانی پارتدا، تەرخان بکەن. هــەر کە ئەمەش رووی دا، ئیدی پێویســت بەوە دەکات کە جۆرە ســازانێک لە نێوان ئەو دەســتکەوتانە بکرێت کە گرووپی لاوەکیی خاوەن شانس بەدەســتی دێنن، هەروەها ئەو رێوشــوێنانەی پێشتر پەیڕەو کراون، ئەمەش بە ئامانجی دابەش کردنی دەســەڵاتە لە چوارچێــوەی پارتدا. ئەمانەش ئاڵۆزین و پیشــانی دەدەن کە چــۆن بیر لەوە دەکرایــەوە پرەنســیپەکانی نوێنەرایەتیی ســەندیکا کە پێشینەی بە نوێنەرایەتیی بەکۆمەڵ داوە، لە دوا قۆناغدا، ناکۆک دەبن لەگەڵ پرەنسیپەکانی نوێنەرایەتیی تاکە کەس کە بریتییە لە (یەک ئەندام و یەک دەنگ).

■ دیموکراسیی بنکردایەتی

هەنــدێ چاکســایخوازی پارتــەکان، لەم ســاڵانەی دواییدا، کەوتنــە رەخنەگرتــن لــە رێکارەکانــی نوێنەرایەتــی کردن، کە پشــت بە مافەکانی تــاک یان گرووپ دەبەســتێت، ئەوان داکۆکییــان کــرد لــەوەی دەکرێ پێــی بڵێین (دیموکراســیی بنکردایەتــی)، (وەک چاولێکەرییــەک بــۆ پارتــی ســەوز کە نوێنەرایەتیــی «بنکردایەتــی»ی پارتەکــەی دەکات)، یــان

(دیموکراسیی راپرسی). ئەم نموونەیەش بە پێی ڕێوشوێنێکی پلە بەرزی هاوبەشکاری دامەزراوە، وەک راپرسیی گشتی، ئەمەش پێشینەیەک بە بەشداری کردنێکی فراوان لە هەردوو پرۆسەی دانوستان و دروست کردنی بڕیاردا دەدات. پاساوی ئەوانەی ئەو بنیاتەیان بە لاوە پەسندە ئەوەیە، کە دەبێ ڕێکخستنەکانی پارت رۆڵی زیاتر راستەخۆ لە گەڵاڵە کردنی بڕیارگەلی گرنگ، بدەنە لایەنگرانی پارتەکە. ئەم نموونەیە لە نێو پارتەکانی (چەپی تازە) کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لە ئەوروپا دامەزران، زیاتر بەدەرکەوت، ئەو پارتانەش ئەزموونێکی زۆریان لەو بنیاتەدا بەدەست هێنا. لە گەلێک حاڵەتدا، ئەو پارتانەی ڕێکاری دیموکراسیی بنکردایەتییان تاقی کردەوە بۆیان دەرکەوت، کە ئەو ڕێکارانە مەرجیان هەیە کە دەبێ تا ئەوپەڕەکەی و پتر لەوەی لە بەراییدا بۆی دەچوون، پارت بە دامەزراوەیی بکەن، چونکە بنەما تازەکەی ڕێکار، چەندین پرسی خستە روو کە چارەسەریان نییە، تەنیا بە سیستەمگەلێکی نوێ و روون نەبێت. هەروەها چاکسازیخوازانی نێو ئەو پارتانەی زیاتر پشت بە شێوازی نەریتیی ڕێکخستن دەبەستن، گرنگییان بە هەندێ هزر و بیری دیموکراسیی بنکردایەتی داوە، کە ئەمەش لە هەندێ حاڵەتدا بووەتە هۆی ئەوەی چەند ڕێکارێکی تازە بگرێتە بەر، وەک هەڵبژاردنی بەراییانەی پارت بۆ هەڵبژاردنی کاندیدان، هەروەها پرۆسەکانی دەنگدان کە هەموو پارت دەگرێتەوە بۆ هەڵبژاردنی سەرکردەکانی پارت یان ئەو ڕێکارە تازانەی بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی پەیوەندیدار بە بەرنامەکان دەگیرێنە بەر (بڕوانە نموونەی ٥ لە خشتەی ژمارە (١)دا).

■ پارتــی دامەزراوەیــی شۆڕشــگێڕی مەکســیک لــە نەوەدەکاندا:

ناسەنترالی و کشانەوە لە ڕێبازی نوێنەرایەتیی سەندیکا

بە درێژایی ساڵانێکی زۆری سەدەی بیستەم پارتی دامەزراو شۆڕشــگێڕی مەکسیک دەستی بەســەر مەکسیکدا گرت بوو، بەڵام ئەو بارودۆخە لە هەشــتاکاندا گۆڕانی بە ســەردا هات، لەگەڵ لەدەســت دانی پشــتیوانی دوای ماوەیەک لە پەشێویی ئابووری. ئەم پارتە لە ساڵی ١٩٨٨ زیانێکی زۆری لە دەستەی یاسادانانی نیشــتیمانی دا، هاوکات نەیتوانی سەرۆکایەتیی لە دەســتدا بمێنێت، تەنیا بــە هۆی تۆمارەکانی جیــا کردنەوەی دەنگــەکان نەبێــت لــە هەڵبژاردنەکاندا کە جێــی گومانن. ئەو پرۆســەیەی هەڵبــژاردن روونی کردەوە کــە پارتی دامەزراو شۆڕشگێڕی مەکسیک پێویستی بە فراوان کردنی چوارچێوەی ســەرنج راکێشــانی هەڵبژاردن هەیە، ئەگەر ئەو رکابەرییە بە شێوەیەکی کارا رووی دا، لە وەڵامی ئەو بارودۆخە گۆڕاوەشدا هەر یەک لە ســەرۆکی پارت و ســەرۆکی پاڵپشــت کراو لەو پارتــەدا دەســت پێشــخەر بــوون لــە چاودێــری کردنی ئەو چاکسازییەی نێو پارتەکە، کە مەبەست گواستنەوەی دەسەڵات لە کەرتەکانی ســەندیکای پارتەوە (بۆ نموونە، ســەندیکاکانی کرێــکاران و کەرتــی کشــتوکاڵ، کە چالاکییەکانیــان لە دابین کردنی دەنگ کەمی کردووە) بۆ کەرتی (میللی)ی پارتەکە، کە رێکخســتنێکی زیاتری هەیە لەســەر ئاســتی جوگرافیا و تاکە کەســدا، وێڕای ئەمە، ســەرکردەی پارتەکان لەســەر ئاســتی لاوەکیی نیشتیمانیدا ئازادییەکی زۆریان هەبوو لە خستنەڕووی بۆچوونەکانیــان لەبارەی دەســەڵاتی راپەڕاندنــی پارتەکەوە، هەروەها هەنگاویش هاویشــترا بۆ فــراوان کردنی رووبەری بەشــداری کردن لە پرۆسەکانی هەڵبژاردنی کاندیدان (هەموو پرۆسەکان بێجگە لە ناونانی کاندید بۆ سەرۆکایەتی).

لەگــەڵ ئەوەی هەندێ لەو چاکســازییانە ئەوەندەیان نەبرد پووچەڵ کرانەوە، تەنیا ئەوەندەی لێ مایەوە کە بەس بێت بۆ بەدی هاتنی گواستنەوەیەکی گرنگ لە دەسەڵاتی نێو پارتەکەدا، بۆیــە حوکمڕانانی ویلایەتــەکان توانییان ڕۆڵێکی گەورەتر لە ناونانی کاندیدی پارتی دامەزراو شۆڕشگێڕ لە هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتیی ساڵی ٢٠٠٠دا ببینن، بەڵام ئەوان لەم ڕۆڵەیاندا زیاتر پشــتیان بە ســەرکردەی پارتەکانی ناوخۆ بەســت، کە کۆنترۆڵ کردنی ناونانی کاندیدان بۆ پۆســتی ویلایەتەکانیان لە دەســتدا بــوو، پارتی دامەزراو شۆڕشــگێڕ ســەنترالیەتی هەندێ پرۆســەی هەڵوەشاندەوە، هەروەها بازنەی بەشداری کردن بۆ دیاری کردنی کاندیدی هەڵبژاردنەکانی یاســادانانی فراوان کرد، پرۆســەی هەڵبــژاردن زیاتر کراوە بوو، لە زۆر شــوێندا، دابەش بوونی نێو ئەندامانی پارتەکان پەرەی سەند، هەندێ گرووپیش وا دنە دران، هەڵمەتی دژ بە پارتی دامەزراو شۆڕشــگێڕ ڕێک بخەن یان تەنانەت چوونە پاڵ پارتێکی دی. هەنــدێ لــە ســوودمەندانی ئــەم گۆڕانکاریانە لە ئاراســتەی ناسەنترالیزمدا، سەرکردەی پارتەکانی ناوخۆ بوون، ئەوانەی بایەخیــان بە پشــتگیری کردن لە دەســەڵاتی تایبــەت دابوو، زیاتر لە جێبەجێ کردنی ئەو پلانانەی کە ســەرنجی پارتیان ڕادەکێشا، ئەویش لە میانی دیموکراساندنی ناوخۆیی، تەنانەت لەو حاڵەتەدا، پارتی دامەزراو شۆڕشــگێڕی مەکسیک هەر لە سەرەتای هەڵبژاردنەکەی ســاڵی ٢٠٠٠دا، بەدواداچوونی بۆ ئەزموونەکانی لەگەڵ دیموکراســیی ناوخۆیــی پارتەکە کرد، ئەویــش بە ئەنجامدانی هەڵبژادنی بەرایی و کراوە لە بەردەم هەموو دەنگدەراندا، بەڵام ئەم ستراتیژە بەس نەبوو بۆ ئەوی پارتەکە پارێزگاری لە سەرۆکایەتی بکات، بۆیە ئەم پارتە بۆ یەکەم جار لەوەتەی ٧١ ساڵە دووچاری شکست بووەوە.

ئەو پێنج نموونانەی ڕێکخســتن یاریدەدەرن بۆ تێگەیشــتن

لــه خاڵە جیاوازەکانی دەســت پــێ کردنــی گۆڕانکارییەکانی ڕێکخســتن لــە لایــەن پارتگەلــی هاوچەرخــەوە، هەروەهــا ئــەو ڕێنوێنییــە جیاوازانەی کــە بە مەبەســتی بەهێز کردنی هاوبەشکاری لە پرۆســەی دروست کردنی بڕیاری ناوخۆدا دەیگرنە بەر. دیموکراساندن (دیموکراتیزە کردن) لە پارتەکاندا چەند واتایەک دەبەخشێت، کە بە جیاوازیی یەکەمین شێوەی ڕێکخستن بە تەواوی جیاواز دەبێت. ڕوونتر بڵێین، زیاد بوونی هاوبەشــکاری لــە پارتی ماقــوولان ڕەنگدانــەوەی واتایەکی تەواو جیاوازە لە واتای ئەو پارتەی کە لەســەر دیموکراسیی بنکردایەتــی دامەزراوە، ئەو جیاوازییەش تەنیا تایبەت نییە بە ناســنامەی ئەو لایەنەی لە ئەنجامی گۆڕانکارییەوە دەسەڵات وەردەگرێ، بەڵکوو پەیوەســتە بەو هەنگاوە پراکتیکیانەی کە پێویســتن بۆ سەرخســتنی پرۆسەی دیموکراســاندن، ڕەنگە گرنگتریــن مەرجیش بۆ دیموکراســاندنی ناوخۆیی لە پارتی ماقــوولان، کە لە ســەر چەنــد دەزگایەکــی لاواز دامەزراوە، بریتی بێت لە چەسپاندنی بناغەی بەهێزی تایبەت بە شیاویی بەشداری کردن، کە کێشەیەکە ڕووبەڕووی ئەو پارتە بووتەوە کە بە تەواوی لەسەر دیموکراسیی بنکردایەتی دامەزراوە.





■ دیاری کردنی ستراکتۆری پارت

چەســپاندنی ســتراکتۆری کارای پــارت ئەرکێکە و کۆتایی نایەت، جا ئەگەر ڕێکخســتنەکان دروست بن، دەتوانن لەگەڵ هەلومەرجــی گــۆڕاودا بگونجێــن، کــە بە هیــچ کلۆجێک لەو گۆڕانکارییــە لا نــادەن، بــەڵام دەتوانین هەنــدێ فاکتەر جیا بکەینەوە کە شێوەی بڕیارەکانی ڕێکخستن، کە لە پارتەکانەوە دەردەچن، دەست نیشان بکەن، سەرباری چەند هەلومەرجێک کە باشترە پارتەکان لە سایەیاندا بەراوردکاریی جیاواز تاقی بکەنەوە لەوانەش دیموکراسیی ناوخۆ.

■ یاساکانی پارت و کۆتی دیکەی یاسایی

پێویسته هەڵسوکەوتەکانی رێکخستنی پارت لە چەندین دەوڵەتدا لەگەڵ دەقە یاساییەکاندا بگونجێن کە بنەما سەرەکییەکان دەست نیشان دەکەن، تایبەت بە چەند پرسێک وەک هەڵبژاردنی کاندید و کۆمەکی دارایی پارت و هەڵبژاردنی سەرکردە، ئەم یاسایانە لە رووی تایبەتمەندییانەوە زۆر جیاوازن، تەنانەت کاتێ یاسای نیشتیمانی مەرج بە سەر پارتەکاندا دەسەپێنێت، کە پێویستە بە شێوەیەکی دیموکراسیانە رێکخستن بکەن، هەتا ئەگەر یاساکانی پارت و یاساکانی کۆمەکی سیاسی لە دیاری کردنی کۆتەکان فراوانتریش بن، ئەوکاتە پارتەکان دەتوانن چەندین رێکخستنە چارەسەری بەدیل (ئەلتەرناتیڤ) بدۆزنەوە.



■ ژینگەی دامەزراوەیی

باشتر وایە رێکخستن و رێکارەکانی پارت رەنگدانەوەی ژینگەگەلێکی دامەزراوەیی بن کە پارتەکان لە چوارچێوەیاندا رکابەری دەکەن. دیارە کە سەنترالیزم رێبازێکی باوی پارتە لە دەوڵەتی تاکڕەویدا، لە کاتێکدا پارتەکان لە دەوڵەتی فیدراڵدا زیاتر ئامادەن بۆ شوێنکەوتنی یەکەی لاوەکیی هەرێمیی تایبەت بە خۆیان، لەگەڵ ئاماژە دان بەوەی کە ئەم ئاراستانە بە هیچ شێوەیەک گشتی نین، بە تایبەتی دەبینین کە چالاکیی پارت بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە سیستەمی فیدرالیدا زیاتر جەخت لە سەر هەڵبژاردنی هەرێمی دەکاتەوە، هەروەها دەکرێ ناوچەی فیدرالی ببنە بنکەی گرنگی دەسەڵاتی سەرکردەی پارتەکان، ئەمانەش فاکتەرن کە هانی ئاستێکی دیاری کراوی ناسەنترالیزم دەدەن، هەروەها دەشێت تا رادەیەک، سیستەمەکانی دەست نیشان کردنی کاندیدان رەنگدانەوەی سیستەمی هەڵبژاردن بن، کە لە نێو دەوڵەتدا

پەیــڕەو کراوە. بۆ نموونە چاکتر وایە لە سیســتەمەکانی ئەو بازنانەی کە خاوەن یەک ئەندامن، پشــت بە پرۆسەی دیاری کردنی کاندیدان بە شــێوازی ناســەنترال ببەسترێت، چونکە ئــەو سیســتەمانە ڕێگە بۆ ئەو دەنگدەرانــە خۆش دەکەن کە کاندیدەکان بناســن، لەگەڵ ئاســانکاری بــۆ لابردنی مۆرکی ســەنترالی لە ســەر دیاری کردنی کاندیدان، کاتێ لە بنەڕەتدا ئەگەرەکان پەیوەســت بــن بە بازنەی ناســەنترالەوە، وێڕای ئەمە، دوا توێژینەوە کە دەربارەی ڕێکارەکانی دیاری کردنی کاندیدان لە چەند وڵاتێکدا کرا، لە دۆزینەوەی رایەڵێک لە نێوان سیستەمەکانی هەڵبژاردن و پلەی ناسەنترالی بۆ دیاری کردنی کاندیدان شکســتی هێنا، ئەمەشــیان ئەنجامێکە ئەوە پیشــان دەدات کــە چوارچێوەی دامەزراوەیی یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە کاریگەرییان لەســەر بژاردەکانی پارت هەیە، تەنانەت لەو حاڵەتەشدا، چونکە سیســتەمی هەڵبژاردن سروشتی کارەکە دەســەپێنێت، بۆیە لەوانەیە بە لایەنی کەمەوە شێوەی هەندێ وردەکاری دیــاری بــکات لەو بنەمایانەی کە ڕێگەی دەســت نیشان کردنی کاندیدان دیاری دەکەن.



■ ژینگەی گەیاندن

زۆرجار بژاردەکانی ڕێکخستن کە پارتەکان پەیڕەوی دەکەن ڕەنگدانــەوەی ئــەو ژینگەیە دەبن کە ڕکابەریــی تێدا دەکەن، یەکێک لە ڕەگەزەکانی ئەو ژینگەیە بریتییە لە ئاســتی پشــت بەســتنی پارتەکان بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ گواســتنەوەی پەیامەکانیان، هەندێ پارت دەتوانن پڕوپاگەندەی خۆڕایی یان بە پارە بۆ گەیشتن بە جەماوەرێکی زۆر بەکار بێنن، ئەمەش متمانە بە ســتراتیژەکانی چڕیی کار کــردن کەمتر دەکاتەوە، بەڵام ئەو پارتانە هەموویان بە تەواوی پشــت بە ســتراتیژی چڕیــی ڕاگەیانــدن نابەســتن، چونکــە فاکتەرەکانــی تەکنیک

سنوورێک بۆ ئەم بژاردەیە دادەنێن، لەوانە ئاستی نزمی گەیشتن بە راگەیاندنی نووسراو یان بینراو یان بیستراو، ئەمە وێڕای فاکتەری سیاسی یان دارایی کە بەکارهێنانی دەزگاکانی راگەیاندنی فەرمی یان بازرگانی بۆ بڵاو کردنەوەی پەیامەکانیان قورس دەکەن، ئەمەش کێشەیەکە لەوانەیە بە تایبەتی تووشی پارتە تازەکان ببێتەوە، یان ئەوانەی بە رێگایەکی توندڕەو ئامێز رەخنە لە رەوشی ئێستا دەگرن، جا هۆیەکان هەر چی بن، لەوانەیە ئەو پارتانەی کە بە دەگمەن دەتوانن بگەنە دەزگاکانی راگەیاندن، لەوانی دی زیاتر پارێزگاری لە رێکخستنەکانی بنکەی جەماوەری و چاودێری کردنی بکەن، تاکوو بەشداری لە بڵاو کردنەوەی پەیامی پارتدا بکەن.

■ چوارچێوەی رۆشنبیری و مێژوویی

لە فاکتەرەکانی دیکەی ژینگە کە لەوانەیە کاریگەرییان هەبێت بۆ سەر ئەگەرەکانی رێکخستنی پارتەکان، بریتییە لە توانای کۆمەڵە و سەرکردەکان و ئامادەییان بۆ بەگەڕخستنی کۆمەکی پێویست بۆ پارت، رەنگە ئەو پارتانە پێویستیان بەوە نەبێت دەزگای ئاڵۆز بۆ خۆیان دابمەزرێنن، ئەگەر بێتوو بتوانن پشت بە چەند کۆمەڵەیەکی دیکە ببەستن بۆ بەگەڕخستنی جەماوەری دەنگدەر. هەندێ پارت تا رادەیەکی زۆر پشت بە کۆمەکی سەرکردەکانی ناوخۆی ئایینی دەبەستن، چونکە ئەو سەرکردانە هەڕمێن بەو بیرۆکەیە دەدەن کە ناسنامەی ئایینی پاشکۆیەتیی سیاسی بەرهەم دەهێنێت، دەشکرا پارتی دیموکراسیخوازانی کریستیان لە ئیتالیا لە ساڵانی پەنجاکاندا لەگەڵ ئاست و شێوەی لاوازیی رێکخستنەکەی ئەوکاتەی لەبەر چاو بگرتایە، چونکە توانیی پشت بە پشتیوانیی قەشە و رێکخستنەکانی کاتولیک لە گوندەکان ببەستێت، بەڵام،

سەبارەت بە چەپ، چەند پارتێکی دیموکراسی کۆمەڵایەتی پشتیان بە سەندیکاکانی کرێکاران بەستووە بۆ قایل کردنی ئەندامانیان بەوەی کە ناسنامەی ئابوورییان رەنگدانەوەی مەیلیان بێت بۆ پارتی دیموکراسی کۆمەڵایەتی. هەر لەبەر ئەوە هەندێ لە سەندیکاکانی کرێکاران شارەزایی رێکخستنی خۆیان بەکار هێنا بۆ سەرخستنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، هاوکات سامانی دارایی هاوبەشیان لە نێوان ئەندامانی بەکار هێنا بە مەبەستی پارەدار کردنی پارتگەلی پەسند کراو، بەڵام پارتەکان لە دیار نەمانی کۆمەڵەکان و ئامادەباشی لە بری ئەوان، هەوڵی ئەوە دەدەن چەند تۆڕێک لە لایەنگرانی تاک تایبەت بە خۆیان لە سەرتاسەری دەوڵەت پێک بهێنن.

■ پابەند بوونی ئایدیۆلۆژی

زۆر جار ئایدیۆلۆژیا رۆڵێک لە دیاری کردنی شێوازی بڕیارەکانی رێکخستن دەبینێت، کە پارت دەری دەکات، ئەمەش بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا لە نێو پارتەکاندا بەرچاو دەکەوێت، بە تایبەتی ئەوانەی شێوازەکانی رێکخستنیان بە تەواوی پەیوەستن بە ناسنامەی ئەیدیۆلۆژییانەوە، رەنگە زیاتر ئەوەی پابەند بوونی ژمارەیەک پارتی سەوز لە سەرەتای دروست بوونیانەوە هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە بە بەڵێنی تەواویان لە پیادە کردنی سیاسەت بە چەندین جۆر و شێوە سەرسام دەکات، لە کاتێکدا کە ئەوان پابەندن بە دیموکراسیی ناوخۆیی پارتەوە. بە رای ئەوانیش، ئەمەیان مەرجی سەرەکییە، هەر لەو سۆنگەیەشەوە هەندێ پارتی کۆمۆنیستی ئەوروپا کە لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا دامەزراون، پێیان وایە ریزبەندی قووچەکی لە پێکهاتەی ناوخۆییان بریتییە لە پلانێکی نموونەیی سیاسی کە رەواجیان بۆ دەکرد و بووبوو بە توخمێک کە بەردەوام یارمەتیدەری

سـەرکەوتنیان بوو. بە دڵنیاییەوە پابەند بوونی ئایدیۆلۆژی، رەچاوی سـەرەکییە بۆ ئەم جۆرە پارتانە، کاتێ کە پرسـەکە پەیوەسـت دەبێـت بـە دەرکردنـی بڕیارەکانی رێکخسـتن، بـەڵام، تەنانەت ئەو پارتانەی لە روانگەیەکی پراگماتیانەتر لە بژاردەکانی رێکخسـتن دەڕوانن، ناچار دەبن، لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا، مل بنێن بۆ گوشار لە پێناو دامەزراندنی جۆرێک لە دیموکراسـیی ناوخـۆ، بە گوێرەی دەرەنجامـی بەهاکانی دیموکراسـی، رەنگە ئەو سـوودانەی بەدی هاتوون سـەرنج راکێشـانێکی تایبەت بهێننە ئاراوە بە نیسـبەت ئەو پارتانەی لەو دەوڵەتانەدا دامەزراون، کە رای گشـتی بۆ بەرژەوەندیی دیموکراسـیی هاوبەشـکاری و شـەفافیەتی دیموکراسـی دەگۆڕێت، چ سیسـتەمی دیموکراسیی رەسـەن بن یان تازە هاتبنە نێو دیموکراسییەوە.





■ لاسایی کردنەوە

مادام پەتای رێکخسـتن بە هێزێکی پاڵنەر هەژمار دەکرێت کە راسـتەوخۆ لەگەڵ سـتراکچەری پـارت یەکانگیر دەبێت، ئەوە خودی پەتاکە لەو واقیعەدا سەر هەڵدەدات کە پارتەکان سـەرکەوتنەکانیان لە رکابەرانیان بەدەست دێنن، چونکە ئەو پارتانەی کە هاوسـەنگییان لـە رووی ژمـارەی ئەندامانیان لەدەست دەدەن، یان ئەوەی کە لە پاڵپشتیی هەڵبژاردن وەری دەگرن، ئەوە خێراتر دەبێت بە ئاراسـتەی قبووڵ کردنی ئەو گۆڕانکارییانـەی بە سـەریاندا دێـت و وەک بڵێیت بۆ ئەوانی دیکـە گونجاوتر بن، ئەوکاتـە، لەوانەیە تەکنیکی تازە، هەر لە ریزبەندی ئەو کەسانەی لە ساڵانی پێشوو هەڵگری مەشخەڵ بـوون تـا دەگاتـە ماڵپـەڕی ئەلکترۆنی و دەنگدانی گشـتیی ناوخـۆی پارت بێتە ئاراوە. ئەمانە هەموویان شـەپۆلگەلێکی بە پیرەوە هاتنـی جەماوەری بە خۆیانەوە دەبینن، بەڵام ئەم

فێڵەی ڕێکخستن تا سەر بەردەوام نابێت، چونکە ئەگەر پارتەکان دیموکراسییان لە نێو ڕیزەکانیان فراوانتر کرد لە ڕوانگەی لاسایی کردنەوەی تەکنیکیدا، کە بۆ ئەوانی دیکە گونجاو بن، ئەوکاتە بڕوای تەواویان بەوە دەبێت کە ئەم تەکنیکە ڕەنگدانەوەی بەها تایبەتییەکانی پارتەکەیە، چاکتر وایە بە پەلە وازی لێ بێنن ئەگەر هاتوو هیچ ئەنجامێکی خێرایان دەست نەکەوت، چ لە ڕێی بەشداری کردنیان لە سەرخستنی هەڵبژاردن یان لە ڕێی زیاد کردنی ئەندامان.

دەکرێ ئەنجامەکانی گۆڕانکاریی ڕێکخستن کە پێشتر باس کران، بە پێی دوو ڕەهەند بن: لە لایەکەوە جیاوازی لە نێوان گوشاری ناوخۆ و دەرەوە دەکەین لە پێناو گۆڕانکاری، گوشاری ناوخۆ توێژەکانی پارت و تاکەکان لەخۆ دەگرێت، سەرباری سەرچاوەکانی گرژی کە دووچاری گەشەسەندن یان پاشەکشەی ڕێکخستن دەبێت، بەڵام گوشاری دەرەکی ئەو گۆڕانکارییانە دەگرێتەوە کە لە یاساکانی پارت و دۆڕاندن لە هەڵبژاردن دەگرێتەوە. لە لایەکی دیکەوە، دەتوانین وەسفی ئەو گوشارانەش بکەین کە مەبەستیان گۆڕانکارییە یان بە پلەی یەکەم بە گوشاری ئایدیۆلۆژی یان بە گوشاری تەکتیکی لە حاڵەتەکانی دیکەدا، هۆی ئەو کۆمەڵە گۆڕانکاریانە بۆ تێکەڵ بوونی ئەو گوشارانە دەگەڕێتەوە، ڕەنگە توێژەکانی پارت کە گوشار دەکەن لە پێناو ئەنجامدانی گۆڕانگاریی ڕێکخستن، بۆ نموونە، سوود لە دۆڕاندنی گەورەی هەڵبژاردن وەربگرن، ئەویش بە مەبەستی سەرکەوتنی لایەنگرانی پرۆسەی چاکسازی، بەڵام تێگەیشتن لەو پاڵنەرانەی کە هەر یەکێک لەو گوشارانە بەرهەم دێنێ بەرەو گۆڕانکاری، ئەوە خۆی لە خۆیدا یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی زیاتر بە ڕوونی لە سەر ئەو هەلومەرجانە هەڵوەستە بکەین کە لەوانەیە لەبەر ڕۆشنایی ئەو پاڵنەرانە چاکسازیگەلێکی دیاری کراو پەیڕەو بکرێت.

■ دەرەنجام

ئەو پارتە سیاسـیيانەی لە هەڵبژاردنـدا ركابەریی یەكدی دەكـەن و بـە نـۆرە پۆسـتەكان پـڕ دەكەنـەوە، ئەمـڕۆ بە شێوەیەكی گشـتی، بە سـیمایەكی جیاكەرەوەی حكوومەتی نوێنەرایەتی و لە هەمان كاتدا بە داكۆكیكار لە قەڵەم دەدرێن، جێگـەی ئاماژەیە كە ئەم رایە تـا رادەیەك رایەكی تازەیە، لە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەمدا، كاتێ پارتگەلی سیاسیی تازە دادەمـەزران، ئـەو پارتانە زۆر جار بە قـەوارەی نەخوازراو دادەندران چونكە هەڕەشـە بوون بۆ سـەر یەكێتیی نەتەوە، هەروەهـا لەبەر ئەوەی نوێنەرانـی بێلایەنیان لە گەندەڵییەوە دەگلانـد، دواتـر ئەم رەخنەیە بـە تەواوی لەنـاو نەچوو، بە تایبەتیـش لـەو دەوڵەتانـەی كـە زۆر هیوایان بـە یەكگرتن بـوو بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەو مەترسـیيانەی، كە رەنگە هەڕەشـە لە نەتەوە بكـەن، بەڵام ئەوەنـدەی نەبرد ئەو رایە نەرێنیانـە بە تەواوی گۆڕان، لەگەڵ ئەو شـارەزاییە زۆرەی كە دەوڵەتان لە دیموكراسـیی هەڵبژاردندا دەستیان كەوت. لە سـەرەتای سەدەی بیسـتەمدا، ددان پێدانان بە بوونی پارتی سیاسـیی ركابـەر زێدەتر بـوو، بۆ دەسـتەبەر كردنی چاك بەڕێوە چوونی پرۆسـەی دیموكراسـی، لێرەوە، لە پارتگەلی سیاسی چاوەڕوان دەكرا كە رای گشتی بورووژێنن و ئەگەر بخەنـە بەردەم دەنگدەران لـە هەڵبژاردنەكاندا، هاوكات بڕوا بەوە بهێنن كە یەكگرتن پێویستە بۆ رێكخستنی ئیش و كاری هەردوو لقی یاسادانان و راپەڕاندن.

بـەڵام بیـر و ڕاكان ئەوەنـدە كۆك نەبـوون لەگەڵ ئەوەی كە پێویسـتە پارتەكان خۆیان بە چەندین رێگا رێك بخەنەوە بـە جۆرێك كە دیموكراسـیی ناوخۆیی لەبـەر چاو بگرن بە مەبەسـتی بەهێـز كردنی چاك بەڕێوە چوونی دیموكراسـی لەو سیستەمانەی كە لە پەنایاندا ركابەری دەكەن، بەڵام هەتا

ئەگــەر ئەو بیر و ڕایانە جیاوازیش بوون لەســەر ئەوەی کە ئایا دیموکراســیی نێو پارتەکان پێویســتییەکی ڕەهایە، ئەوە زۆربەیان لەگەڵ هۆکاری ڕاست و دروستیی ئەو بیر و ڕایانە گونجــاون، تەنانەت ئەگەر هــۆکاری بەرژەوەندیخوازیشــی لەگەڵدا بێت، ئەوکاتە پارتەکان ناچار دەبن ڕێچکەیەکی ڕوونتر لە دروست کردنی بڕیار پەیڕەو بکەن، دەتوانرێ ڕێکارەکانی هاوشــێوە یارمەتیــی پارتەکان بــدەن تاکوو لــە هەڵبژاردندا ســەربکەون و کاندیــدی بە تواناش دەســت نیشــان بکەن و پارێزگاری لە پشــتیوانیی میللی بکەن، لە بەرانبەردا، لەوانەیە هەنــدێ جار ڕێــکاری ناوخۆیی دیموکراســی لــە ماوەیەکی کورتدا پێگەی ڕکابەریی پارت لاواز بکات، بەم شــێوەیە زۆر جار پرسەکانی ڕێکخستن لە مۆرکی مۆرالی زیاتر بە مۆرکی پراکتیکی وەســف دەکرێن، ئەمەش یەکێکــە لەو هۆیانەی کە دەبێتە ئاســتەنگ لە بەردەم بانگەشــە کردن بۆ داڕشتنی ئەو یاســایانەی کە دیموکراسی بە ســەر پارتەکاندا دەیسەپێنێت، بۆیە تاکە نموونەیە بۆ بەڕێوە بردنی پارت کە لەگەڵ هەموو حاڵەتەکاندا بگونجێت.

لە کۆتاییدا، لێمان گەڕێن، سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشین کە ئەو دەوڵەتانەی نائومێدیی میللی باڵی بە ســەردا کێشاون، لە ئاست سیاسەتمەدار و پارتەکان و بایەخێکی زۆریش بە مافی چارەی خۆنووســینی دیموکراسی دەدەن، ئەوە پارتەکان کە بە پەلە دێنە وەڵام بڕیارێکی ڕەوا دەردەکەن کە ڕووبەڕووی گرتنەبەری ڕێکاری ناوخۆ و زێدە شــەفاف و هاوبەشکارانە دەبنەوە، گۆڕانکارییش کە ئەو پارتانە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەیکــەن، ئا لەو حاڵەتانەدا، ســوودێکی گەورە بە کۆمەڵگە و سەقامگیری و شەرعیەتی دەزگاکانی دیموکراسی دەگەیەنن.



# دیموکراسی و پێکەوە بوون و قەیرانەکەی ئەوروپا

یۆرگن هابرماس

لە ٢٦ی نیسانی ٢٠١٣دا زانکۆی لۆڤان لە بەلجیکا کە یەکێکە لە کۆنترین زانکۆکانی ئەو وڵاتە کۆڕێکی بۆ یۆرگن هابرماس گەورەترین فەیلەسووفی ئەم سەردەمە بەست، کە هەتا ئێستا لە ژیاندا ماوە، لەم کۆڕەدا یۆرگن هابرماس باس لە ئاییندەی یەکیتی ئەوروپا و ئەو قەرانانە دەکات کە ئێستا رووبەڕووی ئەم یەکێتییە گەورەیە دەبێتەوە، لەم کۆڕەدا هابرماس جەخت دەکاتە بڕیارەکانی برۆکسل و رای گشتیی وڵاتانی ئەندامی یەکێتییەکە، داواش دەکات بەوەی پێویستە ئەو تیڕوانینە تیۆرییەی ئەم یەکێتییەی لە سەر دامەزراوە لەگەڵ ئەو سیاسەتە پراکتیکییە نزیک بیتەوە کە ئێستا پیادە دەکرێت.

یەکێتیی ئەوروپا قەرزاربـاری هەوڵی ئەو دەستەبژێرە سیاسیانەیە، کە توانییان پشت بە ڕازی بوونی خامۆشانەی دانیشتووانەکەیان ببەستن، کە کەم تا زۆر دانیشتووانێکی بێ پەروان. ئەمەش تا ئەو کاتەی، بە لەبەر چاو گرتنی هەموو شتێک، خەڵکەکە پێیان وا دەبێت، هەبوون و مانەوەی ئەو یەکێتییە قازانجی ئابووری بۆ ئەوان دەستەبەر دەکات، درێژە دەکێشێت.

لە بنەڕەتدا یەکێتییەکە سەرچاوەی شەرعیەتی خۆی لەو تێڕوانینەی هاووڵاتیانەوە بەدەست هێنا، کە بۆ ئەو دەرەنجامانەی (ئەم یەکێتییە بەدیی هێناون) هەیانە، نەک زیاتر لەبەر ئەو ڕاستییە بێت، کە ئیرادەی ئەو هاووڵاتیانەی بەدی هێنا بێت. ڕاڤە کردنی ئەم بارودۆخە تەنیا بەوە ناکرێت بگەڕێینەوە سەر مێژووی سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، بەڵکوو بە گەڕانەوە بۆ دەستوورە یاساییەکەی ئەم پێکهاتە ناوازەیە. بۆ دەیان ساڵ دەچێت، بانکی ناوەندیی ئەوروپا و کۆمیسیۆنەکەی

و دادگای دادی ئەوروپا بە قووڵی دەســت وەردەدەنە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیانی ئەوروپاوە، هەرچەندە ئەو دامەزراوانە زۆر بە کەمی لە ژێر کۆنترۆڵی دیموکراسیدان. لەوەش زیاتر، ئەنجومەنی ئەوروپا، کە بە گوڕ و تینەوە دەســت پێشخەریی کردووە لەم قەیرانەی ئێســتادا، لە سەرۆکی ئەو حکوومەتانە پێــک هاتووە کــە ڕۆڵیان لــە ڕوانگــەی هاووڵاتییەکانیانەوە نوێنەرایەتــی کردنی بەرژەوەندیی نەتەوەییە لە برۆکســل. لە کۆتاییدا، بڕیار بوو پەرلەمانی ئەوروپا، بە لای کەمەوە، ببێتە پردێــک لــە نێوان ناکۆکیی سیاســیی بیــر و بۆچوونەکان لە بوارەکانــی نەتەوەییــدا، هەروەها ئەو بڕیارە گرنگانەی کە لە برۆکســل دەدرێن، بەڵام ئەم پردە زۆر بــە کەمی هاتوچۆی پێدا دەکرێت.

کەواتە، ئێســتا لە ســەر ئاســتی ئەوروپا، کەلێنێکی گەورە هەیە لە نێوان بیر و بۆچوونی هاووڵاتیان و دروست کردنی ئیرادەیان لە لایەک و ئەو سیاسەتانەی بە کردەنی بۆ چارەسەر کردنی کێشەی گرنگ پیادە کراون، لە لایەکی ترەوە. ئەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕاڤە دەکات کە بۆچی چەمکەکانی یەکێتیی ئەوروپــا و بیرۆکەکانــی پەیوەســت بە گەشــەی داهاتووی ئــەم یەکێتییەوە، لــە نێو خەڵکەکەدا بە بەربــڵاوی مایەوە. لە بەشێکی زۆریدا بیر و بۆچوونی هۆشیارانە، بیر و بۆچوونی پشت بەستوو بە زانیاری و هەڵوێستی گوزارشت لێ کراو لە لایەن سیاسەتمەدارانی پرۆفیشناڵ و دەستەبژێرانی ئابووری و خەڵکانی زانســتخوازەوە، کە بایەخدانی هاوبەشــیان هەیە، مۆنۆپــۆڵ کراون. تەنانەت ڕۆشــنبیرانی گشــتییش، ئەوانەی بە شــێوەیەکی گشتی بەشداری لە مشــتومڕی پەیوەست بە کێشــەی گــەرم و گــوڕ دەکــەن، نەیانتوانیوە ئەمــە بکەن بە مەسەلەی خۆیان. ئەوەی هاونیشتیمانیانی ئەوروپای لەمڕۆدا یەک خســتووە، عەقڵیەتی گوماناوییە لە یەکێتیی ئەوروپا، کە

لەم قەیرانەی ئێستادا لە نێو سەرجەم وڵاتانی ئەندامدا بە باشی هەستی پێ دەکرێت. هەرچەندە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی هۆکارەکان جیاوازن و بگرە جەمسەرگیریشن. ڕەنگە ئەم تەوژمە فاکتەرێکی گرنگ بێت بۆ ئەوەی دەستەبژێرانی سیاسی لەبەر چاوی بگرن، بەڵام لە ڕاستیدا زیاد بوونی ئەم بەرهەڵستییە کاریگەریی یەکلاییکەرەوەی بۆ ئەو ڕەوتە کردەنییەی بڕیارسازانی ئەورووپا گرتوویانەتە بەر، نابێت، کە بە ڕادەیەکی زۆر لە بوارەکانی نەتەوەیی دانەبڕاوە. بە پلەی یەکەم ڕەوتی ڕاستەقینەی پیادە کراو بۆ ئیدارە کردنی قەیرانەکە لە لایەن زۆر لە سیاسییانی پراگماتیکەوە بەدواداچوونی بۆ کراوە و جێبەجێ کراوە. ئەو سیاسییانەی ئەجیندا، ڕێگاچارەی، هەنگاو بە هەنگاو دەگرنە بەر، بەڵام دیدگایەکی گشتگیر و هەمەلایەنیان نییە، مەیلی ئەوان ئەوەیە پتر بەرەو ئەورووپایی بوون بچن «More Europe»، چونکە دەیانەوێت خۆیان لە بەدیلی دەست هەڵگرتن لە بەکار هێنانی دراوی یۆرۆ لا بدەن، کە ڕەنگە بەدیلێکی دراماتیکی بێت و گرتنە بەری لە سەریان گران ڕابوەستێت.

ئەگەر لەو نەخشەڕێیەوە دەست پێ بکەین کە دامەزراوەکانی ئەورووپی بۆ گەشەدان بە یەکێتییەکی ئابووری و دارایی ڕاستەقینە دایانڕشتووە، ئەوا سەرەتا لە ڕاڤە کردنی ئەو تەنگژە تەکنوکراتییەوە دەست پێ دەکەم کە ئەم پرۆژەیە دووچاری بووە، (بەشی١).

لە بەشی دووەمی موحازەرەکەمدا دەمەوێت هەنگاوگەلی بەدیل بۆ چوون بەرەو دیموکراسییەکی سەروو نەتەوەیی لە ناوجەرگەی ئەورووپادا بخەمە ڕوو، لەگەڵ ئەو ئاستەنگانەی دەبێت لەسەر ئەو ڕێگایە لایانبەرین، (بەشی ٢). گیروگرفتی سەرەکی، نەبوونی تەباییە، ئەمەش وای لێ کردم، لە بەشی کۆتاییدا کە بەشێکی فەلسەفییە، ئەم چەمکە قورسە ڕوون

بکەمەوە، کە چەمکێکی سیاسیی ڕاستەقینەشە (بەشی ٣).

■ بەشی یەکەم

کۆمیسیۆنەکە و سەرۆکایەتیی ئەنجومەن و بانکی ناوەندیی ئەوروپا، کە لە برۆکسلدا بە «دامەزراوەکان» ناودەبرێن، کەمتر لە ژێر کاریگەریی گوشارەکانی پەیوەست بە شەرعیەتەوەن، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێژەیی دوورن لە بوارەکانی گشتیی نەتەوەییەوە. بۆیە لە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢دا یەکەمین بەڵگەنامە «دۆکیومێنت»ی تێر و تەسەلیان ئامادە کرد، بۆ ئەوەی یەکێتیی ئەوروپا پەرە بە دیدگایەک بدات بۆ چاکسازی لە مەودای مام ناوەند و دووردا، کە سنووری ئێستا بەرەو داهاتوو ببڕێت، ئەمەش کەم تا زۆر کاردانەوەیەکی لەسەرخۆ بوو لە ئاست ئاماژەگەلێکی مەترسیدار، لەو ماوە بەرفراوانەدا، چی دی بایەخ بەو کۆمەڵە هۆکارانەی ئەم دوابیە نەدرا، کە لە ساڵی ٢٠١٠ـەوە قەیرانی بانکی جیهانی بە بازنەی بەتاڵی ئەو وڵاتە ئەوروپاییانەوە بەستبووەوە، کە بێ ئەندازە کەوتبوونە ژێر باری قەرزەوە، لەگەڵ ئەو بانکانەی کە سەرمایەکانیان لە کورتی دابوو، تاکوو دارایی بۆ یەکتر دابین بکەنەوە. گرنگی و درەنگ وەختیی پلانەکە، پلانی کار کردن، وای کرد سەرنج لە هۆکارەکانی بونیاتی مەودای دوور بدرێت، کە لە بنەڕەتدا ئەو هۆکارانە لە هەناوی یەکێتییە داراییەکەدا بوون.

یەکێتیی ئابووری و دارایی لە ساڵانی نەوەدەکاندا، شێوەی خۆی وەرگرت، ئەویش بە گوێرەی بیرۆکەکانی ئۆردۆلیبرالی «ordolibral» (ئۆردۆلیبرالیزم واتە دروستکردنی ئەلتەرناتیف بۆ لیبرالیزم و نیو لیبرالیزم و نزیککردنەوەی ئاکامی پراکتیکی لە راستی تیۆری ـ گولان)، کە پەیوەستن بە بەڵێننامەی سەقامگیری و گەشە کردنەوە. بەو شێوەیە لە یەکێتییە داراییەکە دەڕواندرا، کە ببێتە کۆڵەکەی پشتیوانی

بۆ دەســتوورێکی ئابووری، کە لە چوارچێوەی سنوورەکانی نەتەوەییــدا و لە نێــو گەمەکارانی بازاڕدا پاڵنــەری کێبڕکێی ئــازاد بورووژێنێــت، هەروەهــا، ئــەم یەکێتییە، بــە گوێرەی ڕێســا گشــتییەکان ڕێک خــراوە، کە دەبێت هەمــوو وڵاتانی ئەنــدام پێیانەوە پابەند بن. تەنانــەت لە حاڵەتی نەبوونی هیچ ئامرازێکیــش بۆ کەم کردنەوەی بەهای دراوەکانی نەتەوەیی، کە ئامرازێکی لەم شــێوەیە لە یەکێتییە داراییەکەدا نییە، بەڵام بڕیار بوو بە گوێرەی پێوەری خۆیان جیاوازییەکان لەســەر ئاســتی کێبڕکێ و لە نێو ئابوورییەکانی نیشــتیمانیدا دابەش بکرێــن، بەڵام گریمانە کردنی ئەوەی ئەنجامدانی کێبڕکێیەکی سروشتی بە گوێرەی ڕێساکانی دادپەروەری، سەردەکێشێت بۆ یەکێتییەتی کاری هاوشێوە. لە ئەنجامدا بووە هۆی ئەوەی ئاســتێکی یەکسانی گەشە کردن نەیەتە دی، بەو شێوەیە ئەو ڕاســتییە ســەلمێندرا کە خــۆ لادان لە بڕیاردانــی بە کۆمەڵ لەبارەی سیاسەتەکانی ئابووری و دارایی و کۆمەڵایەتییەوە، هەڵەیــە. لەبەر ئەوەی باشــترین و لەبارتریــن هەلومەرج بۆ دروســت کردنــی دراوێکــی یەکگرتــوو لە ناوچــەی یۆرۆدا نەهێنــدرا بــووە ئاراوە، هــەر لە ســەرەتاوە ناهاوســەنگیی بونیاتــی لە نێــو ئابوورییەکانی نیشــتیمانیدا توندتر بووەوە، ئەمەش بەرەو توندییەکی زیاتر دەچێت تا ئەو کاتەی شێوازی سیاســەت کردنی ئەوروپا خۆی بــە دوور نەگرێت لە گرتنە بەری ئەو پرەنســیپەی، پێی وایە هەر دەوڵەتێکی ئەندام بۆی هەیە بڕیاری سیادیی خۆی بدات لە بوارەکانی پەیوەندیداردا، بــە بێ ڕەچاو کردنی دەوڵەتانی دیکــەی ئەندام. بە واتایەکی دیکە، بڕیــارەکان تەنیا و بە شــێوەیەکی تایبەت لە ڕوانگەی نەتەوەیی خۆیەوە دەربکات. سەرەڕای هەندێ سازش کردن، بەڵام هەتا ئێستاش حکوومەتی ئەڵمانیای فیدراڵ بە شێوەیەکی توند خۆی بەو دۆگمایە پابەند کردووە.

ئــەوە بۆ چاکەی کۆمیســیۆن و ســەرۆکایەتیی ئەنجومەن دەگەڕێتــەوە کە هۆکاری ڕاســتەقینەی قەیرانەکەیان تاوتوێ کرد، مەبەستمان لە پێکهاتەی هەڵەی یەکێتییە داراییەکەیە،..... کە هەر زوو خۆی بەو خود تێگەیشتنە سیاسییە بەستەوە، کە پەیوەســتە بە هاوپەیمانیی نێوان وڵاتانی خاوەن سەروەری. بە پێی پێشــنیاری چاکســازی، کە پێشــتر ئامــاژەی پێ کرا، پێشــی دەگوترێــت پلانــی کار کردن، ئەوا دەبێــت لە کۆتایی ڕێگاکــەدا ســێ ئامانجــی بنەڕەتــی، ئەگەرچی پێناســـەیەکی تــەم و مژاویــش بۆ ئــەم ئامانجانە کراون، بــەدی بهێندرێن، کــە بۆ ماوەی پێنج ســاڵ درێژە بکێشــن: یەکــەم، بڕیاردانی هاوبەشــی سیاســی لە ســەر ئاســتی ئەوروپا لەبارەی ئەو ڕێسایانەی دەبنە سەرمەشــق «Integrated Guidelines» بــۆ هەماهەنگی کردن لە بواری سیاســەتی دارایی و بودجە و ئابووریــی هەر یەکێ لە دەوڵەتەکان. ئەمەش پێویســتی بە ڕێککەوتنێــک هەیــە کە ڕێ لــەوە بگرێت دەوڵەتێکــی ئەندام سیاســەتێکی ئابووری بگرێتە بەر، کــە کاریگەریی دەرەکیی خراپ دروســت بکات لە ســەر ئابووریی دەوڵەتێکی دیکەی ئەنــدام. لەوەش زیاتــر، بودجەی ئەوروپا کە لە ســەر مافی ســەپاندنی باج لە چوارچێوەی کارگێڕیــی دارایی ئەوروپادا بنیات نراوە، بۆ مەبەســتی پاڵپشــتی کردنی بەرنامەی دیاری کــراوی هــەر وڵاتێکــە، کە پەیوەســت بێــت بــە خولقاندنی پاڵنــەرەوە. ئەمــەش مەودایــەک دروســت دەکات بۆ ئەوەی بتواندرێت ئەو بوارانە دیاری بکرێن، کە وەبەرهێنانی گشــتی جەختیان لەســەر بکات، کــە بە هۆیەوە بتوانیــن بەرەنگاری ناهاوســەنگیی بونیاتی چوارچێوەی یەکێتیی دارایی ببینەوە. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، وا بڕیار بوو بۆندەکان و دانەوەی قەرز، بەشــێکی قەرزەکانی دەوڵەت کۆ بکاتەوە، ئەمەش ئەو ئەرکەی لە ســەر شــانی بانکــی ناوەندیی ئەوروپا ســووک

دەکرد، ئەرکی ڕێگەگرتن لە مەزەندە کردن دژی دەوڵەتەکانی ناوچەی یۆرۆ، کە حاڵی حازر لە سەر بنەمایەکی ناڕەسمی بانگەشەی بۆ دەکرێت.

تەنیا ئەو کاتە دەتواندرێت ئەم ئامانجانە بەدی بهێندرێن ئەگەر حەواڵە کردنی پارە لە نێوان سنوور و کاریگەریی سەر لەنوێ دابەش کردنەوەی سەروو نەتەوەیی پەسند بکرێت. کەواتە لە گۆشەنیگای شەرعیەتی دەستوورییەوە، پێویست بەوە دەکات یەکێتیی دارایی بەرفراوان بکرێت بۆ یەکێتییەکی ڕاستەقینەی سیاسی. بە شێوەیەکی سروشتی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنەکە پێشنیاری پەرلەمانی ئەوروپا دەکات بۆ ئەو مەبەستە، لەوەشدا ڕاستیی پێکاوە کە دەڵێت: هاوکاری کردن، لە نزیکەوە، لە نێو پەرلەماندا بەو شێوەیەی هەیە نابێتە هۆی دەستەبەر کردنی شەرعیەتی دیموکراتی بۆ بڕیارەکانی یەکێتیی ئەوروپا. لە لایەکی ترەوە، کۆمیسیۆن سەرنجی سەرۆکی دەوڵەتان لەبەر چاو دەگرێت و بە شێوەیەکی بنەڕەتی پابەند دەبێت بە پرەنسیپی پیادە کردنی بنەمای یاسایی ئێستای پەیماننامەی لیشبۆنە، کە پەیوەستە بە گواستنەوەی دەسەڵاتەکان لەسەر ئاستی نەتەوەیی بۆ سەر ئاستی ئەوروپی بە شێوەیەکی هەنگاو بە هەنگاو و ناڕۆشن.

ئامانجە ڕوونەکە بریتییە لە دواخستنی پرۆسەی پێداچوونەوە بە پەیماننامەکان تا کۆتایی. کۆمیسۆنەکە لە مەودای نزیک و مام ناوەندا پێشینە بە بەرفراوان کردنی توانای سەرکردایەتی کردن دەدات بە سەر بەرفراوان کردنی بناغەی شەرعیەتدا. کەواتە بە دیموکراتی کردن وەک بەڵێنێک دەخرێتە ڕوو، هەروەها وەک ڕووناکییەک لە کۆتایی تونێلەکەدا، بەڵام دیموکراسیی سەروو نەتەوەیی وەک ئامانجێکی ڕاگەیاندراوی دوور مەودا، تەنیا وەک مەرەکەبی سەر کاغەز دەمێنێتەوە،

بەڵام دواخستنی دیموکراسی هەنگاوێکی زیاتر مەترسیدارە. ئەگەر شڵەژانی ئابووریی بازاڕەکان خۆش بەختانە نەرمیی تەکنۆکراتیی ئەوروپایی بەدی بهێنێن، ئەوا مەترسییەکی راستەوخۆ سەر هەڵدەدات، کە پرۆسەی قۆناغ بە قۆناغی یەکگرتنەکە، کە پلانی بۆ داندرا، بەڵام لە لایەن خەڵکەوە نا، دەوەستێت، پێش ئەوەی ئامانجی بانگەشە بۆ کراوی بەدی بهێندرێت، کە بریتییە لە هاوسەنگ کردنەوەی هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکار و یاسادانان: پەرلەمان. ئیدارەی سیاسی کە گرێدراوی ئەو یاسایانە نییە، کە بە شێوەیەکی دیموکراتی دەرکراون، هەروەها گرێدراوی پەرچەکرداری داینامیکییەتە بە پەلەکانی فەزای گشتیی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنیی سازدراو نییە، گوڕ و تین و هێزی لەخۆ گرتن و ئاراستە کردنەوەی پێویستییەکانی سەرمایەی وەبەرهێنانی قازانج، ویستی نییە بەرەو کەناڵگەلێکی گونجاوی کۆمەڵایەتی بڕوات. هەروەک تا ئەمڕۆ بینیومانە، دەسەڵاتەکان زیاتر و زیاتر دەچنە ژێر باری شێوە سیاسەتی نوێی لیبراڵەوە، تەکنۆکراسی بە بێ رەگەکانی دیموکراسی پاڵنەری ئەوەی نابێت، سەنگی تەواو بە داواکاریی دەنگدەران بدات، کە پەیوەستن بە دابەش کردنێکی دادپەروەرانەی داهات و سامان و دابین کردنی خزمەتگوزاریی گشتی و ئاسایش، هەروەها کاڵای گشتی، کاتێک هەموو ئەمانە لەگەڵ داواکارییەکانی سیستماتیک بۆ ململانێ و گەشەی ئابووری ناکۆک دەبن. ئەگەر شی کردنەوەکە کورت بکەینەوە، ئێمە گیرۆدەی تەنگژەیەکین لە نێوان ئەو سیاسەتە ئابووریانەی پێویستن بۆ پارێزگاری کردن لە یورۆ لە لایەک، هەروەها ئەو هەنگاوە سیاسیانەی پێویستن بۆ ئاوێتە بوونێکی نزیکتر، لە لایەکی دیکەوە. ئەو هەنگاوانەی پێویستن بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجە، پشتیوانیی جەماوەریان نییە و ڕووبەڕووی بەرهەڵستیی خۆڕسکانەی

خەڵـک دەبنـەوە. پلانەکانـی کۆمیسـیۆنەکە ڕەنگدانـەوەی هەوڵەکانیەتـی بۆ پڕ کردنەوەی، بە شـێوەیەکی تەکنوکراتی، کەلێنـی نێـوان ئـەوەی لـە ڕووی ئابوورییـەوە پێویسـتە، هەروەهـا ئەوەی لـە ڕووی سیاسـییەوە دەتواندرێت، بەدی بهێندرێـت، ئەویش تەنیا بـە دوور لە ڕۆڵ بینینی خەڵک. ئەم ڕێیە مەترسـیی کەلێنی ڕوو لە زیاد بووی نێوان چەسپاندنی توانـای ڕێکخسـتن، لە لایەک و پێویسـتیی شـەرعیەتدان بە دەسـەڵاتی زیاد کراو بە شـێوەیەکی دیموکراتیانە، لە لایەکی دیکـەوە، لەخۆ دەگرێـت. لە ژێر کاریگەریی ئـەم داینامیکییە تەکنۆکراتییـەدا، یەکێتیـی ئەورووپـا دەسـت و پەنجە لەگەڵ ئایدیالـی گومان هەڵگری دیموکراسـیەتی خۆگونجێن لەگەڵ بـازاڕدا نـەرم دەکات، ئەمەش لە بەرانبەر پێداویسـتییەکانی بازاڕەکانـدا پتـر دەسـتەپاچەی دەکات، لەبەر ئـەوەی بناغە و پایـەی لـە کۆمەڵگەی مەدەنیـدا نییە، کـە کۆمەڵگەیەکە لە ڕووی سیاسییەوە بە ئاسانی دەورووژێندرێت. لە بری ئەوە، دەتواندرا و پێویسـت بوو تواناکانی سەرکردایەتی کردن کە حاڵی حازر بزرە، ئەگەرچی زۆر پێویستە بۆ هەر یەکێتییەکی داراییـی، بە سـەنتراڵ بکرێـن، ئەویش تەنیا لـە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکـی سیاسـی و دیموکراتـی سـەروو نەتەوەیی و یەکساندا.

■ بەشی دووەم

بەڵام بەدیل بۆ ئاوێتە بوونێکی زیاتر لەو مۆدێلەی ئێستا، کە مۆدێلی فیدرالیزمی جێبەجێکارە، چییە؟ با سەرەتا لەو بڕیارە ڕێ خۆشـکەرانەوە دەسـت پێ بکەین، کە دەبێ لە سەرەتای ئـەو ڕێگایـەوە بدرێن کە سەردەکێشـن بۆ دیموکراسـیەتی سـەروو نەتەوەیـی لـە ئەورووپادا. ئـەوەی بە پلـەی یەکەم پێویسـتە، بڕیاری جێگیرە بۆ بەرفـراوان کردنی یەکێتییەکی

دارایـــی: دراوی (بەڵام بە دڵنیاییەوە بە کراوەیی بمێنێتەوە بۆ قبووڵ کردنی وڵاتانی دیکەی ئەندام، بە تایبەتی پۆڵەندا). ئەم هەنــگاوە، بۆ یەکەم جار ئامــاژە دەبێت بە جیا کردنەوەیەکی روون و ئاشــکرا لە نێو یەکێتییەکــەدا، جیاوازیی نێوان چەق و کەنار. ئیمکانیەتی گۆڕانکاریی پێویســت لە پەیماننامەکانی ئەوروپادا، بە شێوەیەکی بنەڕەتی پشت بە ڕەزامەندیی وڵاتان بــۆ دەرچوون لێی، دەبەســتێ. لە خراپتریــن حاڵەتدا، دەبوو تەنیا لە ڕێی دووبارە دامەزراندنەوەی یەکێتییەکەوە (لە سەر بنەمای ئەو دامەزراوانەی لە ئارادان) بە ســەر بەرهەڵســتیی بنەماییانەدا زاڵ بوونایە.

بڕیــاری دروســت کردنــی ئەوروپایەکی ئــاوا گەوهەری، تەنیــا هەنگاوێکــی پێشــکەوتنخوازی پێویســت نەبــوو بــۆ گۆڕینــی مافەکانــی تایبەت و پەیوەســت بە ســەروەرییەوە. لەگەڵ دامەزراندنی حکوومەتێکی هاوبەشــی ئابووری، هێڵی ســووری تێگەیشتنە کلاســیکییەکە لەبارەی ســەروەرییەوە دەبەزێندرێــت. دەبێت دەســتەبەرداری ئەو بیرۆکەیە بین، کە پێی وایە دەوڵەتانی نەتەوەیی (کەسایەتیی خاوەن سەروەرین لە پەیماننامەکاندا). لە لایەکی ترەوە، پێویســت ناکات هەنگاو هەڵگرتــن بــەرەو دیموکراســیەتی ســەروو نەتەوەیی وەک قۆناغێکی راگواستە سەیر بکرێت بەرەو «وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەوروپا»: «کۆنفیدراسیۆن» لە بەرانبەر «دەوڵەتی فیدرالی»، ئەمــە بەدیلێکی هەڵەیــە (میراتی دیاری کــراوی گفتوگۆکانی دەستووری سەدەی نۆزدەمی ئەڵمانیایە). دەوڵەتانی نەتەوەیی دەتوانن بە باشــی یەکپارچەیی خۆیــان وەک دەوڵەت لە نێو دیموکراسییەکانی ســەروو نەتەوەییدا بپارێزن، ئەویش هەم لە رێی بەدەست هێنانەوەی رۆڵیان لە جێبەجێ کردنی ئەرکی کارگێڕییــان، هەمیــش وەک پاســەوانی ئازادیــی مەدەنییان. لە ســەر ئاســتی ڕێکارەکاندا، لا بردنــی ئەنجومەنی ئەوروپا

بـە مانای گۆڕان دێـت لـە «intergovernmnealism»ـەوە بۆ «community method».

تا ڕێکارگەلی یاسادانانی ئاسایی کە پەرلەمان و ئەنجومەن بە یەکسانی بەشـداریی تێدا دەکەن، نەبنە ڕیسایەکی گشتی، یەکێتیی ئەوروپا لە ڕووی شەرعییەوە کەم و کورتیی دەبێت، لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراگەلی نێودەوڵەتیدا، کە لە سەر بنەمای پەیماننامەی نێوان دەوڵەتاندا دامەزراون. دەکرێت ئەم کەم و کورتییە بەو جیاوازییە ڕوون بکرێتەوە، کە لە نێوان مەودای دەسـەڵاتی دیموکراسـیی هـەر دەوڵەتێکـی ئەندام بـە تەنیا هەیەتـی، هەروەها ئەو دەسـەڵاتە هەمەلایەن و گشـتگیرەی ڕێکخراوەکە هەیەتی کە لە لایەن دەوڵەتانی ئەندام پێکەوە پیادە دەکرێن. وەک ئەوەی هاونیشـتیمانیان دەیبینن، چارەنووسی سیاسـییان لە ڕێی حکوومەتەکانی بیانییەوە دیاری دەکرێت، ئەو حکوومەتانـەی نوێنەرایەتیـی بەرژەوەندیی نەتەوەکانی دی دەکـەن، نەک لە ڕێی حکوومەتێکـەوە کە تەنیا بە دەنگی دیموکراتیانـەی ئەوانـەوە پابەند بێت، ئەم کەم و کورتییە کە پەیوەسـتە بە بەرپرسـیارێتییەوە پتر توندتر دەبێت، بە هۆی ئەو ڕاسـتییەوە کە گفتوگۆکانی ئەنجومەنی ئەوروپایی دوور لە چاوی خەڵک دەکرێن.

Community method پەسـندترە نـەک تەنهـا لەبـەر ئـەم هۆکارە پێوەرییە، بەڵکوو لەبەر ئەوەش کە دەبێتە هۆی زیاد کردنـی کارایی، کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ زاڵ بوون بە سـەر تایبەتمەندیـی نەتەوەیی لە ناو ئەنجومەنەکـەدا، هەروەها لە ناو لیژنەکانی پەرلەماندا، ئەو نوێنەرانەی ناچارن بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی بکەن، دەبێت بە دوای بەدەسـت هێنانی سازشـدا بگەڕێن لە نێوان ئەو هەڵوێستانەی لایەنێکی دیاری کراویـان هەڵنەبـژاردووە، بە پێچەوانـەوە ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا، کە بەسـەر گرووپـی پەرلەمانیدا دابەش

کــراون، لە روانگەی ئینتیمــای پارتایەتییەوە هەڵدەبژێردرێن. هەر لەبەر ئەمەشە، تا ئەو کاتەی سیستەمی پارتی ئەوروپی پێــک دێــت، دەکرێت دروســت کردنــی بڕیاری سیاســی لە پەرلەمانی ئەوروپادا لە سەر بنەمای بەرژەوەندی بدرێن، کە بە سەر سنوورەکانی نەتەوەییدا گشتێندراون.

ئەمانــە بڕیــاری بنەڕەتیــن کە بــۆ گواســتنەوەی یەکێتییە داراییەکە بۆ یەکێتییەکی سیاســی، کە نەکەوێتە داوی تەڵەی تەکنۆکراسییەوە، پێویستن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە پێویستی بە زاڵ بوونە بە ســەر بەربەستەکانی دامەزراوەیی، کە ئەوەندە گەورەن خەریکە نەتوانین بە سەریاندا زاڵ بین. گۆڕینی یاسای بنەڕەتی، هەنگاوی یەکەم، بریتی دەبێت لە بانگهێشــت کردن بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەیەک کە دەسەڵاتی پێداچوونەوەی بە سەر پەیماننامەکاندا هەبێت، دەبێت ئەمەش لە ئەنجومەنی ئەوروپا چــاوەڕان بکرێت، دواتر لــەو دامەزراوەیەی کەمتر گونجاوە بۆ ئەوەی بڕیار لەبارەی دامەزراندنی پەیوەندیگەلێکی پــڕ لە هــاوکاری و بێ گرێ و گۆڵ بــدات. ئەمەش بڕیارێکی ئاســان نابێــت بــۆ ئەندامانــی ئەنجومەنــی ئەوروپــا، کە لە هەمان کاتدا ســەرۆکی حکوومەتەکانی نیشــتیمانیی خۆیانن، لە لایەکەوە بیرکردنەوە لــە دووبارە هەڵبژاردنەوەیان وایان لــێ دەکات لە بــەردەم ئەم هەنــگاوەدا پاشەکشــە بکەن، کە پشــتیوانییەکی جەمــاوەری نییە، لەوەش زیاتــر، ئەوان هیچ بەرژەوەندییەکیان لە کەم کردنەوەی دەســەڵاتەکانیاندا نییە. لــە لایەکی دیکــەوە، ئــەوان ناتوانن بۆ هەتــا هەتایە کۆت و بەندی ئابووریی فەرامۆش بکەن، کە درەنگ یا زوو پێویستی بە زیاتر ئاوێتە بوون دەبێت یان بە لایەنی کەمەوە دەکەوێتە بارێکــەوە کە لە نێوان دوو بەدیلی تاڵدا یەکێکیان هەڵبژێرێت. ئێســتا حکوومەتــی ئەڵمانیا پێداگیری لە ســەر ئــەوە دەکات پێشینە بدرێت بە ســەقامگیر کردنی بودجەی هەر دەوڵەتێک

لــە ڕێی ئیدارە نەتەوەییەکەیەوە، حکومەتەکەیەوە. ئەویش بە زۆری لە سەر حیســابی سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییەکانی گشتی و کاڵای گشتی لەگەڵ ژمارەیەکی کەمــی «دەوڵەتانــی بچووکــی کۆمەک بەخش»، کــە ڤیتۆی داواکاریی ئەندامان دی دەکات، ئەو داواکاریانەی پەیوەســتن بــە پرۆگرامەکانی بە ئامانجگیراوی وەبەرهێنانەوە، هەروەها بۆ پێکهێنانی بەرپرســیارێتییەکی هاوبەشی دارایی کە ڕێژەی قازانجی بۆندەکانی ئەو حکوومەتانە کەم بکاتەوە کە دووچاری قەیران هاتوون.

لەم بارودۆخــەدا، حکوومەتی ئەڵمانیا کلیلی چارەنووســی یەکێتیی ئەورووپای بە دەســتەوەیە، ئەگــەر دەوڵەتێک هەبێت بتوانێــت دەســت پێشــخەری بــکات بــۆ پێداچوونــەوە بــە پەیماننامەکانــدا، ئــەوە حکوومەتی ئەڵمانیایە. بــە دڵنیاییەوە حکوومەتەکانــی دیکــەش دەتوانن لە ســەر بنەمــای تەبایی داوای هــاوکاری بکــەن، بــەڵام تەنیــا ئــەو کاتــەی ئامادەی قبــووڵ کردنــی هەنگاوەکانی تەواوکاری بن، کە پەیوەســتن بە گواســتنەوەی مافەیلی ســیادی بۆ سەر ئاســتی ئەورووپا. ئەگەرنــا هەر یارمەتییەک لە ســەر بنەمــای تەبایی بنیات نرا بێــت، ئــەو بنەما دیموکراتییە پێشــێل دەکات، کــە دەڵێت ئەو یاسایەی باج دەسەپێنێت، قسەی خۆی دەبێت لە سەر بڕیاری ئــەوەی چــۆن داهات و داراییەکە تەرخــان بکرێت و کێ لێی سوودمەند بێت. کەواتە پرسیارە سەرەکییەکە هەر ئەوە نییە: ئاخۆ ئەڵمانیا لە پێگەیەکدایە ئەو دەســت پێشــخەرییە بکات، بەڵکــوو ئایــا بەرژەوەندیی هەیە لە ئەنجامدانــی ئەم کارەدا. بــە تایبەتی، مــن بــە دوای بەرژەوەندیی تایبەتــی ئەڵمانیادا دەگەڕێم، کە جیاواز بێت لەو بەرژەوەندییەی لە نێوان هەموو ئەندامانی یەکێتییەکــەدا هاوبەشــە (وەک بەرژەوەندییەکانی قازانجــی ئابووریــی ســەقامگیر کردنــی یەکێتییــە داراییەکە

یــان بەرژەوەندیی پارێزگاری کردن لە کاریگەری و دەســت ڕۆیشــتوویی ئەورووپا لە سەر ئەجێندای سیاسیی کۆمەڵگەی جیهانیی فرەکولتوور، کە لە دەرکەوتن و دروســت بووندایە، کاریگەرییەک کە لە هەر حاڵەتێکدا بیگریت لە داکشاندایە.)

لە ســەروەختی شــۆکی دۆڕانەکەی ١٩٤٥دا و کارەســاتە ئەخلاقییەکەی هۆلۆکۆســتدا، هۆکارگەلی ژیير بۆ بەدەســت هێنانــەوەی ناوبانگــی نێودەوڵەتیــی خــۆی، کــە بــە هــۆی کردەوەکانی خۆیەوەوە تێک شکا، ئەوەی کردە پێویستییەکی بە پەلە کە حکوومەتی ئەڵمانیای فیدراڵ برەو بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ فەرەنسادا بدات و بە دوای یەک خستنی ئەورووپاوە بێت. لەوەش زیاتر، بە هۆی ئەوەی ئەڵمانیا لە ڕیزەوی دەوڵەتانی دراوســێی ئەورووپایــی خۆیدا بوو، کە ئــەم وڵاتانەش لە ژێر هەژموونــی پاراســتنی ئەمریــکادا بوون، ئەوا دانیشــتووانی ئەڵمانیــا بــە ڕادەیەکــی زۆر و بۆ یەکــەم جــار پەرەیان بە تێگەیشــتنی تایبەت بە خۆیان بــۆ لیبراڵیزمدا، کە ناتواندرێت ئــەم ئاڵوگۆڕە قورســە لە عەقڵیەتــی نەتەوەییــدا لەبەر چاو نەگیرێت، کە دەیان ســاڵ لە کۆماری فیدراڵی کۆندا بووبووە دیلی بەردەوامییەکی چارەنووسساز.

ئــەم گۆڕانە لە عەقڵیەتدا شــان بە شــانی هاوکارییەکی بە حــەزەر، بۆ برەودان بوو بە یەک خســتنی ئەورووپا. لەوەش زیاتر، سەرکەوتنی ئەم سیاسەتە پێشمەرجێکی گرنگ بوو بۆ چارەســەر کردنی کێشەیەکی درێژخایەنتری مێژوویی کە بە پلەی یەکەم منی سەرقاڵ کردووە.

پاش دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا لە ســاڵی ١٨٧١دا، ئەڵمانیــا «پێگەیەکی نیمچە هەژموونخواز»ی کوشــندەی لە ئەورووپــادا داگیر کــرد، بە گوزارشــتی (لۆدڤیــگ دەهیوس) «ئەوەندە لاواز بوو کە نەتوانێت بە سەر تێکڕای کیشوەرەکەدا باڵادەســت بێت، بەڵام هێندە بەهێز بوو کە خۆی بخاتە سەر

خەت و بێتە پێشــەوە.» ئەوە لە بەرژەوەندیی ئەڵمانیادایە کە خۆی لە ســەرهەڵدانەوەی ئەو تەنگژەیە لا بدات، کە تەنیا بە هۆی یەکخستنی ئەوروپاوە بە سەریدا زاڵ بوو. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کێشــەی ئەوروپا، کە بە هۆی ئەم قەیرانەوە توندتر بووەوە، ئاســتەنگێکی ناوخۆی سیاســی بــۆ ئەڵمانیا لەخۆ بگرێت. رۆڵی ســەرکردایەتی کە بەر ئەڵمانیا کەوتووە، ئەویش لەبەر هــۆکاری ئابووری و دیموگرافی، نەک هەر بە تەنیــا تارمایــی مێژوویی لە دەوروبەرمان هەڵدەســتێنێتەوە، بەڵکوو وامان لێ دەکات ڕەوت و ڕێیەکی نەتەوەیی یەکلایەنە هەڵبژێریــن، یاخود تەنانەت ملکەچی فەنتازیاکانی دەســەڵات بیــن، فەنتازیــای «ئەڵمانیــای ئەوروپی» لە بــری «ئەڵمانیا لــە نــاو ئەوروپادا». پێویســتە ئێمــەی ئەڵمان دەرســمان لە کارەساتەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم وەرگرت بێت، کــە لــە بەرژەوەندیی نەتەوەییماندایە بۆ هەمیشــە خۆمان لە تەنگژەی پێگەی نیمچە هەژموونخوازانە لا بدەین، کە زۆر بە دەگمەن ئەم پێگەیــە یارمەتیدەر دەبێت، چونکە دەمانخزێنێتە نێو ململانێوە. دەستکەوتەکانی (هیلمۆت کۆل) خۆی لە خۆیدا یەک خستنەوە و دووبارە دامەزراندنەوەی دۆخێکی نەتەوەیی ئاســایی نەبوو، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە ئەم ڕووداوە خۆشە هاوشــان بوو بــە پەرەپێدانی بەردەوامی سیاســەتێک کە بە توندی ئەڵمانیا بە ئەوروپاوە گرێ بداتەوە.

ئەڵمانیا هەر تەنیا بەرژەوەندیی لە سیاسەتی پێکەوە بوون، تەبایی نییە، بەڵکوو من ئەوەش دەڵێم کە ئیلتیزامێکی هاوتای پێوانەییشی هەیە. (کلاوس ئۆف) هەوڵ دەدات بە سێ پاساوی مشــتومڕ هەڵگر بەرگری لەم تێزە بکات، هەتا ئەمڕۆ ئەڵمانیا گەورەتریــن قازانجــی لە یەک دراویی کــردووە لە ڕێی زیاد کردنی هەناردەی خۆییەوە. بە هۆی زێدەباری هەناردەیەوە، ئەڵمانیا بەشــداری لە خراپتر کردنی ناهاوســەنگیی ئابووری

لە نێو یەکێتییە داراییەکەدا کردووە، ڕۆڵیشی وەک هۆکارێکی بەشداریکەر بووەتە بەشێک لە کێشەکە. لە کۆتاییدا، تەنانەت ئەڵمانیــا قازانجی لە قەیرانەکەش کردووە، لەبەر ئەوەی زیاد کردنــی ڕێژەی قازانج بۆ بۆندەکانی ئەو وڵاتانەی دووچاری قەیــران هاتوون، لە بەرانبەردا کەم کردنەوەی ڕێژەی قازانج لە سەر بۆندەکانی حکوومەتی ئەڵمانیا دەگرێتەوە. هەتا ئەگەر ئێمە ئەم مشــتومڕانەش قبووڵ بکەین، ئەوا بنەمای پێوانەیی ئەم کاریگەرییە نایەکسانانە لە نێوان ئابووریگەلی نەتەوەییدا، ئەرکــی پێکــەوە کار کردن لەخۆ دەگرێت، کــە راڤە و ڕوون کردنەوەی ئاسان نییە.

■ بەشی سێیەم

ئەمەش دەمبات بۆ دوا پرســیار، کە پرسیارێکی فەلسەفییە: ئایــا مانای پیشــاندانی تەبایی و پێکەوەیــی چ مانایەکی هەیە و لــە چ کاتێکــدا ئێمە مافی داوا کردنی تەبایی و پێکەوەییمان هەیە؟ بە دەســت و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ شی کردنەوەی چەمکســازیدا، دەمەوێت داواکارییەکانی پەیوەست بە پێکەوە بــوون و تەبایی لە تۆمەتی مۆراڵی.. یــان نیازگەلی باش، کە لە شوێنی هەڵەدا دادەندرێن، پاک بکەمەوە، کە «واقیعبینان» ڕاهاتوون لە سەر ئەوەی لە دژیان بیڵێن. هەروەها پیشاندانی تەبایی و پێکەوە بوون کردارێکی سیاسییە و بە هیچ شێوەیەک خۆنەویســتییەکی مۆراڵــی نییــە کە لە ڕێڕەوی سیاســیدا بە هەڵــە داندراوە. هەر کاتێک فێری ئەوە بووین چۆن جیاوازی بکەیــن لــە نێوان ئەرکی پیشــاندانی تەبایــی و پێکەوە بوون لەگەڵ هەردوو ئەرکی مۆراڵی و یاســایی، ئەوا پێکەوە بوون و تەبایی ڕووکەشــەکانی ســاختەی ناسیاســی بوونی خۆی لەدەست دەدات. بە یەکەوە بوون هاوواتای «دادوەری» نییە، بەڵکوو دادوەری لە چەمکەکانی ئاکار و یاسادا هەیە.

ئێمــە ئــەو کاتە بە نۆرمــە یاســایی و ئەخلاقییــەکان دەڵێین نۆرمگەلێکی «دادپەروەر»، کە کار و ڕەفتارەکان بە شــێوەیەک ڕێک بخەن، کە لە بەرژەوەندیی یەکســانیی ســەرجەم لایەنانی پەیوەندیــداردا بــن. نۆرمەکانــی دادپــەروەری ئازادیگەلێکــی یەکســانی بۆ هەمووان و ڕێزگرتنی یەکســان بۆ هەموو لایەک دابین دەکەن. بە دڵنیاییــەوە، ئەرکگەلێکی تایبەت هەن. دەکرێت لە هەندێ هەلومەرجی دیاری کراودا، خزم و دراوسێ و هاوەڵ، چاوەڕوانــی هاوکاریی زیاتــر، یان هاوکارییەکــی جیاوازتر لە یەکتــر بکەن، هاوکاریی زیاتــر و جیاوازتر، لەو هاوکارییەی لە کەســانی بێگانەی چاوەڕان دەکەن. بە گشتی بوونی ئەو ئەرکە تایبەتییانە، لە پەیوەندیگەلی کۆمەڵایەتیشــدا ڕاستن. بۆ نموونە، دایــک و باوک ئەرکــی بایەخ پێ دان فەرامــۆش دەکەن، کاتێک تەندروستیی منداڵەکانیان پشــتگوێ دەخەن، بە دڵنیاییەوە زۆر جار ڕادەی ئەو ئەرکە ئەرێنیانە دیاری نەکراون و بە پێی جۆر و دووبــارە بوونــەوە و گرنگیــی پەیوەندییەکانــی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێن، کاتێک پاش دەیان ساڵ، خزمێک لە دوورەوە پەیوەندی بــە خزمێکی خۆیــەوە دەکات، کە چاوەڕێــی پەیوەندییەکی لەم جــۆرە ناکات و داوای پارەیەکی زۆری لێ دەکات لەبەر ئەوەی تووشــی حاڵەتێکی کتوپڕ بــووە، ئەوا بە دەگمــەن ئیلتیزامێکی ئاکارانــەی دەبێــت، بەڵکوو بە زۆری گرێــدراوی پەیوەندییەکی «ئەخلاقــی: ئیتیکــی» دەبێــت کــە لە ســەر پەیوەندیــی خێزان دامــەزراوە (بە دەســتەواژەکەی هیــگل، کە ڕیشــەی لە ژیانی ئەخلاقی: ئیتیکی sittlickkeitدا هەیە. کاتێک تۆ سەر بە خێزانێکی دێرین دەبیت، ئەوا ئەمە خۆی لە خۆیدا پاساوی ئەنجامدانی ئەم ئەرکــی هــاوکاری کردنەیە، بەڵام ئەمەش تەنیا لــەو حاڵەتانەدا کە پەیوەندیی ڕاســتەقینە ئەو پێشــبینیانە بهێنێتــە ئاراوەK کە بــۆ نموونە کەســێک بتوانێت لە حاڵەتی هاوشــێوەدا پشــت بە خزمەکانی ببەستێت و پەنایان بۆ ببات.

کەواتــە ئەمــە «ژیانــی ئەخلاقــی: ئیتیکــی «sittlickkeit» پەیوەندیگەلی کۆمەڵایەتیی نارەســمییە، کە لە ســەر بناغەی متمانە بنیات نراون، ئەویش لە سایەی هەلومەرجێکی پێشبینی کــراودا، کــە هــەردوو لا هاوکاریی یەکتر بکــەن. ئەمەش وا دەخوازێت تاکە کەســێک «کەفالەتی» ئەوانی دیکە بکات. ئەم ئیلتیزامە «ئەخلاقی»یانە ڕیشەیان لە ڕایەڵەکانی کۆمەڵگەیەکدا هەیــە... وەک پەیوەندیی خێزان، کە ســێ تایبەتمەندیی هەیە: پشت بەســتوو بە بانگەشەکانی پێویســتە لەبەر ڕێزگرتن لە خــودی نۆرمەکە خۆی، ئێمە ملکەچــی فەرمانەکانی ئەخلاقی بین، بە چاوپۆشین لە ملکەچیی کەسانی دیکە بۆ ئەو فەرمانانە، لــە کاتێکدا ملکەچ کردنی هاووڵاتیان بۆ یاســا مەرجدارە بەو ڕاســتییەی کە دەســەڵاتی ســزادانی دەوڵــەت پابەند بوونی گشــتی بە یاســاوە دەســتەبەر دەکات. بە پێچەوانەوە، بەدی هێنانی ئیلتیزامی ئەخلاقی، نەدەتواندرێت بســەپێندرێت، نە بە شــێوەیەکی بنبڕیش داوا دەکرێت. بەڵکوو لە بری ئەوە پشت بــە چاکــەی دوولایەنە دەبەســتێت، هەروەها بــە دڵنیا بوون لەوەی ئەم چاکەیەی دوولایەنە بەردەوام دەبێت.

لــەم ڕووەوە، ڕەفتــارە ئیتیــک... لەگــەڵ بەرژەوەندی مام ناوەند و دوورمەودای کەســەکە یەک دەگرێتەوە. ئەمەش بە دیــاری کراوی بواری هاوبەشــی «ژیانــی ئەخلاقی: ئیتیکی: sitlickkut»یــە لەگــەڵ تەباییــدا. هــەر چۆنێک بێــت، ئەمەی دواییان، تەبایی، ناتوانێت پشتی بە کۆمەڵگەی پێش کۆمەڵگەی سیاســی، وەکــوو خێزان، ببەســتێت، بەڵکوو تەنیا پشــت بە کۆمەڵەی سیاســی یان بەرژەوەندییەکانی هاوبەشی سیاسی دەبەســتێت. ڕەفتارێک پشت بە تەبایی بەست بێت، گریمانەی بوونی ژیان لە سایەی ڕێڕەوی سیاسیدا لەخۆ دەگرێت، واتە ئەو ڕێڕەوانەی لە ڕووی سیاسییەوە ڕێکخراون، هەر ئەمەش ئەوە روون دەکاتەوە کە بۆچی پیاوەتی متمانە پێ کردن، کە

تەبایــی لە خــۆ دەگرێت، کەمتــر تۆکمەیە وەک لــە ڕەفتاری ئەخلاقــی، لەبــەر ئەوەی تەنیــا بوونــی کۆمەڵگەیەکی نیمچە سروشــتی بەس نییە بۆ بەدەســت هێنانی. ئەوەی لە حاڵەتی تەباییدا بــزرە، ئــەو نەریتخوازییەیە، کە لــە پەیوەندییەکانی ئەخلاقی.....دا هەیە.

ئەوەی وای کــردووە تەبایی و پێکەوە بوون کارەکتەرێکی تایبەتــی هەبێت، بریتییــە لە کارەکتەرە هێرشــبەرانەکەی کە گوشــار دەکات یاخــود تەنانەت خەبــات دەکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێنەی لە بانگەشەی شەرعیەتی هەر سیستەمێکی سیاســیدا هەیە. کاتێــک تەبایی لە ڕەوتــی مۆدێرنیزە کردنی کۆمەڵایەتــی و ئابووریــدا دەبێتــە پێویســتییەک، ئــەوا ئــەم کارەکتــەرە، کــە چاوی لــە ئاییندەیە، بە شــێوەیەکی تایبەت ڕوون دەبێتــەوە، بــۆ گونجاندنی تواناکانی، ئــەو توانایانەی زیــاد لــە وزەی خۆیان خراونەتە گەڕ، بــە مانای گونجاندنی دامەزراوەکانی داخوراوی سیاســی بۆ هێزێکی ناڕاستەوخۆ کە بە شێوەیەکی سیستماتیک باوەش بگرێتەوە بێت بۆ پشت بە یەک بەســتنی ئابووری، کە وەک کۆت و بەندێک لەســەر مەودای دەست ڕاگەیشتنی سیاسیی هاووڵاتیانی دیموکراسی هەســتی پــێ دەکرێــت. دەکرێت ئەم خەســڵەتە پــڕ دەلالەتە هێرشــبەرەی «تەبایی»، بۆ سەر مەرجەعیەتی سیاسی و لە ســەرووی مەرجەعیەتی سیاسیشەوە، بە دەست هەڵگرتن لە ڕوون کردنەوەی ئەم چەمکە، دوور لە ڕیشە مێژووییەکەی و گەڕانەوە بۆ مێژووی ئەو، ڕاڤە بکرێت.

بــۆ یەکــەم جــار بیرۆکــەی پێکــەوە بــوون، تەبایــی، لەو بارودۆخەکــەدا دەرکــەوتK کــە تێیدا شۆڕشــگێڕان داوای پێکــەوە بوونیان دەکرد، پێکەوە بوون بە مانای بنیاتنانەوەی پەیوەندیگەلی دامەزراو لەسەر بناغەی پشتیوانیK کە بوونە پەیوەندیگەلێکــی ئاشــنا، بــەڵام دواتــر بە هــۆی تێپەڕاندنی

پرۆســـەکانی مۆدێرنیـــزە کـــردن لـــە ناوەڕۆکەکانیـــان بەتاڵ کراونـــەوە. لە کاتێکـــدا «دادپـــەروەری» و «نادادپەروەری» بوونە چەقی مشتومڕ لە یەکەمین شارستانیەتی پێشکەوتوودا، بـــەڵام ئەوەی مایەی سەرســـوڕمانە ئەوەیە بیرۆکەی پێکەوە بـــوون، بیرۆکەیەکـــی نوێیە. ئەگەرچی دەکرێت ڕیشـــەی ئەم چەمکـــە بگەڕێندرێتەوە بۆ یاســـای قـــەرزی ڕۆم، بەڵام تەنیا لە شۆڕشی فەرەنســـا «١٧٨٩» بە دواوە مانایەکی سیاسیی وەرگـــرت، ئەگەرچـــی بـــە دروشـــمی «برایەتی»یـــەوە گرێ درایەوە.

هاواری «برایەتـــی» بەرهەمی مەیلێکی مرۆییانەیە بۆ بڵاو کردنەوەی شێوە بیرکردنەوەیەکی دیاری کراو، بە سەر تێکڕای مرۆڤایەتیدا، کە ئەم بیرکردنەوەیەش لە لایەن سەرجەم ئایینە سەرەکییەکانی جیهانەوە داهێندراوە،، مەبەستم لەو باوەڕەیە کە پێی وایە کۆمەڵگەی لۆکاڵی ئێمە بەشێکە لە کۆمەڵگەیەکی جیهانی، ئەو کۆمەڵگەیەی لە باوەڕدارانی دڵسۆز پێک هاتووە. ئەمە پاشینەی «برایەتی»یە وەکوو چەمکێکی سەرەکیی ئایینی بـــە عەلمانی کـــراو، کە لە نیوەی یەکەمی ســـەدەی نۆزدەمدا، رادیکاڵانـــە لەگەڵ چەمکـــی تەباییدا تێک هەڵکێش کرا، ئەویش بە هۆی سۆشـــیالیزمی سەرەتا و مەزهەبەکانی کۆمەڵایەتیی کاتولیکییـــەوە. تەنانـــەت هەندێک هەن کەم تـــا زۆر بیرۆکەی «برایەتی» و «پێکەوە بوون» یان، وەک دوو وشەی هاوواتا بـــەکار هێنـــاوە. ئـــەم دوو بیرۆکەیە لە ڕەوتی کـــەف و کوڵە کۆمەڵایەتییەکانی ســـەروەختی سەرمایەداریی پیشەسازی و بزووتنەوەی کرێکاریی تازە دروست بوودا، لێک جیابوونەوە. میراتـــی ئەخلاقیـــی جوو-کریســـتیان، کە پەیوەســـت بوو بە برایەتییەوە تێک هەڵکێشـــی چەمکی «پێکەوە بوون» کرا، ئەو پێکەوە بوونەی ڕیشـــەی لە کۆماریخوازیـــی ڕۆماندا هەبوو. مەیلی ڕزگار بوون یان سەربەست بوون لەگەڵ مەیلی ئازای

یاسایی و سیاسیدا تێک هەڵکێش کران.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا، رەپێشکردنی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی خێرا و کارا، شوێنی خۆی بۆ پشت بەیەک بەستنێکی چڕ و پڕ بۆ جیهانێک چۆڵ کرد، کە لە پشتی پەردەوە جیهانێکی باوکسالاری بوو، بەڵام بە ڕادەیەکی گەورە جیهانێکی پڕ لە هاوکاری بوو کە ڕۆژانە و لە سەر ئاستی پیشەیی بە سەر چینەکاندا دابەش دەبوو. لە ژێر گوشاری ئەم پشت بەستنە دوولایەنە کردارەکییەدا، شێوەکانی کۆنی ئاوێتە بوونی کۆمەڵایەتی تێک شکا. ئەمەش سەری کێشا بۆ سەرهەڵدانی دوژمنایەتیی چینایەتی، کە لە کۆتاییدا، تەنیا بە هۆی فۆرمگەلی بەهێز و بەرفراوانی ئاوێتە بوونی سیاسیی دەوڵەتی نەتەوەییەوە بەخۆوە گیران. خواستی «پێکەوە بوون» رەگی مێژوویی خۆی لە داینامیکیەتی ململانێ نوێیەکانی چینایەتیدا هەیە. ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و داواکاری، کە پاساوی بەهێزیان هەبوو، بۆ پێکەوە بوون کاردانەوەیەک بوو بۆ ئەو حاڵەتەی هات بووە ئاراوە، هۆکارەکەشی ئەوە بوو شڵەژانەکانی ئابووری پەیوەندییەکانی کۆنی تەبابیان تێپەڕاند بوو. وا بڕیار بوو چینەکانی لە ڕیشە هەڵکێشراو «ڕیشە هەڵکێشراو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە» وەک، کرێکاران و فەرمانبەران هاوپەیمانێتییەک پێک بهێنن، هاوپەیمانییەک سنووری پەیوەندییەکانی پڕ لە ململانێی، کە بە شێوەیەکی سیستماتیکی بەرهەم دەهاتن، بازاڕی کار تێپەڕێنن. لە کۆتاییدا لێکدژیی نێوان چینەکانی کۆمەڵایەتیی سەرمایەداری پیشەسازی لە چوارچێوەی دەوڵەتانی نەتەوەییدا، بە شێوەیەکی دیموکرسیانە پێک هاتبوون، بە دامەزراوەیی کران. تەنها دوای کارەساتەکانی هەردوو جەنگی جیهان، دەوڵەتانی ئەورووپا شێوەی دەوڵەتی ئێستایان وەرگرت، شێوەی دەوڵەتگەلێکی خۆشگوزەران. لە ڕەوتی

بــە جیهانــی بوونی ئابووریــدا، خۆیان لە بەردەم گوشــاری پــڕ لــە تەقینــەوەی پشــت بەیــەک بەســتنەکانی ئابووریــدا بینییــەوە، کە حاڵــی حازر بــە پەنهانی ســنووری نەتەوەیی دەبڕن. دووبارە کۆت و بەندەکانی سیســتماتیکی پەیوەندیی تۆکمەی پەیوەســت بە تەباییان تێک شکاند، ناچاری کردین فۆرمەکانی ئاوێتە بوونی سیاسیی، کە ڕووبەڕووی ئاستەنگ بووبوونــەوە، دەوڵەتانی نەتەوەیــی دابڕێژینەوە. حاڵەتەکانی کتوپــڕی سیســتماتیکی کۆنتــرۆڵ نەکراوی ســەرمایەداری، کــە پاڵنەرەکەیــان بازاڕەکانی دارایی کــۆت و بەند نەکراوە، بــۆ گرژیی نێوان وڵاتانــی ئەندامی یەکێتیــی دارایی ئەورووپا گۆڕاون.

ئەگەر یەکێک بیەوێت ئەم یەکێتییە داراییە بپارێزێت، ئەوا بە لەبەر چاو گرتنی ناهاوسەنگییەکانی بونیاتی نێوان ئابووریی نەتەوەیــی، ئــەوا چــی دی ئەوە بــەس نییە کە قــەرز بدرێت بــەو دەوڵەتانــەی لە ئەندازەبەدەر قــەرزارن، بۆ ئەوەی هەر یەکێکیــان بە هەوڵ و کۆششــەکانی خۆی توانــای ململانێی خۆی بســەلمێنێت. لــە بری ئــەوە و لە ڕوانگــەی تێڕوانینی سیاسیی هاوبەشەوە، پێویستمان بە پێکەوە بوونە، پێویستمان بــە هەوڵێکی هەمەلایەن هەیە بۆ برەودان بە گەشــە کردن و ململانێ بە تێکڕا لە ناوچەی یۆرۆدا.

هەوڵێکــی لەم جۆرە، پێویســتی بەوەیــە ئەڵمانیا و چەندین دەوڵەتــی دی، کاریگەریی خراپی دووبارە دابەش کردنەوەی ســامان قبــووڵ بکەن لــە مەودای مــام ناوەنــد و نزیکدا، لە ســەر حیســابی بەرژەوەندیی دوورمەودای خۆیان، ئەمەش نموونەیەکــی کلاســیکیی پێکــەوە بوونە، بــە لای کەمەوە لە ڕوانگەی ئەو شی کردنەوە چەمکسازییەی خستمە ڕوو.



# ئەو سوودانەی لە پێدانی مافەکانی ئافرەت دەستمان دەکەوێت

ئیزۆبێڵ کۆڵمان

خاتوو ئیزۆبێڵ کۆڵمان توێژەری باڵای سیاسەتی دەرەوەیە لە ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوە و بەڕێوەبەری دیراساتی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەست پێشخەریی دیموکراتییە، هەروەها بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئافرەتانە لە ئامۆژگای ناوبراودا .

پرۆفیسۆر ئیزۆبێڵ کۆڵمان ئەم توێژینەوەیەی لە ساڵی ٢٠٠٤ لە گۆڤاری فۆرن ئەفیرز بە ناونیشانی ( The Payoff from womans Right ) بڵاو کردووەتەوە، ئەم وتارە چەندین داتا و زانیاریی گرنگی لە خۆی گرتووە و جەخت کردنەوەیە لەسەر رەوشی جیاوازی رەگەزی لە وڵاتانی تازە پیگەیشتوو و رۆژهەڵاتی ناوەراست بە گشتی و عێراق و ئەفغانستان بە تایبەتی.

■ باجی نایەکسانی

بە درێژایی دە ساڵی رابردوو، توێژینەوەی بەرچاو بووە مایەی سەلماندنی راستییەک، کە ماوەیەکی درێژە زۆر کەس دەیزانن، ئەویش ئەوەیە: ئافرەتان رۆڵی بەرچاویان لە بوارەکانی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵگەی چالاکی مەدەنی و حوکمڕانیی باش، بە تایبەتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا هەیە. جەخت کردنە سەر پرسی ئافرەتان، باشترین رێگەچارەیە بۆ کەم کردنەوەی رێژەی لەدایک بوون و گیان لەدەست دانی منداڵان و بەرەو پێش بردنی ئاستەکانی تەندروستی و خۆراک و پەروەردە. هەروەها ریشەکێش کردنی بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسی (VIH): ئایدز و بونیاتنانی رێکخراوی پتەو و بەهێز لە کۆمەڵگە و هاندانی دیموکراسی لە سەر ئاستی جەماوەریدا. هاوشێوە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ، کە لە سەردەمێکی پێشوودا داندراوە، مافەکانی ئافرەتانیش بۆ ماوەیەکی زۆر بابەتێک بوو، لە بواری سیاسەتی دەرەوەی

وڵاتاندا، مشــتومڕی لەبارەوە دەکرا. بە درێژایی دەیان ساڵ، ئاژانســەکانی نێودەوڵەتیــی پەرەپێدان خۆیان لە پرســەکانی جەنــدەر لــە کۆمەڵگەی باوکســالاری لا دەدا، بەڵام ئەمڕۆ تا ئاستێکی یەکجار زیاد پێیان وایە، بەهێز کردنی رۆڵی ئافرەت سەبارەت پێگەی خۆی لە نێو کۆمەڵگەدا زۆر گرنگە.

بۆ نموونە (بانکی پەرەپێدانی ئاسیا: The Asian Development Bank) چاکســازیی دادوەری و پۆلیسی لە ڕووی پرسەکانی جەنــدەرەوە لە پاکســتان بــەرز راگرتــووە. هەروەها (بانکی جیهانی: World Bank)یش مەشق و راهێنان بۆ ئەو ئافرەتانەی کــە کاندیدی سیاســین لە مەغریــب، ســاز دەکات. ویلایەتە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکاش تا ئاســتێکی بەرچــاو بایەخ بە مافەکانــی ئافرەتــان دەدات، نەک تەنیا لە پێناو بەرز ڕاگرتنی دیموکراســی، بەڵکوو بۆ بەرەو پێشــەوە بردنی پەرەپێدان و بەرتەسک کردنەوەی توندڕەوی و بەگژدا چوونەوەی تیرۆر، هاوکات لە پێناو هەموو ئامانجەلی ستراتیژیی سەرەکیدا.

لە زۆربەی وڵاتاندا پێگەی ئافرەتان پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیــوە: بۆشــایی نێوان رەگــەزەکان لــە ڕووی رێژەی گیان لەدەست دانی منداڵان و بەکار بردنی کالۆرییەوە، تا ئاستێکی بەرچــاو دابەزیــوە، رێــژەی ناونــووس کردن لــە قوتابخانە و ئاســتی خوێنــدەواری و ســوود وەرگرتــن لــە چاودێریی تەندروســتی و بەشداری کردنی سیاســیش بەرز بووەتەوە. ئەو گۆڕانکارییانەش بە مەودایەکی بەرفراوان ســوودیان بە کۆمەڵگــە گەیانــدووە و بوونەتــە هۆی بــەرەو پێش چوونی ســتانداردی گوزەران و زیــاد بوونی پرۆژەی کۆمەڵایەتی و راکێشــانی ســەرنجی وەبەرهێنانی بیانی، بەڵام وێڕای ئەوە هێشــتا جیاوازیی بەرچاو لە نێوانــی رەگەزەکاندا هەر ماوە. لە هەندێک حاڵەتیشدا ئەو دیاردەیە زیاتر هەڵکشاوە، ئەویش لە ســێ ناوچەدا: باشووری ئاســیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

و «سەب سەحارا»ی ئەفریقا. لەگەڵ ئەوەشدا کۆت و بەندی سەر ئەو ئافرەتانەی، کە لە ناوچەکانی نەریتپارێز و پیاوسالاری و لەو شوێنانەی کە بەهای ئایینییان تێدا زاڵە دەژین، ڕێگرن لە بەردەم پەرەپێداندا، تا ئەمڕۆش پرسی بەهێز کردنی ئافرەت وەک مەسەلەیەکی کاولکار دەژمێردرێت. لە هەندێک کۆمەڵگەدا، مافی ئافرەتان لە نێوان توندڕەوانی ئایینی و کەسانی میانڕەو و پێشکەوتنخوازدا، لە هێڵەکانی پێشەوەی جەنگێکی درێژخایەندایە. بۆ نموونە لە عەرەبستانی سعوودیە و عیراق و ئەفغانستاندا، گرژییەکی قووڵ ڕەگ بەدی دەکرێت، تا ئاستێکی کەمتریش لە نەیجیریا و پاکستان و ئەندەنووسیادا هەیە. پێشکەوتن لەو وڵاتانەدا بە کار و رەفتاریانەوە پەیوەستە. لەو وڵاتانەشدا کە ئافرەتان تێیدا سەردەکەون، ئەگەری ئەوەشیان هەیە لە ڕووی ئابوورییەوە شکست بەدەست بێنن و نەتوانن دامەزراوەی دیموکراسی بونیات بنێن، هەڕەشەی زیاتریشیان لەسەر بێت کاتێ هەنگاو بەرەو توندڕەوی دەنێن.

«واشنتن» ئەم هەڕەشانەی لەبەر چاو گرتووە، هاوکات زۆر هەوڵیشی داوە ڕێگەچارەی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە. هەر لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ـەوە، بە ئاستێکی بەرفراوان هۆشیاری لەبارەی رەفتاری «تاڵیبان» لە ڕووی سەرکوت کردنی ئافرەتانی ئەفغانستان و پرسی یەکسانیی رەگەز بڵاو کردووەتەوە، کە بوونەتە بابەتێکی هەرە گرنگ لە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، بەڵام سیاسەتی ئیدارەی «بوش» دژەیەک بوو. هەرچەندە «واشنتن» (بانگەشە بۆ دیموکراسی)ی لەگەڵ (بانگەشە بۆ مافەکانی ئافرەت)ی بە یەکەوە گرێ دا، بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام زۆر بە کەمی هەنگاوی بۆ چەسپاندنی ئەو پرەنسیپانە هاویشت. «واشنتن» پشتیوانیی لە پرسی بەهێز

کردنــی ئافرەتــان لە وڵاتانی ریفۆڕمخــوازدا کرد، بۆ نموونە وڵاتــی مەغریب، بەڵام ئەو پرســەی لــەو وڵاتانەی کە کەمتر ئەگــەری گۆڕانکارییــان تێدا بەدی دەکرێت، بــەرز ڕانەگرت، بــۆ نموونە عەرەبســتانی ســعوودیە. وێڕای ئەوەی پرســی مافەکانی ئافرەت بە زەقی لە نێو پلانەکانی بونیاتنانی ئەمریکا بۆ ئەفغانســتان و عێراقدا دەبیندرێت، بەڵام «واشــنتن» لەو وڵاتانــەدا بە ئاســتێکی پێویســت زەمینەی بــۆ بەهێز کردنی ئافرەتان لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە ساز نەکردووە.

لەبــەر ئەوەی ئافرەتان گرنگییان لە پەرەپێدانی ئابووری و پرۆسەی دیموکراســاندندا هەیە، کە ئەو دوو پرۆسەیەش لە ئامانجە ســەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە. بۆیە پێویستە «واشنتن» مافی ئافرەتان زیاتر بەرز ڕابگرێت و بە ئاستێکی پتەوتر پێداگرییان لەسەر بکات، بە تایبەتی، پێویستە بــە شــێوازێکی بەهێزتر و کاراتر کارنامــەی تایبەت بۆ زیاد کردنــی هەل بۆ ئافرەتان لە ڕووی پەروەردەییەوە، هەروەها دەسەڵاتیان بە سەر سەرچاوەکان و بەشدار بوونیان لە بواری ئابووری و سیاســیدا، لە ئەستۆ بگرێت. ئەمڕۆ زانیاریی زۆر کۆ کراوەتەوە، کە ئەوە پیشان دەدات ئافرەتان بۆ پەرەپێدان و حوکمڕانیی باش و ژیانی مەدەنیی ســەقامگیر، گرنگییەکی بەرچاویان هەیە. کاتی ئەوە هاتووە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریــکا کاری زیاتر بۆ بەرەو پێش بردنی مافی ئافرەتان لە سەر ئاستی جیهاندا بکات.

■ وەبەرهێنانی قازانجی زۆر

جیاوازیــی رەگــەز زیاتر زیان بــە ژن و کچان دەگەیەنێت، بەڵام لــە ئاکامدا ســەرتاپای کۆمەڵگە بە تــەواوی باجەکەی دەدات. پێدەچــێ ئەمــڕۆ وەدی هێنانــی یەکســانیی رەگــەز پرســێکی گرنگ بێــت بۆ کەم کردنەوەی رێــژەی هەژاری و

بەرەو پێشـــەوە بردنـــی حوکمڕانی بە شـــێوەیەک کە بووەتە ئامانجێکـــی پەرەپێـــدان. ئامانجەکانـــی پەرەپێدانـــی هەزارەی ســـەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ســـاڵی ٢٠٠٠ (The 2000 UN Millennium Development Goals) و پلانـــی جێبەجێکاریـــی ســـەر بە کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی بـــۆ بەگژدا چوونەوەی دیاردەی هەژاری لە جیهاندا، بوونەتە هۆی ئەوەی پرسی یەکسانیی ڕەگەز بخرێتە نێو لیستەوە، وەک یەکێک لە هەشـــت ئامانجەکانی و دانانی پرســـی بەهێـــز کردنی ئافرەت وەک پرســـێکی گرنـــگ بۆ وەدی هێنانی هەمـــوو ئامانجەکان. ئابووریناس (ئامارتیا ســـێن- خەڵاتی نۆبڵی بەدەست هێناوە) باسی لەوە کردووە کە ئەمڕۆ هیچ شتێک بۆ پەرەپێدان گرنگتر نییە لە بەشـــدار بوونی ئافرەت لە بواری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. ئەو ئافرەتانەی بۆ ماوەیەکی درێژ فەرامۆش کـــرا بوون، ئەمڕۆ بە بەرز ڕاگـــری هەنگاوەکانی گۆڕانکاری و یاریـــدەدەر بۆ کۆمەڵگە بە گشـــتی لە قەڵـــەم دەدرێن. زۆر توێژینـــەوە ئەو راســـتییە دەســـەلمێنن، کە ســـوود لە پشـــت پێشـــکەوتنی ئافرەتانەوە زیاتر لەو کاتەدا بەدی دەکرێت، کە زۆر جەخت بکرێتە سەر بەرەو پێش بردنی ئافرەت لە ڕووی پەروەردەیی و زیاد کردنی کۆنترۆڵی ســـەر سەرچاوەکان و دەنگی سیاسییان بیستراو بێت.

هەرچەنـــدە هیـــچ داڕشـــتنێکی ســـادە بـــۆ کـــەم کردنەوەی هەژاری نییە، زۆر کەس ئەوە تاووتوێ دەکەن کە پەروەردە کردنـــی کچان پاڵ بە ئاســـتی پەرەپێدان بۆ پێشـــەوە دەدات. «لۆرانس ســـەمەرز»، کە لـــە «بانکی جیهانی»دا ســـەرۆکی ئابووریناسان بوو، گەیشـــتە ئەو دەرەنجامەی کە پەروەردە کردنـــی کچان ئەگەر هەیە، ببێتە وەبەرهێنانێک کە لە وڵاتانی تازە پێگەیشـــتوودا بەرزترین ئاستی قازانجی لێ بکەوێتەوە. ئافرەتانـــی خوێنـــدەوار خـــاوەن منداڵی کەمتـــرن، خۆراک و

تەندروســتی و پــەروەردەی باشــتر بــۆ خێزانەکانیان دابین دەکەن، بە ڕێژەیەکی کەمتر منداڵانیان گیان لەدەست دەدەن. هەروەهــا ئافرەتانــی نەخوێندەوار یان خاوەن ئاســتی نزمی پەروەردەیی، ناتوانن زیاتر داهات بەدەست بێنن. وەبەرهێنان لە ڕووی بەرەو پێشەوە بردنی ئاستی پەروەردەیی ئافرەتان کەش و هەوایەکی کارا و بەسوود لە کۆمەڵگە دەخوڵقێنێت.

پەروەردە کردنی ئافرەت، بە تایبەتی کچانی لاو، لە پەروەردە کردنی پیاوان زیاتر قازانجی لێ دەکەوێتەوە. لە وڵاتانی خاوەن داهاتی کەم، وەبەرهێنان لە پەروەردەی سەرەتاییدا قازانجی زیاتری لێ دەکەوێتەوە لەوەی کە بایەخ بدرێت بە ئاستەکانی پەروەردەیی لە قۆناغەکانی دواناوەندی و ئاستەکانی دیکەی بــەرزی پــەروەردە. لــە قۆناغەکانی خوارەوەی سیســتەمی پەروەردەییشدا ڕێژەی کچان لە ڕێژەی کوڕان بەرزترە. هەر بۆیــە، پڕ کردنەوەی بۆشــایی نێوان ڕەگەزەکان لە ســاڵانی ســەرەتای خوێندنەوە، باشــترین ســتراتیژە، نــەک بایەخ بە پرۆســەکانی دیکــەی چاکســازیی پەروەردەیــی بدرێت، کە بووەتــە هۆی مانەوەی بۆشــایی ڕەگەزی. بە هەمان شــێوە، منداڵان زیاتر ســوود لە خوێندەواریــی دایکانیان وەردەگرن نــەک لــە خوێندەواریی بــاوکان. پــەروەردە کردنــی دایکان ســوودی زیاتــر دەبێت لــە ڕووی ڕێژەیەکــی نزمتری گیان لەدەست دانی منداڵان، بەرەو پێشەوە بردنی ئەنجامی باشتر لە ڕووی منداڵ بوونەوە (بۆ نموونە کێشــی منداڵان لە کاتی لەدایــک بوونیان زیاتــر دەبێت)، خۆراکی باشــتر بۆ منداڵان دابیــن دەکرێــت، هەروەها گەرەنتییە بۆ دەســت پێ کردن و بەردەوام بوونی منداڵان لە خوێندن.

هــاوکات پــەروەردە کردنی کچــان دەبێتە مایــەی ڕێژەی نزمتــری منداڵ بوون، کە ئەو شــتەش لــە ئاکامدا بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشــتوو یاریدەدەر دەبێت بۆ بەرەو پێشــەوە بردنی

داهاتــی تــاک. دابین کردنی پەروەردەی باشــتر بــۆ ئافرەت دەبێتــە مایەی ڕێــژەی نزمتری منداڵ بوون لەوەی کە لە نێو ئافرەتــی خاوەن پــەروەردەی کەمتر هەیە، چونکە دروســت کردنی ژیانی هاوســەریی درەنگ وەخت دەبێتە هۆی ئەوەی درەنگتر و بە ڕێژەی کەمتر پرۆسەی منداڵ بوون بێتە ئاراوە. هاوکات بە ئاســتێکی باشــتر و بە متمانەوە دەتوانن لەبارەی زاوزێــوە بڕیــار بدەن. لە ڕاســتیدا، بەرەو پێشــەوە چوونی ئاســتی پەروەردەیی ئافرەتان وا دەکات بە سێ ساڵ ڕێژەی منداڵ بــوون بۆ یەک منــداڵ کەمتر بکاتــەوە. توێژینەوەکان ئەو راســتییە دەسەلمێنن کە لە هیندستاندا پەروەردەی کچان یارمەتیی نزم کردنی ڕێژەی منداڵ بوون دەدات.

هەروەها پەروەردە کردنی رەگەزی مێ دەبێتە مایەی بەرز بوونەوەی ئاســتی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ. توێژینەوەکانی «بانکی جیهان» ئاماژە بەوە دەکەن کە لەو ناوچانەی ئافرەت خــاوەن ئاســتی خوێندەواریی نزمن، لە ڕێی بەخشــینیان بە لایەنــی کەمــەوە بە یەک ســاڵی زیاتری خوێنــدن لە قۆناغی ســەرەتاییدا، ئــەوە باشــترین ڕێگەچارەیــە بۆ بــەرەو پێش بردنی کەرتی کشــتوکاڵ و سوودەکانی زیاترە لەوەی بایەخ بــە وەرگرتنــی زەوی و پرۆســەکانی پیتانــدن بدرێت. لەبەر ئــەوەی پیــاوان دوور لــە کێڵگــەکان زیاتر بــە دوای ئیش و کاردا دەگەڕێــن، هەر بۆیەش ئافرەت زیاتر بەرپرســیارێتیی بەڕێوە بردنی زەوی لە ئەستۆ دەگرن. لەبەر ئەوەی ئافرەتان لە هاوســەرانیان زیاتر بایــەخ دەدەن بە چاندنی بەروبوومی جیــاواز و جۆراوجــۆر، بۆیە ناتوانن لەو بارەیەوە پشــت بە پیاوان ببەستن بۆ راهێنان و وەدەست هێنانی زانیاری. لەگەڵ دواکەوتنــی کەرتی کشــتوکاڵ و پاشەکشــە کردنــی ڕێژەی داهات، شۆڕشی داهاتوو لە بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ لە ڕێی پێشکەوتنی پەروەردەی ئافرەتانەوە دێتە کایەوە.

شـتێکی ڕێکەوت نییە کە لە نیوەی سەدەی رابردوودا، ئەو ناوچانەی بە سـەرکەوتوویی بۆشـایی رەگەزییان لە کەرتی پـەروەردەدا نەهێشـتووە (رۆژهەڵاتـی ئاسـیا، باشـووری رۆژهەڵاتـی ئاسـیا، ئەمریـکای لاتیـن)، دەبینین لـە هەمان کاتیشدا سەرکەوتوو بوون لە وەدی هێنانی بەرزترین ئاستی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی. بە پێچەوانەشـەوە، ئەو ناوچانەی خاوەن پەرەپێدانی دواکەوتوون (باشووری ئاسیا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، سەب سـەحارای ئەفریقا) لە پەروەردەی کچاندا دواکەوتوون. ئەمڕۆ ئاسـتی نەخوێنـدەواری لە نێو رەگەزی مێدا زۆر بەرزە لە باشووری ئاسیا (بە ڕێژەی ٥٥٪)، جیهانی عەرەب (٥١٪)، سـەب سەحارای ئەفریقا (٤٥٪). توێژینەوەی شـیکار پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئەم سێ ناوچەیە بۆشایی رەگەزییان لە ڕووی کەرتی پەروەردەوە پڕ کردووەتەوە. بە هەمـان ئەو ڕێژەیەی کە لە نێوان سـاڵانی ١٩٦٠ تا ١٩٩٢ لە رۆژهەڵاتی ئاسیا وەدی هات، لەو ساتەوە دەکرا داهاتی تاک ساڵانە بە چەند ڕێژەیەکی دیکەی سەدی زیادی بکردایە. ئەو ڕێژەیەش ئەگەر لە ماوەی سی ساڵدا بەردەوام بێت، ئەوکات داهاتی تاک بۆ ئەمڕۆ لە ئاستێکی زۆر بەرز دەبوو.

پێدانی دەسەڵاتی زیاتریش بە ئافرەتان بە سەر سەرچاوەکاندا، بە گشتی سوود بە تێکڕای کۆمەڵگە دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی ئافرەتان لە پیاوان زیاتر بایەخ بە خێزان دەدەن. زیاد بوونی داهاتـی خێزان، بـۆ نموونە بۆ خێزان وا باشـترە گەر دایک پارە و خەرجی بگرێت دەست نەک باوک. توێژینەوە لەبارەی ژمارەیـەک وڵاتی لـە یەک جیـاواز، بۆ نموونـە بەنگلادیش و بەڕازیـل و کەنـەدا و ئەسـیوپیا و بەریتانیا کـراوە، ئەوە دەردەخەن کە ئافرەتان بە گشـتی بەشـێکی زۆری بودجەی خێزان زیاتر بۆ پەروەردە و تەندروسـتی و خۆراک تەرخان دەکـەن، هەروەها پـارەی کەمتر لە کڕینی مـاددەی کهوولی

و جگــەرە خــەرج دەکــەن. بۆ نموونــە، زیاد بوونــی داهاتی رەگــەزی مێ لە ڕووی ریــژەی رزگار بوونی منداڵان بە قەد ٢٠ جاران زیاتر لە زیاد بوونی داهاتی رەگەزی نێر سوودی دەبێــت. لــە هەمان کاتیشــدا کێش و باڵای منــداڵان بە قەد ٨ جاران زیاتر گەشــە بە خۆیەوە دەبینێت. بە هەمان شێوەش، قــەرز کردنی رەگەزی مێ کاریگەریــی پۆزەتیڤانەی هەبووە لە ســەر ناونووس کردن لــە قوتابخانە و خۆراکی منداڵان و بانگەشە بۆ چاودێریی تەندروستی بە ئاستێک کە لەم ڕووەوە کاریگەرییەکەی لە قەرز کردنی رەگەزی نێر زیاترە.

ئەم جیاوازییانە هاریکارن بۆ ئەوەی بزانین کە بۆچی درێژ کردنــەوەی تەمویلی بچــووک (قەرزی بچــووک بەبێ (یان) بــە کەفالەتی کەم) بــۆ ئافرەتان بووەتە مەســەلەیەکی هەرە گرنگــی پەرەپێــدان. «محەمــەد یونس» «بانکــی گرامین»ی لــە بەنگلادیش دامەزراند، دەســتی کرد بە پــڕۆژەی قەرزی بچووک، لەســەر ئەو بنەمایەی کە ئەگەر هاتوو قەرز بە پێی مەرجی گونجاو و لۆژیک بە خەڵکی هەژار بەخشرا، ئەوکات ئەگەری ئەوە هەیە ملیۆنان خەڵکی هەژار بە ملیۆنان جزدانی پــڕ پارەوە پێکــەوە بتوانن گەورەترین پرۆســەی پەرەپێدان وەدی بێنــن. «یونــس» بــە مەبەســت قــەرزی بچووکی بۆ ئافرەتان بەرز راگــرت، ئەویش لەبەر هۆکاری دادپەروەری: چونکە ئافرەتان بە گشتی لە پیاوان هەژارترن، کۆت و بەندی زیاتریان لە سەرە، مافیان لە ئیش و کاری بازاڕ و وەرگرتنی مووچە ســنووردارە، لە ماڵەوەش بەشــێکی نایەکســانیان لە ڕووی بڕیاردانەوە پێ دراوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، لایەنی ئابووریانــە هاندەری «یونس» بوو، چونکە ئافرەتان لە کاتی دروستی خۆیدا لە پیاوان زیاتر پابەندن بە دانەوەی قەرز.

قــەرزی بچووک لە پێناو ســووک کردنــی ریژەی هەژاری بــە رێگەچارەیەکی ئابووریی گونجاو دەســتی پێ کرد، بەڵام

ئەگەر هەیــە قازانجی درێژخایەنــی کاریگەریی پۆزەتیڤانەی لێ بکەویتەوە ســەبارەت بــە پێگەی کۆمەڵایەتیــی ئافرەتان. ئەمــڕۆ ئافرەتــان ٨٠٪ی کــۆی ٧٠ ملیۆن وەرگــری قەرزی بچووک لە سەرتاســەری جیهاندا پێک دەهێنن، توێژینەوەکان ئــەوە دەردەخــەن کە ئافرەتانــی وەرگری قــەرزی بچووک، بە پێچەوانەی ئافرەتانی دیکە، بە ئاســتێکی زیاتر بەشــدارن لــە بڕیاردان لەســەر ئاســتی خێزاندا، زیاتر بــە جموجۆڵ و هۆشــدارترن لە ڕووی سیاسی و یاساییەوە، هەروەها زیاتر لە کاروباری گشتیدا بەشدارن. هاوکات ئەو ئافرەتانەی قەرز وەردەگــرن کەمتر دووچاری تونــد و تیژیی خێزان دەبنەوە. هەڵبــەت هــۆکاری ئەمەش بۆ بەهای ئافرەت لــە ناو خێزاندا دەگەڕێتــەوە، چونکــە بۆ وەدەســت هێنانی داهات پشــت بە خۆیان دەبەستن.

ڕێگەدان بە ئافرەتان بۆ بەشداری کردن لە ژیانی سیاسیش ســوود بــە پرۆســەی دیموکراســی دەگەیەنێت، بــەڵام نەک تەنیــا لەبەر ئــەوەی دەبێتە هۆی بەرەو پێــش چوونی مافی مەدەنییان. توێژینەوەی نوێ ئاماژە بەوە دەکەن کە ئافرەتانی دەســەڵاتدار، لە پیاوانی سیاســەتوان زیاتر، بژاردەی جیاواز لە سیاســەتدا دێننە، ئاراوە و سوود بە دارایی و سەرچاوەی گشــتی دەگەیەنن. لە ئاکامیشــدا کاریگەرییان بــۆ پەرەپێدان دەبێت. «ئیستر دوفلۆ» ئابووریناسە لە ئامۆژگای تەکنەلۆژیای (ماســاچوچ)، پێداچوونەوەیەکــی کــرد بــە کاریگەرییەکانــی هەمــواری دامەزراوەیــی، کــە هیندســتان لە ســاڵی ١٩٩٣دا پەســندی کرد بــوو، بەوەی کە پێویســتە وڵاتان دەســەڵاتی زیاتر لە ڕووی خەرجییەوە بۆ ئاستەکانی خوارەوە ببەخشنە ئەنجومەنەکانی پانچایات (ئەنجومەنانی لۆکاڵ) لەگەڵ تەرخان کردنی ڕێژەی ٣/١ لە پۆستەکانی سەرکردایەتی بۆ ئافرەتان. «دوفلۆ» بۆی دەرکەوت کە کاتێک ئافرەتان لە دەسەڵاتدا بن،

ئەوە ئەنجومەنانی پانچایات زیاتر بایەخ بە ژێرخان دەدەن، کە راستەوخۆ پەیوەندارە بە پێداویستەکانی ئافرەتەوە. ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێت کە پێشینەکانی ئافرەت بە جۆرێک لە جۆرەکان باشترە لە پێشینەکانی پیاو، بەڵام مەسەلەکە تەنیا ئەوەندەیە، ئەوان جیاوازن و لەو وڵاتانەشدا کە ئافرەت فەرامۆش کراون، ئەوە ئەگەر هەیە دەست نیشان کردنی ئافرەت بۆ دەسەڵات دەسپێکێک بێت بۆ راست کردنەوەی ئەو ناهاوسەنگییە.

«ستیڤن فش» زانایەکی سیاسیی زانکۆی کالیفۆرنیایە لە بێرکلی، توێژینەوەیەکی بۆ بەشدار بوونی سیاسی ئامادە کرد، دەربارەی ئەوەی چۆن وڵاتانی موسڵمان کەمتر دیموکراسیترن لەو وڵاتانەی کە بواریان بۆ رەگەزی مێ دەستەبەر کردووە. «فش» بۆی دەرکەوت کە دیموکراسیی پتەو تا ئاستێکی زیادەڕۆ دەگمەنە لەو کۆمەڵگایانەی کە تا ئاستێکی زۆر بۆشایی رەگەزیان تێدا دەبیندرێت، لە ڕووی رێژەی خوێندەواری و جیاوازی لە نێوان رەگەزاندا (کە زۆر جار دەگەڕێتەوە بۆ بەدخۆراکی و خراپیی ئاستی تەندروستیی کچان و لەبار بردن یاخود کوشتنی کچان بە هۆی رەگەزەکەیەوە). «فش» باس لەوە دەکات ئەو کۆمەڵگایانەی زیاتر ئافرەتان پشتگوێ دەخەن ئەوە دەنگی کەمتریان هەیە بۆ بەرهەڵستکاری لە دژی رژێمەکانی ستەمکار لە سەر ئاستی سیاسی. هاوکات پیاوان زیاتر روو دەکەنە توندڕەوی ئایینی و برایانی سیاسییەوە، کە دوو فاکتەری کاریگەرن لە سەر بەرتەسک کردنەوەی دیموکراسی.

■ هەر جارە و شتێکیان

لەبەر گرنگیی ئافرەتان لە پەرەپێدانی ئابووری و سیاسیدا، مایەی سەرسووڕمان نییە کە ئافرەت لە ریزەکانی پێشەوەی

پرۆســەی دیموکراتیزە کردنــدان لە سەرتاســەری جیهاندا، بەڵام بەهێز کردنی ئافرەت کارێکی زۆر ئاســان نییە: مایەی سەرهەڵدانی گرژی و ناکۆکییە لە هەموو وڵاتێکدا، چونکە زۆر جــار لەگەڵ دوو هێزە جمکەکە، کولتوور و ئایین، رووبەڕوو دەبێتەوە.

ئەمڕۆ، لە نزیکەوە پشــکنینی ورد لەبارەی کاریگەرییەکانی ئایینــی ئیســلام لە ســەر ئافرەتان دەکرێــت. زۆر جار وەک بەڵگەیــەک لە ســەر بوونــی درزێکی کولتووریــی قووڵڕەگ لــە نێوانــی رۆژاوا و کۆمەڵگەکانــی نەریتپارێزی موســڵمان دەردەکەوێت، بەڵام لەوانەیە درزە راستەقینەکە لە نێو جیهانی ئیســلامیدا بێت: لە نێوانی هاووڵاتیانی ترادیشــناڵ و خەڵکی مەدەنی، یاخود لە نێوانی بنەچەخوازانی ئایین و ئیســلامیانی میانــڕەودا. ئەو جــۆرە گرژییانە لەو وڵاتانــەی کەوتوونەتە نێــوان نایجیریا تا دەگاتە ئەندەنوســیا بــەدی دەکرێن، بەڵام هیچ کامیان لەم ڕووەوە ناگەنە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

«مســتەفا کەمــال ئەتاتــورک»ی دامەزرێنــەری تورکیای مۆدێــرن، وەک بەناوبانگتریــن ســەرۆک دەژمێردرێــت، کە وڵاتەکــەی، لــە ڕێی گواســتنەوەی رۆڵــی ئافرەتــان بۆ ناو کۆمەڵگــە، بــەرەو مۆدێرنێتە برد. پــاش رووخانی خەلافەتی عوســمانی لــە ســاڵی ١٩٢٤دا، «ئەتاتــورک» بەرنامەی چڕ و پــڕی بۆ ســێکیولاریزم و گۆڕینی شــەریعەت بە یاســای دامەزراوەیی ئەورووپا داڕشــت، هەروەها پۆشــاکی نەریتیی موسڵمانانی قەدەغە کرد، قوتابخانەی ئایینیی داخست، لەگەڵ گەڕاندنەوەی کەرتی پەروەردە بۆ سەر دەوڵەت. لەو بڕوایەدا بوو کە ئافرەتان رۆڵێکی جەوهەرییان هەیە بۆ کۆمەڵگە، بۆیە چەندین چاکســازیی لە پێناو دابین کردنی مافی یەکسانی بۆ ئافرەتان و هەلی زیاتر هێنایە کایەوە. یاسایەکی مەدەنیی نوێ داندرا بۆ قەدەغە کردنی فرەژنی و داننان بە مافەکانی ئافرەت

لــه بواری میرات و تەڵاق و بەدەســت هێنانی سەرپەرشــتی لــە بەخێو کردنــی منداڵدا. نایەکســانی لە کەرتــی پەروەردە بەکۆتــا هات و ئافرەتان مافی سیاســیی تەواویان پێ درا. لە ناوەڕاستی ساڵانی سییەکانی سەدەی رابردووشدا لە تورکیا ١٣ دادوەر و ١٨ پەرلەمانتار لە رەگەزی مێ هەبوون. یەکەم وڵات بوو لە ســەر ئاســتی جیهان کە ئافــرەت وەک دادوەر لە دادگای باڵا دابمەزرێنێت، هەروەها لە ناوەڕاســتی ساڵانی نەوەدەکانــی ســەدەی رابردووشــدا ئافرەتێک بە ســەرۆک وەزیران هەڵبژێردرا.

بە هەمان شێوە، لە ساڵی ١٩٥٦ توونس سەربەخۆیی بەدەست هێنا، سەرۆک «حەبیب بورگیبە» میتۆدێکی سەرتاپاگیر و لە ســەرەوە بۆ خوارێ لــە پێناو بەهێز کردنــی ئافرەتان، وەک بەشــێک لە هــەوڵ و کۆششــی فراوانتر بــە ئامانجی بەرەو پێشــەوە بردنی وڵات گرتە بەر. لە ساڵی یەکەمیدا، یاسایەکی بنەڕەتی لە ســەر باری کەســێتی پەیڕەو کرد، کە تا ئاستێکی فراوان بووە مایەی پتــەو کردنی مافەکانی ئافرەت: فرەژنیی قەدەغە کرد و رەزامەندیی کچانیش مەرج بوو بۆ شووکردن، تەمەنی یاســایی بۆ هاوسەری بۆ ١٧ ســاڵان بەرز کرایەوە، رێــی بە ئافرەتــان دا داوای تەڵاق بکەن. لەو سەردەمەشــدا، ئــەم رێکارە پێشــکەوتنخوازانە نەک تەنیا بــۆ توونس گرنگ بــوون، بەڵکوو بــۆ تێکڕای جیهانیــش. دژەیەکییەکی بەرچاو هەبــوو لەگــەڵ یاســاکانی کار پێ کراوی مەغریــب، کە هەر لەو ســاتانەدا ســەربەخۆیی لە فەرەنســا بەدەست هێنا بوو، یاســایەکی نووســراوی زۆر توندی باری کەســییان پەیڕەو کــرد، کە بووە مایەی بە دامــەزراوە کردنی زۆربەی کۆت و بەندەکانی سەر ئافرەت.

سیاسەتی رۆشنگەریی توونس لەبارەی رەوشی ئافرەتەوە دەســت پێشــخەرییەک بــوو بــۆ وەدی هێنانــی پەرەپێدانی

سـەرمایەی مرۆیـی و گەشـەپێدانی ئابووری بە ئاسـتێکی بەرچاو. ئەمڕۆ، ڕێژەی گشتیی ئاستی خوێندەواری لە وڵاتدا بریتییـە ٧٠٪- ٨٠٪ی بـۆ پیـاوان و ٦٠٪ی بـۆ ئافرەتان. لە بـەراورد کردنیشـیدا ڕێژەکە لە مەغریب تەنیـا ٤٨٪- (٦٠٪ بۆ پیاوان و ٣٥٪ بۆ ئافرەتان). ئاسـتە باشـەکەی سیستەمی پـەروەردە لـە توونـس، لـە ڕووی ڕاکێشـانی سـەرنجی وەبەرهێنەرانـی بیانی بۆ وڵاتەکە هانـدەر بوو. دەیان هەزار ئافرەتـی توونس توانییـان خێزانەکانیان لە ڕێـی کار کردن لە بواری هەناردە کردنی پیشەسـازیی بەرهەمی سووکەوە، هەروەهـا کار کردن لە سـەنتەرەکانی خزمەتگوزاریی بیانی، بگەیەننـە چینی ناوەڕاسـت. ئـەوەش مایەی سەرسـوڕمان نییـە، کە ڕێژەی دانیشـتووانی توونس بە ئاسـتێکی بەرچاو کەمترە لە ژمارەی دانیشـتووانی مەغریـب، کە هۆکاری ئەو شتەش لە لایەنێکەوە بۆ زیاد بوونی داهاتی تاک لە وڵاتەکەدا دەگەڕێتەوە.

بێگومـان بـەرز ڕاگرتنـی مافەکانـی ئافـرەت کاردانەوەی توندیشـی بە دواوە هاتـوو، چونکە بیرۆکـەی بەهێز کردنی ڕەگەزی مێ، زۆر جار و تا ئاسـتێکی زۆریش، پەیوەستە بە سـێکیولاریزم و بەهاکانی ڕۆژاواوە. ئەم پرسە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایی لە نێو کۆمەڵگەی دیاری کراو لە نێوان هـەردوو ڕەگەزی پیاو و ئافرەت. لە پێناو بەدەسـت هێنانی سۆزی ئایینزای نەریتپارێزەدا... سەرکردەکان لە سەرتاسەری جیهانی عەرەبدا بۆ ماوەیەکی درێژ دەسەڵاتی بەرچاویان بۆ زاڵ بـوون بە سـەر ئافرەتاندا پێ بەخشـیون، زیاتر لە ڕێی سەرپەرشتی کردنی یاسای خێزان و یاساکانی باری کەسێتی، بەڵام ئەمڕۆ پاش زیاد بوونی بایەخی ئافرەتان لە پەرەپێدانی ئابووری و سیاسیدا، بە ئاستێکی روون و بەرچاو، ژمارەیەک سـەرکردەی لاو و چاکسازیخواز و پەروەردەی ڕۆژاوا، شا

محەمەدی شەشەم شای مەغریب، شا عەبدوڵڵا شای ئوردن، لەگەڵ شێخ حەمەد میری قەتەر، سەر لەنوێ دەسەڵات بە سەر ئەو ناوچانەدا دەسەپێنن. ئەم سەرکردانە هەنگاوی زۆر بەرچاویان لە ڕووی هاندانی ئافرەتان بەرەو پێشەوە و بە بێ شێواندنی وێنەی نەریتخوازانەی وڵاتەکانیان هاویشت. ئەوان لە هەنگاوەکانیاندا پشتیان بە راپۆرتی عەرەبی بۆ پەرەپێدانی مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠٠٢ –٢٠٠٣ Arab Human Development Report ، بەست بوو، کە ئاماژە بەوە دەکات هۆکاری سستیی بواری ئابووری و سیاسی لە جیهانی عەرەبدا لە لایەکەوە نایەکسانیی رەگەزە.

لە ناوەندی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا، ئافرەتانی مەغریب هەندێک پێشکەوتنی بەرچاویان بە پاڵپشتیی «بانکی جیهانی» بەدەست هێناوە. مەغریب بەرنامەیەکی بۆ بەشدار بوونی ئافرەتان لە بواری پەرەپێدان لە ڕێی بایەخدانی زیاتر بە پەروەردەی کچان گرتە بەر. چاودێریی تەندروستی بۆ دایکان و منداڵانیان، لەگەڵ رەخساندنی هەلی ئابووری و سیاسی بۆ ئافرەتان. ئەمەش گەرەنتیی ئەوەی کرد کە ئافرەتان بتوانن لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٢دا ١٠٪ی ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بەدەست بێنن. ئەم (کۆتا)یە یاریدەدەر بوو بۆ زیاد بوونی ژمارەی ئافرەتانی نوێنەر لە ٢ ئەندامەوە بۆ ٣٥ ئەندام. ئەمەش دەستکەوتێکی بەرچاوە لە جیهانی عەرەبدا، چونکە ئافرەتان لە هەر وڵاتێکی دیکەدا رێژەی کەمتریان (بە نزیکەی ٣٪) لە پەرلەماندا هەیە. ژمارەیەک رێکخراوی نێودەوڵەتی، لەوانە «ئەنستتیوتی دیموکراتیی نیشتیمانی: National Democratic Institute» و «پارەدار کردنی پەرەپێدانی ئافرەتانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان: UN Development Fund for Women» یاریدەدەر بوون لە بواری مەشق پێ کردنی ئافرەتانی کاندید.

گرووپەکانی ئافرەتیش بۆ گێڕانی ڕۆڵی چالاکتر لە سیاسەتی مەغریب هان دران. لەم چەند ساڵەی دواییدا، گوشارێکی زۆریان دروست کرد بۆ چاکسازی کردنی «تۆمارنامە»، هەرچەندە بنەچەخوازان بەرهەڵستکارییەکی توندیان پیشان دا، بەڵام شا محەمەدی شەشەم «لیژنەی راوێژکاریی پاشایەتی»ی دامەزراند، تاکوو پاڵپشتی لە هەوڵەکانیان بکات. لە کانوونی دووەمدا، پەرلەمانی مەغریب یاسایەکی هەرە گرنگی دەربارەی مافەکانی ئافرەت لە ناوچەکەدا دەرکرد، کە رێی بۆ ئافرەت دەستەبەر کرد بە بێ وەرگرتنی رەزامەندیی باوک شوو بکات، یان داوای تەڵاق بکات، هەروەها ئافرەتان هاوبەش بن لەگەڵ هاوسەرانیان لەبارەی بەرپرسیاریەتیی خێزانەوە. تەمەنی یاساییش بۆ هاوسەری لە ١٥ساڵانەوە بۆ ١٨ ساڵان بەرز کرایەوە و فرەژنی بە شێوەیەکی هەمیشەیی قەدەغە کرا.

هاوشێوەی ئەوە، لە وڵاتی ئوردنیش، شا عەبدوڵڵا بایەخی بە بەرەو پێشەوە بردنی ئاستی پەروەردەیی ئافرەتان داوە و بەشدار بوونی ئافرەتیش لە کار و سیاسەتدا رووی لە زیاد بوونە. حکوومەت هیچ بۆشاییەکی رەگەزیی لە ناونووس کردن بۆ قۆناغی سەرەتایی نەهێشت. ئەمڕۆش لە قۆناغەکانی دواناوەندی و خوێندنی باڵا ژمارەی کچان لە کوڕان زیاترە. «شاژنە رانیە»، هاوسەری «شا عەبدوڵڵا»، پرۆژەی قەرزی بچووکی پەیڕەو کرد، ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠٠٣دا بە چاودێریی «شاژنە رانیە»، یەکەمین کۆنفرانسی «قەرزی بچووک» لە سەر ئاستی ناوچەکەدا لە ئوردن بەڕێوە چوو. هەروەها حکوومەت کۆتایەکی سنووورداری لە هەڵبژاردنەکاندا پیادە کرد، کە لە کۆی ١١٠ کورسیی پەرلەمان ٦ کورسیی بۆ ئافرەتان دەست نیشان کرد.

بە هەر حاڵ، هیچ شوێنێک وەک قەتەر بچووک نییە لە

ڕووی چاکســازیی ڕەوشــی ئافرەتانــەوە، لــە کاتێکدا قەتەر دەوڵەتێکــی وەهابیی نەریتخوازە. «شــێخ حەمــەد» چەندین چاکسازیی سیاسیی پەیڕەو کرد. لەوانە یەکەمین هەڵبژاردنی گشــتیی وڵات، کــە لە ســاڵی ١٩٩٩دا بەڕێوە چــوو، کە تێیدا هەردوو ڕەگەز لە پیاو و ئافرەت، بواریان بۆ ڕەخســا دەنگ بدەن و خۆیان بۆ سەرۆکایەتی کاندید بکەن. هەروەها «شێخ حەمەد» و هاوسەرەکەی، «شێخە مۆزە» هانی چاکسازییان لــە کەرتــی پــەروەردەدا دا. حکوومــەت گرێبەســتی لەگەڵ کۆمپانیــای ڕاوێژکاریی ڕەنــد (Rand Corporation) لەبارەی دووبارە بونیاتنانەوەی هەیکەلبەندی سیستەمی پەروەردە لە وڵاتــدا واژۆ کرد و پڕۆژەی شــاری پــەروەردە (Education City Initiative)ی جێبەجــێ کــرد، کە بووە هۆی ڕاکێشــانی ســەرنجی چەندین زانکۆی ئەمریکی بۆ کردنەوەی لقی لۆکاڵ لە قەتەر (لەوانەش کۆلێژی ڤرجینیا کۆمۆنوێڵس بۆ هونەر و کۆلێژی پزیشکیی ویڵ کۆرنێڵ). ئەمڕۆ ڕێژەی ئافرەت لە نێو قوتابیانــی زانکۆ لەو وڵاتەدا دەگاتە نزیکەی ٧٠٪. هەرچەندە ژمــارەی دانیشــتووانی قەتەر لە یەک ملیــۆن کەس کەمترە، بەڵام کاریگەریی ئەو چاکسازییانەی ئەنجام دراون سنووری خۆیان تێدەپەڕێنن.

عەرەبســتانی ســعوودیەی دراوسێ لەم چاکســازییانە بێ ئــاگا نەبوو، بۆ نموونە حکوومەت ددانی بە مافی یاســایی و مەدەنیدا نا. هەوڵەکانی ئەو وڵاتە بەرهەمی لێ کەوتووەتەوە. حکوومــەت، وێڕای مەترســیی تووڕە بوونــی نەریتخوازانی ئایینزایی، لەم دواییەدا پێشنیاری کرد ڕێ بە ئافرەتان بدرێت کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتوودا بکەن.

لەوانەیە داواکاریی ئافرەتانی ســعوودیەش یاریدەدەر بوو بێــت، هاوکات لەگەڵ بارودۆخی تــازەی ئابووریدا لە ڕووی دانانی گوشــاری زیاتر بۆ وەدی هێنانی گۆڕانکاریی گونجاو

بێــت. (نوکتەیەک لە «ریــاز» بڵاو بووەتــەوە دەڵێت: ئەگەر ئەمڕۆ هەر ئافرەتێک زۆر بیندرا، ئەوە مانای وایە ئەو ئافرەتە پیشەیەکی هەیە و دەیکات.) لەگەڵ دابەزینی «ئەنجامی گشتیی بەرهــەم هێنانــی تاک – GNP» لــە ٢٥،٠٠٠$ەوە لە ســاڵی ١٩٨٤ بۆ ٨،٥٠٠$ لە ئەمڕۆدا، ســعوودییەکان زیاتر دەپرسن بۆچــی نیــوەی ســەرمایەی مرۆیــی وڵات بەبــێ بەرهەمە؟ توێژینەوەیەکی «بانکی جیهانی» لە ســەر بازاڕەکانی کار لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا ئاماژە بــەوە دەکات، کە زیاد بوونی رێژەی بەشــداری کردنی ئافرەتان لە هێزی کار مایەی زیاد بوونی داهاتی خێزانە بە رێژەی ٢٥٪ بە بێ هەڵایسانی رێژەی بێکاری. هەر بۆیە، ئەوە نیشانەیەکی هاندەر بەخشە کە ئەمڕۆ ئاراســتەیەک هەیە لە بــارەی ئەوەی ئافرەتــان رێژەی ١٠٪ ی بزنســی تایبەت لە عەرەبستانی ســعوودیە بەڕێوە بەرن، بــەڵام وێڕای ئەوەش، مشــتومڕەکانی ســعوودیە دەربارەی مافەکانی ئافرەت زیاتر مشتومڕی مەترسیدارن و زەحمەتترە بۆ ســەر ئازادیــی مەدەنی و توندڕەویی ئایینــی و مافەکانی مــرۆڤ، کە بە گشــتی کپ کراون. گفتوگۆ لەبــارەی ئازادیی ئافرەتــەوە رووبەڕووی بەرهەڵســتکاریی بەهێز دەبێتەوە و کاردانــەوەی پێچەوانــەی لێ دەکەوێتــەوە. ئافرەتان رۆڵێکی ســەرەکییان لە «کۆڕبەنــدی ئابووریی ئــەم دواییەی جددە: Jeddah Economic Forum» گێــڕا، کە «لوبنا ئەلعولەییان»ی ئافرەتی ناوداری بزنســکار پێشنیارێکی سەرەکیی تێدا خستە ڕوو، داوای مافــی زیاتری ئابووری و سیاســیی بۆ ئافرەتان کــرد، بەڵام زۆری پێ نەچوو و هەر لە دوای کۆنفرانســەکە، موفتیی عەرەبستانی ســعوودیە، یاخود بەرزترین دەسەڵاتی ئایینی، فەتوایەکی دەرکرد بە قەدەغە کردنی رۆڵی ئافرەت لە ژیانی گشتیدا. (ئەوەی بارەکەی ئاڵۆزتر کرد ئەوە بوو کاتێک «ئەلعولەییــان» وێنەیەکــی لە لاپەڕەی یەکەمــی ژمارەیەکی

بەناوبانگی رۆژنامەکانی سـعوودیەدا بە سەری کۆتەوە بڵاو کرابووەوە.)

بنەچەخوازان پرسـی بەهێز کردنی ئافرەتانیان بە گەندەڵیی رۆژئاواوە گرێ دابوو، بۆیە پێویستە لەسەر چاکسازیخوازان بۆ نموونە وەک شا عەبدوڵڵا لەم ڕووەوە زۆر وریا بن، چونکە بنەچەخـوازان ئەو لایەنە دەکەن بە پاسـاو. ئێسـتاش رۆڵی ئافرەتان بووەتە هێڵێک لە نێوان ئەو کەسانەی دەیانەوێ وڵات بەرەو پێشـەوە بەرن و ئەو کەسانەی دەیانەوێ توندڕەویی ئیسـلامی کە بۆ سـەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە لە وڵاتدا بسەپێنن.

■ ئاییندەیەکی گەشتر

پێدەچێ ئیدارەی «بوش» ددانی بە گرنگیی رۆڵی ئافرەتان لە پەرەپێداندا نابێت. «مافەکانی ئافرەت» توخمێکی بەرچاوی هەوڵەکانـی بوو بۆ بونیاتی نەتەوە لە ئەفغانسـتان و عیراق و بابەتێکی سـەرەکیش بوو لە ئامانجەکانی بۆ بەرز ڕاگرتنی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریـکا رۆڵێکـی کاریگەریان هەبوو لـە پێداگیری کردن لە سـەر مافەکانـی ئافرەت لە دەسـتووره تازەی ئەفغانسـتان و عێراقـدا. هەوڵەکانیـان یاریدەدەر بوون بـۆ پڕ کردنەوەی بۆشـایی قووڵی کولتـووری لە هەردوو وڵاتـدا، هەروەها لە دەسـتەبەر کردنـی کۆتـای هەڵبـژاردن بە رێـژەی ٢٥٪ بۆ ئافرەتان لە وڵاتدا سەرکەوتوو بوو.

هەرچەندە دەستکەوتەکە زۆر گەورە بوو، بەڵام لە هەنگاوی یەکەمدا لەرزۆک بوو. سـەبارەت بە ئافرەتانی ئەفغانستان و بۆ ئەوەی سـوودمەند بن لە کۆتا، یاخود لە هەر دەرفەتێکی دیکەی ئابووری یان سیاسی، پێویستە زیاتر بایەخ بە ئاستی خوێندەوارییان بدەن. ئاسـتی خوێندەواریی رەگەزی مێ (لە

ڕووی توانای خوێندنەوەی ڕۆژنامە و نووسـینی نامەوە) لە ئەفغانسـتان ٢٠٪ کەمترە. ئاژانسـی ئەمریکا بـۆ پەرەپێدانی دامەزراوەیـی (USAID) ئاماژە بـەوە دەکات کە پەروەردەی کچانی ئەفغان یەکێکە لە پێشینەکانی ئەوان. ئەمڕۆ تا ئاستێکی بەرز کچان ڕوو لە قوتابخانە دەکەن بە شێوەیەک کە وڵاتەکە پێشـتر و بە درێژایـی مێژووی خۆی ئەو ڕێـژە بەرزەی بە خۆیەوە نەبینیوە، بـەڵام (USAID) تەنیا ١٠٠ ملیۆن دۆلاری بـۆ هەموو دەسـت پێشـخەرییەکان لە کەرتی پـەروەردەی ئەفغانستان بۆ دووساڵی داهاتوو تەرخان کردووە. ئەو بڕە پارەیەیش بەس نییە بۆ بەجێ هێنانی پێداویسـتەکانی کەرتی پەروەردە بۆ کچانی ئەفغان (مەشق پێ کردنی مامۆستایان لە ڕەگەزی مێ) بە تایبەتی لە کاتێکدا بەشێکی زۆری ئەو کۆمەکە داراییە بۆ دروست کردنی قوتابخانە تەرخان کراوە.

لـە پاش ڕووخانـی «تاڵیبان»ـەوە پێشـکەوتنی ئافرەت بە ئاسـتێکی بەرچاو بەرەو پێشـەوە چووە، بەڵام بۆ وادەیەکی کـەم بوو. ژمارەیەک لە سـەرکردەی بەهێزی سـەربازی کە دەسـەڵاتیان بە سـەر زۆربەی ناوچەکانی وڵاتدا سەپاندووە زۆر بە توندی بەرهەڵسـتکاری لـە مافەکانی ئافرەت دەکەن. میلیشیای ئەو سەرکردە سەربازییانە قوتابخانەکانی کچانیان سـووتاند و گوشـاریان خستە سـەر کوێخای گوندەکان بۆ ئـەوەی ڕێ نەدەن ناوی ئافرەتان تۆمار بکەن بۆ دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بـە نهێنـی پشـتگیری لـەو سـەرکردانە دەکات، هەروەها بە ئاشـکرا پشتیان پێ دەبەسـتێت بۆ ڕاونانی تیرۆریستان. ئەم بەرژەوەندییە دوولایەنەیە هەڕەشـە دەخاتە سەر سیاسەتی ئەمریـکا لـە ڕووی بـەرەو پێش بردنـی مافەکانـی ئافرەت، پێویستە مافەکانی ئافرەت بچەسپێن چونکە پاش یەک نەوەی دیکە ئەوجا پێگەی ئافرەتان دەگاتە بارێکی سەقامگیر.

هاوکات «واشنتن» لە عیراقیشدا پرسی ئافرەتانی خستە ژێر هەڕەشـــەوە. لە لایەکەوە، مافەکانی ئافرەتی خستە سەرووی لیســتی کارنامەکــەی بۆ ئــاوەدان کردنەوە: کاربەدەســتانی ئەمریکا بەردەوام لەگەڵ سەرکردەکانی ئافرەت لە عێراق کۆ دەبنەوە، جەختیش دەکەنە ســەر گرنگیــی مافەکانی ئافرەت، هەروەهــا ملیۆنان دۆلاریان بــۆ گرووپەیلی لۆکاڵی ئافرەتان نــارد. (لــە مانگی ئــاداردا «کۆڵن پــاوڵ» وەزیــری دەرەوە «دەســت پێشــخەریی دیموکراســیی ئافرەتانی عێراق: Iraqi Women Democracy Initiative»ی ڕاگەیانــد، کــە ١٠ ملیــۆن دۆلاری تەرخان کرد بۆ مەشــق و ڕاهێنانی سەرکردایەتی و پاڵپشــتیی سیاســی و میدیا بۆ ئافرەتان.) لە لایەکی دیکەوە، «واشــنتن» لە بەرانبەر گوشــاری ســەرکردەکانی شیعە، لە دەســت نیشان کردنی ژمارەیەک دادوەری (مێ) پاشەکشەی کرد، تەنیا سێ ئافرەت بۆ ئەنجومەنی حوکمڕانیی عێراق (IGC) دەســت نیشــان کران هیچیش بۆ ٢٤ ئەندامەکەی ئەنجومەنی دەستووریی دانەندران.

دەســەڵاتی کاتیــی هاوپەیمانــان (CPA) لە ســەر مەســەلە هەســتیارەکانی شــەریعەت دوودڵ بــوو. بە درێژایی ســاڵی ڕابــردوو، زۆر لــە هاووڵاتیانــی عێــراق نیگەرانیــی خۆیان دەربــڕی بەوەی ئەو مافانەی ئافرەتان لە ســەردەمی ڕژێمی ســێکیولاریزمی بەعس و ســەدام حوســێن هەیان بوو، ئەوە تــا ئاســتێکی زۆر نامێنێــت، ئەگــەر بێتــوو حکوومەتی نوێ شەریعەت پیادە بکات.

نیگەرانییەکان لە مانگی دیســەمبەر زیاتر هەڵکشان کاتێک ئەنجومەنــی حوکمڕانیــی عێــراق (IGC) یاســا لیبرالەکــەی باری کەســێتیی هەڵوەشــاندەوە و ژمارەیەک لایەنی یاسای خێزانی خســتە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ئایینەوە. بۆ نموونە هاوســەرگیری و تەڵاقــدان و بەخێو کردنــی منداڵ و میرات.

(زۆریش رەخنە لەوە گیرا کە دەبوایە «CPA» ئافرەتی زیاتری بۆ ئەنجوومەنی حوکمڕانیی عێراق «IGC» دەست نیشان بکردایە.) لە کاتی دانوستان لەبارەی دەستووری کاتی، ئافرەتانی عێراق ناڕەزاییان دەربڕی و حاکمی مەدنیی بە رەگەز ئەمریکی «پۆڵ برێمەر» رایگەیاند، کە ئامادەیە ڤیتۆ دژ بە هەر رەشنووسێک بەکار بێنێت، کە هەوڵی سەپاندنی مۆدێلێکی توندی شەریعەت لە عێراق بدات. وەک چارەسەرێکی مام ناوەند، بە پێی داواکاریی سەرکردەکانی شیعە، لە دەستووری کاتیدا هاتووە، کە لە ئاییندەدا ئیسلام دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ یاسادانان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا تاکە سەرچاوە نییە. دیارە تا چەند ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوام دەبێت لە هاندانی ئەم پرسە کە بۆ زۆر لە عێراقییەکان هێشتا مایەی نیگەرانییە.

ئەزموونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان و عیراق ئەوە دەسەلمێنێت کە پرسی مافەکانی ئافرەت ئەرکێکی ئاڵۆز و هەستیارە، بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی موسڵمان. هەروەک چۆن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مافەکانی مرۆڤی بەرز ڕاگرت، تەنانەت کە ناکۆکیش بوون لەگەڵ ئامانجە ستراتیژییەکانی (کۆنترۆڵی چەک لە یەکێتیی سۆڤیەت یاخود پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ چین)، ئەوە پێویستە ئەمڕۆش زۆر بە دڵسۆزی و کارایی هەنگاو بنێت بۆ بەرەو پێشەوە بردنی پرسی مافەکانی ئافرەتان. پێویستە «واشنتن» جەخت بکاتە سەر ئەوەی کە سیاسەتەکانی لەبارەی مافەکانی ئافرەتان لە سەر بنەمایەکی جێگیرە، هەروەها پێویستە دەست فراوان بێت و ئەو پڕۆژانە پارەدار بکات کە لە ئەستۆیان دەگرێت، ئەگەریش پێویست بوو مەرج لە سەر وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دابنێت لەبارەی بەخشینی یارمەتییەکانی، یارمەتییان پێشکەش بکات، بەو مەرجەی

وڵاتانی تازە پێگەیشـــتوو هەوڵ بدەن بۆ نەهێشتنی بۆشیایی ڕەگەزی لە وڵاتەکانیاندا.

لــە پێناو پاراســتنی پێگە و راســتگۆیی، پێویســتە ویلایەتە یەکگرتووەکانــی ئەمریکا پاڵپشــتی لــە هەوڵــی نێودەوڵەتی بــکات کە ئامانجی بەرەو پێشـــەوە بردنـــی ڕۆڵی ئافرەتانە لە سەرتاسەری جیهاندا. پێویستە ئەمریکا کار بکات بۆ جێبەجێ کردنــی بڕیاری ١٣٢٥ی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ســاڵی ٢٠٠٠دا بــە کــۆی دەنــگ لــە لایــەن ئەنجومەنی گشــتییەوە پەســند کرا، بەو پێیــە ڕێکخــراوی نەتــەوە یەکگرتووەکانی راســپارد بۆ بەخشینی ڕۆڵی زیاتر بە ئافرەتان لە بوارەکانی ئاشــتیپارێزیدا، هەروەهــا لە قۆناغەکانی گواســتنەوەی پاش جەنگدا. لەوانەش گرنگتر، پێویستە ئەمریکا «ڕێککەوتننامەی ١٩٨١ی نەهێشتنی جیاکاری لە دژی ئافرەتان» پەسند بکات، کە تاکە ڕێککەوتننامەی جیهانییە بە شــێوەیەکی قەتیس کراو مامەڵە لەگەڵ پرسی مافەکانی ئافرەتاندا دەکات، کە ١٧٥ وڵات پەســندیان کردووە، لەوانە هەموو وڵاتانی تازە دیموکراسی، بێجگــە لــە ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا. ویلایەتــە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش ڕەخنەی لە ڕێککەوتننامەکە گرت و بــە «دژە خێــزان: antifamily» ناوزەدی کــرد، بەڵام هیچ خاڵێکــی ئــەو ڕێککەوتننامەیــە پێچەوانە نەبــوو لەگەڵ بەها ترادشناڵەکانی خێزان. هەروەها باسیان لەوە کرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێویســتی بەو ڕێککەوتننامەیە نییە، چونکــە یاســاکانی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریکا زۆر زیاتــر تێپەڕیون لــە راســپاردەکانی ڕێککەوتننامەکە. کەواتە بۆ پەســندی ناکات؟ پەســند نەکردنی ڕێککەوتننامەکە دەبێتە هۆی بەدرۆ کەوتنی بانگەشەکانی «واشنتن» و لاواز بوونی پابەندییەکانــی بەرانبــەر بــە مافەکانی ئافرەتــان و دەیخاتە بازنەی دووفاقییەوە.

لــە لایەنێکی دیکــەوە، پێویســتە ویلایەتــە یەکگرتووەکانی ئەمریــکا بە ئاســتێکی بنەڕەت تەمویل زیاد بــکات بۆ بەرەو پێشــەوە بردنی پێگــەی ئافرەتان لەو ناوچانەی کە بۆشــایی رەگەزییــان تێــدا بە شــێوەیەکی فــراوان بــەدی دەکرێت و زیاتر پێویســتیان بە یارمەتی و هاریکاری هەیە: رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت و باشــووری ئاسیا و سەب ســەحارای ئەفریقا. لەبەر ئەوەی بایەخدان بە پەروەردەی کچان سوودی زۆری لێ دەکەوێتەوە، بۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وەک پێشــینەیەکی پەرەپێــدان، پێویســتە کار بکات بۆ نەهێشــتنی بۆشایی رەگەزی لە قۆناغی سەرەتایی (پاڵپشتیی «USAID» بۆ پەروەردەی سەرەتایی نزیکەی ٢٥٠ ملیۆن دۆلار دەبێت). هەروەها، پێویســتە ئەمریکا پاڵپشتییەکەی فراوانتر بکات، بۆ پرۆژەی قەرزی بچووک و بڕی پارەکە لە رێژەکانی ئێستای زیاتــر بــکات کە ئێســتا نزیکــەی ٢٠٠ ملیــۆن دۆلار دەبێت. تەندروســتیی ئافرەتــان و پلانەکانــی خێزانیــش شایســتەی تەمویلی زیاترن، بە تایبەتی لە وڵاتانێکی وەک ئەفغانستان کە تێیدا رێژەی گیان لەدەست دانی دایکان زۆر بەرزە و جێگەی نیگەرانییە. تەندروســتیی سەرەتایی و تەندروستیی دایکان و تەندروستیی منداڵ بوون زۆر گرنگن بۆ بەهێز کردنی ئافرەتان، بە تایبەتی لــەو وڵاتانەی کە بە رێژەیەکی بەرز هەرزەکاران لە خوارووی تەمەنی یاسایی، ژیانی هاوسەری پێک دەهێنن. (ئەوەی ئیدارەی «بوش» لەو جۆرە وڵاتانەدا جەختی لە سەر کرد شــتێکی ناواقیعی بــوو). لە کۆتاییدا، پێویســتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەســت پێشــخەریی هاوبەشایەتیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت: «Middle East Partnership Initiative» بەکار بێنێــت لە کارنامەیەکدا بە بەهای ١٥٠ ملیۆن دۆلار بۆ بەرەو پێش بردنی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە بەرنامە دادەنێت بۆ بەرەو پێش بردنی ئاســتی خوێندەواری

و تەندروستیی رەگەزی مێ، لەگەڵ مەشق ء راهێنان لە سەر بزنس و سیاسەت، وەک مۆدێلێک لە پێناو بەرز ڕاگرتنی چالاکوانانی سیاسی و پاڵپشتی کردن لە ئافرەتان بە ئاستێکی زیاتر لە پارچەکانی دیکەی جیهان.

لە ڕێی «ئاژانسی بەرەنگاری هەزارەوە: Millennium Challenge Account»، ئەمڕۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەورەترین و فراوانترین یارمەتیی بیانی بۆ پەرەپێدانی لە ئەستۆ گرتووە. پێویستە ئەمریکا ئەم هەلە راگرێت و مەرجی لە سەر دانێت بۆ ئەوەی یارمەتییەکان لە قازانجی مافەکاندا بن، ئەویش لە ڕێی دانانی چەند خاڵێکی دیاری کراو لەسەر پرسی رەگەز لە چوارچێوەی ئەو پێوەرانەی کە حەقیانەت دەبەخشێتە وڵاتان بۆ وەرگرتنی کۆمەکی دارایی. هیچ کام لە ١٦ پێوەرەکانی ئێستا رەوشی ئافرەتانی لەبەر چاو نەگرتووە، بەڵام ئەمە شتێکە کە بە ئاسانی دەتواندرێت راست بکرێتەوە. رێژەی گیان لەدەست دانی دایکان، هەروەها رێژەی تەواو کردنی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە لایەن کچانەوە پێوەرن بۆ زانینی ئاستی بۆشایی رەگەز لە وڵاتدا.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیتوانی رێز بۆ مافەکانی ئافرەت دابنێت، لە ڕێی پابەند بوون بە مافەکانی ئافرەتەوە و دانانی مەرجی دیاری کراوی زیاتر لە سەر یارمەتیی سەربازی و ئابووری بۆ وڵاتانی جیهان. پێویستە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کار بکات بۆ ئامادە کردنی راپۆرت لە سەر وڵاتان بە مەبەستی بەدواداچوونی چۆنیەتی بەڕێوە چوونی رێکاری سەرەکیی پرسی رەگەز، بۆ نموونە لە ڕووی ئاستی خوێندەواریی کچان و تەندروستیی دایکان و رێژەی رەگەزەکان و بەشدار بوونی سیاسییەوە، هەر بە هەمان ئەو ئاستەی کە بایەخی داوە بە مافەکانی مرۆڤ. هاوکات گرنگە داتا و زانیاریی کۆ بکرێتەوە لەبارەی بڕی پارەدار

کردنی پرسی جیاوازییەکانی نێوانی ڕەگەزان. زۆر لە وڵاتان ئـەو جۆرە زانیارییانەیان لە سـەر نییە، بـەرەو پێش بردنی ئـەم لایەنە گرنگە بۆ پڕ کردنەوەی بۆشـایی ڕەگەزی، کە لە ئەنجامی فەرامۆش کردنەوە سەری هەڵداوە.

«پاوڵ» گوتی: «بەرەو پێش بردنی پرسـی ئافرەت لەسەر ئاسـتی جیهان بە تەنیا پەیوەسـت نییە بە پاراسـتنی لە بەها ڕەسـەنەکانی هاووڵاتیانـی ئەمریـکا، بەڵکـوو ئەو شـتە لە بەرژەوەندیی نیشتیمانی ئێمەشدایە.» ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریـکا پارێزگاریـی لـە مافەکانی ئافرەتان کـردووە، وەک ئێتیکە ئەرکێـک یاخود وەک ڕێگەچارەیەک بۆ بەرز ڕاگرتنی دیموکراسی. لە ئاکامیشدا، ئەمریکا زەحمەتییەکانی ئەو ئەرکەی لە سـەر خۆی ئاڵۆزتر کـرد کە لە ئەنجامی پاڵپشـتییەکانی، بووە هۆی تووڕە کردنی هێزەکانی ئایینیی نەریتخواز یاخود ڕژێمەیلی شـموولی، بەڵام ئەمڕۆ ئەمریکا دیسـان دەتوانێت کەیسـێکی ئابـووری بـۆ ئافرەتـان بورووژێنێـت لـە پێناو مافەکانی ئافرەت، کە لەوانەیە ئەو شـتەش بە لای کەسـانی نەریتخوازەوە مایەی هـەرس کردن بێت. بەرەو پێش بردنی مافەکانی ئافرەت لە سـەر ئەو بنەمایـەی کە ئەوان هاندەرن بـۆ پەرەپێدان و گەشـەی ئابـووری، ڕێگەچارەیەکی پتەو و بەهێزە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی بتوانێ لە ئاییندەدا سیاسەتی دەرەوەی بەرەو پێش بەرێت. لە هەمان کاتیشـدا دەتوانێت ئاستی مشـتومڕەکانی ئایدیۆلۆژی کەمتر بکاتەوە کە لە ڕابردوودا لە بەردەمیدا ڕێگر بوون.

* ئەم وتارە لە ئایار/حوزەیرانی ٢٠٠٤ لە «فۆڕن ئەفێرز» بڵاو کراوەتەوە. ڤۆڵیۆمی ٨٣، ژمارە ٣.

باڵیۆز سوانی هانت



# لێ بگەڕێن با خانمان حوکمڕان بن

باڵیۆز سوانی هانت

ئـــەم بابەتە لە ژمـــارەی ئایار و حوزەیرانـــی ٢٠٠٧ی گۆڤاری فۆرین ئەفیرز بڵاوبووەتەوە

باڵیۆز ســوانی هانت ئیســتا پرۆفیســۆری سیاســەتی گشتییە لــە زانکــۆی هارڤــارد و لە ســەنتەری ســەرکردایەتیی گشــتی و راوێــژکاری باڵا لە بەشــی حکوومــەت لە زانکــۆی هارڤارد، توێژەرە.

خاتوو سوانی تایبەتمەند لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە هەروەها ســەرۆکی ریکخراوی هانت ئەلتەرناتیڤ فەندە، کە رێکخراوێکی تایبەتە و پشتگیری لە سەرکردەی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، لە ساڵی ١٩٩٣- ١٩٩٧ باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە نەمسا هەروەها تایبەتمەندیشە لەبواری ئاسایشی سەرتاپاگیر و رۆڵی ئافرەت لە دابین کردنی ئاسایشی سەرتاپاگیر لە کۆمەڵگەدا، لەم وتارەشیدا کە لە گۆڤاری فۆرین ئەفیرز بڵاوی کردووەتەوە جەخت دەکاتە سەر رۆڵی ئافرەت لە بەشداری کردن لە دروست کردنی بڕیاری سیاسی هەروەها لە داڕشتنی ئاشتیی سەرتاپاگیردا.

لــە ســەدەی رابردوودا خانمــان لە زۆربــەی کۆمەڵگاکاندا هەنگاوی باشیان هاویشت، بەڵام ئەم هەنگاو و سەرکەوتنانە لــە هەمــوو ئــەو وڵاتانــەدا بە ســەر هەمــان هێڵی راســتدا نەڕۆیشتوون. لەو دیمانانەی بەم دواییە لە سی دەوڵەتدا لەگەڵ سەدان خانمی سەرکردەدا کراون، ئەوەم بۆ دەرکەوتووە، کە کاتێک خانمان رۆڵی سەرکردە دەبینن، رۆڵی سەرکردەیەکی ریفۆرمخــوازی کۆمەڵگە یان بەرپرســی رێکخراوێک دەگرنە دەست، نەک رۆڵی سیاســەتمەدار یان بەرپرسێکی حکوومی لە ئەســتۆ دەگرن، ئەمەش جێگەی داخە لەبەر ئەوەی جیهان پێویســتی بــە تێڕوانینی ئافرەتــان لە لووتکەی پۆســتەکاندا هەیە.

لە ســاڵی ١٩٩٨دا، فرانسیس فۆکۆیاما وتارێکی لە گۆڤاری (فۆریــن ئەفیــرز)دا بــە ناونیشــانی (ئافــرەت و پەرەپێدانــی سیاســەتی جیهانی) بڵاو کردەوە. لەم وتارەدا جەخت لەسەر ئــەوە دەکاتــەوە، کە کاتێک ئافــرەت دەبێتە ســەرکردەیەکی

سیاســەتمەدار، ئــەوا ئاراســتەی سیاســەت زیاتــر بــەرەو هاوکاری و هەماهەنگی دەچێت، کەمتریش تەنگژە لە جیهاندا دەردەکەوێت.

هەتــا ئێســتا ژمارەیەکــی کەمــی ئافرەتــان توانیویانە ئەو بەربەستە نەریتییە بشکێنن، بەوەی ببنە سەرکۆمار و سەرۆک وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان، جا بۆیە میدیای جیهان کاتێک رۆشــنایی دەخاتە ســەر ئەو ١١ خانمەی ئەم بەربەستانەیان شــکاندووە، لە هەمــان کاتدا چەند راســتییەکی دیکەش هەن فەرامــۆش دەکرێن، لەبەر ئــەوەی زۆربەی ئافرەتانی باش و درەوشــاوە لە سیاســەت دوور دەکەونــەوە، ئافرەتان زیاتر حەزیــان لەوەیــە رۆڵ و پێگە لە رێکخراوگەلــی ناحکوومیدا ببینن، نەک لە پۆستی گشتیی حکوومەتدا .

هەتا ئێستاش لە هەموو حکوومەتانی جیهاندا رێژەی ئافرەت کەمە، راپۆرتی کۆڕبەندی ئابووریی جیهان کە رووماڵی ١١٥ دەوڵەتــی کردووە، ئامــاژە بۆ ئەوە دەکات، ئەگەر پرســەکە پەیوەندیی بە تەندروســتی و خوێندنەوە هەبێت، ئەوا خانمان توانیویانــە نزیکــەی ٩٠٪ی جیاوازیی رەگــەز نەهێڵن، بەڵام کاتێک پرســەکە پەیوەندیی بە سیاســەتەوە هەبێت سەبارەت بە پۆستی باڵا، ئەوا تەنها ١٥٪ی جیاوازیی رەگەز چارەسەر کــراوە. هەروەها لەگەڵ ئەوەی لە ٩٧ دەوڵەتدا بڕە بەشــێک بــە ناوی (کۆتا)وە لە پۆســتی حکوومی بۆ ئافرەتان تەرخان کراوە، بەڵام بە پێی راپۆرتی یەکێتیی نێودەوڵەتیی پەرلەمانان، کە رێکخراوێکە پشــتگیری لە ئاڵوگۆڕ کردنی زانیاریی نێوان پەرلەمانەکانــی جیهــان دەکات، هەتا ئێســتا ئافرەتان ١٧٪ی کورسیی پەرلەمانەکانیان بەرکەوتووە، لەگەڵ ١٤٪ی پۆستی وەزارییان پێ دراوە، زۆربەی ئەو وەزارەتانەی بە خانمانیش دراون، بریتی بوون لەو وەزارەتانەی پەیوەندییان بە خێزان و لاوان و پەککەوتە و بەساڵاچووانەوە هەیە. هەڵبەت ئەم پرسە

سـەبارەت بە رۆڵی خانمی سـەرکردە لە نێـو رێکخراوگەلی ناحکوومـی (مەدەنی)دا، باس و خواسـێکی دیکە و جیاوازی هەیە، لەبەر ئەوەی ئافرەتان بە بەردەوامی لەو رێکخراوانەدا رێژەی بەرزی پۆستی باڵایان هەبووە.

ئەم دۆخە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشدا هەر بەو جۆرەیە، لە ١٠٠ ئەندامی ئەنجومەنی سەنات تەنها ١٦ ئافرەت هەن، لە نێو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانیشدا کە ژمارەیان ٤٣٥ ئەندامـە، تەنها ٧٥ ئافرەت هەن، لـەم رووەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نێو ١٨٩ دەوڵەتدا ریزبەندی ٦٨ی هەیە، دەشـکەوێتە دوای ١٠ دەوڵەتـی ئەمریکای لاتینەوە لە رووی رێژەی بەشداری کردنی ئافرەت لە پەرلەماندا.

ئـەم رێژە نزمەی بەشـداری کردنی ئافـرەت لەگەڵ مێژووی بێڕیزیی (کابیتۆڵ هـۆڵ)دا بەرامبەر بە ئافرەت یەک دەگرێتەوە، کـە مـاوەی ١٣٣ سـاڵ ئافرەتی لـە دەنگدان بێ بـەش کرد، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی، ئافرەت مافی دەنگدانی نەبوو، هەروەها (کابیتـۆڵ هۆڵ) هەموار کردنی یەکسـان بوونـی مافی رەگەزی رەت کردەوە، بۆ ماوەی دەیان سـاڵیش بودجەی بۆ لێکۆڵینەوە لـە تەندروسـتیی ئافـرەت لادەبرد. لـە هەمان کاتـدا لەبەر ئەم هۆکارە ئافرەتانی ئەمریکا بە کۆمەڵ روویان کردە رێکخراوگەلی ناحکوومـی، لەبـەر ئـەوەی لـەو رێکخراوانـەدا بەربەسـت کەمتـر بـوون بەوەی ئافرەتان ببنە سـەرکردە. هـەر بۆیە ٢٣٠ رێکخراوی ناحکوومی لە ئەنجومەنی نیشتیمانیی رێکخراوەکانی ئافرەتانـدا نوێنەرایەتیـی ١٠ ملیـۆن ئافرەتـی ئەمریکی دەکەن. ئافرەتـان سـەرۆکی گەورەتریـن رێکخراوگەلـی خێرخوازن لە وڵاتـدا، وەک دامەزراوەکانـی (بیل)، (ئیم ئای تـی) و (فۆرد) کە ئافـرەت سـەرۆکایەتییان دەکات. لە ناوەندەکانی ئەکادیمیشـدا، وەک زانکۆکانـی (هارڤارد)، (ماساچوسـتس بـۆ تەکنەلۆژیا) و (پریستۆن)، ئێستا سەرۆکی هەر سێ زانکۆکە ئافرەتن.

له زۆربەی وڵاتانی دیکەشدا ڕەوش هەر بە هەمان شێوەیە. لە کۆمارەکانی یەکێتیی پێشــووی ســۆڤیەتدا، لە پاش نەمانی ئەو دیکتاتۆریەتە، ژمارەی ڕێکخراوگەلی ناحکوومی چەندین بەرانبەر زیادی کردووە، ئافرەتانیش بوونەتە بڕبڕەی پشــتی ئــەم کۆمەڵگە مەدەنییــە تازەیە، بەڵام ڕێــژەی پەرلەمانتاری ئافــرەت لــە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتــی ئەوروپا (بلۆکی پێشــووی سۆشیالیســت)دا کەمــی کــردووە، لــە لیتوانیای ســەردەمی کۆمۆنیســتدا ڕێژەی ئافرەت لە پەرلەماندا نزیکەی ٣٣٪ بوو، دوای ڕووخانی کۆمۆنیســت ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ١٩٩٧دا بۆ ١٧,٥٪ دابەزیوە، لە ســاڵی ٢٠٠٤دا بۆ ١٠,٦٪ دابەزی. بە پێی ڕاپۆرتــی گرووپێگ ڕۆژنامەنووس لە قیرغیزســتاندا ڕێژەی ٩٠٪ ی ســەرۆکی ڕێکخراوەکانــی ناحکوومیــی ئــەو وڵاتــە ئافرەتــن، بــەڵام یەک کورســیی پەرلەمانیان نییــە، کەچی لە سەردەمی ســۆڤیەتدا ڕێژەی ٣٣٪ی کورسییەکانی پەرلەمان لە دەستی ئافرەتاندا بوون. لە چین پارتی کۆمۆنیست هەموو فیدراسیۆن و ڕێکخراوەکانی ئافرەتانی کۆنترۆڵی کردووە، کە وەک ڕێکخراوی ناحکوومی دامەزراون و ئافرەتان لە هەموو پرســەکانی کۆمەڵگە لە سەرانســەری وڵاتدا بەشدارییان پێ کراوە. وێڕای ئەو بانگێشــتەی حکوومەتی چین بۆ یەکسانیی جەندەری دەکات، ئەوا زۆر بە دەگمەن ئافرەتی چینی پێگەی لە دەسەڵاتی سیاســیدا پێ دراوە. لە کۆریای باشووریش بە هەمان شــێوەیە، ئافرەتانی کۆریای باشوور بە ڕێژی ٨٠٪ لە ڕێکخراوەکانی ناحکوومیدا بەشدارن، بەڵام تەنیا ڕێژەی کەمتر ١٤٪ی کورسییەکانی پەرلەمانی ئەو وڵاتەیان هەیە. ئەم پرسە لە ئەفریقاش بە هەمان شــێوەیە، بە پێی ڕاپۆرتێکی (ڕۆبەرت ڕۆتبیــرگ) بەڕێوەبــەری (پرۆگرامەکانی تەنگــژەی ناوخۆی دەوڵەت و چارەســەر کردنی کێشەکان) لە زانکۆی هارڤارد، ئامــاژە بەوە دەکات کە «ئافرەتانی ئەفریقا ئەو ئافرەتانەن بە

شێوەیەکی نەریتی کاری قورسـیان لە کێڵگەکانی کشتوکاڵدا کـردووە و خێزانیشـیان پـەروەردە کـردووە، هەروەها بۆ ڕێکخراوگەلـی ناحکوومی و پشـتیوانی کردن لە پێشـنیاری مەدەنیانەش پاڵپشـت و هاوکارن، بەڵام وا پێشبینی دەکرێت لە سەر ئاستێکی فراوان لە سیاسەت دوور بکەنەوە، گەندەڵی و کێشەش بۆ پیاوان بەجێ بهێڵن».

ئافرەتـان لە نێو ڕێکخراوگەلی ناحکوومیدا گەشـە دەکەن، ئەمـە لـە کاتێکدایە جیهان پێویسـتی بەوەیە ئـەو ئەزموونە بـۆ بواری سیاسـی بگوازرێتـەوە، وەک خانمـی چالاکوانی سـیرالیۆنی کاندیـدی پێشـووی سـەرۆکایەتیی ئـەو وڵاتە گوتوویەتی: «هێزی راسـتەقینە لـە کۆمەڵگەی مەدەنیدا نییە، بەڵکوو لە دروست کردنی بڕیاری سیاسیدایە.»

■ تیرۆرانینی ژنانە

■ بەشـداری کردنـی کارای سیاسـییانەی ئافـرەت ئاکامی گەورە بە دوای خۆیدا دەهێنێت

ئەو توێژینەوانەی بە پشتوانیی (بانک) کراون، ئاکامەکانیان ئامـاژە بەوە دەکەن، کە ئەو دەوڵەتانـەی ژمارەی ئافرەتیان لە پەرلەماندا بەرزە، ئاسـتی گەندەڵییـان کەمترە. راپۆرتێکی دیکـە، کـە ئەویش بە چاودێریـی بانکـی نێودەوڵەتی کراوە، ئامـاژە بەوە دەکات، کە ئافـرەت کەمتر حەزی لەوەیە تیکەڵ بـە بەرتیل و گەندەڵی بێـت، بۆیە ئەگەر ئافـرەت ڕێژەیەکی گەورەی لە پۆسـتی گشـتیی حکوومەت و دەستی لە بەڕێوە بردنی کاردا هەبوو، ئاستی گەندەڵی نزم دەبێت. هەروەها بە پێی رووپێوی توێژینەوەیەک کە (راچڵ کۆسـۆن) لە زانکۆی (وارتـۆن) و توێژینەوەیەکـی (ئـوری جینـزی) لـە زانکۆی کالیفۆرنیـا، دەرکەوتـووە کە ئافرەتان لە پیاوان دڵسـۆزترن و جێگـەی متمانەشـن. با نایجیریا بە نموونـە وەربگرین، بە

پێـی گرووپی چاودێریی سـەر بە ڕێکخـراوی نێودەوڵەتیی شـەفافیەت، نایجیریـا لە سـاڵی ٢٠٠٣دا گەندەڵترین دەوڵەت بووە، بەڵام هەر ئەو سـاڵە خاتـوو (نگۆزی ئۆکۆنجۆ ئایولا) پۆستی جێگری سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتیی بەجێ هێشت و گەڕایـەوە وڵات و بوو بە وەزیـری دارایی نایجیریا، تەنیا لە ماوەی دوو ساڵدا واتە لە ساڵی ٢٠٠٥دا ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیـی شـەفافیەت ئامـاژەی بەوە کـردووە، نایجیریا یەکێکـە لـەو ٢١ وڵاتەی کـە لە دژایەتـی کردنـی گەندەڵیدا زۆر بـاش بـووە. ئـەم گۆڕانکارییە لە ئاکامی ئـەوە بوو کە بەرپرسانی گەندەڵ دەست نیشان کران، هەروەها ریفۆرم لە سیسـتمی بانک و بیمە و بۆرسـە و مووچەی خانەنشینی و باجی دەرامەتیشدا کران.

لـە (لایبیریـا)ش، سیاسەتسـازانی نێودەوڵەتـی زۆر بـە دڵخۆشـییەوە لـە هەنگاوەکانـی خاتوو (ئالین جۆنسـۆن)ی سـەرۆکی وڵاتیـان دەڕوانی، سـەبارەت بە قەڵاچـۆ کردنی گەندەڵـی، لەبـەر ئەوەی ئـەو هاتنی وەبەرهێنانـی بیانیی بۆ وڵات ڕاگرت، هەتا شـاڵاوی کەلتووری پێشـووی تاڵانکاری کۆتایـی پێ هات. خاتوو (ئالین)ی سـەرۆک هەموو سـتافی وەزارەتـی دارایی گۆڕی و پۆسـتەکانی ئـەو وەزارەتەی بە خانمـان سـپارد، هەروەها وەزارەتەکانـی بازرگانی و داد و سەرۆکی پۆلیسیشی بە ئافرەت سپارد.

هەڵبژاردن یان دەسـت نیشـان کردنی ئافرەت بۆ پۆسـتی سـەرکردەی سیاسی، دەری دەخات کە بۆ لایەنی ئابووریش زۆر باشـە، لەبەر ئـەوەی پەیوەندییەک لە نێـوان هەبوونی ئافـرەت لـە پۆسـتی گشـتیی سیاسـیدا و توانـای ململانێی ئابووریـی هەمـوو نەتەوەدا هەیـە، لەم بارەیەوە (ئۆگسـتۆ لۆپێـز کلاروس) گـەورە ئابووریـزان و بەڕێوەبەری (تۆڕی جیهانیـی ململانێ) لـە کۆڕبەندی ئابووریـی جیهاندا دەڵێت:

«پێدەچێت دەوڵەتانی باکووری ئەورووپا لەوە تێگەشت بن کە هاندانی ئابووری لە پشت ئەوەوەیە کە توانای ئافرەت بخرێتە گەڕ، لەبەر ئەوەی ئەگەر دەوڵەتێک سوودی تەواو لە نیوەی سەرچاوەی مرۆیی خۆی وەرنەگرێت، ئەوا توانای ململانێی دەپووکێتەوە، هەر بۆیە بەرزیی ڕێژەی ئافرەت لە پەرلەمان لە وڵاتانی وەک ڕواندا ٤٩٪ کۆستاریکا ٤٠٪، مۆزەنبیق ٣٥٪ ئاماژەن بۆ ئەوەی دەوڵەمەندیی نەتەوە تەنیا ئەوەندە نییە ڕێژەی ئافرەت لە پۆستی باڵادا زیاد بکرێت، خۆ ئەگەر پرسەکە بەو جۆرە بوایە، ئەوا بۆ ئەوەی ڕێژەی گەشە کردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیاتر بێت، دەبوو ڕێژەی ئافرەت لە کۆنگرێس لە وڵاتانی دواکەوتووی وەک سلفادۆر و نیپال و تاجیکسان زیاتر بکات.

لە ساڵی ٢٠٠٠دا، ڕاپرسییەکی یەکێتیی نێودەوڵەتیی پەرلەمانان، کە لەگەڵ ١٨٧ خانمی سیاسەتمەدار لە ٦٥ دەوڵەتدا کراوە، ٨٠٪ ی بەشدارانی ئەو ڕاپرسییە پێیان وا بووە، زیاد کردنی نوێنەرایەتیی ئافرەت متمانە بە حکوومەت نوێ دەکاتەوە. ئەمەش کاریگەریی لە سەر خۆشگوزەرانیی ئابووری هەیە.

سیاسەتمەداران گەواهی بۆ ئەو نموونانەش دەدەن کە لە وڵاتانی جۆراوجۆری وەک سلفادۆر و ئەسیوپیا و نیوزیلەندا و ڕووسیادا هەن، بەوەی چالاکیی سیاسیی ئافرەت دەبێتە هۆکاری باش بوونی حەشا هەڵنەگر لە بواری خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، ژینگە، سەلامەتیی ژنان و منداڵان و یەکسانیی ڕەگەز.

لە سەرانسەری جیهاندا خانمانی پەرلەمانتار وەک گرووپێک مەیلی ئەوەیان هەیە، جەخت بکەنە سەر هاوکاریی ئەو خەڵکانەی لە کۆمەڵگەدا پەراوێز خراون. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا خانمانی ئەندام لە کۆنگرێس لە

هەردوو پارتی کۆماری و دیموکرات، زیاتر لە ئەندامانی پیاو لە کۆنگرێس جەخت دەکەنە سەر دانانی یاسای هۆشیاریی کۆمەڵایەتی. خانمانی سیاسەتمەداریش ئەو مەترسییانە گەرم و گوڕ لەبەر چاو دەگرن، لەبەر ئەوەی سەبارەت بە زۆربەی ئەو حاڵەتانە، لە نێو ڕێکخراوگەلی ناحکوومی ئەزموونیان وەرگرتووە.

هەر بۆ نموونە خاتوو (میچیلا باچلیت) سەرۆکی چیلی ساڵی ١٩٧٩ لە تاراوگە گەڕایەوە بۆ ئەوەی لەبارەی منداڵانی ئەو هاووڵاتییانەوە کار بکات، کە لە سەردەمی دیکتاتۆر (بینۆشی) ئەشکەنجە دراون یان دوور خرا بوونەو. سەرۆک وەزیرانی کۆریای باشووریش (هان میونگ سوک) لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی سەربازیی ئەو وڵاتەدا، ئەو چالاکوانێکی کۆمەڵایەتی و زیندانییەکی سیاسی بووە.

ئەو پەندانەی ئافرەتان لە کاتی سەرکردایەتی کردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا فێری دەبن، پێمان دەڵێن بۆچ ئافرەتان لە سەرکردایەتی کردندا لە رووی ئاکار و پێوەری ئیتیکەوە لە پیاوانی هاوبەشیان بەرزترن. بە پێی مەشق و ڕاهێنانی ڕێکخراوگەلی ناحکوومی و سەنتەرەکانی توێژینەوە، پرۆفیسۆر (هانا رایلی باوەلز) مامۆستای سیاسەتی گشتی لە بەشی حکوومەت لە زانکۆی هارڤارد، ئەوەی خستووەتە ڕوو، کاتێک دانوستاندن لەبارەی بۆندی کارەوە دەکرێت، ئافرەتان ١٥٪ لە پیاوان کەمتریان دەیەوێت، بەڵام کاتێک دانوستاندن لە ڕێی بریکارانەوە دەکرێت، ئەوا داواکاریی ئافرەتان زیاد دەکات. لە هەردوو حاڵەتدا داواکاریی پیاوان گۆڕانکاریی بە سەردا نایەت، ئەگەر ئەم ئاراستەیە بگوازینەوە بۆ ناو فەزای سیاسی، ئەوا دەبینین (خانمان بە بەشە کاندیدی خۆیان رازی دەبن، هەروەها داواش دەکەن ئەو سەرچاوە داهاتەی پێویستیانە بۆیان دابین بکرێت و داکۆکیشی لێ دەکەن).

باوەلــز جەخــت دەکاتەوە، لەوانەیە ئافرەتــان زۆر بە جوانی بەرگری لە کاندیدەکانی خۆیان بکەن.

ئەگــەر ســەیری ئــەم تایبەتمەندیانــەی ئافرەتــان بکرێت، ئــەوا هیــچ جێگــەی سەرســوڕمان نابێــت، کــە بەشــداریی ئافرەت لە دانوســتاندنی سیاســیدا، ئاراستەی دانوستاندنەکە بــەرەو چارەســەری کێشــەکە دەبات، خۆ ئەگەر لە پۆســتی سەرکردەشــی دابنێن، ئەوان ئاســتێکی ئەوتــۆی لێبوردەیی و تێگەیشــتنیان هەیــە، ئەوا بەردەوام دەبــن هەتا ئەو کاتەی دەبینین بارودۆخەکە زۆر خراپ دەبێت. لەم بارەیەوە خاتوو (پەملا گۆبادۆ مادیکیزیلا) کە لە باشووری ئەفریقادا پزیشکی دەروون بووە، لە ســەردەمی رژێمی (ئاپارتاید)یشدا لە سەر ئاستی بنکەی جەماوەری لە رێکخراوگەلی ناحکوومیدا کاری کردووە، هەروەها دوای نەمانی رژێمی ئاپارتاید لە دروســت کردنی لیژنەی (راســتی و ئاشــت بوونــەوە)دا هاوکار بووە. ئەو ئاماژە بــەوە دەکات، کە ئافرەتان بە پێچەوانەی پیاوانن، ئەو دەڵێت: ئافرەتان ئەو توانا و لێهاتوویی و سۆزەیان هەیە کە پابەند بن بە هیواوە، کاتێک دانوســتاندن لەگەڵ دوژمنانی پێشــوویان دەکــەن، ئومێدیان بــە پێکەوە ژیــان هەیە، وەک لە دەســت پێشــخەریی ئاسایشــی باشــووری ئەفریقادا ئەم پرســە دۆکۆمێنت کراوە. بەشــداری کردنی ئافــرەت لە رێی پارتەکانەوە بۆ فۆرمەڵە کردنی پرۆســەی ئاشتی، چاودێری کردنی یاسادانان، کاریگەرییان لە سەر داڕشتنی دەستوور، لە هەموو ئەم بوارانەدا ئەو هێزە بوون کە توانیویانە کاریگەریی گەورەیان هەبێت.

هەروەها کاتێک ئافرەتان لە پرۆسەی دانوستاندندا بەشدار دەبــن، تێڕوانینــی جیــاواز بۆ چارەســەر کردنی کێشــەکان دەخەنە ڕوو. لەبەر ئەوە بیرکردنەوە و پێناسەی ئافرەتان بۆ ئاسایش زۆر فراوانە، هەموو بوارە سەرەکییەکانی پرسەیلی

کۆمەڵایەتی و ئابووری دەگرێتەوە، بۆیە ئەگەر ئافرەت نەبێت ئەم پرسانە فەرامۆش دەکرێن، وەک خۆراک و ئاوی پاک، هەروەها وەستانەوە دژ بەو توند و تیژییانەی لە سەر بنەمای رەگەز دێنە ئاراوە.

هەر سەبارەت بەم پرسە، خاتوو (سۆنگ یۆنگ سەن) چاودێری ئاژانسی نێودەوڵەتیی توانای سەربازی لە کۆریای باشوور ئەم هەستەی بۆ دەربڕیم. ئەو دەڵێت زۆربەی ئەو پیاوانەی کاریان لەگەڵدا کردووم بۆ پێناسە کردنی ئاسایش سەبارەت بە بەرگری کردنی کۆریای باشوور بەرامبەر بە کۆریای باکوور، جەختیان کردووەتە سەر ئەوەی کە بۆ لەبەر چاوگرتنی ئاسایش، دەبێ هەموو بوارەکان بگرێتەوە، لە ئابوورییەوە تا رۆشنبیری و ژینگە و تەندروستی و خۆراک.

■ جیهانی پیاوان

ئەگەر هەبوونی ئافرەت لە کار و کایەی سیاسی و سیاسەتدا هێندە بە سوودە، بۆچی سەرکردەی مێ زۆر نین؟ شاوەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە، خانمان بۆ خۆیان سوور نین یان ئامادەباشییان تێدا نییە پۆستی سیاسی وەربگرن. بۆچوونی ئافرەت بۆ سیاسەت ئەوەیە، کە سیاسەت بە گەمەیەکی پیس دەزانن، هەر بۆیە پێوەری بەرزی ئافرەت وا دەکات خۆیان لەو خۆڵ و خاشاکە بپارێزن .

بە پێی راپرسییەکی ئاژانسی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە زیاتر لە ٢٠٠ بەرپرسی گشتی و سەرۆکی رێکخراوگەلی ناحکوومی وەڵامیان داوەتەوە، ئەوان جەختیان کردووەتەوە سەر ئەوەی ئافرەت (شەفافیەت و زیاتر هەست کردن بە بەرپرسایەتی و هەڵوێستی دادپەروەرانە) بە سیاسەت دەبەخشێت.

خاتوو (نورگول دجاننیڤا)، کە سەرۆکی فیدراسیۆنێکی

٨٨ ڕێکخـــراوی ئافرەتانـــە لە قیرغیزســـتاندا، باردۆخەکە بەم جۆرە سنووردار دەکات و دەڵێت: «تەنیا ڕێ بۆ دابین کردنی گوزەرانی خێزانەکـــەم ئەوەیە لە حکوومەتدا کار بکەم، بەڵام حکوومـــەت زۆر گەندەڵـــە، بۆیە مـــن وام بە باشـــتر زانی لە ڕێـــی ڕێکخراوگەلی ناحکوومییـــەوە بژێویی خێزانەکەم دابین بکەم.»

کەواتـــە ئەمـــە پێمـــان دەڵێت شـــێوازی جیهانیی سیاســـەت کردنـــی پیاوان بۆ ئیســـتا باش نییە، لەگەڵ ئـــەوەی زۆربەی پیـــاوان و بەشـــێک لـــە ئافرەتـــان دەیانەوێـــت وەک خـــۆی بمێنێتـــەوە. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، ئەوانە پێیان وایە، لەبەر ئـــەوەی ئافـــرەت زۆر نەرمە، ئیدی کاتێک دەبێتە ســـەرکردە ناتوانێت کاروبار بە باشـــی بەڕێوە ببات. زۆر جاریش، ئەوە ژنـــان خۆیانن کە گومان لەبارەی توانـــا و لێهاتوویی خۆیان لـــە رووی ســـەرکردایەتی کردنەوە دروســـت دەکەن. بە پێی رووپێوێکـــی (ڕێکخـــراوی بەهاکانـــی جیهانـــی) کە لە ســـاڵی ٢٠٠٠دا کـــراوە، ڕێـــژەی ٢١٪ی ژنانی چیلـــی و ٤٥٪ی ژنانی مەکســـیک، زۆر بە توندی پشـــتگیریی ئەوەیـــان کردووە، کە پیاو باشـــتر لە ژن سەرکردایەتیی سیاسیی پێ دەکرێت. ئەم متمانـــە نەبوونەی ئافرەت بە خـــۆی لە هەموو کەلتوورەکاندا راشـــکاوانە هەســـتی پێ دەکرێت. بە پێـــی توێژینەوەیەک کە هەردوو زانای سیاسەتناس ( ریچارد لویس و جینیفەر فۆکس) لـــە کتێبی (ئافرەتـــان کاندید بکەن) کردوویانە، ئەم پرســـیارە دێتـــە پێـــش: بۆچی لە نووســـینگەکانی حکوومەتـــدا ئافرەتان پۆســـت بەڕێوە نەبەن؟ ئەمە لە کاتێکدایـــە ئافرەتانی ئەمریکا دوو هێندەی پیاوان، خۆیان بەم جۆرە پێناسە دەکەن (بە هیچ جۆرێک ئامادەباشـــییان نییە بۆ ئەوەی بۆ پۆســـتی حکوومی کاندیـــد بکرێن، هەتا ئەگـــەر بە بڕوانامە و لێهاتوویيش لەگەڵ پیاواندا یەکســـان بـــن). بەپێی ئەم توێژینەوەیـــە تەنیا ٢٥٪ی

ئافرەتانی ئەمریکا متمانەیان بە خۆیان بووە لە پۆستەکانیاندا سـەرکەوتوو دەبن، بەڵام ٣٧٪ی پیاوان متمانەیان بە خۆیان هەبووە کە سـەرکەوتوو بوون. ئەمەش مانای ئەوەیە ٧٥٪ی ئافرەتان متمانەیان بە خۆیان نەبووە، کە دوو هێندەی پیاوان دەکات. مەزنـدە دەکرێت، نەریتـی کۆمەڵگە هاندەر نەبێت کە ئافـرەت هاوشـێوەی پیاو رۆڵی خۆی وەک سـەرکردەیەکی سیاسـی پیادە بکات. بە پێـی رووپێوێکـی یەکێتیی جیهانیی پەرلەمانتاران کە لە سـاڵی ٢٠٠٠دا کراوە، گونجاندنی ژیانی سیاسـی لەگـەڵ ئـەرک و پابەندایەتیـی خێزانیـی ئافرەتدا، نیگەرانییەکی سەرەکییە بۆ ئافرەتانی سیاسەتمەدار. ئافرەتان بە شـێوەیەکی گشتی پێیان وایە پابەند بوونیان بە ئەندامانی خێزانـەوە، لە نێویاندا باوک و دایک و خەزوور و خەسـوو، وەک چاودێـری سـەرەکی، ئەمـە لەگەڵ وەرگرتنی پۆسـتی گشتی لە لایەن ئافرەتەوە، ئاستەنگ دروست دەکات .

(ریبیکا گرینسـپان) جێگری پێشووی سەرۆکی کۆستاریکا، سـەبارەت بەم ئاسـتەنگە دەڵێت: «کۆمەڵگە ئـەو بارودۆخە گونجاوەی دەسـتەبەر نەکردووە کە بـە ئارامی کارەکانمان بکەین و منداڵەکانمان بە دڵنیایی لە ماڵەوە بەجێ بێڵین، بۆیە ئەگەر پشتگیریی هاوبەشانمان نەبێت ناتواندرێت بارودۆخیکی سـەقامگیر دروسـت بێت، بۆیە ئەمەش ئەو گوشارەیە کە وا دەکات ئافرەتـان لە ناو چوار دیواری ماڵدا بمێننەوە، ئەمەش لەگەڵ مەیلی نەریتیانەی مەزهەبی و ئایینیی خێزانەکاندا یەک دەگرێتەوە.» هەر بۆ نموونە تەفسـیری ئوسـوولی ئیسـلام هەڕەشـەیە بۆ سـەر ئەو ئومێدەی لای ئافرەت بۆ سیاسەت دروسـت دەبێـت، لەبـەر ئـەوەی ئافرەتانی کوێت لە سـاڵی ٢٠٠٦دا مافـی دەنگدانیان لـە هەڵبژاردندا بەدەسـت هێناوە، بـەڵام هیچ کورسـییەکی پەرلەمانیان بەدەسـت نەهێناوە. بە هەمان شـێوە لە عێراق و ئەفغانسـتانیش لەگـەڵ ئەوەی بە

پێـی دەســتووری تازەیــان، ئافرەتان ٢٥٪ی کورســییەکانی پەرلەمانیان بۆ تەرخان کراوە، ئەمەش مەترسیی پاشەکشەی لە ســەرە ئەگەر رووبەڕووی توندڕەویی تاڵیبان ببێتەوە. لە رۆژاواشدا کڵیسەی کاتولیک لە وڵاتێکی وەک کرواتیا ئافرەتان ئــاگادار دەکاتەوە، کــە بایەخ بە خێزانەکانیــان بدەن لە بری ئــەوەی لە دام و دەزگای گشــتیدا کار بکــەن. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە زۆربەی ئەو ژنانەی لە ئەمریکا لە بواری سیاسەتدا کار دەکــەن، بۆچوونەکانیان لەگەڵ راســتڕەویی ئاییني یەک ناگرێتەوە. لە ســاڵی ٢٠٠٤دا تەنیــا دوو ئەندامی ئەنجومەنی سەنات لە کۆی ١٤ ئەندامی ژن، بە بەراورد لەگەڵ ٤٨ ئەندام لــە کــۆی ٨٦ ئەندامی پیاو لە ئەنجومەنی ســەنات، بەردەوام دەنگیان بۆ هاوپەیمانی کریستیان داوە.

تەنانەت ئەگەر ژنان بیانەوێت خۆیان بۆ پۆســتی سیاسی کاندید بکەن، ئەوا لەو رێیەدا رووبەڕووی چەندین ئاســتەنگ دەبنــەوە، لە زۆربەی وڵاتاندا پیاوانی نێو پارتگەلی سیاســی جڵــەوی دیاری کردنی لیســتەکانیان لە دەســتدایە، هەروەها بڕیاریشی لە ســەر دەدەن. رێکخستنی ناوەکانیش لە لیستی پارتەکاندا هەر پیاوان دیاریی دەکەن، هەروەها کە کام کاندید دەچێتــە نێــو پەرلەمانەوە. بــۆ ئەمەش رێوشــوێنی ئەرێنیتر هەن بۆ ئەوەی ئافرەتان بەشــدار بــن، وەک دانانی کۆتا یان کورسیی ژنان لە پەرلەماندا، بۆ ئەوەی شوێنی ژن لە لیستی پارتەکانــدا دیار بێت. بە پێی توێژینەوەیەک کە (پیپا نۆریس) لــە زانکــۆی هارڤــارد لەبــارەی هەڵبژاردنی ســاڵی ١٩٩٧ی بەریتانیــاوە کردوویەتی، دەرکەوتووە کــە پارتی کرێکارانی بەریتانیا چارەسەرێکی دەگمەنی کرد، بەوەی بە تەنیا نیوەی کورســییەکانی کە بەدەســتیان دەهێنێت، بۆ ئافرەتی تەرخان کــرد. ئەم هەنگاوە بووە مایەی ئــەوەی رێژەی ئافرەت دوو بەرانبــەر زیاد بــکات، کە ٩٫٢٪ـەوە بەرز بــووەوە بۆ ١٨٫٢٪

لــە کۆی کورســییەکانی پەرلەمانی بەریتانیــادا. نموونەیەکی دیــار لەبارەی پرســی کاندیدی ژنــان لە لیســتی پارتەکاندا، گازندەی ئەو خانمە سیاسەتمەدارەی بۆسنیا بوو، کە زۆر بە نیگەرانییەوە پێی گوتم: ناوی من لە لیســتی پارتەکەمدا زۆر هێندرا بووە خوارێ، بەڵام لە پشــتی پــەردەوە و بە هیمەتی پیاوەکان جارێکی دیکە هاتەوە پێشەوە.

لە لایەکی دیکەوە پارەش دەبێتە ئاستەنگێکی دیکە لە بەردەم کاندیدی ژن. هەر لە دانانی باج بۆ خۆ کاندید کردن تا بەڕێوە بردنــی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە بۆ ئافرەتان یەکجار قورســە. بۆ چارەســەر کردنی ئەمەش هەندێک دەوڵەتی کەم هەوڵیان داوە رێکخراوێک وەک رێکخراوی (لیســتی ئیملی) دروســت بکەن. (لیســتی ئەمیلی رێکخراوێکە ساڵی ١٩٨٥ لە لایەن (لین مالکوم)ـەوە وەک لیژنەی کاری سیاسی دامەزراوە، کە پارەی پێشــوەختە لە رێگەی کۆ کردنــەوەی پیتاک بۆ کاندیدانی ژن پەیــدا دەکات، ئەمەش پێــی دەگوترێت دابیــن کردنی پارەی پێشوەختە بۆ سەرکەوتنی کاندیدانی ژن لە هەڵبژاردنەکاندا-وەرگێــر). هەروەهــا گوشــاری داراییــش لەســەر کاندیدانی ئافــرەت لەوانەیە هەڕەشــە بێت بۆ ئازاردانی جەســتەیی، بە پێی قســەی (فۆبی ئاســیۆ) کە پەرلەمانتارێکی دیاری وڵاتی کینیایە، کە ماوەی ٢٥ ســاڵە ئەندام پەرلەمانە دەڵێت: بەشــی زۆری خەرجــی بۆ ئــەوەی ئافــرەت بگاتە پەرلەمــان دابین کراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم دابین کردنە پێویســتە لەبەر مەترسیی هەتک کردن.

(ماریــا ئۆکۆمۆ) کــە دەرچــووی زانکۆی (ســتانفۆرد)ە و شارەزای بواری تەندروستییە، کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٢دا خۆی کاندید کــرد، رووبەڕووی لێدان بووەوە، ئۆکۆمۆ دەڵێت: خۆ کاندیدانــی دیکــەی ژن چەقۆیــان لێ دەشــاردەوە. هەروەها دوو قــات بەرگی تەســکیان لەبەر دەکرد، بــۆ ئەوەی ئەگەر

ڕووبەڕووی شـاڵاوی هەتک کردن بوونەوە، بتوانن بەرگری لـە خۆیـان بکـەن. بێگومـان کاندیدانـی پیاویش مەترسـیی پەلاماری جەسـتەییان لەسـەر بوو، بەڵام ئۆکۆمۆ دەڵێت: بۆ ئەو ژنانەی کە خواسـتی سیاسییان هەیە، بێجگە لە شاڵاوی جەستەیی، مەترسیی جنێودان و لێدان و ڕفاندن و هەڕەشەی کوشتنیش هەیە.

بـە لەبەر چـاو گرتنـی ئـەو داب و نەریتـە کۆمەڵایەتییە، هەروەها لەگەڵ ئەو هەمـوو ڕێگرییەی ڕووبەڕووی ئافرەت دەبێتەوە بۆ هاتنە ناو کایەی سیاسی، لە بەرانبەردا بۆچوونی ئافرەتانیـش بەرانبەر بە سیاسـەت ئەوەیە، کە بە گەمەیەکی پیسی دەزانن. بۆیە هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە کە زۆربەی ئافرەتان لە پۆسـتی حکوومی دوور دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی پێیـان وایە هەلی باشـتر بۆ بەدی هێنانی ئاکامی باشـتر بۆ ئافرەت لە ڕێکخراوی ناحکوومیدا هەیە.

ئاڵا نووری تاڵەبانی لە ساڵی ١٩٩١دا، ئەوکاتەی منداڵ بوو لە دەسـت جەور و سـتەمی سـەدام حوسـێن هەڵات، بەڵام ١٤ سـاڵ دوای ئـەوە لـە ٢٠٠٥دا وەک ئەندامـی پەرلەمانی کاتیـی عیـراق هەڵبژێـردرا. ئـەو وەک خوێندەوارێکی باش و پەرلەمانتارێکـی نموونەیـی دەسـتی پێ کـرد، بۆیە وەک دیپلۆماتێـک ئەوەی سـەلماند، کە گوندنشـینێکی کەرکووک یەکسـانە لەگەڵ سیاسـەتمەدارێکی بەغدا و شـرۆڤەوانێکی سیاسـی لە واشنتن. ساڵێک دوای ئەوە، ئەو گوتی: من لەبەر نائومێد بوون سیاسـەتم بەجێ هێشت و ڕووم کردە ئەوەی کار لەگـەڵ ڕێکخراوی ناحکوومیـدا بکەم، کە جەخت دەکەنە سەر ئەو پرسانە جێ بایەخی ئەون وەک: تاوانەکانی شەرەف، توند و تیژیی خێزان، هەتک کردن.

■ پێویستە چی بکەین؟

هێزی دوور خستنەوەی ئافرەت لە پلەی سیاسەتمەداری سەرکردە، زۆر لەو هەوڵە گشتگیرانە بەهێزترە کە دەیەوێت گۆڕانکاری دروست بکات. لە خۆشبەختیمان، حکوومەت و رێکخراوگەلی هاریکاریی دەرەکی، ئامۆژگاکانی بەرهەم هێنانی هزر (تینک تانکس)، دامەزراوەی ئەکادیمی، تێکڕا لە مەیدانی سیاسیدا توانیویانە هانی داوا و خستنەڕوو بدەن. لە ئاستی زۆر بنەڕەتیشدا پێویستە حکوومەتی نیشتیمانی، سیاسەتی (هاوڕێیەتی خێزان) پیادە بکات و ئەم رێوشوێنانە بگرێتەوە: ئاسانکاری بۆ چاودێریی رۆژانە، سەعاتەکانی کاری نەرم و سنوورێک بۆ کۆبوونەوەکانی ئێواران، لە هەندێک وڵاتیش بۆ ئەوەی ئەم سیاسەتە چالاک بێت، دەبێت کاری سیاسی و سیاسەت لەبەر رۆشنایی راڤەی پێشکەوتوو بۆ ئاییینزا دابڕێژرێت، ئەم پرۆسەیەش پەیوەندیی بە رۆڵی هەردوو رەگەزەکەوە هەیە.

لە ساڵی ٢٠٠٤دا شا محەمەدی شەشەم، پادشای مەغریب بە کەسی خۆی پشتگیریی ئەو یاسا نوێیەی خێزانی کرد، کە بە تەواوی لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا دەگونجێت و مافی یەکسانیش بە ئافرەت دەدا. هەروەها پشتگیریی خۆی زیاتر کرد بۆ ئەو یاسایانەی رەچاوی جیاوازیی نێوان هەردوو رەگەز دەکەن لەباری نوێنەرایەتی سیاسیی ئافرەتانەوە. (ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی رێژەی نوێنەرایەتی لە دوو نوێنەری ئافرەتەوە لە ٢٠٠١دا بەرز بێتەوە بۆ ٣٥ نوێنەر لە کۆی ٣٢٥ کورسیی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠٠٢دا). ئەمەش بووە مایەی ئەوەی مەغریب لە بواری بەرەو پێش چوونی کۆمەڵایەتیدا، ببێتە پێشکەوتووترین وڵات لە جیهانی ئیسلامیدا. لە مانگی ئایاری ٢٠٠٦دا بە سایەی دەست پێشخەرییەکی دیکەی شا محەمەدەوە، پەنجا ئیمامی ژن لە زانکۆی رەبات

خوێندیـــان تەواو کرد. بۆیە مەزندە دەکرێت کە ئیمامانی پیاو هەموو شــتێک بکەن بۆ ئەوەی رێگە نــەدەن ئیمامانی ژن لە مزگەوتەکاندا ئیمامەتی نوێژی هەیینی بکەن.

هەروەها رێکخراوگەلی ناحکوومــی رۆڵێکی گرنگیان هەیە لــەوەی هانــی ئافرەتــان بــدەن متمانەیان بە خۆیـــان بێت و لێهاتوویی پێویســتیان هەبێ بۆ ئەوەی بتوانن پۆستی گشتی بەڕێوە ببەن.

پرۆگرام لەسەر بنکەی جەماوەری، یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لە هەموو شەبەنگێکی سیاسیدا مەشق و راهێنان بە ئافرەتان بــکات. لە کەمبۆدیا ژنان بۆ گەشەســەندن رێک خراون، هەر بۆ نموونە زیاتر لە ٥٥٠٠ کاندید بۆ هەڵبژاردنەکانی کەمبۆدیا ئامــادە کراون، باڵیۆزخانەی وڵاتانــی بیانی هاندەر بوون بۆ دامەزراندنی نووسینگەی مێیینە بۆ فێرکردنی کاندیدانی نوێ، هەروەهــا فێربوون لــە رێی کۆڕبەندی ژنانــی پەرلەمانتاری روانــدا، لەبەر ئەوەی لە ســاڵی ٢٠٠٦دا ژنانی پەرلەمانتاری روانــدا گەڕانــەوە بــۆ ناوچەکانــی خۆیــان، بــۆ هانــدان و رێکخســتنی ژنانی ناوچەکانیان بە ئامانجــی کاندید کردنیان بــۆ ئەنجومەنانی لۆکاڵ. بەمەش لە یەک هەڵبژاردندا توانییان رێژەی ژنان لە ســەرۆکایەتیی شارەوانی و جێگری سەرۆک شــارەوانییەکاندا لە رێژەی ٢٤٪ــەوە بۆ ٤٤٪ بەزر بکەنەوە، لەمەش زیاتر پێویســتە لە دەرەوەش پشــتگیری لە پرۆفایلی کەسێتیی (ئەلین جونسون سیرلیف) بکرێت. ئەو یەکەم خانمە کە توانیی ببێتە سەرۆکی لیبریا، کە تەنها ئافرەتە لە ئەفریقادا ســەرۆکی دەوڵەتــە. بەم دوابیەش جەختی لەســەر پۆســتی ژنان کردووەتەوە و دەڵێــت: «تەنها لە ئەندامیەتی پەرلەمان رامەوەســتن، بگەنــە من بە تەنیام.» دەســت پێشــخەری بۆ ئاسایشی سەرتاپاگیر، کە بە سەدان ئافرەت بوونە میانگیر لە نێوان تەنگژەگەلی هەرێمیدا، هەروەها هەزاران بڕیارسازیش.

ئەوە خولّقاندنی نموونەیەکی داهێنەرانەی بەهێزە کە هاندەری دەرەکی بووەتە هاریکار بۆ ئەوەی ئافرەت بەشداریی سیاسەت بکات.

هەروەها لە سەر حکوومەتەکان پێویستە، چاو بە ریفۆرمی پێشوەختەی پارتە سیاسییەکاندا بگێڕنەوە، بە جۆریک یەکسانی لە نێوان هەردوو رەگەزدا رەچاو بکەن، وەک ئەو ریفۆرمەی لە لایەن گرووپی (میخال یودین) لە ئیسرائیل بە ناونیشانی (هەڵبژاردنی ئافرەتان:WE ) بۆ دەسەڵات. ئەم گرووپە گوشاری خستە سەر ئەندامانی کنێسەت، کە بودجەی ئەو پارتانە زیاتر بکات کە سنووری باوی بەشی ئافرەتان لە بەشداریی سیاسیدا تێدەپەڕێنن. هەر بۆیە بە شێوەیەکی شەفاف و بە ویژدانەوە پشتگیریی بنەماکانی خەرجیی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کرا، ئەمەش لە گۆڕەپانی سیاسیدا هاریکار بوو بۆ ئافرەتان. لەم بارەیەوە و سەبارەت بە تەرخان کردنی پارە بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، ئافرەتیک پێی گوتم: کاتێک دەکەومە نێوان دوو هەڵبژاردنەوە، بەوەی پارەی خوێندن بۆ منداڵەکانم تەرخان بکەم یان پارەکە تەرخان بکەم بۆ ئەوەی لەو هەڵمەتە سەرکەوتوو بم، ئەوا منداڵەکانم هەڵدەبژێرم.

پشتگیریی حکوومەت بۆ هەڵمەتەکان لە رێی هاریکاری کردنی پارتگەلی سیاسیی نێو گۆڕەپانی سیاسی، کارێکی باش بووە، بەڵام دەبێت حکوومەتەکان هەنگاوی زیاتر هەڵنێن، ئەمەش لە رێی پاداشت کردنی ئەو پارتانەی پشتگیری لە کاندیدانی ئافرەت لە نێو لیستەکانیاندا دەکەن، هەروەها سزای ئەو پارتانەش بدەن کە ئەم کارە ناکەن.

دیسان پێویستە سیاسەتمەداری (کەسێک کە کاری سیاسی دەکات) پارێزراو بێت. لە ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٠٥دا کاتێک ئافرەت بۆ پەرلەمان کاندید دەکرا، هێرشی

دەکرایە ســەر. سەبارەت بەم پرسەش ڕێکخراوەکانی ناوخۆ و نێودەوڵەتــی داوایــان لــە ســەرۆکی پۆلیــس و ســەرۆک هۆزەکان و ســەرکردەکانی دیکەی کۆمەڵگە کرد، ئاسایشــی زیاتــر دابین بکەن، لایەنــی کەم بۆ ئــەو کاندیدانەی ئافرەت کە دەکەونە بەر هەڕەشــە، کە دەبێ لە لایەن پۆلیســەوە ٢٤ کاتژمێــر پارێزگارییان لێ بکرێت، لەبــەر ئەوەی گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئاسایش، ئافرەتان دڵنیا دەکاتەوە، بەوەی دەوڵەت و ســەرکردەکانی کۆمەڵگەی پشتگیری لە مافەکانیان دەکەن بۆ بەشداری کردن لە ژیانی سیاسیدا.

لــە دوماهیــدا، ئەمــەش لــە هەمــووان گرنگتــرە، دەبێــت حکوومەتەکان لە سەر ئاستی هەموو پۆستەکانی حکوومەتدا پشــتگیری لــە سیســتمی کۆتــا بکــەن، لــە سیســتەمەکانی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی و کۆ کردنەوەی هەردوو ڕەگەز پێکەوە (ZIPPERING). ئیــدی لەم حاڵەتەدا پێویســتی بەوەیە ئافرەت لە دوای هەر ناوێک یان دوو ناوی پیاو، لە لیســتی دەنگداندا نــاوی هەبێــت، ئەمەش هۆکارێکــە بۆ زیاد بوونــی ژمارەی ئافرەتان، بەڵام هەتا ئێستاش بە دەگمەن لە نێو دوو سندووقی دەنگدەندا، دەنگی ئافرەت لە پلەی یەکەمدا دەبیندرێت.

لەگــەڵ ئــەوەی ئاکامــی کۆتا لــە ســەرەتادا بــۆ ژمارەی ئافرەتــان کەمتر جێگەی مەترســی دەبێت، بــەڵام ئەم لایەنە نەرێنییە هەڵدەکشــێت، لەبەر ئەوەی کۆتا هانی ئافرەتی دا بۆ سیاســەت. لــە ١٦ دەوڵەت لە کۆی ١٩ دەوڵەتــدا، لە نێویاندا کووبا و ئایسلەندا و باشووری ئەفریقا و سوید، لە پەرلەمانی ئــەم وڵاتانە ڕێژەی ئافرەت لــە پەرلەمان لایەنی کەم ٣٠٪یە، ئەمــەش بۆ ژنان لەســەر ئاســتی یاســادانان و پارتەکانیش جێبەجێ کراوە.

■ کەمتر توند و تیژی، باڵادەستیی زیاتر

لۆژیکــی ئافرەت بۆ کۆمەڵگە، بیرۆکــەی تازە، پابەند بوون بە پێداویستەکانی کۆمەڵگەوە، باشترین هەوڵن بۆ سیاسەتی لۆکاڵ لەمڕۆدا، لەبەر ئەوەی خانمان بەشدارییەکی گەورەیان لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەدا دەبێت، کە پەیوەندییان بە ژینگە، ئاســایش، چاودێریی تەندروســتی، دارایی، خوێندنەوە هەیە، لەســەر ئاســتی سیاســەتی دەرەوەش، جیهان زیاتر نەرمی بەکار دەهێنێت و کەمتر توند و تیژی .

هەندێــک ســەرکردەی مێ پێــوەرەکان دەگــۆڕن: لەوانەیە ئەوەش هۆکاری ئەوە بێت کە ســەرۆک (باچیلە) دە ئافرەتی هاوشــانی دە پیــاو بۆ ئەنجومەنی وەزیران دەســت نیشــان کردووە. بێگومان، ئەمە ریزپەڕییە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، هەندێک ســیفەتی سروشتی و تایبەتمەندی مێیینە هەن، وەک (مەیل بۆ چاودێری، ســازش کردن، هاریکاری)، توێژینەوەی زانســتی راست و دروســتیی ئەم ســیفەتانەی دەرخستووە، جیهانیش پێویســتی بەم ســیفەت و تایبەتمەندییانەی ئافرەت هەیــە، لەبــەر ئــەوەی زۆر کێشــەی داخــراو، چارەســەری ئەســتەم، ســتراتیژیەتی نەریتی، ســزای ئابووری، بایکۆت و دەســت تێوەردانی سەربازی زۆر بە روونی سەلماندوویانە، کە جیهان پێویستی بە سیفەت و تایبەتمەندیی مێیینە هەیە.

دەنگــی ژنان ئەو بانگێشــتەمان زۆر بە کورتی پێشــکەش دەکات، کە هیچ کام لەوانەی بۆ چارەســەری کێشەکان بەکار هاتوون، سوودیان بۆ سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە نییە، بەڵکوو هەموو ئەوانە چارەسەر دەبن ئەگەر تەنها ژمارەیەکی کەمی ئافرەت بگەیشــتنایەتە ســەرکردایەتی، ژمارەیەکی کەمی ئەو ئافرەتە ســەرکەوتووانەی ئێســتا لە ژێر هەرەمی دەسەڵاتی نێرینــەدان، بــەڵام ئــەو ئافرەتانــەش کە هیــچ ئاکامێکیان بۆ بزاڤی ئافرەتان نەبووە، ئەوا بە شــێوەیەکی گشــتی زۆربەی

سـیفەتەکانیان هاوتای سـیفەتی زۆربەی پیاوانە. بۆ نموونە (ئەندێـرا گانـدی، مارگرێـت تاتچـەر، گۆڵدا مایير) سـیفەتی نێرینەیـان لە زۆربەی پیاوانی سـەرکەوتوو زیاتر بووە. ئەم ئافرەتانە کەمترین بەرنامەی کاری کۆمەڵایەتیی پیاویان پیادە کردووە، کە بایەخی بۆ ئافرەت لە سیاسـەتدا هەبێت. لۆژیکی گشـتی سەبارەت بەم ژمارە ئافرەتە ئەوە بووە، کە مەزندەی ئەوان بەو جۆرە بووە، ئەگەر نزیکەی ٣٠٪ی پۆسـتەکان بۆ ئافرەت بن، کاریگەرییەکی گەورە لەسـەر سیاسەت دروست دەبێت.


وەک (ئەنیتا گرادین) ئەندامی پەرلەمانی سـوید سـەبارەت بـە ئەزموونـی خـۆی لە پەرلەمانی سـوید بۆ مـن ئاماژەی پـێ کـرد: هەمان ئـەو گرووپـە کەمینەیـەی پەرلەمانتارانی ئافـرەت کاتێـک کـە ژمارەیان زیاد دەبێت، شـێوازی قسـە کـردن و رەفتار و دەنگدانیان لە ناو ئەنجومەنی یاسـادانانـدا گۆڕانکاریی بە سـەردا دێت. گواسـتنەوەی ژمارەی زیاتری ئافرەتانـی چالاکوانـی کۆمەڵگە بـۆ حکوومـەت، کەلتووری سیاسی، بەرەو باشتر گۆڕانکاریی بە سەردا دێت، چالاکوانی زیاتـری ئافرەتیشـیان بـەدوادا دێـت. ئەوانـەی داکۆکی لە ئافرەتی سـەرکردە دەکەن، پێویستە چی دی دەستەوەستان نەبـن لەبارەی هەبوونـی جیاوازیی رەگـەز، لەبەر هۆکاری بایۆلـۆژی یان رۆڵـی کۆمەڵایەتی، هەردووکیـان پێکەوە، لە هەمان کاتیشدا خۆشحاڵیش بن، بە تایبەتمەندییەکانی ئافرەت، بەوەی حوکمڕانی ماسوولکەی پیاو بەهێز بکات.

لە هەمان کاتدا و لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هەندێک پێشنیار و وەڵامدانەوەی باوکانەمان گوێ لێ دەبێت، وەک ئەوەی من لە کۆلۆنێلێکی پێنتاگۆنەوە وەرم گرتەوە، لە دوای هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر عیراق.

کاتێـک من جەختم لە سـەر فـراوان کردنـی چوارچێوەی


گەڕان بە دوای سەرکردەکانی داهاتوو لە عێراقدا دەکردەوە، لـەم هەوڵەدا بە سـەدان پیاو دیاری کـرا بوون، تەنیا حەوت ئافرەتیان تێدا بوو، بەرانبەر بەمە کۆلۆنێلەکەی پێنتاگۆن بەم جـۆرە وەڵامی دامـەوە: «باڵیۆز هانت، ئێمە پرسـی ئافرەت ئەوکاتە چارەسـەر دەکەین کە بتوانین ئاسـایش لەو وڵاتەدا دابین بکەین.»

بۆیـە من لێرەدا دەپرسـم ئایـا ئەو کۆلۆنێلە مەبەسـتی لە کام (کێشـەی ئافرەتە)؟ لـە کاتێکدا من لەبارەی دابین کردنی ئاسایشەوە قسە دەکەم!



# ئاییندەی هێز

جۆزێف نای




*The Future of Power*

*پەنەڵێک لەسەر کتێبی ئایندەی هێز (The Future of Power)ی (جۆزیف .ئیس نای)، کە بیجگە لەوەی جوزێف نای یاریدەدەری وەزیـری بەرگریـی ئەمریکا بووە، لە هەمان کاتدا پرۆفیسـۆر و راگـری کۆلێـژی (جۆن ئێـف کەنەدی)ش بووە لـە زانکۆی هارڤارد. وەک بیرمەندێکی سیاسـی لە سـەر ئاستی جیهان سـەیر دەکریـت. هەروەها (نـای) نووسـەری کتێبی هیزی نـەرم (The Soft Power)، بێگومـان وەک هەموو چاودێر و پسـپۆرانی سیاسیەت هەستی پێ دەکەن، کتێبی هێزی نەرم کە ٢٠٠٦ دەرچووە، ئێسـتا تیۆریی ئەو کتێبە لە سیاسـەتی ئەمریـکا پیـادە دەکریت. ئەم کتێبەشـی کـە بیرکردنەوەی لـە پیناسـە کردنەوەی هێز لە سـەدەی بیسـت و یەکەمدا، هاوشـانی کتێبـی هێزی نەرمـە. ئەم پەنەڵـەش بۆ جوزێف نای لە ئامۆژگای پادشایەتیی (چاتام هاوس) لە بەریتانیا بۆ رێـز گرتن لەم کتێبە رێک خـراوە، لەبەر ئەوەی کتێبەکە بە*

زمانـــی ئینگلیزیش لەبەر دەســـتی خەڵکێکی زۆر کەمە، بۆیە بە پێویســـتمان زانـــی، جۆزێف نای خۆی چۆن باســـی ئەم کتێبە دەکات، بەو شـــێوەیە بیکەین بە کوردی، هەروەها ئەم پەنەڵەش بکەینە کوردی، کە چەندین پرسیار و وەڵام لەسەر کتێبەکـــە لە خـــۆی دەگرێت، کە زۆر لایەنی شـــاراوەی ئەو کتێبە بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات.

نامەوێت پرۆفیسۆرێکی کلاسیک بم، لەو ڕووەوە کە لە یەک کاتدا بۆ پەنجا خولەک قسە نەکەم، بەڵکوو خۆم پابەند بکەم و شوێن ڕێنماییە باشەکانی جێرمی بکەوم. لەبەر ئەوەی چەند جارێک سەردانی (دیچلەی)م کردووە، دەشزانم زۆر بە ڕێک و پێکی کاروبارەکانی بەڕێوە دەبات.

ئەو مشتومڕەی من لەم کتێبەدا دەربارەی پاشەڕۆژی هێز دەیکەم، ئەوەیە کە دوو ئاڵوگۆڕی گەورەی دەسەڵات لەم سەدەیەدا ڕوو دەدات. بە یەکەمیان دەڵێم، گواستنەوەی دەسەڵات لە نێوان دەوڵەتاندا، کە بریتییە لە ئاڵوگۆڕی هێز لە نێو وڵاتاندا، کە بە ڕادەیەکی گەورە لە ڕۆژاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات بووەتەوە. ئەوەی دووەمیان بریتییە لە ئاڵوگۆڕی هێز لە دەوڵەتانەوە، ئیتر ڕۆژاوایی بن یان ڕۆژهەڵاتی، بەرەو کارەکتەری نادەوڵەتی. ئەم دوو گواستنەوەیەش دەبنە خەسڵەت و سیمای ئەم سەدەیە. ئێمەش تازە بیرمان لەوە کردووەتەوە، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەمەدا بکەین. کەواتە

ئــەوەی مــن دەمەوێت بیکــەم ئەوەیــە، یەک لــە دوای یەک وەســفی هەر یەکێکیان بکەم. دواتر و لــە کۆتاییدا پێکیانەوە گــرێ بدەمەوە، لە پەیوەنــد بەوەی چ مانایەکیــان دەبێت بۆ سیاسەت.

ئەگەر ئێمە بیر لە گواســتنەوەی هێز بکەینەوە (ئاڵوگۆڕ لە ڕۆژاواوە بۆ ڕۆژهەڵات)، ئەوا باشــتر لەم (پرسە) تێدەگەین. کاتێــک جیهان لە ســاڵی ١٨٠٠دا وێنا دەکەیــن، دەبینیت لەو کاتــەدا پتر لە نیوەی دانیشــتووانی جیهان لە ئاســیادا بوون و پتر لە نیوەی بەرهەمی جیهانیش، هەر لە ئاســیادا بەرهەم دەهێنــدرا، بــەڵام ئەگەر هەمــان وێنا کردن بۆ ســاڵی ١٩٠٠ بکەیت، ئەوا هێشتا (ئاسیا) پتر لە نیوەی جیهانی پێک دەهێنا، بــەڵام تەنها ٢٠٪ی بەرهەمــی جیهانی بەرهەم دەهێنا. ڕوونە کە ئەمە شــتێک نییە ڕووبەڕووی ئاسیا بوو بێتەوە، بەڵکوو ئەمە شۆڕشــی پیشەســازی بوو کە لە ئەورووپا و ئەمریکای باکووردا ڕووی دا.

ئێســتا ئەوەی ئێمە لەم ســەدەیەدا بەدیی دەکەین ئەوەیە، کە من پێی دەڵێم، بووژانەوەی ئاســیا بەرەو بەدەســت هێنانەوەی پێگە سروشــتییەکەی خۆی، کــە نزیکەی نیوەی دانیشــتووانی جیهــان و نیــوەی بەرهەمی جیهــان پێک دەهێنێــت. ئەمەش بە ڕاســتی لە ژاپۆنەوە دەست پێ دەکات، بەرەو کۆریای باشوور دەڕوات، دواتر بەرەو وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وەک ســەنگافوورە و مالیزیا. ئێســتا ئێمە زۆر جەخت دەکەینە سەر چیــن، کە ڕێژەی گەشــە کردنی لە ســەدا ١٠یــە. ئەگەرچی من باوەڕم وا نییە ئەم ڕێژەی گەشــە کردنە لە سەدا ١٠ بمێنێتەوە. ئێمە زیاتر و زیاتر جەخت دەکەینە ســەر هیندســتان، کە حاڵی حازر ڕێژەی گەشــە کردنی لە سەدا هەشت بۆ نۆیە، بەڵام ئایا کاریگەریی تەواوی ئەمە چی دەبێت؟ لە بنەڕەتدا، ئەمە ئاڵوگۆڕی هێزی ئابووریی جیهانە لە ڕۆژاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات.

لــێ بگەڕێن بــا ئــەم بیرۆکەیە لێــرەدا جێ بهێڵیــن، دواتر بگەڕێینەوە سەری، هەندێ لە ئاکامەیلی سیاسیی ئەو تاوتوێ بکەیــن. لە کاتێکدا مــن چەمکی دووەمتان بــۆ دەخەمە ڕوو، کە لەم ســەدەیەدا ئاڵوگۆڕێکی مەزن بەرجەســتە دەکات، کە بڵاو بوونــەوەی هێزە لــە دەوڵەتانەوە بــەرەو کارەکتەرانی نێودەوڵەتی.

باشــترین ڕێ بــۆ ئــەوەی هــزر و بیری خۆتــان لەبارەی بیرۆکــەی بڵاو بوونــەوەی هێز چڕ بکەنــەوە ئەوەیە، بیر لە خەسڵەتی شۆڕشی زانیاری بکەنەوە، کە ئێمە لە ماوەی سی چل ســاڵی ڕابردوودا دوایین بەرجەستە بوونی ئەومان بینی. لە چارەکی کۆتایی ســەدەی بیستدا، نرخی کۆمپیوتەر هەزار پــات هاتە خوارێ. ئەمە ژمارەیەکی ئەوەندە رووتاڵە، کە بیر لێ کردنەوەی ســەختە، بەڵام ئەگــەر ئەوەش وێنا بکەین، کە نرخی ئۆتومبیلیش بە هەمان شێوەی کۆمپیوتەر دابەزێت، بە چەشنێک لەمڕۆدا بتواندرێت ئۆتومبیلێک بە پێنج پاوەند بکڕیت. حاڵی حازر ئەگەر نرخی هەر شــتێک بەو شــێوە دراماتیکییە دابەزێت، ئەوا بەربەســتەکانی بەردەم بەدەســت هێنانیشیان کەم دەبنەوە. کەواتە ئەو کاڵایانەی پێشتر لە دەرەوەی توانای بەدەست هێنانی زۆر لە کارەکتەران بوون، ئێستا نرخەکانیان بە چەشنێکە کە دەتوانن بەدەستیان بهێنن.

دەتوانــم نموونەیــەک بهێنمــەوە لــەم ڕووەوە، کاتێــک لە ئیدارەی کارتەر بووم و مامەڵەمان لەگەڵ سیاسەتی ڕێگرتن لــە بــڵاو بوونەوە(چەکــی ناووکی) دەکــرد، ئــەوا یەکێک لە نهێنیتریــن شــتێک کە هەمان بوو، بریتی بــوو لەوەی توانای وێنەگرتنمان بە ســەتەلایت لە حاڵەتی (one meter resolution، کە «resolution» پێوەرێکی تایبەت بە وێنەگرتنی سەتەلایەتە) هەبوو، بەڵام ئەم کارە بە ملیار دۆلار لە ســەرمان دەکەوت. ئێســتا هەر کەســێک لە ئێوە دەتوانێت گوگڵ ئێرس (Google

earth) بکاتەوە و وێنەیەکی باشتریش بە خێرایی بەدەست بهێنێت. ئەمە گۆڕانکارییەکی بێ وێنەیە کە تەکنەلۆژیا و تەکنەلۆژیای زانیاریدا بەدییان هێناوە، لە ڕووی توانادار کردنی ئەوانەی پێشتر نەیان دەتوانی ئەو نرخە بدەن کە لە بازاڕدا هەبوو.

ئێستا ئەگەر بیر لەوە بکەیتەوە کە کێ توانادار بووە بەم (گۆڕانکارییە)، ئەوا ئەمە بە مانای کۆتایی هاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی نایەت. بەڵکوو بە تەنیا بە مانای ئەوە دێت کە حکوومەتەکان لە شانۆیەکدا کار دەکەن کە قەرەباڵغترە، ئەویش بە هۆی هەبوونی هەموو ئەو کارەکتەرە نوێیانەی دەتوانن ڕۆڵ ببینن. هەندێ لەم کارەکتەرانەش باش و هەندێکیشیان خراپن. ئاشکرایە ئۆکسفام، باشە. بە بۆچوونی من، ئاشکرایە ئەلقاعیدەش، خراپە، بەڵام ئەوەی جێی بایەخە ئەو دەسەڵاتەیە کە دەستەبەری دەکات. بۆ نموونە، ئەلقاعیدە توانیی ژمارەیەکی زیاتری ئەمەریکی لە ٢٠١١دا بکوژێت، بە بەراورد بەو ژمارەیەی حکوومەتی ژاپۆن توانیی لە کانوونی یەکەمی ١٩٤١دا بیکوژێت ( مەبەستی هێرشی ژاپۆنە بۆ بنکەی پیرلهاربەری ئەمریکی). دەکرێت بەمە بگوترێت بە تایبەتاندنی جەنگ (privatization of war). ئەمە شتێکی تەواو نوێ بوو لە سیاسەتی جیهاندا. هەروەها چەندین نموونەی دیکەش هەن کە دەتوانم بۆتان بخەمە ڕوو، کە ئاماژەن بەوەی شۆڕشی تەکنەلۆژیا سەری کێشاوە بۆ بڵاو بوونەوەی دەسەڵات.

با بیر لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەینەوە. من زۆر جار گوتوومە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەڵبژاردنێک نەبوو لە نێوان ئۆتۆکرات و توندڕەویی ئایینیدا. واتە لە نێوان ئەم دوو بژاردەیەدا، بژاردەی سێیەم لە ئارادا نەبوو، بەڵام پێم وایە ئەوەی ئەم هەڵکشانی زانیارییە هێنایە ئاراوە، بریتی بوو لە خولقاندنی بژاردەیەکی نوێ، کە لە

شوێنانی وەک گۆڕەپانی تەحریردا بینیمان، کە تەکنیکی وەک فەیسبوک و تویتەر دەستەبەریان کرد، کە بە هۆیەوە ئەم گرووپانە توانییان بەسەر کێشەکانی کاری دەستەجەمعی و هەماهەنگی کردن لەگەڵ یەکتردا زاڵ بن.

ئەگەر نموونەیەکی دیکەتان دەوێت، ئەوا بیر لە ویکیلیکس بکەنەوە. دزینی بەڵگەنامەی نهێنی لە حکوومەت شتێکی نوێ نییە، بەڵکوو ڕەنگە هێندەی تەمەنی حکوومەتەکان و هێندەی کاری سیخوڕی کردنیش کۆن بێت، بەڵام بتوانیت دزە بکەیتە گەنجینەیەکی وەزارەتی دەرەوە، کە پڕ بێت لە کێبڵی نهێنی و وەک دیسکەکانی (لەیدی گاگا) بە سەرتاسەری جیهاندا بڵاویان بکەیتەوە، ئەوا ئەمە شتێکی نوێیە. جیاوازییەکەش لە چەندایەتییەوە دەگۆڕێت بۆ چۆنایەتی.

با نموونەیەکی دیکە بهێنینەوە لە سەر ئەوەی چۆن بڵاو بوونەوەی زانیاری مەسەلەیەکە جێی بایەخ پێدانە. بیر لەو کێشانە بکەنەوە کە ڕووبەڕوویان دەبینەوە کاتێک مامەڵە لەگەڵ ئاسایشی ئینتەرنێتدا دەکەین (CYBER SECURITY). ئێستا من نازانم چەند لە ئێوە ئەو وێنە کارتۆنییە جوانەی بینیوە، یاخود تەنانەت لە یادی ماوە کە نزیکەی دە ساڵ پێش ئێستا لە نیویۆرک بڵاو کرایەوە، کە وێنەی کۆمپیوتەرێکە و دوو سەگ لە بەردەمیدا دانیشتوون. یەکێک لە سەگەکان ڕوو دەکاتە سەگەکەی دیکە و پێی دەڵێت نیگەران مەبە، لە سەر ئینتەرنێت، کەس نازانێت تۆ سەگیت. ئەو کارتۆنە نەک تەنیا نوکتەیەکی خۆشە، بەڵکوو هەڵگری پێشبینیشە لە ڕووی سیاسییەوە، چونکە ئەوە لە خۆ دەگرێت کە نەناسراویی تۆ لە سەر ئینتەرنێت و ئەو توانایەی پێت دەبەخشێت، بە مانای ئەوە دێت ئێمە ناتوانین هەمیشە ئەوە بزانین، کە کێیە هێرش دەکاتە سەرمان؟

کەواتە بیر لە کرمی ستۆکنێت (ڤایرۆسی کۆمپیوتەر)

بکەنــەوە، کە بەکار هێندرا بۆ ئــەوەی هەندێ لە ناوەندەکانی بەرنامەی پیتاندنی ئەتۆمیی ئێران تا ئاستی پەک خستن تێک بدات. دواتر بیر لەوە بکەرەوە، ســاڵێک یان دوو ساڵی دیکە، ڕووناکی لە ســەر بەشــی باشــووری بەریتانیــا بکوژێتەوە، یاخود لــە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەمریــکا. دواتر دەربکەوێت کــە بە هۆی جــۆرە کرمێکی وەک (ســتکۆنێت)ەوە بوو بێت کــە بۆمان هات بێت. لەو هەلومەرجەدا، چۆن بزانین کێ ئەم کارەی کردووە؟ ڕەنگە حکوومەتێکی دیکە بێت. ڕەنگە هەندێ لــە هاککــەران بن. بۆی هەیــە تاقمێ تاوانبار بــن، بۆی هەیە تیرۆریســتانی ئینتەرنێــت (cyber terrorists) بن. تاکە شــتێک دەیزانین ئەوەیە، کە هەر کەسێک ئەوەندە ژیر بوو بێت ئەم کارە بــکات، لە بەرانبەر ئێمەدا، ئەوەنــدە ژیریش دەبێت کە بە چەشــنێک بیکات وا دەرنەکەوێت لەو شــوێنەوە کراوە کە کردوویەتی. هەندێ لە ئێوە دەیگەڕێننەوە بۆ ســێرڤەرەکانی پەکین یان مۆسکۆ یان هەر شوێنێکی دیکە، کە بە دڵنیاییەوە بــە مانای ئەوە دێت کە لەوێوە نەهاتووە. کەواتە ئەگەر ئەمە حاڵەتەکە بێت، چۆن تۆڵە دەســتێنیتەوە؟ ئەگەر ناونیشانەکە نەزانیت، ئەوا مووشەکی کرووز ئاراستەی کوێ دەکەیت؟

ئێمە تەنیا تازە بیر لــەوە دەکەینەوە چۆن بەمەدا تێپەڕین؟ ئایا ســتراتیژەکە چییە؟ هێرشــەکە چییە؟ بەرگرییەکە چییە؟ بەرپەرچدانەوەکــە چییــە؟ کاتێــک نازانیــت کێ ئــەم کارەی کــردووە؟ کاتێــک ئەگەری ئــەوە هەبێــت کــە کارەکتەرانی نێودەوڵەتــی لــە ناوجەرگەی ئەم کارەدا بن؟ ئێمە لە ئاســت گەشــە کردنی ئەم بــواری ئینتەرنێتــەدا (cyber)، وەک ئەوە بــوو کــە لە ســاڵی ١٩٥٠دا بەرانبەر بە بــەرەو پێش چوونی تەکنەلۆژیــای ناووکــی بووین. دەزانین شــتێک لــە ئارادایە، شتێکی مەزن، بەڵام هێشتا بیرمان لەوە نەکردووەتەوە چۆن تێی پەڕێنین.

کەواتە ئەمانە نموونەگەلێکن ئەگەر بتەوێت بیر لەوە بکەیتەوە چۆن شۆڕشــی زانیاری کەشــی بڵاو بوونەوەی دەســەڵاتی خولقانــدووە، کــە لــە حکوومەتەکانەوە بــەرەو کارەکتەرانی نێودەوڵەتــی چووە، کە دەبنە هۆی بــرەودان بەو گرووپ و تاکە کەسە تواناداراانەی پێیان دەگوترێت (super empowered groups and individuals)، کــە لەم ســەدەیەدا گۆڕانکارییەکی گەورە لە سیاسەت و دەسەڵاتی جیهاندا دروست دەکەن.

دەرفەت بدەن بگەڕێینەوە بۆ پرســیاری گواستنەوەی هێز. کاتێک لە پرسی گواستنەوەی هێز دەڕوانیت، هەروەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، ئەوا ئەمە بووژانەوەی ئاسیایە، بەڵام ئێستا چاو زیاتر لە ســەر چینە، هەروەها لە ســەر ئەو پرســیارەی ئایا چین دەبێتە هەڕەشــەیەک کە سەر بکێشێت بۆ جەنگێکی مەزن؟

ئەو چیرۆکە باوەی لەم ڕۆژگارەدا بووەتە بنێشــتە خۆشە ئەوەیــە، کە ئەمریکا لە داکشــاندایە و چینیش لە هەڵکشــان. زۆرێک لە خەڵکیش دەڵێن ئەوە ڕەچەتەیەکی پڕ لە مەترسییە. دەتوانیــت هەموو ئەمــە بگەڕێنیتەوە بۆ (تیوســیدیدەس)، بۆ شەڕی (پێلۆپۆنیژیان)، کە سیستەمی دەوڵەت شاری یۆنان لە ســەدەی پێنجی پێش زایینیدا، خۆی لەبەریەک هەڵوەشاندەوە. واش باس کراوە هۆکارەکەی هەڵکشانی دەسەڵاتی ئەسینا و ئەو ترسە بوو کە لە سپارتادا دروستی کرد.

هەروەهــا زۆر جار دەگوترێت کــە یەکەمین جیهانە جەنگ، کــە تێیــدا سیســتەمی دەوڵەتــی ئەورووپی خــۆی لەبەریەک هەڵوەشــاندەوە، کۆتایــی بــە ناوەندایەتیی ئەورووپــا هێنا لە ڕووی دەســەڵاتی جیهانییەوە، کە هۆکارەکەی بریتی بوو لە هەڵکشــانی دەســەڵاتی ئەڵمانیا و ئەو ترســەی لە بەریتانیادا دروستی کرد.

هەندێ شــی کردنەوە هەن باس لــەوە دەکەن، ئەمە دەبێتە

چیرۆکی سـەدەی بیسـت و یەک لە پەیوەند بە گواستنەوەی دەسـەڵاتەوە. هەڵکشانی دەسەڵاتی چین و ئەو ترسەی کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دروسـتی کردووە، ڕەنگە جەنگێکی هاوشێوە دروست بکات. پێم وایە ئەمە لێک چواندنێکی خراپە، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێک.

پێش هەموو شتێک من پێم وا نییە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە داکشاندا بێت. پێم وایە زۆر سەختە ئەوە دیاری بکەیت کە داکشـان چییە؟ کاتێک بابەتەکە پەیوەسـت بێت بە وڵاتانەوە. ئێمـە بازنەی ژیانی مرۆڤمـان تەواو لا ڕوونـە. من دەتوانم دڵنیاتان بکەمەوە کە من لە داکشـاندام، بـەڵام لە پەیوەند بە وڵاتانـەوە ئێمە نازانیـن بازنەی ژیان چییـە؟ وتەیەکی زۆر جوانی (هۆرەیس والپەوڵ) هەیە کە لە کتێبەکەمدا هێناومەتەوە، دوای بینینی لەدەسـت دانی کۆڵۆنییەکانـی ئەمریکا لە لایەن بەریتانیاوە لە سـەدەی ١٨ـەدا دەڵێت: «وا وەیلا بۆ بەریتانیا. ئێسـتا ئێمە داکشاوین بۆ وڵاتێکی بچووک و بەدبەختی وەک سـاردینیا یان دانیمـارک.» ئەمە لە سـەروبەندی مەزنترین سـەدەی بەریتانیادا بوو. کەواتـە ڕوونە ئێمە نازانین بازنەی ژیانی وڵاتان چییە؟ هەروەها ئەوەی شایسـتەی سەرنجدانە کە تەنانەت ئەو کاتەی وڵاتێک لەوپەڕی دەسەڵاتیدا بێت، ئەوا ڕەنگە بۆ ماوەیەکی تەواو درێژە بکێشێت. کاتێک لە لووتکەی دەسەڵاتدا بوو تا دوا داکشانی، دەسەڵاتی ڕۆما سێ سەدە و نیو درێژەی کێشا.

هەڵبـەت ئەمـە پەلکێشـم دەکات بـۆ چیرۆکێکـی دیکـەی سـەرەکی لەبارەی تێگەیشـتن لە گواسـتنەوەی دەسەڵات لە سەدەی بیست و یەکدا، وەک چیرۆکێکی هاوشێوەی چیرۆکی داکشان. باس لە داکشانی ئەمریکا و هەڵکشانی چین دەکرێت، بەڵام ئەو چەمکی داکشانە تێکەڵ بە دوو شتی تەواو جیاواز دەکرێت. یەکەمیان داکشـانی تەواوە، تێیدا وڵاتێک سەرچاوە

و تواناکانی خۆی لە دەســت دەدات. ئەمە لە ڕۆما ڕووی دا. ڕۆما، ڕۆمای کۆن، خاوەن ئابوورییەکی کشتوکاڵ بوو، نەک ئابوورییەکی بەرهەمهێن، بەڵام داخزا بۆ شــەڕێکی ناوخۆیی و تاقمگەلێکی دڕندە. داخزانەکەی نەبووە هۆکاری هەڵکشانی دەوڵەتێکی دیکە یان ئیمپراتۆریەتێکی دی.

کێشــەکانی ویلایەتــە یەکگرتــووەکان هەر چییــەک بن، لە نێویانــدا کــورت هێنانی بودجە کــە حاڵی حــازر دووچاری چەق بەستوویی کردووین، کە پێشبینیی ئەوە دەکەم ڕۆژێک بێــت چارەســەر بکرێت، هــەر چۆنێک بێت ئەمە کێشــەیەکی ڕاستەقینەیە. هەڵبەت کێشەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەر چییەک بن، ئەوا هێنانەوەی وێنەی داکشانی تەواو بە چەشنی ڕۆمای کۆن، وێنەیەکی تەواو ورد نییە.

دوای هەموو شــتێک، کۆڕبەندی ئابووریی جیهان ویلایەتە یەکگرتووەکانی بــە چوارەمین ئابووریی جیهان دادەنێت، کە زۆرتریــن ململانــێ دەکات. چیــن بە ڕێککەوت ژمــارە ٢٧ـە. هەروەها بە شێوەیەکی گشتی هاوڕاییەک هەیە لە پەیوەند بە تەکنەلۆژیا نوێیەکانی ســەدەی ٢١ـەوە، (لە ڕووی تەکنەلۆژیا و بایۆتەکنەلۆژیاشــەوە)، بــەوەی ئەمریــکا لە پێشــەنگدایە. بــە گوێرەی ڕووماڵــی چالاکییەکانی وبەرەهێنــان بە زۆری ئەمریــکا ڕیزبەندی یەکەمی گرتووە... هتد. کەواتە ئەم وێنەی داکشــانەی، بە تەواوی وەسف کردنێکی زۆر باش نییە. لێک چواندنی ڕۆمای کۆن.. هتد، بە ڕادەیەکی زۆر چەواشەکاریی لێ دەکەوێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشــدا شــتێک هەیە کــە دەکرێت پێــی بگوترێت داکشــانی ڕێژەیی. داکشــانی ڕێژەیی ڕێیەکە بۆ بیرکردنەوە لەبارەی کەلێنی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دیکە. کەواتە ئەوە وێنا بکە، ئەمریکا لێرەوە دەست پێ بکات، لەگەڵ ئەو دەســەڵاتە زۆرەی هەیەتی، چین و هیندستان و بەرازیل

و ئەوانــی دیکــەش ئەو کەلێنــە پڕ بکەنــەوە. دەتوانیت بڵێیت ئەمە یان هەڵکشانی ئەوانی دیکەیە، یاخود پڕ کردنەوەی ئەو کەلێنە بریتییە لە داکشــانی ڕێژەیی، ئەمە بە مانای ئەوە نییە ئەوانــی دیکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تێ دەپەڕێنن. بەکار هێنانی ئەم چەمکە لەو ڕووەوە یارمەتیمان نادات.

تێڕوانینــی من ئەوەیە چین لە ڕووی تێکڕای دەســەڵاتەوە ئەمریــکا تێناپەڕێنێــت. ئێســتا دەتوانیــت بڵێیــت ئــەی چۆن (گۆڵدمــان ســاچس) پێمــان دەڵێت کــە قەبــارەی ئابووریی چین خەریکە هاوتا بێــت لەگەڵ قەبارەی ئابووریی ئەمریکا؟ ئەمەش زۆر ڕێی تێ دەچێت کاتێک ژمارەی دانیشتووان ١،٣ ملیار کەس بێت و ڕێژەی گەشــە کردنەکەت لە سەدا ٨ بێت. درەنــگ یان زوو، ئەمــە ڕوو نادات، بەڵام تێکــڕای قەبارەی ئابووری بە زەرووڕەت پێوەرێکی باشی پێشبینی کردن نییە بۆ پێشــکەوتنی ئابووری، یاخود تێکڕای دەسەڵاتی ئابووری. بەڵکوو بەوە ڕاهاتووین بە داهاتی تاکە کەس پێوانەی بکەین. تەنانــەت لە پەیوەند بــە داهاتی تاکە کەسیشــەوە، (گۆڵدمان ساچس) و ئەوانی دیکەش مشتومڕی ئەوە دەکەن کە ئەگەری ئەوە هەیە چین لە ماوەی ســی ســاڵی داهاتوودا، هاوشــانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ببێتەوە. تەنانەت لەو حاڵەتەشدا، ئایا چین دەســەڵاتی ئابووریی خۆی زیاتر دەکات؟ ئایا کەلێنەکە پڕ دەکاتەوە؟ بەڵێ، بەڵام ئایا هەمان شت ڕاستە بۆ دەسەڵاتی ئەمریــکا لــە ڕووی ئابوورییــەوە؟ بە هیچ شــێوەیەک ئەمە ڕوون نییــە، مەبەســتم ئەوەیە لێرەدا دەبێت لــە داهاتی تاکە کەس بڕوانین، بەڵام لەوەش زیاتر، ئەگەر سەیری دەسەڵاتی سەربازی بکەیت، ئەوا چین فڕۆکەهەڵگرێک دروست دەکات، بــەڵام جیاوازییەکی گەورە هەیە لــە نێوان فڕۆکەهەڵگرێک و گرووپێکی یازدە فڕۆکەهەڵگری شەڕکەردا.

هەروەهــا چین لــە ڕووی هێزی نەرمــەوە (soft power) لە

گەشــە کردندایە، توانای بەدەســت هێنانی ئــەوەی دەیەوێت لە ڕووی ســەرنج ڕاکێشــان و قەناعەت پــێ هێنانەوە هەیە. (هو جینتاو) لە ســاڵی ٢٠٠٧دا بە حەڤدەمین کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیســتی چینــی گــوت، کە پێویســتە چیــن وەبەرهێنانی زیاتر لە دەســەڵاتی نەرمدا بکات. زۆر جار ئەمە ستراتیژێکی ژییرانەیە بۆ چین، یان بۆ هەر وڵاتێکی دیکە: کە ئەگەر هێزی زبری تۆ زیاتر بوو، ئەوا دەتەوێت هێزی نەرمی خۆت زیاتر بکەیت بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە هاوپەیمانێتیت لە دژ دروســت بکەن.

کەواتــە چین بە ملیار دۆلار خەرج دەکات لە دامەزراوەیلی کۆنفۆشــیدا، لــە هەوڵدانیدا بــۆ ئەوەی کەناڵــی CCTV بکاتە (ئەلجەزیــرە)ی چینــی. کێشــەکە ئەوەیە چیــن توانای خۆی ســنووردارە لــە ڕووی ئەوەی گەشــە بە دەســەڵاتی نەرمی خــۆی بــدات. ئەویــش بە هۆی ئــەوەی ســەرچاوەی بڕێکی زۆری دەســەڵاتی نەرم کارەکانی حکوومەت نییە، بەڵکوو لە کۆمەڵگەی مەدەنییەوە سەرچاوە دەگرن. لەو ڕووەوە ئەگەر لە هێزی نەرمی ئەمریکا بڕوانیت، ئەوا زۆرێک لەو دەسەڵاتە لە زانکۆکانەوە، لە دامەزراوەکانەوە، لە هۆلیوودەوە سەرچاوە دەگــرن، نــەک لە سیاســەتی حکوومەتــەوە. چیــن ناتوانێت دەرگای گەشــە کردنی کۆمەڵگەی مەدەنــی والا بکات، لەبەر ئەوەی حکوومەتێکی خۆسەپێنی هەیە. کەواتە ئەوان خاوەنی باڵەخانە: ســەنتەری زۆر قەشەنگی ئۆلۆمپیک یان شانگهاین، بەڵام دواتر دەچن (لیو شیاو باو) «ڕۆشنبیر و ڕەخنەگرێکی چینی و چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ لە ســەردەمی چاکسازی لە چینیدا» یان (ئای ویوی) «هونەرمەندێکی هاوچەرخی چینە و لە بواری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریدا کار دەکات»، دەســتگیر دەکەن و زیندانیان دەکەن و دەســەڵاتی نــەرم لەنــاو دەبەن. کەواتــە تاکوو چین ئــەم کۆنترۆڵە خاو

نەکاتەوە، بە تایبەتی خۆسەپێنییە ناوخۆییەکەی کەم نەکاتەوە، ئــەوا ناتوانێت پەرە بە دەســەڵاتێکی نەرمی هاوشــێوە بدات. لە ڕاســتیدا ڕاپرســییەکی ئەم دواییەی BCC، کە مانگێک یان دوو مانگ پێش ئێســتا کراوە، دەربارەی دەســەڵاتی نەرم لە سەرتاســەری جیهاندا، پیشــانی دەدات ئەمریکا زۆر لە پێش چینەوەیە.

کەواتە لەبەر ئەم هۆکارانە پێم وا نییە، چین لە سەروبەندی ئــەوەدا بێــت پێــش ئەمریــکا بکەوێــت، بــەڵام بۆچــی ئەمە گرنگــە؟ ئەمە بــۆ خوهەڵکێشــان نییە، بەڵکوو بۆ مەبەســتی بیرکردنەوەیــە لــەوەی ئایــا ئێمە لــەم ســەدەیەدا دەکەوینە تەڵەکــەی (تیوســیدیدەس)ـەوە؟ جیاوازییــە گەورەکە ئەوەیە کاتێک ئەڵمانیا گوشــارێکی زۆری دەخســتە ســەر بەریتانیا، ئەوا لە ڕاســتیدا لە ســاڵی ١٩٠٠دا پێش بەریتانیا کەوت بوو. کەواتە بەریتانیا لە پێش ١٩١٤دا گوشــارێکی سەختی لەسەر بوو. ئەگەر من بە هەڵەدا نەچووبێتم لەم شــی کردنەوەیەمدا، لەگەڵ ئەو ڕاســتی و ژمارانــەی لە کتێبەکەمدا هێناومنەتەوە، ئــەوا چین بەو شــێوە ســەختە گوشــاری لە ســەر ئەمریکا دروســت نەکردووە. ئێمە کاتمان بە دەســتەوەیە، بە ڕاستی ئێمە دەتوانین ئەو ستراتیژانە بگرینە ئەستۆ، کە تێیاندا ناچار نابیــن ملکەچی ترس بیــن، بەڵکوو دەتوانیــن پاڵنەری هێنانە ئارای کەشــێک بخوڵقێنین، کە پاداشــتی چین بداتەوە لە پای ڕەفتاری باشــی. هەروەها تێیدا خۆیان ســزای خۆیان بدەن ئەگەر هاتوو زۆر توند و زۆر دوژمنکارانە بوون.

کەواتــە ئەمە بــەو مانایە دێت کە پرســیارە ســەرەکییەکە ئەوەیــە، ئایــا جەنگێکی مەزن دەبینین لە نێوان دەســەڵاتێکی داکشاو و دەسەڵاتێکی هەڵکشاودا؟ کاتێک ببێتە هۆی تێکدانی ئارامیی ئەم سەدەیە، مەرج نییە ئەمە ڕوو بدات. ڕەنگە شکست بهێنین، بەڵام ئەمە هاوشێوەی یەکەمین جیهانە جەنگ نییە.

ئێستا دەرفەت بدەن لە دەرەنجامێکدا گواستنەوە و بڵاو بوونەوەی دەسەڵاتتان پێکەوە بۆ گرێ بدەمەوە، کە ئەگەر بیر لە دابەش بوونی دەسەڵات بکەیتەوە لە سیاسەتی جیهانیدا لە سەدەی ٢١دا، ئەوا من لێک چواندنی تەختەی شەترەنجی سێ ڕەهەندی بەکار دەهێنم.

لە سەرووی تەختەکەوە پەیوەندیی سەربازیی نێوان دەوڵەتان هەیە. جیهان بریتییە لە جیهانێکی تاک جەمسەر. تەنیا یەک دەسەڵاتی باڵا «سوپەر پاوەر:super power» هەیە. ئەمریکا تاکە وڵاتێکە دەتوانێت لە سەر ئاستی جیهاندا هێزی سەربازی بچەسپێنێت. پێم وایە بۆ ماوەی دە یان بیست ساڵی دیکە ئەم دۆخە بەو شێوەیە دەمێنێتەوە. پێم وا نییە چین لە ڕووی دەسەڵاتی سەربازییەوە هاوشانی ئەمریکا ببێتەوە.

بەڵام با بچینە سەر تەختەی دووەم، پەیوەندیی ئابووری لە نێوان دەوڵەتاندا. جیهانی فرە جەمسەر، بۆ دەیان ساڵیش فرە جەمسەر بووە. ئەوەتان لەیاد بێت کە لە ئابووریدا، ئەورووپا دەتوانێت وەک یەک قەوارە ڕەفتار بکات. کاتێک بەو شێوەیەش ڕەفتار دەکات، ئەوا ئابووریی ئەورووپا گەورەترە لە ئابووریی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەمە ئەگەر باسی چین نەکەین. لەم بوارەشدا، لە تەختەی دووەمدا کە پەیوەستە بە پەیوەندیی ئابوورییەوە، دەسەڵاتی ئەمریکا لە لایەن ئەورووپا، چین و ژاپۆن و ئەوانی دیکەوە، هاوسەنگ کراوەتەوە.

لێگەڕێن با بچینە سەر تەختەی خوارەوەی ئەم گەمە سێ ڕەهەندییە، تەختەی پەیوەندیی سەروو نەتەوە، کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکوومەتەکان، سنوور دەبڕێت، کە لێیەوە بڵا بوونەوەی دەسەڵات و کارەکتەرانی نێودەوڵەتی سەرچاوە دەگرن. دەتوانیت بیر لە سیوولەی دارایی بکەیتەوە کە زیاترە لە بودجەی زۆر لە وڵاتان. دەتوانیت بیر لە گرووپەیلی

تیرۆریست بکەیتەوە، دەتوانیت بیر لە تیرۆریستانی ئینتەرنێت (cyber terrorists) بکەیتەوە، کە خۆیان سنوور نابڕن، بەڵکوو شــەپۆلی ئەلیکترۆنی دەنێــرن. جێی خۆیەتی ئەوەشــمان لە یــاد بێت کە لە ســاڵی ١٩١٨دا ئەوانەی بــە هۆی هەڵامەتەوە «ئەنفلاونــزا» مردن زیاتر بوون لەوانەی لە یەکەمین جیهانە جەنگدا کوژران.

ئەمانە ئاســتەنگی زۆر گەورەن لە ســەدەی بیست و یەکدا. لەم ڕووەوە، پەشێوی باڵی بە سەر دابەش بوونی دەسەڵاتدا کێشاوە. هیچ مانایەکی نییە کە بەمانە بڵێین تاک جەمسەر یاخود فرە جەمسەر یاخود هەر کلێشەیەکی دیکە، کە سەروتارەکان پێیان خۆشــە بەکاری بهێنن، بــەڵام ئەوەی لێرەدا دەبیندرێت ئەوەیــە، لە بنەڕەتــدا تاکە ڕێگە بۆ مامەڵە کــردن لەگەڵ ئەم کێشــانەدا بریتییــە لــە ڕێکخســتنی تۆڕەکانــی هــاوکاری و دامەزراوەکان بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان لەگەڵ ئەم کێشــانەدا بگونجێنن، کە بە هۆی بڵاو بوونەوەی دەســەڵاتەوە دروست بــوون. ئەمــەش بە مانای ئــەوە دێت کە تۆ پێویســتت بەوە دەبێت، هێزی نەرمی خۆت بەکار بهێنیت، ســەرنج ڕاکێشان، هەروەهــا هێزی زبــر (hard power). هەروەها بە مانای ئەوە دێت کە تۆ دەبێت بیر لە دەسەڵات بکەیتەوە، وەک دەسەڵات لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، نەک دەســەڵات بە سەر ئەوانی دیکەدا. ئێمە بە زۆری لە پێناســەی دەســەڵاتدا دەڵێین، کە بریتییە لە توانــای کاریگەر بوون بە ســەر ئەوانی دیکــەوە، بۆ ئەوەی ئەو دەرەنجامە بەدەســت بهێنین کە دەمانەوێت، بەڵام ڕەنگە مەســەلەکە ئەوە بێت، لە هەنــدێ هەلومەرجدا ئەمە بە مانای ئەوە بێت، کە تەنیا بە کار کردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەتوانین ئەو دەرەنجامانە بەدەست بهێنین. ئێمە بیرکردنەوەی خۆمان بە تەواوەتی لەگەڵ ئەمەدا نەگونجاندووە.

ئەو مشتومڕەی من لەم کتێبەدا دەیخەمە ڕوو ئەوەیە، ئەگەر

ئێمە دەمانەوێت مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە جیهانەدا بکەین، ئەوا دەبێت وردتر و ژیرتر بین کاتێک لەبارەی دەســەڵاتەوە بیر دەکەینەوە. کاتێک، قوتابی بووم لە ئۆکســفۆرد، چەند ساڵێک پێش ئێســتا، گوێم لە موحازەرەکانــی (ئەی جەی پی تایلۆر) دەگرت، کە مێژوونووسێکی مەزن بوو لە ئۆکسفۆرد، کتێبێکی زۆر جوانی نووســیوە، (struggle for the master of Europe)، لەو کتێبەدا، تایلۆر بەو شێوەیە پێناسەی هێزی مەزن دەکات، کــە بریتییە لەو هێزەی ســوپاکەی لە شــەڕدا ســەرکەوتوو دەبێــت، بەڵام لەمــڕۆدا، لــە ڕۆژگاری زانیاریدا، لــە کاتێکدا توانای باڵادەســت بــوون لە جەنگدا گرنگیی خۆی لەدەســت نــەداوە، بەڵام ئەمە بەس نییە. لــە ڕۆژگاری زانیاریدا ڕەنگە ئەوەی چیرۆکی: کێ سەرکەوتوو دەبێت؟ هێندەی ئەوە گرنگ بێت کە ســوپای کێ ســەرکەوتوو دەبێت؟ ئەوەش کێشــەیە، لەبەر ئــەوەی ئەگەر تەنیا لە ڕووی ئەوەوە بیر بکەینەوە کە سوپای کێ ســەرکەوتوو دەبێت، ئەوا مەترســییەکە تەنیا لە ســەر تەختەی سەرەوەدا چڕ دەبێتەوە، وەک کە ئاماژەم پێ کرد بۆ ئێوە. تەواوی گەمەی تەختە سێ ڕەهەندییەکە نادیدە دەگرێــت. یاخــود ئەگەر بە دەربڕینێکی دیکە گوزارشــتی لێ بکەین، ئەگەر چەکوشێک بدەیتە دەست منداڵێکی بچووکەوە، ئەوا هەموو جیهان دەبێتە بزمارێک.

ئەگــەر تــۆ خاوەنــی باڵادەســتییەکی ســەربازیی یەکجار گــەورەش بیــت، ئەوا بۆغرا دەبیت وا بیــر بکەیتەوە کە ئەوە چارەســەرەکەیە، بــەڵام ئەمە چارەســەرەکە نییــە. لە کوێدا هێزی ســەربازی دژی هەندێ لەو شــتانە بەکار دەهێنیت کە ئاماژەم پێ کردن؟ ســیوولەی دارایی، ســیوولەی ئینتەرنێت (cyber flows)، پرســەکانی پەیوەســت بــە گۆڕانــی ژینگــە، پەتــاکان. ئەو ئاســتەنگە گەورانە پێویســتیان بــە چەمکێکی جیاوازی دەســەڵات هەیە. دەســەڵات لەگەڵ، ئەوانی دیکەدا،

نەک دەســەڵات بە ســەر، ئەوانی دیکەدا. هەروەها وامان لێ دەخوازێــت سیاســەتی پەیوەســت بە دەســەڵاتی زیرەکمان هەبێت، کە فێری ئەوە دەبین چۆن ســەرچاوەکانی دەسەڵاتی زبر و دەســەڵاتی نەرم تێکەڵ بکەین بۆ بەدەست هێنانی ئەو دەرەنجامەی کە دەمانەوێت.

دەمەوێت پێتان بڵێم، ئێمە کارێکی باش دەکەین لە بەدەست هێنانی بەرەو پێش چوون لەم ڕووەوە. من ترسم هەیە لەوەی مەسەلەکە بەم شێوەیە نەبێت. باوەڕم وا نییە بیرکردنەوەمان لەبارەی دەسەڵاتەوە هاوشان بێت بە بیرکردنەوە لەبارەی ئەم دوو گواســتنەوە مەزنەی دەســەڵاتەوە، کە دەبێت مامەڵەیان لەگەڵــدا بکەیــن، گواســتنەوەی دەســەڵات و بــڵا بوونەوەی دەسەڵات، بەڵام ئومێد دەکەم کە خێراتر فێر بین وەک لەوەی لە ساڵی ١٩١٤دا فێر بووین.

بە هەر حاڵ، زۆر سوپاسی هەمووتان دەکەم.



■ پرسیار و وەڵام

*ســێر جێرمی گرینســتیک: هەندێ شــت هەن لەو بارەیەوە کە دەمەوێت پرســیار لە پرۆفیسۆر (نای) بکەم. ئەم بەشەی گفتوگۆکــە، وەک موحــازەرە تۆمــار دەکرێــت و لــە لایــەن ڕاگەیاندنــەوە دەتواندرێــت بــەکار بهێندرێــت. کەواتە تکایە ئەمەتان لە بیر بێت.*

*جــۆ: بــڵاو بوونــەوەی دەســەڵات، پێویســتی بــە چەندین لێکدانــەوەی بــەردەوام هەیــە. بــە لای منــەوە دووبــارە ڕەنگرێژ کردنەوەی لێــک چواندنەکەت لەبارەی تەختەی فرە ڕەهەندییەکــەوە، تۆ دەســەڵاتی ئابووری لەگەڵ دەســەڵاتی ســەربازیدا دەخەیتــە دەســتی دەوڵەتەوە. پرســی ســەروو نەتەوەیی یەکێک بوو لە بەشەکانی تەختەکە، تێیدا ڕای گشتی و فرەیی کارەکتەری نێودەوڵەتی و نانێودەوڵەتی کاریگەرییان*

دەبێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە، بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد، قەوارەکان، جگە لە حکوومەت، کاریگەریی ئابوورییان دەبێت لە سەر بەرەو پێش چوونی ئابووری لە سەرتاسەری جیهاندا. تەنیا بڕوانە کەرتی تایبەت، کەرتی فرەڕەگەز، فرەنەتەوە، کە لە هەلومەرجێکی پتر دیموکراسیدا کارەکانی خۆی بەڕێوە دەبات بە بێ ئەوەی پشت بە دەوڵەت ببەستێت بۆ ئەوەی گورڕ و تینی ئەنجامدانی ئەو کارەیان پێ بدات. ئێستا ئەمە ماوەی سەدەیەکە دروستە، هەموو کاتێکیش پتر ڕاست و دروست دەردەچێت، بەڵام تەنانەت لەوەش زیاتر، کاتێک مەسەلەکە دێتە سەر گرووپی بچووک و سەر تاکە کەس، ئەوانەی ڕەفتاریان باشە و پابەندن بە سەروەریی یاساوە، ئەوا ژمارەیەکی یەکجار زۆری (بۆنێو: مدخلات: *input*) هەیە، کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەتانەوەن، تەنانەت هەندێ جار، دەوڵەت، کۆنترۆڵی ئەوە لە دەست دەدات کاریگەریی هەبێت لە نێو ئەو گرووپانەدا. لە نێو هەموو ئەوانەشەوە، کە ئەمە تەنیا لەسەر ئاستی ئابووری ڕاست نییە، مەیلێک هەیە بەرەو پارچە پارچە بوون، لەبەر ئەوەی خەڵکانێکی زیاتر ئازادیی ئەوەیان هەیە بایەخ بە بەرژەوەندی و کاروباری خۆیان بدەن، بێ هیچ دەست تێوەردانێک، یان کۆنترۆڵێک، لە لایەن حکوومەتەوە. هەروەها دەتوانین ببینین کە مەیلێک هەیە، لە سروشتی ڕووداوەکانی جیهاندا، بەرەو بوارێک کە ئازادییەکی پتری تێدا بێت، تێیدا خەڵکی خەریکی کارەکانی خۆیانن، کە بێ شی کردنەوە، بێ ئامار، کۆ کردنەوەی گشتەکە بە وردی کراوە، بێ کۆنترۆڵی پەیوەست بە سنووربەندییەکانی یاسا، بێ ئەوەی خەڵکی توانای ڕاڤەی تەوژمی دوورمەودایان هەبێت، ئەوەش شتێکە دەمەوێت قسەیەکم لەبارەیەوە هەبێت، لە ڕووی پرسی ئایندەی دەسەڵاتەوە بۆ کۆمەڵێک کاریگەری کە سەرچاوەکەیان تاکە کەسە، کە کاریگەرییەکی گەورەتر و

پێشبینی نەکراون. هەندێ جاریش حەشاماتەکە بە پەلە بەرەو لایەکی دیکەی کەشتییەکە دەبەن (هەروەک لە بازاڕەکاندا، هەروەک لە ڕای گشتیدا دەیبینین)، دواتر زۆر بە خێرایی بگەڕێوە، لە لەرۆزکیی نرخی نەوت بڕوانە. هەندێ جاریش خەڵکانێک لە دۆخێکدا جێ دەهێڵن کە وایان لێ دەکات بە شێوەیەک بیر بکەنەوە کە ئەوان بە هیچ شێوەیەک لەوە تێناگەن کە ڕوو دەدات.

بوارێکی دیکە کە دەمەوێت لەبارەیەوە بدوێم، ئەوەیە ئایا لەم ڕێڕۆیشتنە بە تین و تاوەی سەرهەڵدانی دەسەڵاتەکاندا، کە خەریکە ئێمە ناچار بین لێرەدا پێی بڵێین دەسەڵاتەیلی دەرکەوتوو، کە لە ئارادان، ئێمەش گفتوگۆیان لەبارەوە دەکەین. ئێمە دەزانین چۆن قسەیان لەبارەوە دەکەین. ئێمە هەست بە دەسەڵاتەکەیان دەکەین. ئایا ئەم سروشتەی دەسەڵات کە لە دەرکەوتندایە سنوورێکی هەیە؟

من هەندێ جار لە ڕاڤە کردنەکانمدا بۆ ئەوەی ڕوو دەدات، ئەو بۆچوونەم لە لا دروست دەبێت، کە ئێمە بە ڕاستی دەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی، کە تۆ بە گەڕانەوە بۆ ئاسیا دەستت پێ کرد، کە نیوەی جیهان پێک دەهێنێت. ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ گۆڕەپانێکی یەکسان کە تێیدا، لە ڕاستیدا، لە سەر ئاستی نەتەوەیی و لە سەر ئاستی تاکە کەس، شتان لە سەر بنەڕەتی شایستە بوون بنیات نراون. پێوەری شایستە بوونیش پتر ئابوورین نەک سەربازی یان سیاسی. ئێمە کەوتووینەتە ژێر کاری ڕووداو و تەوژم و کارەسات و دەرفەتەیلی سەروو نەتەوەیی پێشبینی نەکراوەوە، بەڵام پێوەری ڕاستەقینەی بەکار هێنانی دەسەڵات لەسەر ئاستی نەتەوەیی یان ئاستی خوار نەتەوەییەوە، پتر لە هەر شتێکی دیکە ئاراستەیەکی ئابووری وەردەگرێت. ئایا ئەمە لێکدانەوەیەکی ڕاستە؟ ئایا ئەمە چ پەیوەندییەکی هەیە لەگەڵ ئەو وێنەیەی تۆ لەبارەی

*ئاییندەی دەسەڵاتەوە هەتە، ئەگەر زیاتر لە سنووری دەوڵەتان دەڕوات؟*

جۆزێف نای: ئەوانە پرسیارگەلی زۆر باشن جێرمی. لە بنەڕەتدا لەبارەی پرسیاری یەکەمتەوە، ئەوا ئەو ڕۆڵێکی نائاساییانەی بازاڕ و تەکنەلۆژیای زانیاری دەیبینن بۆ توانادار کردنی کارەکتەرانی تایبەت، بەشێکن لە بڵاو بوونەوەی دەسەڵات. هەندێ جار لە ڕۆڵی کۆمپانیای گەورەدا بەرجەستە دەبێت. ئێمە کۆمپانیای چەشنی (شێڵ)مان هەیە، کە فرۆشی ساڵانەی پەنجا جار زیاترە لە تێکڕای داهاتی ناوخۆیی وڵاتی جامایکا، کە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرییە. کەواتە جیاوازیگەلێک هەیە لە نێوان مەودا و جێبەجێ کردنی ئەو ستراتیژانەی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کۆمپانیاکانی ئێستا دەتوانن بیکەن، کە لە ڕۆژگاری کۆمپانیای هیندستانی ڕۆژهەڵاتدا نەیاندەتوانی بیکەن، کە کەشتییەکانی فرۆشتن لە ڕۆیشتن و گەڕانەوەیاندا چەند مانگێکیان پێ دەچوو. هەروەها تاکە کەسیش هەن کە ئەم جۆرە دەسەڵاتەیان هەیە، هەروەک ئێوە ئاماژەتان پێ کرد. هەندێ تاکە کەس توانای هەژاندن یان داڕشتنی بازاڕەکانیان هەیە. دەکرێت توانای هەندێ تاکە کەس بۆ بەکار هێنانی سامانێکی گەورە جێی سەرسوڕمانێکی تەواو بن لە ڕووی کاریگەریی سیاسییەوە. هەندێ گرووپیش ئەم توانایەیان هەیە. ئەگەر لە کێشەکانی ئەمریکای ناوەند یان مەکسیکی ئەمڕۆ بڕوانیت، ئەوا لە بنەڕەتدا سەردەستە و تاقمی تلیاکفرۆش ئاستەنگێکی مەترسیداری دەوڵەتانن. کەواتە بە بۆچوونی من ئەمانە نموونەگەلێکن کە دەگونجێن لەگەڵ ئەو وەسف کردنەی تۆدا، کە بۆ بڵاو بوونەوەی دەسەڵات کردتان، لە نێویاندا دەسەڵاتی ئابووری لە دەستی کارەکتەرانی ناودەوڵەتیدا.

لەبارەی پرسیارەکەشەوە، کە ئایا سنوورێک هەیە بۆ

هەڵکشـــانی ئەوانی دیکە؟ ئایا هەموویـــان بەرەو ئەوە دەچن ببنە دەســـەڵاتی ئابووری؟ من حەز بەمە دەکەم. لە ڕاســـتیدا پێـم وایە چین بـەرەو ئەوە دەچێت دووچاری کێشـەگەلێکی دیـاری کـراو بێـت، کـە دەبنە هۆی ئـەوەی ڕێژەی گەشــە کردنەکەی کەم بکەنەوە. نەک تەنیا ڕێژەیەکی گەشـــە کردنی کەم بـووەوە دەبینیت، کاتێک داهاتی خەمڵێنراوی تاکە کەس نزیکـەی ١٠،٠٠٠ دۆلار دەبێـت، لە پەیوەند بە هاوســەنگیی هێـزی کڕینـەوە، بـەڵام چیـن لـە ڕووی دیموگرافیـاوە لە سـەروبەندی ئەوەدایە کە ئەو زێدەیەی دەیخاتە سەر هێزی کارەکـەی بەرەو کەم بوونەوە بچێت. هەروەک چینی خۆیان پێـی دەڵێن، ئەوەی ئـەوان نیگەرانن لەبارەیەوە، ئەوەیە پێش ئـەوەی دەوڵەمەند بن پیر بن. کەواتە هەمان سـنووردارێش لە سـەر هێزی ئابووریی چین دەبێت. ڕێژەی گەشـە کردنی لە سەدا دە بکرێت بە بناغەی ئەوەی، بەرەو داهاتوو هەنگاو هەڵبنێت، پتر کارێکی گێلانەیە.

بەڵام هێشتا دەسەڵاتی سەربازی ڕۆڵی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، جێی بایەخە کە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بڕوانیت: بۆچی ژاپـۆن و کۆریا و ڤێتنام و هیندسـتان دەیانەوێت ئەمریکا لە وڵاتەکەیاندا بێت؟ وەڵامەکە ئەوەیە لەبەر ئەوەی زۆر دڵنیا نین لەوەی چین چۆن دەسەڵاتی سەربازیی خۆی بەکار دەهێنێت، کاتێک ئەو دەسەڵاتە بەهێزتر دەبێت. کەواتە ئەگەر هاوشێوە کردنەکـە لـە ڕووی جیۆپۆلەتیکەوە وێنـا بکەیت، وەک ئەوە وایە کەنەدا و مەکسـیک خوازیـاری هاوپەیمانێتی بن لەگەڵ چینـدا بۆ ئـەوەی لە دژی ئەمریـکا پارێزراو بن. ئاشـکرایە مەسـەلەکەش بەم شـێوەیە نییە. هێزی نەرمی ئەمریکا وای کـردووە، ئـەو پەیوەندییە لەگەڵ دراوسـێکاندا کەمتر مایەی گرفت بێت.

تا ئەو کاتەی چین هێزی نەرم پەرە پێ دەدات کە ببێتە هۆی

ئەوەی هەڵکشانی هێزە سەربازییەکەی کەمتر مایەی هەڕەشە بێت بۆ دراوسێکانی، ئەوا پێم وایە ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە هاوسەنگ کردنی هێز لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا. (بێل ئیمۆت) لە کتێبەکەیدا بە ناوی ڕکابەران (Rivals) ئەمەی زۆر ڕوون نووسیوە. من پێم وایە ئەگەر ئێمە درک بەمە نەکەین، ئەوا خەڵکی دەڵێن چین بە بازاڕە زەبەلاحەکەیەوە بە سەر ئاسیادا باڵادەست دەبێت، ئەویش بە گرێدانی لووتکەی ASEAN (ئاسیان: بریتییە لە یەکێتیی وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا: Association of Southeast Asian Nations ). من وا بیر ناکەمەوە، لەبەر ئەوەی هێشتا خەڵکی نیگەرانیی ئەمنییان هەیە.

*پرسیاری یەکەم: لە پەیوەند بە گواستنەوەی دەسەڵاتەوە، گواستنەوەی دەسەڵات بەرەو ئاسیا. پێم وایە لە بەشێکیدا خێراتر بوونی ئەم ڕەوتە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمریکا و ئەوروپا پیشەسازیی خۆیان بەرەو ئاسیا برد، ئەویش یان لەبەر دەستی کاری هەرزان، یاخود لەبەر ئەوەی دۆست نەبوون لە سەر ئاستی ژینگەدا. ئایا پێت وایە کارێکی گێلانەیان کرد و کێشەیان بۆ خۆیان دروست کرد؟ کاتێک بۆیان دەرکەوت سەنتەرەکانی بەڕێوە بردن و دارایی، کە لە ئەوروپا و ئەمریکا هەیان بوو، ڕووبەڕووی قەیرانی ساڵی ٢٠٠٧/٢٠٠٨ بوونەتەوە؟ ئەمە خاڵێک، خاڵەکەی دیکە پەیوەستە بە بڵاو بوونەوەی دەسەڵات و ئاماژە کردنی ئێوە بە مەیدانی تەحریر لە میسر. ئاشکرایە، ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی (SOCIAL MEDIA) هاوکار بوو لەوەی گەنجانی میسر بتوانن مانۆڕێکی سەرکەوتووانە بە سەر هێزی پۆلیسی دەوڵەتدا بکەن، کەلێنی نێوان بژاردەی سیاسی و جەماوەری بەربڵاو پڕ بکەنەوە، بەڵام هەندێ کەس دەڵێن ئەمریکا برەوی بە ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی (SOCIAL MEDIA) داوە بۆ ئەوەی*

دەست لە وڵاتانی دیکە وەربدات، هەروەها بۆ سازدانی خەڵک بـۆ ئەوەی حکوومەت لە بەرژەوەندیی خۆیان بگۆڕن. ڕەنگە مەسەلەکە بەم شێوەیە نەبێت لە میسر، لەبەر ئەوەی ئەگەری زۆر بوو کە موبارەک دۆسـتێکی (پتر) جێ دڵنیایی بوایە بۆ ئەمریکا لە هەر حکوومەتێکی دیکە کە لە دوای ئەو دێت.

پرسـیاری دووەم: پێم وایە دوو شـت هەن کە ئێوە لە شی کردنەوەکەتاندا باسـتان نەکردووە، ئەگەرنا من تەواو هاوڕا دەبـووم. یەکەمیان بریتییە لە ئایین. چۆن ئەمە لەگەڵ ئەوەدا دەگونجێت کە ئێوە گوتتان؟ ئایا «ئازادی»ی ئایینە کە هێزی پاڵنەری ڕۆژاوایە؟ ئەگەر ئەمە نییە، ئەی چییە؟

ئـەوی دیکەیـان بریتییـە لـە کۆمپانیاگەلی جیهانـی. ئێوە ئاماژەتان بە کۆمپانیای شێڵ کرد. باشە، شێڵیش زۆر دەست ڕۆیشـتووە لە گوشـار کردن (lobbying) لەسەر حکوومەتی ئەمریـکا و حکوومەتـی بەریتانیا. گومانی تێدا نییە لە سـەر حکوومەتەکانـی دیکـەش. ئـەی چی دەڵێن لەبارەی شـەڕی ئینتەرنێتەوە (CYBER WAR) لە نێوان کۆمپانیاگەلی جیهانیدا؟ شەڕ تەنیا بەکار هێنانی چەکی کۆنی وەک بۆمبهاوێژ و تانک نییـە، حاڵی حازر کوشـتنی بـە ئامانج کراو هەیە. ئێسـتاش ئەمە بە شێوەیەکی تەواو ئاشکرا لە لایەن سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە گیراوەتە ئەستۆ، هەروەها گومانی تێدا نییە لە لایەن ئیسرائیلیشەوە.

پرسـیاری سێیەم: من پێم خۆشـە بەردەوام بم لە پرسیار کـردن لەبارەی بڵاو بوونەوەی دەسـەڵات و بە شـێوەیەکی تایبەت جەخت بکەمە سـەر کۆمپانیای جیهانی، کە دەسەڵات و دەست ڕۆیشتنێکی زەبەلاحی سەروو نەتەوەییان هەیە، کە بـە تەواوەتی لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەتی نەتەوەییەوەن، بـە تایبەتی پرسـی ئـەوەی پێـی دەڵێـن (tax havens)، «کە مەبەست لێی ئەو وڵاتە یان دەوڵەتەیە کە ڕێژەیەکی کەمتری

*باجـی هەیە بە بـەراورد بـە وڵاتانی دیکـە». خۆدزینەوە و خـۆلادان لـە دانی بـاج کە لە هەمـوو شـوێنێک کاریگەریی هەیە لە سـەر نەتەوەکان، هەروەها کاریگەریی هەیە لەسـەر گەندەڵـی و هـەژاری لـە بەشـەکانی دیکەی جیهاندا. ئێسـتا پرسیارەکەم ئەوەیە، لە چ لایەکەوە لێت بپرسم، ئایا هیچ بیر و بۆچوونێکت لەبارەی سیستەمی نوێی حوکمڕانییەوە هەیە؟ نـەک حکوومەت، حوکمڕانی، کـە بتوانێت دووبارە کۆنترۆڵی سیاسـی و دیموکراتی لەم ناوچەیەدا بگرێتەوە دەسـت؟ بەم دواییە (جێفری سـاش) پێشـنیاری ئەوەی کرد کە پێویسـتە گرووپـی ٢٠ پێکەوە کۆ ببنەوە و کارێک بکەن لەبارەی (TAX havens) حـەز دەکـەم بزانم ئێـوە چۆن بیر لەم مەسـەلەیە دەکەنەوە؟*

جۆزێف نای: ئایا دەبێت ئەمریکا و ئەوروپا پەشیمان ببنەوە لەوەی پیشەسـازییان بـەرەو چین برد؟ پێـم وا نییە دەبێت وا بێت. ئەمە لەگەڵ جیهانگیریدا شـتێکی حەتمی بوو. کاتێک تـۆ دەتەوێت ئەمە سـنووردار بکەیت، ئـەوا کارێک دەکەیت کە توانای ململانێـت نامێنێت. دەتوانیت بیر لە نموونەگەلێکی دیاری کراو بکەیتەوە، کە تێیدا پیشەسازییەک زیانی کردووە، یـان تێچووی هەیە، بەڵام لە مـەودای دووردا تەکنەلۆژیا بە مێـژوودا بڵاو دەبێتەوە. من وا بیر دەکەمەوە کە بە ڕاسـتی ئێمە، ئەوروپا و ئەمریکا، سـوودێکی زیاترمان لە جیهانگیری بینیـوە، کە ئەگـەر هەوڵی ڕاگرتنـی جیهانگیریمان بدایە، بەو شـێوەیە سـوودمەند نەدەبوویـن. لەبارەی گەمـە کردن بە ڕاگەیاندنـی کۆمەڵایەتییـەوە «social media»، پێم وا نییە نە ئەمریـکا و نـە هیچ کەسـێکی دیکە، توانـای ئەوەیان هەبێت گەمـە بە ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە « social media» بکەن. ئێـوە دەتوانن ئەوە بڵێن کـە ئەمریکییەکان، هەروەک ئێوەش دەزانن، فەیسبوک دەکەوێتە نێو پالۆ ئالتۆ: (PALO ALTO)وە،

(پالۆ ئالتۆ: کۆمپانیایەکی تۆڕی ئاسایشـــە، نووسینگەکەی لە کالیفۆڕنیایـــە، تۆڕەکانی ئینتەرنێـــت دەپارێزێت)، بەڵام ئەگەر تۆ ئەفســـەرێکی ئاسایشـــی ســـووریا بیت، ئایـــا چ ڕێگایەکی باشـــتر لە فەیســـبوک هەیـــە بۆ ئـــەوەی بزانیت دۆســـتان و هاوڕێیانی خۆپیشاندەران کێن؟ مەبەستم ئەوەیە دەکرێت ئەم تەکنەلۆژیایە بۆ سەرکوت کردنیش بەکار بهێندرێت، هەروەک چۆن دەکرێت بۆ ئازادیش بەکار بهێندرێت. کەواتە ئەمریکایی و حکوومەتی ئەمریکاش ئەوە کۆنترۆڵ ناکەن.

لەبارەی پرسیاری پەیوەست بە ئایینەوە. ئایین سەرچاوەیەکی مەزنی هێزی نەرمە. ئایینیش بێ ئەندازە گرنگ بووە، نەک تەنیا بە درێژایی مێژوو، بەڵکوو لە ماوەی دە ساڵی ڕابردووشدا، کە تێیدا هەڵکشانی جۆرێکی دیاری کراو لە ئیسلام، کە پەیوەست کرایەوە بە ئەلقاعیدە (بن لادن)ەوە، کاریگەرییەکی تێکدرانەی تەواوی هەبوو لە ســـەر سیاسەتی جیهان. کەواتە من هاوڕام لەگەڵتاندا لەبارەی گرنگیی ئایینەوە. چەندین مەسەلە هەن لە کتێبەکـــەدا، کە من دەرفەتی ئەوەم نەبـــووە لەم ماوە کەمەی قســـە کردندا گفتوگۆیان لەبارەوە بکـــەم، بەڵام لە پەیوەند بە کۆمپانیاکانەوە، کە ئەمە بە هەمان شـــێوە دەمانباتەوە ســـەر ( پرســـیاری ســـێیەم)، ئەوا کۆمپانیاکان دەسەڵاتێکی مەزنیان هەیـــە، بـــەڵام ئـــەوەی شایســـتەی بیرهێنانەوەیـــە لە پرســـی پەیوەند بە ســـەرچاوەکانی دەسەڵاتەوە، هەر سێ جۆرەکەی دەســـەڵات کە بریتین لە دەسەڵاتی ســـەربازی و ئابووری و هێزی نەرم ( کە لە شـــەرعیەتەوە ســـەرچاوە دەگرێت)، ئەوا کۆمپانیـــاکان ئەندازەیەکـــی گەورەی دەســـەڵاتی ئابوورییان هەیـــە، بـــەڵام هێزی ســـەربازییان نییـــە. حکوومەتـــەکان ئەم دەســـەڵاتەیان هەیە. ئەوان شـــەرعیەتێکی زۆریـــان نییە، لەو ڕووەوەی کە حکوومەتـــی باش بەڕێوە براو هەیەتی. کەواتە ڕاســـت نییە، تەنانەت لە بواری ئابووریشـــدا، کە کۆمپانیاکان

پێش حکوومەتەکان دەکەونەوە، بە شـێوەیەکی گشتی مەرج نییە ئەوان بەهێزتر بن لە حکوومەتەکان.

ئێستا دەتوانیت شتێکی هاوشێوەی ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی لەبـارەی (tax havens) ڕێک بخەیت. ئەوان هەندێکن، دەکرێت بەهێـز بکرێـن و دەبێـت کاری زیاتریـان لەگەڵـدا بکرێـت. ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووری و پەرەپێدان «OECD» هەندێ ڕێککەوتننامەی لەبارەی (tax havens)ـەوە کردووە، بەڵام من تـەواو هاوسـۆزم لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەی کـە حکوومەتەکان ڕێسـاکان دابنێن. بە دڵنیاییەوە یەکێک لە کێشـەکان، ئەوەیە کە هەموو حکوومەتەکان هاوڕا نین لەسەر ئەوەی چۆن ئەو ڕیسایانە دیاری بکەین کە پەیوەستن بە (tax havens)ـەوە.

*پرسـیاری چـوارم: مـن دەمەوێت پرسـیار بکـەم کە لەو ڕێڕەوەی ئێوە باسـی دەکـەن، ئایا ئایینـدەی ئەورووپا چۆن دەبینن؟*

*پرسیاری پێنجەم: چەمکی هێزی نەرم، کە ئێوە داتان هێناوە، لە نێوەندەکانی دارِشـتنی سیاسـەتدا چەمکێکی زۆر باوە، لە هەموو شـوێنێکدا، لە واشـنتن و لەندەن و پەکین. دەمەوێت پرسـیاری ئەوەت لێ بکەم ئایا پێت وایە حکوومەتەکان چۆن کارێـک دەکـەن کاتێک ئـەم چەمکە بـەکار دەهێنـن؟ کاتێک سیاسـەتمەدار و دارِێژەرانی سیاسـەت چەمکی دەسـەڵاتی نـەرم بـەکار دەهێنن، ئایا بە ڕاسـتی و دروسـتی ئەو کارە دەکەن؟ ئەگەر وا نییە، ئایا پێویسـتە چ بەرەو پێش چوونێک بهێننە دی؟*

*پرسیاری شەشەم: دەمەوێت ئەوەت لێ بپرسم، ئایا هەستت کـردووە هێزی نەرمی ئەمریکا بەهێـز بوو یان لاواز، کاتێک ئەمریکا هێزی زبری دژی ئوسامە بن لادن بەکار هێنا؟*

جۆزێف نای: لە ڕاستیدا من بە شێوەیەکی ڕێژەیی گەشبینم بە ئاییندەی ئەورووپا. من دەزانم ئەوە ناباوە. ئەگەر لە ئاییندەدا

بازاڕێک هەبێت بۆ ئەوروپا، ئەوا لێی دەکڕم، نەک پێی بفرۆشم. حاڵـی حازر، بازاڕ دووچاری پووکانـەوە هاتووە، نەک تەنیا بـە هۆی بازنەی بەردەوام، ئەو گەشـبینییەی بەرانبەر یۆرۆ هەیە کە ڕوو دەدات، بەڵکوو بە هۆی ئەو کێشانەشەوەیە کە دژوارییەکانی پەیوەسـت بە قەرزی سیادی دروستی دەکەن، بـەڵام پێم وایـە ئایدیای ئەوروپـی تەواو بەهێـزە. ئەگەر لە تواناکانی ئەوروپا بڕوانیت، مەبەستم ئەوەی کە دەتوانێت چی بکات؟ ئەوا مایەی سەرسوڕمانن. من لە کاتی وەسف کردنی قەبـارە و تواناکانی ئابووریی ئەوروپـادا ئاماژەم بەمە کرد. ئەگەر بڵێم چ شتێک لەبارەی ئەوروپاوە نیگەرانم دەکات، ئەوا بە ڕاسـتی ئەم پرسە دوو ڕووی هەیە. یەکەمیان بریتییە لەو ترسەی کە لە مەودای کورتدا ڕەنگە ئەوروپا بە ڕادەیەکی زۆر ئاراسـتەی ناوخۆی خۆی بکات. لە مەودای دووریشـدا ئەمە کێشـەیەکی دیموگرافییە. کەواتە ئەگـەر لە ئەوروپا بڕوانیت، ئەوا ئەمانە ئەو دوو پرسەن کە من نیگەرانم لەبارەیانەوە.

لەبارەی دەسەڵاتی نەرمەوە. ئەوا بەڵێ، شتێکی کەمەندکێشە کـە چەمکێک ببینی کـە من پەرەم پـێ داوە، وەک چەمکێکی ئەکادیمی کە لە لایەن سەرۆکی چینەوە بەکار هێندرا. هەروەها مـن ئاماژەم بە چەمکگەلی دیکەش کـرد، بەڵام زۆر بە هەڵە بەکار دەهێندرێن. بە زۆری خەڵکی وا بیر دەکەنەوە کە هێزی نەرم هەموو شـتێک دەگرێتەوە، هێزی سـەربازی نەبێت. لە ڕاستیدا، هێزی نەرم بریتییە لە توانای بەدەست هێنانی ئەوەی دەتەوێت لە ڕێی سـەرنج ڕاکێشـان و قەناعەت پێ هێنانەوە، بە بێ بەکار هێنانی ناچار کردن و بەخشـین، بەڵام بە زۆری خەڵکی وا بیر دەکەنەوە کە سـزا، سـزای ئابووری، بەشێکن لـە هێزی نەرم، بەڵام من بەو شـێوەیە پێناسـەم نەکردووە. هەڵبـەت ئێوە دەزانن کە هەندێ جار دەڵێن باشـترە ناوت لە سەر ڕۆژنامە بێت، ئەگەرچی بە هەڵەش نووسرا بێت.

لەبارەی پرسـی بـەکار هێنانی هێزی نـەرم و بن لادنەوە. هێشـتا ئێمە وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە نازانین. گومانم هەیە لـەوەی ئەمە سـوودبەخش بێت، بەڵکوو پتـر زیان بە هێزی نەرمـی ئەمریـکا دەگەیەنێـت. بن لادن هەوڵی دا ئەفسـانەی نەبەزین بخوڵقێنێت. بیر لە دەستەواژەکەی بکەنەوە کە گوتی هەموو کەس حەز بە ئەسـپی بەهێز دەکەن، ئەو هەسـتی وا بوو کە ئەمە ئاییندەیەتی. پێم وایە کوشتارەکانی بن لادن ئەم ئەفسانەیەی پەک خست.

بەڵام حاڵی حازر ئەم ئەفسـانەیە دەسەڵاتی خۆی لەدەست دەدات، بـە هـۆی بەهـاری عەرەبـەوە. ئێسـتا هـەروەک هاوشـێوەکانی ئەلقاعیدە دەڵێـن، «هیچ بەدیلێک نییە. بڕواننە ئـەم حکوومەتە ئۆتۆکراتانەی ناوچەکە. تاکـە بەدیل بریتییە لـە ئایدۆلۆژیاکەی ئێمە.» بەڵێ پێم وایـە مەیدانی تەحریر و بەهاری عەرەب ئەوەیان پیشـان دا، کە بەدیل هەیە. زۆربەی ئـەو ڕاپرسـیانەی بینومن، پیشـانی دەدەن کـە پێش ئەوەی بکوژرێت، ئەفسـانەکەی بن لادن لە ئـاوا بووندا بوو. کەواتە من بە ڕاستی باوەڕم وا نییە کە کوشتنی بن لادن بە ڕاستی دەبێتـە هـۆی لاواز کردنـی هێزی نەرمی ئەمریـکا. پێم وایە ئەگەری ئـەوە هەیە بەردەوام ببێتە هۆی لاواز کردنی هێزی نەرمی بن لادن، هێزی نەرمی دوای مردنی.

*پرسـیاری حەوتـەم: پرسـیارەکەی مـن لەبـارەی ڕۆڵـی ڕێکخراوگەلـی نێودەوڵەتییەوەیە، واتـە ڕێکخراوەکانی نێوان دەوڵەتان، بڵاو بوونەوەی دەسـەڵات، ئایـا ڕۆڵێکی گەورەتر دەبینن لە کارەکتەرانی نێودەوڵەتی؟ یان ڕۆڵێکی کەمتر ببینن، ئەویش بە دڵنیاییەوە وەک بەرهەم هاتووی دەوڵەتان؟*

*پرسـیاری هەشـتەم: پرسـیارەکەی مـن لەبـارەی ڕۆڵـی دەوڵەتەوەیـە. لەبەر ئەوەی ئێوە پێشـنیاری ئەوە دەکەن کە ئاسـتەنگەکانی بـەردەم وڵاتـە نوێیەکە ئەو کێشـانە نین، کە*

*هەرەشــەیەکی بوونایەتی لە دەوڵەتەکە دەکەن، کێشــەگەلێک نین کە بە هۆی بەکار هێنانی هێزی ســەربازییەوە چارەسەر بکرێــن، گۆڕانی ژینگە، نەخۆشــی، قەیرانی ئابــووری... هتد. بۆچــی ئێمە بــەردەوام تێڕوانینێک دەگرینە بــەر کە دەوڵەت پێگەی ناوەندی هەیە لە سیاسەتی جیهاندا؟*

*پرســیاری نۆیەم: ئەگەر ئێستا لە میانەی سەردانەکەتدا بۆ لەنــدەن داوات لێ بکرێــت، ئامۆژگاریی ســەرۆک وەزیرانی بەریتانیــا بکەیت، ئایا ئامۆژگاریــی دەکەیت، بۆ ئەوەی وەک دەرەنجامی جیهانگیری، یەکێتیی ئەورووپا جێ بهێڵێت؟*

جۆزێــف نــای: لەبــارەی ڕێکخراوەیلــی نێودەوڵەتــی و دەوڵەتانــەوە. ئــەوا ئەگــەر دەســتەواژەیەک لــە پەیڤەکانــی ئەوروپــا قەرز بکەیــن، ئەوا گــۆڕاوی جیومەتــری دەبینین. کۆمەڵــە ڕێکخراوێکی دیاری کراو نابینین کە باڵادەســت بن یان ڕێکخستن بکەن. من زۆر حەز دەکەم بەرەو پێش چوون ببینــم لــە بــواری دارایی و کاشــدا. لەم ڕووەوە ســندووقی نێودەوڵەتیــی دراو هەیــە. هەروەهــا گرووپــی ٧ هەیە وەک کۆمیتەیەکــی ئاراســتەکەر، کــە بەرفراوان کرا بــۆ گرووپی ٨، ئێســتاش بووەتــە گرووپــی ٢٠. ئەمانــە ڕێکخراوگەلێکن کــە ئەجێنــدا دیاری دەکەن. لە ڕاســتیدا خۆیــان هیچ ناکەن، بەڵام دەتوانــن چەند کارێک بکەن کە ســەرکردەکان پێکەوە کــۆ بکەنەوە، یاخود چوارچێوەیەک بۆ گفتوگۆکان دابنێن، کە دواتر بیرۆکراسیەتەکان ڕێک بخەن، کە دواتر بۆی هەیە ئەمە سەر بکێشێت بۆ دامەزراوەکان (وەک سندووقی نێودەوڵەتیی دراو کــە توانایەکــی مەترســیداری هەیە) بۆ ئــەوەی کاری توێژینــەوە و جێبەجێ کردن بــکات. کەواتە، من باوەڕم وایە ئێمە لەگەڵ ئەم ڕێکخراوانەدا، ڕێکخراوی تایبەتمەند بە ژینگە دەبینین، کە ڕێکخراوگەلێکی جۆراوجۆرن و شــێوەی جیاواز و ئەرکــی جیاوازیــان هەیە، یەکتــر تەواو دەکــەن. لەبارەی

پرسی ئەوەی بۆچی ئەو تێڕوانینەمان هەیە کە تێیدا دەوڵەت پێگەی ناوەندیی هەیە. ئەوا تا ئێستاش ئێمە دیلی ڕابردووین. هێشتا چەندین کەس هەن وا بیر دەکەنەوە کە دەوڵەتان تاکە شتێکی بایەخدارن. هەروەها چەندین کەسیش هەن پێیان وایە تاکــە فۆرمی دەســەڵات بریتییە لەو فۆرمــەی کە (ئەی جەی پی تایلۆر) باســی دەکات، بەڵام هەوڵی من لەم نووسینەدا بۆ ئەوە نییە بڵێم، وەک هەندێ کەس سەرگەرمانە دەڵێن، ئێمە لە ڕۆژگاری دوای دەوڵەتی نەتەوە یان دەوڵەتداین. چونکە ئێمە لەو ڕۆژگارەدا نین. ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە شانۆی سیاســەتی جیهانــی ئێســتا قەرەباڵغتــرە بە هــۆی هەبوونی کارەکتەر و پرسی دیکەوە. ئەمەش وامان لێ دەخوازێت نەڵێین دەوڵــەت بایەخی نییە، بەڵکوو دەبێت دەوڵەت بخەینە ڕێڕەوێکی فراوانترەوە. لەبارەی ئەوەی ئایا من ئامۆژگاریی بەریتانیا دەکەم بــۆ ئەوەی یەکێتیی ئەوروپا جێ بهێڵێت. ئەوا من بەم شــێوەیە بیــر ناکەمەوە، بەڵکــوو تەواو بــە پێچەوانەوە بیــر دەکەمەوە. بــاوەڕم وایە لــە بنەڕەتــدا بەریتانیا دەســت ڕۆیشــتوورییەکی زیاتری بەدەست هێناوە لە سیاسەتی جیهانیدا لە ڕێی بەشداری کردنییــەوە لە ئەوروپادا. ئەگەر تۆ هەمان باوەڕی منت هەبێت. ئــەوا مــن قوربانیی دەســتی هێزی نەرمــی بەریتانیــام. من لە (ئۆکسفۆرد ڕۆدێس)دا توێژەر (سکوڵەر) بووم، کەواتە بوومەتە (ئەنگلۆفیلیسد: کەسێکی سەرسام بە ئینگلیز) بۆ چەند ساڵێک، بەڵام هێشتا باوەڕم وایە بەریتانیا بەهایەکی زیاتری هەیە لە جیهاندا، پتر دەست ڕۆیشتووترە لە جیهاندا، بە هۆی بەشداری کردنــی لە ئەوروپادا. هەروەها وا بیر دەکەمەوە ئەوروپایەک کە بەرەو ئەوە دەڕوات گرنگییەکی بنەڕەتی بەدەست بهێنێت، وەک شەریکێک لە مامەڵە کردن لەگەڵ زۆرێک لەم ئاستەنگە ســەروو نەتەوەییانــەی ڕووبەڕوویــان بووینەتــەوە، ئەگەر بەریتانیــا لە خۆ بگرێت، لە پێگەیەکی باشــتردا دەبێت. لەبەر

ئەوە ئامۆژگارییی من ئەوە نییە جێی بهێڵێت.

*سێر جێرمی گرینستۆک: دەتوانم تۆزێک زیاتر پێداگیریت لە سەر بکەم لەبارەی پرسیاری دووەمەوە دەربارەی ناوەندایەتیی دەوڵەت؟ کاتێک خەڵکانێکی زانیاریی زیاتر بەدەست دەهێنن و دەسەڵاتی تاکە کەسی زیاتریان دەبێت، ئایا خودی سروشتی سیاسەت ئەوە نییە بگۆڕێت؟ ڕەنگە ئەمە پرسێک بێت پتر پەیوەست بێت بە نەوەکانەوە، زیاتر لە هەر شتێکی دیکە، سیاسەتمەدارانی نەریتی متمانە لەدەست دەدەن، بە تایبەت لە لایەن چینی گەنجانەوە. کاتێکیش ئاڵۆزیی شتان بە سەریاندا زاڵ دەبێت، ئەوا ڕێزگرتن لە حکوومەت بەرەو پووکانەوە دەچێت. ئایا پێویست ناکات، لە ئاییندەی دەسەڵاتدا، باس لە پەیوەندیی جیاوازی حکوومەتەکان بە گەلانی خۆیانەوە بکەیت؟*

جۆزێف نای: بەڵێ زۆر پێویستە. من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا. لە ڕاستیدا لە کتێبێکی دیکەدا کە من جارێکیان نووسیمەوە، ناونیشانەکە بریتی بوو لە بۆچی خەڵکی متمانە بە حکوومەت ناکەن؟ «why people dont trust government». پێم وایە لەم ڕۆژگاری زانیارییەدا، ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە، کە شێوازی هیرارکیەتی ملکەچی و ڕێزگرتن بە ڕادەیەکی مەزن بەهایان لەدەست داوە، بەو پێیە دەبێت وەک سەرکردە شێوازی جیاواز بگریتە بەر کاتێک ڕوو دەکەیتە خەڵک. لە ڕۆژگاری پیشەسازیدا، سەرکردەکان وەک پاشای چیاکە بوون، فەرمانەکانیان دادەبەزاند بۆ ئەوانەی لە خواریانەوە بوون. لە سەردەمی زانیاریدا، سەرکردەکان زیاتر وەک ئەوە وان، کە لە چەقی بازنەیەکدا بن، کە دەبێت ئەوانی دیکە بە لای خۆتدا ڕابکێشیت. ئەمە گرنگیی هێزی نەرمە و حیکایەتیش پتەوتر دەکات. ئەو سەرکردەیەی بە ڕاستی لێهاتووە، بریتییە لەو سەرکردەیەی، پیاو بێت یان ئافرەت، کە

دەتوانێت پەرە بە حیکایەتێک بدات لەبارەی دیموکراسییەوە کە خەڵکی بە لای خۆیدا ڕابکێشێت. ئاشکرایە ئەم ڕاکێشانەش لە پێناوی دەنگدایە، بەڵام بە هەمان شێوە لە پێناو بەدەست هێنانی پشتیوانیشە، بەڵام دەبێت حیکایەتێک بێت لە یەک کاتدا گوێگری دەرەکی، یاخود چەند گوێگرێکی جیاواز بە لای خۆیدا ڕابکێشێت. ئەوەش کارێکی دژوارە.

جۆرج دەبلیوو بوش، حیکایەتێکی زۆر سەرنج ڕاکێشی هەبوو بە لای زۆرێک لە ئەمریکییەکانەوە، ئەو ناوی لێنا « ئەجێندای ئازادی»، بەڵام لە جیهانی دەرەوەدا زۆر کەس بە حیکایەتێکی دووڕووییانەیان دادەنا. لەبەر ئەوەی لەگەڵ کردەوەکانیدا یەکی نەدەگرتەوە. پێم وایە ئۆباما، بە حیکایەتەکەی، کارێکی باشتری کردووە، لە ئاشت کردنەوەی گوێگری ناوخۆ و دەرەکیش، بەڵام ئەمە کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی هەر سەرکردەیەک لەم ڕۆژگاری زانیارییەدا کە قسە دەکات، دەبێت درک بەوە بکات تەنیا گوێگرێک یان دووان، یاخود کەناڵێک یان دوو کەناڵ لە ئارادا نین. ئێستا لە حاڵەتی هەبوونی «blogosphere»داین، کە زۆر جار ئەم دەستەواژەیە لە لایەن زۆر لە میدیاکانەوە لە بری ئینتەرنێت بەکار دێت، کە چەندین گوێگر و ڕاڤەکار و کەناڵ لەخۆ دەگرێت. کەواتە ئەمە زۆر دژوارترە.

*پرسیاری دەیەم: من دەمەوێت بپرسم کاتێک ئێوە لە ساڵی ١٩٩٠دا پێناسەی هێزی نەرمتان کرد، کە دواتر لە بەرانبەر چەمکی ئێوەدا بۆ هێزی نەرم، هێزی زبر پێناسە کرا. دواتر (سۆزان نۆسێل) لە ساڵی ٢٠٠٤دا پێناسەی هێزی زیرەکی کرد. ئایا باوەڕت وا نییە ئەمە بۆ جیهانێکی دابەش بوو کرا بێت؟ ئێستا ئێوە گوتتان کە ئێمە لە سەردەمی شۆڕشی زانیاریداین لە جیهانێکی جیاوازدا. هەروەها ئێوە گوتتان جیهانگیریی ئابووری بۆی هەیە سوود بەخش بێت بۆ هەموومان. ئایا*

*پێت وا نییە جیهانگیریی یاسـاییانەی نێودەوڵەتی و جێبەجێ کردنی هەمان ستاندارد بە سەر تێکڕای دەوڵەتاندا، بە هەمان شێوە سوود بەخش دەبێت بۆ هەمووومان؟*

*پرسـیاری یازدەم: بە لای منەوە باشـتر بـوو کاردانەوەی حکوومەتـی بەریتانیا بەرانبـەر بەهاری عەرەب پێدانی چەک بوایـە. دەمەوێـت بپرسـم، ئایـا لـە تێڕوانینی ئێـوەدا، هیچ ئاییندەیـەک هەیە بۆ هێـزی زبری بەریتانیا؟ ئایا بەرەو ئەوە دەچیـن بتوانیـن دەسـتبەرداری کاردانەوەی ڕاسـتەوخۆی هێـزی زبـر بین لە ئاسـت ناکۆکیی جیهانیـدا؟ ئێمە هێزێکی نەرمی زۆر بەهێزمان هەیە، ئێمە هەمیشە هەمان بووە، بەڵام پێ دەچێت لێرەدا سـەخت بێت کە زاڵ بین بەسەر حیکایەتی هێزی زبردا.*

*پرسیاری دوازدەم: لەبارەی پرسی ناوەندایەتیی دەوڵەتەوە. وتارێکـی کۆتایـی هەفتـە هەیە لـە لایەن (جیلیـان تێت)ەوە لـە فاینانشـاڵ تایمز، کە جێی بایـەخ پێدانە (بـەڵام خۆی لە ڕووی پەروەردەی ئەکادیمییەوە ئەنترۆپۆلۆژیستە) لەبارەی بنیاتنانـی نەتـەوەوە لـەو وڵاتانەی یـان هەرێمانەی چەمکی نەتەوەیـان نییـە. ئـەوەش دژیەکییەکی ڕاسـتەقینە بوو، کە خاوەنـی پەیوەندیی خێزانین، خاوەنـی پەیوەندیی هەرێمین، خاوەنـی پەیوەندیی ئایینین، بەڵام خاوەنی چەمکی نەتەوەیی نین. ئەمەش تەنیا ١٥٠ سـاڵ پێش ئێسـتا لە ئیتالیا ڕووی دا. کەواتە ئایا بنیاتنانی نەتەوە بە ڕاستی چەمکێکی بەرتەسکترە، کە دەبێت پێداچوونەوەی بۆ بکرێت؟*

جۆزێف نای: لەبارەی پرسـیاری یەکەمـەوە لە پەیوەند بە یاسـای نێودەوڵەتییەوە. ئێمە هەندێ یاسـای نێودەوڵەتیمان هەیـە لە بەڵێننامـەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا. شـتێکی جوان دەبێت ئەگەر وێنای جیهانێک بکەین تێیدا بە یەکسانی بەسەر تێکڕای دەوڵەتاندا جێبەجێ بکرێت. من پێشـبینیی ئەوە ناکەم

بەم زووانە ئەمە ڕوو بدات. ڕاڤە و جیاوازیگەلێکی زۆر هەیە لە یاسـای نێودەوڵەتیدا، کە وایان کرد چەمکێکی سـنووردار بێت، ئەگەرچی چەمکێکی جوانیشـە. من نامەوێت نکووڵی لە گرنگیـی یاسـای نێودەوڵەتـی بکەم، بەڵکوو تەنها مەبەسـتم ئەوەیـە گریمانـەی ئەوە بکـەم کە ئەگـەر بەرپرسـیارێتیی پاراسـتن لە ئەسـتۆ بگریت. ئـەوا کۆمەڵەی گشـتیی نەتەوە یەکگرتـووەکان بە کۆی دەنگ ئەمەی لە سـاڵی٢٠٠٥دا گرتە ئەسـتۆ، بەڵام چەندیـن تاوان لـە دوای ٢٠٠٥ و پێش ٢٠١١ ڕوویـان داوە. تەنیا کاتێک وا دەرکـەوت کە بەنغازی دەبێتە سـربرینیچایەکی دیکە، ئایا یاسایەک لە ئەنجومەنی ئاسایش دەرنەچوو بۆ پاراسـتنی هاووڵاتیانی بەنغازی؟ سـەرنج بدە لـەو دەوڵەتانـەی دەنگیان نەدا، ڕووسـیا، چیـن، بەرازیل و تەنانـەت ئەڵمانیا. کەواتە، هەروەک دەزانن، ڕێیەکی درێژمان لە پێشـە. هەموو ئـەم دەوڵەتانەی بە ڕێککـەوت دەنگیان بۆ بەرپرسـیارێتیی پاراسـتن دا لە سـاڵی ٢٠٠٥دا، بەڵام کاتێک مەسـەلەکە هاتە سـەر جێبەجێ کردنـی، دەنگیان پـێ نەدا. کەواتـە پێم وایە ئێمە تـەواو دوورین لە بینینی ئەو جیهانەی کـە تۆ دەڵێیـت خوازیارین ببینین. لە پەیوەند بە پرسـیاری بەریتانیـا و هێـزی نەرمـەوە. ئەوا بە ڕاسـتی بـاوەڕم وایە بەریتانیا توانای هێزی نەرم و هێزی زبریشی هەیە. مەبەستم ئەوەیـە بەریتانیا هێزێکی نەرمی زۆری هەیە، هەمیشـە ئەم هێـزەی هەبووە لە ڕێـی زانکۆکانی، لە ڕێی (بی بی سـی)... هتد. ئەوانەش سـەرمایەی مەزنن، بـەڵام من پێم خۆش نییە بەریتانیا هێزی زبری خۆی لە دەست بدات. پێم وایە یەکێک لە مەسـەلە سەرنج ڕاکێشەکانی بەریتانیا ئەوەیە کە دەوڵەتێکی ئەوروپییە و دەتوانێت هەردوو دەسەڵاتەکەی هەبێت. بە لای منیشەوە ئەوە هێزی زیرەکە. لە ڕاستیدا من ئەو چەمکە بەکار دەهێنم کە (سـوزان نۆسـێل) بەکاری هێنا، هێزی زیرەک، لە


کتێبێکدا، یان وتارێکی سەربەخۆ، یان بە جیا. من لە کتێبەکەی ٢٠٠٤مدا چەمکەکەم بەکار هێنا بۆ دڵنیا بوون لەوەی خەڵکی وا بیر ناکەنەوە کە هێزی نەرم بەس بێت، بەڵکوو بە ڕاستی پێویستت بە هەردووکیانە، تێکەڵ کردنیان بریتییە لەوەی من پێی دەڵێم هێزی زیرەک.

لەبارەی پرسیاری نەتەوەوە. ئەوا ئەمە خاڵێکی زۆر باشە. چەند دەوڵەتێکی نەتەوەیی کەم هەن لە جیهاندا. ئەگەر مەبەستت لە یەکە سیاسییەکان بێت، ئەوا دەتوانین بەوە گوزارشتی لێ بکەین کە هەستێکی چڕ هەیە لە سۆزی ئیتنی یان زمانەوانی لەگەڵ شێوەی سنوورە سیاسییەکاندا، زۆر لە وڵاتانی جیهان دەوڵەتی نەتەوەیی نین بە مانای کلاسیکییەکەی. دواتر دێینە سەر ئەوەی پرسی بنیاتنانی نەتەوە چییە؟ شتێک کە بە لای منەوە ڕوون بێت ئەوەیە، بنیاتنانی نەتەوە لە دەرەوەڕا ناکرێت. پێویستە بە تێپەڕ بوونی کات خەڵک پێکەوە کار بکەن و بە سەر جیاوازییەکانیاندا زاڵ بن، بەڵام سەپاندنی بنیاتنانی نەتەوە لە دەرەوەڕا، بە تایبەتی لە لایەن ڕۆژاواوە، کارێکی بێ هوودەیە. کەواتە پێم وایە ئەو خاڵە بنەڕەتییەی باست کرد، کە لە وتارەکەی (جیلیان تێت)دا ئاماژەی پێ کراوە، ڕاست و دروستە.



# سیاسەتی دەرەکی
# لە ناوخۆوە دەست پێ دەکات

ڕیچارد هاس




*پەنەڵێک لەسەر کتێبی (foreign policy begins at home)ی (ریچارد هاس) کە ئیستا سەرۆکی ئامۆژگای ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەیە. ئەم کتێبە لە مانگی نیساندا دەرچووە، یەکێکە لەو کتێبانەی رەوتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە جیهاندا دیاری دەکات. لەبەر ئەوەی هاس خۆی سەرۆکی ستافی پلاندانان بووە لە ئیدارەی بوش، بۆیە سەرۆکی ئیستای ئەمریکاش بایەخ بەم کتێبە دەدات. ئێمە بە پێویستمان زانی ئەم پەنەڵە بکەین بە کوردی و خوێنەران لە زاری (ریچارد هاس)ەوە بیخوێننەوە. ئەم کتێبە چەند گرنگە، لەمەش زیاتر ئەم پەنەڵە کۆمەڵێک پرسیاری گرنگ لە دەرەوەی ئەو کتێبەدا دەورووژێنێت و ریچارد هاس وەڵامیان دەداتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر ئەم پەنەڵە لە خوێندنەوەی کتێبەکە گرنگتر نەبێت، ئەوا لایەنی کەم ناوەرۆکی کتێبەکە بە خوێنەران ئاشنا دەکات.*

*پیتەر ڕۆبەرتسۆن: ئێوارە باش بەڕێزان، سوپاسی هەمووتان دەکەم کە ئەم شەوە لێرە ئامادە بوون، لە بری ئەنجومەنی کاروباری جیهانیی کالیفۆرنیای باشوور و ئەنجومەنی پەیوەندیی دەرەکی، پێمان خۆشە بەخێرهاتنتان بکەین بۆ پرۆگرامەکەمان، لەبارەی دوووبارە جەخت کردنەوە لە سەر سیاسەتی دەرەوە لە بەرەی ناوخۆدا، ئێمە خۆشحاڵ و شەرەفمەندین کە ئەم شەوە (د. ڕیچارد هاس)مان لەگەڵە کە سەرۆکی ئەنجومەنی پەیوەندیی درەکییە، من ناوم (پیتەر ڕۆبەرتسۆن)ە، سەرۆکی بۆردی ئەنجومەنی کاروباری جیهانیی کالیفۆرنیای باشوورم. ئەمەش بەختەوەرییەکی تایبەتە بۆ من، چونکە ئەوەندە خۆشبەخت بووم کە هەندێ کار لەگەڵ د. ڕیچارد هاسدا بکەم. پێش ئەوەی دەست پێ بکەم با ساتێک تەرخان بکەین بۆ سوپاس کردنی ئەندامەکان، بۆ پشتیوانی کردنیان لە ئەنجومەنی کاروباری جیهانی و پێشوازی کردن لە هەر ئەندامێکی نوێ. ئەندامەکانمان*

بناغەی ئەو کارە دەستەبەر دەکەن کە ئێمە دەیکەین، ئێمەش ناتوانین وەک پێویست سوپاسیان بکەین بۆ ئەو وەبەرهێنانە بەردەوامەیـان لە ئەنجومەنی کاروباری جیهانیدا. ئەگەر ئێوە میوانن، ئەوا ئومێد دەکەین لە داهاتوودا ببنە ئەندام، بۆ ئەوەی سـوود لەم دەرفەتـە تایبەتانە وەربگـرن، وەک بەرنامەکەی ئەمشـەو، هەروەهـا دەمانەوێـت بەخێرهاتنـی ئەندامانـی ئەنجومەنـی پەیوەندیی دەرەکی بکەیـن، هەروەها میوانانمان لە ئەنسـتتیوتی ناشناڵ دیموکراتی. ئەم بەرنامەیەی ئەمشەو بـۆ ڕادیـۆ و تەلەفزیـۆن تۆمار کـراوە، لەگـەڵ ئەندازیاری دەنـگ بەڕێـز دەیڤید ئۆگیلڤیـد، هەروەها ئەندازیـاری ڤیدیۆ بەڕێز نێرڤ مەکەسـباک. دەمەوێت سـەرۆکی دانیشتنەکەی ئەمشـەوتان پێ بناسێنم، مایکڵ نۆت، پرۆفسیۆری سیاسەتی گشـتی لە کالیفۆرنیا لە بێرکلی، ئـەو هەگبەیەکی هەمەڕەنگی هەیـە لـە بواری ئەکادیمیا و حکوومـەت و کەرتی تایبەتدا و پسپۆڕە لە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، کاروباری نێودەوڵەتی و زانست و تەکنەلۆجیادا.

مایـکڵ نـۆت: لە بـری ئەنجومەنـی کاروبـاری جیهانی و ئەنجومەنـی پەیوەندییەکانـی دەرەوە، مـن، مایـکڵ نـۆت، سـەرۆکایەتیی دانیشـتنی ئەمشـەو دەکـەم، ئێسـتاش جێی خۆشـحاڵیمە کە میوانە تایبەتەکەتان پێ بناسـێنم، د. ڕیچارد هـاس، کە سـەرۆکی ئەنجومەنـی پەیوەندیـی دەرەوەیە، لە تەمموزی سـاڵی ٢٠٠٣وە ئەم پۆسـتەی بە دەسـتەوەیە. لە کانوونی دووەمی سـاڵی ٢٠٠١ـەوە تاکوو حوزەیرانی ٢٠٠٣ د. ڕیچارد بەڕێوەبەری پلاندانانی سیاسـی بوو لە وەزارەتی دەرەوە و ڕاوێـژکاری سـەرەکیی وەزیـری دەرەوە، کۆڵـن پـاوەڵ بـوو. د. ڕیچارد ئەزموونێکی چڕتـری لە حکوومەتدا هەیـە، کاتێک ڕاوێژکاری باڵا بوو بـۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیکی باشووری ئاسـیا، کە لە ستافی ئەنجومەنی ئاسایشی

*نەتەوەییدا، پێشتریش لە وەزارەتی دەرەوە و بەرگریدا خزمەتی کردووە، پێش ئەوەش لە ئەنجومەنی پیراندا «legislative aid» (ئەو کەسەی هاوکاریی یاسادارێژەران دەکات و توێژینەوە دەکات و پرۆژەی یاسا ئامادە دەکات و پرس و را و راسپاردەیان بۆ بەرز دەکاتەوە) بووە. بەرێزان لێرەدا باسی رێکخستنەوەی ماڵی ئەمریکا دەکەین، تکایە لەگەڵ مندا بەخێرهاتنی د. ریچارد هاس بکەن و چێژ لە قسەکانی وەربگرن.*

د. ریچارد هاس: سوپاس پیتەر، سوپاس مایکڵ و سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی ئەمشەو هاتوون، جێی خۆشحاڵییە کە خەڵکێکی زۆر دەبینم بایەخ بە کاروباری نێودەوڵەتی، هەروەها کاروباری ناوخۆیی دەدەن، کە هەردووکیان ئاسایشی نەتەوەیی پێک دەهێنن. من باسی واشنتن دەکەم، بەڵام بە پێچەوانەی واشنتنەوە (رەنگە مەبەستی جۆرج واشنتن بێت)، نابمە سەرکێشێکی سەربازی و چالاکیی شۆرشگێرانە بکەم. من بە دوای ژیانێکی مەزنەوە نیم، بەڵکوو دەمەوێت بە خێرایی ئەوەی دەمەوێت بیکەم و دواتر رەنگە لە قاڵبی پرسیار و وەڵامدا، درێژە بە گفتوگۆکە بدەین. من لە مایکڵەوە دەست پێ دەکەم و چاوەروانی پرسیاری قورس دەکەم، کەواتە دێمە لای تۆ. ئەوەی من دەمەوێت ئەوەیە چەند خولەکێک تەرخان بکەین بۆ ئەوەی چوارچێوەیەک بۆ گفتوگۆکەمان دابنێین. من چاوەروانی ئەوەم دەکرد ئەمشەو لێرە بم، بەڵام ئەوەی پێشبینیم نەدەکرد، ئەوە بوو قسە لەبارەی ئەم بابەتەوە بکەم، پێشبینیم نەدەکرد هەرگیز کتێبێک بنووسم بە ناوی «سیاسەتی دەرەوە لە ناوخۆوە دەست پێ دەکات» (FOREIGN POLICY BEGINS AT HOME). لەبەر ئەوە پێم وایە ئەم بابەتە ئەوە دەهێنێت چەند خولەکێکی بۆ تەرخان بکەین،

ئەویــش بۆ ئەوەی ئەوە ڕوون بکەمەوە چۆن گەیشــتمە ئەم خاڵــە، نــەک لەبەر ئــەوەی کارەکەی من زۆر جێــی بایەخە. بەڵکــوو تەنیا لەبەر ئەوەی پێم وایە شــتێک لەبارەی ئەوەوە دەڵێت کە وڵاتەکەی ئێمە لە کوێدایە. لە ڕاســتیدا دوو شــت، هۆکار، وایان کــرد ئەم کارە بکرێت، یەکەمیان ئەزموونی دە بۆ پازدە ســاڵی ڕابردوو، لە سەرووو هەمووشیانەوە، شەڕی عێــراق و ئەفغانســتان بــوو، لە کتێبێکی پێشــوودا، من وەک شــەڕی ئیختیاری (war of choice) وەسفم کردوون. سەرەتا بــا ئەوە بڵێم مــن گومانم هەبوو لەبارەی شــەڕی عێراقەوە، هەروەها ئەفغانستانیشــەوە، ئەویش لە سەرەتای شەڕەکەدا نــا، بەڵکوو دوای ئەوەی بێ ئەندازە خواســتمان زیادی کرد لە هەردووو حاڵەتەکەدا. ئەمریکا لە بنەڕەتدا هەوڵی دووبارە دروســت کردنــەوەی کۆمەڵگەکانــی دیکــەی دا، مــن بــەو دەرەنجامە گەیشــتم کە لــە هەردوو حاڵەتەکــەدا، ئەگەرچی چەنــد بــەرەو پێــش چوونێکیشــمان بەدەســت هێنــا و ئەو دەرەنجامانــەش، چەند دەرەنجامی خوازراو بوون، ئەوا زۆر بە ســادەگۆیی دەیڵێم کە شایستەی ئەو هەموو وەبەرهێنانە نەبوون، کــە ئێمە لە پێناویاندا کردمان. وەبەرهێنانی ئەمریکا لە ڕووی ئابووری و ســەربازی و دیپلۆماسییەوە، یاخود لە ڕووی مرۆییــەوە، لەم دوو وڵاتەدا، ئــەوەی نیگەرانم دەکات ئەوەیە تێڕوانینی من لەبارەی ئەم دوو ناکۆکییەوە، هەروەها ئەوەی پێشــتر لە ڤێتنام ڕووی دا، ئەوەیە کە ئەو دەرسانەی من فێریان بووم، زۆر بەربڵاو نین، خەڵکێکی زۆر هاوبەشیم ناکــەن تێیــدا، چونکــە کاتێک مــن دیڤچوون بــۆ هەندێ لەو مشــتومڕانە دەکەم کە لە ئــارادان لەبارەی ئەوەی پێی دەڵێن بەهاری عەرەب، بە تایبەتی ســووریا، دووبارە گەیشتمە ئەو دەرەنجامــەی ئێمە ناژییرانــە، کورتبینانە، هەوڵی ئەنجامدانی چەنــد شــتێک دەدەین و من ترســم هەبوو لــەوەی دووبارە

ئەنجامیــان بدەینــەوە و ئێمــەش دەرســێکی زۆر گرنــگ فێربووین، کە زۆر جار واقیعە لۆکاڵەکان سەرکەوتوو دەبن، ئەو چەمکە گشتیانەی لە ناو ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی (واشــنتن دی ســی)دا بــاش دەردەکــەون، زۆر زەحمەتــە بیانکەیتە واقیع لەو بەشــەی دیکــەی جیهاندا. لە هەمان کاتدا و سەرەڕای ئەو نیگەرانیانەی من هەمە لەبارەی ئەوەی ئێمە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕۆین لە پەیوەند بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریــکاوە و چــی دەکەین و چۆن دەیکەین؟ ئــەوا نیگەرانم لەبــارەی بارودۆخەکە لــە ناوخۆدا. ئەمەش نــەک هەر تەنیا بەدواداچــوون بۆ ئەو کارانە دەگرێتەوە کە ئەنجاممان داون، بەڵکــوو لــەوەش گرنگتــر ئەو کارانــەش لەخــۆ دەگرێت کە ئەنجاممــان نــەداون، چۆن بە ڕاســتی کێرڤــی قەرزەکانمان چارەسەر نەکرد و کێشەی کورت هێنان، کە کورت هێنانێکی گــەورە بوو، چارەســەر نەکرد؟ تاکوو بــەم دواییە گەورەتر بوو، هەروەها چۆن ئێمە دۆخی ژێرخانمان چارەسەر نەکرد، دۆخی قوتابخانەکان؟ چۆن گەشــەی ئابووریی ئێمە نزیکەی نیــوە بوو لــە دوای جەنگی جیهانیی دووەمــەوە؟ کاتێک من چاودێریــی سیاســەتی ڕۆژانــە دەکــەم، گەیشــتمە ئــەو دەرەنجامــەی کــە دەکرێــت نزیکــەی هەمــوو ئەو کێشــانە چارەســەر بکرێن، تەنیا ئەگەر، ئەمــەش ئەگەرێکی گەورەیە، کە سیاســەتی ئێمە ڕێگای دروســتی خۆی بگرتایەتە بەر بۆ ئــەوەی ببوایەتــە بناغەیــەک بــۆ ئەنجامدانــی کاری دیکە لە داهاتوودا. سیاســەتی ئێمەش، ئەنجامدانــی ئەم کارەی ڕەت کــردەوە، هەروەهــا نیگەرانی هەیە لەبارەی ئــەوەی ئێمە لە دەرەوە دەیکەیــن و لــە بنەڕەتــدا ئــەوەی ئێمە لــە ناوخۆدا دەیکەیــن، یاخــود ئەگــەر بــە شــێوەیەکی ڕاشــکاوانەتر و ڕاســتەوخۆتر بیڵێین: لەسەر ئاســتی دەرەکی ئەدای ئێمە لە دەرەوەی توانای خۆمان و لە ســەر ئاســتی ناوخۆش ئەدای

ئێمە لە ئاســت ئەو توانایەدا نییە، کە هەمانە، ئەمەش وای لێ کردم ئەم کتێبە بنووســم، کە زیاتر و زیاتر نیگەران دەبووم و نیگــەران بوونم لەبارەی ئەوەی ئەم وڵاتە لە کوێدایە، لە چ پێگەیەکدایــە؟ ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە من داکشــان ببینم، یــان من ڕەشــبین بم، بەڵکــوو ئەگەر بە ســادەگۆیی بدوێم، لەبــەر ئەوەیە مــن ڕاســتگۆم لەبــارەی بارودۆخەکە و ئەو ئاســتەنگانەی ڕووبــەڕووی بووینەیتــەوە، دەزانــم ئێمــە لە کۆتاییــدا دەتوانیــن مامەڵە لەگــەڵ ئەم ئاســتەنگانەدا بکەین، بەڵام ئەمە شتێکی حەتمی و شتێکی ئۆتۆماتیکی نییە، بەڵکوو دەبێت بگۆڕدرێن، کاتێک ویســتم ئەمە بکەم، ویســتم کتێبێک بنووســم لەبارەی ئەوە دەبێت چۆن ئەمریکا بگۆڕدرێت، چی بکات لەســەر ئاســتی دەرەوە و لەسەر ئاستی ناوخۆش چی بــکات؟ ئەویــش بۆ ئەوەی بتوانێت ســەدەی بیســت و یەک دابڕێژێتــەوە، بــەو شــێوەیەی کــە مــن پێــم وایــە دەکرێت دابڕێژرێتــەوە و لــە ڕاســتیدا بــەو شــێوەیەی پێویســتە دابڕێژرێتــەوە. ئەویــش ئەگەر بمانەوێت پڕ بە مانای وشــە، گەشــە کــردن، گەشــە بکەین لە ناوخــۆدا، لە نــاو وڵاتدا. لە ڕاســتیدا ئێمە لــە جیهانێکی بێ ئەندازە ئاڵــۆزدا دەژین. ئەمە جیهانێکــە زۆر ئاڵۆزتــرە لەو جیهانەی زۆرێــک لە ئێمە تێیدا گــەورە بووین، ئەویش بــە لەبەر چاو گرتنی بڵاو بوونەوەی هێــز و ئەو ڕاســتییەی، کــە چی دی ئێمە لــە جیهانێکی یەک ئاراستەی تاک جەمسەردا ناژین، بەڵکوو لە جیهانێکدا دەژین کــە هەموو تاکە کەس و گرووپ و وڵاتان تێکڕای جۆرەکانی هێزیان لەبەر دەســتە. ئەگەر لــە ناوخۆش بڕوانین، ئەوا ئەو ئاڵۆزییــەی لە کۆمەڵگــەی ئێمە دەگوزەرێت لــە هەر کاتێکی دیکــە مەزنترە، ئەو ژینگەیەی سیاســەتی تێــدا دادەڕێژرێت زۆر ئاڵۆزترە لە هەر کاتێکی پێشووتر. پێشتر من باوەڕم وا بوو خەڵکی پێویســتیان بە نەخشەڕێ هەیە، لەبارەی ئەوەی

چـۆن بڕیـار بدەیـت و چـی بکەیت و چـی نەکەیـت؟ واتە پێشـینەکانت هەڵبژێریـت، ئێمـە ناتوانیـن هەموو شـتێک لە هەمـوو شـوێنێک لە هەموو کاتێکـدا بکەین، بەڵکـوو دەبێت هەندێ میکانیـزم و هەندێ بناغەمان هەبێت بۆ هەڵبژاردن و سەپشـکی، چونکـە ئەگـەر تەنیـا کاردانەوەمـان هەبێـت لە بەرانبـەر ئەوەی بەرەو ڕوومان دێت، ئەوا لە پێگەیەکی زۆر خراپـدا دەبین، توانایەکـی کەممان دەبێت، لەبـەر ئەوەی بە ڕەوتێکـی تونـد و خێرا زۆر شـت بەرەو ڕوومـان دێت. لە بنەڕەتـدا بیرکردنەوەی من لەبارەی ئەوەی دەتوانین بیکەین، ئـەوە بـوو کـە دەتوانیـن جـۆرە پلانێکـی سـتراتیژی یان چوارچێوەیـەک بۆ ئەمریکا دابڕێژین. من بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ و زۆر بە سـەختی بیرم لەوە کردەوە، گەیشـتمە ئەم بیرۆکەیـە، بیرۆکـەی گەڕاندنـەوە، بەدەسـت هێنانـەوە: (restoration)، گەڕاندنـەوەی بناغەکانـی هێـزی ئەمریـکا لە ناوخـۆدا، هەروەها پێویسـتمان بە گەڕاندنـەوەی هەندێ لە هاوسـەنگییەکانی دیکەش هەیە، هاوسەنگیی نێوان سیاسەتی دەرەوە و سیاسـەتی ناوخۆ، لە نێو سیاسـەتی دەرەوەشدا، هەندێ هاوسەنگیی دیکەش هەن، کە ئێمە دەتوانین سەرنجی زیاتریـان لەبارەوە بدەین. کاتێک بیر لەم پرسـە دەکەیتەوە، لـە ڕاسـتیدا کاتێک من بـەردەوام دەبم لـە بیرکردنەوە لێی، ئـەوا دەبێت وەک لقێکی جیا بووەوە لە ئاسایشـی نەتەوەیی بیر لە سیاسـەتی دەرەوە بکرێتەوە، چونکە ئەم دووانە یەک شـت نیـن، ئاسایشـی نەتەوەیی پشـت بـە چەنـد توخمێک دەبەسـتێت، لـە نێویانـدا هێـزی ئابـووری و یەکگرتوویـی کۆمەڵگەکەمـان، چونکـە ئەگەر ئابوورییەکەمـان بەهێز بوو، ئەگـەر کۆمەڵگـەکان یەکگرتـوو بوو، ئـەوا توانـای مامەڵە کردنمان لەگەڵ زۆر لەو پرسـانەدا دەبێت، کە ئەگەری ئەوە هەیـە لە دەرەوە ڕوو بـدەن، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئابووریی

ئێمــە بەهێز نەبــوو، ئەگەر کۆمەڵگەی ئێمــە پێکەوە نەبوون، ئــەوا دووچاری دژوارییەکی بێ ئەنــدازە دەبینەوە لە مامەڵە کردن لەگەڵ جیهاندا، ئەگەر نەشتوانین مامەڵە لەگەڵ جیهاندا بکەیــن، ئــەوا ڕووبەڕووی ئەو ڕاســتییە دەبینــەوە، کە هەر شــتێک لــە دەرەوە ڕوو بــدات، ئــەوا هەر لە شــوێنی خۆیدا نامێنێتــەوە، جیهــان (لاس ڤیگاس) نییە، ئەو شــتە خراپانەی، یــان ئەو ڕووداوانــەی لە دەرەوەی ســنووری ئەمریکا ڕوو دەدەن، ڕێــگای خۆیــان دەدۆزنــەوە بــۆ ئەوەی ســنووری ئێمــەش ببــڕن، بێنــە نــاو وڵاتەکەمانــەوە. ئێمــە ناتوانیــن وڵاتەکەمــان بکەیــن بە قەڵایــەک و ئێمەش ببینە پاســەوانی دەروازەکــەی. لــە ســەدەی بیســت و یەکــدا ســنوورەکان بەربەســت نیــن، کەواتە لە کۆتاییدا سیاســەتی دەرەکی، بەو ئەندازەیــە دەرەکــی نییــە، کــە دێتە بەرچــاو، بەڵکــوو زۆر پەیوەســتە بــەوەی لێــرە و لــە ناوخــۆدا ڕوو دەدات، بەڵام دووبــارەی دەکەمــەوە ئــەوەی لێــرەدا و لە ناوخــۆدا ڕوو دەدات، زۆر کاریگەریی هەیە لە ســەر توانای ئێمە لە رووی کار کردنــەوە و ســەرکردایەتی ئێمــە لــە دەرەوە. هەروەک ئامــاژەم پێ کرد لە ســایەی بیرۆکەی بەدەســت هێنانەوەدا، هــەوڵ دەدەم هاوســەنگییەک بگەڕێنمــەوە بــۆ سیاســەتی دەرەوە و لە بنەڕەتدا من داوا دەکەم دەبێت ئەمریکا دەســت هەڵگرێــت لەوەی خۆی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتی گەورەوە پابەنــد بــکات. ئەگەر پازدە ســاڵ پێش ئێســتا ئێمــە پێکەوە بووینایە، لێرەشدا کۆ ببووینایەتەوە، کەسێکیش هەڵبستایە و قســەی بکردایە و ڕایبگەیاندایە کە پێویستە ئەمریکا لە دوای کۆتایــی هاتنــی جەنگــی ســاردەوە، چــی دی ڕووبەڕووی هێزێکــی گەورەی ڕکابەر نابێتەوە، زۆربەی ســەرچاوەکانی لــە بواری ئاسایشــی نەتەوەییدا بخاتە گەڕ و هــەوڵ بدات دووبــارە ئەفغانســتان و عێــراق دروســت بکاتــەوە، ئــەوا

پرسیارمان دەکرد کە بۆچی ئێمە ئەو قسەکەرەمان بانگهێشت کردووە؟ بۆچی ناچارین گوێی لێ بگرین؟ چونکە ئەمە وەک کارێکی ستراتیژی دەرناکەوێت، بەڵام ئێمە دەقاودەق ئەم کارەمان کرد. ئەوەی من هەوڵ دەدەم لەبارەیەوە بدوێم لە پەیوەند بە دووبارە هاوسەنگی ڕاگرتنەوە، ئەوە نییە کە ئێمە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێ بهێڵین و پشتی تێ بکەین، بەڵکوو وا لێی بڕوانین کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێکە لە جیهان، نەک تاکە بەشەکەی جیهان بێت، کە ئەمریکا تێوەی گلابێت. ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرژەوەندیمان هەیە، بەڵام گرنگە چەند شتێکمان بێتەوە بیر، یەکەمیان ئەوەیە هێزێکی مەزن نییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دووەمیان ئەوەیە ڕاستە ئێمە بەرژەوەندیمان هەیە تێیدا، بەڵام توانای ئێمە بۆ کاریگەر بوون لە سەر ئەو بەرژەوەندیانە سنووردارە. زۆرێک لەو شتانەی ئێمە نیگەرانیی بووین لەبارەیانەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی ڕەوتی ئەو کۆمەڵگەیانە، ئەو ڕاستییەی فێری بووین، ئەوەیە کاتێک ئێمە دووو ملیۆن و نیو ئەمریکیمان نارد. ئەمەش ئەگەر هەموو ئەو کەسانە بژمێرین کە ئێمە ناردمان بۆ عێراق و ئەفغانستان، تەنانەت دووای ئەوەی ئێمە دوو ملیۆن و نیو ئەمریکاییمان بۆ ئەو دوو وڵاتە و بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵ ڕەوانە کرد، ئەوا هێشتا نەمانتوانیوە ئەم بەشەی جیهانە لەسەر ئەو وێنەیەی کە هەمان بوو دروست بکەینەوە.

ئەمەش شتێکمان فێر دەکات لەبارەی سنووردارێی دەست ڕۆشتووییمانەوە. من داوای ئەوە ناکەم ئەم ناوچەیە فەرامۆش بکرێت، لەبەر ئەوەی هێشتا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگە و ڕوونە کە پەیوەندیی گرنگی بە ئیسرائیلەوە هەیە، وزەش گرنگە و نیگەرانییەکانی پەیوەست بە چەکی

ئەتــۆم و تیرۆریزمــەوە گرنگــن، کەواتە ئێمــە بەرژەوەندیی ڕاستەقینەمان هەیە، بەڵام دەبێت ئێمە دوو شتمان لەبیر بێت، دەبێت تێوەگلانی ئێمە تا ئەو سنووورە بڕوات کە پێمان وا بێت دەتوانین دەســتکەوت بەدەست بهێنین. شتێکی بێمانایە کە تۆ هــەر کاری زیاتــر بکەیت بــە بێ ئەوەی دەســتکەوتی زیاتر بەدەســت بهێنێت. دووەمیان دەبێت هەنگاوێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا پارچەی شەترەنجەکە نییە، بەڵکوو تەنیا چوارگۆشــەیەکە لەسەر ئەو پارچە شەترەنجە. کەواتــە دەبێــت بیر بکەینــەوە، نەک تەنیا لەبــارەی تێچووی ڕاســتەوخۆوە، بەڵکــوو تێچووی ناڕاستەوخۆشــەوە، کاتێک کاری زیاتــر لەوێــدا دەکەین، ئایا دەتوانیــن چ کارێکی زیاتر بکەیــن لە بەشــەکانی دیکەی جیهاندا؟ یان لێــرە لە ناوخۆدا، کەواتە من مشــتومڕ لەبارەی ئەوە دەکــەم تا ڕادەیەکی کەم خواســتەکانمان، تێوەگلانمان، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەم بکەینــەوە. لە هەمان کاتــدا خواســتەکانمان، تێوەگلانمان، لە ئاسیادا زیاتر بکەین. هۆکاری هەڵبژاردنی ئاسیاش بۆ بوونی زەریای هێمن دەگەڕێتەوە، کە ئەمە ئەو بەشەی جیهانە هێزە مەزنــەکان بە شــێوەیەکی ڕوو لە زیــاد کارلێک لەگەڵ یەکدا دەکەن.

ئێمــە دوای ســی ســاڵ لە باڵادەســت بوونی، لــە بنەڕەتدا باڵادەســت بوونی ئابووری، لەم ناوچەیەدا، کە گەشــە کردن تێیدا بێ ئەندازە گەورە بوو، ئەوا دەبینین مێژوو لە ئاســیادا دەســت پــێ دەکات، ناســیۆنالیزم، ململانێی هێــزی مەزن و بەریەک کەوتن و پەیوەندیی نێوان هێزەیلی ســەرەکی، وەک چیــن و ژاپــۆن و کەنــداوی کۆریای دابــەش و واقیعی بڵاو بوونەوەی چەکی ناووکی.. هتد، بەدی دەکەین. بە پێچەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لە ئاسیادا دوو شت هەن، یەکەمیان ئەوەیە لە ڕاستیدا ئێمە هێزی سەرەکیمان هەیە لەم ڕۆژگارەدا،

دووەمیان ئەوەیە، کە من مشتومڕی ئەوە دەکەم، ئەمریکا لە پێگەیەکدا نییە، ئەویش بە ڕەچاو کردنی ئامرازەکانی هێز، وەک هێزی دەریایی، هێزی ئاسمانی، هێزی ئابووری و دیپلۆماسی بۆ ئەوەی کاریگەریی هەبێت بە سەر پەرەسەندنەکانی ئەو ناوچەیەوە. کەواتە لە ڕاستیدا لە ئاسیادا، توانا، ئەگەرێکی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی ئەمریکا سیاسەتی دەرەکیی خۆی تێدا جێبەجێ بکات، کە دەتوانین بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی خۆمانی تێدا بپارێزین. هەروەها دەبێت کاری زیاتر لە سەر ئەو ناوچەیەش بکەین کە لە ئەمریکای باکوورەوە نزیکە، ئەمە بەشێکی جیهانە کە ٤٠٠ ملیۆن کەسی تێدا دەژی. ئەمریکا و کەنەدا و مەکسیک، کە لە ڕووی وزەوە پێویستی خۆیان دابین دەکەن، لە ڕاستیدا توانای ئەوەمان هەیە ببینە داینەمۆی گەشە کردنی ئابووریی جیهان. پێم وایە دەبێت داهێنەرانەتر بیر بکەینەوە لەبارەی ئەوەی داهاتووی ڕێککەوتنی نافتاوە (ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازادی وڵاتانی ئەمریکای باکوور)، بیر لە ئاوێتە بوونێکی زیاتر لە باکووری ئەمریکا بکەینەوە و بیر لەوە بکەینەوە نەک تەنیا کۆمەڵگەیەکی گەورەتر دروست بکەین لە ڕووی وزەوە، بەڵکوو لە ڕووی ئابووری و بوارەکانی دیکەی ژیانیشەوە. کەواتە ئەمە هاوسەنگی ڕاگرتنەوەیە لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەکیدا.

دووەمیان ڕاگرتنەوەی هاوسەنگییە لە نێوان سیاسەتی دەرەکی و ئەوەی لێرە لە ناوخۆدا ڕوو دەدات. ئەوەی من لەبارەی ناوخۆوە دەمەوێت بیڵێم، کە دەتوانم بە وردتر و دوور و درێژتر لەبارەیەوە بدوێم، پەیوەندیی بە بنیاتنان و گەڕاندنەوەی بناغەی گەشەی ئابووریی ئەمریکاوە هەیە، ئێمە ئێستا گەشە دەکەین و لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردووش ئێمە نزیکەی نیوەی بەرهەمی جیهانمان، بەرهەم هێناوە.

لە دوای دووەمین جیهانە جەنگەوە و لە زۆربەی ڕۆژگاری

دوای ئـــەو جەنگـــەدا، ئەمریکا بە ڕێژەی ٣,٣ و ٣,٤ گەشـــەی دەکرد. ئێســـتا ڕێژەی گەشـــە کردنی ئێمە پتر نزیکە لە سەدا (٢)ـــە. لەگەڵ هەموو ئـــەو دەرەنجامانەی لێـــی دەکەوێتەوە، ئێمـــە ناتوانین ئەو وزەیە بەرهەم بهێنین، کە پێویســـتمانە بۆ ئەوەی وەک ســـەرکردە و پێشەنگی جیهان کار بکەین، ئەگەر فریـــا نەکەوین و پەرە بە خۆمان نەدەین، بەڵام ئێمە ناتوانین گۆچانێکی ســـیحری ڕاوەشـــێنین، بەڵکـــوو دەبێت کاری دیکە بکەین.

کاتێک من باسی ئەوە دەکەم کە پێویستمان بە وەبەرهێنانە لە سەرمایەدا، هەندێ سەرمایەی فیزیکی، مەبەستم ژێرخانە، وەک نەبوونـــی ئاســـنەڕێی خێـــرا، نەبوونـــی فڕۆکەخانـــەی مۆدێـــرن. حاڵی حازر ئەمریکا لە ڕووی کواڵیتیی ژێرخانەوە، لـــە ڕیزبەندی ٢٥ یـــان ٣٠یەمینە لە جیهاندا. ئەمەش بە مانای ئـــەوە دێت ئێمە کەمتـــر توانای ململانێمان هەیـــە بە بەراورد بەو توانایەی پێشـــتر هەمـــان بوو، هەروەها بـــە مانای ئەوە دێت ئێمە کات و داهاتێکی زۆر بە فیڕۆ دەدەین، چونکە ئێمە کۆمەڵگەیەکن نەرمییەکی کەمترمان هەیە لەوەی کە پێویستە. هەروەها وەک ئەوەی پێویســـتە پەرە بە ســـەرمایەی مرۆیی نادەین، خەڵکانێکی زۆر لە جیهاندا لە ســـەرەدا دەوەســـتن بۆ ئـــەوەی بچـــن بۆ ســـتانفۆرد، هارڤارد، پرســـنتۆن، ئەگەر من کەســـێکی گەنج ببینم، کوڕ بێت یان کچ، لە جیهاندا دەیەوێت بچێـــت بۆ قوتابخانەیەکی گشـــتی لە نیۆیۆرک یان (واشـــنتن دی ســـی)، بەڵێ ئـــەوە ئەزموونێکی پەروەردەیی هاوبەشـــە، کـــە زۆربەی گەنجانی ئێمە پێیـــدا تێپەڕیون. ئێمە وەبەرهێنان لـــە داهاتووی خۆماندا ناکەین، من ئومێد دەکەم چاکســـازیی پەیوەســـت بە یاسای کۆچبەران تێپەڕێت، کە بوار بەوە بدات خەڵکێکی زیاتری خاوەن بەهرە و پەروەردە بێنە ئەم وڵاتەوە و تێیدا نیشـــتەجێ بن. ئەمە بووژاندنەوەیەکی تا دوایین ڕادە

گرنگ دەبێت. ئەگەر دوایین ژمارەی کۆمپانیای دەوڵەمەند بخوێنیتەوە، کە ژمارەیان ٥٠٠ کۆمپانیای دەوڵەمەندە، ئەوا جێی بایەخە کە چەندین کۆمپانیا سەرکەوتوو بوون لەم وڵاتەدا، کە دەکرێت هۆکارەکەی بۆ کۆچبەران بگەڕێندرێنەوە. ئەمە پاڵنەرێکی بەهێزی گەشەی ئابووریی ئەمریکایە.

کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە، ئێمە لەوێدا چی دەکەین؟ لە بنەڕەتدا من باس لەوە دەکەم ئێمە لەبارەی وەبەرهێنان لە ژێرخانی مرۆیی و فیزیکیدا چی دەکەین و چی ناکەین؟ لە سەرمایەی مرۆیی و فیزیکیدا، ئەوەی ئێمە دەیکەین و ئەوەی نایکەین لەبارەی ئاستەنگی دوورمەودای پەیوەست بە مافی بەهرەمەند بوون لەو سوودانەی بە گوێرەی بەرنامەی حکوومەت دەستەبەر دەکرێن. ئەمەش کاریگەریی زۆر گەورەی دەبێت لە سەر ئاییندەی ئێمە. ئەوەی من دەیڵێم ئەوەیە، لە ڕاستیدا ئێمە پێویستمان بەوەیە ئەم کارە بکەین، دەبێت ئەو کارە بە ڕاست و دروستی بکەین و توانای ئەوەمان هەبێت. هەروەها ئێمە دەرفەتیشمان لە پێشە، مەبەستم ئەوەیە، کە ئەمە بە ڕاستی دەرفەتێکی دەگمەنە لە مێژووی ئێمەدا. ٢٥ ساڵە ئەمریکا بەیانیان لە خەو هەڵدەستێت و ڕووبەڕووی هێزێکی مەزنی ڕکابەر نابێتەوە. زۆربەی مێژووی چەند سەد ساڵی کەمی ڕابردوو، لە ڕۆژگاری هاوچەرخی مێژووی نێودەوڵەتییەوە، تۆ بڵێ لە سەدەی حەڤدەمەوە، زۆربەی ئەم مێژووە، بریتی بووە لەوەی هێزێکی مەزن یان زیاتر کاریگەرییان هەبووە. کاتێکیش بیر لە سەدەی بیست دەکەیتەوە، ئەوا دوو جیهانە جەنگی تێدایە، هەروەها جەنگی ساردیش هەیە. حاڵی حازر، یاخود ساڵی تازە یادەوەریی بیست و پێنج ساڵەی کۆتایی هاتنی شەڕی ساردە. واتە لە ٢٠١٤/٩/١١دا، کە ئەمریکا ڕووبەڕووی هێزێکی مەزنی ڕکابەر نەبووەتەوە، ئەمەش کات و بوارێکی زۆرمان پێ دەبەخشێت

بۆ ئەوەی جەخت بکەینە سەر ناوخۆ. ئەمە بە مانای فەرامۆش کردنـی جیهان نییە، ئەمە گۆشـەگیری و دابڕان نییە، بەڵکوو ئەمە دووبارە ڕاگرتنەوەی هاوسـەنگییە، واتە دەبێت سـوود لـەم دەرفەتە وەربگرین و توانای خۆمان بنیات بنێینەوە. بەو شێوەیە دەتوانین سەرهەڵدانی هێزێکی مەزن سارد بکەینەوە، کـە بیەوێـت بەرۆکمان بگرێت. ئەگەر سەریشـی هەڵدا، ئەوا دەتوانین خۆمانی لەگەڵدا بگونجێنین، بەڵام دەبێت ڕێوشـوێن و دیسـپلینمان هەبێت بۆ ئەوەی سـنوورێک بۆ ئەوە دابنێین کە لە دەرەوە دەیکەین، یاخود دووووبارە ئاراستەی بکەینەوە، ئەو کارەش بکەین کە پێویستە لە ناوخۆدا بیکەین.

مـن نازانـم ئێمە چی دەکەین؟ دوایـین کاری من ئەوە بوو سـەرۆکی پلان دانانی سیاسـی بووم، کاری من پلان دانانی سیاسـی بوو، نەک پێشـبینیی سیاسی. پێشـبینیی من باشتر نییە لە پێشـبینی کردنی هەر کەسـێک لە ئێـوە. هەندێ جار کە چاودێریی سیاسـەتی خۆمان دەکەم، وشـەیەکم بۆ دێت و وەسـفی دەکـەم. چەرچڵ ئەو وتە بـە ناوبانگەی هەیە کە کاتێک پرسـیاری لێ کـرا لەبارەی ئەمریـکاوە، ئایا دەکرێت پشت بە ئەمریکا ببەسترێت بۆ بەجێ گەیاندنی کارێکی ڕاست و دروسـت؟ وەڵامەکە ئـەوە بوو بەڵێ، بـەڵام دوای ئەوەی هەموو شتێکی دیکە دەکەن، ئنجا کارە ڕاستەکە دەکەن. ئێمە هێشـتا لە قۆناغی ئەوەداین کە هەموو شـتێکی دیکە بکەین. نازانـم ئێمە چەنـد دوورین؟ ئومێدی مـن ئەوەیە ئەم دۆخە ڕاسـت بکەینـەوە، هۆکارەکـەش ئەوەیـە بەرژەوەندییەکان، مەترسـییەکان زۆر گەورەن. با بەم شـێوەیە گوزارشتی لێ بکەیـن، بەدیلی جیهانێک بە پێشـەنگی ئەمریکا، ئەوە نییە کە چین پێشـەنگ بێت یـان لە لایـەن ژاپۆنەوە سـەرکردایەتی بکرێت، یان ئەوروپاوە، یان بە سەرکردایەتیی هیندستان یان بەرازیل یاخود هەر کەسـێکی (وڵاتێکی) دیکە. ئەو وڵاتانە بە

هیچ شــێوەیەک توانا و مەیل و نەریتی سەرکردایەتی کردنی جیهانیــان نییە، بەڵکوو لە بنەڕەتــدا ئەمریکا خاوەنی ئەم کار و نەریتەیە. ئەمە خۆهەڵکێشــان نییــە، ئەمە تێکەڵ کردن نییە لەگەڵ ڕەفتاری تاکلایەنیدا. من پێشنیاری ئەوە ناکەم ئێمە بە تەنیا ئەم کارە بکەین، چونکە چەمکی سەرکردایەتی خۆبەخۆ هەبوونی شــوێنکەوتووان لەخۆ دەگرێت. ئەو ئاســتەنگانەی کــە لــە ئاراشــدان، دەبێــت بــە شــێوەیەکی دەســتەجەمعی ڕووبەڕوویان ببینەوە. ئێمە ناتوانین بە تەنیا خۆمان ئەم کارە بکەین، ئەگەر ئێمە ئەم بارە ڕاســت نەکەینەوە، ئەوا بەدیلەکە ئەوەیە، کەســێکی دیکە نایەت و لە بری ئێمە ئەم کارە بکات، بەڵکوو دەبێتە جیهانێک، خەســڵەتەکانی ئەوە دەبن پەشــێوی بە سەریدا باڵ بکێشێت، ئەویش بە هۆی بێ سەروبەرەییەوە، بە هۆی توند و تیژی و ناکۆکییەوە. دەبێتە جیهانێک کارلێکی ئابــووری تێیــدا زەحمەتتر دەبێــت، دەبێتــە جیهانێکی کەمتر سەلامەت و کەمتر کراوە و کەمتر گەشە کردوو.

دووبــارەی دەکەمەوە، ئەگەر ئەمــە ڕوو بدات، ئەوا لەوێدا نامێنێتــەوە، بەڵکــوو بــەرەو ڕوومــان دێت، ئــەوەی بەدیی دەکەیــن ئەوەیە، کە کواڵیتیی ژیان لە ئەمریکادا بە ڕادەیەکی گــەورە دادەبەزێت. کەواتە لە دەرەنجامدا دەگەینە شــوێنێک تێیدا، دەســت نیشــانی ئەوە بکەین هــۆکاری ناوخۆیی هەیە، کەواتە دەبێت هاوکار بین لە داڕشتن و سەرکردایەتی کردنی جیهاندا، بەڵام بۆ ئەوەی لە پێگەیەکدا بین جیهان دابڕێژینەوە و ســەرکردایەتیی جیهانیش بکەیــن، دەبێت نێو ماڵی خۆمان ڕێک بخەینەوە.

کەواتە دووبارەی دەکەمەوە، یەکێک لە ڕێگاکانی بیرکردنەوە لە بارەی ئاسایشی نەتەوەییەوە، کە زیاتر و زیاتر وەک دوو ڕووی یەک دراو لێکی بدەینەوە، یەکێکیان بریتییە لە سیاسەتی ناوخۆیی، لایەنەکەی دیکەشــی بریتییە لە سیاسەتی دەرەکی.

لــە بنەڕەتدا من هەوڵی ئەوە دەدەم، ئەوە پیشــنیار بکەم، کە دەبێــت هەردوو لایەنەکــە لەبەر چاو بگریــن. ئێمە دەرفەتی کردنی ئەم کارەمان لە پێشە، لە ڕاستیشدا پێویستە ئەم کارە بکەین. من ئەم مشــتومڕە دەخەمە ڕوو، ئومێدی ڕاستەقینەی منیــش ئەوەیە، باشــترین ســوود لــەم دەرفەتــە وەربگرین. لەبەر ئەوەی ئەگەر زۆر ڕاشــکاو بین، ئەوا بەدیلەکە بە هیچ شــێوەیەک ســەرنج ڕاکێش نییە. کەواتە ئەمە بابەتەکەیە. من پەرۆشــم بۆ بیستنی پرســیارەکانتان لەبارەی ئەو پرسانەی وەڵامم هەیە بۆیان، کە پەیوەســت بن بەو مەســەلانەی ئێوە هاوڕانیــن لەگەڵیانــدا. ئەگەر پرســێک یــان دوو پرس هەبن، کــە ئێوە هاوڕان لەگەڵیدا، ئــەوا مەیهێڵنەوە و بیدرکێنن، زۆر سوپاس بەڕێزان.

*مایکڵ نۆت: زۆر سوپاس ڕیچارد بۆ ئەو وتانەی سەرەتا کە بابەتگەلێکی زۆرت خســتە ڕوو. ئێمە پرسیاری زۆر باشمان هەیە، لێگەڕێن با لەوە دەســت پێ بکەین، کە ئەگەر ســەرۆک ئۆباما لێرە بووایە و گوێی لێ بگرتیتایە، ئەوا ڕەنگە شــتێکی لەم شێوەیەی بگوتایە:*

*ئایا مەبەستت چییە لە کەم کردنەوەی بایەخدانی ئەمریکا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ من زۆر تۆمەتبار کرام لە پەیوەند بە پرسی هێزی هاوبەشی عێراق و ئەفغانستان و ئۆپەراسیۆنەکەی لیبیــا، کە لە لایەن ناتۆ و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە مۆڵەتی پێ درا. من بەرهەڵستیم کرد لە تێوەگلان لە سووریادا، سەرەڕای ئــەوەی حکوومەتی ســووریا هێڵی ســووری پەیوەســت بە چەکی کیمیایی پێشــێل کرد. من گوشــارێکی زۆرم نەکرد بۆ دەســت تێوەردان لە بەهاری عەرەب و گفتوگۆی ئیسرائیل و فەلەســتین، یان تێوەگلان لە شــەڕی ناوخۆیی میسر. هێشتا پابەند بوونێکی بەهێزم بۆ گەڵاڵە نەبووە لەبارەی ئەوەی چی دەکەیــن لەبارەی ئێرانەوە؟ منیــش بایەخم کەم کردووەتەوە*

*و لە ڕاسـتیدا تۆمەتبار کراوم بەوەی بایەخی زیاترم نەداوە و کەسـێک نەبووم لەگەڵ دەست تێوەردانی زیاتردا بووبێتم بۆ ئەوەی هێزی ئەمریکا بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە بەکار بهێندرێت. چۆن وەڵامی ئەمە دەدەیتەوە؟*

ریچـارد هاس: بە دوو شـێوە، یەکەمیـان زۆرێک لەوانەی تۆ باسـت کردن ڕاسـتن، ئەمریکا بایەخی کەم کردووەتەوە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتی گەورە، من پێشوازی لەمە دەکەم. یەکێک لـەو بوارانەی کە هاوڕا نەبووم لەگەڵ سـەرۆکدا، لە خولـی یەکەمیـدا، ئەوە بوو کـە ئەو بایەخـی زیاتری پێ دا، ژمارەی سـەربازانی لە ئەفغانستاندا سێ ئەوەندە زیاد کرد، ئامانجەکانی شـەڕی ئەفغانستانیشی بەرفراوانتر کرد. منیش لەگەڵ ئەوەدا هاوڕا نیم، بەڵام پێشوازی لەو ڕاستییەش دەکەم کە بایەخی کەم کردووەتەوە. لە ڕاسـتیدا لێک چوونێکی زۆر هەیـە لەبارەی ئـەوەی من لەم کتێبەدا مشـتومڕی لەبارەوە دەکەم، لە پەیوەند بە سیاسەتی دەرەکییەوە، ئەوەی ئیدارەی ئۆبامـا دەیـکات، منیش یەکێکـم لەو کەسـانەی، کە دەکرێت ئـەم بابەتە قسـەی زیاتری لەبارەوە بکرێـت، پێم وایە کە لە بەشێکی زۆری، سیاسـەتەکانیدا، ڕاستە لەوەدا بەرهەڵستیی تێوەگلانی ڕاسـتەوخۆ دەکات لە شـوێنێکی وەک سـووریا، من پشـتیوانی لەو پرسـە دەکەم، کە پێی دەڵێن ڕاگرتنەوەی هاوسـەنگی لە ئاست سـووریادا. دووبارەی دەکەمەوە ئەمە هەموار کردنێکی سـتراتیژییە، کە شایسـتەی پێشـوازی لێ کردنـە. جیاوازیـی گـەورەی من لەگـەڵ ئیـدارەی ئۆبامادا کەمتـر لەبارەی سیاسـەتی دەرەوەیە، بەڵکوو پەیوەسـتە بە ڕووەکـەی دیکەی دراوی ئاسایشـی نەتەوەییەوەیە، کە پێی دەڵێین سیاسـەتی ناوخۆیی. بۆ نموونە، سەرۆک تاکلایەنانە ( کۆمسـیونی نەتەوەیی پەیوەست بە بەرپرسیارێتیی دارایی و چاکسـازی)ی «COMMISSION OF SIMPSON BOWELS»

هێنایە ئاراوە. ئەویش بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئاستەنگی پەیوەست بە بودجەوە، بەڵام دواتر ئیدارەکە دەستی لێ هەڵگرت. ئیدارەکەی لە یەکەم خولیدا گرنگییەکی زۆری بە سیاسەتی بازرگانیی جیهانی نەدا، بەڵام ئێستا سیاسەتێکی پەیوەست بەو بوارەی خستووەتە ڕوو. ئیدارەکە چەند شتێکی دیاری کراوی کرد، ئومێدەکە ئەوەیە چاکسازییەکی گشتگیرتر لە پرسی کۆچبەراندا بکات، بەڵام نیگەرانیی من لەبارەی ئەوەوەیە کە لە ناوخۆدا نەمان کردووە، نەک ئەوەی لە ڕاستیدا لە سەر ئاستی دەرەکیدا کردوومانە.

*مایکڵ نۆت: زۆر سوپاس، من لە نێوان سیاسەتی ناوخۆ و پرسەیلی نێودەوڵەتیدا دێم و دەچم، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ پرسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، ئەوا چەند پرسیارێک هەیە لەبارەی سووریاوە، ئایا دەبێت سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست سووریادا چ بێت؟ ئەگەر ئەم ڕێگاچارەیەی تۆ پیادە کرا، پێشبینیی تۆ بۆ کاردانەوەی ئیسرائیل چۆن دەبێت؟ ئایا ئێمە خزمەت بە بەرژەوەندیی خۆمان و بەرژەوەندیی ئیسرائیل دەکەین ئەگەر ڕێگاچارەکەی (هاس)مان پەیڕەو کرد؟*

ریچارد هاس: بە ڕاستی سووریا کێشەیەکی سەختە، لەبەر ئەوەی دەبێت لە دوو هەڵسەنگاندنی ڕاستگۆیانەوە دەست پێ بکەیت، ئەمریکا بەرژەوەندیی هەیە لە سووریادا، بە لەبەر چاو گرتنی پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئێمە بەرژەوەندی ستراتیژیمان هەیە و بە ڕەچاو کردنی تێوەگلانی ئێران و ئەوانی دیکە لەوێدا، ئەوا سووریا بووەتە گۆڕەپای شەڕی بە وەکالەت، هەروەها بۆی هەیە بڵاو ببێتەوە و ببێتە هۆی ناسەقامگیر کردنی ئەو بەشەی جیهان، کە پێویستی بەوە نییە پتر ناسەقامگیر بێت. کەواتە بەرژەوەندیی ستراتیژی لەوێدا هەیە، هەروەها ئەمریکا بەرژەوەندیی مرۆیی هەیە، هەر

کاتێـک ٨٠،٠٠٠ یان ٩٠،٠٠٠ کەس بمرن، ئەوا ئەوەی بووەتە هۆی ئەوەی ئەمریکا، ئەمریکا بێت. ئەوەیە ئەم کارانە دەکات، کەواتــە من ناڵێــم بەرژەوەندیمان نییە. لە لایەکی دیکەوەو لە پەیوەند بەوەی پێشــتر ئامــاژەم پێ کرد، من دەگەڕێمەوە بۆ دوو خــاڵ، تەنانەت ئەگەر ئەمریــکا کاری زیاتری بکردایە لە سووریا، ئەوا ڕوون نییە بە لای منەوە، کە ئێمە دەستکەوتی باشترمان بەدەست بهێنایە، بیهێننە بەر چاوی خۆتان، کە تۆ بە قورسی تووشی تێوەگلانێکی سەربازی ببیت بۆ لەناو بردنی ڕژێمەکــەی ئەســەد، ئومێد دەکەم کەس پێــی وا نەبێت ئەوە کۆتایی کێشەکەیە، ئەمە تەنیا کۆتایی هاتنی قۆناغێکی کێشەکە دەبێــت، بەڵام هەموو ئــەو خەڵکانەی لێــرە و لەوێ چەکیان هەیــە، هیچ ڕێککەوتنێکیــان نییە لەبارەی ئەوەی ئاراســتەی ئاییندەی سووریا چۆن دەبێت. ئەو کاتە ڕووبەڕووی شەڕێکی ناوخۆیــی درێژخایەن دەبینەوە، لەبەر ئەوە نابێت دووچاری وەهمێک بین لەبارەی سەختی و دژواریی ئەم کارەوە. ئێمە لە لووتکەی هەبوونی سەربازیدا سەد و چل هەزار سەربازمان لە عێراقدا هەبوو، لەگەڵ ســەد هەزار ســەربازی ئەمریکا، لە لووتکەی هەبوونی هێزی ســەربازی لە ئەفغانستاندا، کەواتە ئێمە دەزانین ئەمە چەند ســەختە، ئەگەرچی ئێمە ســوپایەکی داگیرکاری تەواومان هەبێت بۆ ئەوەی ئاراســتەی فیزیکی و سیاســیی وڵاتان دابڕێژین. کەواتــە نابێت وەهمێکمان هەبێت لەبــارەی ئەوەی گۆڕینی ســووریا چەند قورس دەبێت. ئەمە وڵاتی زۆرینە و کەمینەیە، کە کەمینە بۆ ڕۆژگارێکی دوور و درێژ حوکمڕانیی زۆرینەی کردووە. کێشەی بێ شومار هەن کە خەڵکــی ئامادەن یەکلاییان بکەنەوە (مەبەســتم لە تۆڵە و تۆڵە سەندنەوەیە). دووەمیان ئەوەیە سووریا تاکە خەمی ئێمە نییــە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت و تاکە خەمی ئێمەش نییە لە جیهاندا. ئەوەی دەبێت بیکەین ئەوەیە، هەنگاوێک بگەڕێینەوە

دواوە و بڵێین: ئەگەر ئێمە لە سووریادا تێوەبگلێین، پرسیارەکە ئەوە نییە چی بەدەســت دەهێنین؟ بەڵکــوو ئەوەیە ئایا باجی ڕاستەوخۆی ئەو کارە چییە؟ هەروەها ئاکامە ناڕاستەوخۆکانی چیــن؟ ئایا دەتوانین چی بکەین و ئێمــە دەتوانین چی بکەین ئەگــەر بە چڕی تێوەگلاین؟ ئایــا ئەمە چ کاریگەرییەکی هەیە لە ســەر توانای ئێمە بــۆ وەخۆوە گرتنــی بارودۆخی ئێران لــە پەیوەنــد بە چەکی ناووکییەوە؟ ئایــا چ مانایەکی هەیە بۆ خواســتی ئێمە بۆ ســەقامگیر کردنی بارودۆخەکە لە زەریای هێمــن لە ئاســیادا؟ چ مانایەکــی هەیە بۆ ناوخۆ لــە پەیوەند بە بنیاتنانــەوەی بناغەکانی کۆمەڵگەکەمان؟ کەواتە من دەڵێم دەبێت ڕچەیەک هەبێت لەبــارەی ئەوەی ئێمە ئامادەکاریمان چییــە بۆ ئەوەی لە ســووریادا بیکەین؟ کــە بگونجێت لەگەڵ ئەوەی ئێمە پێشــبینیی دەکەین بەدەســتی بهێنین. لەگەڵ ئەو واقیعەی دەبێت ئێمە لە دەرەوە خۆمانی پێوە سەرقاڵ بکەین، دەبێــت هەوڵی ئەوە بدەین پەلکێشــان و پەڕینەوەی دۆخەکە لە سووریاوە بۆ بەشەکانی دیکەی ناوچەکە ڕابگرین. بەرەی ئــوردن تۆکمــە بکەین و تورکیــا بپارێزیــن، هەوڵیش بدەین دۆخەکــە نەپەڕێتــەوە بۆ وڵاتانی وەک لوبنــان و عێراق. من بوومایە پشــتیوانیی زیاترم لە ئۆپۆزســیۆن دەکرد و ئامادە دەبــووم بۆ هەڵێنانــی هەنگاوێک کە هێشــتا ئیدارەکە ئامادە نەبــووە هەڵێنێت، کــە پێدانی چەکی کوشــندەیە، ئەویش بەو لایەنانەی ئۆپۆزسیۆن کە باوەڕمان وایە ئامانجەکانیان لەگەڵ ئامانجەکانــی ئێمــەدا دەگونجێن، بەڵام من ســنووردارییەک دادەنێــم لەبارەی ئەوەی ئێمە دەیکەین، بە تایبەتی لە پەیوەند بە دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازی، بەڵام بە زۆری من دژی ئەوە دەوەستمەوە.

*مایکڵ نۆت: هەندێ کەس، نەک هەموو کەس، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە وەبەرهێنانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ*

*دەیان ساڵ بریتی بووە لە پشت بەستن بە نەوت، هەروەها ئەگەر گۆڕانی بنەڕەتی لەبارەی غازی سروشتی، هەروەها نەوتەوە ڕوو بدات، بە چەشنێک ئەمریکا زووتر نەک درەنگتر لە ڕووی وزەوە، بۆ یەکەمین جار سەربەخۆ بێت، ئەوا چۆن ئەم دۆخە، هاوکاریمان دەکات لە جێبەجێ کردنی هەندێ لە بیرۆکەکانی تۆ دەربارەی ئەوەی کەمتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێوەبگلێین؟*

ریچارد هاس: بەو شێوەیەی من سەیری دەکەم ئەوەیە لە بنەڕەتدا ناوەڕۆکی پرسیارەکە پەیوەستە بەوەی ئەمریکا نزیک بووەتەوە لەوەی پێی دەڵێن «خۆبژێویی وزە» لە ئەمریکای باکوور. ئەگەر ئەوروپا و کەنەدا و مەکسیک و ئەمریکا لەبەر چاو بگرین، ئەوا بەرهەم هێنانێکی زۆر لە ئارادایە، ئەویش بە هۆی پێشکەوتنی گەورەی تەکنەلۆژیایەوە لەبارەی غازی سروشتی و نەوتەوە. ئێستا ئەمریکا لە بواری بەرهەم هێنانی نەوتدا ڕیزبەندی ٢٥ـەمینی گرتووە، دوای ٢٥ ساڵ لە هەناردە کردنی نەوت بە پێی زۆربەی خەمڵاندنەکان، ئێمە گەورەترین یەدەگی غازی سروشتمان هەیە، ئەمە ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە تازەگەری و تەکنەلۆژیای ئەمریکا دەتوانێت چ دەستکەوێت بەدەست بهێنێت. ئەمە بەرنامەیەکی حکوومی نەبوو، بەڵکوو بەرنامەیەکی نهێنی بوو، ئەمەش تەواو بێ وێنە و ئاشکرایە، کە ئاکامی ڕوونی ستراتیژیی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام ئێمە لە ڕووی وزەوە ناتوانین سەربەخۆیی بەدەست بهێنین، چونکە سەربەخۆ بوون بیرۆکەیەکی یارمەتیدەر نییە لەم ڕووەوە، لەبەر ئەوەی زۆربەی بەشەکانی دیکەی جیهان بە شێوەیەک لە شێوەکان پشت بە وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبەستن، کە ئەگەر لە کار کەوتنێکی گەورە لە بەرهەم هێنانی وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان گواستنەوەیدا ڕوو بدات، ئەوا هاوبەشانی ئابووریمان زیان دەکەن، ئەگەر ئەوانیش زیان

بکــەن ئــەوا ئێمەش زیــان دەکەین، چونکە ئەگــەر ئابووریی ئەوان بپووکێتەوە ئەوا چۆن هەناردەیان بۆ بکەین؟ وەڵامەکە ئەوەیە ناتوانین ئەمە بکەین، لەبەر ئەوە ســەربەخۆ بوون لە ڕووی وزەوە چەمکێکی زۆر سوودبەخش نییە. بە لەبەر چاو گرتنــی ئەوەی گوترا، ئــەوا گومانێکی بچــووک هەیە کە من لەگەڵــی ڕاهاتووم. بە دڵنیاییەوە ئەمریــکا لە مەودای کورتدا کەمتر پشــت بە هەڵبەز و دابەزی نەوت دەبەســتێت. ئەمەش وامان لێ ناکات پرسیار لەبارەی دوورکەوتنەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت بکەیــن، بەڵکــوو تەنیــا بــۆ ئەوەیــە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت لە پێگەیەکی تا ڕادەیــەک جیاواز دابنێین، جیاواز لەوەی لە دەیان ساڵی پێشوودا کردوومانە.

*مایکڵ نۆت: چەند پرسیارێک لەبارەی ئاراستەی دیموگرافی لە ئەمریکادا هەیە، کە دانیشــتووانی ئەمریکا پتر کەســانی بە ســاڵداچوون، کەمتر خەڵکــی قەوقازیان تێدایــە، ژمارەیەکی زیاتــری ئیســپانی و ژمارەیەکی زیاتری ئەمریکیی ئاســیایی تێدایە، ئایا ئەمەش کارئاســانیی کــردووە بۆ ئەوەی ئەمریکا کەمتر بایەخ بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدات؟*

ریچارد هاس: ئەمە پرسیارێکی سەرنج ڕاکێشە، من وا بیر ناکەمــەوە، زۆربەی خەڵکی ئەمریکا ڕیشــەیەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتیان نییــە، ئەمریــکا دوو هۆکاری هەیــە بۆ ئەوەی لــە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا تێوەبگلێــت، هەندێکیان هۆکاری ســتراتیژی و هەندێکیان ئابووری و هەندێکیان سیاســین. بە شێوەیەکی گشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شوێنێکی تایبەتە، بە لەبەر چاو گرتنی شوێنە پیرۆزەکان و تەل ئەبیب لە ئیسرائیل. پێــم وایــە زۆرێک لــە ئەمریکییەکان بــەردەوام دەبن لەوەی پابەند بوونێکی تایبەتیان هەبێت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بــە ئیســرائیلەوە. کەواتە پێــم وایە ئەمریکا لــە زۆر ڕووەوە بەرژەوەندیی جێگیری دەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هێشتا

نیگەرانــی لەبارەی بڵاو بوونــەوەی چەکی ناووکییەوە هەیە، هێشتا نیگەرانی لەبارەی تیرۆرەوە هەیە، هەروەها وزەشەوە، کە ئێســتا قســەمان لەبارەوە کــرد، بەوەی دەبێــت ڕایەڵ و پەیوەندیمان لەگەڵ ئیسرائیلدا هەر بمێنێت. کەواتە هیچ یەکێک لەوانە لە ئاســۆدا بزر نابن. پرســی دیموگرافی مەسەلەیەکی دیکە دەورووژێنێت، ڕاســتە خەڵکی ئەمریکا بەساڵدا دەچن و خەڵکــی تەمەنێکی درێژتریان هەیە، بەڵام بە بەراورد بە زۆر لە وڵاتان، ئێمە دیموگرافیایەکی هاوسەنگترمان هەیە، ئەویش بە هۆی کۆچبەرانەوە. لە زۆر لە وڵاتاندا لە بنەڕەتدا بیرۆکەی سێگۆشە یان هەرەم هەیە، کە خەڵکێکی زۆری بەساڵاچوویان هەیە. ئەگەر لە ئەوروپا یان ژاپۆن بڕوانیت، کە بەساڵاچووان ڕێژەیەکــی زۆر پێــک دەهێنن، بەڵام لــە زۆر لە وڵاتانی تازە گەشــەکردوودا پێچەوانەی ئەمە هەیە، کە گەنجان ڕێژەیەکی زۆری دانیشــتووان پێک دەهێنن، کە تەمەنیان لە خوار بیست بۆ بیســت و پێنج ســاڵەوەیە، بەڵام ئەمە بارگرانیش دروست دەکات، لەبــەر ئــەوەی زۆر لــە کۆمەڵگاکان پشــت بە کار و بەرهەمــی ئەو خەڵکانە دەبەســتن کە تەمەنیــان نزیکە لە ١٦ بۆ ١٨ ســاڵ لــە لایەک، ئینجا ئەوانەی لــە تەمەنی ٦٠ بۆ ٦٥ ســاڵین لە لایەکی دیکەوە. لەبەر ئەوە و لە ڕاســتیدا، ئەمریکا لە دۆخێکی باشــتردایە بە بەراورد بــە زۆر لە وڵاتانی دیکە. بە لای منەوە ئەمە لایەنێکــی ئەرێنیی بونیادانەیە (structural positive)، کە ئەم وڵاتە هەیەتی، هەروەها مشتومڕێکی دیکەش هەیە لەبارەی کرانەوە لە ئاســت کۆچبەراندا، ڕەنگە زۆرانێک لە ئێمە باوەڕی وا بێت چاکسازی لە بواری کۆچبەراندا ڕەنگە یەکێک بێت لە باشترینیان.

*مایکڵ نۆت: با پرسیارەکان بگوازینەوە بۆ سیاسەتی ناوخۆ، کە پرســیار لەبــارەی تێچــووی چاودێریی تەندروســتییەوە هەیــە، پرۆگرامەکانــی دیکــەی مافەیلــی دەســتەبەر کراو لە*

*لایەن حکوومەتەوە، بە ڕەچاو کردنی بەو بنبەســت گەیشتنە سیاسییەی لە واشنتن هەیە، چۆن کەسێک دەتوانێت ئومێدی بەوە هەبێت کە ئێمە چەند بەرەو پێش چوونێکمان بەدەســت هێنــاوە بەرەو ئــەو بەهێز کردنە ئابوورییەی بانگەشــەی بۆ دەکەین؟*

ریچارد هاس: ئەمە پرســیارێکی ســەرنج ڕاکێشــە، دەبێت دوو شــت بڵێم بۆ ئەوەی وەڵامێکی ڕاســتەوخۆت بدەمەوە، یەکەمیــان ئەوەیــە ئێمــە نزیکــەی لــە ســەدا ١٨ی، نزیکەی یەک لە ســەر پێنجی ســامانی خۆمان، لە بــواری چاودێریی تەندروستیدا خەرج دەکەین. ئەمە بە ڕادەیەکی زۆر ڕێژەیەکی بــەرزە و نزیکەی دوو هێنــدەی ئەو ڕێژەیە پێک دەهێنێت کە وڵاتانــی دیکەی دەوڵەمەند دەیکەن، ئەگەر ئێمە دوو ئەوەندە بژیــن، یاخــود دوو ئەوەندەش تەندروســت بین، ئــەوا ئەوە دەهێنێت ئەم کارە بکەین، بەڵام ئەمە حاڵەتەکە نییە، ئەنجامی چاودێریی تەندروســتیی ئێمە باشتر نییە. ئەمەش ڕاستییەکی زۆر گرنگمــان بیر دەخاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە چەند خەرج دەکەیــن هێندەی ئــەوەش گرنگە کە چــۆن خەرجی دەکەین. بــۆ نموونە ئێمە پارەیەکی زۆر لــە قوتابیاندا خەرج دەکەین، بە بەراورد بە شــوێنانی دیکــە، بەڵام دەرەنجامەکە لە ڕووی پەروەردەییــەوە ئەوەندە گــەورە نییە. کەواتــە ئەمە بیرمان دەخاتەوە کە کاتێک کەســێک بیری لەوە کردەوە چەند خەرج دەکەین، لە بواری بەرگری یان تەندروستی یان هەر بوارێکی دیکــە، زۆر بە خێرایی بیر لەمە بکەرەوە و باســی ئەوە بکە، چــۆن خەرج دەکرێــت؟ چونکە کــەم تــا زۆر دەرەنجامێکت دەبێــت ئەگەر بڕیاری ڕاســت بدەیت، کەواتــە خەرج کردنی زیاتــر بــە زەروورەت نابێتە هۆی ئــەوەی ئەنجامی زیاترت دەســت بکەوێت. ئەمە لە بــواری تەندروســتی و بوارەکانی دیکەشــدا ڕاستە. هەروەها دەبێت بیر لەوەش بکەینەوە، نەک

تەنیا ئەو بارگرانییەی لە سەر ئابووری یان توانای ململانێی ئێمە دروستی دەکات، بەڵکوو ڕوونە لەسەر ئەو ئیلتیزامانەی ئێمە بنیاتی دەنێین لە بواری چاودێریی تەندروستی بەردەوام نابن. کێشەکە لەساڵی داهاتوو یان سێ ساڵی داهاتوودا یان پێنج ساڵی داهاتوودا نییە، بەڵکوو لە نزیکەی هەشت بۆ دە ساڵدا دەست پێ دەکات، کە ئێمە کێرڤێکی نابەردەوامیمان هەیە. لە بنەڕەتدا ئێمە ئابوورییەکی کەممان هەیە، جگە لە توانای ئێمە بۆ دابین کردنی دارایی بۆ ئەو مافانەی پەیوەستن بە بەهرەمەند بوون لە چەند سوودێک، دەسکەوتێک، کە بە گوێرەی بەرنامەیەکی حکوومەت دەستەبەر دەکرێت، بە تایبەتی کاتێک ڕێژەی قازانج بەرز ببێتەوە، ئەو کاتەی ئێمە قەرزەکە دەدەینەوە و ئیلتیزامی پەیوەست بە مافانەوە جێبەجێ دەکەین، کە پەیوەستن بە بەهرەمەند بوون لە چەند سوودێک، دەسکەوتێک، کە بە گوێرەی بەرنامەیەکی حکوومەت دەستەبەر دەکرێت، وەک ئاسایشی کۆمەڵایەتی و چاودێریی تەندروستی، ئەوا بەشێکی کەم دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی لە بواری وەبەرهێناندا و بۆ پەرەپێدانی سەرمایەی فیزیکی و سەرمایەی مرۆیی بەکاریان بهێنین. کەواتە ئێمە کێرڤێکی ناژییرانەمان هەیە لەم ڕووەوە. ئەوەی پێویستە بیکەین لە پەیوەند بەو مافانەی پەیوەستن بە بەهرەمەند بوون لە چەند سوودێک، دەسکەوتێک، کە بە گوێرەی بەرنامەیەکی حکوومەت دەستەبەر دەکرێت.. ئەوا دەبێت مامەڵەی یاساییمان بگۆڕین لەبارەی چەند شتێکی دیاری کراوەوە، کە پەیوەستن بە چاودێریی تەندروستییەوە.. واتە دەکرێت بڕێکی زۆر عەقڵانیەت بخەینە بواری چاودێریی تەندروستییەوە. ئێمە دەتوانین بە وردی و دوور و درێژی باسی ئەمە بکەین، بەڵام هەندێ شت هەن دەکرێت ئەنجام بدرێن، بۆ کەم کردنەوەی ئەو بڕەی دەدرێت بە تاقی کردنەوە و ڕێوشوێنان، زیاتر

جەخت بکەینە سەر ئەنجامەکە. جیاوازییەکە ئەوەیە، ئەگەر لە نەخۆشــخانەیەکەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی دیکە بڕۆیت، ئەگەر لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە بڕۆیت و بەراوردی ئەو کارە بکەیت کە دەیکەین و ئەو ئەنجامەی بەدەستی دەهێنین، ئەوە دەبینی کە شتێکی زۆر هەڵە لە ئارادایە. ئەمەش قورسە، لەبــەر ئــەوەی ڕێژەیەکی بــەرزی قازانــج هەیە. بــا دوایین خاڵی سیاســی باس بکەم، زۆر لەو شــوێنانەی من باســیان دەکەم، کاتێک باســی سیاســەتی ناوخۆیی دەکەم، ئەوا زۆر لــەو کارانەی ئێمــە دەیانکەین، لەبەر ئەوە نییە کە پێویســتە بیانکەیــن، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە بەرژەوەندیی بەهێز و گەورە هەن، کە دەیانەوێت دۆخەکە بەو شــێوەیە بەردەوام بێت. بۆ نموونــە، ئەگەر تۆ هــاوڕا نیت لەگەڵ سیســتەمی چاودێریی تەندروســتیدا، ئەوا دەبێت بیر لەوە بکەیتەوە بۆچی وایە؟ بە دڵنیاییــەوە یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە لۆبیی بەهێز هەیە و بەرژەوەندیی تایبەت هەیە بۆ ئەوەی بەم شــێوەیە درێژە بە دۆخەکــە بدەن، بە تایبەتی گرووپــی وەک AARP (کۆمەڵەی خانەنشینانی ئەمریکا)، دواتر دەبێت بیر لە چۆنیەتی دروست کردنی هێزی پارســەنگ بکەیتەوە لە سیاسەتی ئەمریکادا، کە ئەجێندای ململانێ بخاتە ڕوو، سیاسەتی ئەمریکا بازاڕێکە بۆ ململانێ، حاڵی حازر چەند بەرژەوەندییەکی تایبەت باڵادەستن، پرســیارەکە ئەوەیە چۆن ڕێگە نەدەیت بەرژەوەندیی تایبەت زاڵ بێت بە سەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی یان دەستەجەمعیدا؟ چاودێریی تەندروسیتش یەکێکە لە بوارە سەرەکییەکان، کە بە باوەڕی من ئەوە دەهێنێت ئەو پرسیارەی لەبارەوە بکەیت.

*مایــکڵ نــۆت: ئایــا بــاوەڕت وایــە ئــەو دوور کەوتنــەوە، گۆشــەگیرییەی ئێستا، کە کەس پێشــبینیی نەدەکرد جێبەجێ بکرێــت، هــاوکارە بــۆ سیاســەتی دەرەوە و پێگــەی ئێمە لە جیهاندا یان زیان بەخشــە، یان پەیوەندییەکی ڕاســتەوخۆی*

*نییە بەم ئاڵوگۆڕە گەورەیەوە؟*

هـاس: کـەم کردنەوەی خەرجی یەک شـتی بـاش دەکات، ئەویـش ئەوەیە کە قەرز بۆ ڕێژەی جی پی دی (GPD) کەم دەکاتـەوە. ئەگەر لە هەفتـەی ڕابردوودا وتارەکانتان لە وۆڵ ستریت جۆرناڵ و نیویۆرک تایمز و ئەوانی دیکەدا بینی بێت، بـاس لەوە دەکەن ئۆفیسـی بودجە لـە کۆنگرێس ڕاپۆرتێکی نوێی دەرکردووە. ئـەوەی لە بنەڕەتدا ئەم ڕاپۆرتەی دەیڵێت ئەوەیە، کێشەی کورت هێنان کەمترە لەوەی ئێمە پێشبینیمان دەکرد، چەند هۆکارێک هەیە بۆ ئەمە، یەکێکیان ئەوەیە هەندێ بـاج زیاتر کـران، بەڵام هۆکارێکی دیکـەش بریتییە لە دوور کەوتنەوە، کە کەم کردنەوەی خەرجیی حکوومەت هۆکارێکی یارمەتیـدەر بوو، ئەمە تاکە شـتێک بوو کـە کەم کردنەوەی خەرجی کردی. کەم کردنەوەی خەرجی بە ڕاستی سیاسەتێکی گشـتیی گێلانەیە، نزمترین ئاسـتی هاوبەشی بواری گشتییە، لەبـەر ئـەوەی هەموو خەرجییـەکان بە یەکسـانی دادەنێت، بـەڵام هەمـوو خەرجییەکان یەکسـان نین. هەنـدێ خەرجی وەبەرهێنانن، هەندێکیان ناچنـە چوارچێوەی وەبەرهێنانەوە، هەبوونـی بودجـە ئەوەیە تۆ بایـەخ بە وەبەرهێنـان بدەیت، بـەڵام کـەم کردنـەوەی خەرجی ئـەو کارە نـاکات، بەڵکوو ئەوەی دەیکات بریتییە لە سسـت کردنـی چالاکیی ئابووری لە مەودای کورتدا، کەواتە کەم کردنەوەی خەرجی دەقاودەق هەڵەیـە، ئەوەی دەبێت بکرێت زیـاد کردنی پاڵنەری چالاکیی ئابوورییە، بۆ ئەوەی شـتەکان ببەیتە ئاستێکی بەرزتر، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئاسـتەنگی دوورمەودای ئەو مافانەش بکەیت، کە پەیوەسـتن بـە بەهرەمەند بوون لە چەند سـوودێک، دەسـکەوتێک، کە بە گوێرەی بەرنامەیەکی حکوومەت دەسـتەبەر دەکرێن. کەواتە لە بری بیرکردنەوە لە سنووردار کردنی خەرجیی کورت مەودا، دەبێت خەرجییەکی

زیاتر هەبێت لە ئاست کورت مەودادا، بەڵام لە بواری ڕاست و دروسـتدا، بـۆ نموونە وەبەرهێنان لە سـەرمایەی فیزیکی و سـەرمایەی مرۆییـدا... کەواتە ئێمە دەقـاودەق هەڵەین لە کردنـی ئەمەدا. با شـتێکی دیکە لەبارەی ئـەم مافانەوە بڵێم، زیاد بوونی ڕاسـتەقینە نزیکەی ٢٠٢٠ یان لە نێوانی ٢٠٢٠ و ٢٠٢٥دا دەبێت، بەڵام شتێک کە دەیزانین ئەوەیە، تۆ لە ساڵی ٢٠٢٢دا ناتوانیت سیاسـەتی پەیوەسـت بـەم مافانە بگۆڕیت بۆ ئەو کەسـانەی لەو کاتەدا خانەنشـین دەبـن، تاکە ڕێیەک بۆ کۆ کردنەوەی پشـتیوانیی سیاسی لەم وڵاتەدا بۆ گۆڕینی ئـەم مافانە، بریتییە لە پێدانی قۆناغێکی پێنج بۆ پازدە سـاڵی بـۆ ئەوەی خەڵکـی بتوانن بـە گوێرەی ئـەوە ژیانی خۆیان بگۆڕن. ئەگەر کەسێک ٤٥ ساڵ بێت، پێی ڕابگەیەنیت تەمەنی خانەنشینی لە بری ٦٥ بۆ ٦٦ ساڵ دەبێتە ٦٩ ساڵ و پێی بڵێیت ئەم سـوودە ئابووریانە تۆزێک درەنگتر بەدەسـت دەهێنیت، ئەوا ئەو کەسـە وەک شتێکی ڕاسـتەوخۆ چاوەڕوێی ناکات، بەڵام ئەگەر تەمەنت ٦٤ یان ٦٦ ساڵ بێت، ئەوا ڕاستەوخۆتر ئەنجامەکە بەدەسـت دەهێندرێت. ئەمە بە لای منەوە ڕاسـت و ڕەوا نییـە، ئەگـەر ئێمە دەمانەوێت لـە ماوەی دە بۆ پازدە سـاڵی دیکـە کێرڤی ئەم مافانـە بگۆڕین، ئەوا دەبێت ئێسـتا ئـەو کارە بکەین، کێشـەکە ئەوەیە کـەم کردنەوەی خەرجی هەندێ لە گوشارەکە کەم دەکاتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە دۆخێکی باشترمان هەیە، وەک لەوەی بیرمان لێ دەکردەوە لە پەیوەند بە ئامانجەکانی بودجەوە، بەڵام ئەگەر ئێسـتا گوشارەکە کەم بکاتـەوە، ئـەوا لەو سـەرەوە زیـادی دەکات، کەواتە ئێمە تا ڕادەیەک دەرفەتمان هەیە کە دەبێت بەکاری بهێنین.

*مایکڵ نۆت: ئایا پێویستە بودجەی سەربازی لەوە زیاتریش کـەم بکرێتـەوە کە پلانی بـۆ داندراوە، ئایا ئەگـەر بودجەی بەرگری کەم بکرێتەوە لە چ بوارێکدا بێت باشە؟*

ڕیچارد هاس: نەک زیاتر لەوەی ئێستا هەیە، کەم کردنەوەکە نزیکەی لە سەدا ٨ بوو پێش کەم کردنەوەی خەرجی، ئێستاش لە سەدا هەشتی دیکە دەبڕن، کە ئێستا لە خوار ٥٠٠ ملیار دۆلارەوەیە بۆ خەرجیی بواری بەرگری. ئەمە وا دەردەکەوێت ڕێژەیەکی زۆر بەرز بێت، بەڵام بە بەراورد بەو ڕێژانەی ئەمریکا لە مێژوودا تەرخانی کردووە، ئەوا کەمترە، ئێمە لە ڕۆژگارە جیاوازەکاندا، لە ڕۆژگاری شەڕی سارددا ڕێژەیەکی زیاترمان تەرخان کرد، سەرەڕای ئەوەش چی دی ئێمە داهاتێکی زۆر لە عێراقدا خەرج ناکەین، بەم زووانەش داهاتێکی زۆر بۆ ئەفغانستان خەرج ناکەین، کەواتە دەرکەوت کە خەرجیی بواری بەرگری هۆکاری هەندێ کێشەی دارایی بوو، بەڵام پشکی شێری بەرناکەوێت، تەنیا لە سەدا ١٠ بۆ ١٥ هۆکارەکەی بۆ شەڕی عێراق و ئەفغانستان دەگەڕێتەوە. کەواتە کەم کردنەوەی خەرجیی بواری بەرگری کێشەی دروست نەکرد، ئەگەرچی تێیدا بەشدار بوو. کەواتە کەم کردنەوەی خەرجیی بەرگری یارمەتیدەرە، بەڵام کێشەکە چارەسەر ناکات. ئێمە ڕاهات بووین لە سەر ئەوەی بانکەکان بەکار بهێنین، لەبەر ئەوەی پارەی ئێمە لەوێدایە، بەڵام ئەگەر دەتەوێت رووبەڕووی کێشە ڕاستەقینەکە ببیتەوە، ئەوا دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەم مافانەدا بکەیت، ئیلتیزامی ئێمە لێرەدایە. بە ڕەچاو کردنی ئەوەی گوترا، هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، خەرجیی زیاتر لە بواری بەرگریدا بە مانای ئەوە نایەت کە ئاسایشی زیاتر دابین دەکەیت، بەڵکوو دەبێت ژیرانە ئەو کارە بکەیت. ئەگەر بوارێکیش هەبێت کە خەرجیی زیاتر بکرێت لە بواری بەرگریدا، ئەوا من دەمەوێت بڵێم دەبێت هەندێ هێزی دەریایی بێت لە ئاسیا، کە دەبێت کاری زیاتریان تێدا بکەین. ئێمە هێزی مارینز و سوپایەکمان بۆ شەڕی عێراق و ئەفغانستان دروست کرد، کە من پێم وایە

دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ دۆخی پێش عێراق و ئەفغانســتان لە ڕووی مارینز و سوپاوە. دەبێ بیر لە پرۆژەی دیکە بکەینەوە کــە تێچوویــان زیاتــرە.. دەکرێت بیــر لە قەبــارە و ژمارەی پرۆژەگەلــی ناووکــی بکەینەوە. کەواتە من ســەرگەرمییەکی کەمتــرم هەیە بۆ قەبــارەی خەرجی، ئیتر ٥١٠ ملیار بێت یان ٤٨٠ ملیار، چونکە وردەکاریــی خەرجییەکان گرنگترە، بەڵام پاســاوێکی بەهێز هەیە کە ئێمە هێزێکــی بەرگریی بەهێزمان هەبێــت، ئەمریکا ڕووبەڕووی هەندێ ئاســتەنگی ڕاســتەقینە بووەتــەوە، ئێمە نامەوێت ئاســتەنگ قوت بورووژێنین، بەڵام بەرگــری جۆرێکــە لە ئارامی و لە دڵنیایــی، چونکە ئەگەر تۆ خەرجیت لە بواری بەرگریدا بۆ ئەوە بێت کە هەندێ ئاستەنگ دڵســارد بکەیتەوە، ئەوا تۆ وەبەرهێنانێکی باشت نەکردووە، لەبەر ئەوە نابێت وەک چارەســەر.. ســەیری بەرگری بکەین، ئێمە پێویســتمان بە بەرگرییەکی بەهێزە، بەڵام هەندێ شــت هــەن دەتوانیــت و دەبێت بیکەیــن بۆ ئــەوەی گۆڕانکاری لە وردەکاریدا بکەین.

*مایکڵ نۆت: چەند پرســیارێک لەبارەی کاردانەوەی وڵاتانی دیکــە لەبارەی سیاســەتی کەم کردنەوە، لــە نێویاندا وڵاتانی هاوپەیمان هەیە، کاتێک لە دوای شەڕی ڤێتنامەوە تا ڕادەیەک کەممــان کردووەوە، ئەمە نیگەرانییەکی زۆری لە ڕۆژهەڵاتی ئاســیا و ئەوروپادا نایەوە، لە دوایین کێشــە لەگەڵ کۆریای باکووردا، بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ئەندام پەرلەمانی ژاپۆن و کۆریای باشــوور باســیان لەوە کرد، پێویستیان بە چەکی ناووکییــە، لەبــەر ئــەوە باوەڕیان بــە راســتگۆیی زەمانەتی ئەمنیی ئەمریکا نەبوو، لەوەی بیانپارێزێت. ئایا کاریگەرییەکە چییە، تەنانەت ئەگەر بەرەو ئاسیاش بجووڵێین، بەرەو ژاپۆن و کۆریــای باشــوور، یاخــود ئەوروپــا، لەم پرۆســەی کەم کردنەوەیەدا؟*

ڕیچارد هــاس: یەکێک لە هۆکارەکانی ئــەوەی داوای ئەوە دەکــەم خەرجیی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی ئاســیا بکرێت، ئەوەیە کە ئێوە ئاماژەتان پێ کرد، دەیان ســاڵە ئاسیا زۆر بە باشی کارەکانی بەڕێوە دەبات، شــتێکی زۆر سەرنج ڕاکێشە کە تۆ ئــەم میکانیزمە ئابوورییەت هەیە، کە ســەری نەکێشــاوە بۆ ناکۆکی یان بەریەک کەوتنێکی گەورەی سەربازی، بەڵام بۆی هەیە ڕوو بدات. ئێمە دروست بوونی ناسیۆنالیزم دەبینین، ئەو ناکۆکییە چارەســە نەکراوانە دەبینیت، لەباری خاوەندارێتیی خاکەوە، بەڵام شتێکی هاوشێوەی ئەو ئاشتەواییەی لە نێوان فەرەنســا و ئەڵمانیــادا هەبوو، لە نێوان ژاپــۆن و چیندا نییە، شــتێک نییە لە شــێوەی بوونی دیپلۆماســی و ســەربازی و دامــەزراوەکان، بە چەشــنی ئەوەی لە ئەوروپــادا هەیە. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە هێشتا ئەمریکا ڕۆڵێکی یەکلاییکەرەوە دەبینێت، لەبەر ئەوە نابێت ئاسیا بۆ ئاسیاییان جێ بهێڵدرێت. ئەمــە کەم کردنــەوە نییە لە بەهای ئەوان، بەڵکوو مەبەســتم ئەوەیە ئێمە بەرژەوەندیی زۆرمان لەوێدا هەیە، ئەگەر ئەمریکا لــە هەمو ڕوویەکــەوە چالاک نەبێت، لە ڕووی ســەربازی و دیپلۆماســی و سەربازییەوە، ئەوا بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد ئەو بەشــەی جیهــان دەچێتە نێو شــەمەندەفەری مێژووەوە. مەبەســتم ئەوەیــە هەندێ لــە وڵاتان چەکی زیاتر بەدەســت دەهێنــن، هەندێکیان بیر لــە پێگەی ناووکی خۆیان دەکەنەوە، ناســیۆنالیزم پتر زەق دەبێتەوە. ئەو کاتــە ئەگەری دووبارە بوونەوەی سیناریۆی مێژوو دێتە ئاراوە، کە سەدەی بیست و یەکی ئاسیا هاوشێوەی سەرەتای سەدەی بیستی ئەوروپای لــێ دێت. ئێمــە ئەم فیلمەمــان بینیوە و نامانەوێــت دووبارە بێتەوە. کەواتە هۆکارێکی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی لەوێدا زیاتر تێوەبگلێن، بەڵام کەم کردنەوە لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێی خۆشحاڵیی هەندێ لە دۆست و هاوپەیمانانمان نییە، بۆ

نمونە، حاڵی حازر تووڕەییەکی زۆر هەیە لە جیهانی عەرەبدا لەبارەی ئەوەی ئەمریکا نایکات. کەواتە با وا بێت، دەبێت ئامادە بین ئەمە قبووڵ بکەین، لەبەر ئەو هۆکارەی پێشتر گوزارشتم لێ کرد. من دەمەوێت پتر کار لە سەر ئەمریکای باشووریش بکرێت. پێم وایە دەتوانین لە ئەوروپادا کاری کەمتر بکەین، لەبەر ئەوەی ئەوروپا هەمان ئەو ڕۆڵە نابینێت لە سەدەی بیست و یەکدا کە لە سەدەی بیستدا بینیی. ئەمە هەواڵێکی خۆشە، ئەوروپا لە سەدەی بیستدا زۆر باڵادەست بوو، دوایین جار کە پێداچوونەوەم کرد، گۆڕەپانی دوو جیهانە جەنگ و شەڕی ساردیش هەر ئەوێ بوو. ئێستاش ئەوروپا لە ئاشتەواییەکی بەرفراواندایە، ئاوێتە بوونێکی زۆر هەیە، ئابووری بووەتە ئاستەنگی سەرەکی بۆی، تا ڕادەیەکی دیاری کراو دەتوانین هاوکارییان بکەین، من بیرۆکەی ناوچەی ئازادی بازرگانیی ئەمریکا و ئەوروپام بە لاوە باشە. ئاستەنگی ڕاستەقینەی بەردەم ئەوروپایی ئەوەیە کە ئەوروپایی خۆیان دەیکەن. هەواڵە خۆشەکەش ئەوەیە، ئەوروپا وەک گۆڕەپانی شەڕ دەرناکەوێت و لە ڕاستیدا، حاڵی حازر ئەمریکا لە ئەوروپادا خەرجیی کەم کردووەتەوە، چونکە حاڵی حازر یەک لە سەر چواری ئەو ئامادە بوونە سەربازییەمان لە ئەوروپادا هەیە، کە لە لووتکەی شەڕی سارددا هەمان بوو.. لە ڕاستیدا ئەو هێزانەش بۆ ئەوەن، کە لەگەڵ ناتۆدا بتوانن لە دەرەوەدا ئۆپەراسیۆن بکەن، کەواتە دەبێت ستراتیژەکە خۆی بگونجێنێت، کارێکی پڕ لە هەڵەشەیی دەبێت ئەگەر ئێمە خۆمان نەگونجێنین، ئەویش کاتێک بەرژەوەندی دەگۆڕێت و مەترسی دەگۆڕێت و تەکنەلۆژیا دەگۆڕێت، ئیتر بۆچی ئەمە لە هەندێ ناوچە کەم نەکەینەوە و لە هەندێ ناوچەش زیادی نەکەین؟

*مایکڵ نۆت: ئایا ڕێگاچارەیەکی لەم شێوەیە نابێتە هۆی*

*ئـەوەی لە بەرانبەردا کرملین یان سـەرکردایەتیی ئەلقاعیدە، یان چینی بە شـێوەیەک کار بکەن لە بەرژەوەندیی ئەمریکادا نەبێت، ئەگەر بزانن بوونی سەربازیی ئێمە کەم بووەتەوە؟*

ڕیچارد هاس: سەرەتا با لەوەوە دەست پێ بکەین کە ئەلقاعیدە تەپڵی شەڕی لێ داوە، ئەوان کاردانەوەیان نییە، ئەوەی ئەوان دەیکەن کارە نەک کاردانەوە، کە بە شـێوەیەک لە شـێوەکان جیـاوازە لەو دوو وڵاتەی دیکـە. خاڵی دووەمیان ئەوەیە من ئەمشەو بۆ ئەوە دانەنیشتووم پاساو بۆ گۆشەگیریی ئەمریکا بهێنمەوە، من کتێبێکم نەنووسیوە لەبارەی گۆشەگیر بوونەوە، بەڵکـوو تەواو بە پێچەوانەوە، کتێبێکە لەبارەی سـتراتیژەوە، لەبارەی ئەوەی ئێمە پارێزگاری لە بوون و دەست تێوەردانی خۆمـان بکەین، بـەڵام بە شـێوەیەکی ژیرانـە. کەواتە ئێمە گۆڕەپانەکـە بـۆ هیچ یەکێک لـەو وڵاتانە یـان هێزێکی دیکە چۆڵ ناکەین، ئەگەر سـەیری چین یان ڕووسـیا بکەیت، ئەوا نــە ئیرادە و نە توانای سـەرکردایەتی کردنی جیهانیان هەیە. لە پەیوەند بـە ئەلقاعیدەوە، ئـەوان ئەجێندایەکی بنیاتنەریان نییـە، بەڵکـوو بەرنامەیەکـی وێرانکاریـان هەیە، کـە دەبێت هەرچـی لە تواناماندا بێت بیکەین بۆ ئەوەی لە سـەر زەوی بیانسـڕینەوە. کەواتە دەبێت بە چڕی لە کاروباری جیهانەوە تێوەبگلێین. پرسـیارە گەرمەکە لەبارەی چین و ڕووسـیاوە ئەوەیە، ئاسـتەنگی پەیوەست بەم دوو وڵاتەوە ئەو ئاستەنگە نییە، کە ئەوان دروسـتی دەکەن، بەڵکوو ئەو ئاسـتەنگەیە کە رووبـەڕووی دەبنـەوە. بەڕێز پوتین زۆر باش گوزارشـتی لــە تووڕەیی ڕووسـیا کرد، رووسـیا بیسـت و پێنج سـاڵی خراپی بەڕێ کرد، لە دوای کۆتایی هاتنی شـەڕی ساردەوە، پێگەیەکی زۆریان لە سـەر شـانۆی جیهان لەدەست دا، جگە لــە غاز و نەوت، شـتێکی دیکـەی وایان نییە لــە پەیوەند بە ئابوورییەوە، ژمارەی دانیشـتووانیان بۆ نزیکەی سەد و چل

و ســێ ملیۆن کەس کەم بووەتەوە، بەشێکی زۆری یەکێتیی سۆڤیەتیان لەدەست دا. بەڕێز پوتین زۆر باش پەنجەی خستە ســەر ئەو تووڕەییەی رووســیا، کە رووسیا لە زۆر شوێنی جیهانــدا ڕۆڵــی هێزێکی تووڕەی تێکــدەر دەبینێت. لە هەندێ حاڵەتــدا هاوکارییــان کــردووە، بــۆ نموونە لە ئەفغانســتان، بەڵام لە زۆر شــوێندا ڕۆڵــی تێکدەرانەیان بینیوە. پرســیارە ڕاســتەقینەکە ئەوەیە، چۆن رووســیا دەکاتــەوە بە وڵاتێکی پــڕ لە جموجــوڵ و بەرەو پێشــی دەبات؟ وەڵامــی چییە بۆ ئەوەی رووســیا بکاتە ئابوورییەکی مۆدێرنی ســەرکەوتوو، کە سیستەمێکی سیاســی بگرێتە ئەستۆ، کە لە ناو وڵاتەکەدا شەرعیەتی هەبێت؟ من زۆر دڵنیا نیم لەوەی ئەوان لە ئاست ئــەو ئاســتەنگانەدا بــن. زۆر کەس باســی هەڕەشــەی چین دەکات، بەڵام لەو ئاســتەنگانە بڕوانن کە چین رووبەڕوویان بووەتــەوە. ئێمە پێشــتر باســی دیموگرافیامان کــرد، ئەوان ژمارەیەکــی زیاتری کوڕانی گەنجیان هەیــە، کە لە ڕەگەزی کــچ زیاترن، ئەویش بە هۆی سیاســەتی یەک منداڵییەوە، کە ژمارەی باســاڵاچووان زیاترە لە ژمارەی ئەو کەسانەی کار دەکەن. ئەوەش ڕێژەیەکە بە ئاراســتەیەکی خراپدا دەگۆڕێت، زیاتر لە ١٠٠,٠٠٠ خۆپیشــاندانی گەورەی سیاســی لە چیندا هــەن. دۆخی هەوا و ئاو دەبینین کە کارەســاتێکی ژینگەییە، بە ســەدان کەس لە ناوچەکانی گوندنشــینی هەژاردا دەژین، گەشەی ئابووری لە دوو ژمارەییەوە دابەزی بۆ لە سەدا ٦ و ٧، چین رووبەڕووی چەندین ئاستەنگی ناوخۆیی زۆر گەورە بووەتەوە. کەواتە لە ئاییندەی بەرچاودا چین بە مامەڵە کردن لەگەڵیاندا ســەرقاڵ دەبێت، مەترســییەکە ئەوەیە کە ڕژێمەکە تووڕەیی بیگرێت، ڕەنگە ناسیۆنالیزم یەکێک بێت لەو شتانەی پەنــای بۆ ببات. کەواتە دووبــارەی دەکەمەوە، دەبێت چالاک بین و لەوە تێبگەین کە بە گرتنە بەری سیاسەتێکی دەرەکیی

سەرکێشانە، ڕەزامەندیی خەڵکی چین بەدەست ناهێنن، بەڵکوو بە ڕاستی پێویستان بەوەیە ئاستەنگەکان چارەسەر بکەن یان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، کە لە سەر ئاستی ناوخۆ ڕووبەڕووی بوونەتەوە، کە ئاستەنگی گەورەن. ئەمەش کەمترین شتە لەبارەیانەوە بیڵێین. زۆر گرنگە کاتێک سەیری وڵاتانی دیکە دەکەین، بە تێڕوانینێکی واقیعیانە لە ئاستەنگی بەردەمیان بڕوانین، کە پەیوەست بن بە ئاسایشی نەتەوەییەوە.

*مایکڵ نۆت: لە مەودای کورتدا ڕەنگە شوێنی ڕاستەقینەی تاقی کردنەوەی بیرۆکەکانی هاس، ئێران بێت، ئایا دەتوانیت بە دیاری کراوتر قسە بکەیت لەبارەی جیاوازیی تۆ لەگەڵ ئیدارەی ئۆباما لە ئاست ئێراندا؟*

ڕیچارد هاس: ئەمە پرسیارێکی قورسە، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر من داوای ئەوە بکەم بوونی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەمتر بێتەوە، ئەوا ئەوەی لە ئێراندا ڕوو دەدات دەبێتە ئاستەنگ بۆ ئێمە. ئومێدی من ئەوەیە ئەوەی ئێستا ڕوو دەدات لە کاری دیپلۆماسی و سزاکان و هەڕەشەی هێزی سەربازی بەس بن، بۆ ئەوەی قەناعەت بە ئێران بهێنن بەرنامە ئەتۆمییەکەی سنووردار بکات، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر و ڕاشکاوانەتر بدوێم، ئەوا هیوادارم ئەمانە بەس بن بۆ ئەوان و زۆر نەبێت بۆ جیهانی دەرەکی. ئەگەر بتوانین ئەمە بکەین ئەوا ئەمە بۆ هەموو لایەک باشترە، بەڵام ئەگەر ئەوە سەرکەوتوو نەبوو، ئێرانیش بەردەوام بوو و دەستی هەڵنەگرت، ئەوا ئەمریکا ڕووبەڕووی بڕیارێکی چارەنوسساز دەبێتەوە لەبارەی ئەوەی هێزی سەربازی بە شێوەیەک بەکار بهێنێت، کە بەرەو پێش چوونی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران ڕابگرێت، ئەگەرنا ئەمریکا لەگەڵ ئەم بەرنامەیەدا هەڵ بکات. من پێم وایە هەر یەکێک لەمانە، تێکدانی دۆخەکە بە هۆی هێزی سەربازییەوە، یان قبووڵ کردنی ئێرانێکی ئەتۆمی،

دەرەنجامی ڕاســتەقینەی لێ دەکەوێتەوە، دەرەنجامی گەورە و ســتراتیژی و ئابووری، من لەگەڵ هیچیاندا نیم. ئەگەرچی ڕەنگــە لە قۆناغێکدا ناچار بین هەڵبژاردن بکەین لە نێوانیاندا، بەڵام ئەگەر ئێمە ناچار بووین ڕێگاچارەی ســەربازی بگرینە بــەر، ئەوا بــە لای کەمەوە لە مەودای کورتــدا ناتەبا دێتەوە لەگەڵ ئەو تەوژمەی کە هەیە.. ئەمەش هۆکارێکە کە من زۆر پەرۆشــی بەکارهێنانی هێزی سەربازی نیم. لەگەڵ ئەوەشدا بە تەواوەتی لــە دەرەوەی ئەگەرەکان دامنەناوە، کاتێک ئێمە دەگەینــە ئەو قۆناغە، بەڵام دەبێت ئەو هەڵســەنگاندنە بکەین، بــەڵام پێم وایە پاســاوی بەهێز هەیە بۆ ئــەوەی هەرچیمان لەدەست بێت بیکەین، وەک سزاکان و وەک دەست پێشخەریی دیپلۆماســی و هەڕەشــەی بەکار هێنانی هێزی سەربازی لە دژی ئێران، لە هەوڵداندا بۆ ئەوەی ڕازی بێت بە ســنووردار کردنــی بەرنامــە ئەتۆمییەکــەی. کەواتــە ڕەنگــە یەکێک لەو بوارانــەی من لەگەڵ ئیــدارەدا هاوڕانیــم لەبارەیەوە، بریتییە لە بواری دیپلۆماســی. شتێکی زۆر لە چەند مانگی داهاتوودا ڕوو نــادات، واتــە ئێــران جەخــت دەکاتە ســەر سیاســەتی ناوخــۆی و هەڵبژاردنی ســەرۆکایەتی و ســەرکردایەتییەکی ئێرانیــش هەبێت، کە لە ســەرووی ســەکردەی باڵاوە بێت لە چەند مانگی داهاتوودا، بەڵکوو دەبێت دەســت پێشخەرییەکی ســەخاوەتمەندانە بخەینە ڕوو بۆ ئێران، کە وەڵامەکەی بەڵێ بێت و پێی ڕازی بێت و ئێمەش قبووڵی بکەین، کە ڕادەیەکی باشــی شــەفافیەت هەبێــت لەو کارانــەی دەیکەن. ئــەو کاتە ڕژێمەکــە دەبێــت ئەوە بــۆ خەڵکەکەی ڕاڤە بــکات کە بۆچی دەست پێشخەرییەکی ماقووڵ کە سووکایەتی لە خۆ ناگرێت ڕەت بکاتــەوە، کە لە ســنووربەندییەکی گــەورەی ئابووری ڕزگاری دەکات. واتــە دەبێت بە شــێوەیەک ڕژێمەکە بخەینە ژێر گوشارەوە کە پێشتر نەمانکردووە.

*مایکڵ نۆت: باس لە بەکار هێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و ئینتەرنێت دەکرێت، بەکار هێنانی ئەمەش وا دەکات، ئەمریکا لە سەر زەویدا بوونێکی گەورە و بەرچاوی سەربازیی نەبێت، بەڵام دەرەنجامی ئەمە خراپ بوونی پەیوەندییەکان بوو لەگەڵ پاکستاندا، ئایا تا چ ڕادەیەک ئەم تەکنیکە لەگەڵ تێزەکەی ئێوەدا دەگونجێت؟*

ڕیچارد هاس: با ئاماژە بە دوو شت بکەم، یەکەمیان ئەوەیە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان ئامرازێکە و ئامرازێکی سوود بەخشیشە، دەبێت لەو تێبگەین کە یەکێکە لە ئامرازەکانی بەردەستمان بۆ رووبەڕوو بوونەووی تیرۆریزم، بەڵام دەبێت وەک ئامرازێکی نائاسایی لێی بڕوانین، نابێت زۆر بە ئاسایی بەکاری بهێنین یاخود لە بارودۆخێکدا کە ناچار نەبین بەکاری بهێنین، بەڵکوو دەبێت تەنیا ئەو کاتە ئەم فڕۆکەیە بەکار بهێنین کە ئامانجێکی زۆر بەهادارمان هەبێت، ئەویش کاتێک ڕێیەکی باشتر نەبێت بۆ گەیشتن پێی. ئەویش یان لەبەر ئەوەی حکوومەتەکە ئیرادەی ئەوەی نەبێت یان یان توانای ئەوەی نەبێت بە دوایاندا بچێت، کاتێک بەکارهێنانی هێزی تایبەت سەرکەوتوو نابێت و کاتێک تەواو دڵنیا بین لەوەی زیانی لاوەکیی لێ ناکەوێتەوە. کاتێک ڕامسفیلد وەزیری بەرگری ئەم پرسەی ورووژاند، کە گوتی ئایا حوکمدانی پێوانەیی چییە لەسەر ئەو ڕەفتارەی ئێمە لە شەڕی دژ بە تیرۆردا دەیکەین؟ ئایا ئێمە تیرۆریستێکی زیاتر بەرهەم دەهێنین؟ یاخود ئایا پتر بەرەو ڕادیکاڵیەتیان دەبەین؟ ئەویش کاتێک شوێن ئەو تیرۆریستانە دەکەوین کە هەن؟ ئایا ژمارەیەکی زیاتری تیرۆریست بەرهەم ناهێنین لەوەی کە دەیکوژین یان دەستگیری دەکەین؟ کەواتە دەبێت پێش هەر بەکار هێنانێکی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان ئەوە دیاری بکەین، ئایا ئامانجەکە ئەوە دەهێنێت ئێمە ئەم ئامرازەی بۆ بەکار بهێنین؟ ئایا

بەرەو پێش چوونی زیاتر لە شـــەڕی دژ بە تیرۆردا بەدەست دەهێنین یان پاڵنەری زیاتر و ژمارەیەکی زیاتریان لێ بەرهەم دەهێنین؟ کەواتە دەبێت زۆر توند بین لە بەکار هێنانیدا، واتە هەندێ جار بەکاری بهێنین، بەڵام نەک بەو شـێوەیەی ئێستا کە زۆر بەکار دێت. لە هەندێ حاڵەتی تایبەتدا، کە مەسەلەکە پەیوەســت بێت بــە هاووڵاتیانی ئەمریکاوە، یان بەربەســتی یاســایی و سیاســی هەبێـت بـۆ ئـەوەی تێی پەڕێنیــن، لەو حاڵەتانــەدا، لە پەیوەند بەم پرســیارەوە، ئەوا ئەگەر فڕۆکەی بــێ فرۆکەوان بەکار بهێنین یان نا، ئەوا کێشــەیەکی یەکجار زۆرمــان لەگەڵ پاکســتاندا دەبێت. ئەمــە وڵاتێکە بە درێژایی ژیانی پیشەیی من، ئێمە کێشەیەکی زۆرمان لەگەڵیدا هەبووە، هەروەهــا دواتریــش، پێم وایــە ئەمە وڵاتێکــە دابەش بوونی قووڵــی تێدایــە و نیگەرانم دەکات، کە ژمارەی دانیشــتووانی ١٨٥ ملیۆن کەســە. دووەمین گەورەترین وڵاتی موسڵمانە لە جیهاندا. لە ماوەی شەست ساڵی تەمەنیدا، تەنیا بە ناو خاوەنی دیموکراسی بووە، حکوومەتی سەربازیی لەم وڵاتەدا هەبووە، هەر کاتێک حکوومەتێکی مەدەنیش هەبوو بێت، ئەوا لە لایەن ســوپاوە کۆنترۆڵ کراوە، وڵاتێکە بەهێزترین تیرۆریســتانی تێدایە، کە لە زۆر شــوێندا لە چەشــنیان نییە. بە پشــتیوانیی ئەوەی پێی دەڵێن دەسەڵات، وڵاتێکە خێراترین گەشەی هەیە لــە پەیوەند بــە بەرنامەی ئەتۆمییەوە. ئێمــە کاتێکی زۆرمان لەبارەی ئێرانەوە بە خەرج دا، کە سەرقاڵی پەرەپێدانی چەکی ناووکییــە، لەبارەی کۆریای باکووریشــەوە کــە نیو دەرزەن لــەم چەکــەی هەیە، ئەمە وڵاتێکە بە ســەدان چەکی ناووکیی هەیە، لە هەر وڵاتێکی دیکە خێراتر گەشەیان پێ دەدات. ئەمە دۆخێکی مەترسیدارە لەوێدا. بیر لە ئەزموونی ئوسامە بن لادن بکەنەوە، چ شتێک زۆر خراپ بوو لەم ئەزموونەدا؟ ئوسامە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژیا لە پاکستان کە هاوشێوەی «West Point»

بوو، (مەبەســت هاوشێوەی ئەکادیمیای ســەربازیی ئەمریکا بــوو، کە دامەزراوەیەکی فیدراڵیــی ئەمریکایە، تایبەتمەندە بە گوتنەوەی زانستی سەربازی بۆ پیاوان و ئافرەتان)ی ئەمریکا. دەسەڵاتی پاکســتانیش نەیدەزانی لەوێدا دەژی و هیچیشیان لەو بارەیەوە نەکرد، بەڵام هەندێ لە دەســەڵاتیش دەیانزانی، کەچی هیچیان لەبارەوە نەکرد. کەواتە ژەهرەکەت هەڵبژێرە، هــەر ڕێگایەکیان هەڵبژێریت مایــەی دڵنیایی نییە. لەبەر ئەوە ئەگەر فڕۆکەی بێ فرۆکەوان بەکار بهێنین یان نا، نابێت گاڵتە بە خۆمان بکەین، ســەردەمانێک هەبووە کە زۆر پشــتیوانیی پاکســتانمان کــردووە و هاوکارییەکــی زۆرمــان کــردووە، ســەردەمانێکیش هەبــووە یارمەتییەکانمان کشــاندووەتەوە، بەڵام مامەڵەمان بە هەر شــێوەیەک بوو بێت، ئێمە کێشەمان لەگەڵیدا هەبووە. کاتێک پرســیار لە وەزیری بەرگری هارۆڵد براون کرا لەبارەی پەیوەندیی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەتەوە، لە پەیوەند بە پێشــبڕکێی خۆ پڕچەک کردنەوە، گوتی کاتێک ئێمە چەک دروست دەکەین، ئەوانیش دروستی دەکەن، بەڵام کاتێــک ئێمە دروســتی ناکەین، ئەوان هەر دروســتی دەکەن، لەگــەڵ پاکستانیشــدا دۆخەکە تــا ڕادەیەک بەو شــێوەیەیە. کاتێک ئێمە پشتیوانییان دەکەین، ئەوا ڕەفتارگەلێک دەکەن کە بێزارمان دەکەن، کاتێکیش سزایان بە سەردا دەسەپێنین هەر ئەو کارە دەکەن.

*مایــکڵ نۆت: با پرســیار لەبارەی ناوچــەی یۆرۆوە بکەین، لــە پەیوەنــد بــە کێشــەی دارایی و ئــەو قەیرانــەی ئەگەری ســەرهەڵدانی لێ دەکرێت، ئەگەر ئەم کێشــە پەیوەندیدارە بە بانکەکانــەوە کە بەردەوام بەرەو ســپانیا و ئێرلەندا و یۆنان دەڕوات، ئــەوا ئەوروپایــی بە ڕاســتی پێداچوونــەوە دەکەن لەبــارەی ئەگــەری بــەردەوام بوونــی یەکێتیــی ئەوروپاوە، یاخود بە لای کەمەوە لەبارەی دراوی یەکگرتووەوە، ئەمەش*

*پەرەسەندنێکی گەورەیە لە جیهاندا، کە لە بلۆکێکی ئابووری ڕوو دەدات، تا چ ڕادەیەک ئەمە کاریگەریی هەیە لە سەر ئەوەی ئێمە دەتوانین بیکەین یان پێویستە بیکەین؟*

ڕیچارد هاس: با ئەمە دابڕێژمەوە، ناوچەی یۆرۆ کە ١٧ دەوڵەت لە خۆ دەگرێت، لە سەر بناغەیەکی ناسەرکەوتوو داڕێژراوە، ئابووریگەلێکی کۆ کردووەتەوە کە جیاوازیی زۆر بەربڵاو هەیە لە نێوانیاندا، بۆ نموونە ئابووریی ئەڵمانیا و ئابووریی قوبرس، بۆ نموونە ئەگەر قورساییەکەت هەبێت سەریکیان کێشەکەی ١٠٠ پاوەند بێت و لایەکەی دیکە کێشەکەی ١ پاوەند بێت، دۆخەکە بەم جۆرەیە. هەروەها وڵاتانێکیش ڕێیان پێ دراوە بۆ ئەوەی بێنە نێو ناوچەی یۆرۆوە کە مەرجەکانیان لە خۆیاندا نەهێنا بووە دی. هەروەها دوای ئەوەش کە سەلمێندرا ناتوانن مەرجەکان بهێننە دی ڕێیان پێ دراوە لە ناوچەی یۆرۆدا بمێننەوە. واتە نەخراونەتە شێوە و قاڵبێکەوە کە میکانیزمێکی بەرفراوانی سەرکەوتووی هەبێت. لەبەر ئەوە ئەمە پرۆژەیەکە دابەش بوونێکی قووڵی تێدایە لە سەر هەموو ئاستەکاندا. ئێرلەندا جیاوازە، چونکە ئەمە ئاستەنگێکی زۆر جیاوازترە لە وڵاتانی ئەورووپای باشوور، ئێرلەندا دۆخی باشە، وڵاتانی ئەورووپای باشوور کێشەی ڕاستەقینەیان هەیە، من لە یۆنان بووم، کە لە سەدا ٦٠ی گەنجانی ئەو وڵاتە بێکارن. کەواتە لەو دۆخانەدا ئەم وڵاتانە ڕووبەڕووی ئاستەنگی ڕاستەقینە بوونەتەوە. بە ڕەچاو کردنی ئەوەی گوترا، ئەوا پێم وایە ناوچەی یۆرۆ ڕزگاری دەبێت، ئەوەش سەرەڕای ئەوەی ئەورووپا دەیکات، لەبەر ئەوەی پابەند بوونێکی گەورەی سیاسی هەیە بە پاراستنی، لە سەرووی هەمووشیانەوە، پرسیارەکە ئەوە نییە ئایا فەرەنسا ڕووبەڕووی قەیران دەبێتەوە، بەڵکوو ئەوەیە کەی فەرەنسا دووچاری قەیران دەبێتەوە و دەبێتە وڵاتێکی

قەیرانـــاوی؟ ئەگـــەر مامەڵە کـــردن لەگەڵ یۆنان و ســـپانیادا شتێک بێت، هەروەها ئیتالیاش. ئەوا بۆ فەڕەنسا مەسەلەیەکی دیکەیـــە، چونکە، بۆ ئەو کەســـانەی ئەوەنـــدە تەمەنیان هەیە بیریـــان بێت، تەواوی چەمکی ئەوروپای مۆدێرن لە ســـاڵانی نەوەتەکاندا لە ســـایەی بیرۆکەی ئاشـــتەوایی نێوان فرانکۆ و ئەڵمـــان لەدایـــک بوو. ئەمـــەش پێکهاتەیەکی ســـەرەتا بوو بۆ یەکێتیـــی ئەوروپا و کۆمەڵگەی ئەوروپـــی و دواتر کۆمەڵەی ئەوروپی بۆ خەڵووز و پۆڵا. ئەمە بووە بناغە، بیرۆکەکە ئەوە بوو ئاڵمانیا و فەرەنسا لە تۆڕێکدا زۆر لێک نزیک ببنەوە، کە پشـــت بە یەکتر بەســـتنیان زۆر بەهێز بێت بە چەشـــنێک ئەو جەنگەی بۆ سەدەیەک ئەوروپای وێران کرد، کە بە زۆری بە سەرکردایەتیی فەرەنسا و ئەڵمانیا بوو، وەک دوو جەمسەری دژ بـــە یەک، وای لێهات بیری لـــێ نەکرێتەوە. مەزەندەی من ئەوەیـــە کاتێک فەرەنســـا دەبێتە وڵاتێک کـــە ڕۆڵ ببینێت، کە ئەمەش ڕوو دەدات، پێم وایە ئەڵمانیا ڕێگا نادات ئەمە شکست بهێنێت، چونکە بە شێوەیەک لە شێوەکان هەموو کارێک دەکات بۆ ئەوەی ناوچەی یـــۆرۆ بە زیندوویی بهێڵێتەوە. بۆی هەیە بە هەڵەدا چووبێتم، بەڵام ئەمە مەزەندەی منە. ئەگەر شـــتێک بڵێین کە هەســـتێکی باشـــمان لەبارەی ئەمریـــکاوە پێ بدات، ئەوا دەســـەڵاتەکانی ئەوروپا هێندەی ئەمریکا بوێر و داهێنەر نەبوون، لە ســـاڵی ٢٠٠٨ـەوە، بە لای منەوە بەراوردکارییەکە تەواو پێچەوانەیە، وەک خەڵکانی چەشـــنی (هانگ پۆڵسن)مان هەبووە( وەزیری گەنجینەی ئەمریکا) و ئێمەش خۆشـــبەخت بوویـــن کە ئەو کەســـانەمان هەبوون، کـــە هەندێ هەنگاومان هەڵێنـــا. کێشـــەی گـــەورەی یەکێتیـــی ئەوروپا بریتـــی نییە لە ناوچـــەی یۆرۆ، کێشـــەی گـــەورەی ئەوروپـــا بریتییە لەوەی گەشـــە ناکات، دەپووکێتەوە، کە یان لە پووکانەوەدایە یان بە لاڕێـــدا دەڕوات، هۆکارەکەش ئەوەیـــە. کەواتە ئەگەر قەیرانی

یــۆرۆش نەبووایە لــە بارودۆخی ئابووریــی ئەوروپادا، ئەوا هەر ڕووی دەدا، چونکە پێشــمەرج یان چەند پێشــمەرجێکی گەشــەی ئابووری لە ئارادا نیــن، وەک هێزی کاری گەڕۆک لــە زۆر لــە وڵاتانــدا، تۆڕی بیمــەی کۆمەڵایەتــی زۆر گران ڕادەوەســتێت، قابیلــی بەرگــە گرتن نییە. واتە ئەو شــتانەی دیکە کە وا دەکەن ئەمریکا ســەرکەوتوو بێت، ئەگەر یاســای ئیفلاس بوونی بانک نەبێت، ئەوا شکســت هێنانی ئابووری لە ئەوروپا، لە ڕووی ئابوورییەوە دەبێتە ئەزموونێک کە کۆتایی بە ژیان بهێنێت. کەواتە ڕێیەکی ڕاست هەیە، لەبەر ئەوە ئەمە زۆر جیــاوازە، هەروەهــا لە ئەوروپا ئاســتەنگی دیموگرافیی زۆر ســەختیش هەیە، کە ئێمە لێــرە نیمانە. کەواتە من زیاتر لەبــارەی هەلومەرجــی ئابووریی ئەوروپــاوە نیگەرانم، نەک لەبارەی ناوچەی یۆرۆ. ئەوروپایی بەشێک لە سامانی جیهانی پێــک دەهێنن، نزیکەی هەمان ڕێژەی ئێمە دەبێت، لە نێوان لە ســەدا ٢٠ بــۆ ٢٥، بەڵام ئــەو ڕێژەیە بەردەوام بــەرەو کەم بوونەوە دەچێت، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە ئەوروپا پتر بەرتەسک دەبێتەوە. ئەمەش بەو مانایە دێت بۆ ئەمریکا کە بە پێچەوانەی دوایین مێژووی ئەوروپاوە، کە ئەوروپا هاوبەشی ســەرەکیی جیوپۆلەتیکی ئێمە بــوون، پێم وایە ئەو مێژووەی ئەوروپــا کۆتایی دێت. ڕەنگە جیــا کردنەوەکە ئەوە بێت، کە هەندێک هاوبەشــایەتی لەگەڵ بەریتانیا یان فەڕەنسا بکرێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندیی نێودەوڵەتیی ڕۆژگاری ئەتلانتیک لە کۆتایی نزیک دەبێتەوە، ئێمەش ئەو هاوبەشــییە بنەگەییەمان نابێت، کە بە چەشنی ڕابردوو هەمان بوو. ئەمە بە مانای ئــەوە نایەت کە ئەوروپا گرنگ نییە، بەڵکوو گرنگە، چونکە هێشــتا یەک لە سەر پێنج یان ١٨ لە سەدی ئابووریی جیهــان پێک دەهێنێــت. ئەگەر ڕێککەوتنــی بازرگانی بکرێت، ئــەوا دەبێتــە نیعەمتێک بۆ ئەوروپا. دووبــارەی دەکەمەوە،

هەواڵە خۆشـــەکە ئەوەیە ئەوروپا نابێتە گۆڕەپانی شـــەڕێکی جیوپۆلەتیکیـــی گەورە، بە چەشـــنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، کە بەردەوام وەک بەشـــێکی پڕ لـــە گیروگرفت و تێکدەرانەی جیهان دەمێنێتەوە. لە کاتێکدا ئاســـیا پتـــر داینامیکیەتی هەیە، ئاستەنگەکە ئەوەیە ئەو داینامیکیەتە بە ئاراستەیەکی ئەرێنیدا بڕوات، لە بری ئەوەی پەل بکێشێت و بپەڕێتەوە. لە بنەڕەتدا سەدەی بیست ناوەندەکەی ئەوروپا بوو، بەڵام سەدەی بیست و یەک بەم شێوەیە نابێت.

*مایکڵ نۆت: ئەگەرچی ئێوە لەو کەسانەی نین کە باوەڕتان وا بێت ئەمریکا لە داکشاندایە و پشتیوانیی ئەوە لێکدانەوەیەش ناکـــەن، کـــە بـــەرەو داکشـــان دەچێت، ئایـــا بە ڕاســـتی ئێمە داکشـــانێکی ســـەختی هەنگاو بە هەنگاوی ئەمریـــکا دەبینین، وەک هێـــزی ژمارە یەکی ئابووری و جیهانی؟ ڕیچارد هاس: هێشـــتا ئەمریـــکا یەکەمی نێو یەکســـانەکانە لـــە جیهاندا، بەو شـــێوەیەش دەمێنێتەوە، گەشـــەی ئابووریی ئێمـــە بە ڕێژەی یەک و نیو بۆ دوو لە سەدە، ڕەنگە بەزرتریش بێتەوە. کەواتە ئیمە لە داکشـــاندا نین. ئێمە باسی دۆخی وزەمان کرد، هێشتا توانایەکی سەرسوڕهێنەر پیشان دەدەین لە بوای تازەگەری و داهێنانکاریدا، ئەمەش وامان لێ دەکات پتر توانای ململانێمان هەبێت. ئەگەر چاکسازیی پەیوەست بە کۆچبەرانەوە تێپەڕێ، ئەوا دەسکەوتێکی دووسەرە دەبێت، چونکە ١٢ ملیۆن ئەمریکی لـــە تاریکییـــەوە دەردەهێنیـــن و بەشـــدارییەکی تەواویان پێ دەکەین. شەپۆلی هاتنی خەڵکی بەهرەداریش لە کۆمەڵگەماندا زیاد دەکات، کە بڕوانامە و لێهاتوویی پیشکەوتیان هەیە. ئێمە وەبەرهێنان لە ژێرخاندا دەکەین، کە داهاتی گشـــتیی ناوێت و لە ڕێی هاوبەشایەتی لەگەڵ کەرتی تایبەتدا دەکرێت. دووبارە دەتوانیـــن توانای خۆمان لـــەو ڕووەوە پتر بکەین بۆ ململانێ کـــردن، هەروەها قوتابخانەکانمان باشـــتر دەبـــن. ئەمەش بە*

مانــای ئــەوە نایەت داراییەکــی زیاتریان تێدا خــەرج بکەین، بەڵکــوو بە مانای ئەوە دێت ئاســتی مامۆســتاکان بەرزتر و باشتر بێت. وەبەرهێنانی زیاتر لە باشەکانیاندا بکەین و خۆمان لە خراپەکانیان ڕزگار بکەین. مامەڵە لەگەڵ مافی دەســتەبەر کــراوی حکوومیــدا بکەین، هەموو ئەم ئاســتەنگانەش قابیلی ئەوەن چارەســەر بکرێن. پرســیارەکە ئەوەیە: ئایا سیاسەتی ئێمە لە ئاستی ئەمەدایە؟ ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە من ئەم کتێبەم نووسیوە، پێم وایە گەورەترین هەڕەشە لە سەر ئێمە لە دەرەوە نییە، رووســیا نییە، چین نییە، پاکستان و سووریا نین، ئەوان ئاستەنگی ئەوتۆن کە دەتواندرێت ئیدارە بکرێن و مامەڵەیــان لەگەڵدا بکرێت، تەنانەت گۆڕانی ژینگەش، کە ئێمە قســەمان لەبارەوە نەکرد، کە ئاستەنگێکی مەترسیدارە، بەڵام قابیلی ئەوەیە ئیدارە بکرێت. هەموو ئەوانە بە مەرجی ئەوەی ئێمــە ناو ماڵــی خۆمان ڕێــک بخەینەوە، کەواتە هەڕەشــەی ڕاســتەقینە و مەترسیی ڕاســتەقینە خۆمانین. بەڵام ئایا ئێمە ململانــێ لەگــەڵ بەرژەوەندیی تایبەتدا بکەین؟ بە چەشــنێک بەرژەوەندیــی نەتەوەیی لە ناو نەچێــت؟ ئایا ئێمە ئەو جۆرە ســەرکردایەتییەمان هەیە کە پێویستمانە و بتوانێت هاوکاری لــە ناوخۆدا بهێنێتە ئاراوە؟ من وەڵامی ئەم پرســیارە نازانم، ئەگــەر ڕاشــکاو بم ئەوا هۆکارەکە ئەوەیــە، کە ئەمە بوارێک نییــە هەســت بە ئاســوودەیی بکەم بــۆ ئــەوەی لەبارەیەوە بدوێم، چونکە من کەسێکم تایبەتمەندیی من بواری سیاسەتی دەرەوییە، کە کەسێکی وەک من و مایکڵ بۆ دەیان ساڵ دەچێت ئــەم بوارەمان داگیر کــردووە. من لەو بوارانەدا دەنووســم کە پەیوەســتن بەوەی چۆن دەبێت چاکســازی لە سیاسەتی ئەمریکادا بکرێت و چی بکرێت لە بواری پەروەردەیی لۆکاڵدا، کە پێم وایە ئەمانە دیاریکەری سەرەکیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکان. مەســەلەکە پەیوەستە بەوەی ئێمە لە ناوخۆدا چی

*دەکەین و چی ناکەین؟ ئەگەر بە ڕاست و دروستی ئەم کارە بکەین، ئەوا پێم وایە سەدەی بیست و یەک دەبێتە سەدەیەکی دیکەی ئەمریکا، بەڵام ئەگەر هەڵە بکەین ئەوا جگە لە خۆمان کەسی دیکە نییە گلەیی لێ بکەین.*

the group seeks to include relevant topics in each book of the series regarding all national politics and governing policies. The approach implemented in this book, in a way, differs from the traditional translations that we are familiar with. It also presents a new approach so that readers, after reading this book, can make a linkage between the different topics and find the important role that an individual can play in politics.

Finally, we acknowledge that this project does not act as an instructor to readers. Yet, readers are introduced to a collection of new thoughts, which ultimately makes them, as individuals in society, have more references and sources in order to be empowered, to participate more in politics with more engagement in decision-making process, and to argue in the public sphere with new thoughts and a language so as to address issues and find solutions in a civilized and contemporary manner.

mote welfare and health care according to international standards. This project attempts to familiarize readers with the newest contemporary thoughts vis-à-vis the production of power in order to be used in state reconstruction.

This project includes different works at a time: researches, selection of topics, translating the topics, and readings. In other words, the working staff in this project are trying their best to make readers be familiar with all power sources needed for nation building process, and to make the best of it in our country. The staff present to readers all the references, or lectures, as they are presented in the first place by researchers or lecturers. That is, the project only introduces new sources to readers in Kurdish language, and makes them be prepared to interact personally with these new ideas. The group acts as a mediator to serve and transfer new thoughts to readers, and they do not consider themselves as the owner of that knowledge. Moreover,

tries, such as Kurdistan Region, this transformation can be considered as a reason to promote and foster development and also to change the process into sustainable development. Hence, if we make a comparison between countries, The United Kingdom, Japan, and South Korea in the era of advanced technology in the twentieth century for instance, it is seen that The United Kingdom has managed to progress within 150 years, while Japan within 25 years, and South Korea within 11 years. The fact that the evolution of technology in the twenty-first century is more rapid than it was in the twentieth century, needed powers can be produced more easily than ever necessary for Nation Building Process and State Building to be succeeded in shorter periods.

This book series' project, The Thought of Building, aims to search for power sources that lead to eliminate post-war and post-conflict countries' traces and step towards building good governance and pro-

# *Preface*



Though the first book in this series The Thought of Building consists of eight different topics, one of its distinguished topics is under the title The Future of Power. However, it is worth mentioning that one of Professor Joseph Nye's books has the same title. The Future of Power reintroduces the future of power in the world and refers to the transition of power source from state characters to non-state characters. It also redefines Power as a source of science and knowledge in the twenty-first century, not as large armies and Intercontinental Ballistic Missile, such as the Cruise Rockets.

If there is a possibility to construe this transformation in Power meaning as an imbalance of power at the global level, it can also be construed as the transformation in power source for science and knowledge, whereby countries can boost good governance and end poverty at the global level. In regard to the developing countries, particularly the post-war and post-conflict coun-



# The Future of Power

The Thought of Bulding

First Book

Gulan Magazine Publication

KURDISTAN 2014